

# سیستەمی ئابووری
# لە ئیسلامدا



ناصری سوبحانی

٢٠١٢



Scanned by CamScanner

بسم الله الرحمن الرحيم

# سیستەمی ئابووری

# لەئیسلامدا

Scanned by CamScanner

Scanned by CamScanner

# سیستەمی ئابووری لەئیسلامدا

مامۆستا ناصری سوبحانی

ئامادەکردنی

ئارام محەمەد

چاپی یەکەم
( ٢٠١١ )

Scanned by CamScanner

# ناسنامه

- ناوی کتێب: سیستەمی ئابووری لەئیسلامدا
- نوسەر: مامۆستا ناصری سوبحانی
- ئامادەکردنی: ئارام محەمەد
- دیزاینی ناوەوە: اسماعیل باقی
- پێداچوونەوە و دیزاینی بەرگ: سەروەت عەبدوڵا
- نۆرەی چاپ: یەکەم
- ساڵی چاپ: ٢٠١١
- چاپخانە: پالێت
- تیراژ: (١٠٠٠) دانە

لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان ـ سلێمانی
ژمارەی (٢١٤٩)ی ساڵی (٢٠١١)ی پێدراوە


*****


**مافی لەچاپدانی پارێزراوە بۆ ئامادەکار**


Scanned by CamScanner

# پێڕست

لەبری پێشەکی ............................................ ٩
پێگەی ئابووری لەژیندەگی ئینساندا.................................. ١٢
نیازە سەرەکیەکانی ئینسان ........................................ ١٨
مەتاعی کوللی و جۆرەکانی ......................................... ٢٣
مەتاعی جوزئی و رەوشی بەدەستهێنانی .............................. ٣٨
کەیفیەتی بەدەستهێنانی مەتاع و پەیوەندی لەگەڵ نیازدا ............. ٥٢
ئابوری (ژێرخانە) یاخود نا ........................................ ٥٩
پشتکردن لەبەرنامەی خوا سەرهەڵدانی جُوع و خَوْف .................. ٦٩
ئەوانەی شەهادەت دەدەن بۆ وەحدانیەتی خوا .......................... ٧٢
ئەو قۆناغانەی کە قِسط دەوری تیایاندا هەیە
- قۆناغی ئیجاد و خەلق............................................ ٧٥
- قۆناغی ئیدارەی ئەمور............................................ ٧٦

جیاوازی سیستەمی ئابووری ئیسلامی و
سیستەمە ئابووریەکانی تر ......................................... ٨١
لادانی بەشەریەت و ناردنی کیتاب و میزان و حەدید .................... ٩٠
هەوڵدان بۆ جێبەجێکردنی قِسط ...................................... ٩٤
قِسط و یەکسانی ئیمکانات .......................................... ١٠١

Scanned by CamScanner

بێ کەم و زیاد و بەئەندازەی نیازی ئینسان،
مەتاع بوونی هەیە بۆ ئیستیفادە ........................ ١١٠
ڕێگە نامەشروعەکانی بەدەستهێنانی سەروەت و سامان ........................ ١٢٢
ڕێگە مەشروعەکانی بەدەستهێنانی سەروەت و سامان ........................ ١٢٧
لەچ شێوەیەکدا ئینسان دەبێتە مالیکی شتێ، کاتێ بەدەستی هێنا؟
ئایا ئەگەر بەدەستی هێنا ئەصلەن دەبێتە مالیك؟ ........................ ١٢٨
ڕێگاکانی بەدەستهێنانی دارایی بەبێ کارکردن لەقورئاندا ........................ ١٣١
یەك: ڕێگەی (ئیرس) ........................ ١٣١
دوو: ڕێگەی (وەسیەت) ........................ ١٣٢
سێ: ڕێگەی (زەکات) ........................ ١٣٣
چوار: ڕێگەی (بەخشش) ........................ ١٣٣
مالیکیەت هەیە لەئیسلامدا یاخود نیە؟ ئەگەر هەیە موتڵەقە؟ ........................ ١٣٤
چەند ئایەتێك بۆ سەلماندنی مالیکیەتی فەردی ........................ ١٤١
مالیکیەتی فەردی لەئیسلامدا موتڵەق و بێ سنوورە؟ ........................ ١٤٣
مالکیەتی فەردی لەسیستەمە جیاوازەکاندا ........................ ١٤٧
مالکیەتی فەردی لەسیستەمی سەرمایەداریدا ........................ ١٥٠
بنچینەکانی سەرمایەداری ........................ ١٥٠
هۆکارەکانی فسادی سیستەمی سەرمایەداری ........................ ١٥٣
مالکیەتی فەردی لەسیستەمی سۆسیالیزم و کۆمۆنیزم ........................ ١٥٩
یەکەم: سۆسیالیزمی دیموکراسی ........................ ١٥٩
دووەم: سۆسیالیزمی ئینقیلاب ........................ ١٦٢

Scanned by CamScanner

بنچینە و مەبدەئەکانی کۆمۆنیزم ـ سۆسیالیزمی ئینقیلاب .................. ١٦٢

مەنفەعەتەکانی سۆسیالیستی ئینقیلابی .................. ١٦٥

زیانەکانی سۆسیالیستی ئینقیلابی .................. ١٦٦

ئەوشتانە کەئەوەتان لەزەینی ئینساندا، یان حەقیقین یان ئیعتیبارین .................. ١٧٥

مالیکیەتی فەردی لەسیستەمی نازیزم و فاشیزم .................. ١٨٠

لایەنە باشەکانی نیزامی نازیزم و فاشیزم .................. ١٨٢

لایەنە خراپەکانی نیزامی نازیزم و فاشیزم .................. ١٨٤

مالیکیەتی فەردی لەئیسلامدا

ئازادی تەواو هەیە بۆ مالیك، کە تەصەروفی تێدابکات؟

یان سنووردارە و هەندێ شەرایت هەیە بۆ تەصاروف؟ .................. ١٩٠

ئەو جۆرە شتانەی کە مالکیەتی فەردی تیایاندا دەبێتە هۆی زەرەر.................. ١٩٦

جیاوازی و کەم و زیاد بوونی مالکیەتی ئینسان .................. ٢٠٤

لەئابووری ئیسلامدا بەرتەری ـ لەپێشتردانان ـ

پەیوەندی بەشەخصەوە نییە .................. ٢٠٨

توانای فکر و عەمەل و بەدەستهێنانی رزق و رۆزی لەئیسلامدا .................. ٢١١

سەرپێچی لەفەرمانی خوا و تێکچوونی مالکیەتی فەردی .................. ٢٢٧

ئیستیعدادەکانی مەیدانی ئابووری و سنووردار بوونی مالکیەتی فەردی .................. ٢٣٩

روکنەکانی ئابووری ئیسلامی .................. ٢٤١

پایەی دووەم: ئینفاق .................. ٢٤٥

رەوشی ئینفاق چۆنە، مەقداری چەندێکە دەبێ بەکێ بدرێت و

ئەو کەسەی ئینفاقەکە دەکات حاڵی چۆن بێت و

چاوەڕێی چی بێت و چی نەبێت .................. ٢٥٦


Scanned by CamScanner

چۆنیەتی ئینفاق کردن ............................................ ٢٦٠
ئەوانەی ئینفاقیان پێ دەدرێت ........................................ ٢٦٦
ئینفاق لەچی دەکرێت؟ ................................................ ٢٧٠
لەبارەی ((زەکات))ەوە ................................................ ٢٧٦
ئەوانەی زەکات کۆدەکەنەوە ........................................... ٢٨٤
زەکات چۆن دابەش دەکرێت و بەکێ دەدرێت ............................ ٢٨٨
چوارچێوەی ئینفاق تا چ سنورێك بێت و
لەچ سنورێکدا ڕێگە نیە .............................................. ٢٩٦
ڕوونکردنەوە لەبارەی (اسراف، تبذیر، سَفَهْ) ........................... ٣٠١
پایەی سێیەم: ئیرس و وەصیەت ......................................... ٣١٤
ئەوانەی ئیرس و وەصیەت وەردەگرن ..................................... ٣١٩
قۆناغەکانی دابەشکردنی ئیرس و وەصیەت ................................ ٣٢٥
پایەی چوارەم: حەرامکردنی ڕیبا ........................................ ٣٣٠
چەمکی ڕیبا و چۆنیەتی مامەڵەی قانونی لەگەڵیاندا ....................... ٣٣٤
ئەو سەروەتانەی کە مالیکیەتی فەردی قبوڵ ناکەن ......................... ٣٤٣
ئەنفال و دابەشکردنەکەی .............................................. ٣٤٤
فەیء و دابەشکردنەکەی ................................................ ٣٤٧
غەنیمەت و دابەشکردنەکەی ............................................ ٣٥٣
چەمك و زاراوەکان .................................................... ٣٥٧
فەرهەنگۆك ............................................................ ٣٧٣

Scanned by CamScanner

# لەبری پێشەکی

سوپاس و ستایش بۆ خوای جیهانیان و باڵا دەست، صەلات و سەلام لەگیانی پاکی پێغەمبەرمان (صلی الله علیه وسلم) و ڕەحمەت لەگیانی پاکی شەهید (مامۆستا ناصری سوبحانی)..

سوپاس بۆ خوا جاریکی تر توانیمان لەگەڵ بەرهەمێکی تری ناوازەی (مامۆستا ناصری سوبحانی)دا بین و ئەو شەرەفە بەئێمە بەخشرا بۆ ئامادەکردنی ئەم بەرهەمە کە بریتییە لەسیستمی ئابووری ئیسلامی.

وەك دەزانین بابەتی ئابووری لەهەرکاتێکدا و بەتایبەتی لەم سەردەمی ئێستادا گرنگییەکی زۆری پەیداکردووە و بووەتە جێی مشتومڕی فەیلەسوف و زانایان و ئابووریناسان، دەرکەوتنی کێشەکان و پەرەسەندنیشیان بۆ ئابووری دەگەڕێتەوە، بەڕوودانی ئەو کێشەو گرفتانەش دەبێت هەوڵی چارەسەرکردنی بدرێت، هەرلەئەنجامی ڕوودانی ئەو قەیرانە ئابوورییانەش بوو کاتێك سەرۆکی ئەمریکا ـ باراك ئۆباما ـ هاتە سەر دەسەڵات ئەوەی ڕاگەیاند کە دەیەوێت لەسیستمی ئابووری ئیسلام بکۆڵێتەوە.

ئیسلام تاقە سیستەمە کە بتوانێت هەموو مرۆڤایەتی ڕازی بکات و مافی هەموو کەسێك لەسنوری مام ناوەندی و دادگەریدا دیاری بکات و ماوە نەدات هیچ کەس یان هیچ کۆمەڵ و میللەتێك مافی کەس و کۆمەڵ و میللەتێکی تر بخوات..

سیستمی ئابووری ئیسلام سەربەخۆیە، هیچ پەیوەندییەکی بەسەرمایەستی ئابووری ڕۆژئاوا و دەست بەسەرداگرتنی بوارەکانی ژیانی ڕۆژهەڵاتەوە نییە. سیستمی ئابووری ئیسلامی سیستمێکی تۆکمەیە، کاتێك هەموو لایەنەکانی پەیڕەو بکرێت، کە لەهیچ یەك لەو لایەنانە ناتەواوی دروست نەبێت کە ببێتە لەتمە لەلایەنەکانی تری.



Scanned by CamScanner

خوێنەری ئازیز ئەم بەرهەمە یەکێکی ترە لەدرێژەی ئەو بەرهەمانەی کە مامۆستای ڕەحمەتی لەماوەی ژیانی دەعوەیدا بەئەنجامی گەیاندوون، وەك پێویستییەك بۆ تەواوکردنی دەعوەکەی، گرنگییەکی زۆری بەم لایەنەی ژیان - ئابووری - داوە، لەزنجیرەی کۆمەڵە بابەتێکدا تۆماری کردووە، هەوڵی داوە ئابووری ئیسلامی ڕوون بکاتەوە و بەراوردێك بکات لەگەڵ سیتەمەکانی تردا.

ئەم لێکۆڵینەوانەی مامۆستا ناصری سوبحانی جێی گرنگی پێدانن، هەرکەسێك پێیان ئاشنا ببێت دەتوانێت لەیەك کاتدا و لەچەندین ڕووەوە کەڵك و سودیان لێوەربگرێت و بیانکاتە کلیلێك بۆ کردنەوەی دەرگا داخراوەکان، هەرکەسێکیش بیەوێت لێکۆڵینەوە و بەدواداچوونێك بۆ سیستمی ئابووری ئیسلامی بکات ئەوا دەتوانێت سودی باش لەم بابەتە وەربگرێت، چونکە کورتکراوەی چەندین بەرهەمی ترە، هەروەها گرنگییەکی تر لەبەرهەمەکانی مامۆستا ناصری سوبحانیدا فیکر و بیروبۆچوونی جیاوازە جیا لەهەر کەسێکی تر، کاتێك ڕاڤەی ئایەتێك دەکات، ئەمەش دیسانەوە دەبێتە سەرچاوەیەك بۆ موفەسیرێك کە تەفسیری قورئان بکات.

سەبارەت بەئامادەکردنی ئەم بەرهەمە هەوڵ دراوە زۆر بەوردی و ئەمانەتەوە کاری تێدا بکرێت، هیچ گۆڕانکارییەك لەناوەڕۆکی ئەم بەرهەمەدا نەکراوە ئەوە نەبێت کە هەندێ وشە ئەگەر بەزمانی فارسی یان عەرەبی وترابێت هەندێکیانمان گۆڕاوە و هەندێکی تریشمان وەك خۆی داناوەتەوە بۆ ئەوەی شێوەی قسەکانی مامۆستای پێوە بمێنێت، ئەو وشانەش کە دانراونەتەوە و نەگۆڕاون فەرهەنگۆکێك وەك پاشکۆ لەکۆتایی کتێبەکەدا دانراوە بۆ لێکدانەوەی مانای ئەو وشانە، ئەوەش ئاشکرایە ئەم بەرهەمانە وەکو بەرهەمی نوسراو نین بۆیە دانانی سەرباس و جیاکردنەوەی باسەکان لەیەکتر کارێکی ترە کە لەم کتێبەدا کراوە، لەگەڵ دانانی

حاشییەکاندا بۆ ئاسانی خوێنەر، هەروەها ئەو چەمك و زاراوانەی کەلەم کتێبەدا مامۆستا ئاماژەی پێدەکات لەکۆتایی کتێبەکەوە دانراوە.

مامۆستا ناصر خۆی ئاماژە بەوە دەکات کە دەڵێت "ناکرێ بڵێین ڕوونکردنەوەی تەواو لەبارەی ئایەتەکانەوە یان لەبارەی ئابوورییەوە کرابێت، من تەنها ئەوەندە کارم کردووە کە یەکێك ئایەتەکانم جەم و جۆرکردووە بۆتان، ئەگەر کاتێك موتاڵەعەی کتێبێکتان کرد ئەمانە لەبەردەستاندابێت تەتبیقی بکەن و کەمێك ڕوونکردنەوە و تەرجەمەم وتووە لەسەریان، ئیتر بەقیە خۆتان مەسئولن، من وا فکر ناکەم هەرچی شتە لەبارەی ئایەتەکانەوە یان لەبارەی ئابوورییەوە وتومە، یان مەسەلەن (یەك لەسەد)ی وتوویێتم، هەروەها لەسنوری توانایی خۆشمدا ئەو کارەمکردووە".

ماوەتەوە بڵێین بۆ ئامادەکردنی ئەم بەرهەمە سەرنج و تێبینی و پێشنیاری کۆمەڵێك دۆست و خۆشەویست وەرگیراوە و بابەتەکەی زیاتر جوانتر کردووە، بۆیە جێی خۆیەتی سوپاسی سەرجەم ئەو بەڕێزانە بکەین، کە بەتەنها پێشنیارێکیش بەشدارییان لەگەڵدا کردووین.

داوا لەخوای گەورە دەکەین ئەم کارەمان لێوەرگرێت و توانیبێتمان ئەرکێك لەئەرکەکان بەجێ بهێنین، لەتۆی بەڕێزیش داوا دەکەین لەدوعا و نزاکانت بێبەشمان نەکەیت.

پاییزی ٢٠١١



Scanned by CamScanner

## پێگەی ئابووری لەژیندەگی ئینساندا

مەسئەلەی ئابووری وەک دەزانین ئەفکاری زۆر لەدانشمەندانی ئەمڕۆی مەشغول کردووە، تەنانەت دەڵێن زانستی ئابووری جەنجاڵترین زانستە لەناو زانستە ئیسلامیەکاندا، زانستی ئابووری هەمیشە بوارەکانی مەترەح بووە، بەتایبەت لەم دواییەدا.

ریشەی سەرهەڵدانی ئابووری

جا ئەم مەسەلە یەکێکە لەمەسەلەکانی ژیندەگی ئینسان، ڕیشەکەی لەوەوە سەری هەڵداوە کاتێک خوا ئەم ئینسانەی لەسەر زەویدا دروستکرد، تێکەڵاوە لەڕۆح و لەم بەشی ماددەیە، لەم موجودەدا هەندێک ئەموال و ئارەزوو و غەرائیزی داناوە کە نیاز و ئیحتیاجی هەیە، لەبەرئەوە ئابووری نیازە لەدەروونی ئینساندا، ئەگەر قەرار بوایە ئینسان نیازی نەبێت پێویستیاتی نەبێت مەسەلەیەکی بەناو ئابووری لەژیندەگیدا مەترەح نەدەبوو، بەڵام بۆئەوەی ئینسان بمێنێ و بەقای ببێت و ژیندەگی و خیلافەت لەسەر زەویدا درێژە پێ بدات، خوا لەدەروونیدا کۆمەڵە نیازێکی قەراردلوە، پێکهاتەی وجودی ئینسانی بەجۆرێک دروست کردووە کە نیازی هەیە و لەبەرامبەریشەوە و لەتەبیعەتدا ئەو شتانەی کە نیازمەندەی ئینسانن داناون تا ئینسان کەسبی ئەوانە بکات و رەفعی نیازی خۆی بکات و بتوانێ ژیندەگی ئیدامە بدات.

زانستی ئابووری

کورتەی زانستی ئابووری ئەوەیە کە چۆن بەرنامەیەک و قەوانینێک دابنرێ و خەڵک کە دارای ئیستیعدادن لەفکر و لەعەمەلدا و لەبەرامبەریشەوە مەوادێک لەتەبیعەتدا هەیە مەوردی ئیستیفادەیە، ئەم خەڵکە چۆن بتوانن بەوەسیلەی ئەو ئیستیعدادی فیکری و عەمەلی خۆیانە لەو مەوادە ئیستیفادە بکەن و نیازمەندی خۆیان فەراهەم بکەن، ئەوانەی کە نیازیان پێیەتی بەدەستی بهێنن و نیازیان پڕ بکەنەوە.

دابەشبوونی ئینسانەکان بەپێی ئیستیعدادیان

ئینسان ئیستیعدادی فیکری و عەمەلی هەیە لەتەبیعەتیشدا مەوادێکی مەوردی ئیستیفادە هەیە، بەڵام لەم ئیستیعدادەدا ئینسانەکان دەکرێن بەسێ بەشەوە:

بەشێکیان ئیستیعدادی خۆیان و فەراهەم بوونی زەمینە بۆیان لەخارجدا و لەلەحازی مەوادی تەبیعییەوە زیاترە لەنیازیان، نیازیان کەمە بەڵام توانا و بەدەستهێنانیان زیاترە و زۆریش لەمەوادی تەبیعی لەئیختیاریاندایە، کەوابوو زیاتر لەنیازەکەیان بەدەست دەهێنن.

بەشێکی تریان یەکسانن، ئیستیعداد و فەراهەم بوونی زەمینە بۆیان لەگەڵ نیازیاندا یەکسانە، هەرچی بەدەست دەهێنن هەرئەوەیە کە نیازیان پڕیکاتەوە.

بەشێکی تریشیان ئیستیعداد و فەراهەمبوونی زەمینە بۆیان لەناو سروشتدا بەشێوەیەکی گشتی کەمترە لەنیازیان.

واتە هەندێ ئیستیعدادەکەیان زیاترە لەنیازیان، بەڵام زەمینەیان موساعید نییە و مەوادیان لەدەستدا نییە، مەجموعەی ئەو زەمینە دەبێتە سەبەبی ئەوەی ئیستیعدادی خۆی و لەگەڵ مەوادی تەبیعیدا مەجموعەکەی کەمترە لەنیازی خۆیان کە بەدەست دەهێنن، یانی هەرچی زەحمەت دەکێشن یان ئیستیعدادی کۆمەڵگە نیازی کۆمەڵگە ئیختیارە، بەڵام کەمترە لەوەی کە نیازی پێی هەیە بەدەست دەهێنن.

دەرئەنجامە لەپێناسەکردنی زیندەگی ئینسانیدا ئیختیلال پەیدا دەبێ، هەندێك زیاتر لەنیازی خۆیان بەدەست دەهێنن، هەندێك کەمتر، ئەوکاتە ئیتر هەژاری و نەخۆشی و تەواوی بەدبەختیەکانی تر لەمانە پەیدادەبن.

سرودی زانستی ئابووری

زانستی ئابووری بۆئەوەیە کە کۆمەڵە یاسایەك دابنێت، بۆئەوەی دیاریبکات کە هەرکەس چۆن ئیستیعدادی بکەوێتە کار و دەبێت چەنێك زەمینەی موساعید بێت بۆ ئیستیعدادی و چەنێك مەواد لەئیختیاریدا بێت ـ ئەمە یەکەم مەرحەلەی خەیریشە ـ دوای ئەوەی دیاریکراو و بەرهەم بەدەستهات هەرکەس دەبێ چۆن و

بە چ ئەندازەیەك مەسرەفی بكات و ئایا هەركەس هەرچیەكی بەدەستهێنا خۆی دەتوانێ مەسرەفی بكات یان تەبەقەیەكی تر هەن كە كەمتر لەنیازیان بەدەست دەهێنن دەبێ ئەوانیش نیازی ئەوان پڕبكاتەوە. بۆیە دەبێت هەموو ئینسانێك لەو نیعمەتانەی كە لەتەبیعەتدا هەن بەرخوردار بن، ئەو نیاز و پێویستیەی كە لەدەرونیاندایە پڕی بكەنەوە و بتوانن زیندەگی و خیلافەت ئیدامە بدەن. زانستی ئابووری ئەمەیە.

چۆنیەتی ئیعتیرافی قورئان بەنیاز

جا ئێمە لێرەدا لەگەڵ ئەوەڵین مەسئەلەدا، لە(پێنج) ئایەتەدا، بزانین ئەوەڵین مەسئەلە كە نیازە قورئان چۆن ئیعتیرافی پێ دەكات، نیاز لەدڵ و دەروونی ئینساندا هەیە، ئەو نیازە واداری دەكات بۆئەوەی ڕووبەڕووبیبێتەوە لەگەڵ مەوادێكدا كە لەتەبیعەتدا هەیە، لەوانە ئیستیفادە بكات و جۆرێكیان پێبكات كە سوودیان لێوەربگرێت و زیندەگی بكات.

جارێ لەدوو ئایەتی سورەتی(غافر)دا، ئەڵبەتە هەموو ئایەتەكان تەنها باسی نیاز نییە، تەنها ناوەڕاستی ئایەتی دووەمیان باسی نیازە، بەڵام لێرەدا بەكورتی تەفسیریان دەكەین و دواتر ڕوونیان دەكەینەوە، دەفەرموێ:

(اللَّهُ الَّذِي جَعَلَ لَكُمُ الأَنْعَامَ)

ئاژەڵەكان و پڕكردنەوەی نیازی ئینسان

خوا ئەو كەسەیە كە ئەو مەڕ و ماڵاتەی بۆ ئێوە ئیجاد كرد، بزن و مێ و گا و وشتری بۆ ئێوە دروستكرد.

(لِتَرْكَبُوا مِنْهَا)

یانی سواری هەندێكیان بن - وشتر جارێك سواری دەبن و جارجاریش لەهەندێ وڵاتدا سورای ئابن دەڵێن لای ئێمە ئاولیە - (وَمِنْهَا تَأْكُلُونَ) لەگۆشتەكەشیان دەخۆن، ئەمە دووجۆر مەنفەعەت.

(وَلَكُمْ فِيهَا مَنَافِعُ)

سوودی تر لەناو ئەوانەدا هەیە بۆ نموونە لەموویان لەچەرمیان لەشیریان لەهەر بەرهەمێکی تر کە لەوانەدایە، ئیستیفادە دەکەن تەنانەت لەسورەتی تردا دەفەرمویَ: (وَلَكُمْ فِيهَا جَمَالٌ)، کاتێك ئێواران لەلەوەڕ دێنەوە بۆ ماڵ زۆر خۆش دەڕۆن بەڕێوە تەماشایان دەکەن لەزەتیان لیَ دەبەن، کاتێکیش بەیانیان دەیانبەن بۆ لەوەڕ هەم خۆشە، دەفەرمویَ جەمالیشیان تێدایە لەوکاتەدا، (حِينَ تُرِيحُونَ وَحِينَ تَسْرَحُونَ(٦)) کاتیَ دەیانهێنن و دەیانبەن.

(وَلِتَبْلُغُوا عَلَيْهَا حَاجَةً فِي صُدُورِكُمْ)

یەکێکی تر لەمەنفەعەتەکان کە ئێوە لەم ئاژەڵانە دەستتان دەکەوێت، ئەوەیە بەجۆرێك ئەمانەی دروستکردووە، کە ئێوەش بەسواری ئەوانە بگەنە ئەو نیازی و پێویستیەی کە لەدەروونتاندایە ئیحساسی دەکەن، بۆئەوەی بڕۆن سواری وشتر دەبن، ئەڵبەتە باسی گوێدرێژ و قاتر و ئەسپ لەسوەرتی (الحج)دا و لەسورەتی تریشدا هەیە، بەڵام ئەمە ئیتر باسێکی ترە لەشوێنی خۆیدا دەکرێت.

ئینسانێك کە پێویستی بەشیر و رۆن و ماست و ئەوجۆرە شتانە هەیە، ئەمانەش هی حەیوانن و ئەوانیش دەبیَ ئاڵفیان بییَ، ئەمجارە نیاز پەیدادەکات بەئاڵف، نیازی هەیە بڕوات ئەو ئاڵفە بیهێنێت بۆ حەیوانەکان، بەڵام خۆ خۆی ناتوانێت هەمووی بەکۆڵ بهێنێت دەبێت سواری ئێستر یان وشتر ببێت و بڕوات بیهێنێت، یان مەسەلەن دەیەوێت لەمەملەکەتەکەی خۆی سەمەرێك ببات بۆ شوێنێك و لەوێش گەنم بهێنێت، خۆی ناتوانیَ بەکۆڵی خۆی بیهێنێت دەبێت سواری ئەمە ببێت و بڕوا لەویَ شتەکە بێنێت.

هەر مەسەلەیەك بۆی مەترەح دەبێت و باس و نیاز و شتیَ دەکات و خۆشی لێی دیَ و ناتوانێت خۆی بڕوات بەوەسیلەی ئەمانە دەیهێنێت، یان ئەگەر بڕۆشتنایە بۆ وڵاتێك ئەگەر بەپیادە بڕۆشتنایە تووشی زەحمەت دەهاتن و

نەیاندەتوانی بڕۆن، یان بەزەحمەت دەگەن؛ بۆیە ئیتر ئەمانە وەسیلەی ئاسانکردنی کارن.

(وَعَلَيْهَا وَعَلَى الْفُلْكِ تُحْمَلُونَ)

هەم لەسەر ئەمان ـ ئاژەڵەکان ـ هەم لەسەر کەشتی بار دەکرێن و هەڵدەگیرێن، یانی لەگەڵ ئەوەی کە پێشتر فەرمووی (لِتَرْكَبُوا مِنْهَا) سواریان دەبن سواری کەشتیش دەبن، لەوکاتەدا کەشتی بووە ئیتر سەیارە نەبووە، لەئایەتێکی تردا دەفەرموێ (وَيَخْلُقُ مَا لاَ تَعْلَمُونَ) هەندێ شت دروست دەکات کە ئێوە ئیتر جارێ نایزانن، کاتێکی تر دروستیان دەکات، ئەوانەی نەفەرمووە، بەڵام کەشتی کە لێرەدا باس دەکرێت، دەفەرموێ هەم سواری دەبن و هەندێ شتیش هەیە لەسەر کەشتی هەڵدەگیرێت، ئەوەش مەنفەعەتێکی تر.

حیکمەتی دانانی ئینسان لەدەروونی ئینساندا

جا ئێستا هەدەفی ئێمە ئەو بەشەی ئایەتی دووەمە (وَلِتَبْلُغُوا عَلَيْهَا حَاجَةً فِي صُدُورِكُمْ)، یانی ئێوە نیاز لەدەروونتاندایە، ئیحساسی نیاز دەکەن، بۆئەوەی زیندەگی ئیدامە بدەن بەجۆرێك دروستکراون کە نیاز و پێویستیات لەزاتتاندا هەیە و ئیحساسی دەکەن، ئەوکاتە وەسائیلیشی خستووەتە ئیختیارتان بۆئەوەی نیازەکەتان پڕ بکرێتەوە.

ئەنجا سێ ئایەتی سورەتی (طه) چەند نیازمەندییەکی ئینسان بەیان دەکەن، کە چەند نیازمەندیەکی ئەصڵی هەیە، ئەوانیش (چوار)دانەن:

جارێ لەپێشدا لەباسی ئادەم و سوجدە بردنی مەلائیکە و سەرپێچی ئیبلیس، یەکەم دەفەرموێ ئادەمم دروستکرد و دواتر دەفەرموێ مەلائیکەکان هەموویان سوجدەیان برد و ئیبلیس نەیبرد و لەدواییدا لەبەرئەوەی کە سوجدەی نەبرد، ئەوەبوو کە خواش لەرەحمەتی خۆی بێ بەشی کرد، ئیبلیسیش بڕیاریدا کە تۆڵە لەئادەم بکاتەوە، چونکە ئەگەر ئادەم نەبوایە ئەم بۆ تووشی غەزەب دەبوو! ئادەم دروست نەبوایە ئیتر ئەم دەستوری پێ نەدەدرا سوجدە بەرێ، بۆیە دەڵێ

هەرچی غەڵەتە لەسایەی ئادەمەوە بوو، بڕیاریدا کە ئیتر لێرە بەدواوە فرسەت لەدەست نەدات، بۆیە لەدوای ئەوەی کە ئادەم و حەوای دروستکردوو فەرمووی (فَقُلْنَا يَاآدَمُ) وتمان ئادەم - ئاگاداری دەکاتەوە - (إِنَّ هَذَا عَدُوٌّ لَكَ وَلِزَوْجِكَ) ئەها بەڕاستی بزانە ئەمە دوژمنی خۆت و هاوسەرەکەتە، چ دوژمنێك! کەوابوو بزانن (عَدُوٌّ) ئەو کەلیمە بەمانای چ جۆرە دوژمنێکە، لێرەدا ئاگاداری کردنەوە بۆئەوەی دوایی گلەیی نەکەن و بڵێن ئەوە چییە، ئیتر ئەمانە دەری دەخەن کە چ جۆرە دوژمنێکە. کەوابوو

(فَلاَ يُخْرِجَنَّكُمَا مِنْ الْجَنَّةِ)

لەبەهەشت دەرتان نەکات، لەبەهەشتدا ئیسراحەتن، نەزەحمەت دەکێشن بۆ خۆراك نە بۆ پۆشاك نە بۆ مەسکەن نە بۆ هیچ شتێك، تەنها زەحمەتتان ئەوەیە کە بڵێن بێنە، بەلام ئەگەربێت و کاتێ ئەمە بکەن، بەلام ئەگەر ئەو - شەیتان - کاریگەربێت و بەپێی ئەمری ئەو بڕۆن، دەبێتە سەبەبی ئەوەی کە ئێوە لەبەهەشت دەرچن، بۆیە ئاگاداری کردنەوە نەڕۆن بەدوای ئەمدا و شوێنی نەکەون، تا لەبەهەشت دەرتان نەکات.

(فَتَشْقَى)

ئەوکاتە تۆ بەدبەخت دەبیت، دەفەرموێ (لَكَ وَلِزَوْجِكَ) خۆی و ژنەکەی، دواتر دەفەرموێ (فَلاَ يُخْرِجَنَّكُمَا) هەردووکتان دابەزن، وەلێ ئەمجارە ئەوەی کە دەفەرموێ - مەسەلەی بەبەدبەختی دێتە پێشەوە - دەفەرموێ (فَتَشْقَى) یانی زۆرە، جا دەفەرموێ کە تۆ بەدبەخت بیت، جا ئەمە لەئصولی ئابووری ئیسلامی نافەرموێ (فَتَشْقَى) دەفەرموێ (فتنصب).

دەرکردنی ئادەم و حەوا لەبەهەشت و گۆڕانی ژیانی ئادەم

گۆڕانێکی زیندەگی ئەوەتا لەسەرتان، دەفەرموێ ئەگەر ئێستا تۆ و حەوا لەناو بەهەشتدان هیچکامتان زەحمەتتان نییە، بەلام ئەگەر چوویتە دەرەوە تۆ بەدبەخت دەبیت، جا بەدبەختییەکەش چییە دەبێت تۆ بۆ خۆراك بۆ پۆشاك بۆ

مەسکەن بۆ خواردنەوە دەبێت تۆ - ئادەم - رەحمەت بکێشی تازە کەواتە تۆ بەدبەخت دەبی، ئەوکاتە هیچ بەدبەختی نییە بۆ حەوا، چونکە دابەشکارییەکە کراوە حەوا پەروەردەکردنی منداڵی لەئەستۆدایە - ئەو پەروەردەکردنی منداڵ و سەرپەرشتی ماڵە - دەرنەتیجە تۆ زۆر بەدبەخت دەبیت، کەوابوو لێرەدا یەکێك لەئصولی ئابووری لەئیسلامدا دەرك دەکەین هەندێ مەسائیلی زیندەگی لەسەر ژن نییە، پیاوە کە دەبێ ئەوانە قبول بکات.

**جا لێرەدا چوار نیازمەندییە ئەصڵییەکە لەم دوو ئایەتەدا روون دەکاتەوە:**

(إِنَّ لَكَ أَلاَّ تَجُوعَ فِيهَا)

بەڕاستی لەناو بەهەشتدا بۆتۆ ئەوە هەیە کە هەرگیز برسیت نەبێت، ئەڵبەتە درەختێکت لێ قەدەغە دەکرێت ئیتر دوای ئەوە هەرچی هەیە تۆ بیخۆ و لەئیختیارتدایە، بەڵام تەنها لەو درەختە مەخۆ، ئاخر تا ئینسان کۆنترۆل و کۆمەڵە سنوورێکی بۆ دانەنرێت تاقی ناکرێتەوە.

**نیازە سەرەکیەکانی ئینسان**

١ - **خۆراك:** خوا فەرمووی هەموو بەهەشت لەئیختیاری تۆدایە، تەنها ئەو درەختە نەبێت، بەڵام تۆ لەبەهەشتدا برسێتیت تووش نایەت، یانی یەکێك لەنیازمەندیە ئەصڵیەکان عیبارەتە لەخواردن، ئاخر ئێمە لەناو خۆماندا خۆراك و پۆشاك و مەسکەن، (خوردەنی و ئاشامیدەنی - خواردن و خواردنەوە) دەکاتە یەك شت، بەڵام هەرکام بۆ خۆی جێگەیەکی هەیە، هەرکام بۆ خۆی ئەرزشێکی هەیە، ئەم دوانە هەرکام نیعمەتێکی سەربەخۆیە و بۆ خۆی ئەهمیەتی هەیە بۆیە ئەم دوانە جیان، دەبنە چوار.. یەکێك (خوردەنیە - خواردەمەنییە) یانی یەکێك لە ئصولی نیازمەندییەکانی ئینسان.

٢ - **پۆشاك:** (وَلاَ تَعْرَى) هەرگیز لەبەهەشتدا ڕووت نین، ئەمەش (پۆشاك).

٣ ـ **خواردنەوە:** (وَأَنَّكَ لاَ تَظْمَأُ فِيهَا)

ئەمەشی بۆئەوەیە بەراستی تۆ لەناو بەهەشتدا تینوت نابێت، یەکێکی تر لەئصولّی پێویستی ئینسانی خواردنەوەیە.

٤ ـ **مەسکەن:** (وَلاَ تَضْحَى) ئەمەشی بۆ هەیە کە نەکەویتە بەر خۆر و مەسکەنێکت ببێت، ئەمەش ئەصلّی چوارەم لەنیازمەندی و پێویستیەکانی ئینسان.

نیازەکانی ئینسان و سەرهەلّدانی مەسائیلی ئابووری و زانستی ئابووری

جا ئصول و نیازمەندیەکانی ئینسانی زانرا کە ئەم چوار شتەن، نیازی ئینسانی ئەم چوار شتەیە کە ئەم هەموو مەسائیل و ئابووری و زانستی ئابووری پەیداکردووە، ئەگەر بڕیاربوایە ئینسان نیازی بەمانە نەبوایە، ئیتر مەسەلەیەك بەناو ئابووری پەیدا نەدەبوو، یەکەم حەرەکەت و جولّە و مەراحیلێك کە لەزیندەگیدا تەی دەکرێن و ئەسباب و ئالاتێك کەسب دەکرێن و کار و کاسبی و موعامەلات و پەیوەندی لەنێوان خەلّکدا یاسا و رێسای ئابووری و ...هتد، هەمووی بۆ پڕکردنەوەی ئەم چوار نیازی ئینسانەیە.

نیازە رۆحیەکانی ئینسان

هەر ئیدارەیەك لەو ئیدارانەی کە لەدنیادا هەن، هەر موئەسەسەیەك لەموئەسەسات هەر کارخانەیەك هەرچییەك هەیە کەمێك فکری لێبکەرەوە دەردەکەوێت هەمووی بۆ پڕکردنەوەی نیازە، غەیری ئەمانە ئیتر شتێك نییە، هەمووی لایەنی زیندەگی دنیاییەکەیە، ئەگەرنا ئینسان نیازمەندی تەنها ئەم چوارە نییە، لەلەحازی حەیوانیەکەوە ئەم چوار نیازەی هەن، لەلەحازی رۆحی ئینسانیەکەوە نیازمەندی عیبارەتە لەئیمان و یادی خوا (أَقِمْ الصَّلاَةَ لِذِكْرِي) نوێژ بۆئەوەیە کە هەمیشە پەیوەندیتان لەگەلّ مندا هەبێت و یادی من بکەن، چونکە چوار نیازەکە بۆئەوەن کە جەسەدەکە بەقای ببێت و بمێنێتەوە، خۆراك و خواردنەوە و پۆشاك و مەسکەن و ئەمانە بۆ جەسەدەکەیە، رۆحەکەش ئەویش خۆی نیازمەندی لەئیمان و لەپەیوەندی لەگەل خوا و یادی خوا و ئەوانەدایە.



Scanned by CamScanner

سودوەرگرتنی شەیتان لەدرەختە قەدەغەکراوەکە

شەیتان لێرەدا لەم درەختە ئیستیفادەی کرد، ڕۆشت وتی ئادەم دەزانی بۆ خوا وتویەتی لەم درەختە نەخۆن، دوو شتی تریش هەیە، ئەگەر ئەو دوو شتەتان هەبێت ئیتر کامڵەن خۆشبەخت دەبن، ئێستا چوار نیازتان هەیە (خواردن و خواردنەوە و پۆشاك و مەسکەن)، دوو دانەی تریان ماوە ئەوانەتان ببێت خۆش بەخت دەبن، تەنها لێرە دەست دەکەون خوا بۆیە وتویەتی لەم درەختە نەخۆن بۆئەوەی ئەو دوانەتان نەبێت.

جا دەفەرموێ:

ئادەم و وەسوەسەی شەیتان لەرێگەی مانەوەی هەمیشەییەوە

فَوَسْوَسَ إِلَيْهِ الشَّيْطَانُ قَالَ يَاآدَمُ هَلْ أَدُلُّكَ عَلَى شَجَرَةِ الْخُلْدِ وَمُلْكٍ لاَ يَبْلَى(١٢٠) طه

وتی ڕێنمایت بکەم بۆ درەختێك کە دوو شتی تێدایە بەو دوو شتە ئیتر کەم و کوڕیت نامێنێت، یەکێکیان (خُلْد) ئەوی تریان (مُلْكٍ) ـ (مُلْكٍ لاَ يَبْلَى) ـ یانی هەمیشە بمێنیتەوە و لەناو نەچی، (خُلْد) یانی هەمیشەیی، ئیتر نامری و لەناو ناچی، یەکێکیش (مُلْك) فەرمانڕەواییەکی ئەبەدی (لاَ يَبْلَى) هەمیشەیی و لەناو نەچێ، ئەم دوانەت ببێ ئیتر تەکمیل دەبی، ئەوکاتە لێرەدا حوبی زات کەوتە توغیان، ئاخر مەسەلە هەمووی دەڕواتەوە سەر ئەمە، تەنانەت نیازەکە دەڕواتەوە سەر حوبی زات، لەدەروونی ئێمەدا حوبی زاتە یانی خۆمان خۆشدەوێت، کاتێك خواردن و خواردنەوە و پۆشاك و مەسکەن و ئەمانە پەیدا دەکەین بۆئەوەیە خۆمان خۆشدەوێت و لەناو نەچین، یانی حوبی زات دەبێ کۆنترۆل بکرێ ئەگەرنا ئەگەر بەربدرێت دنیا وێران دەکات.

لەبەر حوبی زاتی ئادەم و حەوا توغیانی کرد، وتی ئاخر ئەمە چییە، ئەوەی کە هەمیشە بمێنیتەوە و فەرمانڕەواش بێن ئیتر چی لەمە باشترە، ڕۆشتن لەدرەختەکەیان خوارد، نەتیجەی بەپێچەوانەوە بوو، جا بۆ (مُلْك)کە بۆ فەرمانڕەوایی، مەبەست ئەوەیە کەلیمەی ئازادی، ئینسان لەبەرامبەری خواوە ئازادی نییە، کاتێك دەمانەوێت ئابووریمان ئیسلامی بێت، لەشیعارماندا کاتێك

ئازاد نەبوونی ئینسان لەبەرامبەر خواوە

لەگەڵ خوا قسەدەکەین کەلیمەی ئازادی نابێ بڵێین، لەفەترەیەکدا ئازادی دەڵێین کە لەبەرامبەر مەخلوقێکی خواوە بین، بەرامبەر بەهیچ مەخلوقێکی خوا ئێمە ئازادیمان سەلب نابێت، بەتەواوی ئازادین، بەڵام پەیوەندیمان لەگەڵ خوا پەیوەندی ئازادی نییە.

ئازادبوونی ئینسان لەبەرامبەر مەخلوقاتی خواوە

ئادەم (ملك) قسەدەکات یەکسەرە لەحدودیەتی خوا فەرمانڕەوایی ئازادبێت، لەو ئاستەدا خوا ئاوای پێکرد تۆڵەی لێ سەند و خۆراك و پۆشاك و مەسکەنەکەی لێ سەند و دەری کرد لەبەهەشت، کەوابوو لەگەڵ خەڵکی تردا ئێمە ئازادین، (کاتێك) تاغوت ئازادیمان لێ زەوت بکات، شیعار دەدەین کە ئازادی، ئازادیەکەمان لێ سەلب بکات لێی بسەنینەوە، بەڵام لەگەڵ خوا ئیتر ئازادی نییە، لەگەڵ خوا پێ لەبەرەی خۆمان نابێت ڕاکێشین، ئێمە بەندەین، دەسەڵاتێك بەسەرمانەوە بێت یانی ئێمە ئازاد نین، سنوورێکمان بۆ دیاریکراوە دەبێ لەو سنوورەدا زیندەگی بکەین.

ناردنی ئینسان بۆ سەر زەوی و دیاریکردنی دوژمنی دەروونی و خارجی ئینسان

ئەوە تاقیکردنەوەیەك بوو خوا بڕیاریدا ئادەم بنێرێتە سەر زەوی، بەڵام دەورەیەکی فێرکاری پێ دەکات و پیشانی دەدات کە دوو دوژمنی هەیە، دواتر کە دێتەسەر زەوی توشی دووژمنی دەروونی خۆی و تووشی دوژمنی خارجیش کە شەیتانە دەبێت گلەیی نەکات، ئەوانەش:

یەك: دوژمنی دەرونی ئەوە حوبی زاتەکەیە.

دوو: دوژمنی خارجی کە شەیتانە.

بەهەرحاڵ ئەگەر دوژمنی دەروونی نەکەوێتە کار دوژمنی خارجیش ناتوانێ کاریگەربێت، کاتێك هاتە سەر زەوی تەجروبەی بوو، ئەڵبەت ئیتر لەسەر خۆیەتی ئیتر عوزرێکی نییە.

جا بۆ (خُلْد) بۆ هەمیشەیی، ئەوەش ئێستا لەلەحازی ئابووریەوە قسەی لێبکەین، لەبەرئەوەی ئینسان هەمیشەیی نییە، دەرنەتیجە ئیستیفادەکردنی لەمەوادی مەعادن و مەنابیعی تەبیعی، دەبێ بەئەندازەی تەمەنی مەحدودی خۆی



Scanned by CamScanner

بێت، یانی هەر ئەصڵێك ئەوەندە لەمەوادی خاو و لەمەعادن و مەنابیع ئیستیفادە بکات کە بەشی زیندەگی ئەو ئەصلە بێت، ئەوەندە بەدەست بهێنێت کە دەیخوا، ئەصڵەن خوا بۆچی لەکانگەدا لەجیاتی ماددەی خاودا مەسەلەن پەنجەرە و شتی دروست نەکردووە چونکە ژنگ دەیخوارد و لەناو دەچوو، کەس نییە ئیستیفادەی لێبکات دەبێت ماددەی خاوبێت و لەدواتردا کەسی تر ئیستیفادەی لێبکات.

حیکمەتی دروستکردنی ماددەی خاو

برۆ هەرچی ماددەی خاوە بیگۆڕە بەمەوادی سەنعەتی، خۆ هەمووی ئیستیفادەی لێناکەن هەندێکیشی دەمێنێتەوە بێ هودە زۆرێك لەوانە زایەدەبێت و سیفاتیان خراپ دەبن، دەرئەنجام تەواوی سەروەتێك کە خوا لەسەر زەویدا دایناوە ئەمانە لەتمەیان لێدلوە، بەسەرنجدان بەوەی کە ئینسان (خُلْد)ی نییە و هەمیشەیی نییە دەبێ لەئەندازەی تەمەنی مەحدودی خۆی ئیستیفادە لەمەوادی سروشتی بکات زیاتر لەوە نییە.

لەبارەی (خُلْد)ەوە لێرەدا موختەسەرێك بڵێم لەدواتردا انشاالله باسی دەکەین، بۆیە نەفەرێك لەباوك و کەسی خۆی ئیرس دەبات (خُلْد)ە، چونکە ئەو مەسەلەی هەمیشە مانەوەیە وەها کاریگەر و بەهێزە، ئینسان کاتێك خۆی دەزانێ نامێنێتەوە، واتەصەور دەکات دەڵێ کاتێ کە خۆم نامێنمەوە کۆشش دەکات بۆئەوەی درێژە پێدەرێکی ببێت، دەڵێ منداڵ و کەسەکەم درێژەپێدەری ڕێگەی منە و هەمیشەییەکەی لەودا تەجەلی دەکات.

دەرئەنجام کۆشش دەکات زیاد لەنیازی خۆی بۆ درێژەپێدانی ڕێگە پەیدادەکات، ئەوەیە کە لەدوایدا کاتێ دەمرێ تەعەلوق دەگرێ بەو و بەوەوە.

## مەتاعی کوللی و جۆرەکانی

چەند جارێك وتومانە ئینسان خەلیفەی خوایە، واتە دەبێت سەر زەوی بەپێی ئیرادەی خوا ئاوەدان بکاتەوە،و قانونی خواش لەسەر زەوییدا پیادە بکات، ئەم دوو شتە مەبەستی سەرەکیین.

نیاز و مەتاع تەواوکەری یەکترین

هەر لەبەرئەوە خوا لەدەروونی ئینساندا نیروی حوبی زاتی داناوە، واتە ئینسان خۆی خۆش دەوێت، دەرئەنجامی غەریزەی حاجەت و نیازمەندی لەئینساندا پەیدابووە، دوای ئەوە هەرچی بابەتی جۆر جۆرە کە کورت دەبێتەوە لەئابووریدا هەمووی لەئەنجامی نیازەکەوە پەیدادەبێت، هەروەك ئینسان نیاز لەدەروونیدایە، پێوستی بەوە هەیە کە شتێك پەیدابکات بۆئەوەی خۆی پێ بپارێزێت و زیندەگی بکات و خیلافەت ئیدامە بدات. لەدەرەوەی ئینسانیشەوە ئەوشتانە وجودیان هەیە کە پێویستیەکە پردەکەنەوە، ئەوانەش پێیان دەڵێین مەتاع.

لەدەروونی ئینساندا نیاز هەیە و لەدەرەوەی ئینسانیشدا مەتاع، واتە ئەوشتانەی کە خاسیەتی ئەوەیان هەیە نیازی ئینسان پڕبکەنەوە، ئینجا ئیتر ئەو خاسییەتەیان هەیە هەندێکیان بێئەوەی دەستکاری بکەی، وەك ئەم خۆراکە سروشتیانە و هەندێکی تر لەئەشیای سروشتی، هەندێکیش مەوادی (خاون) دەبێت دەستکاریان بکەی، تا ئەو خاسیەتە پەیدابکات و بتوانی ئیستیفادەی لێبکەی و نیازمەندیان پێ پڕبکەیتەوە.

هەموو مەتاعەکان بەشێوەیەکی یەکسان لەئیختیاری هەموو ئینسانەکاندان

ئێستا بۆئەوەی بزانین ئایا چەند جۆر مەتاع لەئیختیاری ئینساندا هەیە، هەروەها ئەم چەند جۆرە مەتاعە کە لەئیختیاری ئینساندا هەیە ئایا جیاوازییەك لەکاردا هەیە، کە مەسەلەن خوا شتێکی بۆ گروپێك دانابێ و گروپێکی تری لێ مەحروم کردبێت؟ یاخود نەخێر، هەرچی شتە دروستی کردووە بۆ هەموو کەسە، هەموو کەس بەشێوەی یەکسان دەتوانێ لەو مەتاعانە بەرخوردار ببێت، یەکەم ئەگەر عەقڵەن فکر بکەین وەڵام دووەمینە، واتە چونکە ئینسان دروستکراوی

خوایە و هەروەها مەتاعەکانیش دروستکراوی خوان،و خوا نیازی لەوجوودی ئینساندا داناوە.

کەوابوو عەقڵ قبوڵی ناکات کە خوا ئینسان نیازمەند دروست بکات، لەوەودواش ئەو شتەی کە نیازەکەی پڕدەکاتەوە لێی بێبەش و مەحروم بکات، هەر عەقڵ خۆی دەگات بەوەی کە هەروەك ئینسان نیاز ئەوەتا لەدەروونیدا بۆ ئەم مەتاعانە، هەموو مەتاعەکانیش لەئیختیاری هەموو ئەفرادی ئینساندان بەبێ هیچ جیاوازییەك.

جۆرەکانی مەتاع لەقورئاندا

جا تەماشای قورئان بکەین، بزانین چەند جۆر مەتاع هەیە و ئایا ئەویش سازگارە لەگەڵ ئەم دەلیلە عەقڵییەدا یاخود نا؟

ئایاتی (٣٢ ـ ٣٣ ـ ٣٤) لەسورەتی (ابراهیم)

﴿اللَّهُ الَّذِي خَلَقَ السَّمَاوَاتِ وَالأَرْضَ وَأَنزَلَ مِنَ السَّمَاءِ مَاءً فَأَخْرَجَ بِهِ مِنَ الثَّمَرَاتِ رِزْقاً لَّكُمْ﴾

خوا ئەو کەسەیە کە ئاسمانەکان و زەوی، هەرکام بەئەندازە و کەیفیەتێکی موعەیەن دروست کرد، جا ئاسمانەکان ـ واتە هەرچیەك ئەوەتا لەڕاسەرمانەوە، ئیتر کەم کەم بڕۆینە سەر ئەم هەوا کە دەوری ئێمەی داوە، هەور و کوراتی ئاسمانی و هەرچیەك لە ڕاسەرمانەوە هەیە، پێی دەڵێن (سماوات) ـ هەرکام لەمانە خوا بەئەندازە و کەیفیەتێکی دیاریکراو دروستی کردوون، واتە خلقەتی خوا هەروا بێ ڕەوییە و بێ ئەندازەگیری نییە، لەخۆیەوە مەسەلەن زیاد لەوەی کە حیکمەت دەیخوازێت یان کەمتر لەوەی دروست کردووە، نەخێر، نەخشەیەك کە ڕژاندویەتی بۆ ئەم جیهانی خلقەتە، نەخشەیەکە نە لەوە کەمتر و نە لەوە زیاتریش ڕێك ناکەوێت، بەموافقی ئەو نەخشە جیهانی خلقەتی بونیاد ناوە، زەویش هەروا، کە بەشێکە لەجیهانی خلقەت، ئەویش هەروەك ئاسمانەکان، کەمتر لەمەی کە هەیە، زیاتر لەمەی کە هەیە، دەبێتە هۆکاری تێکچوونی نەزمی جیهانی ئافەرینش.

سماوات

هەموو مەخلوقات بەئەندازە دروستکراون

خلق

بۆیە دەفەرموێ، (خَلَقَ) چونکە (خلق)، واتە دروستکردن بەئەندازە و کەیفیەتی دیاریکراو.

مەفهومی سماء و دروستبوونی ئاو

دوای ئەوەی کە ئاسمانەکان و زەوی بەئەندازە و کەیفیەتێکی دیاریکراو دروستکرد، مەعلومە یەکێك لەمەفهومی (سماوات) خودی (هەورە) ـ کە (بوخار)ە و دەڕواتە ڕاسەری ئێمە مانای (سماء) دەگرێ، واتە بەرزی ـ دەفەرموێ لەهەوریش ئاوێکی ڕژاندە خوار، واتە ئەم نیزامی جیهانی ئافەرینشە بەجۆرێك دروستی کرد، خۆرێك ببێ گەرما بدات لەدەریا و ئاویش قابیلیەتی بەهەڵمبوونی ببێ و بوخارەکەی وەزنی کەم بێت و با هەڵی گرێت،و بڕواتە فەزاو لەفەزا هەوای ساردبێت و دووبارە بیڕژێنێت و بیکاتەوە بەقەتراتی ئاو و بڕژێنێتە خوارەوە، کەوابوو لەهەور ئاوێکی ڕژاندە خوارێ، چ ئاوێ! ئاوێکی زۆر.

﴿فَأَخْرَجَ بِهِ مِنَ الثَّمَرَاتِ رِزْقاً لَّكُمْ﴾

ئاو و خاك و دروستبوونی گیا و درەخت

جا بەهۆی ئەو ئاوە، لەهەرچی جۆر بەرهەم هەیە ـ بەرهەمی گیا و درەختان ـ بەخششێکی بەردەوامی لەزەوی بۆ ئێوە دەرهێنا، دەرهێنانەکەی ئەوەیە، کاتێك ئاوەکە دەڕژێتە سەر زەوی و باران دەبارێ، کاردەکات لەزەڕات و بەشەکانی خاك، ئەو زەڕاتی خاکە دەگۆڕێت و دەبێتە تۆوی گیا، یان تۆوی درەخت، لەدواییدا ئەو دانە و تۆوە لەزەڕاتی خاك خۆراك وەردەگرن، کە بەهۆی ئاوەوە تەڕبووە و ئامادەیی پەیداکردووە، گیا و درەخت پەیدادەبێ و ئەوەی پەیوەستە بەو زەڕاتی خاکەوە کە تێکەڵاوی ئاوە خۆراك وەردەگرێت و بەرووبوومیان لەگیا و لەدرەخت لێ پەیدادەبێ، کەوابوو هەرچی گیا و درەخت و بەرووبوومیانە لەخاك دەرهاتووە، دوای ئەوەی کە ئاو ڕژاوەتە سەریان.

بەرهەمی گیا و درەخت و پڕکردنەوەی نیازی ئینسان

ئیجا ئەمانە هەمووی ﴿رِزْقاً لَّكُمْ﴾ ئەم جۆراو جۆری بەرهەمانە، بۆئەوەیە کە ئێوە بەخششێکی بەردەوام لەئیختیارتاندا بێ، وەك بەشە خۆراك، هەمیشە هەرکاتێك نیاز لەدەروونتاندا پەیدادەبێ، مەسەلەن برسیتان دەبێت، تینوتان

دەبێت، دەستبەجێ دەتوانن بڕۆن لەو بەروبوومی درەختانە کە لەئیختیارتاندایە ئیستیفادە بکەن و نیازەکەتان ڕەفع بکەن، واتە بەرووبوومەکان دەبنە (مەتاع)، هەڵبەتە خودی ئاسمانەکان و زەوی و ئاویش هەر مەتاعن، چونکە خۆیشیان مەوردی ئیستیفادەن، ئەوانیش زەمینە موساعید دەکەن بۆئەوەی کە بەرهەم پەیدابێت.

﴿وَسَخَّرَ لَكُمُ الْفُلْكَ لِتَجْرِيَ فِي الْبَحْرِ بِأَمْرِهِ﴾

حیکمەتی دەستنەکەوتنی هەموو بەرهەمەکان و پەیدابوونی ئاڵوگۆڕ

جا چونکە هەر ناوچەیەك تەواوی نیازمەندییەکانی ئینسانی تێدا نییە، بەڵکو جیاوازی هەیە، لەهەندێ ناوچەدا جۆرێك لەبەرووبوم هەیە و جۆرێك نییە، کەچی لەناوچەیەکی تردا ئەو جۆرەکە هەیە و ئەمی تر نییە، دەرنەتیجە ئینسانێك کە نیازی هەیە بەهەموو ئەم بەرهەمانە، ئیحتیاجی هەیە لەم ناوچەیە بڕوات بۆ ئەو ناوچە و ئەوەی کە لێرە نییە لەوێ بیهێنێت، هەروەها ئەوەش کە لێرە هەیە بیبات بۆ ئەوێ و ئاڵوگۆڕ بکرێن.

مسەخەرکردنی دەریا و کەشتی و ئەنجامدانی ئاڵوگۆڕ

جا بۆئەوەی ئەم گۆڕینەوەیە ئاسان رووبدات، دەفەرموێ کەشتیشی موسەخەر کردووە بۆتان، واتە وەها زەمینەی موساعید کردووە، کە ئێوە بەهۆی کەشتییەوە بتوانن لەدەریاکان بپەڕنەوە و بڕۆن ئەوشتانەی کە لەناوچەکانی تردا هەیە بیهێنن بۆ خۆتان،و ئەوانەی کە لەناوچەکانی ئێوە هەیە بیبەن بۆ ئەوێ، واتە یەکێك لەهۆیەکانی ئاسانکاری هێنان و بردن دەریا و کەشتییە.

بۆیە تەسخیری کردووە، کەشتی چۆن تەسخیر کردووە؟ واتە یەکەمجار مەوادێکی وەك کانزا، وەك درەخت و تەختە لەسروشتدا دایناون کە ئێوە بتوانن کەشتیان لێ دروست بکەن، هەروەها فکر و هۆش و تەجرەبەشی بەئێوە داوە کە بتوانن سودی لێوەرگرن بۆ دروست کردنی کەشتی، لەولاشەوە دەریا و ئاوی بەجۆرێك دروست کردووە کە خاسیەتی وەهای بێت کەشتی بەسەریەوە هەڵگرێ و جێگەیەکی باش بێت بۆ هاتوچۆی کەشتی، هەروەها (با)شی خستۆتە ئیختیار



Scanned by CamScanner

کە (با) کەشتیەکە ببات بەئەملاو ئەولادا ـ ئەڵبەتە ئەم (با) بۆ ئەو کەشتییە قەدیمیانەیە کە چادیارن بووە، وەك ئێستا مەکینەیان هەیە ئەوانە ئیتر پێویستیان بە(با) نییە ـ

کەوابوو کەشتی موسەخەرکردووە بەزۆر هێناویەتیبە ژێر دەستی ئێوە،و لەئیختیاری ئێوەدا قەراری داوە، بۆئەوەی لەدەریادا بگەڕێت و ڕەوان بین، بەپێی نەخشە و دەستوری خوا، ئەو نەخشە کە وتمان لەپێشدا ئاوا نەخشەیەکی کێشاوە بۆئەوەی کە کەشتی بگەڕێ.

خودی دەریا و کەشتیش مەتاعن

دەرنەتیجە پێداویستییەکانی هێنان و بردن و گۆڕینەوەی مەتاعەکان ئاسان ئەنجام بدرێت، بۆیە دەریا و کەشتیش ئەوانیش مەتاعن، هەروەها کەشتی بۆ ئیستیفادە لەخۆراکی گیانلەبەرانی دەریاش دەبێت، کە گۆشتی گیانلەبەرانی دەریاو، هەروەها ئەو بەردە بەنرخانەی کە ئەوەتان لەناو دەریادا وەك (دوڕ و مرواری و مەرجان و عەنبەر و..هتد) ئەمانەش گشت مەتاعن، کە بەهۆی کەشتییەوە ئینسان بەدەستیان دەهێنێت.

﴿وَسَخَّرَ لَكُمُ الأَنْهَارَ﴾

مسەخەرکردنی رووبار و بەحرەکان و جیاوازی نێوانیان

ڕووبارەکانیشی بۆ ئێوە موسەخەر کردووە، واتە شەرایتی ڕووباریش بەجۆرێکە، خوا وای قەرارداوە ئەویش جێگەی ئیستیفادەبێت بۆ ئێوە، هەم بتوانن تێپەڕیبن لەمبەر بۆ ئەوبەر، هەم بتوانن کەشتیوانیان لەسەر بکەن، جا لەلایەك دەفەرموێ (بحر) لەلایەك (الانهار)، چونکە ئاوی بەحر سوێرە و (خوێیییە) ماسی زۆر پەروەردە ناکات، مەگەر لەقەراغەکانییەوە، بەڵام ئاوی ڕووبار، لەبەرئەوەی (شیرینە) ماسی پەروەردە دەکات، دەرنەتیجە ڕووبارەکانی موسەخەر کردووە بۆ بەدەست هێنانی گۆشت، دەریاشی موسەخەرکردووە بۆ بەدەستهێنانی مەرجان و دووڕ و تەواوی بەردە بەنرخەکان، کە ئەوەتان لەناو دەریادا کە لەئاوی سوێردا پەروەرش دەدرێن و ئیجاد دەکرێن، ئەمەش هەر مەتاعە.



Scanned by CamScanner

﴿وَسَخَّرَ لَكُمُ الشَّمْسَ وَالْقَمَرَ دَآئِبَينَ﴾

مسەخەرکردنی مانگ و خۆر و دەوریان لەپڕکردنەوەی نیازی ئینسان

مانگ و خۆریشی ڕامکردووە بۆ ئێوە، خستویەتییە بەردەستی ئێوە، جا تەسخیری کردوون بۆتان، واتە جۆرێك دروستی کردوون کە بەمەنفەعەتی ئێوە دەجولێن و نیازی ئێوە پڕدەکەنەوە، خۆر هەم سەرچاوەی ڕۆشناییە، هەم سەرچاوەی گەرماو وزەیە، هەروەها بەردەوامیشە، واتە هەمیشە لەو ڕێگەی خۆیدا دەگەڕێ و هاتووچۆ دەکات بۆئەوەی ئینسان هەمیشە بتوانێ زیندەگی بکات.

خۆر و سەرچاوەی ژیان

ئەصلەن سەرچاوەی زیندەگی دەبێتە (خۆر)، خۆی نور و گەرما دەدات و ئەویش دەبێتە سەبەبی باران بارین و پەیدابوونی ئاو لەکۆشە و کەنارەکانی سەر زەویدا، هەروەها ڕوشتی گیاکان و گیانلەبەران کە ئینسان سودیان لێ وەردەگرێت، هەروەها مانگیشی جۆرێك دروستکردووە کە لەئیختیاری ئێوەدا بێت، واتە هەمیشە بەمەنفەعەتی ئێوە بگەڕێ، کە ئەویش لەکرداری هەڵکشان و داشکاندا سودێکی زۆر دەگەیەنێت، لەچەند لایەنی ترەوە کە لەزانستی تایبەت بەخۆیان باسیان دەکرێ سودیان هەیە.

خۆر و مانگ و دیاریکردنی کات

هەروەها ئەم مانگ و خۆرە هەرکامەیان تەقویمێکە، چونکە ئەندازەگیری کات و ناسینی کات مەسەلەیەکی زۆر گرنگە بۆ زیندەگی ئینسان، ئەگەر ئینسان کات دیاری نەکات، پەیوەندی کۆمەڵایەتی زۆر بەسەختی ئەنجام دەدرێ، چونکە مەسەلەن من پەیمان بدەم بەکەسێك کە لەفڵان ڕۆژدا لەگەڵتدا مامەڵەیەك دەکەم، یا قەرزەکەت دەدەمەوە، یان مەسەلەن ئیجارە، یان ڕەهن، یان ...هتد ئەنجام دەدرێت، کاتێك ژمارەیەك لەبەردەستدا نییە و بەهۆیەوە ڕۆژەکەی بۆ دیاری بکەم و کاتی بۆ دیاری بکەم، ئەگەر زەمان نەبوایە ئینسان هەرگیز نەیدەتوانی کاتێکی بۆ دیاری بکات، دەرنەتیجە مامەڵە و پەیوەندی کۆمەڵایەتی و ئابووری و تەواوی ئەوانە زۆر زۆر موشکیل و بەزەحمەت ئەنجام دەدران.



Scanned by CamScanner

کەوابوو مانگ و خۆر لەلەحازێکیشەوە هۆکاری ژمارەکردن و دابەشکردنی زەمانە، خۆر بۆ ساڵی (خورشیدی) و مانگی (خورشیدی) هەروەها بۆ شەو و ڕۆژ، تەنانەت بۆ بەشەکانی شەو و ڕۆژیش، مەسەلەن هەر دەرکەوتنی خۆر خۆی تاکاتی ئاوابوونی جۆرێکە گەرما و فێنکی، یان کەم ڕەنگی و پڕ ڕەنگی، کە ڕۆژ دەبێتە چەند بەشێکەوە، مەسەلەن تا چێشتەنگا بەشێك، لەوەولا تا نیوەڕۆ، لەولا تا عەسر، و لەولا تا مەغریب، ئاوەها جۆر جۆر، تەنانەت زیاتر لەوەش دەبێتە سەعات و دەقیقە و سانیە بەهۆی ئەندازەگیری ئەوکاتە، کە سێبەری شتێك تیایدا کەم و زیاد دەکات.

خۆر و دیاریکردنی کاتی شەو و ڕۆژ

(مانگ)یش تەقویمە بۆ ئەندازەگیری ساڵ و مانگی قەمەری، تەقویمێکی زۆر سادەیە کە هەر ئینسانێك سەرنجی بدات دەتوانێ سودی لێ ببینێ، ئەمانە هەمووی مەتاعن و ئەوەتان لەئیختیاری ئێوەدا.

مانگ و دیاریکردنی کاتەکانی ساڵ

﴿وَسَخَّرَ لَكُمُ اللَّيْلَ وَالنَّهَارَ﴾

شەو و ڕۆژیشی موسەخەر کردووە بۆ ئێوە، واتە جۆرێك قەراری داون کە بەمەنفەعەتی ئێوە بن، شەو بۆئەوەی کە ئیسراحەتی تێدابکەن و خۆتان شەحن بکەنەوە بۆ کار، ڕۆژیش بۆ کارکردن و بەدەست هێنانی مەتاعەکان بۆ ڕەفعی نیازمەندی.

مسەخەرکردنی شەو و ڕۆژ

﴿وَآتَاكُم مِّن كُلِّ مَا سَأَلْتُمُوهُ﴾

بەدەستەواژەیەکی گشتگیر تر، لەهەرشتێك کە ئێوە داواتان کردووە لەخوا پێی داون، واتە هەرچیەك کە ئێوە نیازتان پێی هەیە، خوا لەو شتانەی پێداون، چونکە خۆی نیازی لەدەروونی ئێوە داناوەو، لەڕەحمەت و میهرەبانی دوورە کە نیاز لەدەروونی ئینساندا خەلق بکات، بەڵام ڕەفعی نیازی نەکات و مەتاعەکەی بۆ دروست نەکات، چونکە خوا میهرەبانە بەخشندەیە هەرچیەك کە ئێوە داواتان لێکردووە، واتە هەرچیەك ئێوە نیاز و پێویستی لەدەروونتاندایە و دەتانەوێ کە

هەموو ئەوانەی کە نیازی ئینسان پڕدەکەنەوە بەئینسان دراون

شتێك ببێت ئەو نیازی ئێوە ڕەفع بكات لەو شتانە، لەهەموو ئەو شتانە كە داواتانكردووە و نیازتان پێی هەیە، پێی دلون.

پاشان دەفەرموێ (مِّن كُلِّ) نافەرموێ (كلما) (من كلما)، هەرچی شتە كە ئێوە نیازتان هەیە نەیدلوە لەهەرچی شتە، هەندێ لەهەرچی نیازمەندیە، سەرنج بدەن هەرچی شتە لەهەرچی نیازمەندی هەیە هەمووی نەداوە، واتە ئەوە نەبێ ئینسانێك تەواوی نیازمەندیەكەی لەمەسەلەن رزق و رۆزی و دانەوێڵە لەبەرهەمی درەختەكان لە(قەیسی، هەڵوژە، سێو، پرتەقاڵ...) چەنێك نیازی هەیە بەدانە دانەی ئەمانە تەواوی نیازمەندیەكەی پێ بدات، نەخێر، بەو جۆرە نییە، هەموو نیازمەندیەكان جۆراوجۆریان هەیە، بەڵام لەجۆراوجۆری نیازمەندیەكان لەهەر یەكێكیان هەندێكی لێ دلوە، واتە بەتەولوی نیازی ئینسان پڕنابێتەوە، چونكە ئینسان هەمیشە هەر نیازمەندە، ئەوەتا مێژووی مرۆڤایەتی هەمووی باس لەوە دەكات كە هەمیشە لەناو كۆمەڵگاكاندا نیازبووە، ئینسان تەولوی ئارەزووەكانی پڕنابێتەوە، چونكە نیاز دائیرەیەكی زۆر زۆر فرلولنی هەیە، توانایی ئینسان لەوە كەمترە كە بتوانێ هەرچی نیازی هەیە پڕی بكاتەوە، دەرنەتیجە ئیكتیفا دەكرێت بەمیقدارێك لەهەركام لەو نیازمەندیانە، مەسەلەن لەشلەمەنی و تەواوی شلەمەنییەكان ئینسان ناتوانێ بیهێنێتە ئیختیاری خۆی، ئەوە مەسەلەن زۆر زۆر هەوڵیدا لەجێگەیەكدا (ئاو و نۆ و چایی و بیبسی و...هتد)، بەڵام هەندێ جۆری تر هەیە لەوێ نییە لەجێگەیەكی تر هەیە، لەوجێگەشدا هەندێ هەیە لەملا نییە، جا لەخۆراك و بەرهەمی درەختان هەروەها.

ئینسان نیازمەندە و تەواوی ئەو شتانەی بۆ پڕكردنەوەی نیازی ئینسان پێویستن بەئینسانێك نەدراون

لەهەندێ شوێندا مەسەلەن ئەم بەرهەمانە لای ئێمە هەیە، ئیتر گوێزی هیندی و مۆز و ئەمانە لێرە نییە لەشوێنێكی تر هەیە، ئەویش لەشوێنێكی تر هەیە لێرە نییە، جا هەندێ كاتیش هێنان و بردن، یان ئەنجام نابێ یان كەمە بەمیقداری نیاز نییە، دەرنەتیجە هەرچی نیازمەنیە هەمووی نەدلوە. لەهەرچی نیازمەندیە

هەندێکی داوە، واتە ئصولی نیازمەندیەکان، کە (**خواردەمەنی و خواردنەوە و پۆشاك و مەسکەن**)ە، لەم (چوار) ئەصڵە لەهەموویان بەشی ئێوەی داوە و لەئیختیارتاندا قەراری داوە، کە مەسەلەن وەها نییە ئیتر لەپڕ یەکێکیانتان دەست نەکەوێت، ئەصڵەن پۆشاك نەبێ یان ئەصڵەن خواردەمەنی یان خواردنەوە یان مەسکەن نەبێ لەهەموویان هەیە، بەڵام ئیتر بەتەواوی نیین، مەسەلەن مەسکەن یەکێکە لەنیازمەندیەکان کە خوا داویەتی، بەڵام ئیتر هەموو کەسێك چەندە ئیحتیاجی بەمەسکەن هەیە هەمووی پێ نەداوە، هەندێك لەنیازمەندیەکەی لەمەوردی مەسکەندا پێداون.

هۆکاری نەدانی تەواوی نیازمەندیەکان بەئینسان

ئەڵبەتە ئەوەش نەك لەبەرئەوەی کە خەزانەی ڕەحمەتی ئەو کەمی تیایە! نەخێر، لەبەرئەوەیە کە یان بەرامبەر توانای نییە بۆ بەدەستهێنانی ئەوە، یان ئەگەر توانای هەیە، نیزامی زیندەگی لەو کۆمەڵگایەدا موختەلە، کە ئەم شەخصە زەمینەی بۆ موساعید نییە بتوانێ هەرچی نیازمەندیە بەدەستی بهێنێ، یان لەبەرئەوەی کە تەمەنی ئینسان کەمە، کەمترە لەوەی کە هەرچی نیاز هەیە لەدەروونیدا گشتی ڕەفع بکات، چونکە:

چشم تنگ مرد دونیا دوست را

یا قناعت پرکند یا خاك گور[1]

حەزرەت (علیه السلام) دەفەرموێ ئینسان ئەوەندە بەرچاوتەنگ و تەماعیە، ئەگەر دۆڵێ ئاڵتونی ببێ دەڵێ (ئاخ بۆ دۆڵێکی تر)، تەماعەکە لەئەندازە بەدەرە، بەڵام ئیتر بەئەندازەیەك کە زیندەگی بکات لەئیختیاریدا دەبێت، ئەڵبەتە دەبێت قەناعەت بکات، ئەگەربێت و نیزامێکی زاڵمانە حاکم نەبێ، بەڵام ئەگەر نیزامێکی زاڵمانە حاکم بوو ئەوکاتە تەنانەت نانیشی دەست ناکەوێت بیخوات.

﴿وَإِن تَعُدُّواْ نِعْمَتَ اللَّهِ لاَ تُحْصُوهَا﴾

---

[1] بەرچاوتەنگی ئەو کەسانەی کە دنیایان خۆش دەوێت، یا قەناعەت پڕی دەکاتەوە یا خاکی گۆڕ.

نیعمەتی خوا لەژماردە بەدەرن

ئەگەر ئێوە دابنیشن نیعمەتەکانی خوا و چاکەکانی خوا بژمێرن، ناتوانن ژمارەیان بەدەست بهێنن، واتە لەژمارە بەدەرە، نیعمەتەکانی خوا قابیلی ژمارەش نییە، (مەتاعەکان: ئەوشتانەی کە مەوردی ئیستیفادەن)، لەهەوا و ئاو و لەگیا و لەدرەخت و لەحەیوانات و لەگەرمای خۆر و لەڕۆشنایی لەتەواوی شتەکانی تر، هەروەها لەوجودی ئینساندا (ئیحساسات و سۆز و ئەندێشە و حاڵاتی ڕۆحی و ئیمان) و ئەو جۆرە شتانە.

﴿إِنَّ الإِنسَانَ لَظَلُومٌ كَفَّارٌ﴾

ئینسان و شاردنەوەی حەق

بەڕاستی ئینسان زۆر زۆر ناحەق کارە، زۆر زۆر ستەم کارەو زۆر زۆر حەق داپۆشە، خوا ئەم هەموو نیعمەتانەی پێ داوە و لەئیختیاریدایە، بەڵام ئەوکاتە دێت فەرمانبورداری بۆ غەیری خوا دەکات، بەرنامە و قانونی کەسێکی تر پەیڕەوی لێ دەکات و موشریك دەبێ، پەناهگا و فریادڕەسێکی تر غەیری خوا بۆ خۆی قەرار دەدات.

(ظلمه - کفاره) واتە ئەمانە هەمووی نیشانەی ڕۆشن و دیارن بۆئەوەی کە غەیری خوا فەرمانڕەوا و فەریادڕەسێك نییە، مەسەلەی تەوحید لەمانەدا بەتەواوەتی ڕۆشن دەبێتەوە، بەڵام ئینسان زۆر زۆر حەق داپۆشەرە، لەدوای ئەمە ئەم هەموو نیشانە ڕۆشنانە لەئیختیاریدایە دووبارە خۆی لەو هەقە ڕۆشنە لادەدات و تووشی شیرك دەبێت.

لەئایەتی (٥٣ و ٥٤)ی سورەتی (طه) هەر لەبارەی (مەتاعەوە) دەفەرموێ:

﴿الَّذِي جَعَلَ لَكُمُ الْأَرْضَ مَهْداً وَسَلَكَ لَكُمْ فِيهَا سُبُلاً وَأَنزَلَ مِنَ السَّمَاءِ مَاءً فَأَخْرَجْنَا بِهِ أَزْوَاجاً مِّن نَّبَاتٍ شَتَّى * كُلُوا وَارْعَوْا أَنْعَامَكُمْ إِنَّ فِي ذَلِكَ لَآيَاتٍ لِّأُولِي النُّهَى﴾

ساناکانی زەوی لەقورئاندا

خوا کەسێکە، کە زەوی کردووەتە بێشکە بۆ ئێوە، وەك چۆن منداڵ لەناو بێشکەدا ئیسراحەت دەکات و بێشکەکەش لەحاڵی جوڵەدایە، زەوییش بۆخۆی دەگەڕێت و موتەحەریکە و ئێوەش لەناویدا ئیسراحەت دەکەن، واتە خوا



Scanned by CamScanner

دەتانجوێنێ ـ یانی لەناو بێشکەکە ـ ئەوە یەکێك، یەکێکی تر ئەصڵەن مانای (مَهْد)، واتە راخراو ئەصڵی مانای ڕیشەییەکەی، واتە زەوی بەراخراوی دروستکردووە بۆ ئێوە، جۆرێك دروستی کردووە کە بتوانن لەسەریدا هاتوچۆ و زیندەگی بکەن، مەسکەنی لێ دروست بکەن ـ کە ئەمە لێرەدا ئیشارەیە بۆ مەسکەن یەکێك لەنیازە ئەصڵیەکان.

ئەڵبەتە لەچەند جێگەی تردا مانای تری بۆکراوە، لەجێگەیەکدا دەفەرموێ (فراشاً) لەجێگەیەك دەفەرموێ (بساطاً) لەجێگەیەك تر دەفەرموێ (ذلولاً) لەجێگەیەك دەفەرموێ (قراراً)، هەموویان ئەم مانایە دەدات، کە خوا زەوی جۆرێك دروستکردووە ڕێك وەك فەرشێك لەژێر ئینساندا بێت دادەنیشێ لەسەریدا و ئیسراحەت دەکات، هەروەها قەرارگا و ئارامگاهە بۆ ئینسان و ئەوەتا لەبەردەستیداو زەلیلە، واتە جۆرێکە کە ئینسان هەر ئیستیفادەیەك مەیلی ببێت دەتوانێ لەزەوی بیکات، دەتوانێ بیکاتە باخ، دەتوانێ بیکاتە کشتوکاڵ، بیکاتە مەسکەن، هەرشتێك مەرامی هەیە لێی دروست بکات.

قەراردانی ڕێگای جۆراوجۆر بۆ ئاسانکردنی ئاڵوگۆڕ

چەندەها ڕێگەتان بۆ قەراردراوە، ڕێگەی گەورە و بچوکی لەسەر زەویدا بۆ ئێوە قەراردراوە بۆئەوەی پەیوەندیتان بەیەکتریەوە ببێت، هێنان و بردن ئەنجام بدەن، ئیتر هێنان و بردن، چ (مەتاعی مادی) یان (عومەن فەرهەنگی ئینسانی)، کە هێنان و بردنی فیکری و عیلمیشە، واتە جۆرێك زەوی دروستکردووە کە قابیلیەتی هەیە، بۆئەوەی هەڵی کەنێ و جادەی لێ دروست بکرێ، ئەگەر هەمووی تەختە و بەرد بوایە ئەوکاتە چیبیان بکردایە! چۆن جادە دروست بکرایە! چۆن ڕێگە دروست بکرایە!

بەڵام زەوی جۆرێك دروستکردووە، ئەگەر لەوڵاتێکدا هەندێك لەمەتاعەکان هەیە و هەندێکی تر نییە بتوانن ڕێگە و جادە و شت دروست بکەن، یان تەنانەت جۆرێك دروستیکردووە قابیل بێ تونێلی لێ دروست بکرێ، قیتاری لێ دروست

بکرێ، ئەمانە هەمووی بۆئەوەی پەیوەندی ببێ بەیەکەوە و لەشوێنێك شتێك نییە بڕۆن لەشوێنێکی تر بیهێنن، لێرە شتێکی زیادە هەیە بیبەن بۆ ئەوێ.

هەروەها لەهەور ئاوێکی بۆ ئێوە ناردە خوارەوە، چ ئاوێ! یانی ئاوێکی زۆر بەئەندازەیەك کە خۆی قەراری داوە، جا بەواستەی ئەو ئاوە جۆرەها گژوگیامان لەزەوی دەرهێنا بۆتان، جۆرجۆر لەهەرچیەك کە قابیلیەتی ببێت بۆ سەوز بوون، لەگیا و لەدرەخت، ئەڵبەتە لەمانە کە ئێستا هەن لەم گیا و درەختانە لەمانە زیاتر دانەیەکی تر نییە ئینسان دانیشێ و پێشنیار بکات و بڵێ خوا گیایەکی ئاواشی دروست بکردایە، یان هەیە ئەگەر ئەم پێشنیارە بکات و پێی نازانێ (ئەوگیایە هەیە)، یان ئەگەر نییە ئەم خراپ پێشنیاری کردووە، ئاوا گیایەك ئاوا درەختێك ڕێك ناکەوێت سەوزبێت و کەمتر لەمانەش نابێ، بڵێین مەسەلەن ئەو گیا دەردی چی دەخوات با خوا ئەوەی سەوز نەکردایە، حەتمەن حیکمەتێکی تێدایە کە ئێمە نازانین، لەئەنجامی سەوزبوونی جۆر جۆر بەهۆی ئاوەوە جۆرەها بەرووبومی جیاوازی دەرهێناوە، ئاو تێکەڵاوی خاك دەبێت و کاردەکات لەزەراتی خاك و لەعەناصیرێك کە ئەوەتا لەزەویدا قابیلیەتی ڕشت و نمو پەیدادەکات و دەگۆڕێ و دەبێتە دانە و تۆ و سەوز دەبێت و دەبێت بەگیا و درەخت.

هەرچی هەیە دەبێت هەر نمومبێت بەبێ زیاد و کەم

﴿كُلُوا وَارْعَوْا أَنْعَامَكُمْ﴾

بخۆن، حەیوانەکانیشتان ببەن بیان لەوەڕێنن، واتە هەم مەوردی ئیستیفادەن بۆ خۆتان، ئەوانەیان کە بۆ خۆتان دەبێ، ئەوەشی (ئالف و گزرە و بەهەك و کەما و قنگر و ...هتد)، ئەمانەش بۆ حەیوانەکان، کە حەیوانیش خۆی لەئیختیاری ئینساندایە، حەیوانەکان دەڕێن و ئالف و ئەو گیایانە دەخۆن، گۆشت دەگرن بۆ ئێوە، شیر بۆ ئێوە پەیدادەکەن، خوری و چەرمیان بۆ ئێوەیە، کەوابوو هەرچی گیا و درەخت و حەیوانە ـ بەتایبەت ئەم ئاژەڵانە هەمووی مەتاعە و لەئیختیاری ئێوەدایە ـ

﴿إِنَّ فِي ذَٰلِكَ لَآيَاتٍ لِّأُولِي النُّهَىٰ﴾

بەڕاستی لەوانەدا نیشانەی ئاشکرای زۆر هەن بۆ ئەوانەی کە ئەقڵێکی وایان بێت لەکاری خراپ و دوورەپەرێزی و لەشیرك بیانگرێتەوە و نەیەڵی توشیان بێن، کەسێ کە نوهیە و هۆشی ببێ، واتە ئەقڵی ڕێگر لەشتی ناپەسەندی ببێ، ئەم هەموو نیعمەتانە بۆ ئینسان خۆی کافیە کە ئیتر تێبینی ئەمانە بکات و بێتە سەر ڕێگەی حەق، هەم لەنەزم و تەرتیبیاندا،و هەم لەمەدا کە ئینسان لەبەرامبەر ئەمانە ئەگەر ئینسانە دەبێ ئیحساسی مەسئولیەتێك بکات، خوا ئەم هەموو شتەی دلوە بەبێ مەسئولیەت نابێ، دەبێ ئەویش شتێك بکات.

مەتاعەکان هۆیەکن بۆ دوورکەوتنەوە لەشیرك

ئایەتی (٢٠) ی سورەتی (لوقمان) دەفەرموێ:

﴿أَلَمْ تَرَوْا أَنَّ اللَّهَ سَخَّرَ لَكُم مَّا فِي السَّمَاوَاتِ وَمَا فِي الْأَرْضِ﴾

بەشێوەیەکی گشتی، ئایا نەتان دی کە خوا هەرچی ئەوەتا لەئاسمانەکان و زەویدا هەمووی موسەخەر کردووە بۆ ئێوە، گشتی ناوەتە بەردەستان، پێشکەشی کردون، واتە جۆرێك دروستی کردون هەرچی ئەوەتان لەئاسمانەکاندا و لەڕاسەرتانەوەن و هەرچی ئەوەتا لەژێر پێتاندا - لەسەر زەوی دا - جۆرێك دروستی کردون، کە مەوردی ئیستیفادە بن بۆ ئێوە.

هەرچی لەئاسمانەکان و زەویدایە موسەخەرکراوە بۆ ئینسان

چەنێ ئیحترام، چەنێ ئەهمیەت کە خوا داویەتی بەئینسان، لەولاشەوە ئینسان چەندە نمەك نەشناسە، مەگەر نەتان دی کە خوا هەرچیەك لەئاسمانەکان و زەویدایە بۆ ئێوەی دروستکرد، بەجۆرێك کە لەئیختیاری ئێوەدا بێت و بەمەنفەعەتی ئێوە بگەڕێن، مەوردی ئیستیفادە بن بۆ ئێوە، واتە هەرچی لەئاسمان و زەویدایە مەتاعە بۆ ئێوە، لەئاسماندا (خۆر، مانگ، هەسارەکان، کەش، هەور، هەوا)، لەزەویشدا (خاك، ئاو، گیا، درەخت، حەیوان، بەرد، کانزا و سەرچاوەکان) هەر شتێك کە ئینسان تەصەوری دەکات هەمووی مەوردی ئیستیفادەیە.

﴿وَأَسْبَغَ عَلَيْكُمْ نِعَمَهُ ظَاهِرَةً وَبَاطِنَةً﴾

نیعمەتەکانی خۆی بەشێوەیەکی تەواو و زۆر ڕژاندوە بەمل ئێوەدا، واتە هەرچی چاکە و شتی باش هەیە، چ دیار، و چ نادیار، چ ئەوانەی کە ئاشکرایە و لەبەرچاودایە و هەست پێکراوە، چ ئەوانەی کە نادیارە و عەقڵ دەرکی دەکات، وەك نیروی ئەندێشە و بیرکردنەوە و سۆز،و سیفاتی ئینسانی، دەروونی، هەرچیەکی تر کە نادیارە و هەستپێنکراو نییە، هەموو ئەمانەی بەشێوەیەکی تەولو بێ کەم و کورتی خستوەتە ئیختیارتان، ئێوەی بەرخوردار کردووە لەهەرچی چاکە و خێرە، چ ئەوانە کە ئاشکرا و چ ئەوانەی کە پەنهانن، تەنانەت مەلائیکەش کە ئەویش (مافی السماوات) هەم ئەوانیش دووبارە جۆرێك دروستی کردوون ئەوەتان لەئیختیاری ئینساندا، مەسەلەن مەلائیکەن کە زەحمەت دەکێشن وەحی دەهێنێت بۆئەوەی کە ڕێگەی ئینسان ڕۆشن ببێت.

﴿وَمِنَ النَّاسِ مَن يُجَادِلُ فِي اللَّهِ بِغَيْرِ عِلْمٍ وَلَا هُدًى وَلَا كِتَابٍ مُّنِيرٍ﴾

لەگەڵ ئەم هەموو نیشانە ڕۆشنانە بۆ یەکتایی خوا، ئەمانە کە هەموویان ئینسان وادارەدەکەن، بۆئەوەی کە ئیحساسی مەسئولیەت بکات لەمقابیلی خواوە،و جگە ئەو - خوا - فەرمانڕەوا و فەریادڕەسێ قبول نەکات.

رۆونی قانونی خوا و موجادەلەی هەندێ خەڵك

لەگەڵ هەموو ئەمانەدا، کەچی هەندێك لەخەڵك دێن دەربارەی خوا موجادەلە دەکەن، کاتێك دەعوەتیان دەکەیت دەڵێی بێن تەنها قانون و بەرنامەی خوا قبوڵ بکەن، چونکە ئێوە سەراپای وجودتان نیعمەتی خوایە،و ئەم نیعمەتانەیان بۆ پەیوەندەکەیتەوە، دەست دەکەن بەموجادەلە، هەندێکیان ئەصڵەن ئینکاری وجودی خوا دەکەن، هەندێك قبوڵیانە کە خالقێك هەیە، بەڵام دەڵێن "ئەو دەخالەت ناکات لەئموری زیندەگی ئێمەدا"، وەك خێڵی (ئەرستۆ)، هەندێکیان قبوڵیانە کە دەخالەت دەکات، بەڵام نەك دەخالەتی ئاوا کە ئیتر تەواوی مەسائیلی زیندەگی ئەو تەعینی بکات، وەك مەسەلەن ئەم خەڵکی ئێمە کە نوێژ و ڕۆژوو

ئەنجام دەدەن، بەڵام ئیتر زیندەگیان بەپێی سەرمەشق و بەرنامەی خوا نییە، دەکەونە دوای قەوانینی دروستکراوی بەشەری.

موجادەلەکردن و هەوڵدان بۆ لادانی خەڵکی تر

دێن موجادەلە دەکەن، واتە دەیانەوێت بەزۆر تۆ لەسەر بیربۆچوونی خۆت لابدەن، نەک تەنیا خۆیان نایەن حەق قبوڵ بکەن و موەحید بن، بەڵکو قودرەتیان دەخەنەکار کە تۆش لەبۆچوونی خۆت لابدەن، بەبێ ئەوەی عیلمێکیان ببێت، موجادەلەکەشیان لەسەر بنەمای عیلمی نییە، ئاگاییان نییە و پەیڕەوی گومان و هەوەس و ئارەزووە، نەخۆیان عیلمیان کەسب کردووە و نە لەتەرەفی کەسێکی ترەوە ڕێنماییان دەکرێت و هیدایەت دەدرێن، ئەگەر کەسێکیشیان ببێت مامۆستایەکیان ببێت ئەویش هەر هەوەس باز و خەیاڵ پڵاوە، کەسێکیان نییە کە دروست ڕێگەیان پێ پیشان بدات، ئەم قسانەیان لەڕووی ئاگایی و لەلایەن ڕێنماییکەرێکەوە نییە، کە بەدەستیان خستبێت، (کتاب المبین)یشیان نییە، واتە کتێبێکی ئاسمانیش لەلایەن خواوە ببێت کە لایەنگری گوفتەکانی ئەمان بکات و ڕۆشنکەرەوە و نیشاندەر بێت، کە ڕێگەی ئەوان حەقە، ئەوەشیان لەدەستدا نییە، نەخۆیان ئاگاییان هەیە نەکەسێکی تر ڕێنمونیان دەکات،و نەکتێبێکی ڕەوشەنگەر لەئیختیاریاندایە، هەروا بێ بنەما و بێ دەلیل و بێ بورهان لەسەر گومان و هەوەس و ئارەزووە موجادەلەت لەگەڵدا دەکەن.

بەڵام لەم (شەش) ئایەتەدا، تەولوی مەتاعەکان بەشێوەیەکی گشتی ڕوونکراونەوە، وەک ئەمە خوا دەفەرموێ "ئینسان خەفەت مەخۆ تۆیەک کە نیازمەند دروستکراوی ئەوەش کە نیازەکەت ڕەفع بکات - واتە مەتاعەکان - ئەوانیش لەئیختیارتدایە، تەنها ئەوەندەی دەوێ کە تۆ ئیستیعداد و توانای فکری و بەدەنی خۆت بخەیتەکار، بۆئەوەی لەو مەتاعانە ئیستیفادە بکەیت و نیازی خۆت ڕەفع بکەی.



Scanned by CamScanner

## مەتاعی جوزئی و رەوشی بەدەستهێنانی

لەم باسەشدا دووبارە باسی مەتاعە، واتە ئەوشتانەی کە نیازی ئینسانیان پێ ڕەفع دەبێت، بەڵام زۆرتر (جوزئیاتی مەتاع)ن، وەك ئەوان کولیات نین، ئەوەی لەپێشەوە باسکرا.

﴿زُيِّنَ لِلنَّاسِ﴾

ڕازاندنەوەی مەتاعەکان و پڕکردنەوەی نیازەکان

موزەیەن کراوە، ئارایش دراوە بۆ خەڵکی، ئیجا کێ ئارایشی داوە؟ لەهەندێ جێگەی قورئاندا فاعیلەکەی مەزکورە کە خوا تەزین دەکات و ئارایش دەکات، لەهەندێ جێگەدا باسی شەیتان کراوە، واتە شەیتان ئارایش و تەزین دەکات، لەهەندێ شوێنیش وەك ئێرە هیچکامیان زیکر نەکراوە، تەنها دەڵێن ئارایش دراوە ئاشکرا نییە کێیە!

جا ئەصڵەن ئارایش دران بەم مانایەیە، چونکە ئینسان نیاز لەدەروونیدا هەیە،و دەزانێ کە ئەو مەتاعانە ڕەفعی نیازیان پێ دەکرێت، دەرنەتیجە ئەوانە بەباش دەزانێ، کۆشش دەکات بۆ بەدەست هێنانیان، مانای تەزینەکە ئەمەیە.

جیاوازی ڕازاندنەوەی مەتاعەکان لەلایەن خوا و لەلایەن شەیتانەوە

جا ئەم تەزینە لێرەدا بەشێکی نیسبەت دەدرێتە لای خوا، خوا تەزین دەکات، بەشێکیشی نیسبەت دەدرێتە لای شەیتان، ئەندازەیەك کە ڕەفعی نیاز بکات لەم شتانەی کە لەدواتردا دێن میقدارێك لەم مەتاعانە کە ڕەفعی نیاز بکات و ئینسان بتوانێ زیندەگی پێ بکات، ئەو بەشە خوا تەزینی کردووە بۆ ئینسان، واتە خوا لەوانەدا ڕەفعی نیازی ئینسانی داناوە و بەجۆرێك ئینسانی دروستکردووە کە ئەوانە بەدەست بهێنێ، خۆشی ڕازییەتی قەدەغەی نەکردووە، وەك خۆراك و پۆشاك و مەسکەن لەسنوری مام ناوەندیدا، هەروەها تەواوی نیازمەندیی و کولی و جوزئییەك، بەڵام ئەگەر لەئەندازە تێپەڕیکرد گەشتە ئیسراف و زیادە ڕەوی، ئینسان لەدوای ڕەفعی نیازی لەسنوری مام ناوەندیدا دووبارە ڕۆشت بەدوای ئەم

جۆرە شتانەدا و داوایکرد و هەوڵی بۆ بەدەست هێنانیاندا، ئەمجارە ئیتر خوا ئەو ئیسراف و زیادە ڕەویکردنەی لەکەسبی ئەم مەتاعانە قبولّ نییە.

دەرنەتیجە لێرەدا تەزینەکە شەیتان دەیکات، ئەڵبەتە بەناونیشانی ئینسانێکی موئمین و موەحید، هەرکام لەئێمە دەبێت باوەڕی تەواوی وابێ، هەرچی کارە خوا ئەنجامی دەدات، بەلاّم لێرە کە دەڵێین شەیتان تەزین دەکات، واتە شەیتان دەبێتە ئالەتی تەزین، چۆن؟

**مەردم زیادەڕەوی دەکەن، زیاد لەئەندازە ئەم مەتاع و سەروەتە دنیایانەیان خۆش دەوێن، بەرەو لای ئەوانە دەڕۆن شەیتانیش وەسوەسە و خەیاڵات دەخاتە دڵیان و هانیان دەدات، خواش دەفەرموێ "چونکە تۆ لێرەدا گوێت بۆ قسە و وەسوەسەی شەیتان گرتووە، منیش وام قەرارداوە کە هەرکەس بەئیختیاری خۆی هەر ڕێگەیەکی گرتەبەر موەفەقی بکەم هەرچەند ناڕازیش بم"، کەوابوو بکەری ئەصڵی هەر خوایە، بەلاّم چونکە لێرەدا ئینسان بەئیرادەی خۆی بەرەو ئەوشتانە دەڕوات،و گوێ دەداتە قسەی شەیتان، شەیتان دەبێتە ئالەت و هۆکار بۆ تەزینەکە، دەرنەتیجە دەفەرموێ "شەیتان تەزینی دەکات".**

جا تا ئێرە زانیمان خوا تەزینی مەتاعەکانی کردووە ـ ئەوشتانە کە نیازی ئینسان ڕەفع دەکەن ـ بۆ ئینسان، شەیتانیش زیاتر لەڕەفعی نیاز دووبارە تەزین دەکات، واتە ئینسان بۆئەوەی ڕەفعی نیازیکات و نیازمەندییەکان لاببات، مەتاع و شتی زۆر هەیە لەئیختیاریدا بۆ ئیستیفادە، خوا لەدەروونیدا ئەو جەزبیەت و کششەی داناوە، ئینسان بەرەو ئەوشتانە بڕوات، بۆئەوەی نیازی خۆی ڕەفع بکات، ئیجا ئەگەر لەسنوری مام ناوەندبوو خواش پێی خۆشە و ڕازییە، ئەگەر نا ئەوە ئیتر شەیتان پێی خۆشە.

**جا ئێستا بزانین ئەوشتانە چی و چین کە ئینسان کۆششیان بۆ دەکات و ئەوانە بەدەست دەهێنێ بۆ پڕکردنەوەی نیاز و زەحمەتیان بۆ دەکێشێ؟**

زیادەڕۆیی لەمەتاعەکان و ڕازاندنەوەی مەتاعەکان لەلایەن شەیتانەوە

(حُبُّ الشَّهَوَاتِ) ئەوشتانەی کە ئینسان بەچاکیان دەزانێ، دەرنەتیجە بەرەو لایان دەڕوات، زەحمەت دەکێشێ، کات و نیروی خۆی ـ نیروی فکری و بەدەنی ـ و سەروەت و ئالات و ئەسباب هەموویان دەخاتە کار و بەکاریان دەهێنێت بۆ بەدەست هێنانی ئەم جۆرە شتانە، ئەوشتانەش چین؟

١ ـ (مِنَ النِّسَاءِ)

لەژنان، لەپێشتردا لەباسی (نیاز)ەکەدا وتمان چوار نیازی سەرەکی هەیە بۆ ئینسان (خواردن، نۆشین، پۆشاک، مەسکەن)، بەڵام هەر لەئایەتی یەکەم، ﴿فَقُلْنَا يَا آدَمُ إِنَّ هَذَا عَدُوٌّ لَكَ وَلِزَوْجِكَ﴾ طه(١١٧)

یەکێك لەنیازە گشتییەکانیش لەوێدایە، کە نیاز بۆ (پیاو) نیازی کولی (ژنە)، بۆ (ژن) پیاوە، ئەوەش چونکە ئینسان خەلیفە و جێنشینی خوایە، جێنشینیش دەبێت بەکۆمەڵایەتی زیندەگی بکات، کۆمەڵایەتیش بنچینەی خانەوادەیە.

یەکێك لەنیازە سەرەکیەکان ڕەگەزی بەرامبەرە

دەرنەتیجە یەکێك لەنیازە سەرەکیەکان ڕەگەزی بەرامبەرە، بۆ هەرکام لەم دوانە، جا ئەوەتا لێرەش دەفەرموێ: (ژنان بۆ پیاوەکان یەکێك لەنیازە سەرەکیەکانن، کە موزەیەن کراون لەبەرچاوی ئەوان تا ئەمان زەحمەت بکێشن بۆ بەدەستهێنانیان بۆ ڕەفعی نیازیان)، جا پێش هەموو شتێك، نیازی ئینسان بەکۆمەڵایەتی زیندەگی کردنە، واتە یەکەمین نیاز لەم زەمینەدا ئەوەیە، کە ئینسان نیازی هەیە بەکۆمەڵایەتی و شارستانی زیندەگی بکات و لەناو کۆمەڵدا بێت، ئەم کۆمەڵایەتیەش یەکەمین خشتی خانەوادەیە، دەرنەتیجە ئینسان نیازی هەیە، پیاو بەژن بۆئەوەی خانەوادەیەك پێکبهێنێت لەگەڵیدا و بنچینەی کۆمەڵگە دابنێ.

ـ یەکێکی تر لەنیازەکان ئەوەیە، چونکە لەیەك نەسڵدا خیلافەت ئەنجام نادرێت، واتە تەنیا لەیەك نەسڵی ئینساندا زەوی ئاوەدان ناکرێتەوە و قانونی خوا بەتەواوی پیادە ناکرێت، دەبێت ئەم نەسڵی ئینسانە نەسڵێکی تر ببێتە جێنشینی، یەکێکی تر ببێتە جێنشینی ئەو، هەر بەم جۆرە بەردەوامی ببێت، واتە



Scanned by CamScanner

مندالْ ببێ تا ڕێگەی باوك و دایكەكە درێژە پێ بدات لەم وەزیفەدا كە خیلافەتە، ئەمەش پێش لەهەموو شتێك بەبەدەست هێنانی ژن بەوەسیلەی پیاو دەكرێ، واتە بۆئەوەی ئەم نیازەش ڕەفع ببێ و كەسێك ببێ كە درێژەی ڕێگەبدات پێویست دەبێت كە بەشێك لەنیروی فكری و بەدەنی و بەشێك لەتەمەنی خۆی سەرف بكات لەڕێگەی بەدەستهێنانی هاوسەرێك.

- یەكێكی تر لەنیازەكان لەلەحازی دەروونییەوە قورئان دەفەرموێت" یەكێك لەنیشانەكانی ئێمە ئەوەیە لەخۆتان هاوڕەگەزمان بۆ دروست كردوون، تاوەكو ئارامش پەیدابكەن لەلایان، پیاو هەرچەند تەماشای دەكەی لەڕواڵەتدا یەك مەوجودی سەربەخۆیە بۆ خۆی، بەڵام وەك چۆن دوو گۆشە - دووگۆشەی تەواوكەری یەكتر مەجموعەن دووگۆشەی ١٨٠ پلەیی پێك دەهێنن - پیاویش لەگەڵ ژنێكدا دەبێتە ئینسانێك، لەڕاستیدا دەتوانین بەم شێوەیە دەرببڕین، پیاوێك لەگەڵ ژنێكدا كۆی ئەو دوانە ئەوەیە یەك ئینسانی كامڵ لەتەواوی سیفاتی ئینسانیدا سەد لەسەد كەماڵ پەیدادەكات، ئەگەر ئینسان لەزیندەگیدا هیچ ناتەواویەكی نەبێ، بەڵام هاوسەری نەبێ هەمیشە لەحاڵەتی نائارامی و دڵ هرۆ و قەلەقدایە، تەنیا مایەی ئارامشی پەیداكردنی هاوسەرێكە، دووبارە لێرەش بۆ ڕەفعی ئەم نیازە، دەفەرموێ "ژنان موزەیەن كراون بۆ پیاو كە بەدەستیان بهێنێ"، هەروەها بۆ دامركاندنەوەی غەریزە و ئەو جۆرە شتانە.

دروستكردنی هاوڕەگەز و پڕكردنەوەی نیازی دەروونی ئینسان

ژن و پیاو و دروستبوونی ئینسانێكی كامڵ

هەندێك جار پرسیارێك دێتە پێشەوە بۆ ئینسان، بۆ دەفەرموێ "ژنان موزەیەن كراون بۆ پیاو، نافەرموێ پیاویش بۆ ژن؟ یان لەشوێنێك دەفەرموێ مەسەلەن لەڕەگەزی خۆتان هاوسەرمان بۆ دروست كردوون، یان دەفەرموێ لەبەهەشتدا بۆ پیاو ژن و حۆری هەیە، بۆچی بەپێچەوانەی ئەمە نافەرموێ، مەسەلەن بۆ ژنیش پیاو هەیە؟



Scanned by CamScanner

ئەوکاتەی لە(سنە) سەربازبووم، ڕۆژێکیان لەکتێب فرۆشییەک بووم، ژنێك هات و ئەم پرسیارەی کرد، "بۆچی خوا ئاوای وتووە ئەی بۆ نالێ مەسەلەن پیاو بۆ ژن؟

بوونیادی وجودی ژن خۆی ئەوە دەخوازێت کە وەها عیبارەتێکی بۆ بەکاربېرێت، چۆن؟

حیکمەتی موزەیەن کردنی ژن بۆ پیاو

چونکە ژن هەمیشە لەبەرئەوەی کە ئیقتیزای حاڵەتی جسمی و جوانی و ڕەوانیە، خۆی لەپلەی داواکراودا دادەنێت، نەك لەمقابیلی داواکەردا، واتە مەگەر ژنێك ئیتر لەو فیترەتی خۆیە لابدات، ئەگینا هەمیشە ئەم لایەنی داواکراو دەگرێتەخۆی، داواکار نابێت، تەنانەت ئەگەریش داواکاربێت، کاتێك ئاگاداربوو کە بەرامبەر دەزانێ، لەوکاتەدا خۆی لەو مەتڵەبە وێل دەکات، ئەو تالبیەتی خۆی ئاشکراش ناکات، دەرنەتیجە چونکە هەمیشە لەپلەی داواکراودا خۆی دادەنێت، حەقیەتی بەم جۆرە خوا بفەرموێ "ئەوان بۆ ئێوە موزەیەن کراون تا پیاو ببێتە داواکار، چونکە ژن جۆرێك دروستکراوە کە داواناکات، داواکار نابێت، هەرچەند حەزیش بکات و لەدەرونیشەوە پێی خۆش بێت.

دەرنەتیجە با هەربڵێین پیاو موزەیەن کراوە بۆ ژن، داوای ناکات و هیچ، تەنانەت زۆر گرنگیدانی ژن بەئارایش و تەزین و ئەم جۆرە شتانە، بەپێچەوانەشەوە گرنگی نەدانی پیاو بەمە هەر ئەم مەبەستە دەگەیەنێ، کە چونکە ژن خۆی بەداواکراو دادەنێت، دەرنەتیجە جۆرێك دەکات بەخۆی کە سەرنجی داواکار ڕابکێشێت، بۆیە نابێت دەستەواژەکە بەم جۆرە بێت، کە بڵێی (پیاو موزەیەن کراوە بۆ ژن)، چونکە ئەم داواکار نییە، تا بڵێی ئەوەی بۆ موزەیەنکراوە داواکراوە، دەبێت بڵێین داواکراو موزەین کراوە بۆ داواکار.

٢ ـ ﴿وَالْبَنِينَ﴾

موزەیەنکردنی کوڕان و پڕکردنەوەی نیازی ئینسان

کوڕانیش بۆ ئێوە موزەین کراون، بۆ خەڵك موزەیەن کراوە، جا لێرە ـ خوا ـ کوڕی فەرمووە، چونکە (ناس) گشتییە بۆ تەواوی خەڵك، چ موئمین چ غەیرە

موئمین، ئەوەش کە غەیرە موئمینە کە زۆرینەن، ئامانجیان کوڕە، ئەرزش بۆ کچ دانانێن، بەڵام بۆ ئەوانە کە موئمینن کوڕ یان کچ بوون خۆی ئەرزشێکی زاتی نییە، ئامانجیان ئەوەیە کە ئینسانێك بێت، ئیتر کوڕ بێت یان کچ بێت، جا بۆ ئەوانە هەر لە(بەنین) دەتوانین کچیش فەهم بکەین، چونکە لەکاتێکدا (موزەکەر و موئەنەس) بەیەك دەستەواژە تەعبیری لێبدرێتەوە، تەنها ئیکتیفا دەکرێت بەلەفزی موزەکەرەکە، لێرەدا کچیش فەهم دەکرێ.

جا ئەمانە موزەیەن کراون، واتە دەبێت ئینسان لەڕووی ئابوورییەوە بەشێك لەزیندەگی خۆی لەڕووی توانای فکری و جەستەیی و ماڵییەوە بەخەرج بدات بۆ بەدەستهێنانی هاوسەر و منداڵ، ئەگەر مەسەلەن ژنێکی هێنا منداڵی نەبوو یەکێکی تر، یەکێکی تری هێنا بەم جۆرە، چونکە ئەمە بوومتە فیترەت و سنورێکی بۆ دیاری کراوە تا ئەو سنورە دەڕوات، ئەگەر لێرەدا توانای فکری و بەدەنی و ماڵی خۆی سەرف کرد بۆ بەدەستهێنانی ئەمانە، یان بۆ (ژن یان بۆ منداڵ)، هیچ شتێکی خیلافی فیترەتی نەکردووە، مەگەر لەسنور تێپەڕێکات و بگاتە ئیسراف و ناعەدالەتی و ئەو جۆرە شتانە لەوکاتە ئیتر سنوردار دەبێت.

٣ ـ ﴿وَالْقَنَاطِيرِ الْمُقَنطَرَةِ﴾

سزەینکردنی دارایی و پڕکردنەوەی نیازی ئینسان

دووبارە (دارایی)موزەیەن کراوە بۆ خەڵکی، ئەو داراییانە کە بەخەیاڵی خۆیان لەزیندەگیاندا بەشیان دەکات، کافیە بۆیان و کۆی دەکەنەوە و لەسەر یەك تەبەقی دەکەن و دای دەنێن لەئاڵتون و لەزیو، واتە یەکێکی تر لەو مەتاعانە کە ئینسان تەمەنی خۆی بۆ سەرف دەکات و بەشێك لەزندەگی خۆی دادەنێت بۆ بەدەستهێنانی ئەم سەروەتانەیە، سەروەتی زۆری ئەم کۆمەڵە شتە لەئاڵتون و زیو.

جا ئەصڵی بەدەستهێنانی ئەم سەروەتە شتێکە فیترەتی ئینسان داوای دەکات و ناکرێت چاوەڕێ بێت، کە سەردەمێ ماڵ و سەروەت بەشێك نەبێت لەنەزەری ئینسان و موزەیەن نەبێت، لەنیزامی کۆمۆنیزمدا کە وا خەیاڵ دەکەن

سەردەمێك دێتە پێشەوە ئینسان ئیتر تەنها بۆ کۆمەڵگە کاردەکات و خۆی ئامانج و مەبەست نییە، دەرئەنجامی ئەو غەریزەی مالیکیەتە کە لەدەرونیدایە هەڵدەگیرێت و لادەچێت.

بەدەستهێنانی دارایی لەغەیری مەشروعەوە و رازاندنەوەی لەلایەن شەیتانەوە

ئەمانە دژی فیترەتی ئینسان قسەدەکەن، خوا دەفەرموێ "کاتێك (ناس، ئینسان) دروستکراون کەسبی مال و سەروەتیشیان بۆ موزەیەن کراوە، تەلەبی مال و سەروەت بۆ ڕەفعی نیاز بەشێکە لەفیترەتیان، یەکێکە لەسیفاتی (فیتری) کە لەدەروونی ئەواندا دانراوە، ئەڵبەتە ئەگەر بەدەستهێنانی ماڵەکە لەڕێگەی مەشروعەوە بێت و لەسنوری شەرعی ئیسلامدا بێت، تەزینەکە خوا کردویەتی و ڕەزایەتی هەیە، بەڵام ئەگەر لەو ئەندازە تێپەڕی، لەڕێگەی غەیر مەشروعەوە بەدەستهێنراو ئیستیفادەی غەیر مەشروعی لێ کرا، ئەوکاتە ئیتر تەزین کردنەکە شەیتانە و خوا ڕازی نییە بەوە.

٤ ـ ﴿وَالْخَيْلِ الْمُسَوَّمَةِ وَالأَنْعَامِ﴾

رازاندنەوەی ئاژەڵەکان و پڕکردنەوەی نیازی ئینسان

ئەسپە دیاری کراوەکان، ئەوانەی کە دەبرێن بۆ لەوەڕ و لەوەڕگا، هەروەها دامەکانیش ـ بزن و مەڕ و گا و وشتر ـ موزەیەن کراون بۆ ئینسان، کە بەدەستیان بێنێت، ئەمیش دوبارە لەسنوری مەشروعدا، خوا تەزینی کردوە، ئەگەر زیاتر لەوەبێت، ئیتر تەزینەکە شەیتان دەیکات و خوا ڕازی نیە، بەڵام لەسنوری مەشروعدا ئینسان ڕێگەی هەیە بەشێك لەژیندەگی خۆی سەرف بکات بۆ بەدەست هێنانی ئەمانە، هیچ ڕێگرییەك لەکاردا نیە، چونکە ئەمانیش نیازی ئینسان ڕەفع دەکەن.

کشتوکاڵ و پڕکردنەوەی نیازی ئینسان

﴿وَالْخَيْلِ الْمُسَوَّمَةِ﴾ ئیشارەیە بۆ بازرگانی، چونکە وەسائیلی هەڵگرتن و بارکردن و هێنان و بردن ئەوکاتە ئەسپ و شت بووە، (الانعام) بۆ ئاژەڵداری (حرث و کشتزار) بۆ کشتوکاڵ، ئەمەش دووبارە یەکێکە لەمەتاعەکان، کشتوکاڵ

کە نیازی ئینسان ڕەفع دەکەن، دەبێت ئینسان بەشێك لەتوانای خۆی سەرف بکات بۆ بەدەستهێنانی ئەوانە، بۆ بەدەستهێنانی کشتوکاڵ.

بەڵام بەسەرنجدان لەوەی قورئان کتێبێکی قانونی وشك نییە، تەنها دەستورە قانونییەکان موقەرەر بکات و ئیتر هیچی تری تیدا نەبێت، سەرنج بدەن کە لەکۆتایی ئایەتەکەوە مەسائیلێکی ئیمانی و ئەخلاقی دێتە پێشەوە، کە ئیسلام قانونی ئابووری یان سیاسی یان مەدەنی ئەمانە هەمووی تێکەڵاوی ئیمان و ئەخلاق دەکات، ئەوەیە کە دەفەرموێ ﴿ذَلِكَ مَتَاعُ الدُّنْيَا﴾ بەڵێ ئەوانە موزەیەنن، دەبێت ئینسان هەندێ لەتەمەنی خۆی سەرف بکات بۆ بەدەستهێنانیان، بەڵام ئەوانە ئەسبابی ئیستیفادەن بۆ زیندەگی پەستی دنیایی و هەروەها ئەم زندەگیە ئەوەڵینە کە زیندەگیەکی سنوردار و زوو تێپەڕە، نابێ ئیتر ئینسان تەواوی تەمەنی خۆی لەمانەدا سەرف بکات، بەڵێ دەبێت ئینسان کۆششیان بۆ بکاتو بەدەستیان بێنێ، بەڵام نەك بەشێوەیەك کە ئیتر بنەما یان بەزاراوەی ئەمڕۆ (ژێرخان) ببێتە ئابووری، ئینسان تەواوی تەمەنی خۆی و توانای خۆی لەڕێگەی بەدەستهێنانی ئەم جۆرە شتانە سەرف بکات، نەخێر.

﴿وَاللَّهُ عِندَهُ حُسْنُ الْمَآبِ﴾ آل عمران (١٤)

لەلای خوا سەرەنجامی باش هەیە، واتە ئەگەر ئینسان لەئینسانییەتی خۆی غافڵ نەبێت، گرنگترین ئامانجی دەبێتە بەدەستهێنانی ڕەزای خوا، تەمەنی خۆی لەڕێگەی بەدەستهێنانی سەرەنجامی باشدا سەرف دەکات، تەمەنی خۆی لەمەدا سەرف ناکات، کە تەنها ئەم مەتاعە دونیاییە بەدەست بێنێ، بەڵکو کۆشش دەکات بەوەسیلەی بەندەیی بۆ خوا تا قیامەتی باشتر بکات، هەرچەند لەگەڵ ئەوەدا دنیاشی لەبیرناچێتەوە، هەندێك لەو مەتاعانەش بەدەست دەهێنێ بۆ زیندەگی.



Scanned by CamScanner

دەرنەتیجە خوا ڕێگەی داوە کە لەجلوبەرگدا جگەلەوەی کە زەرورییە جەستەتان داپۆشێ بۆ زینەتیش سودی لێ وەرگرن، ئەڵبەتە نەگاتە سنوری ئیسراف، لەخۆراکدا ئیزافەی خۆراکە ئەصڵییەکان مەسەلەن میوە و شت ببێت بیخوات، لەمەسکەندا جگەلەوەی کە ماڵێك ببێت تیایدا دانیشێت، مەسەلەن دەتوانێ کەمێك ماڵەکەش خۆش بکات و کەچکاری و شتێکی بکات، بەڵام بەشەرتێ ئەویش دووبارە ئیسراف نەبێت.

﴿وَيَخْلُقُ مَا لاَ تَعْلَمُونَ﴾ النحل (٨)

نەومستانی ئینسان بۆ دروستکردن و کەشفکردنی شتە جۆراوجۆرەکان

لەدوای ئەمانەش بۆ وەسیلەی گواستنەوە و ئاسانی هێنان و بردن،و بۆ زینەت هەندێ شتی تر دروست دەکات، کە ئێستا ئێوە نایزانن، ئەمە زیاد لە(١٤٠٠) ساڵ لەمەوبەر دەفەرموێ، ئەوەتا کەشتیەکی بووە باسی کەشتی دەکات، بەڵام دەفەرموێ هەندێ شتی تر دروست دەکات، لەم زەمینەدا ئێوە نایزانن (پاسکیل، عەرەبانە، ماتۆر، سەیارە، فڕۆکە، ...هتد) لەوانەیە چەندەها شتی تریش دروست بکات، بۆیە ئایەتەکە بەئێمە دەڵێت "ئەوشتانە دروست دەکات کە ئێوە نازانن"، ئیجا واتە ئینسان هەرگیز نابێت بوەستێت، نەك وەك دانیشمەندە نەزانەکانی سەدەی (١٨و١٩) لەڕۆژئاوا، وتیان هیچ نهێنی نەماوە کە ئێمە کەشفی بکەین هەموویمان کەشف کردووە، نەخێر.

قورئان هەمیشە دەفەرموێ: ﴿وَيَخْلُقُ مَا لاَ تَعْلَمُونَ﴾ چەند هەنگاو بۆ

هەرچی دروست بکەن، دەفەرموێ هەندێکی تر ماوە، بەڵام ئینسان هەمیشە دەبێت لەکاردابێت، بۆ کەشفی وەسائیل بۆ داهێنانی وەسائیل، کە ئموری زیندەگی باشتر ئاسان بکات.

لەوانەیە سەردەمێك بێتە پێشەوە، بۆنمونە لەجیاتی ئەوەی ئینسان سواری ئۆتۆمبیلێك بێت یان فڕۆکەیەك، دەزگایەك وەك سەعاتێك دوگمەیەك شتێك دروست بکات بەخۆیەوە، ئەو دوگمەیە هەر پەنجەت پێدا نا، یەکسەرە لێرەوە



Scanned by CamScanner

بیبات بۆ (تاران)، یان مەسەلەن لەوانەیە سەردەمێکی وا بێتە پێشەوە، بۆنمونە من دەمەوێت لێرەوە بڕۆم بۆ (تاران)، هاوڕێیەکم لەوێ هەیە، فکرم لەگەڵ ئەودا پەیوەند دەکەم، پەیوەندی ئەفکار پەیدابکەین، لەپڕ هەر ئەو پەیوەندی ئەفکارە بمکێشێت بمبات بۆ ئەوێ باڵ بگرمەوە. بۆیە ئینسان هەمیشە دەڕوات نابێت لەسنورێکدا بوەستێتەوە.

٦ ـ ئایەتی(١٤) دەفەرموێ: ﴿وَهُوَ الَّذِي سَخَّرَ الْبَحْرَ﴾

لەپێشدا ئەم بەشەمان ڕوونکردەوە، کە خوا ئەوکەسەیە کە دەریای موسەخەرکرووە، شەرایتی موساعیدکرووە، بۆئەوەی ئێوە کەشتی ڕانی تێدابکەن، بۆئەوەی پەیوەندیتان لەگەڵ وڵاتەکانی تردا ببێت، بۆئەوەی لەوڵاتی خۆتاندا ئەوشتانە کە زیادەن بیبەن بۆ وڵاتەکان، لەوێ شتێك کە مەوردی نیازە بیهێنن. بەئیزافەی ئەوانەش لێرەدا دەفەرموێ:

٧ ـ ﴿لِتَأْكُلُواْ مِنْهُ لَحْماً طَرِيّاً﴾

حیکمەتی دروستکردن و مسەخەرکردنی دەریا بۆ ئینسان

بۆئەوەی لەو دەریا گۆشتی نەرم و تازە دەربهێنن و بخۆن ـ گۆشتی ماسی ـ ئەمەش دووبارە بۆ ڕەفعی نیازە لەلەحازی خۆراکەوە، جا گۆشتی نەرم و تازەش هەیە، چونکە ئەمەش لەئیختیاریدایە وەك شکاری وشکانی نییە، ئەگەریش بڵێی ئێستا ئاسکەکە ڕاو نەکەم دەردەچێ ئیتر نایگرم، ئەو ماسییە ئەوەتا لەناو دەریاکەدا هەرکاتێ ئارەزووت بوو کەمێ هەویر و قولاپێك دەبەی لەگەڵ خۆتدا و دەیخەیتە ناو دەریاکە و ماسی دەگری، هەمیشە تەڕو تازەیە، ئیجا ئەوە بۆ ئەو دەریایانەی کە ئاویان شیرینە و پەروەردەی ماسی دەکەن موسەخەری کردووە بۆتان بڕۆن ماسیان تێدا دەربهێنن و بیخۆن، ئەوانەش کە ئاویان سوێرە پەروەردەی ماسی ناکەن، بەڵام (دوڕ و مەرجان و عەمبەر و ...هتد) پەروەردە دەکەن.

٨ ـ ﴿وَتَسْتَخْرِجُواْ مِنْهُ حِلْيَةً تَلْبَسُونَهَا﴾

لەناو ئەوانەشدا زیوەر و زینەت ئالات دەربێنن ئەو (دوڕ و مەرجان و صەدەف و عەمبەر و...هتد) کە بیپۆشن و خۆتانی پێ موزەیەن بکەن، بەڵام ئەمانە ئیزافەن لەسەر نیاز، نیازی زەروری کە ئینسان دەتوانێت زەحمەتیش بکێشێت بۆ بەدەستهێنانی زیوەن و زینەت ئالات و ئەم جۆرە شتانە ئیستیفادەیان لێبکات، تا ئەو نیاز بەجمال و زیباییە کە لەدەرونیدایە جوابی موسبەتی پێبدات، ئەو نیازەشی پڕبکاتەوە.

حیکمەتی حەرامکردنی کۆمەڵێك لەزیوەرەکان لەپیاوان

ئەڵبەتە پیاوان دەبێت کەمتر دەستی هەبێت لەسود وەرگرتن لەزیوەرەکاندا، چونکە تەنانەت تەواوی ئاوریشم بەتایبەت لەئیسلام بۆ پیاو حەرام کراون، چونکە زیوەن و زینەت زۆرتر کاردەکات لەحاڵەتی ڕەوانی ئینساندا لایەنی میهرەبانی و نەرمی و شددەتی سۆز و ئیحساسات لەئینساندا پەیدادەبێت، ئەمەش گونجاوە بۆ ژن کە وەزیفەی پەروەرشی منداڵە، لەم زەمینەدا دەبێ سەروەتێکی زۆری ببێت لەئیحساسات و سۆز و نەرمی و ئەوانەدا، بەڵام پیاو دەبێت لەمەیدانی زیندەگیدا بەسەر ببات لەدەرەوەی ماڵەوە کار و کۆش بکات و زەحمەت و ئەزیەت و نارەحەتی تەحەمول بکات، پێویستی زیاتری بەبڕیار و ئیرادەی بەهێزە، کە زینەت و زیوەر لەگەڵ ئەودا پێچەوانەیە، لاوازی دەکات.

دەرنەتیجە کەمتر دەبێت خۆی بدات لەزینەت و زیوەر و ئەو جۆرە شتانە، مەسەلەن ڕێگە دراوە کلکەوانەیەك (ئەلقەیەك) لەزیو بکاتە دەستی، یان لەسنوری عادیدا مەسەلەن لیباسێك ـ ئەویش نەك ئیسراف ـ یان بۆنێکی خۆش و ئەو جۆرە شتانە کە لەسنوورێکی عادیدا بێت سودیان لێوەربگرێت.

٩ ـ ﴿وَتَرَى الْفُلْكَ مَوَاخِرَ فِيهِ﴾

کاتێك بڕۆیتە کەناری دەریا دەبینین کەشتیەکان دەڕۆن بەناو ئەم دەریایەدا، بەیەکجار سنگی کەشتییەکە ئەم ئاوە شەق دەکات و هاڕەیان دێت بەناو ئەم



Scanned by CamScanner

دەریادا، مەنزەرەیەکی عەجیبیان هەیە، کە ئینسان دەخاتە تەعەجوب، چۆن خوا ئەم دەریایە ئاوا موسەخەرکردووە کە ئینسان ئەم کەشتیە گەورە بەناویدا بڕانێت و بتوانێ ئیستیفادە لەنیعمەتەکانی خوا بکات.

١٠ - ﴿وَلِتَبْتَغُواْ مِن فَضْلِهِ﴾

بۆئەوەی ئێوە بۆ نیعمەتە زیادەکانیشی کۆشش بکەن بۆبەدەست هێنانیان، واتە بێجگە لەگۆشت و زیوەر کە لەپێشدا باسکرا، دووبارە کەشتی و دەریا لەئیختیارتاندایە، کە بگەڕێن بەشوێن ئیزافە نیعمەتەکانیدا، مەسەلەن هەمیشە هەندێکتان بین بۆ ئاشکراکردنی نهێنیەکان لەدەریادا کە بەقازانجی ئینسانییەت شتێکی تر پەیدابکەن زیاد لەوشتانەش کە هەیە.

﴿وَلَعَلَّكُمْ تَشْكُرُونَ﴾

مەسئولیەتی ئینسان لەبەرامبەر نیعمەتەکانی خواوە

لەوانەیە ئێوە سوپاسی خوا بکەن، رەنگە ئەم هەموو نیعمەتە لەبەرچاوتانەوە بێت، دەرنەتیجە فکرتان و قسەتان و کردارتان گشتی لەمەسیرێکدا بێت کە خوا دیاریکردووە، واتە لەبەرامبەر ئەم نیعمەتانەوە خوا پێی داون، مەسئولیەتتان هەیە، هەروا وێڵ نەکراون و کەس لێتان نەپرسێتەوە.

## کەیفییەتی بەدەستهێنانی مەتاع و پەیوەندی لەگەڵ نیازدا

﴿وَمَا مِن دَآبَّةٍ فِي الأَرْضِ إِلاَّ عَلَى اللّهِ رِزْقُهَا وَيَعْلَمُ مُسْتَقَرَّهَا وَمُسْتَوْدَعَهَا كُلٌّ فِي كِتَابٍ مُّبِينٍ﴾ هود(٦)

لەم باسەدا لەئایەتی (٦)ی سورەتی (هود)،و ئایەتی (٧٣)ی سورەتی (قصص)دا، باسی پەیوەندی نێوان مەتاع و نیاز دەکەین، واتە کاتێك لەئینساندا پێویستی هەیە لەجیهانی ئافەرینشدا مەتاع هەیە، جا ئینسان دەبێ چی بکات؟ پەیوەندی لەگەڵ ئەم مەتاعانەدا چۆن بێت بۆ دابینکردنی (نیاز)؟

هەموو گیانلەبەران رزق و رۆزییان بۆ دیاریکراوە

دەفەرموێ "هەر گیانلەبەرێك کە دەجوڵێتەوە لەسەر زەویدا، لە(میکرۆبێك) تا (فیل) کە ئیتر گەورەترین گیانلەبەرانە، هیچ کامیان بێ ڕۆزی و بێ بەش نییە لەلای خوا، خوا وای دیاریکردووە، خۆی پەیمانی داوە کە ڕۆزی و بەشی هەرکام لەمانە بدات، واتە لەکۆگا و لەخەزانەی ڕەحمەتی خوا بەشی هەرچی گیانلەبەر لەبچوکترینیان تا گەورەترینیان بوونی هەیە.

جا ئەم ئایەتە یەکێکە لەگەورەترین هاندەرەکان بۆ دورکەوتنەوە لەبەتاڵی و بێ کاری و لابردنی یەئس و نائومێدی، چۆن؟

هاندانی ئینسان بۆ ئیش و دوورکەوتنەوە لەبەتاڵی و نائومێدی

کاتی وا هەیە ئینسان لەبازرگانیەکدا سەرکەوتوو نابێت، یان کشتوکاڵ دەکات و کشتوکاڵەکەی ئافاتێك لێی دەدات، یان بۆنمونە (بنێشت) دەکات و باران دەیشوات، یان هەرشتێکی تر لەمانە یەك دوو سێ جار سەرکەوتوو نابێت، لەبواری کارو کاسپیدا، ئەمجارە یەئس و نائومێدی بۆ پەیدادەبێت، لەناو خۆماندا وا باوە دەڵێن شەنصی نییە.

ئەصڵەن وادیارە خوا بۆ ئەمە ڕزق و ڕۆزی دانەناوە، ئیتر یەئس و نائومێدی لێی ڕوودەدات، واز لەئیش و کار دەهێنێ،و دەڵێ: "وادیارە خوا شتێکی نەکردوە بە نسیبم"، یان بۆنمونە "لەبازرگانیدا شەنسم نییە لەکشتوکاڵدا شەنسم نییە، ئیتر بێکار دەبێت و دەیداتە بەتاڵی، دەست دەکێشێ لەکار و کۆشش، لەبەر ئەم



Scanned by CamScanner

خەیاڵ غەڵەتە کە شەنصی نییە و خوا ڕزق و ڕۆزی بۆ قەرار نەداوە، لەئەنجامدا لەتمەیەکی گەورە لەئابووری ئەو ناوچەیە دەکەوێت، کاتێک هێزی کارا لەکار و کۆشش دەستی کێشا کەنارگیری کرد، دیارە ئیتر حاڵ چۆن دەبێت!

خوا دەفەرموێ: "هەڵیە هیچ کەس وا بیرنەکاتەوە، کە ڕزق و ڕۆزی نییە و بەشی ئەو تەواو بووە"، ئەوەی لەسەر زەویدا بجوڵێتەوە لای ئێمە ڕزق و ڕۆزی هەیە، ئێمە پەیمانمان داوە کە بەشی بدەین، ئیتر هیچ کەس بێ نسیب و بێ بەش نییە، کەس حەقی یەئس و نائومێدی نییە، لەئەنجامدا هیچ کەس نابێ بێکار و بێ کۆشش بێت،و لەچالاکی دەست بکێشێتەوە، لێرەدا مرۆڤ هان دەدرێت بۆئەوەی هێزی کارای بخاتەکار و بۆخۆی و بۆ خەڵکی تر سودمەند بێت.

عیلمی خوا بەشتەکان و بەڵگەی بوونی شتەکان بۆ ئینسان

جا ڕزق هەمووی دەگرێتەوە، هەرچی نەسیبی ئینسانە، (چ خۆراک، چ پۆشاک، چ مەسکەن، چ هاوسەر) یان هەرشتێکی تر گەورە و بچوک، (وَيَعْلَمُ مُسْتَقَرَّهَا) خوا قەرارگاهی هەرچی شتە دەزانێ، واتە دەزانێ هەرشتێك تاوەکو لەحاڵەتی ژیاندایە جێگەی ئارام و قەرار و مەسکەنێکی هەیە، کاتێك خوا زانی هەرشتێك مەسکەنێکی هەیە، کەوابوو حەتمەن هەرشتێ مەسکەنێکی هەیە، لێرەدا بەتایبەتی ئاماژەیەك بۆ مەسکەن کراوە، کە ئینسان دووبارە یەئس و نائومێدی لێ ڕوونەدات، کۆشش بکات، بۆنمونە نەڵێ من شەنسم نییە لەچارەی من نەنوسراوە، کە ماڵێکم ببێ، نەخێر، کۆششی بۆ بکات، چونکە خوا دەفەرموێ دەزانم هەرکەس مەسکەنی لەکوێیە، ئیتر حەتمەن هەیەتی بۆیە خوا دەزانێ.

﴿وَمُسْتَوْدَعَهَا﴾

ئاگاداربوونی خوا بەمژیان و مردنی ئینسان

جێگە دانانەکەشی لەدوای مەرگ هەرخوا دەیزانێ، لە(ودیع)ـە کە ئەویش لە(ودع)ـە، واتە تەرککردن، وازلێهێنان، بەشتێك دەڵێن (ودیعە) کە لەلای کەسێك دایندێت وازی لێبهێنی تا ماوەیەك، کاتێك شتێك دەمرێ لەجێگەیەکدا دادەنرێ دەبێتە (وەدیعە) ـ ئەمانەت ـ تاکاتێك زیندوو دەکرێتەوە لەقیامەتدا.

جا دەفەرمویٚ جێگە دانانەکەشی لەدوای مەرگ هەر خوا دەیزانیٚ، واتە ژیان و مردنی ئینسان خوا ئاگادارە پێی و لەهەردوو حاڵەتەکەدا هەمیشە چاودێری دەکات، لەئەنجامدا کاتێك ئینسان دەژی دەبێت هەست بەبەرپرسیارێتی بکات، کە خوا چاوی لێیەتی و پێی دەزانیٚ، کاتێکیش دەمریٚ لەبەرچاوی خوا ون نابێت، لەدوایدا خوا زیندووی دەکاتەوە و لێپرسینەوەی لەگەڵدا دەکات، کەوابوو با خۆی ئامادەبکات بۆ ئاوا ڕۆژێك.

﴿كُلٌّ فِي كِتَابٍ مُّبِينٍ﴾

هەموو بەسەرهاتی گیانلەبەران تۆمارکراوە و نوسراوە

هەرچی شتە لەمانەی کە باسکرا، هەرچی گیانلەبەرە وەکو (مرۆڤ) وان، تەواوی ئەحواڵیان لەژیان و مەرگدا هەمووی نوسراوە لەناو کتێبێکی ڕۆشنگەرا، کتێبێك کە هەرچی شتە ڕۆشنکراوەتەوە تیایدا لە(لوح المحفوظ)دا ئامادەکراوە، هەر فریشتەیەك دەڕوات هەندێك لەو یاسایانە کۆپی دەکات و دەیهێنێت،و لەسەرشانیەتی ئەوکارانەی کە پێیەتی ئەنجام بدات.

لەئایەتی یەکەمدا باسی ئەوەبوو، کە دەبێت ئینسان لەکۆشش و کەسب و کار دەست هەڵنەگرێت.

**ئەمجارە ئایەتی (٧٣)ی سورەتی (القصص)، بزانین چ کاتیٚ ئینسان دەبێت کاربکات و چ کاتیٚ پشوو بدات؟ چونکە هەمیشە ناتوانیٚ کاربکات و هەمیشە پشوو بدات، نابێت لەکار دەست هەڵگرێت، کاتی ئیش و کاتی پشوودان خوا خۆی دیاریکردووە.**

**﴿وَمِن رَّحْمَتِهِ جَعَلَ لَكُمُ اللَّيْلَ وَالنَّهَارَ لِتَسْكُنُوا فِيهِ وَلِتَبْتَغُوا مِن فَضْلِهِ وَلَعَلَّكُمْ تَشْكُرُونَ﴾ القصص (٧٣)**

شەو و ڕۆژ و نیعمەتی خوا

یەکێك لەمیهرەبانی و نیعمەتەکانی خوا ئەوەیە کە شەو و ڕۆژی بۆ ئێوە دروست کردووە،و کاتی کردووە بەدوو بەشەوە، ئەگەر کات هەمووی شەو بوایە، وا دابنێین هەمووی شەو بوایە و ژیانیش بەردەوام بوایە، بۆیە دەڵێم وای دابنێین،

چونکە کاتێ شەو بێت ئیتر ژیان ناگونجێت، چونکە گیانلەبەر پێویستی بەوزە و گەرمایەکە کە لەخۆر وەریدەگرێت، بەڵام ئەگەر وای دابنێین ژیان بەردەوام بوایە، بەڵام کات هەمووی شەو بوایە، دووبارە لەبواری ژیان و ئابووریدا ئینسان توشی گیروگرفت دەهات، بۆ؟ چونکە شەو هەوا و هەلومەرجی گونجاوە لەگەڵ ئارامش و مانەوەدا، هەروەها لەگەڵ دەست هەلگرتن لەجموجوڵ و حەرەکەتدا، لەئەنجامدا ئەو جۆرە کە لەڕۆژدا ئینسان دەتوانێ کاریکات لەشەودا نەیدەتوانی کاربکات، لەهێزی ئینسان کەمتر سود وەردەگیرا، یان ئەگەر هەمووی رۆژ بوایە، گریمان ژیان دەگوزەرا، بۆیە دەڵێم گریمان، چونکە ئەگەر هەمووی ڕۆژ بولیە تەواو سەر زەوی لەگەرمادا دەتوایەوە، بەڵام ئەگەر گریمان ژیان بەردەوام بوایە،و بەڵام هەمووی ڕۆژ بوایە، دووبارە ئینسان نەیدەتوانی بەو شێوەی کە شیاویەتی ژیانی بەرێتەسەر، وزەیەکی وەهای نەبوو بۆ بەکاربردنی لەبواری ئابووریدا، چۆن؟

چونکە (ڕۆژ) نور و گەرمای خۆری تێدایە، گیانلەبەران و گژوگیا و دارودرەخت کاتێ ئەو نور و گەرمای خۆرە لێیان دەدات، دەیانخاتە جوڵە و وەك بزوێنەرێك چۆن شتێك دەخاتە جوڵە، ئەم نور و گەرمای خۆرە بونەوەران و گیانلەبەران و گژوگیا دەخاتە جوڵە، هەروەها دژی ئارامشە، واتە (ڕۆژ) گونجاونییە بۆ پشوودان و ئاسایش وەك ئەوەی کە شەو گونجاوە، تەنانەت ئینسان دەتوانێ تاقیبکاتەوە. رۆژ و سەرچاوەی ژیان

بۆنمونە شەوێك نەخەوێت، لەڕۆژدا (٧ تا ٨) سەعات لەبری شەو بخەوێت جێگەی شەو ناگرێتەوە، چونکە خەوتنی ڕۆژەکە لەهەمان ئەوحاڵە کە خەوتووی ئەو هەلومەرجانەی لەڕۆژدا هەیە نور و گەرما هەمیشە وەکو بوخاتە جوڵە، دەست و پێوە بدات، لەخەوەکە داتدەچڵەکێنێ و ئاوا نایەڵێ ئیسراحەت بکەی، بۆیە ڕۆژ گونجاو نییە لەگەڵ ئاسایشدا، لەئەنجامدا ئینسان ئەو ئاسایشە کە دەبێ بیکات ناتوانێ بیکات، ئەگەر کات هەمووی ڕۆژ بوایە، لەبەرئەوەی ئینسان نەیدەتوانی



Scanned by CamScanner

باش پشوبدات و شەکەتی دەرچێ لەماوەیەکی کەمدا هێزی کارای ئینسان لەناو دەچوو، ئیتر لەدوایدا نەیدەتوانی کار و کۆشش بکات.

دابەشکردنی کات و سۆز و میهرەبانی خوا بۆ ئینسان

کەوابوو خوا سۆز و ڕەحمەتی هەیە بەرامبەر بەمرۆڤ، کە کاتی بۆ دابەشکردوە، شەو بۆ پشودان کە ئینسان وزەی پێ پردەکاتەوە، ئەو خۆراك و شتە کە خواردویەتی هەزمی بکات و بیگۆڕێت بەوزە بۆ ڕۆژی ئایندە، و شەکەتی دەرچێ، ڕۆژیش بۆ کارو هەوڵ. ئەوەتا کە دەفەرموێ:

﴿جَعَلَ لَكُمُ اللَّيْلَ وَالنَّهَارَ﴾

ئیشکردن لەڕۆژدا و بەدەستهێنانی ئابووریەکی سالم

شەو و ڕۆژیشی دروست کردوە بۆتان (لِتَسْكُنُوا فِيهِ) تا لەشەودا ئارام بگرن، (وَلِتَبْتَغُوا مِن فَضْلِهِ) لەڕۆژدا هەوڵبدەن و بگەڕێن بەشوێن زیادە نیعمەت و باشەکانی خوا، کەوابوو ئابوریەکی سالم و دروست کاتێك دەبێت، کە کاتی ئیش ڕۆژ بێت نەك شەو.

بەجیاوازی هەندێ شت، بۆ نمونە، پاسەوانی وەك هەندێ ئیش کە لەشەویشدا پێویستە بکرێت، ئەمانە جیاوازن کە ئەویش دەبێت شێوازێك ڕێکبکرێت پاسەوانێك، بۆ نمونە دوو شەو یا چەند شەو لەسەریەك پاسەوانی نەکات، کە زەرەری هەیە بۆ دەرونی و مێشکی وردەکات، دەبێت بەشێوەیەك ڕێکبخرێت ئیشکردن لەشەودا زۆر نەبێت، کە لەتەمەی پێبکەوێت، بەڵام جگە لەوحاڵەتە ئیستیسنائییانەدا ئیش دەبێ لەڕۆژدا بکرێت نەك لەشەودا، ئەگەر لەشوێنێکدا کار لەشەودا کرا نیشانەی خەلەلە لەیاسای ئابووری ئەو ناوچەیە، چۆن؟

نەبوونی یاسای دادپەروەرانە و تێکچوونی کاتی ئیش و کار

چونکە کارکردن لەڕۆژدا گونجاوە، پشوش هی شەوە، لەوانەیە بڵێن دەی بەش ناکات ئینسان تەنها لەڕۆژدا ئیش بکات زیادە ئیشیش پێویستە بۆ ژیان، کارکردن تەنها (٨)سەعات بەس نییە لەڕۆژدا، بەڵکو ئەگەر یاسایەکی دادپەروەرانە دادوەرێك هەبێت لەکۆمەڵگەدا دوو یان سێ سەعات بەسە هەرکەس لەڕۆژێکدا ئیش بکات، ئەوە ئێستا بۆیە کافی نییە زیادەکاریشی دەوێت شەوکاریشی دەوێت،

چونکە یاسایەکی زاڵمانە داڕێژراوە، ئەوانەی کە زەحمەت دەکێشن دەسترەنجەکەیان هەندێکی تر دەیخۆن، هەندێکی تر دەسترەنجەکەی هەڵدەگرن بۆ خۆیان، لەئەمەریکا گەنم و کەلوپەل لەبری ئەوە بیدەنە کرێکاران و زەحمەت کێشان دەیرێژنە دەریا بۆئەوەی گران ببێت و کاڵاکەیان باش قیمەت بکات.

ئیتر ئەمە ئیشی ڕۆژ خۆی تەنها بەشی ژیان ناکات، نەك لەبەرئەوەی کە ئیش بەش ناکات لەڕۆژدا، لەبەرئەوەیە کە یاسای زاڵمانە داڕێژراوە، دەسترەنجەکە نابووت دەکات، ئەگینا ئەگەر دادپەروەرانە ئیش بکرێت. لەسەردەمی ئیسلامدا هاوەڵان (خوایان لێرازی بێت) ڕۆژێ یەك دوو سەعاتێ ئیشیان دەکرد، ژیانیان دابین دەبوو، لەدواتردا دەهاتن بۆ بەدەستهێنانی زانست و زانیاری و جیهادو ئەمر بەچاکە و ڕێگری لەخراپە و ئەو جۆرە شتانە.

ئێستاش من دڵنیام ئەگەر لەدنیای ئەمڕۆدا بەرنامەی ئیش و تەولید و مەصرەف و ئەمانە بەدروستی ڕێکبخرێت وای لێدێت کەتەنها لەڕۆژێکدا نەفەرێك پێویستە تەنها (سێ یان چوار) سەعات ئەوەندە ئیش بکات، ئەگەر هەموو هێزە کاراکان بکەونە کار و هەموو بواری بۆ ئیش ڕەخسابێت، لەدوایش ئەنجامی ئیش و هەوڵیان بگاتەوە دەستی خۆیان کە ناچار نەبن زیادە ئیش و شەو کار و زەحمەت و نارەحەتی زیاتر تەحەمول بکەن، چونکە خوا وای بۆ ئینسان دلنەناوە کە هەموو تەمەنی خۆی لەبەر بەدەستهێنانی نان و مەسکەن و پۆشاك و ئەمانەدا بگوزەرێنێ، نەخێر، حەیفە مرۆڤ هەموو تەمەنی لەوانەدا سەرف بکات، پێویستە کاتێکی زۆرکەم لەوانە سەرف بکات، بەقیەی لەکاروباری ڕۆحی و مەعنەوی و ڕەوشتی مرۆڤایەتیدا بگوزەرێنێ.

تەمەن تەنها بۆ بەدەستهێنانی مەتاعە ماددیەکان نەدراوە

﴿وَلَعَلَّكُمْ تَشْكُرُونَ﴾

لەوانەیە ئێوە سوپاسی خوا بکەن، ئەم هەموو نیعمەتە خوا دلویەتی پێتان، لەبەرانبەر ئەوە هەست بەبەرپرسیارێتی بکەن، لەبەرچاوتان بێت ئەم هەموو



Scanned by CamScanner

نیعمەتانە، بیرتان و قسەتان و کردارتان لەخەتی خواوە سەیربکات، وەکو بەرنامەی خوا ئیش بکەن:

ابرو بادو مە و خورشید و فلك در کارند

تا تو نانی بەکف آری و بەغفلت نخوری[1]

ئیستا:

ابرو باد و مە و خورشید و فلك درکارند

تا نان بەکف ئێوەرندو بەغفلەت بخورند[2]

---

[1] - هەور و با و مانگ و خۆر و فەلەك لەکاردان

تاوەکو تۆ رزق و رۆزیەك بەدەست بهێنی و بەغەفلەت نەیخۆی

نێستا

[2] - هەور و با و مانگ و خۆر و فەلەك لەکاردان

تا رزق و رۆزی بەدەست بهێنن و بەغەفلەت بیخۆن

## ئابوری (ژێرخانە) یاخود نـا؟

بەهەڵەگەشتن لەئابووری و کردنی بەژێرخان

ئێستا دێینە سەر بابەتێك کە زۆر بەربڵاوە، بابەتی ڕۆژە کە ئەم چوار ئایەتە باسی ئەوە دەكات، بەڵێ ئیستا ئێمە لەوانەیە لەڕووی تەقلیدەوە بڵێین ئابووری ژێرخان نییە، بەڵام کاتێ بڵێین ئادەی ئایەتێك لەقورئان بێنە ناتوانن، ئەمەش نابێ، دەبێت ئێمە قسەیەك دەكەین بەڵگەیەکمان هەبێت، ئەمە فەلسەفەی ژیانە، دەبێت بەڵگەی لەقورئان بێ، ئەوانەی کە راڤەی مادی ئابووری دەكەن بۆ مێژوو، سەرنج بدەن خێڵی مارکس دەڵێن:"هەرچی جوڵە و کار و هەوڵ و جەنگ و ئاشتی و ئاوەدانی و وێرانیو ...هتد ئەمانە لەمێژوودا بووە هەمووی لەسەر بابەتی سك تێرکردنە، هەمووی ئەوەیە کە دەیانەوێت سکیان تێربکەن و پۆشاکیان بکەنە بەریان و پاڵتاوێ بکەنە سەر جل و بەرگیان و ماڵێکیان ببێ تیایدا دانیشن هەرچی شتە لەبەرئەوەیە، واتە مرۆڤ بەندەی سکە (البطن نعبُدُ) نـەك (إِيَّاكَ نَعْبُدُ)، لەئەنجامدا تەنانەت ئەم کۆمۆنیستانە، مارکسیستانە دەڵێن "ئەصڵەن دین شتێکە دروستکراوی دەستی بەشەرە"، خوا و قورئان و دین و ئەمانە چۆن پەیدابووە؟

چۆنیەتی سەرهەڵدانی دین لەلایەن غەیر موسڵمانانەوە

دەڵێ بۆ نمونە "ئاغایەك کە زەوی بووە ئەرباب بووە، بۆئەوەی ژێردەستەکانی باش ئیشی بۆ بکەن، هەستاوە شتێکی دروستکروە، وتویەتی خولیەك هەیە و قیامەتێك و قورئان و ئەمانە بۆئەوەی بلێ ئەگەر تۆ خیانەت بکەی من نەبوم لەوێ بڕۆیتە سەر خەرمانەکە دوو مەن لەگەنمەکە بدزی، خوا ئاگادارە لەقیامەتدا حەقت لێدەسێنێتەوە، ئا بۆئەو شتانە دروستیان کردوە، ئەگینا دەڵێن درۆیە هیچ شتێك نییە.

ئینقلابی ئیسلامی لەبواری ئابووری و بەدەستهێنانی خۆشبەختی لەلایەن هەندێ لەموسڵمانانەوە!

ئیجا لەئایەتی (٢٨)ی (التوبە) بەشێوەیەکی باش وەڵامی ئەوانە دەداتەوە، بەڵام هەندێ دەستەش لەناو موسڵمانان پەیدابوون بەناوی ئیسلامەوە - بەدبەختی ئەوەیە - هەر ئەو قسانە دەکەن، ئەڵبەتە بەم دەستەواژەیە نالێن، کە (ئابووری ژێرخانە)، بەڵام دەڵێن ئێمە دەمانەوێت ئینقیلابێکی ئیسلامی بکەین، بۆئەوەی



Scanned by CamScanner

بارودۆخی خەڵکی دروست بێت لەپێشدا دەبێت بارودۆخمان لەبواری ئابووریدا دروست بکەین، ئەوکاتە هەمووی دروست دەبێت، ئیتر فەرهەنگ و نیزامی کۆمەڵایەتی و سیاسیی و ... هتد، ئەمانە هەمووی دروست دەبێت، هەر وەزعی ئابووری دروست بوو ئەوانی تر دروست دەبێت.

جا بزانین قورئان ئاوا شتێك قبوڵ دەكات یان قبوڵی ناكات.

﴿وَلَوْ أَنَّ أَهْلَ الْقُرَى آمَنُواْ وَاتَّقَواْ لَفَتَحْنَا عَلَيْهِم بَرَكَاتٍ مِّنَ السَّمَاءِ وَالأَرْضِ﴾ الأعراف (٩٦)

پابەندبوون بەبەرنامەی خوا و بەدەستهێنانی خۆشبەختی

قورئان وا نافەرموێ، قورئان بەپێچەوانەی ئەمەیە، قورئان دەفەرموێ ئیمان و كرداری چاك و ناسینی بەرنامەی خوا و پابەندبوون بەبەرنامەی خوا و ئیشكردن لەخەتی بەرنامەی خوا بنچینەی خۆش بەختیە، نەك دروست بوونی یاسای ئابووری خۆی بەتەنها، دەفەرموێ ئەگەر ئەهلی وڵاتەكان ئەهلی ئاواییەكان بەرنامەی خوایان بناسیایە و پابەندی بونایە و پارێزگارییان لێ بكردایە، ئێمە دەرگای خێر و بەرەكەتەكانی خۆمان لەئاسمان و زەویدا بۆیان دەكردەوە، لەئاسماندا دەرگامان دەكردەوە باران دەباری، لەزەویدا گیا و درەخت و گیانداران و تەنانەت رۆڵە و زیاتر لەوانەش سەرچاوە كانزاییەكان و ئەم جۆرە شتانەمان هەموو بۆ دەكردنەوە، كە سودیان لێ ببینن، بكەونە خۆش بەختی لەبواری ئابوورییەوە بارودۆخیان باش ببێت.

ئیمان و تەقوا و سەرچاوەی چاكبوونی ئابووری

واتە ئەگەر ئیمان ببێت و تەقوا ببێت ئابووریش باش دەبێت، نەك ئەگەر ئابووری باش ببێت ئیمانیش باش دەبێت و فەرهەنگ دروست دەبێت، ئیجا ئەوە دوو جۆرە كە دەفەرموێ، ئەگەر ئیمان و تەقوا بوو دروستتان دەكەین، چاكتان بۆ دەكەین، بەشێكی لەئیختیاری ئینساندا نییە.

بۆنمونە باران بارین لەئیختیاری ئینساندا نییە، ئەڵبەتە ئەمڕۆ نییە لەئیختییاری ئینساندا لەدواتردا شتێ ترتان بۆ دەڵێم، ئینسان بەشێكە لەم



Scanned by CamScanner

حیکمەتی موسەخەر نەکردنی هەموو شتەکان بۆ ئینسان

یەکرپزیە لەم جیهانی دروستکراوە، ئەم هەور و باران و گەرمای خۆر و ئەمانە، ئەمانە شعور و هەستیان هەیە، وەك ئەوەی بڵێن: (ئینسان) لەخەتی ئێما تۆش بەرەو لای خوا دێیت، یان چاو دەریەت قەترەیە باران نابارێت، ئیتر مان دەگرن خۆر و مانگ و هەوا و هەور و ئەمانە هەموو ماندەگرن، دەڵێن تۆ نییت لەخەتی ئێمەدا بەرە و لای خوا نایەیت ئێمەش ماندەگرین، ئەڵبەتە ماوەیەك دەیدەن و ماوەیەك باران و شت دەبارێ تاماوەیەك کە خەڵکی بەباشی لەخۆبایی بێن و بخەڵەتێن، جا ئەوکاتە ئیتر گرانی و بەدبەختی و ئەمانە پەیدادەبێ ئەوە بەشێکی، چونکە ئەم جیهانی ئافەرینشە وتم وەحدەتێکە هاوکاری لەگەڵ یەکتردا دەکەن، هەر بەشێکی لەخەت لابدات، ئەوانی تر تەمبێی دەکەن، ئەمە یەکێك لەئیختیاری ئینساندا نییە.

یەکێکی تر دووبارە بۆ باران بارین ئەگەر خەڵکی ئیمان و تەقوایان ببێت، هێزی کارا لەرێگەی سەعادەتی ئینساندا سەرف ببێت، بهێڵن زانست لەخزمەتی خۆشبەختی مرۆڤایەتیدا بڕوات:

وەك قانع دەڵێت:

زانست تو سەر خۆت هەرگیز پیر مەبە
لابە خزمەتکار شا و وەزیر مەبە

باش بەکارهێنانی زانست و ئاوەدانکردنەوەی زەوی

ئەگەر زانست نەکەنە خزمەتکاری شا و وەزیر، لەخزمەتی چاکسازی ببێت و لەوێرانکردنی مەملەکەتەکاندا سەرفی نەکەن، زۆر زوو دەگەینە سەردەمێك کە کاتێکیش باران نەباری لەشوێنێك یان ویستیان سەحرا و بیابانەکان بکەنە ئاوەدانی چی بکەن، دەزگایەکی گەورە و وزەبەخش دەهێنن و لای دەریاکە دای دەنێن ئاوەکە دەبێت بەهەڵم هەوایەکی دروستکراو خۆش دەکەن و بەپانکەی گەورە دەیباتە سەر و لەوێشەوە هەروا بەئامێرێکی تر لابەلا دەیبەن بۆ ئەو سەحرایە بۆ ئەو جێگە کە نابارێ لەوێشەوە پلەی هەواکە دادەبەزێنن هەواکە

خاكیشی نییە
سارد دەبێتەوە ئەوش دەبێتە باران و دەڕژێتە خوار، ئەگەر خاكیشی نییە
خاكیشی بۆ دەبەن خاك ڕێژی دەكەن و دنیا ئاوەدان دەبێت.

ئینسان جێنشینی خوایە، خوا فەرمویەتی هەرچی من دەیكەم ئەگەر تۆ زەحمەت بكێشی لەنوێنەری منەوە دەبێ ئەمانە بكەی، تۆ بەنوێنەری منەوە ئەم زەویە ئاوەدان بكەیتەوە، بەڵام ئەوكاتە ئینسانەكە ئەم كارە دەكات خودی ئینسان هەست و زانستەكەی ئەو ئامێرە كە بەدەستیەوەیەتی ئەو كارانەی كە دەیكات هەمووی دروستكراوی دەستی خوایە، ئینسان تەنها ئامێرێك بووە وەك ئەو پاچ و خاكەنازەی بەدەستی كەسێكەوە كاری پێ دەكات، كاتێ من بەپاچێ بەبێڵێ كاردەكەم، خاكێ دەكێڵم خۆ پاچەكە نییە منم ئەگەریش ئینسان كاری كرد، خۆی نییە خوایە ئەم كارە دەكات.

لەزەویدا ئیتر گیا و درەخت سەوز دەبن (مەعادن و مەنابیع) خەڵك دەیانپەرژێتەوە بەسەریدا، دەڕۆن هەڵیان دەكەنن ئاوەدانی دەكەنەوە هەمووی دەكەوێتە خۆش بەختی.

﴿وَلَـكِن كَذَّبُواْ﴾

بەدرۆخستنەوەی دینی خوا و هۆكارێك بۆ تۆڵە و سزا

بەڵام خەڵك بەرنامەی خوایان بەدرۆخستەوە، پشتیان لەبەرنامەی خوا هەڵكرد، وتیان قانونێكی تر، دەڵێن: كەی ئابووری ئیسلام قابیلی جێبەجێ كردنە، پیادە نابێت ئەمە خەیاڵییە قابیلی ئیجرا نییە. وەك ڕەهبەرێكی كورد ئەها وتی ئابووری سۆسیالیستی بۆ ئێران دەرد دەخوات و ئابووری ئیسلامی بۆئەم زەمانە دەرد ناخوات لەم جۆرە قسانە.

(وَلَـكِن كَذَّبُواْ) بەڵام خەڵك ئیمان و تەقوایان نەبوو تەكزیبیان كرد، وتیان درۆیە ئەم بەرنامە بۆ ئەمڕۆ قابیلی ئیجرانییە ڕێك ناكەوێت، یان نەخێر تەكزیبیان جۆرێكی تر كرد بەم جۆرە سەریح نەیانوت، كە بەرنامە قابیلی ئیجرانییە، وتیان

ئێمە موسڵمانین و هەموو شتێکمان قبوڵە، بەڵام تەنها بەقسە، بەڵام لەدوایدا لەکرداردا، کەچی نەخێر پەیڕەوی هەرچی شتە دەیکەن غەیری ئیسلام.

لەئەنجامدا، ﴿فَأَخَذْنَاهُم بِمَا كَانُواْ يَكْسِبُونَ﴾

ئێمەش ئینتیقاممان لێ سەندن و گرتمانن، چونکە کەسب و کارێکی خراپیان کرد و قانونی خوایان بەجێ هێشت، ڕۆشتن بەشوێن شتێکی ترەوە، قانون و بەرنامەیەکی تریان بەخێر و بەباشزانی، ئێمەش ئاوامان پێکردن.

ئیمان و تەقوا و بەدەستهێنانی خۆشبەختی

ئیزافەش بۆ مەتلەبی پێشتر، کە وتم ئەگەر ئیمان و تەقوا ببێت خێر و بەرەکەت لەخوار و لەسەرەوە دێت، کاتێ ئیمان و تەقوا ببێت خەڵك نەزارەتێکی دەقیق و شەدیدیان لەسەر بارودۆخی کۆمەڵگە هەیە، ئەوانەی دەیانەوێت زوڵم بکەن ناتوانن زوڵم بکەن. نەهیچ سیستەمێکی سەرمایەداری دەوڵەتێك دەتوانێ زوڵم بکات و نەتاك و نەهیچ سیستمێکی تر، لەئەنجامدا نەیانتوانی زوڵم بکەن، بەرهەمی دەسترەنجی خەڵك بەڕێکی سوودی لێ وەردەگیرێت و هەمووی دەکەوێتە خۆش بەختی وەك ئەم زەمانە نییە.

ئایەتی (٢٨)ی (التوبه):

﴿يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُواْ إِنَّمَا الْمُشْرِكُونَ نَجَسٌ فَلاَ يَقْرَبُواْ الْمَسْجِدَ الْحَرَامَ بَعْدَ عَامِهِمْ هَـذَا﴾

پیسی موشریکین و دوورکەوتنەوە لێیان وەك بڕیارێك

ئەی ئەوانەی بەرنامەی خواتان ناسی، پابەندی بوون،و بڕیارتاندا کە کاری پێ بکەن، یەکێك لەدەستورە پڕ مەشەقەتەکان بۆ ئێوە ئەوەیە، کە بزانن موشرکین پەنیدن، پیسن، کەوابوو لەم ساڵ بەولاوە حەقیان نییە نزیکی (مسجد الحرام) بکەونەوە (مسجد الحرام) جێگەیەکە ئیبراهیم (علیه السلام) بینای ناوە، جێگەیەکە خوا دەستوری داوە بەئیبراهیم، کە لەبتپەرستی و عەلاقە بەغەیری خواوە پاکی بکەرەوە، موشرکیش دەروونی عەلاقەی غەیری خوای تێدایە، دەروونی پیسە، پیسە نەك یانی دەستی پێوەتەقێنی لەنوێژ دەچی، بەڵام دەروونی پیسە، عەقیدەی ئالودەیە، ئومێد بەغەیری خوا لەدڵیدایە، ترس



Scanned by CamScanner

لەغەیری خوا لەدڵیدایە، ئیحساسی مەسئولیەت بەمقابیل غەیری خولوە دەکات، غەیری خوا بەپەناهگا و فریادڕەسی خۆی دەزانێ.

کەوابوو نەجیسە، پیسە، نەیەڵن نزیکی ئەو جێگە پاکە بکەوێتەوە، تا ئێستا ئێوە دەسەڵاتتان نەبووە، ئێستا دەسەڵاتتان هەیە نەیەڵن.

ئەم ئایەتە لەساڵی (نۆیەم)ی هجریدا ساڵێك دوای (فەتحی مەککە) نازڵ بوو، کە موسڵمانان بەسەرپەرشتی (ئەبوبکری صدیق) - خوای لێڕازی بێت - ڕۆشتن بۆ حەج، لەدواییدا سورەتی (براوە) سورەتی (التوبە) نازڵ بوو، حەزرەت علیه السلام (علی) نارد بەشوێنیدا فەرموی برۆ بەنوێنەری منەوە بیخوێنەوە، یەکێك لەدەستورەکانی ئەوە بوو - ئاخر تا ئەو ساڵە موشرکینیش حەجیان دەکرد، خەڵکی وا دەزانێ موشریك واتە کەسێك بڵێ خوا نییە، دەهاتن حەجیان دەکرد، (لَبیك لَبیك)یان دەوت، حاجی ئێستا ئەصڵەن نازانێ بیڵێت - فەرمووی ئیمساڵیش قەیناکا، تازە هاتوون ڕێگەیان پێ بدە، بەڵام ساڵێکی تر موشرکین حەقیان نییە بێن نزیکی (بیت الحرام - مسجد الحرام) بکەونەوە، ئەمە حەرامە، واتە حەق نییە کەسێك کە موەحید نەبێت پێی بکەوێتە ئەم جێگە.

جا لێرەدا مەسەلەیەکی ئابووری دێتە پێشەوە، موسڵمانان بیریان کردەوە، چۆن دەتوانن ئەم دەستورە پیادە بکەین، ئەمە لەبواری ئابوورییەوە لەتمەی هەیە بۆ ئێمە، چۆن؟

قەدەغەکردنی حەج لەموشریکین نابێتە هۆی زەرەر و زیان لەئابووری ئیسلامی!

چونکە کاتێك خەڵك دەڕۆن بۆ حەج، سود و قازانجی بۆ خەڵکی مەککە هەیە بۆ موسڵمانان دەبێ، ئەڵێن گریمان ئەمساڵ حەج قەدەغە بکرێت و کەس نەڕوات، چەنێك کاڵا لەمەککەدا ئامادەکراوە بۆ فرۆشتن هەمووی زایە دەبێت، چەنێك خۆراك چەنێ پۆشاك چەنێ شت ئامادەبووە، هەمووی بێ ئەرزش دەڕوات و لەناودەچێت، کەوابوو ئەگەر خەڵکی نەیەن بۆ حەج، لەتمەی هەیە بۆ ئەوان،

دەرئەنجامە لێرەدا مەسەلەی ئابووری مەترەح بوو، کە چۆن نەیەڵین بێن، ئەگەر نەیەڵین لەتمەی هەیە بۆ ئابووریمان؟

بەڵام خوا لێرەدا دەفەرموێ نەخێر، (زێرخان) ئابووری نییە، با لەتمەشی بێ، ناچارن دەستور پیادە بکەن ئەگەر موئمینن.

وتمان مارکسیستەکان دەڵێن هەرچی (بزوتنەوە و جومبش و کار و کۆش)و شت لەمێژوودا بووە هەمووی لەسەر مەسەلەی ئابوورییە، پایەکەی ئابوورییە، بەڵام ئێمە دەڵێین ئەگەر تۆ چاوت نەیبینیوە ئاغای مارکس، ئێمە یەک مەقتەع زەمانمان بینیوە، کە لەو مەقتەعەدا هەندێ شت ئەنجام بوو لەبەر ئابووریش نەبوو، زیربناش ـ ژێرخان ـ ئابووریش نەبوو، بۆ؟

دانەمانی ئابووری بەژێرخان و قەدەغەکردنی حەج لەموشریکین

لێرەدا تەماشا دەکەین دەستورێك دەدرێت بەموسڵمانان و ئەوانیش پیادەیان کرد، مێژوو دەڵێ پیادەیان کرد، کە پێچەوانەی مەصڵەحەتی ئابووری بوو، دەیخستنە فەقیری، بەڵام بەگیان و دڵ قبوڵیان کرد، کەوابوو ئەم تەحەروکەیان ئەم جومبوشەیان ئەم قەدەغەکردنەی موشرکین لەنزیك بوونی کەعبە، زیربنای ئابووری نەبوو.

ئابووری موقتەزی بوو بۆ پێچەوانەی ئەمە، بۆئەوەی موشرکین بێن، مەجموعەن ئەصڵەن ئینقیلابی ئیسلامی ژێرخانی ئابووری نەبوو، چونکە ڕەهبەرەکەی لەدواتردا کاتێك تەواوی سەروەتەکان کەوتە دەستی، دوو ڕۆژ جارێك نانی دەخوارد، بەردی دەبەست بەسکیەوە و نانی نەدەخوارد، کەوابوو ئابووری ژێرخان نەبوو، چونکە ڕەهبەرەکەی کاتێ ماڵی بۆ خۆی دروستکرد، بەخشتێکی قوڕین دروستی کرد، خۆی کاری دەکرد، خۆی خشتەکانی هەڵدەگرت دەیبرد دەیدا بەدەست وەستاوە، چونکە موجاهیدە ئەوەڵەکانی (موهاجیرین و ئەنصار) شتیان بۆخۆیان نەبوو، بۆ خەڵکی تریان بوو، خوا دەفەرموێ ئەنصار خۆیان نیازیان بەشت بوو، بەڵام دەیاندا بەبراکانیان، خۆیان قبوڵیان نەدەکرد.



Scanned by CamScanner

بۆیە ئابووری ژێرخان نەبوو، چونکە (عمر) کاتێك گەورەترین فەرمانڕەوابوو لەڕووی زەوی، لەدەوری خیلافەتی خۆیدا لەڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا، تەنانەت ڕۆشت (سەند و پنجاب تا هیند و تا نزیکی ئەسینا و تا قەفقان) لەژێر دەستیدابوو، لەساڵی گرانیدا سوێندی خوارد تاخەڵك نەکەونە هەرزانی نەڕۆن دەخۆم و نەگۆشت، لەدەستیشیدابوو دەیتوانی بیخوات، ئەوەندە نان و زەیتونی خوارد، تا ڕەش بووەوە. کەوابوو ژێرخان ئابووری نییە، ئێمە لەمێژوودا تەماشا دەکەین واقیعەیەکی گەورە و گەورەترین واقیعە ڕوویدا کە ژێربنا ئابووری نەبووە.

خەلافەتی عمر و دانەنانی ئابووری وەك ژێرخان

لێرەدا ئاغای مارکس ئیتر شەلە، ناتوانێ سەرنج بدات، ناتوانێ سەرنجی ئەم واقیعە گەورە بدات، کە چۆن دەتوانێ بیبەستێتەوە بەئابوورییەوە، چۆن دەتوانێ تەوجیه بکات، کە کەسێك بەناوی (محمد) (علیه السلام) لە ٢٥ساڵیدا (خەدیجە) - یەکێك لەسەرمایەدارانی عەرەب - تەواوی سەروەتی خۆی خستە ئیختیاری، بەڵام تەواوی سەروەتەکەی لەڕێگەی ئامانجی خۆیدا سەرف کرد، بۆئەوەی لەکۆتاییەوە بەرد ببەستێت بەسکییەوە! دووو ڕۆژ جارێ نان نەخوات! بۆئەوەی لەکۆتاییەوە ئاوای پێ بێت کە (عایشە)ی ژنی بڵێ: "کاتی وا بووە یەك مانگ لەماڵی ئێمەدا - لەماڵی ژنەکانی پێغەمبەردا - ئاگر نەکراوەتەوە چێشتێك لێبنێین، یان ئاومان خواردوە یان خورما"، چۆن دەتوانێ تەوجیهی بکات کە ژێرخان ئابوورییە.

ژیانی پێغەمبەر و حکومەتی مارکس لەدانانی ئابووری بەژێرخان

﴿وَإِنْ خِفْتُمْ عَيْلَةً فَسَوْفَ يُغْنِيكُمُ اللَّهُ مِن فَضْلِهِ إِن شَاءَ﴾ التوبة (٢٨)

ئەگەر ترستان بوو لەفەقیری و هەژاری، بڵێن دەی نەیەڵن موشریکەکان بێن، قەتعی عەلاقەیان لەگەڵدا بکەن، بڵێن ئەگەربێت و پەیوەندیمان لەگەڵ ئەوان بپچڕێنین، ئیتر تووشی هەژاری دەبین! نەخێر. مەترسن ئێوە جارێ دەبێ دەستورەکە پیادە بکەن، جا ئەگەر خوا ویستی بوو لەدواییدا دەوڵەمەنتان دەکات، بێنیازتان دەکات، ئەگەر ویستی بێت، قەولی کولیتان پێ نادات، چونکە ئەگەر قەولتان پێ بدات حەتمەن بێنیازتان دەکات، دووبارە ژێرخان دەبێتە

پشت بەستن بەخوا و دانەنانی ئابووری وەك ژێرخان



Scanned by CamScanner

ئابووری، بۆیە لەم پەیوەندیە دەست دەکێشن، چونکە لەو پەیوەندیەکەی تردا ئابووری نییە.

دەفەرموێ، ئەگەر ویستی لەسەر بوو لەلایەکی ترەوە بێنیازتان دەکات، ویستیشی نەبوو هیچ، بەڵام ئێوە ناچارن دەبێ دەستور قبوڵ بکەن، دەبێ پەیوەندی بوەستێنن لەگەڵیاندا، لەدواییدا ئەگەر ویستی بوو بێنیازتان دەکات، مەسەلەن ویستەکە بەم جۆرەیە، ئەگەر ئێوە کار و کۆششتان کرد ئەگەر زەمینە موساعیدبوو، ئەگەر مەسەلەن باران باری ئەگەر فڵان ئەگەر فڵان، ساڵێك هەیە ساڵێك نییە، بۆ فەردێ هەیە بۆ فەردێ نییە ئەمانە، بەڵام قەولی کولی بۆ هەمووی لەسەدا سەد نادات.

﴿إِنَّ اللَّهَ عَلِيمٌ حَكِيمٌ﴾

بەڕاستی خوا زۆر زۆر زانایە، باش دەزانێ بەرنامە دابنێ و باش دەزانێ ئینسان بەڕێگەی خۆشبەختی هەتاهەتایدا ڕێنموونی بکات، هەروەها موحکەم کارە، کاتێك کارێك دەکات لەسەر بنچینەی موحکەم دایدەمەزرێنێ.

ئایەتی (١١٢) سورەتی (النحل) وتمان دەڵێن ئەگەر ئابووری درووست بوو هەموو شتێ دروست دەبێت، بەڵام ﴿وَضَرَبَ اللَّهُ مَثَلاً﴾ خوا نموونەیەکی هێناوەتەوە، نمونە واتە قسەیەك دەیکەی مانایەك دەگەیەنێ، ماناکە هاوشێوەی مانایەکی ترە، مەسەلەن دەڵێ لەکوردەواری خۆماندا (دیوار بەتۆمە پاسار گوێبگرە) مانایەکی هەیە، خۆی کە موشابهی مانایەکی ترە، مەسەلەن (شەمسی بەتۆمە ئەسمەر گوێبگرە) ئاوایە، ئەوە نمونەی ئەوەیە خوا نموونەیەکی هێناوەتەوە چییە؟

﴿قَرْيَةً كَانَتْ آمِنَةً مُطْمَئِنَّةً﴾

قانوونی خوا و سەرچاوەیەك بۆ ئارامی و خۆشبەختی

وڵاتێك، ئاوەدانیەك، کە بێترس و ئارام و پڕ ئاسایش و خۆشی بوو، جارێ لەبواری سیاسی بێ هیچ ترس و خۆفێك نەبوو لەوپەڕی ئارامش و ئاسایشدا بوو،



Scanned by CamScanner

خەڵکی کەسێك زوڵمی لێ نەکردن، کەس نەبوو کەس بخاتە ترس و ناڕەحەتی، ئەمە دێیەکی گریمانەییە وڵاتێکی گریمانەییە.

﴿يَأْتِيهَا رِزْقُهَا رَغَداً مِّن كُلِّ مَكَانٍ﴾

لەبواری ئابووریشەوە ڕزق و ڕۆزییان زۆر و بەفراوان و پاك و خۆش، بێ تەجاوەز و حقوقی خەڵك لەهەموو شوێنێکەوە بۆیان دەهات، ئیتر کاتێك لەهەموو شوێنێکەوە ڕزق فراوان بێت پاك و خۆش بێ، دیارە هەموو کەس لەخۆش بەختیدایە، واتە وڵاتێك کە هەم لەبواری سیاسی و هەم لەبواری ئابوورییەوە و هەم لەبواری کۆمەڵایەتییەوە کە پەیوەندی کۆمەڵایەتی زاڵمانە نەبووە، بۆیە خەڵك لەیەکتر ناترسن و هەموو لەخۆشیدایە و ئامینە و موتمەئینە، هەم لەبواری ئەخلاقیەوە تا ئەندازەیەك خەڵکی خۆش بوون لەوپەڕی خۆشی و سەلامەتی و سەعادەتدان.

جا لێرەدا بەپێی ئەم قسانە کە ئەمڕۆ هەندێك لەم گروپە ئیسلامیانە دەیکەن هەقی بوو کە ئیتر بەقیەش دروست بێت و فەرهەنگیش دروست بێت و ئیمان و ئەخلاق و هەمووی تەواو ببێ.

کاتێك ئابووری درووست بوو، ئەوانی تریش دروست بوو، بەڵام بزانین خوا چی دەفەرموێ لەدوای ئەم هەموو زەمینە موساعیدە.



Scanned by CamScanner

## پشتکردن لەبەرنامەی خوا سەرهەڵدانی جوع و خوف

﴿فَكَفَرَتْ بِأَنْعُمِ اللَّهِ فَأَذَاقَهَا اللَّهُ لِبَاسَ الْجُوعِ وَالْخَوْفِ﴾

هەست نەکردن بەبەرپرسیاریەتی و تێکچوونی سیستەمی ئابووری

کوفریان کرد بەنیعمەتەکانی خوا، واتە لەبەرچاویان کەوت، کە ئەمانە نیعمەتی خوان، دایان پۆشین، یانی چی؟ نەك واتە نیعمەتەکانیان فڕێدا، لەبەرچاویان کەوت، واتە هەستی بەرپرسیاریەتیان لەدەستدا، لەبیریان چوو لەبەرامبەری ئەم نیعمەتانەوە لەبەرامبەر خوا بەرپرسن، دەبێت لەخەتی قانونی خواوە حەرەکەت بکەن، ئەوەیان لەبیرچوو. لەبیریان چوو کە ئەمان لەنیعمەتی خوا دەخۆن، ئەوەتان لەوڵاتی خوا و دەبێ فەرمانبوردار و بەندەی خوا بن، دەرنەتیجە کاتێك پشتیان هەڵکرد لەبەرنامەی خوا چییان پێهات؟ پێش لەهەموو شتێ خودی سیستەمە ئابووریەکەیان تێکچوو.

﴿فَأَذَاقَهَا اللَّهُ لِبَاسَ الْجُوعِ﴾

پشت کردن لەبەرنامەی خوا و سەرهەڵدانی (الجوع)

لەپێشدا (الْجُوعِ) دەفەرموێ لەپێشدا لەبواری ئابووریەوە باروبۆخیان تێکچوو، لەجیاتی ئەوەی بەرەو کەماڵ بڕۆشتایە، لەجیاتی ئەوەی باشتر بوایە خراپتر بوو، ئەگەر قەرارە تەکامول کۆمەڵایەتی ببێت بەم مەفهومە کە ئەمڕۆ باوە دەبوایە ئیتر لەدوای ئەم حاڵەتە باشە بۆ چاکتر بڕۆشتایە.

بەڵام بەیەکجار، چونکە نافەرمانی و سەرپێچی لەفەرمانی خوا هەیە، ئەنجام پێچەوانەیە، خودی ئابووریەکە تێکدەچێت، نیزامی خەڵکی دەکەونە برسێتی، دەکەونە هەژاری ئیختیلال وەزع دەبێت، چونکە کاتێ خەڵکی شوێنکەوتەی فەرمانی خوا نییە ئەوکاتە زوڵم و زۆر و شت پەیدادەبێت، کۆمەڵێك دەستڕەنجی ئەوانی تر دەخۆن، خەڵك دەکەونە برسێتی، نیزامی دادپەروەرانەی ئابووری لەناو دەچێت.

﴿وَالْخَوْفِ﴾ خوا پۆششی ترسیشی پێ چەشاندن،

ئەمجارە ترسیش حاکم بوو لەناویاندا، خوا پۆششی ترسیشی پێ چەشاندن، واتە لەبواری پەیوەندی کۆمەڵایەتیشەوە ئیختیلال پەیدابوو، خەڵکی دەستیان کردە زوڵم و زۆرکردن لەیەکتر، ئەزیەتی یەکترکردن، هەروەها لەبواری سیاسیشەوە، لەم بوارەشەوە خەڵکی کەوتنە ترس و خۆف و ناڕەحەتی.

پشت کردن لەبەرنامەی خوا و سەرهەڵدانی الخوف

خەیرییەت دەبێت دروست بوون لەسیستمی ئابووریدا ئەوانی تری دروست بکردایە، بەڵام چونکە کوفر بوو، چونکە تەوەجوە بەم بەرنامەی خوا نەبوو، ئەوەیە بەقیەش تێکچوو. ﴿بِمَا كَانُواْ يَصْنَعُونَ﴾ بەهۆی ئەوشتانەی کە ئەنجامیان دەدا، ئەو سنعەتانە ئەو ساختانە کە دەیانکردن.

ئایەتی (٣٧)ی سورەتی (السبأ):

﴿وَمَا أَمْوَالُكُمْ وَلَا أَوْلَادُكُم بِالَّتِي تُقَرِّبُكُمْ عِندَنَا زُلْفَى﴾

دووبارە ئەم مەسئەلە دەڵێن ئەگەر ئابووری دروست بوو، بەقیەش دروست دەبێ، ئینسان لەمەسیری تەکامولدا دەڕوات، خوا دەفەرموێ، نەخێر، نەماڵ و سەروەتەکەتان و نەمنداڵەکانتان، واتە نەدروست بوونتان لەبواری ئابوورییەوە بەهۆی ماڵ و دارایی کە ماڵ و دارایی زۆر لەئیختیارتاندا بێ و کوڕ و منداڵتان بوو، کە نیروی فەعال لەئیختیارتاندا بێ، کار و کۆشش بکەن، پشتیوانیتان بکەن، ئەمانە هیچ کام ئەوە نین کە ئێوە نزیك بکەنەوە لەخوا و مەنزیلەتتان پێ بدەن لای خوا، یانی چی؟

واتە ئەگەر ئێوە لەبواری ئابوورییەوە حاڵتان باش بوو، ئەمە لەمەسیری تەکامولدا ناتانباتە پێشەوە، خودی تەنها ئەوەی دارایتان ببێ، ماڵتان ببێ منداڵتان ببێ، نیروی فەعالتان لەئیختیاردا ببێ، ئەمە نزیکتان ناکاتەوە لەخوا، لەمەسیری کەماڵدا ناتانباتە پێشەوە، مەنزیلەتتان لای خوا پێ نادات، فەرهەنگتان دروست نابێ، دوای ئەمە عەقیدە و ئیمانتان دروست نابێ، نەخێر.

نزیکبوونەوە لەخوا پەیوەندی بەئابوورییەوە نییە



Scanned by CamScanner

﴿إِلَّا مَنْ آمَنَ وَعَمِلَ صَالِحاً﴾

مەگەر ئەم ماڵ و منداڵە بۆکەسێك فایدەی ببێت،و بەرەو خوا ببیات کە ناسینی دروست بەبەرنامەی خوا و پابەندبوون بەو ناسینە کرداری شایستەی دەوێت، واتە ئابووری نییە کە ئینسان بەرەو کەماڵ ببات، ئیمان و عەمەلی صالحە، کە مەبنایە و ژێرخانە ئینسان بەرەو کەماڵ دەبات.

﴿فَأُوْلَئِكَ لَهُمْ جَزَاء الضِّعْفِ بِمَا عَمِلُوا﴾

ئیمان و عەمەلی صالح و بەدەستهێنانی خۆشبەختی دنیا و قیامەت

ئەوانەی کە دارای ئیمان و عەمەلی صالحن، پاداشتی دوو بەرامبەریان هەیە لەبەرامبەر ئەو کردەوانەوە کە کردویانە، لەبەرامبەر ئیمان و عەمەلی صالحیانەوە، سەرفرازی خۆشبەختی دنیا و قیامەتیان هەیە.

﴿وَهُمْ فِي الْغُرُفَاتِ آمِنُونَ﴾

ئەوان لەناو باڵەخانەکەیاندا بێ ترس و خەوف بەئارامی لەئاسایشدا دادەنیشن بۆ خۆیان، **ئیجا ئەمە دوو واتای هەیە:**

**یەك:** لەدنیادا بارودۆخی ئابووری و سیاسی و کۆمەڵایەتییان ئەوەندە خۆش دەبێ، کە ئیتر ئینسان لەژێرخاندا دانانیشێ، دەڕواتە باڵەخانە، بەئاسایش و ئارامیەوە بۆخۆی دادەنیشێ، هەموو کەس مەسکەنی باشی هەیە.

**دوو:** ئامینیشە ناترسێ لەپڕ شەو مەئموری دەوڵەت بێت و بیبات دەریبکێشێ، یان مەسەلەن بارودۆخی کۆمەڵایەتی تێك نەچووە، کە ئەم بێ ئەو دەرکێشێ لەماڵ، ئەو بێ ئەو ئازار بدات و ...هتد،و ئەمانە، یان یەکێ بترسێ، ئەوی تر دەڕوات سەروەتەکەی دەدزێت ماڵەکەی تاڵان دەکات و فڵان دەکات.

هەموو لەئاسایش و ئارامشدایە، لەبواری کۆمەڵایەتییەوە لەبواری ئابوورییەوە لەبواری سیاسیەوە هەموو باشن، هەروەها یەکێکیش لەقیامەتدا. هەروەها ئەمانە کە ئیمان و عەمەلی صالحیان هەیە، بەئیزافەی دنیا لەقیامەتیشدا ئەوەتان لەباڵەخانەکانی بەهەشتدا و بۆخۆیان بێترس لەئارامش و ئاسایشدا زیندەگی دەکەن.



Scanned by CamScanner

## ئەوانەی شەهادەت دەدەن بۆ وەحدانیەتی خوا

﴿شَهِدَ اللَّهُ أَنَّهُ لاَ إِلَـهَ إِلاَّ هُوَ﴾ ال عمران(١٨)

شهید — شَهِدَ: لەوشەی شهود و (شهادت)ە، کە ئەصلەکەی، واتە حازربوون و سەیرکردن، ئیجا یان بەهەستی دیار سەیربکرێت، ئینسان بەچاو ببینێ، یان بەهەستی دەروونی بەئیحساس و بەویژدان ئەوشتە ببینێت و دەرکی بکات، ئەوە واتای شایەتیدانە. لەدوای ئەوان واتایەکی تری پەیداکردووە کە گەواهی دانە.

شایەتیدان — شایەتیدان: واتە ئینسان پێشتر لەلای شتێکدا ئامادە ببێت، سەیری بکات، زانیارییەکی تەواوی پێ پەیدابکات، جا ئەمجارە لەجێگەیەکی تردا دانی پێدا بنێت بۆئەو زانیارییەی. کەوابوو ئەگەر زانیارییەکی تەواوی لەڕووی بینینی و ئامادەبونەوە نەبوو، لەدواییادا قسەی کرد، نابێتە شەهادەت.

جا خوا شەهادەتی داوە بەتەوحید، خوا خۆی گەواهی داوە بەوەی کە جگە ئەو ـ خوا ـ فەرمانڕەوایەك لەجیهانی دروستکراودا نییە، فریادڕەسێك نییە.

**خوا چۆن شایەتی داوە؟**

خوا شایەتی یەکەمە — ـ خوا ـ دوو جۆر شایەتی داوە، جۆرێکیان قەولی (واتایی)، جۆرێکیان عەمەلی (کرداری)، جاریٚ واتاییەکە کە سادەترە بیلێم بەدرێژایی مێژووی ڕیسالەت جارجار لەلای خوا کتێبی ئاسمانی هاتوون، هەموویان باسی یەکتاپەرستی و بەلگەهێنانەوە لەسەر بابەتی یەکتاپەرستیان تێدابووە، واتە خوا بەو وتەی خۆیە کە لەناو ئەو کتێبانەدا هەیە، شایەتی لەسەر تەوحید داوە، بەڵام شایەتیە عەمەلییەکەی موهیمترە و هەمیشەییە.

ئەو شیعرە مەشهورەی (سەعدی)ە خۆشە کە دەڵێ:

برگ درختان سبز در نظر هوشیار
هر ورقش دفتری است معرفت کردگار



Scanned by CamScanner

واتە (هەر گەڵایەك سەیردەکەی ڕێکی و پێکی ئەو گەڵا شایەتی دەدات، لەسەرئەوەی کە ڕێکخەر و دادوەرێك لەجیهانی دروستکراودا جگە خوا بوونی نییە، فەرمانڕەوا و فریادڕەسێك جگە لەو بوونی نییە).

قانوون و یاسای شتەکان و سەلماندنی فەرمانڕەوایی خوا

هەر گەردیلەیەك لەگەردیلەکان لەم جیهانی دروستکراوەدا کە ئینسان سەرنجی بدات، نەخشەیەکی مونەزەم و قانون و بەرنامەیەکی دیاریکراوی هەیە بۆ خۆی، کە ئەوە ئیسپاتی ئەم بابەتە دەکات، کە جگە خوا فەرمانڕەوایی کەسێکی تر شایەنی قبوڵ نییە، کاتێك ئەتۆمێك لەبەرنامەی دیاریکراوی خۆی لانادات، لەمەوە ئینسان دەگات بەئەنجام و دەڵێت: منێك خۆم بەخاوەنی هەست و زانیاری دادەنێم، چۆن لەبەرنامەی خوا لابدەم، چۆن لەفەرمانی خوا سەرپێچی بکەم، لەحاڵێکدا ئەو (ئەتۆمە) بێ شعورە لەفەرمانی خوا لانادات، کاتێك ئینسان سەیردەکات تەواوی جیهانی دروستکراو پەیڕەوی قانون و بەرنامەی خوایە، لەمەوە دەگاتە ئەوەی ئینسانیش دەبێت پەیڕەوی بەرنامەی خوا بێت،و خۆی جیانەکاتەوە.

داواکاری و دەعوەتی پێغەمبەران لەئینسان

دەعوەتی پێغەمبەرانیش (علیه السلام) هەمووی بۆئەوە بووە، ئینسان خۆی جیانەکاتەوە، هەرچی شتە پەیڕەوی قانونی خوایە، تەنانەت ئینسان لەبواری (ژیان و مەرگ و ڕشت و نمو کاری دەزگاکانی هەرسکردنەوە و پاڵفتەی خوێن و دڵ و... هتد)و ئەمانە، لەوانە هەمووی پەیڕەوی بێ چوون و چرای نیزامی خوایە، کەوابوو کاتێك تەواوی جیهانی دروستکراو پەیڕەوی بەرنامەی خوایە، ئینسانیش لەلایەنی غەیرە ئیختیاری خۆیدا پەیڕەوی قانونی خوایە، تەنها لایەنی ئیختیاری دەمێنێتەوە، واتە ژیانی ئیختیاری کە دەعوەتی تەوحیدی بۆ ئەمەیە، لەو لایەنەی ئیختیاریەشدا ئینسان پەیڕەوی قانونی خوا بێت و خۆی جیانەکاتەوە.

خوا خۆی شایەتی داوە بەتەوحید، واتە لەلایەك عەمەلەکەی کە جیهانی دروستکراوە، لەلایەکی تر کەلامەکەی کە لەکتێبە ئاسمانیەکاندا هاتووە، هەمووی ڕوونکردنەوەی ئەم بابەتەیە کە جگە ئەو فەرمانڕەوا و فریادڕەسێك قبوڵ نییە.



Scanned by CamScanner

- ﴿وَالْمَلاَئِكَةُ﴾

فریشتەکان و جێبەجێکردنی قانوونی خوا

فریشتەکانیش ئەو شایەتییەیان داوە، بەشێکی ئەوانیش هەر لەکتێبە ئاسمانیەکاندا خوا خۆی ڕۆشنی کردووەتەوە بۆ ئێمە، کە لەفەرمانی ئەو بچوکترین سەرپێچی ناکەن و ئەو فەرمانبورداریەیان نیشانەی ئەوەیە جگە لەخوا فەرمانڕەوایەکی تر و فریادڕەسێکی تر نییە، بەشێکیش لەعەمەلێك کە هەندێ ئەفرادی فریشتە ئەنجامیان داوە و ئێمە پێمان زانیوە.

بۆنمونە هاتوچۆی (جبرەئیل) بۆ هێنانی وەحی لەخواوە، یان نوسینی کرداری چاك و خراپی ئینسان لەلایەن فریشتەوە، ئەمانە خۆی ئەوە نیشان دەدات، کە فریشتە هەرگیز سەرپێچی لەفەرمانی خوا ناکەن و تەنها ئەو - خوا - بەفەرمانڕەواو فریادڕەسی خۆیان دەزانن.

- ﴿أُوْلُواْ الْعِلْمِ﴾

زانایان و شایەتیدان بۆ تەوحید و فەرمانڕەوایی خوا

زانایانیش، ئەو ئینسانانە یان ئەو جنۆکانە کە ئەهلی زانستن و شت دەزانن، ئەوانیش هەر ئەم شایەتییەیان داوە، واتە هەرکەسێك زانابێ شایەتی داوە بەتەوحید، هەرکەسێ شایەتی نەدات بەتەوحید زانا نییە، ئەگەرچی لەعلومی تەجریبی و بیرکاری و زانستەکانی تردا گەورەترین پلەی ببێت، لەفەرهەنگی ئیسلامیدا زانا بەکەسێك نالێن کە دوور لەبەرنامەی خوا مەسائیلی علومی تەجریبی و بیرکاری و شتی تر بزانێ، ئەگەر هەزاران کتێب لەبارەی ئەوانەوە بنوسێت، بەڵام شەهادەت بەتەوحید نەدات جاهیلە لەفەرهەنگی ئیسلام ئەگەر شایەتی بەتەوحید بدات لەڕووی زانینەوە تەوحیدی قبولکرد، دەرکی بەرنامەی خوای کرد، ئەوە دانیشمەندە هەرچەند مەسئەلەیەك لەعلومی تەبیعی و تەجریبی نەزانێ.

﴿قَائِماً بِالْقِسْطِ﴾

قسط

ئەم شەهادەتە کە خوا و مەلائیکە و زانایان دەیدەن لەکاتێکدا دەیدەن کە موتەوەجیهن بۆ ئەم بابەتە، تەنها ڕەچاوکەر و پارێزەری (قِسْط) خوایە، لەبەرئەوەی تەنها پارێزەری (قِسْط) ئەوە، کەوابوو دەبێت فەرمانڕەوا و فریادڕەسیش تەنها ئەو بێت. جا باش سەرنج بدەن بۆ مانای (قِسْط)، چونکە ئەمڕۆ ئەم وشەیە زۆر لەسەر زمانە و سودی چاك و خراپی زۆری لێ دەکرێت، وتم ئەصڵی مانای زمانەوانی (قِسْط) واتە (بەشی ڕێك).

## ئەو قۆناغانەی کە قِسْط دەوری تیایاندا هەیە

### ـ قۆناغی ئیجاد و خەلق:

دروستکردنی دروستکراوەکان بە قِسْط بووە

خوا پارێزەری (قِسْط)ە، مانای چییە؟ واتە هەر بونەوەرێك لەجیهانی خیلقەتدا (چ بێ گیان، چ گاز، چ شلەمەنی، چ گیا، چ گیانلەبەر، چ ئینسان،و چ فریشتە،و جنۆکە)، هەر بونەوەرێك لەبونەوەران چەنێك گەردیلە و بەش، چەنێك صفات و تایبەتمەندی دەوێت، چەنێك بەشی ڕێکە بۆ ئەو، کاتێك خوا دروستی کردووە ئەوانەی پێداوە. قیام بە(قِسْط) ئەوەیە، کە خوا کاتێك ئیجادی ئەم بونەوەرانەی کردووە، هەرکام چەنێك بەشی بووە لەئەجزا و لەصفات و تایبەتمەندی ڕێك پێی داوە بێ کەم و زیاد.

بۆنمونە، یەکێك لەم حەشەراتە وردانە وادابنێین کە لەیەك ملیۆن ئەتۆم دروست دەبێت، یەك ملیۆن کەمتر نایکاتە ئەو حەشەرە، یەك ملیۆن زیاتریش نایکاتە ئەوە، تەنها دەبێت ڕێك (یەك ملیۆن) بیکاتە ئەو حەشەرە، دەی خواش کاتێك ویستویەتی ئەمە دروست بکات، ڕێك یەك ملیۆن (ئەتۆمی) پێداوە بەشی ڕێکی خۆی نەزیاتر نەکەمتر.



Scanned by CamScanner

قاز و نموونەیەك بۆ سەلماندنی قسط

نمونەیەکی سادەتر بهێنمەوە (قاز)، خوا کاتێك ئیرادەی کردووە کە (قاز) لەناو ئاودا بژی، ئەوەشی لەنەزەرابوو کە هەندێك ئەجزای پێویستە، دەبێت پێی بدات، بەشی رێکی خۆی پێ بدات، مەسەلەن لەبەرئەوەی لەناو ئاودا دەبێت بژی، نابێ بچەقێتە ناو ئاو، کەوابوو دەبێت نێوانی هەمووسەکانی پێی پەردەی ببێت تا نەنیشێ، چونکە لەناو ئاودایە نابێت تەڕ ببێت سەرمای ببێت، ئیتر لەسەر پشتییەوە غودەیەکی دروست کردووە کە هەمیشە چەوری دەردەدات و ئەو قازە دەیدات لەخۆی بۆئەوەی چەوربێت و تەڕ نەبێت، لەبەرئەوەی خۆراکی لەناو ئاودا بەدەست دەهێنێت، ئەگەر دەم بکاتەوە خۆراکەکە بڕواتە ناو دەمی ئاویش لەگەڵیدا دەڕوات، جا ئەگەر دەمی داخست بۆ ئەوە خۆراکەکە بخوات ئاوەکەش دەڕواتە خوار و دەیخنکێنێت، کەوابوو دەنوکەکەی جۆرێك دروست کردووە، کاتێك دەم دادەخات تەواو کەپس نابێت دانەکانی دەنیشنە سەر یەك، نایەڵێ تەواو دەمی کەپس ببێت، لەکەناری دانەکانیدا ئاوەکە دەڕژێتە دەر، تەنها خۆراکەکە دەمێنێتەوە بیخوات بۆ ئەوە نەخنکێ و خۆراك بخوات.

دەی ئەمە لێرەدا ئەم قازە خوا کاتێك دروستی کردووە ڕەچاوی (قِسْط)ی بۆ کردووە، واتە ڕێك بەشی خۆی پێداوە، چەنێك پێداویستی هەیە بۆ ژیانی چەنێك بەش و تایبەتمەندی دەوێت پێی داوە.

ئەوە یەکێك لەقۆناغی ئیجاد و خلقەتدا مەفهومی (قِسْط) دەبێتە ئەمە، ئەوەیان دەزانن، کە جگە خوا کەس ناتوانێ بیکات، چونکە کەسی تر ناتوانێ ئیجاد بکات، قیام بە(قِسْط) بەم مانایە مەخصوصی ئەوە.

نیزامی قسط و ئیدارەی ئمور

**ـ قۆناغی ئیدارەی ئمور:**

دوای ئەوەی کە شتەکانی دروست کردووە، قۆناغی ئیدارەی ئمورییان دێتە پێشەوە، وەك سەیارەیەك لەکارگەیەك دروست دەکرێت، لەدواتردا شۆفێری دێتە

پێشەوە، کاتێك خوا بونەوەرانی دروستکردن بۆ ئیدارەی ئموری ئەمانە، دیارە یاسا و بەرنامەیەك پێویستە، هەروەك چۆن کە ڕزق و ڕۆزییان پێویستە لەم قۆناغەشدا هەر بونەوەرێك چەنێك شتی دەوێت بۆ ئیدارەی ئموری، بۆئەوەی بەقای ببێت تا زەمانێك، بەشی ڕێکی خۆی پێداوە.

مەسەلەن ئینسانێك کە (٨٠) ساڵ تەمەن دەکات، لەیەکەمین ساتی دروستبوونیەوە تاکۆتایی ژیانی چەنێك هەوا و ئاو و خۆراك و پۆشاك و مەسکەن و تەواوی شتەکانی تری پێویستە، خوا لەئەنباری ڕەحمەتی خۆیدا ئەوەندەی بۆ داناوە، بەشی ڕێکی خۆی پێداوە، هەروەها بونەوەرەکانی تریش، لەلەحازی نیزام و قانونەوە هەر بونەوەرێك پێویستە قانونێکی ببێ، تا بەپێی ئەو قانونە سەیربکات، بۆئەمەش خوا هەر بونەوەرێك چ بەرنامەیەك و چ قانونێك تەناسوبی هەیە لەگەڵیدا، بەشی ڕێکی خۆی لەو بەرنامە و قانونە پێدلوە.

مەسەلەن (ڕەقەکان و شلەکان و گازەکان) قەوانینێکی فیزیاییان دەوێت، کە حکومەت بکات بەسەریاندا بێ کەم و زیاد ئەو قەوانینەی بۆ دیاری کردوون، گیا و درەختان یاسایەکی زیاتریان دەوێت کە کۆنترۆڵی ڕشت و نمو و ژیان و مەرگیان بکات، ئەو قەوانینەی پێداوە، گیانداران جگە ئینسان زیادە لەگیاکان قەوانینی کۆنترۆڵکردنیان دەوێت بۆ ئەحواڵ و تایبەتمەندیان لەکاتی ئیحساس و حەرەکەتدا، لەکاتی دەرککردن بەعەمەلکردندا، ڕێك ئەوقانون و بەرنامەیەی پێ دلون.

لەسەرووی هەموویانەوە، ئینسان کە ئیمتیازی لە(دوو) شتدایە، سەرنج بدەن ئیمتیازی ئینسان لەبوونەوەرەکانی تر لەدوو شتدایە: ئیمتیازی ئینسان لەبوونەوەرانی تر

**یەکەم ـ فکر:**

فکر واتە دوای ئەوە کە بەحەواس و زاهیر و بەویژدان و خەیاڵ و ئەوجۆرە شتانە، هەندێك مەعلومات وەردەگرێت، نیروی زیهنی تەجزیە و لێکدانەوەی ئەوانە دەکات، نەتیجەیان لێ دەگرێ، فکر ئەو نیرویە.

دووەم ـ ئازادی عەمەل: کاتێك ئینسان بەفکر ئازادی عەمەلیش کە لەدوای فکرەکەوە پەیدادەبێت، کە لەو ڕێگەیەدا هەنگا و ڕێگەیەکی دۆزییەوە، جا ئازادی عەمەلیشی پێویستە بۆنەوەی ئینسان فکر هەلگرێ و سەیریکات. جا قانون و بەرنامەیەك کە پێویستە ئەوەندەی بەبێ کەم و بکات و ئازادانە عەمەل بکات، خوا ڕێك چەنێکی پێویستە زیاد بەئینسان داوە.

مەسەلەن لەبواری ئابوورییەوە کە باسەکەی ئێمەیە، ئەوەی پێویستە بۆ ئیدارەی ژیانی ئینسان، لەبواری ئابوورییەوە، قەوانینێکی گشتییە کە لەقورئان و سونەتدا نازڵ بووە و بەشی ڕێکی ئینسانە لەبواری سیستمی ئابوورییەوە، کە ئیتر خۆی دەتوانێت لەو کوللیاتە هەر زەمانێك جوزئیاتێك ئیستینبات و ئیستیخراج بکات، وەك چۆن لەمەعدەنی ئاسن بۆ هەر زەمان مەسنوعاتێك و ئالات و ئەسپابێك دەردەهێنرێت، ئەوەیە کە خوا قیام بە(قِسْط)ە.

تەنها خوایە دەتوانێت نیزامی قسط پیادە بکات

**واتە هەم لەقۆناغی ئیجاد و خەلقدا و هەم لەقۆناغی ئیدارەی ئەوری کائیناتدا هەرچییەك چەنێکی پێویستە و چەنێك بەشی دەوێت ڕێك بەشی خۆی پێ داوە،** ئەم کارە تەنها خوا دەتوانێت بیکات، چونکە ئەو دەزانێت هەرشتێ چەنێك بەشی دەوێت، هیچ کەسی تر نازانێ، مەسەلەن ئینسان ناتوانێ دەرکی ئەوە بکات، کە لەبواری ئابوورییەوە چەنێك بەشی دەوێت قەوانین و موقەڕەراتی کولی، تاخۆی ئیقدام بکات لەسەر دانانی قەوانین، چونکە ئینسان هێشتا نهێنی سەرپەنجەیەکی خۆی دەرك نەکردووە، هێشتا ئینسان نهێنی نیتۆکێکی دەرك نەکردووە، تابتوانێ بەرنامەیەك مەسەلەن بۆ ئابووری کۆمەلگەیەك لەئینسان دابنێت.

کەوابوو قیام بە(قِسْط) بەمانای بەش پێدان، واتە ئیجادکردن و ئیدارەی ئەمود مەخصوصی خوایە، هەر لەبەرئەوەیە مەلائیکە و (أُوْلُواْ الْعِلْمِ) شەهادەت دەدەن کە بێجگە ئەو ـ خوا ـ فەرمانڕەوا و فریادڕەس نییە، چونکە دەزانن کەسێکی تر



Scanned by CamScanner

بۆ فەرمانڕەوایی و فریادڕەسی نییە، چونکە هیچ کەسی تر ناتوانێت بە(قِسْط) هەستێت.

﴿لا إِلَـهَ إِلاَّ هُوَ﴾

بەڵێ بەڕاستی جگە ئەو فەرمانڕەوا و فریادڕەسێک نییە.

﴿الْعَزِيزُ الْحَكِيمُ﴾

لادان لەقانوونی خوا و تووشبوون بەتۆڵە و سزا

بەتوانا و نیرومەندە، هەرکەسێك لەقانونی ئەو لابدات وردوهانی دەکات و تۆڵەی لێ دەسێنێ، لەدونیادا توشی دەردی سەری و موشکیلاتی دەکات،و لەقیامەتدا توشی سزای ئەبەدی.

حەکیمە، تەنها دەتوانێ بەقانون و بەرنامەی خۆی ئینسان لەفەساد بپارێزێ و نەیەڵێت فاسد ببێ، تەنها ئەوە کە قانون لەسەر ئەساسی موحکەم دادەنێت.

لێرەدا پێش لەتەفسیری ئایەتی دوایی کەمێك ڕوونکردنەوە دەدەم، دواتر پێناسەی ئابووری لەئیسلامدا دەکەم.

زانیمان کە قیام بە(قِسْط) بۆ خوا، واتە بەدیهێنانی جیهانی خلقەت بەشێوەی تەواو، ئیدارەی ئموری جیهانی خلقەت بەشێوەی شایستە، ئەمە هەستان بە(قِسْط)بوو.

ئینسان و قانوونی خوا

یەکێك لەبەشەکانی جیهانی ئافەرینش ئینسانە،و نەزەر بەئینسان قیام بە(قِسْط) دەبێتە خەلقی ئینسان بەشێوەیەکی دیاریکراو و ئیدارەی ئموری ژیانی ئینسان بەشێوەیەکی شایستە، بەجۆرێك کە هەرچی بەشی خۆیە پێی بدرێت، کە زانیشمان گرنگترین بەشی ئینسان کە پێویستی پێی هەیە لەزەمینەی فکر و ئازادی عەمەلدایە، بەگشتی ئیسلام واتە دینی ئیسلام، واتە بەرنامە و قانونێك کە نەسیبی عادیلانەی ئینسان هەم لەبواری قەوانینی فیزیایی و هەم زیستی و هەم ئینسانیەوە کە عیبارەتە لەوەی کە پەیوەستە بەفکر و ئازادی عەمەل، پێی بدرێت.



Scanned by CamScanner

جا بواری ئابووری ئیسلام بەشێکە لەو بەرنامەیە کە نەک تەنها لەبەرنامەی گشتی دینی ئیسلام بەش بەش ناکرێت، بەڵکو لەبەرنامەی گشتی جیهانی دروستکراویش بەش بەش ناکرێت، ئابوری ئیسلام بەم جۆرە پێناسە دەکرێت.

لێرەدا پێناسەی ئابوری ئیسلام بەفارسی دەکەم، زۆر بەزەحمەت بەفکرێکی زۆر تا ئەم پێناسەم رێکخستووە، ئەڵبەتە لەهیچ کتێبێکدا ئەم جۆرەم نەدیووە:

﴿اقتصاد اسلامی نظامی أخلاقی و قانونی است، که در سایەی آن با توجه به آن که امتیازی که انسان در بین موجودات با أندیشه و آزادی عمل است نیازهایش از لحاظ جنسی، خوردنی، أشامیدنی، پوشیدنی، و سکونت برطرف شده، و زمینه برای بکار گرفتن نیروی أندیشه و آزادانەکارکردن مساعد می باشند﴾[1]

ئەمە کورتەیەک بوو لەپێناسەی ئابوری و بەرنامەی ئابوری ئیسلام لەئیسلامدا، کەدواتر باسی دەکەین.

---

[1] - (ئابووری ئیسلامی سیستەمێکی ئەخلاقی و یاساییە، کە لەژێر سایەیدا بەلەبەرچاوگرتنی ئەو جیاوازییەی کە مرۆڤ لەنێوان بونەوەراندا بەهۆی هزر و ئازادی کردارییەوە هەیەتی، پێویستییەکانی لەڕووی سێکس، خواردن، خواردنەوە، پۆشاک و خانووەوە دابینکراوە و زەمینە بۆ بەکارهێنانی هێزی هزر و کردەی ئازاد سازکراوە).



Scanned by CamScanner

## جیاوازی سیستەمی ئابووری ئیسلامی و سیستەمە ئابوورییەکانی تر

سیستەمە جیاوازەکان و ئیمتیازاتی ئینسان

ئەگەر سەرنج لەسیستمی ئابوری ئیسلام بدەن، هەم نیازەکانی ئینسان خۆراك و پۆشاك و ئەو جۆرە شتانەوە پڕدەبێتەوە، هەم فکر و ئازادی عەمەلی هەیە. لەسیستمی سەرمایەداریدا چونکە بەرهەمی دەستڕەنجی زەحمەت کێشان هەندێکی بەشێکی دیاریکراو دەیخۆن، لەپێش هەموو شتێکەوە نیازەکانی زۆرینە پڕنابێتەوە، لەئەنجامدا تەواوی فکر و هۆشیان دەڕواتە سەر بەدەستهێنانی خۆراك و پۆشاك و مەسکەن، هەروەها لەبیرکردنەوەی دروست و ئازادی عەمەلیش بێ بەش دەبن، واتە هەم ئەوشتانەی کە نیازی حەیوانین بۆ ئینسان لایەنی جسمییەکەی تێردەکەن و هەم ئەوشتانەی کەلایەنی ڕۆحی و ئینسانیەکەی تێردەکەن، هەردووکیان لەسیستمی سەرمایەدارییدا لەدەست خەڵکی دەسەنرێن.

لەسیستمی (کۆمۆنیزم و سۆسیالیزم و فاشیزم و نازیزم)دا ـ کە انشاالله لەدواییدا ڕوونیان دەکەینەوە ـ لەچاکەیەکدا کۆدەبنەوە، لەتایبەتمەندیەکدا ئەمانە یەك دەگرن، کە تاسنورێك نیازی ئینسان لەلایەنی حەیوانیەکەیەوە دابین دەبێت، خۆراك و پۆشاك و مەسکەن و جنسی دابین دەبێت، بەڵام بەشی خۆی نەصیبی خۆی لەلایەنی ئینسانیەوە کە فکر و ئازادی کارە لێی بێ بەش دەکرێت، واتە وەك حەیوانێك لەگەڵ ئینساندا موعامەلە دەکرێت، نەك وەك ئینسانێ، حەقی فکر و ئازادی و کار بۆ ئینسان لەو سیستەمانەدا نییە، بەڵام ئیسلام هەم لایەنی حەیوانی ئینسان تێردەکات و بەشی ڕێکی خۆی پێ دەدات، ڕەچاوی (قسْط) دەکات، هەم لایەنی ئینسانی و ڕۆحی.

ئیسلام و لەبەرچاوگرتنی تەواوی ژیانی ئینسان

﴿إِنَّ الدِّينَ عِندَ اللَّهِ الإِسْلاَمُ﴾

بەڕاستی تەنیا بەرنامەی گشتگیر بۆ تەواوی لایەنی ژیانی ئینسان تەسلیم بوون و ڕام بوونی بێ چوون و چرایە بۆ فەرمانی خوا، لایەنی ژیانی ئینسان چ



Scanned by CamScanner

لایەنی ئینسانی چ هی حەیوانی، تەنیا بەرنامەیەك کە لەلای خوا پەسەندبێت ئیسلامە، واتە ڕام بوونی بێ چوون و چرا بۆ فەرمانی خوا.

هەر یەکەمین جار کە خوا ئادەمی ناردە سەر زەوی، دوای دەورەیەکی تاقیکردنەوە لەبەهەشتدا ناردی، کە لەوێ نیشانیدا، تەنیا ڕەوشی دروست ئیسلامە، لەدوای ئەو تەجربە ناردیە سەر زەوی، دەرنەتیجە (ئادەم)یش تاکاتێك خۆی بوو منداڵەکانی خۆی لەسەر ئەم ڕەوشە پەروەرش و ئاموزشی دان، لەئەنجامدا ئومەتی ئەوەڵی لەسەر ڕەوشی تەوحیدبوو، واتە یەك ئوممەت بوون، بەڵام لەدواییدا چی ڕوویدا، لەدواییدا کە ڕێنوێنیکەریان لەناودا نەما، (ئادەم) نەما و کەسێکی تریش نەبوو کە ڕێنماییان بکات جیاوازیان تێدا پەیدابوو، هەریەکێ بەڕەوشێ، یەکێك فەرمانبورداری بۆخۆی پەیداکرد، یەکێك فریادڕەسێ، یەکێك بت، یەکێك ئینسان، یەکێك جن، یەکێك مەلائیکە.

ڕێگەی جۆر جۆر پەیدابوون لەبەرنامەی ژیانی ئینسان، بەڵام وانەزانن کە ئەمە لەبەر نائاگایی بوو، وەك لەم سەردەمەدا هەندێك تەفسیری قورئان دەکرێت، کە گوایە ئینسان ماوەیەك بێ ئاگابووە، کە لەوماوەیەدا وەك گیانلەبەران تەنها غەریزە حاکم بووە بەسەر ئینساندا، فکر و ئازادی عەمەل نەبووە، لەئەنجامدا ئینسان لەبەرئەوەی فکری نەکردووە و ئازادی عەمەل نەبووە، بەفەرمانی غەریزە ڕەفتاری کردووە، هەمووی لەسەر یەك ڕەوش بوون هەروەك گیانلەبەرانی تر، کاتێ فکر و ئازادی عەمەل پەیدابووە، جا خەڵکی هەریەکێك ڕەوش و ڕێگەیەکیان گرتۆتەبەر، ئەوکاتە خوا پێغەمبەرانی ناردون بۆ ئاگاهکردن، نەخێر. ئەم ئایەتە دەفەرموێت ئاوا شتێك نەبووە، دەفەرموێ:

﴿وَمَا اخْتَلَفَ الَّذِينَ أُوتُوا الْكِتَابَ إِلاَّ مِن بَعْدِ مَا جَاءهُمُ الْعِلْمُ﴾

ئەوانەی لەلایەن خواوە بەرنامەیان پێدرا، لەلایەن خواوە کتێبیان پێدرا، کە مەشهورە (ئادەم) (١٠) ڕیسالەی بچوکی پێدرلوە، ئەوانە کە بەرنامەیان پێدرا،

دوای ئەوەی کە ئاگادارکرانەوە، لەدوای ئەوەی لەلای خواوە عیلم و دانشیان بۆ هات، ئەوسا جیاوازییان پەیداکرد، لەرووی ئاگابیەوە بوو، کە ماوەی یەکریزییان تێپەڕاند و ماوەیەك ئاگایی نەهاتووە بەملیاندا، دەی بۆچی جیاوازییان پەیداکرد؟

﴿بَغْياً بَيْنَهُمْ﴾

تێپەڕبوون لەسنوور و سەرهەڵدانی جیاوازی

لەئەنجامی تێپەڕین لەسنوری دیاریکراو، هەرکەس لەسنوری دیاریکراوی خۆی تێپەڕی کرد، چونکە دوای ئەوەی کە ڕەهەندابییەك لەناویاندا نەما غەریزەی (حوبی زات)، واتە (خود دوستی) زۆری بۆ هێنان، واداری کردن بۆ هەندێ لەئەفراد، کە بەپشت بەستن لەسەر نیروی مادی خۆیان بکەنە فەرمانڕەوای خەڵکی، گروپێکیش بەپشت بەستن لەسەر نیروی ئیدیعایی مەعنەوی خۆیان بکەنە فریادڕەس و ڕێبەری خەڵك و ئەفرادێك پەیرەوی ئەمان ئەفرادێکیش موریدی ئەوان، گروپێك لەملاوە شرك، گروپێکیش لەولاوە. ئەسەری سەرکەشی و پێلەبەری خۆداکێشان بوو، تێپەڕ لەسنوری دیاریکراو بوو، کە خەڵکی ئیختیلافیان پەیداکرد، نەك لەبەرئەوەی کە ئاگایی نەبێت، بەیەك جار لەدوای تێپەڕاندنی قۆناغی ئاگایی، نیروی فکر و ئازادی عەمەل وای پێکردن.

﴿وَمَن يَكْفُرْ بِآيَاتِ اللَّهِ فَإِنَّ اللَّهَ سَرِيعُ الْحِسَابِ﴾

قبوڵ نەبوونی ئایاتی خوا و لێپرسینەوەی خوایی

هەرکەس نیشانە ڕۆشنەکانی خوا قبوڵ نەکات، بەرنامەی خوا پشت گوێی بخات، دوای ئەوەی کە دەرکی بکات تەسلیم نەبێت، خوا زۆر زوو محاسەبەی دەکات، لەدەستی خوا دەرناچێ و زۆر زۆر بەپەلە لەکاتی خۆیدا خوا لێپرسینەوەی لەگەڵدا دەکات،و تۆڵەی لێدەسەنێت.

﴿فَإِنْ حَاجُّوكَ فَقُلْ أَسْلَمْتُ وَجْهِيَ لِلَّهِ وَمَنِ اتَّبَعَنِ﴾ ال عمران (٢٠)

جا لەدوای ئەوەی کە حەق ڕۆشن بووەوە و دەرکەوت جگە فەرمانی خوا هیچ قانونێکی تر شایستەی پەیڕەوی نییە، ئەگەر هاتوو لەجیاتی ئەوەی کە ئەوان پەیرەوی تۆ بوون، ویستیان کە تۆ لەڕەوشەنگەری خۆت لابدەن و لەڕێگەی ڕۆشن

لاتبدەن، تۆ لەناویاندا ئاشکرای بکە، بەجۆرێك کە یەئس و نائومێدیان بۆ بهێنێت، لەوە کە بتوانن تۆ لەرێگە لابدەن، بڵێ ئەوا من بانگەواز دەکەم کە هەم خۆم و هەم ئەوانە کە پەیڕەوی لەمن دەکەن، بێ چوون و چرا زاتی خۆمان ڕام و موتەوەجیهی فەرمانی خوا دەکەین، گەردنکەچ و تەسلیمی بێ چوون چرای فەرمانی خواین، ئێوە قبوڵی ناکەن، ئێمە ئاواین و بێ خودیش زەحمەت مەکێشن کە ئێمە لەرێگە لابدەن ناتوانن.

﴿وَقُل لِّلَّذِينَ أُوْتُواْ الْكِتَابَ وَالأُمِّيِّينَ أَأَسْلَمْتُمْ﴾

چۆنیەتی دەعوەتی پێغەمبەر بۆ خاوەن کتێبەکان

بڵێ بەوانەی کە کتێبیان پێدراوە، ئەوانەی کە خۆیان بەڕەهبەرانی دینی دەزانن، ئەوانەی کە ماڵەکانیان پڕە لەکتێبی مەزهەبی و بانگەشەی ڕەهبەری و ڕەهنەمایی دەکەن، ئەوانەی کە خۆیان بەڕەوشەن فکری دینی حساب دەکەن، بەڵام لەحەقیقەتدا لەدین وێڵن، ئەمانای ئیسلام، نە(قِسْط) و نەتەوحید هیچی نازانن، پێیان بڵێ، هەروەها بڵێ بەخەڵکی نەخوێنەوار و بێسەواد، کە پەیڕەوی ئەو ڕەهبەرانەن، هەرچی ئەوان دەڵێن ئەمان پەیڕەویان لێدەکەن، بەهەردوو تەبەقەکە بڵێ، ئایا ئێوە بێ چوون و چرا ڕام دەبن و گوێڕایەڵی خوا دەبن، یاخود نـا؟

﴿فَإِنْ أَسْلَمُواْ فَقَدِ اهْتَدَواْ﴾

جا ئەگەر ئاوایان کرد تەسلیمی بێ چوون و چرا بوون، ئەوە لەوساتەوە هاتونەتە سەر ڕێ و لەگومڕایی خۆیان دەستیان کێشاوە.

﴿وَّإِن تَوَلَّوْاْ فَإِنَّمَا عَلَيْكَ الْبَلاَغُ﴾

ئەگەر ڕوویان وەرگێڕا، تۆ هیچ نارەحەت مەبە و خەفەت مەخۆ، چونکە ئەوەی لەسەر تۆ واجبە تەنها ئاگاداری و گەیاندنی مەبەستە، ئیتر وەزیفەی تۆ نییە کە زۆر بکەی و خەڵك بەزۆر بهێنیتە سەر ڕێگە، ناتوانی.



Scanned by CamScanner

﴿وَاللَّهُ بَصِيرٌ بِالْعِبَادِ﴾

خوا خۆی چاوی لەبەندەکانی خۆیەتی، ئەوانە کە دەبێ بەندەی خوابن، بەڵام هەندێکیان لادەدەن و دەبنە بەندەی هەوەس، مەخلوقاتی خوا، خوا چاوی لێیانەوەیە و لەدوایدا موحاکەمە و موحاسەبەیان دەکات.

﴿إِنَّ الَّذِينَ يَكْفُرُونَ بِآيَاتِ اللَّهِ﴾ آل عمران(۲۱)

کار و کۆشش ئەوانەی کە ئایاتی خوا قبوڵ ناکەن

بەڕاستی ئەوانەی کە نیشانە ڕۆشنەکانی خوا قبوڵ ناکەن، ئەوانەی کە بەرنامەی ڕۆشنی خوا قبوڵ ناکەن، نەك تەنها ئەوە ناکەن.

﴿وَيَقْتُلُونَ النَّبِيِّينَ بِغَيْرِ حَقٍّ﴾

پێغەمبەرانیش دەکوژن، بەبێ ئەوەی ئەو کارەیان موافیقی بەرنامەی خوا بێت، ئاخر چونکە پێغەمبەران فەرمان بە(قِسْط) دەکەن، فەرمان بەجێبەجێکردنی فەرمانی خوا دەکەن، بۆیە ئەوان کە موافیقی بەرنامەی خیلقەت کاردەکەن و کوشتنی ئەوان بەهیچ جۆرێك موافیقی بەرنامەی حاکم لەسەر جیهانی خلقەتدا نییە. ئەوکەسانە کە ئەم کارە دەکەن کارێکی تریش دەکەن.

﴿وَيَقْتُلُونَ الَّذِينَ يَأْمُرُونَ بِالْقِسْطِ مِنَ النَّاسِ﴾

هەروەها ئەوکەسانەش دەکوژن کە فەرمان بە(قِسْط) دەکەن، لەغەیری پێغەمبەران لەخەڵکی سادە، ئەوانەی کە ئەم کارە ناشیرین و دزێوانە دەکەن، کوفر بەئایاتی خوا، کوشتنی پێغەمبەران و کوشتنی ئەوانەی کە فەرمان بە(قِسْط) دەکەن، لەغەیری پێغەمبەران لەخەڵك.

﴿فَبَشِّرْهُم بِعَذَابٍ أَلِيمٍ﴾

جا مژدەیان پێ بدە، کە ئەشکەنجەیەکی سەخت و دەرد ئاوەریان بۆهەیە.

جا لێرەدا ڕوونکردنەوەیەك بدەم بۆ ئەم ئایەتە، لەکەلیمەی (مِنَ النَّاس) هەندێك بەهەڵەدا چوون، کە ئەگەر کەسێك غەیرە موئمین نەفەرێکی مادی صەرف فەرمانی بە(قِسْط)یدا کوشتنی ئەو لەڕیزی کوشتنی پێغەمبەراندایە، هەڵەی ئەم



Scanned by CamScanner

ڕستە لەم بەشەی دواییدا نییە، چونکە هەرکەس فەرمان بە(قسط) بدات و بیکوژی لەڕیزی کوشتنی پێغەمبەراندایە، هەڵەی ئەمە لەویەشەدایە کە دەڵێت "ئەگەر یەک نەفەر مادی صەرف فەرمانی بە(قسط)دا" ئەو ڕستەیە کە غەڵەتە چۆن؟

لەبەرئەوەی نیزامی حاکم لەسەر جیهانی خلقەت کە خوا بۆی داناوە ـ (قسط) واتە ئیدارەی ئموری جیهانی خلقەت ـ کە تەنها خوا دەیکات، هەروەها لەزیندەگی ئینساندا، (قسط) واتە قەوانین و بەرنامەیەک کە خوا ئصوڵەکەی بۆ ئینسان دیاریکردووە، دەرنەتیجە کەسێك مادی بێت و مەحسوسات زیاتر هیچی قبوڵ نەبێت، بەرنامەیەك بەناو بەرنامەی خوای قبوڵ نەکردووە تا دەستوری پێ بدات، (قسط)ی نەناسیوە، تا دەستوری پێ بدات.

پابەند نەبوون بەتەوحید و بانگەشەکردن بۆ قسط و گۆڕانی وشەی قسط

کەسێك دەتوانێ دەستور بدات بە(قسط) دەعوەتی خەڵکی بکات بۆ ئیجرای (قسط)، کە خۆی (قسط)ی دەرك کردبێ و پابەندیشی بووبێ، وەك لەپێشدا وتمان ﴿شهد اللّهُ أنّهُ لا إلـه إلاّ هُو والْملائكةُ وأُوْلُوا الْعلْم بالْقسْط﴾، زانایانن دەتوانن قائیم بە(قسط) بن و شەهادەت بەتەوحید بدەن، واتە کەسێك دەتوانێ شەهادەت بە(قسط) و تەوحید بدات، خۆی پابەندی بەرنامەی خوا بێت، مەسەلەن مارکسیێکی موخلیص دەستور بدات قانونێك بەناو عادیلانە لەلەحازی ئابوورییەوە دابنێت ناونانی ئەوە بە(قسط) گۆڕینی مانای وشەی (قسط)ە، چونکە وتمان (قسط) واتە هەرشتێك بەشی ڕێکی خۆی پێ بدرێت، یاسادانەرێك و ملیۆنەها یاسادانەر ناتوانن دەرکی نیازی ئینسان بکەن، تەنانەت لەلەحازی ئابوورییەوە تا بتوانن بەشی ڕێکی خۆی پێ بدەن، دەرنەتیجە مارکسێك (قسط)ی لەئیختیاردا نییە تا دەستوری پێبدات.

کەوابوو وشەی ﴿ومن النّاس﴾ کە بووەتە هۆکاری ئەو هەڵەیە، واتە جگە پێغەمبەران، نەك ئیتر ئەم بێجگە پێغەمبەرانە هەر ئینسانێ بێ، دەبێت لەگرووپی

(أُولُوا الْعِلْمِ) بێ، کە لەپێشدا وتمان، چونکە تەنها سێ گروپن کە (قِسْط) دەناسن و دەستوری پێ دەدەن (خوا، مەلائیکە، أولوا العلم).

﴿أُولَـئِكَ الَّذِينَ حَبِطَتْ أَعْمَالُهُمْ فِي الدُّنْيَا وَالآخِرَةِ﴾ آل عمران(٢٢)

ئەوانە کە ئەو کارە ناپەسەندانە دەکەن، کوفر بەئایات و کوشتنی پێغەمبەران، کوشتنی ئامرینی بە(قِسْط) لەغەیری پێغەمبەران، هەر ئەوانەن کە کردارەکانیان لەدنیا و قیامەتدا بێ هودە و بێ ئەنجامە، وەك ئاژەڵێك کە گیای زۆر دەخوات و سکی با دەکات خەریکە بتەقێتەوە لەناو دەچێت، ئەوانەش کردەوەی زۆر دەکەن عەمەلی زۆر ئەنجام دەدەن، بەڵام هەروەك ئەوەی ورگیان بای کردبێت، واتە کردەوەکەیان بێ ئەنجامە، جگە زەرەر مەنفەعەتی نییە بۆیان.

﴿وَمَا لَهُم مِّن نَّاصِرِينَ﴾

نەك تەنیا خۆیان و کرداری خۆیان ناگاتە فریایان، بەڵکو هیچ کەسی تریش ناتوانێ کۆمەکیان بکات و لەسزای خوا ڕزگاریان بکات، جا ئەگەر لەم ئایەتانەدا سەرنجتان دابێت، لێرەدا زۆر تەوەجوە بەبابەتی مەعنەوی و غەیبی کراوە، کە مارکسێکی موخلیص لەم مەیدانەوە زۆر زۆر دوورە.

لەکتێبی مارکستەکاندا ئەوان پێناسەی ئابووری سۆسیالیستەکانیان بەم جۆرە کردووە، نیزامی ئابووری لەلای ئەوان ئەوەیە، "هەرکەس بەئەندازەی توانایی کاربکات و بەئەندازەی کاری خۆشی پێ بدرێت"، سۆسیالیزم ئاوایە.

کۆمۆنیزمیش بەم جۆرەیە، "هەرکەس بەئەندازەی توانایی کاربکات و بەئەندازەی نیازی پێ بدرێت"، بەڵام ئەو پێناسە کە پێشتر کردمان لەئابووری، بەسەرنجدان بەمانای (قِسْط)، نیوەی یەکەمی ئەم پێناسە ئەوانە دروست دەرنایەت بۆ ئێمە، واتە لەئیسلامدا نیزامی ئابووری بەو شێوە نییە، کە دەبێت هەرکەس بەئەندازەی توانایی کاربکات، چونکە ئینسان خولاصەی لەسکدا نییە، تاتەواوی توانایی خۆی لەڕێگەی بەدەستهێنانی خۆراك و پۆشاك و شتدا سەرف

نیزامی ئابووری کۆمۆنیزم

کارکردن بۆ ڕەفعی نیاز ئامانجی سەرەکی نییە لەئیسلامدا



Scanned by CamScanner

(أُولُوا العِلْمِ) بێ، کە لەپێشدا وتمان، چونکە تەنها سێ گروپن کە (قِسْط) دەناسن و دەستوری پێ دەدەن (خوا، مەلائیکە، أولوا العلم).

﴿أُولَـئِكَ الَّذِينَ حَبِطَتْ أَعْمَالُهُمْ فِي الدُّنْيَا وَالآخِرَةِ﴾ آل عمران(٢٢)

ئەوانە کە ئەو کارە ناپەسەندانە دەکەن، کوفر بەئایات و کوشتنی پێغەمبەران، کوشتنی ئامرینی بە(قِسْط) لەغەیری پێغەمبەران، هەر ئەوانەن کە کردارەکانیان لەدنیا و قیامەتدا بێ هودە و بێ ئەنجامە، وەك ئاژەڵێك کە گیای زۆر دەخوات و سکی با دەکات خەریکە بتەقێتەوە لەناو دەچێت، ئەوانەش کردەوەی زۆر دەکەن عەمەلی زۆر ئەنجام دەدەن، بەڵام هەروەك ئەوەی ورگیان بای کردبێت، واتە کردەوەکەیان بێ ئەنجامە، جگە زەرەر مەنفەعەتی نییە بۆیان.

﴿وَمَا لَهُم مِّن نَّاصِرِينَ﴾

نەك تەنیا خۆیان و کرداری خۆیان ناگاتە فریایان، بەڵکو هیچ کەسی تریش ناتوانێ کۆمەکیان بکات و لەسزای خوا ڕزگاریان بکات، جا ئەگەر لەم ئایەتانەدا سەرنجتان دابێت، لێرەدا زۆر تەوەجوە بەبابەتی مەعنەوی و غەیبی کراوە، کە مارکسێکی موخلیص لەم مەیدانەوە زۆر زۆر دوورە.

لەکتێبی مارکستەکاندا ئەوان پێناسەی ئابووری سۆسیالیستەکانیان بەم جۆرە کردووە، نیزامی ئابووری لەلای ئەوان ئەوەیە، "هەرکەس بەئەندازەی توانایی کاربکات و بەئەندازەی کاری خۆشی پێ بدرێت"، سۆسیالیزم ئاوایە.

نیزامی ئابووری کۆمۆنیزم

کۆمۆنیزمیش بەم جۆرەیە، "هەرکەس بەئەندازەی توانایی کاربکات و بەئەندازەی نیازی پێ بدرێت"، بەڵام ئەو پێناسە کە پێشتر کردمان لەئابووری، بەسەرنجدان بەمانای (قِسْط)، نیوەی یەکەمی ئەم پێناسە ئەوانە دروست دەرنایەت بۆ ئێمە، واتە لەئیسلامدا نیزامی ئابووری بەو شێوە نییە، کە دەبێت هەرکەس بەئەندازەی توانایی کاربکات، چونکە ئینسان خولاصەی لەسکدا نییە، تاتەواوی توانایی خۆی لەڕێگەی بەدەستهێنانی خۆراك و پۆشاك و شتدا سەرف

کارکردن بۆ ڕەفعی نیاز ئامانجی سەرەکی نییە لەئیسلامدا

بکات، بەڵکو لەئیسلامدا زەمینە موساعید دەکرێت، بۆئەوەی ئەگەر هەرکەس ویستی بوو بەئەندازەی توانایی کاربکات، زەمینەی بۆ موساعید دەکرێت، بەڵام ئیتر زۆری لێ ناکرێت، کە حەتمەن دەبێت بەئەندازەی توانایی کاربکات، چونکە کارکردن بۆ ڕەفعی نیازەکان کە لەپێشدا ڕونمانکردەوە لەئیسلامدا ئامانجی سەرەکی نییە.

(خوردن از برای زیستن است، نه زیستن از برای خوردن)[1]

بەڵام لەمارکسیستمدا

(زیستن از برای خوردن است)[2]

واتە لەئیسلامدا زەمینە موساعید دەکرێت، پێش لەهەموو شتێك، بۆئەوەی ئینسان هێزی بیرکردنەوەی بخاتەکار تا ئەوپەڕی ئیمکان پێشبکەوێت، لەدوای ئەوە مەیدانی بۆ دەکرێتەوە کە بەگوێرەی فکری خۆی ئازادانە عەمەل بکات، جا بەشێك لەعەمەلە ئازادانەکەی لەڕێگەی بەدەستهێنانی خۆراك و پۆشاك و مەسکەن و شتدا سەرف دەبێت، تا ئەندازەیەك کە لەسنوری مامناوەندیدا بتوانێ زیندەگی بکات.

نه چەندان بخور از دهانت براید

نه چەندان که ضایع جانت براید[3]

بەشێك لەتەمەنی خۆی سەرف دەکات، بۆئەوەی زیندەگیەکی مامناوەند دابین ببێت بۆی، لەدوای ئەوە ماوەی تەمەنی لەڕێگەی بەدەستهێنانی گەورەیی ئینسانیدا سەرف دەکات.

---

[1] - (خواردن بۆئەوەیە بژیت، نەك ژیان بۆئەوەیە بخۆیت).

[2] - (ژیان بۆئەوەیە بخۆیت).

[3] - (نە ئەوەندە بخۆ کە هەڵبێنیتەوە، نەئەوەندەش بخۆ کە گیانت دەربچێ).

بەدەستهێنانی مەعریفەی ئینسان هیچ کەمتر نییە لە بەدەستهێنانی رزق و رۆزی

ئەڵبەتە خودی کارکردن بۆ بەدەستهێنانی ڕۆزیش هەر گەورەییە، بەڵام تەنیا ئەوە گەورەیی نییە، بەڵکو بەقیەی تەمەنی لەزەمینەی بابەتەکانی ڕۆحی و ئەخلاقی و بەدەستهێنانی مەعریفەی ئینسانیدا سەرف دەکات، کەوابوو پێویست نییە حەتمەن لەبواری ئابووریدا بەئەندازەی توانایی کاربکات، بەڵام ئەڵبەتە دەبێت بەئەندازەی نیازی خۆی پێ بدرێت، ئەگەر زیاد لەوەش بوو، کە هەموو کەس نیازیان ڕەفع بوو، لەنیازیش زیاتریان بوو ئەوە ئیتر نیعمەتی خوایە، بەڵام بەمەرجێ هەمووکەس، ئەگینا ئەگەر تاکێك لەکۆمەڵگادا نیازمەندبوو، ئیتر هیچ کەسی تر حەقی نییە، لەنیازی خۆی زیاتری ببێت، تانیازی ئەو تاکە دابین ببێت، تازیندەگی ئەویش بێتە سنوری مامناوەند.

## لادانی بەشەریەت و ناردنی کیتاب و میزان و حدید

لَقَدْ أَرْسَلْنَا رُسُلَنَا بِالْبَيِّنَاتِ وَأَنْزَلْنَا مَعَهُمُ الْكِتَابَ وَالْمِيزَانَ لِيَقُومَ النَّاسُ بِالْقِسْطِ وَأَنْزَلْنَا الْحَدِيدَ فِيهِ بَأْسٌ شَدِيدٌ وَمَنَافِعُ لِلنَّاسِ وَلِيَعْلَمَ اللَّهُ مَنْ يَنْصُرُهُ وَرُسُلَهُ بِالْغَيْبِ إِنَّ اللَّهَ قَوِيٌّ عَزِيزٌ(٢٥) الحديد

﴿لَقَدْ أَرْسَلْنَا رُسُلَنَا بِالْبَيِّنَاتِ﴾

خوای گەورە تەئکید دەکات، دەفەرموێ ئێمە هەڵبژێراوی خۆمانمان ناردن، لەگەڵ (بينات)دا، لەگەڵ ڕۆشنگەریدا، واتە کاتێك تەماشامان کرد، کە ئینسان لەڕێگەی (قِسْط) لایداوە و جیاوازی لەشێوازی ژیندەگیدا پەیدابووە، ئێمە بۆئەوەی دووبارە ڕێنمایی ئینسان بکەین و بیتەوە سەر ڕێگەی ڕاست و دروست، یەك لەدوای یەك تاکێکمان هەڵبژارد و ناردمان، ئاشکرایە کاتێك کەسێك بانگەشەی پێغەمبەری دەکات بانگەشەی ڕیسالەت دەکات، پێش لەهەموو شتێك دەبێت بەڵگە و بورهانێکی ببێت کە ڕیسالەتەکەی خۆی جێگیر بکات، تا خەڵکی قسەی لێ قبوڵ بکەن.

دەفەرموێ (بِالْبَيِّنَاتِ) کاتێك ناردمان ڕەوشەنگەریشمان پێدان، واتە هەرکام موعجیزەیەك یان چەند موعجیزە و بورهانمان پێدان، کە ڕۆشنی بکاتەوە ئەمانە ڕەسولن و بانگەشەکەیان درۆزنانە نییە، دوای ئەوەی کە ڕیسالەتیان بۆ خەڵك و بۆئەوانەی کە شعور و دەرکیان بوو، جێگیر بوو.

﴿وَأَنْزَلْنَا مَعَهُمُ الْكِتَابَ وَالْمِيزَانَ﴾

کتێبو میزانیشمان لەگەڵیاندا نارد.

(الْكِتَابَ): لە(كُتُبْ)ە، واتە جەمع (کۆکرلوەیی)، کیتاب، واتە کۆی یاسا و ڕێسای مەوردی نیاز بۆ کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی، ئینجا لەهەر سەردەمێکدا بەگونجانی ئەو سەردەمە، سەردەمێك قەوانینی مەوردی نیاز کەمتر بوون، چونکە

الكتاب
حيكمەتی
سەرداری
کتێبەکان
بەیەکەوە

ئینسان ڕشت و نموی فکری نەگەشتبووە سنوری ئەعلا، کەوابوو کتێبەکانمان کورتکراوەن، لەزەمینەی قانون داناندا، سەردەمێك کە مرۆڤایەتی گەشەی کرد لەزەمینەی فکری و فەرهەنگیدا پێویست بوو، کە کتێبەکانی ئێمەش لەیاسا و ڕێسای زیندەگی زیاتریان تێدابێت، بۆیە لەهەر سەردەمێکدا بۆ ئەو سەردەمە کتێبێکی جامع بۆ پێداویستی ئەو سەردەمانەمان نارد.

﴿وَالْمِيزَانَ﴾

الميزان

هەروەها میزانمان نارد، میزان هەر کتێبەکەیە، بەڵام ئەو کتێبە لەلایەکەوە کۆی بنەڕەتی یاسا و ڕێسای زیندەگیە، واتە ئەوشتانەی کە نیازی ئینسان بەوانەیە تیایەتی، لەلایەکیشەوە میزانە، واتە هۆکاری ناسینی ئەندازەیە، ئەندازەی نیاز و ئیستیعدادی ئینسانەکان، واتە هەر خودی کتێبەکە ڕێنوێن بوو لەهەر سەردەمێکدا بۆ دەستنیشانکردنی نیازی خەڵکی ئەو سەردەمە و ئیستیعدادیان.

کتێبە ئاسمانیەکان و دیاریکردن و پڕکردنەوەی نیازی ئینسان

بەهۆی کتێبەکان دیاری دەکرا، کە خەڵك لەقەوانینی زیندەگی چەنێکیان مەوردی نیازە لەچ سنورێکدا دەبێت ئصولی قانونیان بۆ بنێرێت، خودی کتێبەکە هۆی ناسینی ئەندازەی پێویستییان بوو، هەروەها کیتاب بوو، واتە کۆی قەوانینی مەوردی نیازیش بوو، لەلایەکەوە کتێبی ئاسمانی دیاریکردنی نیازمەندی پێ دەدرێت، لەلایەکی تریشەوە نیازەکانیش پڕدەکاتەوە، لەزەمینەی قانون داناندا، دانانی نیزامی زیندەگی مرۆڤ، بەڵام تەنیا کتێب، تەنیا قسەکردن ئینسان ناهێنێتە سەر ڕێ، کۆمەڵێکی زۆر کەمن، کە تەنها بەڕوونکردنەوەی حەق دێنە سەر ڕێ، پێویستە لەپاڵ ڕۆشنگەریدا و لەپاڵ بانگهێشتی فکریدا، زۆریش ببێت، پێویستە لەدەستێکدا کتێبی ڕۆشنگەری ببێت، لەدەستێکی تردا چەك.

﴿وَأَنزَلْنَا الْحَدِيدَ﴾

ئاسنیشمان نارد.



Scanned by CamScanner

﴿وَأَنزَلْنَا الْحَدِيدَ فِيهِ بَأْسٌ شَدِيدٌ﴾

سوودوەرگرتن لەئاسن لەبوارە جیاوازەکاندا

ئاسنمان نارد کە لەمەیدانی نەبەردا (هێز) دەنوێنێت و مەعرەکە دەکات، هەرکەس بکەوێتە بەری وردوهانی دەکات، جا هەڵە نەکەن، ئاسن بۆ ئەوە نەنێراوە کە بەزۆر خەڵکی پێ موسڵمان بکرێت، سەرەتا جاری ناردنەکەی ئەک واتە لەئاسماندا بووە ناردومانەتە خوار، چونکە جێگەی فەرمانڕەوایی خوا، جێگەی موحتەرەمە بەئاسمان ئاماژەی لێ دەدرێتەوە.

جا واتە فەرمانی ئێمە لەسەرەوە نێردراوە بۆ ئیجادی مەعدەنی ئاسن، هەروەها بۆئەوەی ئینسان ئیستیعدادی ببێت بۆ ئیستیفادە لەئاسن و دەرهێنانی ئاسن، فەرمان لەپلەی فەرمانڕەوایی خواوە نێردراوە بۆ ئیجادی مەعدەنی ئاسن، ئەوەی کە ئینسان ئیستیعداد و توانایی ببێت ئاسن دەریهێنێت و سودی لێ وەرگرێت.

وتم ئاسن بۆئەوە نییە کە ئینسانی پێ بەزۆر موسڵمان بکرێت، ئەی بۆ چییە؟ ئەی بۆچی دەبێت لەدەستێکدا کیتاب و میزان ببێت، لەدەستێکیشدا حەدید؟ حەدید بۆ تاغوت لەناوبردنە، چۆن؟

بانگخوازێکی ڕاست، دەست دەکات بەدەعوەت بۆ ئیسلام، دوای ئەوەی لەناوچەیەکدا ئەوەندە ئەفراد بڕوایان هێنا و موسڵمان بوون کە توانیان کاروباری ئەو ناوچەیە بگرنە دەست، بانگەواز بۆ حکومەتی ئیسلامی دەکرێت، ئەڵبەتە لەم ماوەدا ئیستیفادە لەئاسن ناکرێت، لەدوای ئەوەی ئیعلانی حکومەتی ئیسلامی کرا و بنکەیەکی بەهێز دروست بوو، ئەمجارە تەبلیغ بەوڵاتەکانی تردا بڵاودەبێتەوە، سوپای ئیسلام دەڕواتە هەر شارێك و هەر دێیەك دەعوەتی خەڵك بۆ ئیسلام دەکات، کاتێك خەڵك بەبێ دەنگ پەیڕەوبوون و موسڵمان بوون، کارێك نییە ئیتر دروستبوو.

هۆکاری بەکارهێنانی ئاسن لەجەنگدا

بەڵام، چونکە هەمیشە لەهەر جاهیلیەتێکدا لەهەر سەردەم و شوێنێکدا خەڵك بەبێ زۆردار نییە، بێ فەرمانڕەوا و فەریادڕەسانی درۆیی نییە، بەربەستێك



Scanned by CamScanner

لەڕێگەی دەعوەتدا پەیدادەبێت، فەرمانڕەوایان و فەریادڕەسانی درۆیی دەبنە ڕێگر لەڕێگەی پێشکەوتنی دەعوەت، ئەمە مەفهومی (جیهادە) لەئیسلامدا.

یەکەمجار پێشنیاریان پێ دەکرێت، کە خۆتان ئەی فەرمانڕەوایان فەریادڕەسانی درۆیی، خۆتان موسڵمان بن با خەڵکیش موسڵمان بن، ئەوان چاو لەئێوە دەکەن، ئەگەر قبوڵیان نەکرد، دەڵێن: دەی ڕێگە بدەن کە ئێمە بگەڕێین لەناو خەڵکدا دەعوەتی ئیسلام بکەین، تاهەرکەس ئارەزووی بوو موسڵمان ببێت، ئێوە ڕێگرنەبن، واتە وڵاتەکەتان ببێتە بەشێك لەقەڵەمڕەوی حکومەتی ئیسلام.

ئەگەر ئەوەشیان قبوڵ نەکرد، ئەمجارە پێشنیاری شەڕ دەدرێت، (حدید) دەکەوێتە کار، تاکاتێ کە زۆردار لەناوببرێت، کاتێك کە زۆردار نابووت بوو.

ئەمجارە ئیتر بۆ خەڵکی سادە، ﴿لاَ إِكْرَاهَ فِي الدِّينِ﴾

زۆریان لێ ناکرێت کە موسڵمان بن، دەڵێن: ئێوە لەپێشدا نەتانوێرا لەبەر زۆردارەکان حەق قبوڵ بکەن، ئێستا زۆردارمان لابرد خۆتان دەزانن، ئێمە ڕۆشنی دەکەینەوە بۆتان قبوڵی دەکەن بیکەن نایکەن خۆتان دەزانن، ئەگەریش قبوڵی ناکەن هەرجێگەی ئیحترامن، ئێمە ئیحترامتان دەگرین چونکە ئینسانن.

کەوابوو بەدەستێکەوە کیتاب و میزان هەڵدەگرێت و بەدەستێکیش حەدید، تازەمینە موساعید بکرێت بۆ (قسط)، بۆ جێبەجێ کردنی نیزامی (ئیلاهی)، بەڵام خۆ هەمیشە مەعرەکە نییە، لەهەموو شوێنێکدا مەعرەکە نییە، نابێت ئاسن تەنها سودی لەمەوریدی چەك و تەقەمەنی لێ بکرێت، تەنها چەکی لێ دروست بکرێ، نەخێر.

زەمینەسازی بۆ قسط بەهۆی کتاب و میزان و ئاسنەوە

﴿وَمَنَافِعُ لِلنَّاسِ﴾

ئاسن بەهرە و مەنفەعەتی زۆری تێدایە بۆ خەڵکی، کاتێ کە زۆردار لاچوو، یان لەشوێنێکدا کە زۆرداری تێدانەبوو، زەمینە موساعید بوو بۆ حکومەتی ئیسلامی، ئیتر لەوێ لەجیاتی ئەوەی ئاسن بۆ چەك ئیستفادەی لێ بکرێت، بۆ ئاسانکردنی



Scanned by CamScanner

کاروباری زیندەگی ئیسفادەی لێ دەکرێت، چونکە چەك دروستکردن خۆی مەبەستی سەرەکی نییە، شتێکە لەدواییدا بەدیهاتووە کە بۆ لەناوبردنی زۆرداران دروست کراوە، کاتێك زۆردار نەما، یان ئەگەر لەهەموو جێگەیەکیش لانەچوو، بەڵام لەوڵاتێکدا نەما، دەبێت لەو وڵاتەدا ئاسن بۆ ئیستیفادەی خەڵکی بەکارببرێت.

جا مەنافیعی ئاسن ئیتر ناژمێررێت، پێشکەوتنی مرۆڤایەتی بەتایبەتی لەم سەردەمەدا پشت بەئاسن دەبەستێت، پێدەچێت ئێوە نەتوانن سنعەتێك بێ ڕابتە لەگەڵ ئاسندا نیشان بدەن، بڵێن ئەوە ئاسنی تێدا بەکارنەهێنراوە، کەوابوو پێغەمبەرانمان ناردن، دەفەرموێ بورهانمان بۆ ناردن، موعجیزات، بۆئەوەی ئیسپاتی پێغەمبەری خۆیان بکەن، لەدەستێکیاندا (کیتاب و میزان) و لەدەستێکیشیاندا (ئاسن) بوو.

## هەوڵدان بۆ جێبەجێکردنی قِسْط

(لِيَقُومَ النَّاسُ بِالْقِسْطِ) بۆئەوەی خەڵکی قیام بە(قِسْط) بکەن، واتە خەڵك پێش لەهەموو شتێك دەرکی نیزامی خوا بۆ زیندەگی ئینسان بکەن، دوای ئەوە تەسلیمی ببن، عەمەلی پێ بکەن و ئاشکرای بکەن بۆ خەڵکی تر و دەعوەتی خەڵك بکەن بۆ قبوڵکردنی ئەو نیزامی ئیلاهیە، جا ئەوەمان کرد.

﴿وَلِيَعْلَمَ اللَّهُ مَن يَنصُرُهُ وَرُسُلَهُ بِالْغَيْبِ﴾

تا دەرکەوێت و تا ڕۆشن ببێتەوە، کە کێ پێش ئەوەی موشاهەدەی سزا بکات، کۆمەکی خوا و پێغەمبەرەکانی دەکات، ئەڵبەتە کۆمەکی خوا و پێغەمبەرانی، واتە زەحمەت کێشان و موبارەزەکردن بۆ ئیستیقراری (قِسْط) و نیزامی ئیلاهی، واتە کۆمەکی لاوازەکان، ئەگینا (انَ اللَّهُ الْقَوِيُّ الْعَزِيز) بێگومان خوا خۆی توانا و نیرومەندە، پێویستی بەکۆمەك نییە.



Scanned by CamScanner

﴿يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُواْ كُونُواْ قَوَّامِينَ بِالْقِسْطِ شُهَدَاء لِلّهِ﴾ النساء(١٣٥)

ئەی ئەوانەی بەرنامەی خواتان ناسی و پابەندی بوون و موتەعەهیدبوون کە عەمەلی پێبکەن، یەکێك لەفەرمانەکانی خوا و گرنگترین فەرمانی خوا و کولی ترین فەرمانی خوا ئەوەیە، گوێی بۆ بگرن، ئێوە پەیمانتان داوە کە عەمەلی پێ بکەن.

﴿كُونُواْ قَوَّامِينَ بِالْقِسْطِ﴾

قسط واتە تێگەیشتن و دەرکی نیزامی خوا

ئێوە زۆر زۆر پارێزەر و ڕەچاوکەری (قِسْط) بن، لەهەموو سەردەم و شوێنێکدا زیندەگیتان لەوەدا سەرف بکەن، کە قیام بە(قِسْط)ە، زیندەگیتان کورت ببێتەوە لەمەدا کە (قِسْط) واتە نیزامی خوا پیادەببێت، واتە خۆتان پێش لەهەموو کەس کۆشش بکەن بۆ تێگەیشتن و دەرکی نیزامی خوا، تاخۆتان باش بیزانن و هەرچیەك دەزانن عەمەلی بکەن و هەرچیەکتان زانی و عەمەلتان کرد دەعوەتی خەلکی تریش بکەن بۆلای و دەعوەتی خەڵکیشتان کرد و ئەوانیش قبوڵیان کرد، لەگەڵیاندا کۆمەلگەیەکی ئیسلامی دروست بکەن، کە بەمونتەهای پایداریەوە نیزامی خوا جێبەجێ بکرێت.

قیام بە قِسط واتە لەهەموو لەحازێکەوە بەشی ڕێکی ئینسان بدرێت

قیام بە(قِسْط) ئەمەیە، ئەو نیزامە کە بەهەرکەس بەشی ڕێکی خۆی دەدات، چ لەلەحازی سروشتییەوە، چ لەلەحازی ژیان و چ لەلەحازی ئینسانیەوە لەهەموویاندا بەشی ڕێکی ئینسان دەدات، مەسەلەن لەلەحازی ئینسانیەوە زەمینە بەتەواوی موساعید دەکات بۆئەوەی ئینسان فکریکات و کاتێ دیاریکرد کە شتێك لەبەرژەوەندییەتی زەمینەی موساعید بێت، بۆئەوەی ئازادانە لەو زەمینەدا کاربکات، لەلەحازی حەیوانیشەوە (خۆراك و پۆشاك و مەسکەن و جنس)ی دابین بێت، ئەڵبەتە ئەوانە هی لایەنی حەیوانیەکەیە، تەنها کورت نابێتەوە لەوەدا.

﴿شُهَدَاء وَاللّهُ﴾

ئێوە ئاوا بکەن، تابتوانن شایەتی بدەن لەلای خوا، تابتوانن ئێوە ببنە شەهید ـ شایەت ـ و گەواه بۆ خوا، چۆن؟

لادان لە قِسْط و موحاکەمەی خوا

لەقیامەتدا خوا هەر ئومەتێك موحاکەمە دەکات، دەفەرموێ، بۆچی ئێوە لە(قِسْط) و لەنیزامی من لاتاندا، خەڵکیش بیانوو دەهێننەوە، دەڵێن کەس نەبوو بۆمان ڕۆشن بکاتەوە دەعوەتمان بکات، عوزرمان هەیە، یان ئەگەر قسەیان دەکرد خۆیان عەمەلیان نەدەکرد، ئێمەش وامان دەزانی ئەمە خەیاڵە.

جا خواش لەناو هەر ئومەتێکدا (شەهید)ێك ڕاست دەکاتەوە، تاخەڵك مەحکوم بکات، شەهید کە لەناو خەڵکدا بەناوبانگە، شەهید ئەوە واتاکەیەتی، کە ئەفەرێك هەڵدەستێتەوە دەڵێت: خوایە تۆ دەزانی من تەمەنی خۆم لەڕێگەی تێگەیشتن و عەمەل بەنیزامی تۆ و ڕەوشەنگەری و دەعوەتی خەڵك بۆئەو نیزامە سەرفکرد، لەگەڵ هاومەرامەکانی خۆمدا خۆڕاگرانە تاسنوری توانین، نیزامی تۆمان جێبەجێ کرد، هەرکەسێك لەقیامەتدا توانی ئەم قسەیەبکات، ئەوە شەهیدە.

ئیتر ئەگەر چی لەسەر جێگەش بمرێت، جا ئێوە ئاوا بکەن قیام بە(قِسْط) بکەن، تابتوانن لەقیامەتدا شەهیدبن، شەهادەت بدەن بۆ خوا، خەڵکە لادەرەکانی پێ مەحکوم بکەن، خوا لەوکاتەدا شەهیدی دەوێت، گەواهی دەوێت، ئێوە بتوانن هەستن ڕوتان سپی بێت، کە بۆ ئەوە بشێن شەهادەت بدەن.

﴿وَلَوْ عَلَى أَنفُسِكُمْ أَوِ الْوَالِدَيْنِ وَالأَقْرَبِينَ﴾

پیادەکردنی نیزامی قِسْط لەسەرووی هەموو شتێکەوەیە

ئێوە بێ پەروا هەمیشە نیزامی (قِسْط) ڕەچاوبکەن و پارێزگاری لێ بکەن، شایستەیی بۆ شەهیدبوون بەدەست بهێنن، هەرچەند پیادەکردنی نیزامی ئیلاهی زەرەری بۆخۆتان ببێت، یان بۆ باوك و دایکتان، یان بۆ خزم و خوێشتان، نەك فکر بکەن، بۆنمونە ئەگەر نیزامی ئیلاهیتان پیادەکرد بۆخۆتان زەرەری هەیە، مەسەلەن بڵێی، من ئەگەر لەتێگەیشتنی ئیسلام و لەعەمەلکردن بەئیسلامدا



Scanned by CamScanner

تەمەنی خۆم سەرف بکەم توشی دەردی سەری و ڕەنج و زەحمەت دەبم، قسە و ئانە و تۆمەت و ئازارم پێ دەگات و لەزەت و خۆشی لەدەست دەدەم و تەمەنم دەبێتە کورتەیەك لەماندوێتی و دەرد و ڕەنج، نەخێر.

هەرچەند زەرەری ببێت بۆ خۆت، دەستورە، دەبێت تەمەنی خۆت لەوەدا سەرف بکەیت، یان ئەگەر پیادەکردنی نیزامی (قِسط) پێویست بوو بۆ لەدەستدانی گیانت بۆ لەدەستدانی ماڵت بۆ دەربەدەربوونت، بۆ هەرچیەك کە نامەتلوبە، دەست نەکێشی لەجێبەجێ کردنی (قِسط)، یان ئەگەر زەرەری بۆ باوك و دایکتان بوو، بۆ خزمەکانتان بوو، نەك وازی لێ بهێنن لەبەرئەوەی کە ئەوان زەرەریان پێ نەگات، نەخێر.

ئێوە وادەزانن بەرژەوەندی ئەوان لەوەدایە، کە ئێوە فکر دەکەن، لەغەیری نیزامی ئیلاهیدا ئەوان خۆشبەخت دەبن، خەیاڵێکی نادروستە.

﴿إِن يَكُنْ غَنِيّاً أَوْ فَقَيراً فَاللّهُ أَوْلَى بِهِمَا﴾

ئەگەر ئەو کەسە کە تۆ لایەنگری لێ دەکەی لەسەر حسابی (قِسط)، (قِسط) ڕەچاوناکەی لەبەر بەرژەوەندی ئەو، ئەگەر دەوڵەمەند بێت یان فەقیر بێت، تۆ لەبەرئەوە (قِسط) ڕەچاونەکەی، کە لەتمەیەك بەسەروەتی ئەو نەکات، یان لەبەرئەوەی ڕەچاوی (قِسط) نەکەی، چونکە ئەو فەقیرە، ئەرزشی ئەوەی نییە، کە تۆ زەحمەتی بۆ بکێشیت، یان نەخێر فەقیرە و پیادەی نیزامی (قِسط) لەنەزەری تۆدا بۆئەو زیاتر ڕەنج ئاوەرە، نەخێر.

ئەگەر ئەو کەسە فەقیر یان دەوڵەمەندبێت، خوا سزادار ترە، خوا باشتر مەصڵەحەتیان دەزانێ، کە دەستور دەدات بەجێبەجێ کردنی (قِسط) نەك ئێوە، وادەزانن جێبەجێ کردنی (قِسط) بۆئەوان زەرەری هەیە یان بۆ خۆتان.

﴿فَلاَ تَتَّبِعُواْ الْهَوَى أَن تَعْدِلُواْ﴾

کەوابوو هوشداردەدات، نەکەونە دوای هەوەس و ئارەزوو، لەڕێگەی ڕاست لابدەن.

﴿وَإِن تَلْوُواْ أَوْ تُعْرِضُواْ فَإِنَّ اللّهَ كَانَ بِمَا تَعْمَلُونَ خَبِيراً﴾

ئەگەر ئێوە لەقسەکردندا زمانی خۆتان گەڕاند، زوبانتان پێچ دا، واتە لەجیاتی ئەوەی کە ڕێك بڵێن، شتێك نادروستتان وت، (قسط)تان جێبەجێ نەکرد، لەزەمینەی ڕەوشەنگەریدا دروست وەزیفەتان ئەنجام نەدا، ئەوجۆرە کەشایستەیە قسەتان نەکرد بۆ خەڵك.

﴿أَوْ تُعْرِضُواْ﴾

یان ئەگەر لەزەمینەی کار و عەمەلدا ڕوتان وەرگێڕا، ئەوە بزانن خوا ئاگایە بەو عەمەلانە کە ئێوە دەیکەن، کردارەکانتان لەڕۆژی قیامەتدا خۆیان خەبەر دەدەن، کە ئێمە دروستکراوی دەستی فڵان کەسین، دەرنەتیجە لەڕووی کرداری خۆتان موحاکەمەتان دەکرێت.

يَاأَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا كُونُوا قَوَّامِينَ لِلَّهِ شُهَدَاءَ بِالْقِسْطِ وَلاَ يَجْرِمَنَّكُمْ شَنَآنُ قَوْمٍ عَلَى أَلاَّ تَعْدِلُوا اعْدِلُوا هُوَ أَقْرَبُ لِلتَّقْوَى وَاتَّقُوا اللَّهَ إِنَّ اللَّهَ خَبِيرٌ بِمَا تَعْمَلُونَ(٨)المائدة

﴿يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُواْ كُونُواْ قَوَّامِينَ لِلّهِ شُهَدَاء بِالْقِسْطِ﴾

شەهادەت بە قسط دەبێت لەبەر خاتری خوابێت

ئەی ئەوانەی بەرنامەی خواتان ناسی و پابەندی بوون، ئێوە تەواوی تەمەنی خۆتان سەرفی ئەوە بکەن، کە ڕەچاوی و پارێزگاری حەق بکەن، (للّه) لەبەر خاتری خوا، نەك لەبەر ئامانجێکی تر، (شُهَدَاء بِالْقِسْطِ)، جۆرێك کە ئێوە بتوانن شەهادەت بدەن بە(قسط)، لەناو کۆمەڵگەی ئینسانیدا چۆن شەهادەت بدەن، واتە ئیسپاتی نیزامی (قسط) لەناو خەڵکدا بکەن و دایبمەزرێنن، خۆتان دەرکی بکەن، عەمەلی پێ بکەن و ڕاییگەیەنن، هەروەها کۆمەکی هاوکارانتان بکەن بۆ عەمەل پێ کردنی، شەهادەت بدەن بە(قسط)، واتە ئێوە وەها تەمەنی خۆتان لەڕێگەی جێبەجێ کردنی (قسط)دا سەرف بکەن، بیسەلمێنن بۆ خەڵکی، کە نیزامی (قسط) نیزامێکی عەمەلیە، خەیاڵی نییە ئیدئال نییە. ئەو جۆرە کە شایستەی عەمەل کردن نەبێت، بیسەلمێنن بۆ خەڵك، کە ئەمە شتێکە کە پیادە

دەبێت، ئیمکانی پیادەبوونی هەیە، تاخەڵك نەتوانن لەدواییدا کاتێ ئێمە موحاکەمەیان دەکەین، نەتوانن بڵێن ئێمە وامان دەزانی خەیاڵ بافییە قسەکردنە، وامان دەزانی کە شتێك نییە قابیلی پیادەبوون بێت، کەوابوو ئێوە تەمەنی خۆتان لەڕێگەی قیام بۆ خواو شەهادەت بە(قسْط)دا سەرف بکەن.

﴿وَلاَ يَجْرِمَنَّكُمْ شَنَآنُ قَوْمٍ عَلَى أَلاَّ تَعْدِلُواْ﴾

لەئایەتی پێشو تردا باسی ئەوەبوو، کە محەبەتی خۆتان و باوك دایك و خزمەکانتان لەجێبەجێ کردنی نیزامی (قسْط) لاتان نەدات، لەم ئایەتەش دەفەرموێ دوژمنی ئەوکەسانەی کە ئێوە بەچاکیان نازانن و کینەتان هەیە سەبارەت بەوان، نەبێتە هۆکاری ئەوەی ئێوە عەدالەت ڕەچاونەکەن و لە(قسْط) لابدەن، واتە نەمەحەبەت ببێتە هۆکاری لادان لەجێبەجێ کردنی (قسْط)، نەدوژمنی و کینە، هیچێك لەجێبەجێ کردنی نیزامی (قسْط) لاتان نەدات، نەك تەماشا بکەن کۆمەڵگەیەك کە کینەتان هەیە سەبارەت بەوان، کۆمەڵگەیەك کە ئێوە لەگەڵ ئەواندا پەیوەندیتان خۆش نییە، مەسەلەن زوڵمیان لێ کردوون، یان ئامادەنین کە هاوکاری لەگەڵ ئێوەدا بکەن، یان هەرشتێکی تر، لەبەرئەوە قینتان لێیان بکەوێت و (قسْط) جێبەجێ نەکەن، نەخێر.

دەبێت ئێوە تەنها لەبەر خوا کاربکەن، سەیری دۆستی و دوژمنی خەڵك نەکەن، چونکە ئەگەر سەیری دۆستی و دوژمنیتان کرد، ئەگەر (قسْط)تان لەبەر دۆستی و خزم و نزیکان یان لەبەر دوژمنی بێگانەکان چاوپۆشی کرد، ئیجرای (قسْط)تان نەکرد، کەوابوو توشی شرك بوون.

﴿اعْدِلُواْ﴾

ڕەچاوی عەدالەت بکەن، یەکسانی ڕەچاوبکەن، لەپەیوەندی ئینسانیتان لەگەڵ تاکەکانی تردا ڕەچاوی هەمتایی و یەکسانی بکەن، هەرکەس بەئەندازەی شایستەیی حەقی خۆی پێی بدەن، نەکەم نەزیاد، ئینجا نەزیاد لەزەمینەی

نابێت هیچ شتێك ببێتە بەربەست لەبەردەم پیادەکردنی قسْطدا

تۆڵەسەندنەوەدا، ئەگەر بڕیاربوو مەسەلەن تۆڵە بسێنن لەکەسێك زیاتری لێ نەسێنن لەو ئەندازەیە.

﴿هُوَ أَقْرَبُ لِلتَّقْوَى﴾

عەدالەت و ڕەچاوکردنی مساوات نزیکترە لەپارێزگاری.

﴿وَاتَّقُوا اللَّهَ﴾

پەیڕەوکردنی قِسْط و دوورکەوتنەوە لەعەزابی خوا

خۆتان لەعەزابی خوا بپارێزن، بەواستەی ڕەچاوکردنی (قِسْط)و عەدالەت، واتە ئەگەر نەهاتنە سەر ڕێگەی ئیجرای (قِسْط) و عەدالەت موتەقی نین، توشی عەزابی خوا دەبن، لەشێوەیەکدا ئەگەری بەهێز هەیە بۆئەوەی کە لەعەزابی خوا پارێزراوبن کە لەسەر ڕێگەی (قِسْط) و عەدالەت بڕۆن.

﴿إِنَّ اللَّهَ خَبِيرٌ بِمَا تَعْمَلُونَ﴾

بەڕاستی خوا ئاگایە بەوشتانەی کە ئێوە دەیکەن، لەدوایدا موحاکەمەتان دەکات بەپشت بەستن لەسەر ئاگایی خۆی، جا لێرەدا ئاماژەیەك بۆ ئەم دوو ئایەتە و ئایەتی (١٨)ی (ال عمران) بکەم و کەمێك ڕونیان بکەمەوە.

لەوێ خوا فەرمووی قائیم بە(قِسْط)ە، (أُوْلُواْ الْعِلْمِ) شەهادەت بەتەوحید دەدەن، {ئەزەر بەقیام بە(قِسْط)، شەهادەت بەتەوحید و قیام بە(قِسْط) و قیام بۆ خوا و شەهادەت بە(قِسْط) و شەهادەت بۆ خوا}، ئەم (پێنج) شتە نەتیجەکەیان یەکێکە:

١ ـ شەهادەت بەتەوحید واتە ئیسپاتی نیزامی خوا لەژیانی کۆمەڵگەی ئینسانیدا و موستەقەرکردنی.

٢ ـ قیام بە(قِسْط) ڕەچاوکردنی بەرنامەی خوا لەژیانی ئینسانیدا هەر ئەوەندە.

٣ ـ شەهادەت بۆ خوا، واتە مەحکومکردنی خەڵك لەقیامەتدا بەوەی کە دەڵێ من بەرنامەی (قِسْط)م پیادەکرد لەدنیادا هەر ئەومەفهومەکەیە.



Scanned by CamScanner

- قیام لله دەڵێ تەمەنی خۆم لەبەر خوا سەرفکرد، لەبەر ئیستیقراری نیزام و (قِسْط) هەر ئەو مەفهومەکەیە.

- شەهادەت بە(قِسْط) لەئیسپاتی نیزامی (قِسْط) لەژیانی بەشەرییدا کە هەر ئەو مەفهومەکەیە.

## قِسْط و یەکسانی ئیمکانات

ئایەتی(٩ و١٠)ی سورەتی (فصلت):

﴿قُلْ أَئِنَّكُمْ لَتَكْفُرُونَ بِالَّذِي خَلَقَ الْأَرْضَ فِي يَوْمَيْنِ وَتَجْعَلُونَ لَهُ أَندَاداً ذَلِكَ رَبُّ الْعَالَمِينَ * وَجَعَلَ فِيهَا رَوَاسِيَ مِن فَوْقِهَا وَبَارَكَ فِيهَا وَقَدَّرَ فِيهَا أَقْوَاتَهَا فِي أَرْبَعَةِ أَيَّامٍ سَوَاء لِّلسَّائِلِينَ﴾

ئەمەیە مەبەستی سەرەکی: (سَوَاء لِّلسَّائِلِينَ)

ئابووری ئیسلام و لەبەرچاوگرتنی ئینسانیەتی ئینسان

لەمانای (قِسْط)دا، وتم (قِسْط) واتە هەم لەمەرحەلەی ئیجادی مەخلوقات و هەم لەمەرحەلەی ئیدارەی ئموری کائیناتدا، خوا بەهەرشتێك بەشی رێکی خۆی بەبێ کەم و زیاد دەدات، دینی ئیسلامیش کە بەشێکە لە(قِسْط)ی موتڵەق، نیزامی حاکم لەسەر ئینسانە، کە لەهەر زەمینەیەکدا لەلەحازی ئیدارەی زیندەگی ئینسانەوە بەشی رێکی پێ دەدات، ئابووریش کە بەشێکە لەنیزامی دینی ئیسلام، بەرنامە و نیزامێکە کە لەلەحازی ئابوورییەوە لەهەر زەمینەیەکدا کە ئینسان نیازی هەیە، بەشی رێکی خۆی پێ دەدات، بەجۆرێك کە ئینسانیەتی ئینسان لەبەرچاو بگیرێت.

جا لەباسی پێناسەی ئابووریشدا ئەوەمان وت، کە بەپێچەوانەی پێناسەیەك کە (مارکسیزم) دەیکات لەئابووریدا، لەئیسلامدا پێویست نییە ئینسان حەتمەن بەئەندازەی توانایی کاربکات، چونکە (ژێرخان) ئابووری نییە و ئامانج تەنها بەدەستهێنانی جنس و خۆراك و پۆشاك و مەسکەن نییە، تائینسان بەئەندازەی



Scanned by CamScanner

توانای لەو زەمینەدا کاربکات، بەڵکو ئەگەر ئینسان لەڕۆژدا یەك یان دوو سەعاتیش کاربکات ئیتر بەسە، بەهۆی ئەم یەك دوو سەعاتەوە نیازی کۆمەڵگە ڕەفع دەبوو، ئیتر پێویست نییە لەوە زیاتر زیادە لەسەر ئەو نیازە کاربکات، چونکە ئینسان جگە لەئابووری مەسائلی تری زۆر مەترەحە بۆی.

ئیستیعدادی تاکەکان و تایبەتمەندی سیستەمی ئابووری ئیسلامی

یەکێك لەتایبەتمەندیەکانی سیستەمی ئابووری لەئیسلامدا ئەوەیە کە تەماشای ئیستیعدادی تاك دەکات، بەتێڕوانین بەجیاوازی ئیستیعدادی تاکەکان بۆ هەرکەس موافق و هاوسەنگی ئیستیعداد زەمینە موساعید دەکات، واتە هەرکەسێك چەنێك ئیستیعدادی هەیە لەزەمینەی فیکری و عەمەلی، یان لەزەمینەی فکر و ئازادی عەمەل ـ کە وتمان دوو ئیمتیازی ئینسانن ـ هەرکەس چەنێك ئیستیعدادی هەیە ئەوەندە زەمینەی موساعیدی پێ دەدرێت، کە فکر و ئازادی عەمەلی خۆی لەمەیدانێکی کراوەدا بخاتەکار.

لەم بابەتەدا یەکسانی موتڵەق بەرقەرارە لەنێوانی تەواوی تاکەکاندا، لەئیختیاردانانی زەمینەی موساعیددا، واتە لەمەدا کە دەبێت هەرکەسێك مەیدانی بۆ بکرێتەوە، بەئەندازەی فکر و توانای عەمەلی خۆی ئەگەر ویستی بوو بتوانێ کاربکات، لەمەدا هەموو کەس یەکسانە.

واتە ئیسلام لەبەرئەوەی سیستەمی (قِسْط)ە، کەمتر لەوە یان زیاتر لەوە کە ئینسان ئیستیعدادی فکر و عەمەلی هەیە، مەیدانی پێ نادات، کەمتر لەوەی پێ نادات، کە لەبەشی خۆی کەمتر ببات، زیاتریش لەوە نییە کە بێهودە دەردەچێ، کاتێك زیاترە لەئیستیعدادی ئەو بۆچی بیداتێ، تەماشای ئیستیعدادیان، نیازمەندییان، توانای فکری و عەمەلی تاکەکان دەکات، ئەمجارە حکومەتی ئیسلامی واقیعی زامنە بۆ موساعیدکردنی زەمینە بۆ تەواوی تاکەکان ـ انشاءالله لەدوایدا باسی دەکەین ـ



Scanned by CamScanner

نیستیعدادی تاکەکان و جیاوازی ئەو شتانەی کە ئینسان بەدەستیان دەهێنێت

لەبەرئەوەی ئیستیعداد لەتاکەکاندا جیاوازیان هەیە، کەوابوو زەمینەی موساعیدیش کە دەبێت بەهەرکەسێك بدرێت، جیاوازی هەیە لەگەڵ ئەویتردا، دەرئەنجامە جیاوازی پەیدادەبێت لەوشتانەی کە ئینسان بەدەستیان دەهێنێت، تەنها لێرەدا ئەوەندە دەڵێین کە لەلەحازی ئەوەوە کە دەبێت زەمینە موساعیدبێت، یەکسانی کامڵ هەیە، یەکسانییەك کە لەئیسلامدا مەترەحە ئەمەیە، واتە هەرکەس چەنێك ئیستیعدادی فکر و عەمەلی هەیە، چەنێك دەتوانێ تەفەکور و چەنێك دەتوانێ ئەو فکرە و ئەو نەتیجەی فکری خۆیە جل و بەرگی عەمەلی پێ بپۆشێ، دەبێت ئەوەندە ڕێگەی بۆ خاڵی بکرێت، یەکسانی واتە ئەمە، نەك کەسێك ئیستیعدادی فکری و عەمەلی (١٪)و، یەکێکیش (٩٩٪)یە، بڵێین هەردووکیان وەك یەك زەمینەیان پێ بدرێت، ئەوە ستەمە، ئەوە یەکسانی نییە.

هەرکەس بەپێی ئیستیعدادی خۆی زەمینەی پێدەدرێت

واتە ئەوانەی ئیستیعدادیان زیاترە، ئیسلام زەمینەی کەمیان پێ نادات، بڵێ با زیاتر لەوانی تر ئێوە بەرخوردارنەبن، چونکە ئەوە سەرکوتکردنی ئیستیعدادی ئینسانە، ئەوانیش کە ئیستیعدادیان کەمترە بەبێ هۆ زەمینەی زیادیان ناخاتە بەردەم، مەیدانی گەورەیان ناخاتە بەردەست، لەگۆشەیەکدا دەتوانن کاربکەن، ئەوانی تر هیچ بێهودە و ماتڵ دەمێنن.

ئەوەیە کە لەم دوو ئایەتەدا دەفەرموێ: " بڵێ ئایا ئێوە حەقیقەتی ڕۆشنی یەکتایی خوا لەفەرمانڕەوایی و فەریادڕەسیدا ئینکار دەکەن؟ ئەو حەقیقەتە دادەپۆشن؟ خوایەك کە زەوی دروستکرد لەماوەی دوو ڕۆژدا".

ئینجا لەپێشدا لەبارەی دوو ڕۆژەکەوە ڕوونکردنەوەیەك بدەم، زەوی لەماوەی دوو ڕۆژدا دروستکرد، ئێوە حەقیقەتی یەکتای خوا دادەپۆشن و هاوتا و شەریکی بۆ قەرار دەدەن، کەسێکی تر یان شتێکی تر، کە نەیتوانیوە زەڕەیەك شت خەلق بکات، خۆی مەخلوق و دروستکراوە، لەگەڵ ئەوەدا دەیکەنە هاوتا و شەریك، لەمەدا کە فەرمانبورداری لێ بکەن یان بیکەنە فریادڕەس، فەرمانڕەوا و

فریادڕەسی واقعی جیهانیانی تاکەکانی ئینسان ئەوە، ئەوە کە دەسەڵاتی ئاوای بووە ئەم زەویەی لەدوو ڕۆژدا دروست کردووە، حەیفە ئینسان جگە ئەو فەرمانڕەوای تر و فەریادڕەسێکی تر قبوڵ بکات.

هەروەها لەماوەی دوو ڕۆژی تردا لەدوای دروستکردنی خودی زەوی ئەو کەژە موحکەم و پتە و جێگیرانەی لەسەر زەویەوە دانا، کە لەجێگەی تردا دەفەرموێ وەك مێخ دایچەقاندوون، بۆئەوەی زەوی ئەملاو ئەولا نەکات، لەرزەی تێدا پەیدانەبێت و مرۆڤەکانی دانیشتوی زەوی لەجێی خۆیان هەڵنەکنێن و ئەملاوئەولا نەکەن، واتە زەوی چونکە بەخێرایی دەسوڕێتەوە، ئەگەر ئەم کەژانە نەبوایە هاوسەنگی بەشەکانی زەویان بپاراستایە، لەکاتی خێرایی سەیردا ئەگەری هەڵوەشان بوون یان لەرزە و ئیزتیرابی دەبوو، ئەم کەژانە وەك مێخ داکوتاون بەسەریدا بۆئەوەی لەوانە بیپارێزن.

جا لەڕاسەریەوە کەژە جێگر و بتەوەکانی دروستکردن تابیپارێزن، هەروەها زەوی پڕکرد لەبەرەکەت لەخەیری هەمیشەیی لەنیعمەت و چاکەی بەردەوام، هەم سەری زەوی، هەم لەناوی زەوی، سەری زەوی وەك (گیا، درەخت، حەیوانات، هەوا، ئاو) ناوی زەویش وەك کانزا و سەرچاوەکان و ئەو جۆرە شتانەی کە هەیە لەژێر زەویدا.

ئەمانەی هەموو تێدا داناوە، کە ببنە هۆی خۆش بەختی ئێوە، زەمانەها تائینسان تەمەنی هەیە لەزەویدا، لەم نیعمەتە بەردەوامانە ئیستیفادە بکەن، هەروەها لەم دوو ڕۆژەدا کە ئەم کارانەیکرد هەرچی خۆراك لەسەر زەویدا ئیمکانی هەیە پەیدابببێت دروستی کرد، هەرکام بەئەندازەیەکی دیاری کراو، بێ کەم و زیاد، جۆرەها گیا و درەخت کە بەریان هەیە، ئینسان ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ ئیستیفادەیان لێدەکات، بەئەندازەیەکی دیاریکرلو، بێ کەم و زیاد، لەسەر زەویدا دایبنان، بۆئەوەی ئینسان زیندەگی بکات.



Scanned by CamScanner

ئینجا ئەمانە هەموو لەچوار ڕۆژدا، واتە دوو ڕۆژەکەی دروستکردنی زەوی، بئیزافە دوو ڕۆژی ئەمانیش، مەجموعەن دەبێتە "فی اربعه الایام" مەجموعەن لەچوار ڕۆژدا، دوو ڕۆژی ئەو، دوو ڕۆژی ئەم، ئەمە چوار ڕۆژ.

﴿سَوَاءً لِّلسَّائِلِينَ﴾ - یەکسانی ئیمکانات - ئەوشتانە کە دروستی کردون لەسەر زەوی و لەناو زەویدا ڕێك و یەکسان، بێ کەم و زیاد، ئەوەتان لەئیختیاری داواکاراندا، مەسئەلەکە کە وتمان یەکسانی ئیمکانات، واتە بەئەندازەی نیاز و داواکاری ئەفرادی ئینسان شتمان دروستکردووە و بەشێوەی یەکسانیش لەئیختیاریاندایە، کەس کەمتر لەوە کە داوا دەکات نییە لەئیختیاریدا و زیاتر لەوەش نییە، ئەگەر نیزامێکی ئیسلامی حاکم بێت، ئەگەر نیزامی ئیسلامی حاکم نەبوو ئەوە مەسئەلەیەکی ترە، چونکە ئینسان ئیختیاری هەیە خۆی دەیشێوێنێ، بەڵام خوا وای دروستکردووە کە هەر فەردێك بەئەندازەی داواکردنی خۆی، ئەم داواکردنەش لەئەنجامی ئیستیعدادی عەمەلی و فکرییە، هەر فەردێك بەئەندازەی داواکردنی و ئیستیعدادی فکری و عەمەلی خۆی لەم نیعمەتانە کە خوا دروستیکردوون بەبێ کەم و زیاد لەئیختیاریدایە.

نیعمەتەکان بەئەندازەی نیازی ئینسان دروستکراون

ئەم نیعمەتانەش بەئەندازەی نیازی ئینسانەکانە لەوە زیاتر نییە، تا ئەگەر هەندێك لەتاکەکانی ئینسان زیاتریان برد، هیچ عەیبێکی نەبێت و ئیعتیرازیان لێ نەگیرێت، هەروەها کەمتریش نییە، مەسەلەن وەك ئەوەی کە ئەوسا منداڵیان دەکوشتن و بەمنداڵی زیندە بەچاڵیان دەکردن، دەیانوت چونکە ڕزق و ڕۆزیمان نییە پێیان بدەین، بەشی ئەوانیش هەیە.

واتە ئیمکانات بۆ بەدەستهێنانی مەتاع و مەنفەعەتی مەوردی نیاز، بەشێوەی یەکسان لەئیختیاری هەموو کەسدا هەیە، هەموو کەس ئیمکانی هەیە بەبێ ئەوەی جیاوازی بکرێت لەنێوان تاکەکان، لەنێوان خانەوادەدا، چینەکاندا، میللەت و

هۆزەکاندا، بەشێوەی یەکسان دەبێت هەموو کەس بەئەندازەی توانای فکری و روانینی خۆی ئیستیفادە بکات.

رونکردنەوەی مانای (الایام الیومین)

جا مانای (الایام الیومین) ڕوونبکەمەوە، سەرنج بدەن، دەفەرموێ زەوی دروستکرد لەدوو رۆژدا، لەدواتریش بەقیەی شتەکانی تر لەدوو ڕۆژدا، ئەمە چوار ڕۆژ.

ئەو ڕۆژە ئەم ڕۆژە نییە کە ئێستا ئێمە فکری دەکەین، چونکە ئەم ڕۆژە لەدوای خەلقی زەوی دروست بووە، بریتییە لەسەردەمێك کە زەوی لەماوەیەکی دیاریکراودا دەگەڕێت بەدەوری خۆردا، دەی ئەو دەفەرموێ لەدوو ڕۆژدا زەوی دروستکرد، واتە ئەو ڕۆژە کە دەفەرموێ بێجگە ئەم ڕۆژانەیە، سەردەمێك کە زەوی نەبووە ئەوانە بوون.

ئینجا لەئایەتی تردا خوا دەفەرموێ ڕۆژ لەلای خوا وەك هەزار ساڵی لای ئێوەیە، هەزارەکەش بۆ تەکسیرە، واتە ڕۆژی لای خوا زەمانێکی زۆر زۆر دوورودرێژە، وەك رۆژی ئێوە نییە ئەوە پێوەری ئێوەیە، لەبەرئەوەی خۆتان بچوکن پێوەرەکانیشتان بچوکە، تەنانەت ئێستا لەکوراتی تردا شەو ڕۆژ فەرق دەکات وەك لێرە.

مەسەلەن لەهەسارەی (زوحەل) یان لە(موشتەری)دا، زۆر زۆر شەو ڕۆژی درێژترە، وەرزی درێژترە تا ئێرە.

دەرنەتیجە ئەم دوو ڕۆژە کە زەوی تیایدا دروست کراوە، لەئایەتی تردا دەفەرموێ ئاسمانیش دوو ڕۆژ ئەمە چوار، کاتەکان و نیعمەتەکانیش دوو، ئەمە شەش.

خەلقکردنی ئاسمان و زەوی لەشەش مەرحەلەی ترلانیدا

کۆی دروستکردنی ئاسمان و زەوی و هەرچی لەناویاندایە، هەمووی دەبێتە شەش ڕۆژ، ئەم شەش ڕۆژە، یانی شەش مەرحەلەی زەمانی دوورودرێژ، واتە لەشەش مەرحەلەدا لەسەرەتای ئیجادی زەرات و عەناصرەکەوە، تاکاتێك کە ئاسمان و زەوی شێوەیەکی ئەلئانیان گرتووە لەخۆیان، شەش مەرحەلەی درێژ لەزەمان تەی



Scanned by CamScanner

کراوە، وەک مەسەلەن دەڵێ دەورانی یەکەم و دەورانی دووەم و سێیەمی زەوی شوناسە ـ ئەڵبەتە نەک ئەمە، ئەمە مەفهومی ئەوە نییە، بەڵام دەڵێن گوایە بەوجۆرە ـ واتە شەش مەرحەلەی دوودرێژ لەزەمان تێپەڕیووە، تا لەسەرەتای وجودی عەناصرەوە، ئەو عەناصرە گەیشتونەتە حاڵەتێك کە ئیتر (ئاسمان و زەوی و ەساره و خۆر و مانگ و ... هتد)یان بەشێوەیەکی تەواو لێ دروست بووە.

هەروەها بۆ تەئکید لەسەر ئەو مەسئەلە کە حەتمەن ئەشیائی مەوریدی نیازی ئینسان کەمتر و زیاتری لەنیازی ئینسانەکان نییە.

ئایەتی (٨)ی سورەتی(الرعد):

﴿اللَّهُ يَعْلَمُ مَا تَحْمِلُ كُلُّ أُنثَى وَمَا تَغِيضُ الأَرْحَامُ وَمَا تَزْدَادُ﴾

خوا لەهەر حەملێك ئاگایی کامڵی هەیە، هەرشتێك هەر مێینەیەکی باردار لەسکیدا هەڵی دەگرێت، واتە لەبارداری هەرچی مێینەی باردارە خوا ئاگایی هەیە، ئاگاییەکەی سنوردار نییە لەهەندێ شتدا، هەم لەئینساندا، هەم لەتەواوی گیانلەبەراندا، لەسکی هەر حامیلێکدا هەر حەملێك هەیە خوا ئاگایی کامڵی لێی هەیە، دەزانێت چییە، تایبەتمەندی چۆنە، زەمانێ بەشێوەی قەرارگرتنی سەرەتا و کۆتایی و بەسەرهاتی هەمووی دەزانێ، هەروەها هەرچیەك کە (ڕەحم) فاسدی دەکات و لەناوی دەبات. کاتێك کە سەرەتایە عەناصرێك کە کۆرپەلەی لێ دروست دەبێت لەڕەحمدا قەراردەگرێت هەندێ کات زایەع و فاسدی دەکات، وەك ئاوێ کە دەڕواتە ناو زەوی، واتە تێکی دەدات ئەوەش دەزانێ، دەزانێ ئەگەر کاتێك ڕەحم لەو حاڵەتی ئاسایی خۆیە تێپەڕی کرد و بووە هۆکاری فەسادی ئەو نوتفە کە لەناویدایە، ئەو ئاگاییەشی هەیە.

﴿وَمَا تَزْدَادُ﴾

هەروەها ئاگایی کامڵی هەیە لەوەی کە هەر ڕەحمێك (ڕشت و نمو) و زیادکردنی بگاتە ئەو کۆرپەلەیە کە تیایەتی، بەپێچەوانەی ئەوەیان کە فاسدی



Scanned by CamScanner

دەکات، واتە هەم ئەوە کە خراپ کاردەکات و کۆرپەلەکە فاسد دەکات و دەیتوێنێتەوە و دەیکاتە ئاو، هەم ئەوەی کە ڕشت و نموی پێ دەدات و زیادی دەکات، خوا لەهەموو ئەمانە ئاگایی هەیە.

ئیجا ئەوەی مەبەستی ئێمەیە، بەشی دووەمە.

﴿وَكُلُّ شَيْءٍ عِندَهُ بِمِقْدَارٍ﴾

هەرچی کاری خوایە بەپێی ئەندازەیە

هەرچی شتە لەلای خوا بەئەندازەیەکی دیاریکراوە، بێ کەم و زیاد، واتە هیچێکی دروست نەکردووە لەئەندازەیەك کە دیاری کردووە کەمتر بێ یان زیاتر بێ، هەرشتێك ئەندازەیەکی هەیە بۆ خۆی، کەمتر لەوە نابێت، زیاتر لەوەش نابێت، بێهودەکاری لەکاری ئەودا نییە.

تەواوی ماددەکانی سروشت و تەواوی تاکەکانی ئینسان یەکسانن

کەوابوو ـ ئێستا کە باسی ئێمە ئابوورییە ـ ئەو مەوادانەی کە خوا لەسروشتدا دایناون، ئەو نیروی فکر و عەمەلییەی ئینسان هەیەتی، دەتوانێت لەو مەوادە ئیستفادە بکات، ئەم دوو لایەنە ئەمانە، کە لەلایەکی تر نیروی فکری و عەمەلی ئینسانە، لەلایەکی تریشەوە مەوادی سروشتییە، ئەمانە (بەئەندازە)بمقدار، هەرکام ئەندازەی دیاریکراویان هەیە، واتە تەواوی تاکەکانی ئینسان لەلایەکەوە لەبەرچاوبگرین ـ توانای فکری و عەمەلیان ـ لەلایەکیشەوە تەواوی ئەو مەوادانەی لەسروشتدان و بۆ ئیستیفادەی ئینسان دانراون لەبەرچاوبگرین، دروست تەواوی ئەو مەوادانە یەکسانە بەتاکەکان بەبێ کەم و زیاد.

کەوابوو ئەگەر هاتوو تاکێك زیاد لەئەندازەی ئاسایی خۆی سەرفی کرد و ئیستیفادەی لەمەواردی سروشتی کرد، بەشی یەکێکی تری خواردووە، یان ئەگەر نەصڵێك زیاد لەئەندازەی خۆی یان میللەتێك، یان نەژادێك، یان وڵاتێك، زیاد لەئەندازەی خۆی ئیستفادەی کرد، بەشی خەڵکێکی تریان زایەکردووە، خەڵکێکی تر نەداردەبن و بێ بەش دەبن.

Scanned by CamScanner

بۆیە لێرەدا دەستوری میانڕەوی لەتەواوی مەسائیلی ئابووریدا، لەنیزامی ئابووری ئیسلامدا هەیە، لەبەرامبەریشەوە کەمتر لەوەش لەنیازی سنوری وەسەت پێویست ناکات، کە ئینسان خۆی پابەند بکات، بڵێ حەتمەن من کەمتر لەنیازی ئاسایی و عادیلانەی خۆم سەرف بکەم تا بەشی خەڵکی بمێنێ، نەخێر، بەشی ئەوانیش هەیە، ئەڵبەتە لەکاتێکدا کە نیزامی دروست حاکم بێت، بەڵام ئێستا ئینسان تەنانەت نیوە تێریش بێت ئەوی تری بداتە خەڵك، هەر نیازیان ڕەفع نابێت، چونکە هەندێکی تر ئەوانی تریان زەوت کردووە بۆخۆیان.

بەڵام ئەگەر نیزامی ئابووری ئیسلام حاکم بێت، تەنانەت لەدەرهێنانی کانگە و کانزاکان و سەرچاوە سروشتیەکاندا، دەبێت زۆر بەوردی و میانڕەوی ڕەچاوبکرێت، کە هەروەك کەمتر لەنیازی خەڵك دەرنایەت، زیاتریش دەرنەیەت.

توانای فکری و عەمەلی تەواوی ئینسانەکان لەگەڵ ڕەفعی نیازیان یەکسانن

بابەتێکی تر هەر پەیوەست بەمەوە، ئیستیعدادی فکری و عەمەلی تەواوی ئینسانەکان بەئەندازەی ئەوەیە کە ڕەفعی نیازی خەڵك لەهەموو زەمینەیەکدا بکرێت، کەوابوو تاکێك کە (فەلەجە، کوێرە، ناتوانایە، نەخۆشە، پیرە، منداڵە) هەرچییەك هەیە ناتوانێ نیازی خۆی پڕبکاتەوە، بەئەندازەی ڕەفعی نیازی ئەو ئیستیعدادی فکری و عەمەلی ئەوەتا لەلای تاکێکی تر، دەرنەتیجە بۆیە لەئیسلامدا دەستور دەدرێت ئەوانەی توانای فکری و عەمەلیان زۆرترە، دەبێت مەسرەفی ئەوانە بکێشن کە ناتوانن، چونکە نیروەکەی ئەوان لای ئەمانە.



Scanned by CamScanner

## بێ کەم و زیاد و بەئەندازەی نیازی ئینسان، مەتاع بوونی هەیە بۆ ئیستیفادە

دوای ئەوەی زانیمان ئینسان نیازی هەیە و مەوادیش لەسروشتدا هەیە، دەبێت ئینسان هەوڵبدات بۆ ئیستیفادەکردن لەو مەوادە، یان لەو مەتاعانە، لەچەند جۆردا دەتوانێ ئیستیفادە بکات.

ئایەتی(٣٦)ی (القصص) گۆشەیەك لەوە دەگەیەنێ، گۆشەیەکیشی لەباسەکانی پێشووتردا باسکرا، کە ئاماژەی بۆ دەکەم، لەم چوار جۆرەدا ئیستفادە لەمەتاع دەکرێت: (کشتوکاڵ، بازرگانی، پیشەسازی، ئەجر ـ کرێ).

ـ کشتوکاڵ:

کشتوکاڵ و چۆنیەتی پڕکردنەوەی نیازی ئینسان

ئەوەیە کە مەوادێك نیوە پاك لەسروشت وەردەگرێت دەیدەیتەوە دەست سروشت خۆی، دەیدەیتە دەست زەوی، دیسان ئەوەندەی ترت بۆ دروست دەکات تائیستیفادەی لێ بکەیت، مەسەلەن گەنم کە مادەیەکی نیوە پاکە، چونکە نەکراوەتە نان لەزەوی هەڵی دەگریت هەندێکی پاك دەکەیت، ئیستفادەی لێ دەکەیت، هەندێکی تری دووبارە دەدەیتەوە بەخۆی، دیسان زیادی بکات و ئیستیفادەی لێ بکەیت، کشتوکاڵ ئەوەیە لەسروشت خۆی مەوادێکی نیوە پاك و نیوەکام وەردەگریت، ئەوەی ئیستیفادەی لێدەکەی، دەیکەی، ئەوەش کە دەتەوێ دووبارە بەردەوامی ببێت دەیدەیتە خۆی، خۆی دروست دەکات، دووبارە زیادی دەکات.

کشتوکاڵ کە ئیتر هاوشێوەی ئەمە، هەم درەخت ناشتنە، هەم گەنم وەشاندنە، تەواوی ئەم جۆرە شتانە، سەبارەت بەکشتوکاڵ کە خوا دەفەرموێ "لەهەور ئاومان ناردووەتە خوار و ئەوکاتە ئەنواعی جۆرجۆر لەوانەی کە سەوزدەبن لەگیا و درەختمان سەوزکردووە بۆتان". لێرەدا ئایەتی تایبەتم بۆ نەهێناوەتەوە، تاوەکو باسەکە درێژە نەکێشێت.

- پیشەسازی:

پیشەسازی و جۆنیەتی پڕکردنەوەی نیازی ئینسان

واتە مەوادگەلێکی تەواو خاو لەسروشت وەردەگریت و خۆت پاکیان دەکەیت، ئیتر نایدەیتە دەست سروشت کە زیادی بکات، بۆنمونە (بەرد) لەکانگە دەردەهێنی دەیتوێنیتەوە دەیکەیتە (ئاڵتون، زیو، ئاسن) هەموو بەردێ نا، تەنیا ئەو بەردە کە دەتوانی، پیشەسازیش لەئایەتی(٢٥)ی سورەتی (الحدید)دا وشەی (حدید)مان باسکرد، ئەوەش ئاماژەیە بۆ پیشەسازی.

- بازرگانی:

بازرگانی و جۆنیەتی پڕکردنەوەی نیازی ئینسان

دوای ئەوەی بەهۆی کشتوکاڵ یان بەهۆی پیشەسازی مەوادێك مەوردی ئیستفادە بەدەست هات ئاڵوگۆڕیان دەکرێت، ئەوەی لەبەرووبومی کشتوکاڵی هەیەتی زیادە لەخۆی، دەیداتە ئەوی تر کە لەبەرووبومی پیشەسازی هەیەتی دەیداتە ئەویتر، هەرکەس زیادە لەخۆی دەیداتە ئەوی تر و ئاڵوگۆڕ ئەنجام دەدرێت، کە پێی دەڵێن (بازرگانی). هەر لەئایەتی سورەتی (النساء) لێرەدا باسی دەکەین. (إِلاَّ أَن تَكُونَ تِجَارَةً) و تەفسیرەکەمان کردن، ئەوەش بۆئەوە.

- کرێ، ئەجر:

ئەجر و جۆنیەتی پڕکردنەوەی نیازی ئینسان

شێوەیەکی ترمان هەیە کە دەبێتە (کرێ، ئەجر، بەپاداشت کارکردن بۆ کەسێکی تر)، کە ئەوەیە لەسورەتی (القصص)دا باسی دەکەین، ئەمیش ئەوەیە کە ئینسانێك خۆی مەوادی خاو لەئیختیاریدا نییە بۆئەوەی یان بەهۆی کشتوکاڵ زیادی مەوادی پێ بکات، یان مەوادی خاوێك کە لەسروشت بەدەستی دەهێنێت پاکی بکات و ئیشی تێدابکات، واتە ناتوانێ، ئیتر یان بۆی ڕێك نەکەوتووە یان تاقەتی نییە، نەدەتوانێ کشتوکاڵ یان پیشەسازی بکات، لەوانەیە گونجاویش نەبێت بۆی، یان سەرگوێی ئەوەی نییە، یان هەرچییەك هەیە، بازرگانی و ئاڵوگۆڕیش ناتوانێ، بۆیە بەکرێ کاردەکات، واتە دەڕواتە لای یەکێك لەوانە، دەڕواتە لای ئەوەی کاری پیشەسازییە، یان ئەوەی کاری کشتوکاڵە، یان ئەوەی



Scanned by CamScanner

که بازرگانی دەکات، لەلای ئەوە میقدارێکی دیاریکراو کاری بۆ دەکات، زەحمەتی بۆ دەکێشێ لەبەرامبەرەوە کرێ داوادەکات. کە دەفەرموێ:

﴿قَالَتْ إِحْدَاهُمَا يَا أَبَتِ اسْتَأْجِرْهُ﴾ القصص (٢٦)

ئایەتی قورئان بۆ سەلماندنی کرێ لەئیسلامدا

حەزرەتی (موسا) کاتێك لەماڵی فیرعەوندا بوو - ئاخر لەماڵی فیرعەوندا گەورەبوو - ڕۆژێك ڕۆشتە بازاڕ، یەکێك لەفیرعەونەکانیان شەڕ دەکات لەگەڵ کەسێکی بەنی ئیسرائیلیدا، ئەویش ڕۆشت ناوبژیان بکات - زۆرداربوو - نەیزانی مشتەکۆڵەیەکی دا لەکابرای فیرعەونی و کوشتی، لەدواتردا ویستیان بیکوژن ئەمیش بۆی دەرچوو، ئیجا لە(میسر) ڕای کرد، هات بۆ (مەدیەن) کە لەناوەڕاستی عەرەبستان و فەلەستیندایە، ئەوکاتە هاتە (مەدیەن)، ئەوەبوو لەپێشدا هاتە دەرەوەی دێکە، ئاوایی دێکەوە - یان شار یان ئاوایی - چاڵێکیان هەبوو لەوە ئاویان دەردەهێنا بۆ حەیوانات ئاوی ڕانەکەیان دەدا، ئەمیش سەیری کرد، هەرکەسێك دێت، هەرزەکارێك دێت دەست دەکاتە ئاو دەرهێنان بۆ پەزەکانی خۆی، دوو کچی فەقیریش لەو دوورەوە دانیشتوون کزەیان کردووە، چاوەڕێن تا ئەم خەڵکە هەمووی بڕواتەوە، ئەوکاتە بێن ئاوی ئاژەڵەکانیان بدەن، ئەمیش ڕۆشت، وتی: ئا وەرنە پێشەوە، بەیەکجار قۆڵی هەڵماڵی، هەرچی شوان هەیە لەترسدا دەرچوون، سەری چاڵە ئاوەکەیان بۆ چۆڵ کرد، ئەمیش ڕۆشت ئاوی بۆ هەڵکۆزان بەرگری لەزەعیفی ئەوان کرد، ئاوی پێدان و ڕۆشتنەوە، کە ڕۆشتنەوە باوکێکی پیریان بوو - جا هەندێ هەن دەڵێن حەزرەتی شوعەیبە، بەڵام ئەگەری هەیە ئەو نەبێت، ئەگەرێك تا ئەندازەیەك لاواز هەیە ئەبێت - باوکیان پیاوێکی پیری موسڵمان بوو، کە ڕۆشتنەوە باوکیان سەری سوڕما، چۆن ئەوەندە زوو هاتنەوە؟ وتیان پیاوێکی ئاوا نەناسراو هات و ئاوی بۆ دەرهێناین، ئەویش وتی بڕۆن بانگی بکەن، تا بێت بۆ ئێرە و بزانین چۆنە و کرێکەی پێ بدەین و لەجیاتی ئەوەی ئەوکارەی کردووە، یەکێ لەکچەکان هات.

جا قورئان دەفەرموێ: ﴿تَمْشِي عَلَى اسْتِحْيَاء﴾ القصص (٢٥)

بەشەرم و حەیاوە هات بۆلای، وتی باوکم بانگت دەکات، دەڵێت بێت کرێی ئەو زەحمەتەی کە کێشاوییەتی پێی بدەم، ئەویش حەزی دەکرد، چونکە کەسی نەبوو غەریب بوو، هەستا ڕۆشت بۆ ماڵیان، ئیجا لەو یەکتربینینەدا کە لەگەڵیدا کردی، ئەو دوو جار چاوپێکەوتنە، یەکێك لەکاتی ئاو دەرهێنانەکەدا بۆی ڕوونبووەوە کە زۆر نیرومەندە (بەهێزە)، زۆر کوڕانە ئاوەکە هەڵ دەگۆزێ، یەکێکیش لەچاوپێکەوتنەکان سەیری دەکرد زۆر ئەمینە، سەیرکردنی لەگەڵ ئەم کچەدا جۆرێك نییە، کە خیانەت بگەیەنێ، ئەوەبوو کە ڕۆشتنەوە ماڵ باسی بۆ کرد.

جۆر و وەرگرتنی کرێ لەلایەن حەزرەتی موساوە

باوکی وتی: چۆن هاتووی؟ وتی: من ئاوامە و ناوم فلان کەسە و لەدەستی فیرعەون دەرچووم، ئێستا دەترسم بێن بەشوێنمدا بۆ ئێرە، فەرموی: نەخێر، تازە لەدەستیان دەرچوویت ئیتر نەجاتت بووە.

ئەوکاتە کچەکە وتی "بابە ئێمە تاکەی ئەم زەحمەت و ناڕەحەتیە بکێشین و ئەم کوڕە چاکە و هەم نیرومەندە و هەم ئەمانەتدارە تۆ بیگرە بەکرێ با کارمان بۆ بکات و پەزەکانمان بۆ بلەوەڕێنێ، ئیتر ئێمەش نەجاتمان ببێت ئێمە حەزدەکەین لەماڵدا کاربکەین نەڕۆینە دەر"، ئەوەیە کە دەفەرموێ (قَالَتْ إِحْدَاهُمَا) یەکێکیان وتی (يَا أَبَتِ اسْتَأْجِرْهُ) باوکە بیگرە بەکرێ، واتە: ئەو نیروی عەمەلی خۆی بداتە تۆ، تۆش لەبەرامبەری ئەوە پاداشتێ کرێیەك، شتێ بدەیتە ئەو. کەوابوو کرێکاری و عەمەلی لەقورئاندا ئەساسی هەیە و دروستە، انشاالله دواتر دەگەینە ئەو بابەتانەی کە ئیستیسمار تا چ سنورێکە، ئایا ئینسان خۆی بکاتە کرێکار، موتڵەقەن هەر ئیستیسماری دەکرێت یان ناکرێت؟ ئەوە لەباسەکانی ترە.

﴿إِنَّ خَيْرَ مَنِ اسْتَأْجَرْتَ الْقَوِيُّ الْأَمِينُ﴾



Scanned by CamScanner

چونکە باشترین کەسێ کە تۆ گرتوتە بەکرێ، هێشتا نەیگرتبوو، ئەم ئەوەندە حەزی کرد، وتی: (اسْتَأْجَرْتَ)، لەجیاتی ئەوەی بڵێت (تستاجیره) لەوەی کە دەتەوێت بیگرێتە کرێ، پیاوێکی باشە بەزمانی ڕابردوو وتی، بەڵکو ئیتر بابەی تازە پەشیمان نەبێتەوە، وتی ئەم باشترین شەخصە کە تۆ تا ئێستا گرتوتە بەکرێ، هەم (بەتوانایە) هەم (ئەمانەتدارە)، تەعریفی زۆری کرد بۆ بابەی، ئیجا ئەوەبوو لەدوایش باوکی دەرکی کرد، کە ئەم کچە نیازی ئەوەی هەیە کە لەماڵدا دانیشێت، گەیشتۆتە سنورێك کە خانەوادەیەك پێك بهێنێت.

خۆی پێشنیاری بۆ کرد، یەکێك لەم کچانەت پێدەدەم، تۆش (٨ یان١٠) ساڵ شوانی بکەی بۆ ئێمە لەبەرامبەر ئەوەوە، هەرکامیان بوو (٨) ساڵەکەی بەلای کەمەوە، جا ئەگەر دوو ساڵەکەش زیادبکەی، ئەوە ئیتر پیاوەتیت کردووە، ئەویش وتی باشە (٨) ساڵەکە قبوڵمە، (٢) ساڵەکەش تۆ زوڵمت نەکرد، خۆم ئارەزووم بوو دەیکەم ئەگەرنا، نایکەم. ئیتر لەوێوە یەکێك لەکچەکانی ئەوی خواست و لەدوای ماوەیەك لەوێ، دیسان ڕۆشتەوە بۆ مصر.

کرێکاری یەکێکە لەشێوازەکانی بەدەستهێنانی مەتاع

کەوابوو (کرێ گرتن و کارگەری و عەمەل)یش یەکێکە لەشێوازەکانی بەدەستهێنانی مەتاع و ئیستیفادە لەمەنافیعی سروشتی، ئەمجارە کاتێك زانیمان بەچوار جۆر ئێمە دەتوانین مەنافیع بەدەست بهێنین، هەروەها بەسەرنجدان بەوەی لەسەرەتاوە وتومانە هەرچی شتە لەئیختیاری ئینساندایە، ئایا ئیتر بێ قەیدوبەند هەروا ئینسان دەنیشێتە مل هەرچی شتە دەیهێنێ و تەپەی دەکاتە مل یەك و دەیخوات؟ یان ئەویش شەرایتێکی هەیە؟

ناوەڕاستی ئایەتی (١٥٧)ی (الاعراف) و ئایەتی (٢٩)ی (النساء) ئەم باسە ڕۆشن دەکاتەوە، ئەڵبەتە بۆئەوەی دڵنیابن، ناوەڕاستی ئایەتەکە پێش و کۆتاییەکەی شتێکی تێدانییە من شاردبێتمەوە، ئەویشتان بۆ مانا دەکەم، دەفەرموێ پێش لەم ئایەتە ئەشکەنجە و عەزابی خۆم بەهەرکەس ئارەزووم بوو

دەگەیەنم بەئەفرادێکی تایبەت، بەڵام ڕەحمەت و میهرەبانیم لەدنیادا هەرچی شتە داگیری کردووە، لەقیامەتیشدا بۆ ئەوانەیە کە پارێزگارن، زەکات دەدەن، واتە لەوەی کە هەیانە بەشی خەڵکی دەدەن، هەرچیەك ببێت، هەروەها پابەندی ئایات و بەرنامەی ئێمەن.

الَّذِينَ يَتَّبِعُونَ الرَّسُولَ النَّبِيَّ الأُمِّيَّ الَّذِي يَجِدُونَهُ مَكْتُوبًا عِندَهُمْ فِي التَّوْرَاةِ وَالإِنْجِيلِ يَأْمُرُهُم بِالْمَعْرُوفِ وَيَنْهَاهُمْ عَنِ الْمُنكَرِ وَيُحِلُّ لَهُمُ الطَّيِّبَاتِ وَيُحَرِّمُ عَلَيْهِمُ الْخَبَائِثَ وَيَضَعُ عَنْهُمْ إِصْرَهُمْ وَالأَغْلاَلَ الَّتِي كَانَتْ عَلَيْهِمْ فَالَّذِينَ آمَنُوا بِهِ وَعَزَّرُوهُ وَنَصَرُوهُ وَاتَّبَعُوا النُّورَ الَّذِي أُنزِلَ مَعَهُ أُوْلَئِكَ هُمُ الْمُفْلِحُونَ(١٥٧)

﴿الَّذِينَ يَتَّبِعُونَ الرَّسُولَ النَّبِيَّ الأُمِّيَّ﴾

ئەوکەسانەی کە پەیڕەوی دەکەن لەپێغەمبەرە خەبەردەرەکە ئەوەی کە ئومیە، نەیخوێندوە و نەینوسیوە.

﴿الَّذِي يَجِدُونَهُ مَكْتُوباً عِندَهُمْ فِي التَّوْرَاةِ وَالإِنْجِيلِ﴾

ئەو پێغەمبەرەی کە هەر لای خۆیان - ئەهلی کیتاب - لای خۆیان لە(تەورات و ئینجیل)دا دۆزیویانەتەوە و دەیدۆزنەوە لەوێ ناوی نوسراوە، وەصفی نوسراوە، تەواو تایبەتمەندێتی لەوێ بەیانکراوە و دەزانن.

﴿يَأْمُرُهُم بِالْمَعْرُوفِ وَيَنْهَاهُمْ عَنِ الْمُنكَرِ﴾

دەستوریان پێ دەدات، بەوشتانەی کە پەسەندیدەن، و ڕێگرییان دەکات لەوشتانەی ناپەسەندن.

﴿وَيُحِلُّ لَهُمُ الطَّيِّبَاتِ وَيُحَرِّمُ عَلَيْهِمُ الْخَبَائِثَ﴾

ئەوشتانەی کە خۆش و پاکیزەن بۆیان حەڵاڵ دەکات و ئەوشتانەش کە پیس و ناپاکن ڕێگری دەکات لێیان و قەدەغەی دەکات.

﴿وَيَضَعُ عَنْهُمْ إِصْرَهُمْ وَالأَغْلاَلَ الَّتِي كَانَتْ عَلَيْهِمْ﴾



Scanned by CamScanner

ئەو بارە سەنگینە کە بەسەریانەوە بووە ـ ئەهلی کیتاب لەوەوپێش هەندێ مەحدودیەت لەئەندازە بەدەریان بووە لەئەسەری شەرایتی زەمانی خۆیانەوە و ئەو زنجیرە تەکلیفە سەختانە لەگەردنیاندا بووە ـ لەگەردنیان بکاتەوە و لەکۆڵیانی هەڵگرێت.

﴿فَالَّذِينَ آمَنُواْ بِهِ وَعَزَّرُوهُ وَنَصَرُوهُ وَاتَّبَعُواْ النُّورَ الَّذِيَ أُنزِلَ مَعَهُ﴾

(ئیجا ئەوکەسانەی کە باوەڕیان بەو پێغەمبەرە هێنابێت و ڕێز و قەدریان بۆ دانابێت و پەیڕەوی ئەو نورەیان کردبێت کە (قورئانە) و لەگەڵیدا نێردراوەتەوە خوارەوە).[1]

﴿أُوْلَئِكَ هُمُ الْمُفْلِحُونَ﴾

ئەوانە لەبەڵا و بەدبەختی نەجاتیان بووە و خۆشبەختیان دەستکەوت.

جا ئامانج ئەو بەشەیە کە ﴿وَيُحِلُّ لَهُمُ الطَّيِّبَاتِ وَيُحَرِّمُ عَلَيْهِمُ الْخَبَآئِثَ﴾، واتە بەڵێ ئێمە لەجێگەکانی تردا باسمانکرد کە مەسەلەن لەو شوێنەدا کە ﴿أَلَمْ تَرَوْا أَنَّ اللَّهَ سَخَّرَ لَكُم مَّا فِي السَّمَاوَاتِ وَمَا فِي الْأَرْضِ﴾ ئایەتی (٢٠)ی (لوقمان)، کە هەرچی ئەوەتا لەئاسمانەکان و زەویدا، خوا موسەخەری کردووە و خستویەتیە ئیختیاری ئێوە، بەڵام مانای ئیختیار ئەوە نییە کە یانی منێك کە هەمووی بخۆم بەراز و ورچ و هەرچی شتە بیکەمە کاڵا و بیخۆم، نەخێر، ئەمانەی خستویەتیە ئیختیار، هەریەکە جۆرێ ئیستفادەی لێ دەکرێت، مەسەلەن بەرازی درووست کردووە، ئیستفادەکردنی ئێوە لەبەراز لەڕێگەی خواردنەوە نییە، لەڕێگەکانی ترەوەیە، کە لەوانەیە ئێستا بەشەریەت کەشفی نەکردووە، سەردەمێکی تر کەشفی بکات، بەئیزافەی ئەمە ئیسفادەی کوڵی دەکرێت.

مەرج نییە مسەخەرکردنی شتەکان تەنها لەخواردندا بێت

[1] ـ بەهۆی تۆمارنەبوونی تەفسیری ئەم بەشەی ئایەتی (١٥٧)ی سورەتی (الاعراف) تەفسیرەکەمان لە(پوختەی تەفسیری قورئان)ەوە وەر گرتووە ـ. ئەوەی ناو کەوانەکە ـ

بۆنمونە بەراز یەکێکە لەئایەتەکانی خوا، ئایەتێکە نیشانەیە بۆ حاکمیتی خوا و وەحدانیەتی خوا، یان مەسەلەی شەراب یەکێکە لەوانەی کە ئەوەتا لەسروشتدا، ئێمە وتومانە هەرچیەك لەجیهانی ئافەرینشدایە لەئیختیاری ئێوەدایە، نەك ئەوەی (شەراب)یش ئێوە بەشەرابی ئیسفادەی لێ بکەن، ئەسڵەن کاتێك دەیکەنە سرکە، حەقتان نییە جۆرێکی پێ بکەن ببێتە شەراب، لەکاتی سرکەییدا بیخۆن، یان ئەگەر بووە شەراب بەجۆرێکی تر ئیسفادەی لێ بکەن، ئیستیفادەیەك ئیسان ئەویش تا ئێستا کەشف نەکراوە، لەمەولا بکرێت ئەگەر بووە شەراب، هەرشتێك لەسروشتدا بۆ ئیسفادەی ئێوە دانراوە، بەڵام ئیستیفادە هەمووی خواردن نییە، هەمووی جل و بەرگ لەبەرکردن و مەسکەن نییە، جۆراوجۆرە.

جۆنیەتی جیاکردنەوەی شتی پاك لەپیس

کەوابوو هەندێ شت بەنیسبەتی ئیستیفادە لێکردن بۆ خواردن خۆش و پاکیزەن، هەندێ شتیش ناپاکن و پیسن، سەرنج بدەن پاك و خۆش کامەیە؟ پیس و ناخۆش کامەیە؟ هەرشتێك کۆمەکی دەکرد بەئینسان لەزەمینەی فیکری و عەمەلیدا، واتە لەو دوو ئیمتیازەی خۆیدا لەو دوانەدا ئیتر چ ڕاستەوخۆ چ ناڕاستەوخۆ، بەرەو پێشەوە بڕوات و نەگەڕێتە دواوە، واتە لەشێوەی خواردندا ئەگەر ئینسان بیخوات ئاوا کۆمەکی بکات ئەوە پاکە، هەرشتێك دژی ئەوە بوو، ئیتر پیسە.

ئیجا پاك و پیسەکە دوو جۆرە، پاك و خۆشێك هەیە، کاتێك ئینسان دەیخوات لەلەشیدا تەئسیردەکات، میکرۆب و شتی تێدانییە، دەرد و ڕەنج ئاوەر نییە، سەلامەتی دەگەیەنێت بەلەشی ئینسان، ئەوکاتە "ئەقڵی سالمیش لەبەدەنی سالمدایە" کە پەندە مەشهورەکەیە، کاتێك ئەم خۆراکە دەخوات لەتمە لەبەدەنی و لەدەزگاکانی بەدەنی نادات، دەرنەتیجە نیزامی تەفەکور و عەمەلی تێك ناچێت، ئەمە پاکە ئەمە خۆشە.

هەندێ شتیش هەیە لەبەرامبەری ئەمانەوە، کاتێ ئینسان بیخوات میکرۆبی تێدایە، یان ناموناسبە لەگەڵ بەدەنی ئینساندا، هەرچییەك بەدەنەکەی و دەزگاکانی تێك بدات، لەنەتیجەدا فکر و عەمەلیشی تێکدەچێت، ئەمە پیسە، یان هەندێ شت هەن خواردنیان لەتمە بەبەدەن ناگەیەنێت، میکرۆبی تێدانییە دژی دەزگاکانی بەدەن نییە، بەڵام خواردن و دەستکاریکردنی ئەوانە و نزیك کەوتن لەوانە، هۆکاری لەتمە دانە بەتایبەتمەندی ڕۆحی ئینسان.

مەسەلەن ئەگەر ئینسان لەجۆرە مامەڵەیەك (ڕیبەوی) هەیە کە زۆر مەشهور نییە، مەسەلەن ئەلئان ئێمە دوو نەفەرمان لێرەدا دوومەن (ماشە)، یان هەر قوتێکی تر مەعامەلە بکەین، مەسەلەن من جۆرێك (ماشەم) دەوێت یەکێکی تر جۆرێك، من مەنێك دەفرۆشم بەجۆرێك کە یەکێکتان هەیەتی، ئەگەر یەکێکمان لێرەدا ئامادەبێت بیدات، یەکێکی تر لەماڵدا هەیبێت، بڵێ تا بڕۆم بیهێنم، ئەوەش جۆرێکە لە(ڕیبا)، هەرچەندە ئەم دووانەمان بەدروستی پێی بدەین، دەی خۆ ئەمە بەڕواڵەت لەتمەیەك لەلەحازی ئابوورییەوە نەکەوتووە، بەڵام ئەوەش دووبارە لێرەدا خواردنی ئەوە پیس دەبێت، چونکە ئەمە زەمینە موساعید دەکات بۆ جۆرەکەی تر لە(ڕیبا) کە مەشهورە و لەناوبردنی کۆمەڵگەی ئینسانییە.

الطّيِّبات کەوابوو (الطّيِّبَات): واتە ئەوشتانەیە نە ڕاستەوخۆ نە ناڕاستوخۆ لەتمەی بۆ ئینسان، نەلەلەحازی سروشتی، نە بۆ ژیانی، نە ڕەوانییەوە نییە.

الخبائث (الْخَبَائِثَ): شتە پیسەکانیش ئەوەیە، کە یان ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ لەتمەی پێ دەدات، یان لەتمە بەبەدەنی دەدات، بەحاڵاتی ژیانی دەدات، یان لەتمە بە ڕۆح و حاڵاتی ڕەوانی ئینسان دەدات.

کەوابوو ئینسان ناتوانێت هەموو شتێك بەدەست بهێنێت، وتمان لە(چوار) ڕێگەوە ئینسان دەتوانێ بەدەستی بهێنێت، دەبێت مراجعە بکات بەقانونی ئیسلام، بزانێ (الطّيِّبَات) کامانەیە ئەوانە بەدەست بهێنێت، (الْخَبَائِثَ) کامانەیە



Scanned by CamScanner

ئەوانە واز لێبهێنێت، مەسەلەن (پشیلە)ش بۆ ئیستیفادەی ئینسان دانراوە، بەڵام نەك بۆ خواردن، بۆئەوەی لەماڵدا دایبنێیت و مشك بگرێت، یان بۆ شتی تر.

مەبەست ئەوەیە هەموو شتێ لەئیختیاری ئینساندایە، بەڵام ئیستیفادەکە ئەوە نییە کە لێی بخورێت، کاتێکیش دەفەرموێ (الْخَبَآئِثَ) پیسەکان، واتە ئەوانەی کە بەنیسبەتی خواردن و بەبەدەنی ئینسانەوە تەقین و ئەمجۆرە شتانە خەبائیسە، مەسەلەن گۆشتی (پشیلە) خەبیسە، بەڵام خودی پشیلە لەماڵدا ببێت ئیستیفادەی لێبکەی خەبیس نییە.

﴿يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُواْ لاَ تَأْكُلُواْ أَمْوَالَكُمْ بَيْنَكُمْ بِالْبَاطِلِ﴾ النساء(٢٩)

ئەی ئەوانەی کە پابەندی دەستورەکانی خوا بوون، ماڵ و داراییەکانتان لەنێوانتاندا بێ هودە و ناهەق نەیخۆن، هی یەکتر مەخۆن، کێ ماڵی هەیە؟ کەسێك یان لەرێگەی (کشتوکاڵ، یان پیشەسازی، یان بازرگانی، یان کرێ - ئەجر)ەوە بەئیستیعدادی فکری و عەمەلی خۆی شتێ بەدەست بهێنێت ئەوە ماڵییەتی، ئیتر تاك کە بەم جۆرە ماڵ بەدەست دەهێنن، خوا دەفەرموێ لەنێوان یەکتردا بەبێ هودە مەیخۆن، مەسەلەن یەکێك بەزۆر شتێك لەدەستی یەکێکی تر دەرکێشێ و بیخوات، یان مامەڵەیەك بکات لەمامەڵەکەدا زۆر ببات و بیخەڵەتێنێ، یان مەسەلەن بەشێوەی ڕیبا، بەشێوەی داگیرکردن بەشێوەی ڕیاکارانە لێ سەندن، ئەنواعی ئەو ڕێگایانە کە هەندێکیان ئاماژەیان بۆ دەکەم کە ئیسلام ڕێگە نادات لەو ڕێگانەوە ماڵ بەدەست بهێنرێت، لەڕێگەیەکەوە کە باتڵە و خیلافی قانونی خوایە، ئێوە ماڵی یەکتر مەخۆن، حەقتان نییە بەو جۆرە.

بەڵێ ڕێگەی موبادەلات و (ئاڵوگۆڕکردن) و بازرگانی درلوە، کە یەکێکە لەڕێگەکانی بەدەستهێنان، بەڵام نەك هەموو شتێك، ئەویش موقەیەدە.

﴿إِلاَّ أَن تَكُونَ تِجَارَةً عَن تَرَاضٍ مِّنكُمْ﴾



Scanned by CamScanner

ئاڵوگۆڕکردن بەبێ ڕەزایەتی هەردوولا ئیستیسمارە

بەڵام ئەگەر موبادەلاتەکە لەشێوەی بازرگانییەکدا بوو کە هەردولا ڕازیان بوو، ئەم ڕازی بوو کە پارەکە بدات ئەویش ڕازی بوو مەسەلەن (برنج)ەکە بداتە ئەم، یان ئەم برنج بداتە ئەو، ئەویش گەنم بداتە ئەم، یان هەر شتێکی تر، یان مەسەلەن ئەم ئامادەبێت خۆی عەمەلەکەی خۆی بخاتە ئیختیاری ئەو، ئەویش پارەیەك موافقی ئەوە بخاتە ئیختیاری ئەم، ئەگەر ڕەزایەت لەنێواندابوو ئەوە قەیناکا، بەڵام بێجگە ڕەزایەتی هەردولا حەق نییە، کە مەسەلەن یەکێك لەشێوەکانی ئیستیسماری ئەفرادە، چونکە ئەوەی کە ئیستیسماری کراوە ڕازی نییە بەوە، کەوابوو تەرەف هەرچی ئیستیفادە لەم دەکات بەشێوەی ئیستیسماری نامەشروع باتڵە و لەئیسلامدا ئاوا شتێك ڕێگەی نییە.

﴿وَلاَ تَقْتُلُواْ أَنفُسَكُمْ﴾

ڕەچاونەکردنی مافی یەکتر و سەرهەڵدانی کوشت و کوشتار

خۆتان مەکوژن، یانی چی؟ واتە ئەگەر بێت و ئێوە لەلەحازی ئابوورییەوە ڕەچاوی حقوقی یەکتر نەکەن، بەڕێگەی بێ هودە و ناڕەوا حەقی یەکتر بخۆن، حقوقی یەکتر پێشێل بکەن، ڕەچاوی حقوقی ئینسانی یەکتر نەکەن، لەدواییدا کەم کەم هەرج و مەرج و ئیختیلالی نەزم و جەنگ و داوا پەیدادەبێت و دەبێتە هۆکاری کوشتار لەناو کۆمەڵگاکەتاندا.

کەوابوو یەکێك لەهۆکارەکانی ئاساری ئیختیلالی نەزم و خوێن ڕێژی و ناباری بارودۆخی کۆمەڵگە ئەوەیە کە لەلەحازی ئابوورییەوە هەرج و مەرج و نانەزمی حاکم بێت، هەرکەس دەستی بگات بەماڵی هەرکەسدا بیخوات، هەرکەس لەهەرکەس هەرچی بەدەست هێنا دەریکێشێت و بیبات بۆ خۆی، دەرنەتیجە لەدوای ماوەیەك کۆمەڵگە مونفەجیر دەبێت، چەندەها خوێن دەڕژێت و گیان لەناو دەڕوات.



Scanned by CamScanner

﴿إِنَّ اللَّهَ كَانَ بِكُمْ رَحِيماً﴾

دەستوردان بەئینسان و میهرەبانی خوای گەورە

خوا، بۆیە ئەم دەستورەی بەئێوە داوە، چونکە ئەو میهرەبانە سەبارەت بەئێوە، نایەوێت ئێوە بکەونە ناو بەدبەختی و بێچارەیی، کەوابوو ئەوەش لێرەدا لەڕێگەی بەدەستهێناندا سنور و قیودێکی بۆ هێنا کە ئینسان لەهەر ڕێگەیەکەوە مەتاع و مەنفەعەت بەدەست بێنێت ڕێگەی نییە، دەبێت ڕەچاوی ئەوە بکات ئیسلام سنورێك و یاسایەکی بۆ داناوە دەبێت لەو سنورە خاریج نەبێت و ڕەچاوی ئەو قەوانینە بکات، لەچوارچێوەی ئەو سنورەدا کەسب و کاربکات و مەنفەعەت و مەتاع بەدەست بێنێت. لەغەیری ئەو شێوانەدا نەبێت دروست نییە، ئەگەر حکومەتێکی ئیسلامی لەسەر کاربوو، بێجگە لەو ڕێگانەوە کەسبی کرد موصادەرەی دەکرێت و لێی دەسەنرێت.



Scanned by CamScanner

## ڕێگه نامەشروعەکانی بەدەستهێنانی سەروەت و سامان

چەند ڕێگایەك کە نامەشروعن، ئینسان مەتاعیان لێ بەدەست بهێنێت، ڕێگە نییە، ئەگەر حکومەتی ئیسلامی بوو موصادەرەی دەکات ـ ئەڵبەتە حکومەتی ئیسلامی ببێت و لەدەورەی حکومەتی ئیسلامیەکەدا ئەو کارە نامەشروعەکرابێت ـ موصادەرەی دەکات، یان لەوەوپێش کرابێت، ئەوە لەدواتردا باسی دەکەین.

١ ـ (ڕیبا): ئەمە لەدواتردا بەجیا باسی لێ دەکرێت.

٢ ـ قومار و بلیت سەندن و یانسیب و ئەو جۆرە شتانە.

٣ ـ دزی و داگیرکاری و زەوتکردن و دەرکێشانی ماڵ لەدەستی خەڵك.

٤ ـ تاکێك بەپشت بەستن بەسیاسەت و حکومەت، ڕێگەیەك بگرێتەبەر بۆ بەدەستهێنانی مەنفەعەت و مەتاع، کە خەڵك لەبەرئەوەی کە زۆر و دەسەڵاتی سیاسی هەیە و حکومەت پشتیوانیەتی، لەبەرامبەردا نەتوانن بەتەواوی دیفاع لەحەقی خۆیان بکەن، هەندێ لەحەقی ئەوان داگیربکات.

سووربوونی حەزرەتی عمر لەچۆنیەتی بەدەستهێنانی سەروەت و سامانێدا

تەنانەت حەزرەتی عومەر (خوای لێ ڕازی بێت) (عبدالله)ی کوڕی کۆمەڵێ (گا)ی هەبوو، پێشتر کڕیبوونی بۆئەوەی بازرگانیان پێوە بکات، کەچی زۆر قەڵەو ببوون، موحاکەمەی کرد، وتی: ئەم (گا)نەی تۆ بۆ قەڵەو بوون؟ وتی دەی گان لەوەڕاون و قەڵەو بوون و من بڵێم چی، وتی نەخێر، ئەمە وتویانە هی کوڕی (ئەمیرالمونمنین)ە چاك بیانلەوەڕێنن با زۆر قەڵەو بن، بیهێنە، موصادەرەی کرد، یان نیوەی یان هەموویانی لێ سەند، وتی: ئەمە دەرد ناخوات، بڵێی ئەمە هی کوڕی (ئەمیرالمونمنین)ە چاك بیلەوەڕێنە، ئەی هی خەڵك بۆ قەڵەو نەبوون.

یان هەرکاتێك حاکمێك یان فەرماندارێکی دەنارد بۆ وڵاتێك، ئەو ڕۆژە کە دەینارد موحاسەبەی ماڵەکەی دەکرد، کە چەنێك سەروەتی هەیە، ساڵی دوایش دەیهێنایەوە ـ کەمتر دەیهێشت یەك نەفەر لەیەك ساڵ زیاتر لەجێگەیەکدا بێ ـ

ساڵی دوایی دەیهێنایەوە، دووبارە هەم موحاسەبەی دەکردەوە، ئەگەر زیادەیەکی هەبولیە، ئیجا ئەوکاتە لەسەر ئەوە موحاسەبەی دەکرد، کە چۆن ئەمەت بەدەست هێناوە، ئەگەر بیزانیایە لەڕێگەی مەشروعەوە توانیویەتی ئەوە بەدەست بهێنێت و زۆر کەمە قەیناکا، ئەگەر نەختێ شکی پەیدابکردایە،ماڵەکەی دەکردە دووبەشەوە، ئەگەر لەدوای ئەوە یەقینی بولیە کە شتێکی لە ڕێگەی زۆر و ئەمانەوە بەدەست هێناوە هەمووی لێ دەسەند و موصادەرەی دەکرد.

٥ - ئیحتیکار: کە ئینسان شتێك هەڵگرێت، لەکاتی گرانیدا بیفرۆشێ، بۆئەوەی زیاتر قیمەت بکات، ئیستیفادە لەنیازمەندی خەڵکی بکات.

٦ - نرخ بکەنە ئالەتی دەستی خۆیان، بیکەنە ئەسپاب بازی، هەر ڕۆژێك بەویستی خۆیان نرخی ئەم کاڵا و شتە بەرنە سەرەوە و بەبێ ئەوەی کە نیزامی ئابووری دەیخوازێت.

٧ - ئەسبابێك کە دەرد ناخوات دروستی بکات و بیفرۆشێ، وەك مەسەلەن دروستکردنی ئالەتی قومار و شت، دروستکردنی ئالەتی مۆسیقی و ئەم جۆرە شتانە، ئەوەی کە مەنفەعەتی بۆ ئینسان تێدانییە و زەرەری هەیە، یان هەر بێهودەیە، یان جل و بەرگێکی خراپ، بەکورتی ئەوەی زەرەری ببێ بۆ ئینسان دروستی بکات، لەڕووی ئەمەوە ماڵ بەدەست بێنێت ئەمانە هەمووی.

٨ - شتێك بداتە (ئیجارە) لەڕێگەیەکی نامەشروعەوە، مەسەلەن ماڵێك بداتە ئیجارە بۆئەوەی قوماری تێدابکرێت، شەرابی تێدا بخورێت، ئەو پارە کە لەو ڕێگەوە بەدەستی دەهێنێ موصادەرە دەکرێت، چونکە لەڕێگەی نامەشروعەوە بەدەستی هێناوە.



Scanned by CamScanner

٩ ـ ئیستیفادەکردن لەماڵی بێ دەسەڵاتان، مەسەلەن نەفەرێك هەتیوە و بێ دەسەڵاتە، یان موڵکێکی هەیە کە سەرپەرشتی نییە، وەقفە، یان بێ کەسە، بڕوات لەوانە ئیستیفادەیەکی تایبەت بۆ خۆی بکات.

١٠ ـ ئەگەر حکومەتی ئیسلامی لەسەر کاربوو، حکومەت بێت هەندێ لەمەوادی سروشتی کە لەئیختیاری هەموو کەسدایە تایبەتی بکات بۆ نەفەرێك بۆ ئەفرادێ، بڵێ مەسەلەن ئێوە هەندێکتان بڕۆن لەو کارگە کاربکەن بۆ خۆتان، ئیتر ڕێگری لەخەڵکی تر بکات، ئەو تاکە کە تایبەتمەندیان بۆ کراوە هەرچی لێ بەدەست دەهێنن حەرامە بۆیان، چونکە موڵکی گشتی بووە، بۆچی تەنها ئەو ئەفرادە، ئەڵبەتە ئەوەش کە دەستوری دا دەبێت دەمی بکوتن.

١١ ـ ڕێگەی غەش، واتە مەسەلەن نەفەرێك (ترێ) دەفرۆشێت بەسندوق، چاکەکانی بخاتە سەرەوە، خراپەکەی لەژێرەوە بێت،و ئەوکاتە سنوقەکە بەجارێ بیفرۆشێ، ئیتر نەڵێ ژێرەکەی چۆنە، ئەو پارەیەی لەبەرامبەر ئەو خراپەوە بەدەستی دەهێنێت هی ئەو نییە.

١٢ ـ ناچاری خەڵك سوء ئیستیفادە لێ بکات، خەڵك هیچیان نییە، ئیحتیاجیان هەیە بەشت کڕین، ئەویش بڵێ لەبەرئەوەی ئیحتیاجیان هەیە، من بەدەستمە، نرخەکەی بباتە سەرەوە هەتا دەتوانێ، ئەوەش هەرچی زیاد لەنرخی عادی لێیان بسەنێ هی خۆی نییە.

١٣ ـ کەسێك شتێك لەدەستیدا نەبێت و بیفرۆشێ، مەسەلەن نەفەرێك بڕوانە سەر دەریایەك و خەڵکیش بێنە ئەوێ، ئەم زۆردارە، دەڵێ: من ماسی دەفرۆشم! ئاخر ماسی خۆ نەشی گرتووە ئەوەتا لەناو دەریا، دەڵێ: نا نەخێر من دەیانفرۆشم، دەی چۆن دەیانفرۆشی؟ وەڵا هەر ماسییەك (دووتمەن)، ئەوکاتە

Scanned by CamScanner

ماسی دەفرۆشێت و لەدوایدا ئەم دەڕوات ماسی بگرێت، ماسیش ناگیرێت ئەوەتا لەناو دەریا، دەی ئەمە لێرەدا ئەو پارەیەی غەسبە و هی خۆی نییە.

یان مەسەلەن لەسەر دەریاکە دەوەستێ، دەڵێ: هەرکەس بێت جامێ ئاو ببات دەبێ (پێنج) قەران بدات، هی هەموو کەسە ئەم دەڕوات دەیفرۆشێ، یان مەسەلەن بڕوات لەم کەژانەوە ئالفێك کە هی ئەو نییە، گزرەیەك، شتێك، بڕوات داگیری بکات، کەڵەکی بچنێت و جا ئەوکاتە بڵێ من دەیفرۆشم نەخێر، یان دەبێت خۆی ببڕێتەوە، ئەگەر دەتوانێ، یان بیهێڵێتەوە وەکو خۆی.

١٤ - کەسێك بێت بەدرۆوە بانگەشەی مەقامێ بۆخۆی بکات، ئەوکاتە خەڵك شتێکی بۆ ببەن، وابزانن پیاو چاکە، ئەویش پیاو چاك نەبێت و شتەکە هەڵگرێ، مەسەلەن بڵێ: من دەستگیری ئێوەم، دەتانگەیەنمە پێغەمبەر(صلی الله علیه وسلم) ئەویش دەتانداتە لای خوا، ئەوکاتە هیچیشی لەبارخانەدا نییە، درۆدەکات، هەرچی پارەی بۆ دەبەن لەبەرامبەر ئەوەوە کە وادەزانن پیاو چاکە، یان من کەسێك بەموتەقیم بزانێت و پارەیەکم بۆ بهێنێت، بڵێ چونکە تۆ موتەقیت ئەمە ببە، ئەگەر ئەوە بگرم حەرامە نابێت ئیستیفادەی لێ بکەم، دەبێ موصادەرەی بکەم.

١٥ - مەسەلەن من کتێبێك بفرۆشم پێش ئەوەی بگاتە دەستی بەرامبەر، بەیەکجار ڕەشەبا بیبات و وەرەقەکانی هەموو بپژێت، ئینجا بڵێ تازە فرۆشتومە ئیتر پەشیمان نابمەوە خۆ نەتداوەتە دەستی ئەو، لەبەرامبەر چییەوە من (٢٠تمەن) بێهودە بدەمە ئەو.

١٦ - کەسێك نەفەرێکی نەزانی فەقیر زۆر بیخەڵەتێنێ، کەسێك مەلەسەن دێهاتی دێتە شار، ئەوکاتە جووتێك پێڵاوی ١٠تمەنی خۆجوانن، جۆرێکی پێ بدەی بە ٥٠تمەن، ئەوە خەڵەتاندنێکە کە ئیتر قابیلی تەحەمول نییە، یان سوێندی بۆ بخوات، بڵێ بەو حەجە تێی ڕۆشتووم ئەمە ئەوەندەیە.



Scanned by CamScanner

مەلایەك بڕوات

۱۷ - رشوە وەرگرتن لەبەرامبەر فتوای ناشەرعییەوە، کەسێکە کە بەفەرز فەتوایەك بدات بۆ کەسێك، مەسەلەن نەفەرێك (خانە - ئاغا)یە تەلاقێکی کەوتوە چاوی لەمەلاکە دادەگرێ، دەڵێ ئەگەر چاکی نەکەیتەوە دەتگرم، ئەوکاتە ۲۰۰ تمەنی دەداتێ و ئەویش چاکی دەکاتەوە، ئەوە حەرامە.

۱۸ - هەروەها هەرشتێکی تر، کە ئینسان کاری تێدانەکات فکر و توانایی عەمەلی خۆی نەخاتەکار، شتێ بەدەست بهێنێت، بێ هودە شتێك بەدەست بهێنێت لەبەرامبەر هیچەوە، ئەمانە حەقی ئەو نییە، دەبێت موصادەرەی بکرێت.



Scanned by CamScanner

## رێگە مەشروعەکانی بەدەستهێنانی سەروەت و سامان

١ - وەك ئەوەی زەوییەك مەواتە (مردووە) کەس ساحێبی نییە، بڕوات ئاوەدانی بکاتەوە بۆ خۆی، مەسەلەن کەسێك بڕوات شکار بکات، یان لەدەریا، یان لەوشکانی، لەزەویدا کانزایەك دەربهێنێت بۆخۆی بەئەندازەی خۆی زەحمەتی تێدابکێشێت.

٢ - کەسێك بڕوات مەسەلەن دار و شت بهێنێ بیفرۆشێ، یان بڕوات ئاو لەجێگەیەکی دوور بیهێنێت لەبیابانێکدا بیفرۆشێ.

٣ - کەسێك لەجەنگی کافراندا غەنیمەتێك بەدەست بهێنێت - ئەوانەی کە لەجەنگێکدا لەگەڵیدان، کافری هاوپەیمانی نا کە پەیمان دەبەسن لەگەڵیاندا.

٤ - یان کەسێك شایستەییەکی ببێ بۆ شتێك، مەسەلەن گریمان مامۆستایەك دەرس دەڵێتەوە شایستەیی بۆ دەرسەکە ببێ، کە دەیڵێتەوە لەبەرامبەر چەنێك حقوق وەردەگرێت، ئەڵبەتە ئەگەر شایستەیی ئەوەی نەبوو کەمتر کاری دەکرد لەوەرگرتنی ئەوە ئیتر حەرامە بۆی.

٥ - یان مەسەلەن ئەم معامەلە ئاڵوگۆڕانە.

٦ - هەرکەسێ شتێ بدات بەکەسێ خۆی ڕەزایەتی ببێت، ئەڵبەتە نەك من گریمان (١٠)تمەن بدەمە دەست نەفەرێکەوە خۆم ڕازیبم ئەو بیبات ئەویش دروستە بیبات، بەڵام نەك من بڵێم، چونکە تۆ پیاوێکی چاکی دەتدەمێ، کەچی ئەویش پیاو چاك نییە، ئەوە حەرامە، دەبێت من بێ شەرت بیدەمێ ئەویش قبوڵی بکات، ئەگەر بەشەرتی پیاوچاکی پێمدا یان بەشەرتی زیرەکی، بەشەرتی شەجاعەت ئەویش نەیبوو، حەرامە.

٧ - یەکێکیش ئەوەیە لەرێگەی (ئیرس)ەوە: یەکێك کەسێکی دەمرێت هەندێ شتی لێ ئیرس دەبات.



Scanned by CamScanner

## لەچ شێوەیەکدا ئینسان دەبێتە مالیکی شتێ، کاتێ بەدەستی هێنا؟ ئایا ئەگەر بەدەستی هێنا ئەصلەن دەبێتە مالیك؟

ئەڵبەتە ئەم باسە دوورودرێژە و پێویستە هەم سۆسیالیزم و کۆمۆنیزم و هەم سەرمایەداری و هەندێ سیستمی تر هەیە، ئەوانە ڕوونبکرێنەوە، جا ئێستا ئایەتەکانی باس دەکەین، (انشاالله) لەباسەکانی تردا بەراوردی ئەوانی تر لەگەڵ نیزامی ئیسلامی دەکەین.

ئەگەر سەرنج بدەن لەئایەتی (٣٨)ی سورەتی (النجم)دا دەفەرموێ: ﴿أَلَّا تَزِرُ وَازِرَةٌ وِزْرَ أُخْرَى﴾ هیچ کەسێك مەسئولیەتی کەسێکی تر هەڵناگرێت، بەم عیبارەتە (وَازِرَ) واتە (بارهەڵگر)، هیچ (هەڵگرێك) باری گوناهی کەسێکی تر هەڵناگرێت، کە دەفەرموێ ئایا ئەو کابرایەی کە موخالەفە دەکات لەگەڵ بەرنامەی ئێمەدا خەبەری پێنەدراوە، کە لەناو کتێبەکەی (موسا) و کتێبەکەی (ئیبراهیم)دا چی نوسرابوو؟ یەکێك ئەوەیە لەپێشدا دەفەرموێ هیچ کەس مەسئولیەتی هیچ کەسی تر نە لەدنیا نە لەقیامەتدا ناگرێتە خۆی، لەدنیا لەنیزامی ئیسلامیدا و لەقیامەتیش لەدادگای خوا، کەس بەتاوانی کەسی تر مەحکوم ناکرێت و ئەشکەنجە و ئازاری نادرێت.

لەئایەتی (٣٩)ی سورەتی (النجم)دا کە مەوردی باسە، دەفەرموێ:

﴿وَأَن لَّيْسَ لِلْإِنسَانِ إِلَّا مَا سَعَى﴾

ئەم ئایەتە دەفەرموێ، هەروەها کتێبەکەی (موسا) و کتێبەکەی (ئیبراهیم) ئەمەیان تێدابوو کە ﴿وَأَن لَّيْسَ لِلْإِنسَانِ إِلَّا مَا سَعَى﴾، بۆ ئینسان نییە مەگەر کۆشش و نەتیجەی سەعی خۆی، واتە لەدنیا و لەقیامەتدا ـ لەدنیا ئەڵبەتە ئەگەر نیزامەکە ئیسلامی بوو ـ لەدنیا و لەقیامەتدا ئینسان شتێك کە بەکۆششی خۆی بەدەستی نەهێنابێ، لەڕێگەیەکی ترەوە بێجگە کۆششی خۆی کەوتە دەستی لەدنیادا، هی خۆی نییە هی خەڵکی ترە، لەقیامەتیشدا ئیمکان نییە پێی بدرێت،

بوونە مالیکی شتەکان بەپێی هەوڵ و کۆششی ئینسانەکانە

ئەگەر لەدنیادا دەتوانێ تەجاوەز لەسنوریکات بەدەستی بێنێ، لەقیامەتدا شت لەدەستی خوایە، ئەویش بێجگە نەتیجەی کۆشش هیچ شتێك ناداتە دەست هیچ ئینسانێك.

﴿وَأَن لَّيْسَ لِلْإِنسَانِ إِلَّا مَا سَعَىٰ﴾

موناسب لەگەڵ ئایەتی پێشتردا زاهیرەن ئەوەبوو کە بفەرموێ (وان لیس لاحدا) هیچ کەس غەیری نەتیجەی کۆششی خۆی بۆی نییە، بەڵام دەفەرموێ "للانسانی"، ئینسان بە "ال" یشەوە ـ الانسان ـ ئینسان بۆ فەردێك قاعیدەتەن ئیستیعمال ناکرێت کەمتر مەگەر کاتێك"ال"ی نەبێت، مەسەلەن بڵێین ئینسان، لەعەرەبیدا دەڵێین (جاء انسان)، واتە ئینسانێك هات، کە ئەویش کەمترە، لێرەدا کە "ال"می پێوەیە بۆ گشتییە، واتە جنسی ئینسان، نەك فەردێك ـ جنسی ئینسان کە تەواوی ئەفرادی ئینسان دەگرێتەوە ـ بێجگە نەتیجەی کۆششی خۆیان هیچێکیان بۆ نییە.

جا مەبەستێکم هەیە کە ئاوا ئەو ڕوونکردنەوەیە دەدەم، لێرەدا ئەم مەتڵەبە دەردەکەوێت، کە مەجموعی ئەفرادی کۆمەڵگەی ئینسانی بەرخورداردەبن تەنیا لەمەجموعی نەتایجی کۆششی خۆیان، مەجموع لەمەجموع، لەنەتایجی کۆششی موستەقیمی خۆیان کە ئەڵئان باسی ئابوورییە ـ کۆششی لەزەمینەی ئابووریدا ـ کۆی تاکەکانی کۆمەڵگە لەکۆی نەتیجەی کۆششی تاکەکانی کۆمەڵگە بەرخورداردەبن.

کۆی تاکەکانی کۆمەڵگە لەکۆی کۆششی تاکەکانی کۆمەڵگە سودمەند دەبن

ئیجا مەبەست ئەوەیە، واتە هەرتاکێك تەنیا نەتیجەی کۆششی خۆی نییە، بەئیزافەی ئەوەش کە پێشتر وتمان، ئەگەر هەندێك شایستەیی بەدەست بهێنێت کە لایەنی کۆمەڵایەتی بوونی پێ بدات لەئیسلامدا، لەنەتیجەی کۆششی ئەفرادی تر لەو کۆمەڵگەدا بەرخورداردەبن.



Scanned by CamScanner

وەك وتم لەڕێگەی (وەسیەت و ئیرس و هەدیە و بەخشش)و ئەو جۆرە شتانە، ئەگەر لەجیاتی (للانسان) (لاحدًا) بوایە یان عیبارەتێکی تر، بێجگە ئەوە کە تاکێکی بگەیاندایە، وا تێدەگەشتین کە هەرکەس تەنها نەتیجەی هەوڵی خۆی دەست دەکەوێت، بەڵام ئێستا ئەم مانایە لەو ئایەتە تێ دەگەین، کە هەرتاکێك لەنەتیجەی کۆششی کۆمەڵگەی ئینسانی بەرخوردارە، تا سنورێك کە لایەنی کۆمەڵایەتی بوونی ڕێگە بدات، شایستەیی ئەوکەسە ڕێگە بدات بۆ ئیستیفادە لەدەسترەنجی کەسانی تر، لەسنوری دائیرەیەکدا کە خوا ڕێگەی داوە، بۆیە کەسێك کاتێ لەکەسێکی تر (ئیرس) دەبات، لەنەتیجەی کاری کۆمەڵگەی ئینسانی ئیستیفادەی کردووە، لەبەرئەوەی کە ئەم لایەنی کۆمەڵایەتی پەیداکردووە بۆ خۆی، شایستەیی ئەوەی پەیداکردووە، کە مەسەلەن (ئیرس) لەو کەسە ببات، یان (وەسیەت) لەو کەسە بگرێت.

هەندێك دەستەواژە هەن لەم کتێبانەدا مەسەلەن (ئیسلام و دیگەرانی سید قوتب) ئیتر عەرەبیەکەیم نەدیوە بزانم چۆنە، فارسیەکە ئاوا وەرگێڕاوە، کە کار (سەبەبێ ئینحیساریە تملوك)، تەقریبەن لەم دەستەواژەدا، دەڵێت: (تەنیا ڕێگەی مالیکیەت ئەوەیە کە ئینسان کاربکات)، ئیجا کارەکە نەك واتە کاری ئەو تاکە خۆی تەنیا، کاتێك ئاوا ئەو ئایەتەم ڕوونکردەوە دەبێتە کاری ئەو کۆمەڵگە، کەسێك تەنیا لەڕێگەی کارکردنی کۆمەڵگەوە دەبێتە مالیکی شتێك، کۆمەڵگە کاردەکات بەیەك کەس لەنەتیجەی کاری کۆمەڵگە بەشدار دەبێت.

ئیجا هەندێك لەنەتیجەکە هەرخۆی کاری کردووە ڕاستەوخۆ، هەندێکی تریش کەسێ کاری کردووە ئەم شایستەییەکی پەیداکردووە لەڕووی کۆمەڵایەتی بوونەوە کە ئیستیحقاقی بۆ وەرگرتنی نەتیجەی کاری کەسانی تر پەیداکردووە، وەك لەڕێگەی (ئیرس و وەسیەت)و ئەوانە.



Scanned by CamScanner

هەر داراییەك ئینسان بەكۆششی خۆی بەدەستی نەهێنێ هی ئەو نییە

واتە لەم باسەدا کە باسی ئابوورییە و بابەتی مالیکیەتە، ئەگەر قەراربێت ئینسان ببێتە دارای شتێك و شتێك بەدەست بهێنێ تەنها لەڕێگەی کۆشش و کارەوە دەتوانێ بەدەستی بهێنێ، واتە هەر داراییەك هەر سەروەتێك لەغەیری ڕێگەی کەسپ و کارەوە ـ ئەویش کارێك کە وتمان دەبێت کارەکەش مەشروع بێت، شتێك بێت کە بۆ تاك یان بۆ کۆمەڵ زەرەری نەبێت ـ هەر داراییەك یان هەر مەتاعێك ئینسان بەکۆششی خۆی بەدەستی نەهێنێت و بکەوێتە دەستی، ئەوە هی ئەو نییە، ئەگەر حکومەتی ئیسلامی ببێ موصادەرەی دەکات و لێی دەسەنێ و تەنیا لەشێوەی سەعی و کۆششی خۆیدا دەبێتە ساحێبی شتێك و دەتوانێ ئیستفادەی لێ بکات.

بەڵام ئەم ئایەتە کۆمەڵێکی زۆر کەم لێی تێدەگەن، دەرنەتیجە مەوردی سوء ئیستفادە قەرار دەگرێت، مانای کۆشش زۆر زۆر لەچوارچێوەیەکی سنورداردا تەصەوردەکەن کە تەنها ئەوەیە ئینسان بەشێوەیەکی مەخصوص بڕوات کاربکات و شتێك بەدەست بهێنێ.

## ڕێگاکانی بەدەستهێنانی دارایی بەبێ کارکردن لەقورئاندا

سەیردەکەین لەقورئاندا لەچەند ڕێگەیەکی تر بێجگە کارکردنی تایبەت و کاری ڕاستەوخۆوە، دارایی بۆ ئینسان تەسبیت دەکات.

### یەك: ڕێگەی (ئیرس):

کەسێك کەسێکی دەمرێت هەندێ لەداراییەکەی ئەو بۆی جێ دەمێنێ و دەستی دەکەوێ، بەڕواڵەت ئەو هیچ کارێکی نەکردووە کە ئەوماڵەی دەست دەکەوێت، بەڵام ناڕاستەوخۆ لێرەدا کاری کردووە، چۆن؟

هاوبەشی عەقیدە شەرتە بۆ ئیرس لەیەکتر بردن

چونکە لەقانونی ئیسلامدا ئەم بابەتە هەیە، ئەگەر باوك و کوڕێك لەدیندا جیاوازییان هەبوو، ئیرس لەیەکتر نابەن، لەجۆرێکدا (ئیرس) لەیەکتر دەبەن کە هاو دین و عەقیدەبن، دەرنەتیجە هاوبەشی عەقیدە شەرتە بۆ (ئیرس)، واتە ئەو عەقیدە و دینە کە ئینسان بەدەستی هێناوە دەبێتە کۆششی ناڕاستەوخۆ بۆ بەدەست هێنانی ئەو ماڵە. کەوابوو یەکێك لەڕێگەکانی کۆششکردن بۆ بەدەست هێنانی ماڵ ئەوەیە کە ئەو شەخسەی کە ئیرسەکە دەبات لەوی تر زەحمەتی کێشاوە، کە هاوعەقیدەی ئەو بووە، هاودینی ئەو بووە، دەرنەتیجە ئەو هاوبەشییە لەعەقیدەدا یەکێك لەنەتیجەکانی دەبێتە ئەوەی کە ئەم لەکۆششی ئەو بەرخوردار بووە، بەناڕاستەوخۆ لەکۆششی خۆی بەرخوردار بووە.

**دوو: ڕێگەی (وەسیەت):**

ناڕاستەوخۆ کارکردنی ئینسان و بەدەستهێنانی دارایی لەڕێگەی وەسیەتەوە

ئەویش ئەوەیە نەفەرێك کاتێ دەمرێت، پێش لەوە وەسێت دەکات بۆکەسێکی تر، کە مەسەلەن فلانە کەس (هەزار) تمەنی پێ بدەن، دەی ئەم وەصیەتە بۆ ئەو لەبەرئەوەی دەزانین کاتێك دروستە ئەم وەصیەتە کە ئەوەی وەسێتی بۆ دەکرێت لەڕێگەی نامەشروعەوە سەرفی نەکات و ئەمیش مەبەستێکی خراپی نەبێت، مەبەستێکی صالح و سالم لەنێوانیاندا بێت - لەم وەصیەت کردنەدا - بێ بەشکردنی کەس لەحەقی خۆی نەبێت و ئاوا شەرایتێکی تایبەتی هەیە.

کەوابوو لێرەشدا ڕۆشن دەبێتەوە ئەو شەخسەی ئەو ماڵەی بەهۆی وەصیەتەوە هەڵیدەگرێت شایستەییەکی بەدەستهێناوە، کە ئیسلام ڕێگە دەدات ئەم وەسیەتی بۆ بکات، شایستەیی بەدەستهێناوە بۆئەوەی ئیسلام ڕێگە بدات ئەم لەو وەسیەتە کە بەرامبەر بۆی دەکات، بەرخوردار ببێت، کەوابوو ئەو بەدەستهێنانی شایستەییە کارێکی ناڕاستەوخۆیە بۆ بەدەست هێنانی ئەو ماڵە کە بەهۆی وەسیەتەوەیە.

**سێ: ڕێگەی (زەکات):**

کەسێك کاریشی نەکردووە، کەچی لەماڵی کەسێکی ترەوە بەهۆی زەکات بەرخوردار دەبێت.

**چوار: ڕێگەی (بەخشش):**

کەسێ شتێ دەبەخشێتە کەسێکی تر، دەی لەم بەخشش و زەکاتەدا، هەروەها لەسەوقاتکردن بۆ خەڵکدا کە بەرامبەر دەبێتە مالیك، چونکە لەو کۆمەلگەدا شەرایتێك کە بۆ شایستەیی وەرگرتنی ئەو ماڵە پێویستە ئەو بەدەستی هێناوە، کەوابوو ناڕاستەوخۆ کارێکی ئەنجام داوە، واتە شایستەییەکە کە پەیدایکردووە، نەتیجەی کۆششی خۆی بووە، کە ئێستادا ئەم ماڵە وەردەگرێت، دەرنەتیجە لێرەدا کارێکی ناڕاستەوخۆ کراوە بۆ بەدەست هێنانی ئەو سەروەتە.

کەوابوو ئاشکرابوو کە ﴿وَأَن لَّيْسَ لِلْإِنسَانِ إِلَّا مَا سَعَىٰ﴾ ئەوەندە سنووردار نییە، وا فکر بکەی تەنها دەبێت ئینسان خۆی ڕاستەوخۆ کاربکات شتێ بەدەست بهێنێ ئەمانەش دەگرێتەوە، ئینسان شایستەییەك پەیدادەکات، ئەوانە خوا بەیان و دیاری کردوون لەقورئاندا (وەسیەت، ئیرس، زەکات، هەدیە، بەخشش) و ئەمانە ڕۆشن بونەتەوە کە هەموویان لەدائیرەی کۆشش و سەعیدا قەرار دەگرێت، هەندێکیان ڕاستەوخۆ سەعیە ئەوە کە ماڵی پێ بەدەست دێت، هەندێکی ناڕاستەوخۆ وەك ئەمانە.



Scanned by CamScanner

## • مالیکیەت هەیە لەئیسلامدا یاخود نییە؟ ئەگەر هەیە موتڵەقە؟

جا بزانین ئەوەی دەفەرموێ ئینسان کاتێك کۆششی کرد شتێکی بۆ هەیە، ئایا ئەم شتە دەکەوێتە دەستی ئەم شەخصە، مالیکیەتی یان تەنها بەناونیشانی بەشێك لەتەقسیم کە لەناو کۆمەڵگەدا دەکرێت، ئەم بەشێکی دەست دەکەوێت بەئەندازەی نیازی خۆی کە ئیستیفادەی لێ بکات؟ بزانین مالیکیەتی هەیە بۆ ئەو شتە یان نیەتی، لەدوای ئەوەی کە بەدەستی هێنا؟

ئەڵبەتە لەپێشدا ئەوە بڵێم کە (میلك) کە مالیکیەت لەوە موشتەق دەکرێت (میلك): ئەوەیە ئینسان بتوانێت بەویستی خۆی لەشتێکدا تەسەروف بکات (بیفرۆشێ، بیکڕێ، بیداتە ئیجارە، بیداتە ڕەهن، ...هیتد)، ئینسان بتوانێ بەبێ قەید و بەند - ئەڵبەتە بێ قەید و بەندی موتڵەق نا - بتوانێ بەبێ قەید و بەند لەشتێکدا تەصەروف بکات، ئەوە پێی دەڵێن میلکی ئەوەی هەیە، مالیکی ئەوەیە.

مەلیك

ئینجا لەئینساندا نسبییە مالیکیەتەکە قەید و بەندی تائەندازەیەك هەر هەیە، بەڵام خوا مالیکی موتڵەقە بەم مانایە کە هەرچییەك لەم جیهانی خیلقەتدا خوا هەرچۆنێك بییەوێت دەتوانێ تەصەروفی تێدابکات، دەتوانێ نابودی بکات، بیگۆڕێت گەشەی پێ بدات، کەمی بکاتەوە، هەرچیەك ویستی بوو دەتوانێ پێی بکات، مالیکیەتی ئەو بەو مانایەیە.

مالیکیەت لەئینساندا موتڵەق نییە

لەئایەتی (٢) سورەتی (النساء) ئەم باسە مەترەح دەبێت، کە خەڵك هەرکام شتێك لەدەستیاندایە و لەڕێگەیەکی مەشروعەوە بەدەستیان هێناوە،ماڵی خۆیانە و هەرکەس تایبەتمەندی هەیە بەدارایی خۆیەوە، بەجۆرێك کە بەبێ ڕێگەی ئەو ساحێبە کەسێکی تر ناتوانێ تەصەروفی تێدابکات و ئیستیفادەی لێ بکات.
دەفەرموێ:

﴿وَآتُواْ الْيَتَامَى أَمْوَالَهُمْ وَلاَ تَتَبَدَّلُواْ الْخَبِيثَ بِالطَّيِّبِ وَلاَ تَأْكُلُواْ أَمْوَالَهُمْ إِلَى أَمْوَالِكُمْ إِنَّهُ كَانَ حُوباً كَبِيراً﴾



Scanned by CamScanner

نموونەی قورئانی بۆ مالیکیەتی تەردی

دەفەرموێ کاتێك هەتیوەکان گەورەبوون و باڵغ بوونماڵەکانیان پێ بدەن، ئاخر کاتێ کەسێ باوکی مرد و هێشتا باڵغ نەبووبوو، دەبێت ماڵەکەی کەسێکی تر بیگرێتە ژێر دەستی و خۆی سەرپەرشتی بکات، چونکە منداڵ مەصڵەحەت نازانێ، دەرنەتیجە ئەگەری هەیە لەدەورەی منداڵیدا تەصەروفێکی خراپ لەماڵەکەیدا بکات و زەرەری تێدابکات و لەناوی ببات، دەرنەتیجە تاکاتێك ئەو منداڵانە باڵغ دەبن، واجبە وەصییەك، وەلییەك، سەرپەرستێکیان ببێت ماڵەکە لەدەستی ئەودابێت کە لەبەرژەوەندی ئەوان تەصەروفی تێدابکات.

جا دەفەرموێ، کاتێك ئەو هەتیوانە گەورە بوون و باڵغ بوون، ڕاستەوخۆ ماڵەکەیان پێ بدەنەوە، ئەڵبەتە لەئایەتێکی تردا قەیدی بۆ داناوە، بەشەرتێك ئەوەندە ئیستیعداد پەیدابکەن، بتوانن خۆیان لەدواییدا بەجۆرێك کە مەصڵەحەتی ببێت بۆیان ئیدارەی بکەن، نەك نەفەرێك بێت لەدوای باڵغ بوونیش هەر مەصڵەحەت نەزانێت، ئینسانێك بێت سەرسەری لەتەصەروف لەماڵەکەیدا پابەندی هیچێك نەبێت، دووبارە هەم زەرەر بکاتەوە.

دەفەرموێ (وَآتُواْ الْيَتَامَى أَمْوَالَهُمْ) ماڵی هەتیوەکان بدەنە دەست خۆیان - ئەڵبەتە کاتێك باڵغ بوون - بەشەرتێکیش مەصڵەحەت بزانن، بزانن چ ڕێگەیەك بۆ تەصەروف لەم ماڵەدا ڕێگە دراوە و چ ڕێگەیەك قەدەغەکراوە.

﴿وَلاَ تَتَبَدَّلُواْ الْخَبِيثَ بِالطَّيِّبِ﴾

لەجیاتی شتی پاك و خۆشدا، شتی پیس و ناپاك مەهێنن بۆ خۆتان، واتە ئێوە خۆتان شتێکتان هەیە، ماڵێکتان هەیە بۆ خۆتان، کە بەکۆششی خۆتان بەدەستتان هێناوە، ئەوە پاکیزەیە بۆتان، بەڵام ماڵی ئەو هەتیوەی کە ئەوەتا لەدەستتاندا، ئەوە سەبارەت بەئێوە خەبیسە.

پاك و پیس شتی نیسبین

ئاخر چونکە (خَبِيثَ) و (طَيِّبِ) شتی نیسبییە، خۆی زاتی شتەکە خەبیس نییە، بۆ ئێوە خەبیسە، پیس و پەنیدە، ئێوە حەقتان نییە ئیستیفادەی لێ بکەن،

ئەگەریش ئیستیفادەتان لێ کرد کەسێك نەبوو لەدنیادا بەردەستتان بگرێت، شتێك خەبیستان بەدەست هێناوە، لەقیامەتدا خوا تۆڵەتان لێ دەسەنێ، وەك هەر لەو (سورەتە)دا دەفەرموێ، ئەوانە کە ئاوا دەکەن، ئەوە ئاگر دەخۆن، ئاگر دەکەنە ناو سکیان، واتە لەقیامەتدا توشی ئاگری جەهەنم دەبن.

چۆنیەتی تەسەڕوفکردن لەماڵی هەتیوەکان

لەپێشدا باسمانکرد، کە (وَيُحَرِّمُ عَلَيْهِمُ الْخَبَائِثَ)، هەرچی پیس و ناپاك بێت، ئەو پێغەمبەرە کە مەئموری خوایە حەرامی دەکات لەباوەڕدارەکان، واتە دەستبردنە ناو ماڵی هەتیو بۆ ئەوکەسە کە سەرپەرشتیەتی حەرامە، ڕێگەی نییە، بەڵام هەر لەو سورەتەدا و لەئایەتێکی تردا خۆی شەرحی داوە، کە ئەگەر سەرپەرشتەکە فەقیربوو، کاتی خۆی لەسەرپەرشتی ماڵی هەتیوەکەدا سەرف دەکرد، دەتوانێ بەئەندازەیەك کە زیندەگیەکی زۆر سادە و سنوری وەصەت لێی ئیستیفادە بکات، چونکە ئیتر مەشغوڵی ئەو ماڵە و سەرپەرشتی لەو ماڵەدا بووە، ئەوە ئیستیسنایە.

دەفەرموێ: ﴿وَلاَ تَأْكُلُواْ أَمْوَالَهُمْ إِلَى أَمْوَالِكُمْ﴾

ماڵەکانی ئەوان مەهێنن بیخەنەسەر دارایيەکەی خۆتان و هەمووی بەیەکەوە بخۆن، چونکە هەرکەس پەیوەندی بەدارایی خۆیەوە هەیە، ئێوە ئەوەی کە هی خۆتانە، ئەوانیش هی خۆیان، ئەوانیش بە(ئیرس) پێیان گەشتووە یان بە(وەصییەت)ە، یان بە(زەکات)ە، یان بە(بەخشش)ە، هەرکام لەو ڕێگایانە ماڵێکیان پێ گەشتووە ئەو هەتیوانە تایبەتی خۆیانە، موڵکیانە و ڕێگەی تەصەروفی بۆ ئێوە تێدا نییە، خۆیانن کە دەبێت تەصەروفی تێدابکەن، خۆیشیان تاکاتێ کە منداڵن نابێت تەصەروفی تێدابکەن، دەبێت ئێوە لەبەرژەوەندی ئەوان بیکەن، کاتێکیش باڵغ بوون، بیدەنەوە دەست خۆیان، ئەگەر باڵغ بوون و شایستەیی ئەوەیان بوو کە ڕەچاوی مەصلەحەت بکەن.

﴿إِنَّهُ كَانَ حُوباً كَبِيراً﴾



Scanned by CamScanner

خواردنی مالّی هەتیو و تووشبوون بەگوناه

بەڕاستی ئەگەر ئێوە لەماڵەكانی ئەوان بخۆن، بێ ئیجازەی خوا تەصەروفیان تێدابكەن، گوناهێكی گەورەیە، تووشی گوناهێكی گەورە دەبن، كە یەكێكە لەگوناهە گەورەكان، تەقریبەن یەك دوو دەرەجەیەك لەخواری شیرك وكوشتن و ئەوانەیە.

كەوابوو لەم ئایەتە تێدەگەین، كە ئەموال ئیشتراكی نییە لەنیزامی ئابووری ئیسلامدا، هەركەسێك شتێكی بوو تایبەتی خۆیەتی، ئەڵبەتە لەسنورێكدا، كە دواتر باسی دەكەین.

ئایەتی (٣٦و٣٧)ی سورەتی (محمد) دەفەرموێ: ﴿إِنَّمَا الْحَيَاةُ الدُّنْيَا لَعِبٌ وَلَهْوٌ﴾

یەك ئایەتمان نییە سەربەخۆ باسی ئابووری بكات

ئەڵبەتە لەقورئاندا نەك سورەتێك، ئایەتێكیش نییە، كە بەتەواوی باسی ئابووری بكات، تێكەڵاوی كراوە لەگەڵ ئیمان و ئەخلاق و ئەمانەدا، ئەلئان لێرەشدا سەرەتای ئایەتەكە باسی مەسەلەیەكی ئیمانی و ئەخلاقیە، دەفەرموێ زیندەگی دنیا تەنها گەمەكردنە و شتێكی بێ هودە و بێ ئەرزشە، شایستەی ئەوە نییە، كە ئینسان خۆی پێوە خەریك بكات و مەشغوڵ ببێت پێیەوە.

﴿وَإِن تُؤْمِنُوا وَتَتَّقُوا يُؤْتِكُمْ أُجُورَكُمْ وَلَا يَسْأَلْكُمْ أَمْوَالَكُمْ﴾

لەشێوەیەكدا زیندەگی دنیا لەگەمەكردن و كاری بێ هودە دەردێت، لەشێوەیەكدا شتێك هەیە، ئەگەر ئێوە ئەوە ئەنجام بدەن، ئیتر زیندەگیەكەتان نابێتە بێ هودە، نابێتە گەمەكردن، (وَإِن تُؤْمِنُوا وَتَتَّقُوا) ئەگەر ئێوە بەرنامەی خوا بناسن و پابەندی ببن و پارێزگاری بكەن و بەپێی بەرنامەی خوا عەمەل بكەن، (يُؤْتِكُمْ أُجُورَكُمْ) پاداشتی كارەكانتان پێ دەدات پاداشتی ئیمان و تەقواكەتان پێ دەدات.

واتە لەم شێوەیەدا ئیتر زیندەگی دنیا (لەهوو گەمە و بێ هودە نابێت)، ئیتر بەكەڵك دێت، ئەگەر ئینسان تەمەنی خۆی لەڕێگەی ئیمان و تەقوا و فەرمانبورداری خوا سەرفكرد ئیتر گەمەی نەكردووە، كاری بێ هودەی نەكردووە،

چونکە گەمە بەشتێك دەڵێن کە ئەنجامێکی نەبێت، لێرە ئیتر نەتیجە بووە،
(يُؤْتِكُمْ أُجُورَكُمْ) پاداشتەکانتان پێ دەدات.
﴿وَلَا يَسْأَلْكُمْ أَمْوَالَكُمْ﴾
هەروەها هەموو ماڵەکەشتان لێ داواناکات، خوا نایەوێت و نیزامێکی ئابووری بەو جۆرەی دانەناوە، کە هەرچیتان هەیە لێتان بسێنێ، ئەگەر ئێوە ڕەچاوی قانونی خوا بکەن، لەنیزامی ئابووریدا، ئەو حقوقە کە خوا لەدارایی ئێوەدا دایناوە بیدەن، لەدوای ئەوە ئیتر بەقیەتان لێ داواناکات، مەسەلەن لەشەرایتی عادیدا زەکاتی داناوە، لەحاڵی فەوقوالعادە کە زەکات بەش نەکات زیاتر لەوە تاکاتێ ڕەفعی نیاز ببێت لەکۆمەڵگەدا، هەندێ شتێ تر هەیە، وەك (کەفارە و فیدیە) و ئەمجۆرە شتانە کە ئەوە ئیتر تەفصیلاتی لەجێگەی خۆیدا هەیە ـ لە(فیقهدا).
ئەگەر تەقواتان ئەنجامدا، واتە بەهۆی ڕەچاوی قانونی خوا لەئابووریدا خۆتان لەعەزاب پاراست، واتە ئەگەر ئەو جۆرە کە خوا واجبی کردووە لەسەرتان، لەدارابیەکەی خۆتان سەرفتان کرد، لەڕێگەی ئەوەدا، لەدوای ئەوە ئیزافە ماوە، ئیتر بەزۆر ئەوەتان لێ داواناکات، واتە مالیکیەت مەوردی قبوڵە، تەنها تاسەردەمێ کە ڕەفعی نیازبێت لەکۆمەڵگەدا لەتاکێك شت دەسەنرێ، لەدواتردا هەر ئەندازە موڵك و ماڵی ببێت لەدەستی خۆیدا دەمێنێتەوە، ئەڵبەتە دووبارە سنور و قیودێکی هەیە کە لەدواییدا باسی دەکەین.
﴿إِن يَسْأَلْكُمُوهَا فَيُحْفِكُمْ تَبْخَلُوا وَيُخْرِجْ أَضْغَانَكُمْ﴾
لەبەرئەوەی خوا دەزانێ ئەگەر پێداگری بکات لەداواکردنی ماڵەکانتان، زۆرتان بۆ بێنێت، کە هەرچیتان هەیە بیبدەن موصادەرەی ئەموالتان بکات بەهۆی نیزامی ئابووری خۆی، ئێوە هاوار بەماڵ و ئاخ و داخ دەکەن، بوخل و خۆشەویستی ماڵ وادارتان دەکات لەسەر نافەرمانی، واتە ئەگەربێت و نیزامی ئابووری ئیسلامی جۆرێك دامەزرێنی کە زیاد لەئەندازەیەك کە ئەڵئان دابینی



Scanned by CamScanner

کردوە، لەئێوە بسێنێ، ئەوکاتە نیزامەکە بەرخورد لەگەڵ فیترەتدا دەکات، چونکە ئینسان فیترەتی وایە کە حوبی زاتی هەیە، شتێکی بەدەست هێنا پەیوەندی هەیە پێوەی، ئەوکاتە بەرخورد لەگەڵ فیترەتی ئینساندا دەکات، دەرئەنجام ئێوەش لەبەرامبەر ئەم دەستورەوە پایداری ناکەن.

﴿تَبْخَلُوا﴾

ناچاردەبن بۆئەوەی کە نافەرمانی بکەن و لەئیسلام دەرچن، ئەوکاتە هەرچی کینەی سەخت لەدەرونتاندایە نیسبەت بەم نیزامە دەردەکەوێت، خوا دەری دەخات، چونکە ئینسان شتی خۆش دەوێت.

لەئایەتی (١٤)ی سورەتی (ال عمران)دا ﴿زُيِّنَ لِلنَّاسِ﴾، وەك باسکرا خوا چەندەها شتی لەنەزەری ئینساندا موزەیەن کردووە، ئینسان خۆشەویستی سەبارەت بەوانە هەیە، خۆشەویستی ئینسان فیترییە بۆ ژن بۆ ماڵ بۆ منداڵ بۆ ئەو جۆرە شتانە کە لەوێ ڕوونکرانەوە، ئەوە شتێکی فیترییە لەدڵی ئینسان دەرنایەت، لەوجودی ئینسان نابێتەوە.

دەی ئەگەر خوا نیزامی ئابوورییەکەی جۆرێك دابنێ هەرچی شتتانە لێتان بسەنێت موصادەرەتان بکات، ئەوکاتە لەگەڵ ئەو فیترەتە کە خۆی دایناوە بەرخورد دەبێت، ئێوەش ناتوانن پایداری بکەن، دەرئەنجامە تووشی نافەرمانی دەبن و لەئیسلام دەردەچن، ئەوکاتە کینەی زۆر سەختتان سەبارەت بەئیسلام تێدا ئاشکرادەبێت و علیە ئیسلام شۆڕش دەکەن، وەك مەسەلەن لەدنیای ئیمڕۆدا علیە سەرمایەداری شۆڕش دەکەن، یان ئەگەر زەمینە موساعیدبوو علیە کۆمۆنیزم و سۆسیالیزم شۆڕش دەکەن.

جا مەسئەلەی موصادەرەی ماڵ لەباسی (ڕیبا)دا لەچەند ئایەتێکدا هەن لەسورەتی (البقرە)دا (إن شاء الله) لەوێدا ڕوونکردنەوەی زیاتر دەدرێت، بەڵام ئێستا لەم دوو ئایەتەدا ئەوەندە دەزانین کە ئینسان مالیکی ئەوەیە کە خۆی بەدەستی

هێناوە بەهەوڵی خۆی، ئەمجارە تا سنورێکیش داوای لێ دەکرێت، تا سنورێك کە نیازی کۆمەڵگە ڕەفع ببێت و زیندەگی ببێتە سنوری مامناوەند، لەدواتردا ئەگەر شتێکی بوو هی خۆیەتی، لەهەر شەرایتێکدا بوو، ئەڵبەتە بەسەرنجدان بەو قەید و شەرتانە کە کەم کەم لەئایندەدا باسیان دەکەین.

ئایەتی (١٧،١٩،١٨)ی سورەتی (الليل)، دەفەرموێ: ﴿وَسَيُجَنَّبُهَا الْأَتْقَى * الَّذِي يُؤْتِي مَالَهُ يَتَزَكَّى * وَمَا لِأَحَدٍ عِندَهُ مِن نِّعْمَةٍ تُجْزَى﴾

ماوەیەکی تر ئەوکەسە کە پارێزگارترە دوور دەخرێتەوە لەئاگری جەهەنم، کێیە؟ ئەوە کەسێکە کە ماڵی خۆی دەبەخشێت، لەحاڵێکدا هیچ کەس نیعمەت و چاکەیەکی لەلای ئەم نییە کە پاداشتی بداتەوە، واتە وەنەبێت دارایی کەس بەلایەوەبێت بیداتەوە، کاتێك ئەو ماڵە دەدات لەڕێی خوا، کەوابوو ئەرزشی هەیە و خوا لەبەرئەوە لەسزای جەهەنم ڕزگاری دەکات، چونکە ئەو ماڵە هی خۆیەتی و تایبەتی خۆیەتی و ئێستا لەبەر ئیقتیزای ئیمان و تەقوایە کە سەرفی دەکات لەڕێی خوا، (ئەگەر مالیکیەتی فەردی نەبوایە هەرکەس ئیزافە لەنیازی خۆی کە لەدەستیدایە، هی خۆی نەبوو، بەڵکو نیعمەتێك بوو کە هی خەڵکی ترە و لەدەستی ئەمدایە).

دەرنەتیجە کاتێك خوا دەیفەرموو بیدە بەخەڵکی، بیدە بەنەدارەکان، ئاوای نەدەفەرموو، کە (وما لاحدا)، دەیفەرموو چونکە نیعمەتی خۆیانە کەوتووەتە دەستی تۆ، دەبێت بیاندەیتەوە، حەقی خەڵکە ئەوەتا بەلاتەوە دەبێت بیاندەیتەوە، بەڵام دەفەرموێ "کاتێ ماڵەکەیە هیچی بەسەرەوە نییە، چونکە مولکی خۆیەتی ئارەزووی خۆیەتی بەکێی دەدات، ئەوەش بەلگەیەکی تری مالکییەتی فەردی، چونکە مالیکیەت نەبوایە ئینسان خۆی نەبوو، خوا کاتێ دەفەرموێ بیدەنەوە هی خەڵکییە، نیعمەتی کەس نییە ماڵی کەس نییە.



Scanned by CamScanner

## چەند ئایەتێك بۆ سەلماندنی مالیکیەتی فەردی

ئەوە باسکرا کە ئینسان شتێکی لەڕێگەی کۆششەوە بەدەست هێنا (مالکیەتی)، هەروەها قورئان لەچەند ئایەتدا مالیکیەتی فەردی ئیسپات دەکات، هەڵبەتە چەند ئایەتێکی تر ئاماژەیان بۆ دەکەم، بۆ دەلیلی مالیکیەتی فەردی.

• لەسورەتی (البقرە)دا، بەسەرمایەداران دەفەرموێ:

﴿وَإِن تُبْتُمْ فَلَكُمْ رُؤُوسُ أَمْوَالِكُمْ﴾

ئەگەر لەم کاتەوە دەستتان لەسەرمایەداری کێشا، کە حکومەتی ئیسلامی خەریکە قانونی خۆی پیادە دەکات، لەم کاتەوە، چونکە کاری بەڕابردووەوە نییە، لەم کاتەوە، ﴿وَإِن تُبْتُمْ﴾ ئەگەر دەستتان کێشا لەکاری ئیستیسمارتان و لەو ڕیبا كارییەتان، ﴿فَلَكُمْ رُؤُوسُ أَمْوَالِكُمْ﴾ سەرمایەکانتان تەنها بۆ خۆتانە و بۆ کەسی تر نییە.

﴿لاَ تَظْلِمُونَ وَلاَ تُظْلَمُونَ﴾ البقرة (٢٧٩)

ئەنێوە زوڵم دەکەن لەخەڵکی تر کە ئیستیسماریان بکەن، ئەنێوەش زوڵمتان لێ دەکرێت، کە سەرمایەکانتان لەدەست بسەنرێت، لەڕابردوشدا چۆن بەدەستتان هێناوە، وەك دەوترێت "قانون پەیوەندی بەڕابردووەوە نییە"، لەم کاتەوە دەست پێدەکان، چونکە قانونی خوا ئینسان پیادەی دەکات، ئینسانیش غەیب نازانێ تەواوی ڕابردووی خەڵك بخوێنێتەوە، بزانێ چۆن بەدەستی هێناوە، یان نەیکردووە، لەوکاتەوە دەستور صادردەبێت، بەڵام ئەگەر لەوکاتەوە کە قانونی پێ دەکات لەئیستسمار دەستی نەکێشا، ئینجا هەموو ماڵەکەی موصادەرە دەکرێت، کەوابوو ئەوەش ئایەتێکی زۆر زۆر ڕۆشنە بۆ ئیسپاتی مالیکیەت.

قانوون پەیوەندی بەڕابردووەوە نییە

• (ئایەتی١٤ی آل عمران) هەروەك لەپێشدا وتم کە خوا دەفەرموێ ئەو شتانەمان بۆ تەزین کردوون، خۆشەویستی ماڵ و ئەوانەمان لەدەروونتاندا داناوە،



Scanned by CamScanner

واتە بنچینەی مالیکیەتی فەردی، جوزئی فیترەتی ئێوەیە، خوا ئێوەی جۆرێك دروست کردووە کە حوبی زاتتان هەیە.

ئاخر لەکۆمۆنیزمدا کە نەفی مالیکیەتی فەردی دەکرێت، نەفی حوبی زات لەدەرونی ئینسان دەکرێت، دەڵێن ئینسان فیترەتەن پەیوەندی بەشتێکەوە نەبووە، کە تەشخیصی بدا بەخۆیەوە، لەدواتردا لەئەنجامی ئیختیلالی ئەزمەوە ئەم مالیکیەتە پەیدابووە، بەڵام خوا دەفەرموێ (زُيِّنَ) کەزانیشمان تەزینەکە لەسنورێکیدا خوا کردویەتی.

• ئایەتی(٣٧)ی سورەتی (سبأ)کە باسمانکرد:

﴿وَمَا أَمْوَالُكُمْ وَلَا أَوْلَادُكُم بِالَّتِي تُقَرِّبُكُمْ عِندَنَا زُلْفَى﴾

ماڵ و منداڵ و مالیکیەتی فەردی

لەم ئایەتەدا سەیردەکەین، هەروەها لەنزیکی لەوانەیە (٢٠) ئایەتی تر لەقورئاندا، (ماڵ) لەلای (أَوْلَادُ)دایە، واتە لای (بەنین) کەئەویش هەر واتە منداڵان، لەلای ئەوانە باس دەکرێت، دەی وەك چۆن (أَوْلَادُ) وەك چۆن (منداڵان) ئیختیصاصین، کەس منداڵی موشتەرەکی کۆمەڵگە نییە، کوڕی هەموو کەس نییە، ماڵیش کە لەپاڵ ئەودا باس دەکرێت، ئەمیش هەرکەس تایبەتی خۆیەتی، هەڵبەتە سنورێکی هەیە.

ئیرس و مالیکیەتی فەردی

(وەسیەت و ئیرس و زەکات)یش لەپێشدا ئاماژەم بۆ کردن، ئەویش هەر بەڵگەی مالیکیەتە، من کاتێك دەمرم کەسێکم هەیە (ئیرس)م دەبات لەشتەکەی من، بەڵگەم ئەوەیە کە من مالیکی ئەو شتەم کە نزیکترین کەس لەمن دەیبات، ئەگینا ئەگەر من مالیکی نەبم ئەوەی کە بەمن نزیکە و ئەوانە کەدورن دەبێت یەکسان بن.

وەسیەت و زەکات و مالیکیەتی فەردی

یان مەسەلەن منێك ڕێگەم هەیە (وەسیەت) بکەم، هەندێ شتم بدرێت بەنەفەرێك، چونکە من مالیکی ئەوەم، ئەگینا ڕێگەم نادرێت، دەڵێن وازبێنە هی تۆ نییە، لەدواییدا لەناو کۆمەڵگە دابەش دەکرێت.



Scanned by CamScanner

یان (زەکات)، کەسێك زەکاتی لێ دەسنرێت، یان لەحاڵەتێکی تایبەتدا زیادە لەوەی لێ دەسنرێ بەقیەی دەهێڵێتەوە لەدەستیدا، مانای ئەوەیە کە مالیکی ئەوی ترە ـ انشاالله ئەوانە زیاتر درێژە دەدرێن ـ تەنها ئەو چەند ئاماژەمە کرد.

## مالیکیەتی فەردی لەئیسلامدا موتڵەق و بێ سنوورە؟

ئایەتی (٥)ی سورەتی (النساء):

تا ئێستا باسمانکرد کە (ئینسان مالیکی کاری خۆیەتی)، بەڵام **ئێستا ئەوە باسدەکەین کە مالیکیەت لەئیسلامدا وەك مالیکیەت لەسەرمایەداریدا موتڵەق و بێ سنور نییە**، کە هەرچی مەفاسیدە لێی پەیدابێت، ئینجا (مارکسیەکان) لەئەنجامی بەدبینی و کۆتا نەزەریانەوە وایان حساب کردووە کە مالیکیەتە بنچینەی بەدبەختی کۆمەلگەی مرۆڤایەتییە، بەڵام مالیکیەت بنچینەی بەدبەختی نییە، بێ قەید و بەندی و بێ سنوری مالیکیەتە، وێڵکردن و ئازادکردنی بێ مەرج و قەیدی مالیکیەتە، کە دەبێتە هۆکاری مەفاسید لەکۆمەلگەدا ـ انشاالله لەدەرسەکانی تردا ڕونیان دەکەینەوە ـ

کە ئێستا لێرەدا ئەم ئایەتە دەفەرموێ: ﴿وَلَا تُؤْتُوا السُّفَهَاءَ أَمْوَالَكُمُ﴾

لەپێشدا وتمان (یەتیم) ئەگەر تاسەردەمێك بالغ نەبێت، دەبێت ماڵەکەی لەدەستی سەرپەرشتدا بێت، چونکە لەو ماوەیەدا نازانێ چۆن سەرفی بکات، بەئیزافەی (یەتیم)، ئەگەر ئینسانێك ئاگایی لەمەصالح و شت نەبێت، نەزانێت چۆن مامەڵە و شت دەکات (سَفیە)بێت.

سەفیە: ئەصڵەن لە(سَفَە)ە، واتە قاڵب سوکی، ئینجا لەدوای ئەوە (سَفیە) بەکەسێك دەڵێن کە عەقڵی سوك بێت، واتە ئینسانێ ئەقد ورد نەبێت، کەسێك (سَفیە) بوو نەیدەزانی مەصڵەحەتی تەصەروف لەئەموال چۆنە، چۆن مەنفەعەتی هەیە، چۆن زەرەری هەیە، ئینسانێکی سەرسەری هەروا یان ئەصڵەن حۆل و گێلە



Scanned by CamScanner

نازانێ چۆنە، یان ئینسانێکە تەواو دەست بڵاوە، بەیەکجار هەرچی شتی هەیە لەدەستی دەڕوات، مامەڵەی خراپ دەکات.

دەرنەتیجە ماڵێك کە ئەوەتا لەدەستیدا - ماڵەکە هی خۆیەتی کە ئەوەتا لەدەستیدا - بەڵام ئەوەش بزانین کە ماڵی ئەفەرێك هی خۆیەتی تاسنورێك هی خۆیەتی کە لەتمە بەکۆمەڵگە نەگەیەنێ، لەدواتردا کۆمەڵگەش خاوەنی ئەو ماڵەیە، واتە مالیکیەت لەئیسلامدا وەك مالیکیەت لەنیزامی سەرمایەداریدا نییە، کە موتڵەق و بێ قەید و بەندبێت کامڵەن توانایی لەسەر تەصەروف لەماڵی خۆیدا ببێت، شەرایتێکی هەیە.

ئیجا ئەم کەسە کە سەفیهە و لەماڵەکەیدا نازانێ چۆن تەصەروف بکات و بەزەرەری خۆی یان بەزەرەری کۆمەڵگە دەیکات، خوا لێرەدا ئیتر نافەرموێ ماڵی ئەوە، دەفەرموێ (أَمْوَالَكُمُ)، بەڵێ لەهی (یەتیم)دا فەرمویی (أَمْوَالَهُم)، بەڵام لێرەدا کە ئیتر کاتێ باڵغ بوو یان کەسێك کە ئەصڵەن (یەتیم) نییە و باڵغە سەرسوکە و بێ عەقڵە و نازانێ چۆن خەرج دەکات، لێرەدا دەفەرموێ ماڵەکەتان ئیتر ماڵی کۆمەڵگەیە، ئەو شەخسە شایستەیی تەصەروفی موستەقیل لەماڵی خۆی لەدەست داوە، کەوابوو دەبێت ماڵ لەدەستی ئەو بسەنرێت، بکەوێتە دەست نیرویی قەزائی (دەسەڵاتی دادوەری) حکومەتی ئیسلامی.

ئەمجارە خیتاب لەکۆمەڵگەی ئیسلامی دەکرێت کە (نیرویی قەزائی) نوێنەرییەتی، دەفەرموێ ماڵەکەتان، ماڵی کۆمەڵگەیە، مەیدەنەوە دەست (سەفیهەکان)، چونکە ئەوان نازانن خەرجی بکەن و لەناودەچێت، هەروەها دەبێت بزانین مالیکیەتی ئینسان لەئیسلامدا بەم مانایەیە کە ئەم کەسە ئەم شتە هی ئەوە، بەڵام دەبێت کۆمەڵگەش لێی بەرخوردار ببێت و تەصەروفی ئەم سنورداره، جا چونکە ئەم (سەفیهە) نازانێ تەصەروفی سنوردار و مەرجدار بکات، لێرە مالکییەتی لێ وەردەگیرێتەوە، دەکەوێتە دەست نیرویی قەزائی حکومەتی ئیسلامی.



Scanned by CamScanner

جا (وَلاَ أَمْوَالَهُم) ماڵەکەتان ماڵی خۆیەتی، هی سەفیهە، بەڵام دەفەرموێ ماڵەکانتان، ماڵەکانتان مەدەنە دەست سەفیهەکان، (الَّتِي جَعَلَ اللّهُ لَكُمْ قِيَاماً) ئەو ماڵەی کە خوا کردویەتیە هۆکاری پایداری ئێوە، واتە ماڵی یەك تاکیش مایەی پایەداری تەواوی کۆمەڵگەیە، چونکە ئەو تاکە خۆی تاسنوری مامناوەند نەك تاسنوری (ئیسراف و ئیتراف)، تاسنوری مامناوەند دەتوانێ ئیستیفادەی لێ بکات، بەقیەی دەبێت لەخزمەتی کۆمەڵگە بێت، بۆیە دەفەرموێ لێرەدا ئەم ماڵانە کە هی سوفەهائە، بەڵام خۆیان شایستەیی تەسەروفیان لەدەست داوە، ئێستا لەدەست ئێوەدایە، چونکە تەنها ماڵی خۆیان نییە، بڵێین دەی (بەتوون) با خەرجی بکات بۆ خۆی، هی تەواوی کۆمەڵگەیە، کۆمەڵگە لەسەر ئەساسی ئەم ماڵ و سەروەتی تاکانە دادەمەزرێت، چونکە کۆمەڵگە واتە تاك، دەرنەتیجە ماڵەکانیان مەدەنە دەستیان، چونکە ئەگەر ماڵەکانی ئەوان بدەنە دەستیان ئێوە خۆتان لەناودەچن، پایە و ئەساسێك بۆ پایەداری ئێوە نامێنێ.

مالی تاکێك مایەی پایداری تەواوی کۆمەڵگەیە

جا هەرکەسێك لەکۆمەڵگەدا خیلافی نیزامی خوا لەماڵدا تەصەروفی کرد، چ سەرمایەدارێك بێت کە پابەندی ئیسلام نەبێت یان هەرکەس بێت، دەبێت ماڵەکەی لەدەست بسەنرێ و بکەوێتە دەست حکومەتی ئیسلامی، بەشی ئەویشی لێ دەدات و بەقیەشی دەخاتەکار، خۆی بازرگانی و شتی پێ دەکات و کاسپی پێوە دەکات، بۆیە هەرکەسێ پێچەوانەی نیزامی ئابووری ئیسلام لەدارایی خۆیدا تەصەروفی کرد (سەفیه)ە و ماڵەکەی لەدەستی دەسەنرێ، لەوکاتانەدا ئیتر حکومەت ڕاستەوخۆ چاودێری ماڵەکەی دەکات و تەصەروفی تێدا دەکات.

بەڵام ﴿وَارْزُقُوهُمْ فِيهَا وَاكْسُوهُمْ﴾

بەڵام لەناو ماڵەکەیان و داراییەکاندا ڕزق و ڕۆزیان، خۆراك و پۆشاکیان بدەن، ئینجا نەی فەرموو (منها) لەماڵەکەیان، فەرمووی (فِيهَا) لەناو ماڵەکە، یانی چی؟ واتە نەك ماڵەکەیان بێ کار و کاسپی بیهێڵنەوە و تەپەی بکەن ئەوکاتە هەر

لەدەستهاتی ماڵی هەتیودا دەبێت خەرجیان بدرێت نەك لەناو ماڵەکەیان

ڕۆژێ شتێکی لێ ببەن و تەواو ببێت، نەخێر، (فیها) دەبێت ماڵەکە بخەنەکار، حکومەت کار و کاسپی پێوەبکات، ئیجا لەسەمەراتێك کە لەو ماڵەدا پەیدادەبێت لەو سەمەر و سودە کە پەیدادەبێت ئا لەوە پێیان بدەن، خودی سەرمایەکە هەر بمێنێ، لەنەتائیجێك کە ئەو سەرمایە دەیدات لەوە بۆیان خەرج بکرێت، کەوابوو نابێت ماڵەکەی کەنز بکرێت و لەمەیدانی فەعالیەت دەربچێت.

﴿وَقُولُواْ لَهُمْ قَوْلاً مَّعْرُوفاً﴾ النساء (٥)

چۆنیەتی مامەڵەکردنی سەرپەرشتان لەگەڵ خاوەن ماڵەکان

ئەگەریش ئیعترازیان لێ گرتن بۆچی ماڵەکەمان نادەنە دەست خۆمان، قسەیەك خۆشیان لەگەڵدا بکەن، شیعاری خراپ و مەرگ دژی فلان و نازانم ئەوانە مەکەن، ئەوانە لەئیسلامدا شایستە نییە، قسەی خۆش، بڵێن فلانەکەس بەڵێ تۆ زەحمەتت کێشاوە ئەم ماڵەت بەدەست هێناوە، بەڵام تەجروبەمان کردووە کە تۆ نازانی موافقی مەصلەحەتێك کە لەئیسلامدا لەبەرچاوگیراوە تەصەروف لەم ماڵەدا بکەی، بۆیە لێرەدا دەستوری خوایە کە ئێمە ئەم ماڵە لەدەستی تۆ وەربگرین و تۆ چ زەرەرێك دەکەی کاسپیشی تێدادەکەین و بەشی تۆشی لێ دەدەین، بەڵام چونکە لەدەستی تۆدابێت خراپ سەرفی دەکەی، بەقسەیەکی خۆش ڕازی بکەن، ئەویش نارەحەت نەبێت، ماڵەکەش لەناو نەڕوات کۆمەڵگە زەرەر نەکات، ئەویش دڵی نەیەشێت.

## مالکییەتی فەردی لەسیستەمە جیاوازەکاندا

لەسەر مەسئەلەی (مالیکیەت) غەوغای زۆر کراوە، بەتایبەت لەم سەردەمەی ئێمەی تێدایە، لەلایەکەوە سەرمایەداری جۆرێك نەزەریات دەدات لەسەر مالیکیەت، لەلایەکەوە کۆمۆنیزم و سۆسیالیزم جۆرێك، لەلایەکەوە ئیسلام جۆرێك، هەرکام بەجۆرێك لەمبارەوە ڕەئی دەدەن، هەروەها قالی گەورەی دنیای ئەمڕۆش بووەتە ئەم مەسەلە، جارێ لەپێشدا دیاری بکەین.

کاتێ دەڵێین مالیکیەت هەیە یان نییە مەبەستمان چیە، لەنیزامی کۆمۆنیزمدا مەسەلەن دەڵێین مالیکیەت نییە نەك مەبەست ئەوەیە واتە هیچ شتێك قابیلی مالیکیەت نییە، شتێ کە ئینسان دەیگرێتە دەست و بەدەستی دەهێنێ بۆ مەسرەفکردن، ئەوە هیچ ئیختیلافێکی تێدا نییە کە مالیکیەت قبوڵ دەکات، واتە نان دەکڕێ دەیباتەوە ماڵ، دەیخوات یان گۆشت دەکڕێ، یان شەکر و چایی یان پۆشاك یان هەرشتێکی تر لەو بوارەدا خۆراك و پۆشاك و مەسکەنێك کە مەوردی ئیستیفادەی خۆی قەرار دەگرێت، ئەوەیە کە پێی دەڵێین (مەسرەفی) یان بەزاراوەی عەرەبی (ئیستیهلاکی)، ئینسان خۆی سەرفی دەکات، ئەوە هیچ ئیختیلافێکی تێدانییە، لەکۆمۆنیزم لەسۆسیالیزم لەهەموویاندا هەموو کەس قبوڵییەتی و مالیکیەت قبوڵ دەکات، واتە کاتێك کەسێك بەشی خۆی لەخۆراك و پۆشاك و مەسکەندا کەوتە دەست، ئیتر هی خۆیەتی، کەسی تر ناتوانێ لێی بسەنێ، تەنانەت لەنیزامی کۆمۆنیستدا.

**مەسئەلە لەسەر (ئەبزاری تەولید - کەرەستەی بەرهەمهێنان و مەوادی سروشتییە)** کە ئەبزاری تەولید لەڕووی ئەو مەوادە کاردەکات و کاڵا و مەتاع پەیدادەکات، مەسئەلە لەوەیە کە ئایا (ئەبزاری تەولید و مەوادی سروشتی) مالیکیەت قبوڵ دەکەن یان نایکەن؟ جیاوازی لەمەدایە (ئەبزاری تەولید): ئەبزاری تەولید
مەسەلەن لەدنیای سنعەتی ئەمڕۆدا هەرچی ئالەتێك، هەرچی سەیارە و مەکینە و

بەشەکانی ئەوانە و ئەوەی کە لەوانە دروست بووە ئەم کارخانە و شتە ئەوانە کە دەبنە هۆکاری تەولید و ئینتاج ئەوانە پێیان دەڵێین (ئەبزاری تەولید).

مەواد مەوادیش: وەك مەعدەنی ئاسن و خەڵوزی بەردین و کانگەی ئەوت ئەو جۆرە شتانە.

بەکورتی:

- سەرمایەداری ئەزەریەی لەسەر ئەوەیە، کە ئینسان هەرچییەکی بەدەست هێنا (ئەبزاری تەولید، مەوادی سروشتی یان ئەوەی کە لەپێشدا وتمان مەسرەفی)، هەرکام لەمانە هیچ جیاوازی نییە موتڵەقەن بێ قەید و شەرت مالیکیەتی، بەویستی خۆی دەتوانێ مەسرەفی تێدابکات و لەسەری کاربکات.

- کۆمۆنیزم دەڵێت "(ئەبزاری تەولید و مەوادی سروشتی) مالیکیەت قبوڵ ناکات، ئەوانە شتێکن گشتین، دەبێت لەخزمەتی هەموو کۆمەڵگەدا بێت، بەڵام لەسەرەتاوە لەژێر چاودێری دەوڵەتدا تا سەردەمێك خەڵك ئەو حوبی زات و خود دوستیانە نەمێنێ، ئەمجارەش دەوڵەتیش لادەچێ و حکومەتێك نییە و ئیتر هەمووی دەبێتە مەلائیکە!! هەمووی بۆ کۆمەڵگە کاردەکات، ئەوکاتە ئیتر ئیحتیاجی بەچاودێری دەوڵەتیش نییە".

- سۆسیالیزمی تەدریجی سوسیالیزمی تەدریجی، بۆیە دەڵێم (سۆسیالیزمی تەدریجی)، چونکە سۆسیالیزمی ئینقلابی یان عیلمی هەر کۆمۆنیزمە، لەدواتردا جا کەمێ ڕوونکردنەوە لەبارەیەوە دەدەم، سۆسیالیزمی تەدریجی کە باوەڕی بەئینقلاب و شۆڕش و ئەوانە نییە، بەتەدریج و لەڕووی دیموکراسییەوە دەیەوێت کەم کەم بیگەیەنێتە ئەو دەرەجە، (ئەبزاری تەولید و مەوادی سروشتی) لەسنوری خوارەوە لەسنورێکدا کە زۆر فراوان نەبێت قبوڵە کە مالیکیەتی لەسەرەوە بێت، کەسێ ببێتە مالیکی.

ئەو پیشەسازییە گەورانە مەسەلەن دەڵێن سەنایعی مادە یان سەنگین، ئەبزاری تەولید لەو سنوری سەروەوە مەوادی سروشتی لەسنورێك بانەوە، کە ئیتر لەئەندازەیەك دەردەچێ کە تاکێك بتوانێ ئیدارەی بکات و ئیستیسماری خەڵکی پێ نەکات، لەوانەدا ئەو دەڵێت "مالیکیەت نییە"، بۆیە سەرمایەداری، دەڵێت: "مالکییەت موتڵەقەن بێ قەید و مەرج هەیە"، کۆمۆنیزم دەڵێت "نییە"، سۆسیالیزمی تەدریجیش "کە لەنیوەیدا دەڵێ هەیە لەنیوەیدا دەڵێ نییە".

• نیزامی ئابووری ئیسلام، مالیکیەتی فەردی لەهەرشتێکدا کە ئینسان لەڕێگەی کارەوە بەدەستی هێنابێ بەڕەسمیەتی دەناسێ، بەڵام نەك وەك نیزامی سەرمایەداری بێ سنور و قەید، بەشەرایتێکەوە کە ئەو مالیکیەتی فەردیە لەتمە لەمەصلەحەتی کۆمەڵگە نەدات.

لەنیزامی سەرمایەداریدا ئەرزش بۆ فەرد دادەنرێت بەبێ حەد و حساب، هەر بەژەوەندییەك لەنەزەردا بگیرێت بۆ تاك لەنەزەرا دەگیرێت، لەنیزامی کۆمۆنیزمدا ئەرزش بۆ کۆمەڵگەیە، تاك دەبێت ببێتە فیدای کۆمەڵ، لەنیزامی ئیسلامدا ئەرزش بۆ تاکە، چونکە کۆمەڵ لەتاك دروست دەبێت، بەڵام نەك وەك سەرمایەداری بێ قەید و مەرج، کە بەژەوەندی تاك ببێتە هۆکاری مەفسەدەی کۆمەڵ، ئەوە کورتەیەك بوو لەبارەی ئەم سێ چوار نیزامەوە، ئینجا یەکە یەکە ڕونیان دەکەمەوە.



Scanned by CamScanner

## مالکییەتی فەردی لەسیستمی سەرمایەداریدا

سەرمایەداری یان بەزاراوەی هەندێك لەنەیارانی سەرمایەداری (کەپیتالیزم)، ئاخر بۆیە دەڵێم بەزاراوەی نەیاران، چونکە کۆمەڵێکی تر وشەی کەپیتالیزم بۆ سەرمایەداری بەم جۆرە کەوا دەڵێت بەکارناهێنن، ئەوان مەفهومێکی تری لێ وەردەگرن، بەڵام نەیارانی سەرمایەداری دەڵێن بەنیزامی سەرمایەداری (کاپیتالیزم)، کاپیتاڵ واتە سەرمایەدار.

چەند بنچینەیەك هەیە بۆ سەرمایەداری، جا بزانین کامەیان فیترییە و دروستە؟ کامەیان زەرەری هەیە؟ دەرکەوێ ئایا خودی مالیکیەتی تاکە کە بنچینەی مەفسەدەیە یان شتێکی تر هەیە کە بەمالیکیەتی تاکەوە دەیبەستێتەوە؟

### بنچینەکانی سەرمایەداری

**بنچینەی یەکەم:**

ئینسان حەقی هەیە لەمالیکیەتی تاك بەرخوردار ببێت، واتە ئەوکاتە بەهۆی کۆششی خۆی شتێکی بەدەست هێنا بۆ خۆی بێت - جا تەنها ئێستا ئەوە دەڵێم، ڕوونکردنەوەکەی لەدواتردا دەدەم -

**بنچینەی دووەم:**

هەر ئینسانێك مافی ئازادی کاری هەیە، حەقی خۆیەتی ئازادانە دەستنیشانی پیشەی خۆی بکات.

**بنچینەی سێ یەم:**

مەنفەعەتی شەخسیە ئینسان ناچاردەکات لەسەر کارکردن، دەبێت ئینسان هەست بکات کە لەم کارەدا مەنفەعەتی شەخسی بۆ ئەو هەیە تا بەدڵگەرمی و



Scanned by CamScanner

لەبەر دەستکەوتنی مەنفەعەتی شەخسی کارەکە ئەنجام بدات، ئەگەر هات و هەستی کرد کە مەنفەعەتێکی شەخسی لەکارەکەیاندا نییە و تەنها لەخزمەتی کۆمەڵگەدا کاردەکات، دڵ سارد دەبێت بەو جۆرە کە شایستەیە کارەکە ناکات.

**بنچینەی چوارەم:**

دەبێت چاودێری ئازاد لەمەیدانی کاردا لەنێوانی تاکەکاندا هەبێت، هەرکەس ڕەوشێك دەگرێتەبەر بۆ کارکردن ئەوکاتە تاکەکان چاودێری دەکەن، هەرکەس کۆشش دەکات کە بکەوێتە پێش، زیاتر بۆخۆی بەدەست بهێنێ، ئەم چاودێرییە خۆی دەبێتە هۆی ڕوشت لەزەمینەی ئابووریدا، کاتێ لەزیندەگیدا موسابەقە مەترەح بوو، هەرکەسێ کۆشش دەکات بکەوێتە پێشی ئەوی تر، ئاشکرایە تەولید زۆرتر دەبێت، دەرنەتیجە سەتحی زیندەگی دەڕواتە سەرەوە.

**بنچینەی پێنجەم:**

لەنێوان حقوقی کارگەر و سەرمایەداردا بەجیاوازی ڕازین، دەڵێن ئەم دوانە (کرێکار و سەرمایەدار) لەیەك جیان، مەصڵەحەتی حقوقی کارگەر و مەفسەدەی ئەو پەیوەندی بەمەصڵەحەت و مەفسەدەی حقوقی سەرمایەدارەوە نییە، هەروەها بەپێچەوانەوە، چۆن؟

دەڵێت کارگەر مافی دیاریکراوی خۆی هەیە، گریمان (١٠٠٠)تمەن وەردەگرێت لەمانگێکدا، ئەم سەرمایەدارە چ زەرەر بکات و چ شکست بێنێت چ مەنفەعەت بکات، کارگەر مافی خۆی وەردەگرێت.

دەرنەتیجە لەبەرئەوەی کارگەر هەمیشە مافی خۆی موقەرەرە کاتێکیش سەرمایەدار زەرەربکات، کارگەر هەر ماف وەردەگرێ، واتە لەزەرەری ئەودا شەریك نییە نابێ لەمەنفەعەتیشدا شەریك بێت، ئاوا تەوجیهێکی باشی بۆ دەکەن، دەڵێن لەبەرئەوەی کارگەر شەریك نییە لەگەڵ سەرمایەداردا لەنەزەردایە، کەوابوو لەمەنفەعەتیشدا شەریکی ناکەین.



Scanned by CamScanner

دەرنەتیجە ئەو تەنها کرێی خۆی وەردەگرێ و هەرچی سود بەدەست دێت لەکارەکەدا بۆ سەرمایەدارە، نەك وەك ئەوەی شعرێکی عەرەبی هەیە، دەڵێ: "ئەمە چ باوك و دایکێکن، کاتێك شەڕە بانگی من دەکەن بۆ شەڕ دەڵێن وەرە، کاتێك نان و ڕۆن خواردنە هێلکە و ڕۆن خواردنە بانگ دەکەنە (جوندوبی) برام دەڵێ بێ بۆ ئێرە"، ئەمیش دەڵێن با ئاوای پێ نەیەت کاتێك مەنفەعەت بێت کارگەر کاتێ زەرەر بێت ئێمە بین - سەرمایەدار - بەوە تەوجیهی دەکەن کە لەملاوە یەکسەرە دەستی لەهەرچی شتە دەبڕن.

**بنچینەی شەشەم:**

دەڵێن نیازێك بەتەنزیمی بەرنامەی ئابووری بۆ ڕێگە نیشاندان لەلەحازی ئابوورییەوە نییە، نایەوێت بەرنامەی بۆ تەنزیم بکەین، ئەصڵەن عەوامیلێکی فیتری هەن خۆیان هۆکاری پێشکەوتنی ئابوورین، چۆن؟ مەسەلەن دەڵێن: چونکە ئینسان خۆی خۆشدەوێت و حوبی زات لەدەرونیدایە، سەرمایەدار ئەوەی لەنەزەریدایە کە مەنفەعەتی ئەو لەوەدایە کە هەرچی زیاتر (تەولید زیادبکات و خەرجی کەم بێت)، واتە مەوادی سروشتی بەنرخێکی کەمتر بەدەست بێنێت (مەوادی سروشتی و ئەبزاری تەولید) بەنرخێك کەمتر دابین بکات، بەلام تەولیداتی زیاتر ببێت، دەرنەتیجە ئەمە سەرمایەدار وادارەکات بۆئەوەی کە لەزەمینەی زیادکردنی تەولیدا هەرچی زیاتر ئیستیعدادی فکری و عەمەلی خۆی بخاتەکار، وەسائیلی تەولید و ئەبزاری تەولیدی نوێ دابهێنێت، کە ئەمە خۆی دەبێتە هۆکاری ئەوەی کۆمەڵگەش بکەوێتە خۆشی و بەرژەوەندی کۆمەڵگەش ئیجاد دەکات.

**بنچینەی حەوتەم:**

دەوڵەت حەقی دەخالەتی نییە لەکاری سەرمایەدار و نیزامی ئابووریدا، نایەوێت دەوڵەت دەخالەتی تێدابکات، خودی ئەم عەوامیلە بەرژەوەندی هەموو کەس دابین دەکات.



Scanned by CamScanner

سەرمایەداری لەسەر ئەم بنچینانە دادەمەزرێت، ئیجا ئێستا لێکدانەوە بۆ مەفاسیدەکەی بکەین و شی بکەینەوە، کە بزانین لەکام لەمانەدا مەفسەدە هەڵدەسێت، کە ئەمڕۆ جیهانی مرۆڤایەتی ئاوا ئەوەتا لەبەدبەختی و بێ چارەییدا بەهۆی سەرمایەداری.

## هۆکارەکانی فەسادی سیستەمی سەرمایەداری

**یەکەم:** هۆکارەکانی فەساد ئەوەیە کە: لەهەندێك لەو بنچینە و مەبادەئانەدا ئیفرات و زیادەڕەوی کراوە، واتە خودی بنچینە و مەبدەئەکە دروستە، فیترییە، بەڵام زیادەڕەوی کراوە و سنور و قەیدی بۆ دانەنراوە.

مەسەلەن (مالیکیەتی فەردی) مالیکیەتی فەردی خۆی شتێکی فیترییە پێویستی فیترەتی ئینسانە، کاتێ شتێکی بەکار و کۆششی خۆی بەدەست هێنا هەست بکات کە حەقی خۆیەتی ئیختیصاصی هەیە پێیەوە، تەنانەت منداڵ لەچەند ڕۆژی تەمەنی زیندەگی دەگوزەرێت ئەو ئیحساسە لەدەروونیدا پەیدادەبێت، منداڵێك لەوانەیە یەك دوو مانگانە سەیردەکەی لەجێگەیەك دایدەنێی دایکەکەیی و چەند ژنی تر لەوێ دادەنیشن خۆی بۆلای ئەو دایکی خۆیە دەکێشێ و تەوەجیهی ئەو دەبێت، واتە هەست دەکات کە ئیختیصاصی هەیە بەو ژنەوە، یان کاتێ منداڵێك منداڵێکی تر لەدوای ئەو پەیدادەبێت، قینیەتی لەو منداڵە، چونکە ئەم ئەو دایکەی موختەص بەخۆی زانیوە، ئێستا یەکێکی تر موزاحیمی ئەم بووە، قینیەتی لێی.

مالیکیەتی فەردی شتێکی فیترییە

واتە ئەو خود دوستیە ئەو ئیحساسی ئیختیصاص و ویژەییە فیترەتییە بۆ ئینسان، هەرکاتێك پەیدادەبێت لەگەڵیدا هەیە، ئەمەش بڵێم بەزاراوەی (مارکس) کە دەڵێت "یەکەمجار کۆمەڵگەی بەشەری کۆمۆنیزمی موتڵەق حاکم بوو لەسەریدا لەدواتردا هاتە (کۆیلایەتی)".

بەدەست دێت

دەرنەتیجە ئەو تەنها کرێی خۆی وەردەگرێ و هەرچی سود بەدەست دێت لەکارەکەدا بۆ سەرمایەدارە، نەك وەك ئەوەی شعرێکی عەرەبی هەیە، دەڵێ: "ئەمە چ باوك و دایکێکن، کاتێك شەڕە بانگی من دەکەن بۆ شەڕ دەڵێن وەرە، کاتێك نان و ڕۆن خواردنە هێلکە و ڕۆن خواردنە بانگ دەکەنە (جوندوبی) برام دەڵێ بێ بۆ ئێرە"، ئەمیش دەڵێن با ئاوای پێ نەیەت کاتێك مەنفەعەت بێت کارگەر کاتێ زەرەر بێت ئێمە بین - سەرمایەدار - بەوە تەوجیهی دەکەن کە لەملاوە یەکسەرە دەستی لەهەرچی شتە دەبڕن.

**بنچینەی شەشەم:**

دەڵێن نیازێك بەتەنزیمی بەرنامەی ئابووری بۆ ڕێگە نیشاندان لەلەحازی ئابوورییەوە نییە، نایەوێت بەرنامەی بۆ تەنزیم بکەین، ئەصڵەن عەوامیلێکی فیتری هەن خۆیان هۆکاری پێشکەوتنی ئابوورین، چۆن؟ مەسەلەن دەڵێن: چونکە ئینسان خۆی خۆشدەوێت و حوبی زات لەدەرونیدایە، سەرمایەدار ئەوەی لەنەزەریدایە کە مەنفەعەتی ئەو لەوەدایە کە هەرچی زیاتر (تەولید زیادبکات و خەرجی کەم بێت)، واتە مەوادی سروشتی بەنرخێکی کەمتر بەدەست بێنێت (مەوادی سروشتی و ئەبزاری تەولید) بەنرخێك کەمتر دابین بکات، بەڵام تەولیداتی زیاتر ببێت، دەرنەتیجە ئەمە سەرمایەدار وادارەکات بۆئەوەی کە لەزەمینەی زیادکردنی تەولیدا هەرچی زیاتر ئیستیعدادی فکری و عەمەلی خۆی بخاتەکار، وەسائیلی تەولید و ئەبزاری تەولیدی نوێ دابهێنێت، کە ئەمە خۆی دەبێتە هۆکاری ئەوەی کۆمەڵگەش بکەوێتە خۆشی و بەرژەوەندی کۆمەڵگەش ئیجاد دەکات.

**بنچینەی حەوتەم:**

دەوڵەت حەقی دەخالەتی نییە لەکاری سەرمایەدار و نیزامی ئابووریدا، نایەوێت دەوڵەت دەخالەتی تێدابکات، خودی ئەم عەوامیلە بەرژەوەندی هەموو کەس دابین دەکات.



Scanned by CamScanner

سەرمایەداری لەسەر ئەم بنچینانە دادەمەزرێت، ئیجا ئێستا لێکدانەوە بۆ مەفاسیدەکەی بکەین و شی بکەینەوە، کە بزانین لەکام لەمانەدا مەفسەدە هەڵدەسێت، کە ئەمڕۆ جیهانی مرۆڤایەتی ئاوا ئەوەتا لەبەدبەختی و بێ چارەییدا بەهۆی سەرمایەداری.

## هۆکارەکانی فسادی سیستمی سەرمایەداری

یەکەم: هۆکارەکانی فەساد ئەوەیە کە: لەهەندێك لەو بنچینە و مەبادەئانەدا ئیفرات و زیادەڕەوی کراوە، واتە خودی بنچینە و مەبدەئەکە دروستە، فیترییە، بەڵام زیادەڕەوی کراوە و سنور و قەیدی بۆ دانەنراوە.

مەسەلەن (مالیکیەتی فەردی) مالیکیەتی فەردی خۆی شتێکی فیترییە پێویستی فیترەتی ئینسانە، کاتێ شتێکی بەکار و کۆششی خۆی بەدەست هێنا هەست بکات کە حەقی خۆیەتی ئیختیصاصی هەیە پێیەوە، تەنانەت منداڵ لەچەند ڕۆژی تەمەنی زیندەگی دەگوزەرێت ئەو ئیحساسە لەدەرونیدا پەیدادەبێت، منداڵێك لەوانەیە یەك دوو مانگانە سەیردەکەی لەجێگەیەك دایدەنێی دایکەکەیی و چەند ژنی تر لەوێ دادەنیشن خۆی بۆلای ئەو دایکی خۆیە دەکێشێ و تەوەجیهی ئەو دەبێت، واتە هەست دەکات کە ئیختیصاصی هەیە بەو ژنەوە، یان کاتێ منداڵێك منداڵێکی تر لەدوای ئەو پەیدادەبێت، قینیەتی لەو منداڵە، چونکە ئەم ئەو دایکەی موختەص بەخۆی زانیوە، ئێستا یەکێکی تر موزاحیمی ئەم بووە، قینیەتی لێی.

مالیکیەتی فەردی شتێکی فیترییە

واتە ئەو خود دوستیە ئەو ئیحساسی ئیختیصاص و ویژەییە فیترەتییە بۆ ئینسان، هەرکاتێك پەیدادەبێت لەگەڵیدا هەیە، ئەمەش بڵێم بەزاراوەی (مارکس) کە دەڵێت "یەکەمجار کۆمەڵگەی بەشەری کۆمۆنیزمی موتلەق حاکم بوو لەسەریدا لەدواتردا هاتە (کۆیلایەتی)".

لێرەدا یەکێك لەگەورەترین ئیشکالەکانی مەترەحە، کە ئەگەر حوبی زات و خود دوستی لەفیترەتی ئینساندا نەبوو، چۆن لەپڕ لەو حاڵەتی کۆمۆنیومی موتڵەقە هاتەوە بەرەو خوار، هاتە ئەم نیزامی (کۆیلایەتییە) کە یەکێك یەکێکتر ئیستیسمار بکات، ئەم قۆناغە چۆن تێپەڕیوە؟ ئەگەر هۆکارێك پێشتر لەدەروونی ئینساندا نەبێت، لەقۆناغێکی مەخصوصدا پێشتر توغیانی نەکرلوە، چۆن لەخۆیەوە بێ وجودی هۆکارێك چۆن دەروونی ئەم ئینسانە ئاوای کرد؟ لەکۆمۆنیزمی موتڵەق کۆمەڵگە هاتە ناو (کۆیلایەتی)، ئیشکالێکە کە وەڵامیان نەداوەتەوە.

شیعاری سەرمایەدارەکان لەشۆڕشی پیشەسازیدا

دووەم: کاتێ لەدەورەی شۆڕشی پیشەسازیدا سەرمایەدارەکان شیعاریان دەدا، یەکێك لەشیعارە زۆر گرنگەکانیان ئەوەبوو کە دەبێت ئێمە مافی ئازادیمان ـ ئازادی هەڵبژاردن و دەنگدان ـ لەزەمینەی سیاسیماندا ببێت علیە (فیوداڵەکان)، دەیانوت دەبێت ئێمە دەخالەت لەچارەنووسی سیاسی خۆماندا بکەین، کاتێك خۆیان هاتنە سەرکار هەر ئەو مافە کە هاوار و دادیان بۆ دەکرد نەیاندا بەکارگەرەکان، واتە ڕێگە نەدرا بەکارگەر، کە مەسەلەن ئەگەر پێویستیکرد مانگرتن و خۆپیشاندان بکات، مەسەلەن ئازادانە سەندیکا و ئەنجومەن و شت تەشکیل بدەن موتالەبەی مافی خۆیان بکەن، ئەو جۆرە شتانە، خۆیان پێشتر بەم ناوەوە هاوار و دادیان دەکرد، کاتێك کار کەوتە دەستی خۆیان، هەرخۆیان ڕۆشتنە جێگەی ئەربابەکان و ئەو مافی ئازادی و دەخالەت لەچارەنوسدا لەکارگەران قەدەغەکرد.

دەرئەنجیجە ئیتر قەوانین تەنها لەدەست ئەواندا بوو، نیزامی ئابووری بەهەوەس و ئارەزووی سەرمایەدار تەنزیم دەبوو و کارگەریش هەروەك پێشتر دووبارە ـ وەك پێشتر هەر لەژێر ئیستیسماردا بوو هەر لەژێر ئیستیسماردا مایەوە ـ

سێیەم: لەئەسەری ئازادکردنی کامڵی مالیکیەتی فەردییەوە پەیدا دەبێ، لەبەرئەوەی شتێکی بەدیهیە و غەیری قابیلی ئینکار کە ئەفرادی بەشەر لەئیستیعدادی فیکری و عەمەلیدا و لەموساعیدبوونی شەرایتی کاردا تەفاوتیان



Scanned by CamScanner

هەیە، دەرئەنجامی ئەفرادێك زۆر زووتر سەبقەت دەگرن و زۆرێك لەوەی كە دەبێت لەئیختیاری كۆمەڵگەدا بێت دەیگرنە دەست خۆیان و ئەو حوبی زاتە كاملەن توغیان دەكات و خود پەرستیەك لەسنوری ئەعلا پەیدادەبێت و ئینسان تەنها خۆی لەبەرچاوە، دەرئەنجامی بەشی زۆرینەی سەروەتی كۆمەڵگە لەدەست كەسانێكدا كە ئیستیعدادی فكری و عەمەلیان زۆرترە و شەرایت بۆیان موساعیدترە كۆدەبێتەوە و زۆرینە بێ بەش دەبن، لەبەرئەوەی مەبادئێكی ئەخلاقی و ئیمانیش وجودی نییە هیچێك نییە بۆئەوەی سەرمایەدار بەرژەوەندی كارگەر لەبەرچاوبگرێت، بۆیە لێرەشدا دووبارە مالیكیەتی فەردی نییە كە ئەساسی مەفسەدەیە، ئازادبوونێك، بێ قەید و بەند بوونێكە وای لێ دەكات.

نەبوونی مەبادیئی ئەخلاقی واتە نەبوونی مالیكیەتی فەردی

**چوارەم:** ئەم ئازادی بێ قەید و مەرجە لەسەردەمێكدایە كە شۆڕشی پیشەسازی ڕوویداوە، مەسەلەن كاری (هەزار) یان (دووهەزار) یان (دەهەزار) كارگەر، ئۆتۆمبیلێك ئەنجامی دەدات، كارگەیەك ئەنجامی دەدات، جا ئەوە چی لێ ڕوودەدات، لەوەوپێش كارگەران خۆیان كاریان ئەنجام دەدا، هەركامەیان بەلایەنی كەمەوە حەقێكی دەست دەكەوت، بۆئەوەی زیندەگی بكات، بەڵام ئێستا كاتێك كە ئامێر دەكەونە سەركار، زۆرێك لەكارگەران بێ كاردەبن و لەكارخانە دەردەكرێن، كە دەركران سەرچاوەیەكی تریان بۆ بەدەستهێنانی ڕزق و ڕۆزیان نییە، ئەمجارە ناچاردەبن دووبارە پەنا ببەنە لای سەرمایەدارەكان، بەسنورێكی زۆر زۆر كەم لەحەقدەست و كرێ ڕازی ببن تا نەتوانن بەری هێزی ئەوان بگرن.

دەرئەنجامی لێرەدا مەفهومی (ڕەقابەتی ئازاد) نامێنێ، كاتێك ئەم كارگەرە بێ چارەیە هیچ ڕێگەیەكی نییە غەیری تەسلیم بوون بەئارەزووی سەرمایەدار، كەوابوو ئازادیەك لەكارا نییە، جێگەی ڕەقابەتی ئازادێك نەماوە كە ئەمیش بڕوات ئازادانە فەعالیەت بكات و شتێك بەدەست بهێنێ.



Scanned by CamScanner

لەدوای ئەوەش تەنانەت بۆ خودی سەرمایەدار لەتمە پەیدادەبێت، لەوەدا کاتێك ئەم کارگەرە حەقدەسێکی زۆر زۆر کەمی دەست دەکەوێت لەکڕینی ئیحتیاجاتی، دەستە پاچە دەبێت و ناتوانێت تەواوی ئەو کاڵانەی کە لەبازاڕدا هەیە و پێویستییەتی بیانکڕێت، سەرمایەداریش ناچاردەبێت کەمتر لەسنوری مەعمول تەولید بکات، تەنانەت ئەو کەمتر لەسنوری مەعمولەش، چونکە توانای کڕیار نییە لەدەست زۆرینەدا دەمێنێتەوە و قیمەت ناکات، دەرنەتیجە سەتحی تەولید دێتە خوارەوە و لەتمە لەخودی سەرمایەداریش دەدرێت.

بوونی قودرەت لەدەست سەرمایەداردا مایەی نەمانی مالیکیەتی فەردییە

**پێنجەم:** لەبەرئەوەی قودرەت لەدەستی خودی سەرمایەداردایە و تەنانەت ئەوەش شتێکی روون و ئاشکرایە کە دەوڵەت و سیاسەتیش دەکەوێتە ژێر دەستی ئەم، چونکە نیروی مادی ئەوەتا لەدەست سەرمایەداردا، ئیتر دەسەڵاتی (قانون دانان و دادوەری و جێبەجێ کردن) هەمووی دەکەوێتە ژێر دەستی ئەم، دەرنەتیجە هەرشتێك ویستی بوو دەیکات، مەسەلەن یاریکردن بەنرخ، هەر جەلەسەیەك کە چەند سەرمایەدارێك دەیبەستن بەویستی خۆیان پیلان و نەخشەیەکی زۆر گەورە دادەڕێژن، مەسەلەن سەتحی نرخ تا ئەوێ کە ئارەزوویان هەیە دەیبەنە سەر، یان مەسەلەن (ئیحتیکار) دەکەن، ئەوەی کە مەوردی نیازی خەڵکییە دەیگرن و دەری ناخەن، تاوەکو کاتێك تەولوی خەڵك گیانیان دێتە قوڕگیان، ناچاردەبن ئیتر داراییان و هەرچییەکیان هەیە بیدەن لەڕێگەی بەدەستهێنانی تیکەیەك ناندا، جا ئەمجارە دەیهێنن بەنرخێکی زۆر زۆر لەئەندازە سەرتر دەیفرۆشن، چونکە دەوڵەت ئەصڵەن ئەوەتا لەژێر دەستیاندا، دەوڵەتێکی سەربەخۆ نییە تا بتوانێ دەخالەت بکات یان نەیکات، یان مەسەلەن زۆرێك لەدەستکەوتی دەسترەنجی هەر خودی کارگەران و زەحمەتکێشان بەهۆی سەرمایەداران یان دەسوتێت یان دەڕژێتە ناو دەریا، مەسەلەن لەئەمریکا ساڵانە



Scanned by CamScanner

چەندەها تەن (گەنم) دەڕژێننە ناو دەریا، لەبەرئەوەی زۆر نەبێت لەبازاڕدا، کارگەر بەهەرزان دەستی نەکەوێت، شتی ئەوان هەر گران بێت.

وەك شاعیرێکی (تورکی) دەڵێت:

"ئەمە چ زەمانێکی پیسە کە ئینسان لەبەر تیکەیەك نان دەستی ناکەوێ هاوار دەکات و ماسی لەدەریا قاوە دەخوات" چونکە ڕژاندویانەتە ناو دەریا.

**شەشەم:** لەبەرئەوەی سەرمایەدار تەنیا بەرژەوەندی خۆی لەبەرچاوە، لەجیاتی ئەوەی کە کاڵای مەوردی نیازی خەڵك تەولید بکات، وەسائلی تەشریفاتی و ناپێویستی بۆ خەڵك دروست دەکات، وەك ئەوە دەبینین (هەنار خۆری و هەڵوژە خۆری و توو خۆری و بەڕوخۆری)و ئەوانە، ئەوەی کە خەڵك نیازیان پێی هەیە (تیکە نانێك و شەکر و چاییەك و پۆشاك و مەسەکنێك)ە، ئەو تەشریفات و شتە تەزین دەکەن لەبەرچاوی خەڵك، تەنانەت وای جلوە دەدەن کە ئەگەر نەبێت حەیفە، ئەگەر ئینسان مەسەلەن بەفرگرێکی نەبوو ئیتر زیندەگی بۆ ناکرێت، بەڵام نان قەیناکا، نان با نەبێت.

ڕیبا و فەسادی مالیکیەتی فەردی

**حەوتەم:** یەکێکی تر لەهۆکارە زۆر زۆر شەدیدەکانی فەساد لەنیزامی سەرمایەدارییدا ڕێگەپێدانی (ڕیبا)یە، سەرمایەدار سەروەتەکەی هەڵدەگرێ نایخاتەکار بۆ کۆمەڵگە تا سەردەمێك خەڵکی زۆر زۆر نیازیان هەیە و پێویستیانە، ئەمجارە دێت یاڵا بەنرخی (لەسەدا دە)، (لەسەدا پانزە) و (لەسەدا بیست) و (لەسەدا حەفتا) تا (لەسەدا پەنجا)ش لەتاریخدا ڕۆشتووە، وا دەزانن تا (لەسەدا شەست و دوو)یش بەهرەیان سەندووە، تا ئەو ئەندازە دەیبات ڕۆحی خەڵك دەکێشێ، ئەگەر کاتێك زانی نرخی (ڕیبا)کە کەمە لەماڵدا کەنزی دەکات و دایدەنێت و نایخاتەکار نایداتە هیچ کەسێك، دەڵێت:

"لەبەرئەوەی بەهرەی زۆرم پێ نادەن (ڕیبا)ی زۆر نادەن، ئەگەر لەبرسا مردبن یەك دیناریان پێ نادەم".

نەبوونی یارمەتی لەناو خەڵکدا و ئەڵەمج بوونی مالیکیەتی ئەردی

**هەشتەم:** لەبەرئەوەی لەناوا نیزامێکدا ڕوحی مادی و خود پەرستی حاکمە، دەرئەنجامەکەی مەسئەلەیەک بەناو هاوکاری و یارمەتی لەناو خەڵکدا لەڕێگەی چاکەوە مەترەح نییە لەناو خەڵکدا، مادیەت حاکمە، یارمەتی وجودی نییە، هاوکاری ئینسانی نییە تا مەسەلەن سەرمایەدار هۆشی بەلای چینی کارگەرەوە بێت، کە ئەگەر گریمان سەردەمێک کەسێک لەبرسا بمرێت بەلایەنی کەمەوە نانێکیشی پێبدات، تەنانەت ئەوەش نییە.

کەوابوو لەمانەدا دەرکەوت کە ئەو چەند ئەساس و مەبدەئی سەرمایەدارییە، کە هەندێکیان فیترین لەدواتردا لەباسی نیزامی ئابووری ئیسلامدا انشاالله باسیان دەکەین، قەید و سنورەکەیان لێ سەندونەتەوە ئیفرات و زیادەڕەوی بووەتە هۆکاری مەفسەدە، هەندێکیش لەمەبادیئی (فیتری و ئینسانی) هەن کە لەبەرچاویان خستون سنورداریان کردون، وەك هەر ئەو حەقی ئازادی و ڕەئی و شتە کە بۆ خۆیان ئەوکاتە داوایان دەکرد بۆ کارگەر ئەوە نییە، نیسبەتی زاهیریەکەی هەیە "هەڵبژاردن و دەنگدان هەیە".

هەندێ مەبدەئی گرنگیش هەن کە ئەصڵەن لەناوخەڵکدا مەترەحیان ناکەن، مەسەلەن ئەوەی کە کەسێك لەناو کۆمەڵگەیەکدا زیندەگی دەکات، ئەم کەسە ئەگەر ئیستیعدادی فکری و عەمەلی لەڕادەبەدەر و هەڵکەوتوو بوو، هەروەها شەرایتیش موساعیدبوو بۆ کارکردن، ئەگەر کاملەن ئازاد بێت مەصلەحەتی ئەم دەبێتە مەفسەدەی کۆمەڵگە، ئەوە لەبەرچاو ناگرن، ئازادی موتڵەقە.

مەسەلەن هەندێك مەبدەئی بێ جێگە و نادروست وەك ئەوەی دەوڵەت بەهیچ جۆرێك حەقی نییە دەخالەت بکات لەنیزامی ئابووریدا، بەڵکو دەبێت زەمینەی موساعید بۆ ئەفراد دابین بکات، ئەوەش یەکێك لەمەبدەئە نادروستەکانە کە ئەوان ئیستیفادەی لێ دەکەن. **ئەوە مەبادیئی نیزامی سەرمایەداری و هۆکارەکانی فەسادی.**



Scanned by CamScanner

## مالیکیەتی فەردی لەسیستمی سۆسیالیزم و کۆمۆنیزم

لەدوای ئەوە باسی سەرمایەداریمان کرد ئێستا باسی (سۆسیالیزم و کۆمۆنیزم) دەکەین، جارێ مانای وشەکان ڕوونبکەمەوە، (سۆسیالیزم) وشەی سۆسیال: (سۆسیال)، واتە ئیجتیماعی بەکوردی کۆمەڵایەتی، تەقریبەن حیزبی کۆمەڵە تا ئەندازەیەك نزیکە لەتەرجەمەی سۆسیال.

کۆمۆنیزم: (کۆمۆن)، واتە ئیشتیراکی، تێکەڵی، گشتی تێکەڵ بێت بەیەکەوە.

قسەی (مەزدەك) پێغەمبەرەکەی ئێران، دەڵێت: "خەڵك لەهەموو شتدا شەریك بن" ئەوە ئەوەیە، ئیجا وشەی تریشی بۆ ئیستیعمال دەکەن (بولشویزم): لەبولشەوییە، بەزمانی ڕووسی، واتە زۆرینە، جا (بولشویزم) دەبێتە نیزامێك کە زۆرینە تێیدا حاکمە، کە چینی کارگەرە، لەبەرامبەری (مونشیزم)ەوە، کە دەبێتە عەقەلیەت (کەمینە)، هەندێ کات (مارکسیزم)یشی پێ دەڵێن، چونکە ئەو یارۆ خالۆ (مارکس) ئەو قەواعیدەکەی تا ئەندازەیەك تەنزیمکرد.

جا لەسەرەتاوە زۆرتر سۆسیالیزم ناسراو بوو، تا ماوەیەك کۆمۆنیزم ئیستیعمال نەدەکرا بۆ ئەم نیزامە، ئەم نیزامە کە قایل بەمەیە دەبێت چاودێری لەسەر ئەبزاری تەولید و پیشەسازی و بازرگانییە گەورەکان یان گەورە و بچوکەکان لەدەست کۆمەڵگە و نوێنەری کۆمەڵگەدا بێت کە حکومەتە.

(سۆسیالیزم) دوو جۆرە ئەوەی کە ناسراوە ـ ئەڵبەتە جۆری تریشی هەیە ـ بەڵام ئێستا دابەش دەبێت بۆ دوو بەش:

سۆسیالیزمی دیموکراسی

سۆسیالیزمی ئینقیلابی

یەکەم: سۆسیالیزمی دیموکراسی

سۆسیالیزمی دیموکراسی کە ئێستا وجودێکی خاریجی نییە، واتە لەجێگەیەکدا دەوڵەتێك نییە ئێمە بڵێین لەوێدا سۆسیالیزمی دیموکراسی حاکمە،

یان مەسەلەن بەئیستیبسنای ئەوە کە هەندێك بانگەشە دەکەن موتەرەفدار بوون وتیان (سۆسیال دیموکرات)، بەڵام (پێنج) وشە دەبنە ناو بۆ یەك نیزام:

(سۆسیالیزمی عیلمی، سۆسیالیزمی ئینقیلابی، کۆمۆنیست، بەلشەویزم، مارکسیست)، ئەمانە هەموویان بەیەکێتی سۆفییەتی جاران دەڵێن، وتمان مەبدەئی ئەصڵی ئەوەیە کە مالیکیەتی فەردی لەغو دەکرێتەوە، **چونکە ئاغای** مارکس و خێڵی ئەو وای تەشخیص داوە، کە هەر فەساد و **نیزامی سەرمایەداری** هۆکارەکەی مالیکیەتی فەردییە، بۆیە ئەگەر مالیکیەتی فەردی **ئیلغا بکرێت ئیتر** هەموو شتێك دروست دەبێت.

**لەپێشدا جیاوازییەك لەنێوان ئەم دوانەدا بکەم - سۆسیالیزم و کۆمۆنیزم - جا** ئەوکاتە ڕونی دەکەمەوە:

جیاوازی سۆسیالیزم و کۆمۆنیزم

کۆمۆنیزم کە ئەو (پێنج) ناوەی هەیە، **دوو ئەصڵی گرنگی هەیە:**

١ - ئەوەیە کە مالیکیەتی فەردی لەئەبزاری **تەولید و پیشەسازی و زەمینەی** بازرگانی و ئەوانەدا لەکەم و زیاددا **نییە لەهەموویدا لەغووە.**

٢ - یەکسانی حەق - هەڵبەتە نەك **یەکسانی حەق دەست، واتە مەسەلەن** **هەمووی**، هەرکەسێك ڕۆژی (١٠٠) **دیناریان بدەنێ، بەوشێوەیە نا - بەعیبارەتێکی** تر دەڵێم هەرکەس بەئەندازەی **توانای خۆی کاربکات، بەئەندازەی نیازی پێ** بدرێت، ئیتر ئەوە (یەکسانی حەق)ە، **کەمتر لەنیاز یان زیاتر لەنیازی پێ نەدرێت.**

**بەڵام (سۆسیالیزمی تەدریجی) یان (سۆسیالیزمی دیموکراسی) لەم دوو ئەصڵە پێچەوانەی کۆمۆنیزمە:**

**١ - یەکەمجار لەمالیکیەتدا تەنها لەپیشەسازیە گەورەکاندا پێچەوانەی مالیکیەتی فەردیە، لەسەنعەتە بچوکەکان و لەبازرگانیە سنوردارەکاندا ئەویش**



Scanned by CamScanner

وەك سەرمایەداری قبولّ دەكات مالیكیەت ببێت، كەوابوو بەگشتی ئیلغای مالیكیەتی فەردی ناكەن، ئەوە یەكێك.

٢ ـ یەكسانی (موزد ـ حەق)ی تێدا نییە، بەعیبارەتێكی تر لەسۆسیالیزمی دیموكراسیدا هەركەس بەئەندازەی توانایی دەبێت كاربكات، بەئەندازەی كاری خۆشی پێ بدرێ، جا ئەوكاتە كەسێك زیاتر لەئەندازەی خۆی كاردەكات، یەكێك كەمتر یەكێك یەكسان، بەڵام حەق دەست یەكسانە، ئەمە دوو جیاوازی سەرەكی ئەم دوو جۆرەیە لە(سۆسیالیزم).

جیاوازییەكی تریش هەیە، كە هەروا لەناوەكەیان دیارە (كۆمۆنیزم) كە پێی دەڵێن (سۆسالیزمی ئینقیلابی) باوەڕی وایە دەبێت بەئینقلاب و ڕاپەڕین ئەو مەرامی خۆیە پیادە بكات، لەسەر بنەمای نەزەریەكەی (ماركس) و ئەوانەی كە پێش لەو بوون كە چوار ئەصلّی مەشهوریان هەن دیالێكتیك، (هەمیشە گۆڕانكاری و گۆڕاو لەگەڵ دژیەكی، كاریگەری بەرامبەر و بەجوڵە و بەشۆڕش)، لەسەربنەمای ئەوە دەبێت ئەمانە بەڕەوشێك ئینقیلابی كاربكەن، بەڵام جۆری دووەمی (سۆسیالیزمی دیموكراسی) باوەڕی بەم ڕەوشە نییە، بەڕێگەی ئینقیلابی عەمەل ناكەن، دەڵێن دەبێت هێواش هێواش لەڕێگەی دیموكراسی و وەرگرتنی بیروبۆچونی خەڵكییەوە كەم كەم بڕۆین تا ئەو سنورە كە بتوانن پیشەسازی گەورە و بازرگانییە فراوانەكان میللی بكەین.

جا لەبەرئەوەی ئەم جۆرەیان وجودی نییە لەبارەیەوە باس ناكەین، بەڵام جۆری یەكەم (سۆسیالیزمی ئینقیلابی) یان (كۆمۆنیست) ئێستا لەبارەیەوە باس دەكەین.

هەڵبەتە ئەوەش بزانن كە ئێستا لە(ڕوسیا و چین) و لەتەواوی ئەو وڵاتانە كە دەڵێن (سۆسیالیزم یان كۆمۆنیزم) هەیە، لەقۆناغێكی سەرەتایدان كە ئەمیش هەر شێوەی سۆسیالیزمی دیموكراسییە، واتە هێشتا پیشەسازییە گەورەكان و تەنیا



Scanned by CamScanner

بازرگانییە گەورەکان میللی کراون، لەوانی تردا مالیکیەت هەیە، چاوەڕێن تا زەمینە موساعید ببێت هێواش هێواش ئەوکاتە بگەنە ئامانجی سەرەکی کە کۆمۆنیزمە.

**دووەم: سۆسیالیزمی ئینقیلابی**

**لەنیزامی کۆمۆنیزم یان (سۆسیالیزمی ئینقیلاب)یدا مەنفەعەتێک هەیە زەرەرێك هەیە، ئەگەر هەیە لەبەر چییە؟ ئەگەر نییە لەبەر چییە؟**

هەڵبەتە هەندێك کە زۆرخۆش بینن بە(کۆمۆنیزم)، (کاتێك دەڵێین کۆمۆنیزم ئێستا حاڵی ئێستامان مەبەستە کە ئەوەتا لەڕێگەدا بەرەو کۆمۆنیزم دەچێ نەك ئێستا هەیە)، هەندێك لەوانە کە دوژمنی کۆمۆنیزمن زۆرێك مەزەرات بەیان دەکەن دەڵێن ئەمە هی کۆمۆنیزمە، بەڵام بێ ئینسافی دەکەن هەمووی هی کۆمۆنیزم نییە، هەندێکی هی شەرایتێکی ترە ئەوان دەیخەنە گەردنی ئەو، لەلایەکی تریشەوە هەندێکیش لەوانە کە لایەنگری لێ دەکەن زۆرێك لەمەنافیع بەیان دەکەن بەحسابی کۆمۆنیزم تەواوی دەکەن، بەڵام هی ئەو نییە ئەویش بێ ئینسافی دەکەن هەندێکی هی ئەوە.

جا پێش ئەوەی مەنافیع و زەرەرەکان بڵێم هەندێك بنچینە و مەبدەئی هەیە، ئەوانە کەمێك ڕوندەکەمەوە.

**بنچینە و مەبدەئەکانی کۆمۆنیزم - سۆسیالیزمی ئینقیلاب -**

هەڵوەشاندنەوەی مالیکیەتی فەردی

**یەکەم**: مەبدەئێك لەمەبدەئەکانی کۆمۆنیزم ئەوەیە کە ئیلغای مالیکیەتی فەردی دەکات، وەك وتمان دەڵێن لەسەرەتای زیندەگی ئینسانیدا ئەم مالیکیەتی فەردیە نەبووە لەم دواییەدا لەئەنجامی پەیدابوونی (حوبی زات) لەدەرونی ئینساندا، هەروەها سەرکەشی حوبی زات بوو کە مالیکیەت پەیدابووە.

دەرنەتیجە هەرچی دیانەت و ئەخلاق و قەوانین و موقەرەرات لەکۆمەڵگەی مرۆڤایەتیدا هەیە هەمووشی تەنانەت خوا و مەعنەویات و ماوەرای مەحسوسات هەمووی بەدروستکراوی دەستی مرۆڤی دادەنێن، دەڵێن ئەوە ئیستیسمارگەران بەدرێژایی مێژوو بۆ محکەم کردنی پایەی ستەمکاری خۆیان ئەم جۆرە شتانەیان تاشیوە و دروستیان کردووە، بۆئەوەی باشتر بتوانن ئیستسماری چینی موستەزعەف بکەن، وتویانە خوایەك هەیە قیامەت و بەهەشت و جەهەنمێك، ئەگەر مەسەلەن ئێوە لەغیابی ئێمە لەکارەکەدا خیانەت بکەن، لەقیامەتدا لەبەهەشت بێ بەش دەبن و خوا غەزەبتان لێدەگرێ و ئەمجۆرە شتانە.

هەرچی دیانەت و ئەخلاق و ... دروستکراوی دەستی بەشەرە

یان مەسەلەن (ئەخلاق وەك صدق و پاك داوێنی و ئەمانەتداری وەفا بەعەهد و ...هتد)و ئەوانە هەموو بۆ مەنافعی خۆیان دروستیان کردووە، ئەگینا هیچێك نییە ئەوانە هەمووی درۆیە نەخوا هەیە و نەدین و نەکتێبی ئاسمانی و نەڕیسالەت و نەئەخلاق و نەبەهەشت و جەهەنم هیچێك نییە، ئەمانە دروستکراوی دەستی ئیستیسمارگەرانن.

دووەم: یەکێك لەبنچینەکانیا ن ئەوەیە بۆئەوەی بگەنە کۆمەڵگەیەکی باش و مەوردی نەزەر کە ئیتر ئیستیسمار لەوێ کۆچ بکات و نەمێنێ، بێجگە ڕێگەی ڕووبەڕووبوونەوەی چینایەتی شتێکی ترنییە، تەنها دەبێت لەم ڕێگەیەوە بڕۆن، لەڕێگەی بەرخودی تەبەقات و لەیەکدان و نابودکردنی هەندێك بەهۆی هەندێکی تر، هەر لەسەر بنەمای ئەو چەند ئەصڵی دیالێکتیکە، کە یەکێکیان ئەوەیە هەرشتێك لەدەرونی خۆیدا دژی خۆی پەروەردە دەدات، مەسەلەن لەکۆمەڵگەیەکی سەرمایەداریدا کارگەر پەروەردە دەبێت و ئەوکاتە ئەم دوانە کاریگەری لەسەر یەکتر دادەنێن و دەی دەی تا سەردەمێك کارگەر زاڵ دەبێت و سەرمایەداری نابوت دەبێت لەکۆی ئەم دوانە شتێکی نوێ پەیدادەبێت کە کۆمەڵگەیەك سۆسیالیستی، لەدواتریش دەڕوات دەبێتە کۆمۆنیزم.

ڕووبەڕووبوونەوەی چینایەتی و هەوڵدان بۆ نەمانی ئیستیسمار

جا یەکەمین بنچینەشیان ئەوەیە کە هیچێك لەدنیادا جێگیر نییە هەمووی لەگۆڕاندایە، بەڵام یەك شت جێگیرە، ئەمە قسەی ئەوانە، دەڵێن هەرچی شتە لەدنیادا لەگۆڕاندایە، بەڵام ئەم قسەی ئەوانە کە هەرچی شتە لەگۆڕاندایە ئەوەیان بەجێگیر داناوە، نازانم ئەوەیان چۆن جیاکردووەتەوە، ئاخر ئەم ڕستە خۆی مەتلەبێکە، ئەوە شتێکە، ئەوان دەڵێن هەرچی شتە لەدنیادا لەگۆڕاندایە، بەڵام ئەم ڕستە کە - هەرچی شتە لەگۆڕاندایە - خۆیان دەڵێن ئەوە دروستە، واتە ئەوە جێگیرە ناگۆڕێ، سەردەمێك ئیمکانی نییە بێت و ئەمە ببێتە درۆ!

هیچ شتێك بەلای کۆمۆنیزمەوە جێگیر نییە

هەر لەم مەسەلەدا یەکەمین ڕستەی مانیفیستی (مارکس و ئینگلس) هەڵەیە، یەکەمین ڕستەی هەڵەیە، (٤١) ساڵیش هەڵە بوو کەس دەنگی لێنەکرد، تالەدوایدا (ئینگلس) کەمێ بەخەیاڵی خۆی ڕاستی کردەوە! کە یەکسەرە ویرانی کرد، یەکەمین ڕستەی مانیفیست ئەوەیە کە دەڵێ: "مێژووی کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی بریتییە لەبەرخورد و دژایەتیکردنی چینایەتی، ئەوکاتە ئیشکالەکە لەمەدایە کە خۆ ئەو دەڵێت: کۆمەڵگەیەك بووە بەقسەی خۆمان کۆمۆنی سەرەتایی یان کۆمۆنیستی سەرەتایی، لەوێدا خۆ بەرخود و شت نەبووە و ئیعترافیش دەکەن کە دەها هەزار ساڵ ئەو شەرایتە حاکم بووە لەناویاندا، کەوابوو ئەگەر دەڵێی "مێژووی مرۆڤایەتی هەمووی ڕووبەڕووبوونەوە و دژایەتی تێیدا حاکمە، ئەی ئەو ماوەی دەها هەزار ساڵە چی پێ دەکەی، کە دەڵێی کۆمۆنیزمی سەرەتایی حاکم بووە خۆ لەوکاتەدا خۆت ئیعتراف دەکەی کە بەرخوردێك نەبووە!!!

مێژووی کۆمەڵگە بەلای کۆمۆنیزمەوە بریتییە لەبەرخورد و دژایەتیکردن

جا ئەم ڕستە هەڵە لەکۆنگرەی جیهانی کۆمۆنیستەکانیشدا تەسبیتیان کرد، بەو هەمووە هەڵەوە لەدوای(٤١) ساڵ (ئینگلس) هات دانیشت دوبارە هەندێ قەیدی پێوەنا کەئەمە ئاوا و ئەوە ئاوا، ئەڵبەتە ڕوونکردنەوەی زۆرە نامەوێت لێرەدا بیلێم درێژە دەکێشێت.



Scanned by CamScanner

مەبەستم ئەوەیە کە هەڵەی ئاواش دەکرێت کە (٤١)ساڵ دنیا قبوڵی بکات، بەڵام لەدواتردا خۆشی دانی پێدابنێ کە هەڵەیە، وانەزانن کەسێك دانیشمەندبوو قسەی کرد ئیتر قسەی درۆی نییە، ئەگەر دانیشمەند هەڵەیان نەکردایە دونیا وێران نەدەبوو، دونیا ئەگەر لەدەستی عەوامدا بوایە زۆر باش بوو، جا ئەو مەنفەعەتانە کە لەئینقلابی سۆسیالیستی مەسەلەن لەڕووسیا و چین و ئەمانە دەست کەوتووە هەندێکی عەمەلەن دەست کەوتووە هەندێکیشی ئیمکانی هەیە بەیانیان بکەم.

## مەنفەعەتەکانی سۆسیالیستی ئینقیلابی

**یەکەم:** ئەوەیە، چونکە (ئەبزاری تەولید) کەوتونەتە دەست دەوڵەت ئەوانەی کە گەورە و فراوانن، لەجیاتی ئەوە کە سود و مەنفەعەت لەوکارانە لەدەستی ئەفرادێك سەرمایەداردا ببێت دەڕواتەوە دەست دەوڵەت و خەزانەی دەوڵەت، لەم ڕێگەوە دەوڵەت دەتوانێ ئیدارەی ئموری کۆمەڵگە بەشێوەیەکی شایستە بکات، چونکە سەروەتێکی زۆری لەدەستدایە، هەڵبەتە دەتوانێ، ناڵێم کردویەتی، سودەکەی گەیشتووەتە دەستی، ئەوەتا لەخەزانەدا، بەڵام ئیتر دەتوانێ ئەوە مەسەلەیەکی ترە.

**دووەم:** لەبەرئەوەی ئیرادەی ئەفراد نییە لەکاردا بۆ دامەزراندنی ڕەوشی تەولید (بەرهەمهێنان) وەسائیلی بەرهەمهێنانی گەورە لەژێر چاودێری دەوڵەتێکدان، دەوڵەت دەتوانێ ڕەوشێکی تایبەت بۆ بەرهەمهێنان دابنێ کە ئابووری بەپێی بەرنامەیەکی واحید و دیاریکراو سەتحی خۆی درێژە بدات، نیزامی ئابووری لەڕێگەیەکی سودمەند و شایستەوە حەرەکەت بکات، تا ببێتە هۆکاری هەرچی زیاتر تەولیدی مەنافیع بۆ خەڵکی و سەتحی زیندەگی بڕواتە سەرەوە - دووبارە ئەمەش ئیمکانی هەیە نەك بووە -



Scanned by CamScanner

**سێیەم:** ئیمکانی هەیە بێکاری نەمێنێ، چونکە دەوڵەت ئموری لەدەستدایە، بۆ هەرکەس کار پەیدابکات بەپێی پێویستیاتی کۆمەڵگە کە چ ئمورێك بۆ ڕەفعی نیاز پێویستە هەرکارێك و هەر فەعالیەتێکی ئابووری ئەفرادێك بەئەندازەی دیاریکراو لەسەری دابنرێن، دەرنەتیجە بێکاری نەمێنێ.

**چوارەم:** ئیمکانی هەیە - هەمووی هەر ئیمکانی هەیە - کاتێك دەوڵەت سەروەتی لەدەستدابوو بەوئەندازە کە دەزانێ ئەو سەروەتە زۆرەی لەدەستدابوو دەتوانێ نیزامێکی سودمەند بۆ ئەوانە کە ناتوانن کاربکەن یان منداڵن یان مەسەلەن فەلەج و شێت یان پیرن یان هەر بارودۆخێکی تریان هەیە و کە ناتوانن کاربکەن، ئەوانە لەکاتی نیاز و پێویستیاندا لەو سازمانە کە دروستی دەکات ئیستیفادە بکەن، بیمەیەکی کۆمەڵایەتی فراوان پێك بهێنێت، کە هەرکەسێك ناتوانێت کاربکات لەوە ئیستیفادە بکات.

## زیانەکانی سۆسیالیستی ئینقیلابی

١ - کوشتنی زیاتر لە(١٩) ملیۆن نەفەر بەدەستی (لینین).

٢ - کوشتنی (٨) ملیۆن نەفەر بەدەستی (ستالین).

٣ - زیاتر لە (٥) ملیۆن نەفەر بەدەستی (مائۆ).

٤ - گرفتارکردنی دوو ملیۆن نەفەر بەئەشکەنجە و ئازاری غەیر قابلی تەحەمول.

٥ - دوورخستنەوەی (٤ یا ٥) ملیۆن نەفەر لەمەملەکەت.

٦ - لە(کەمبۆدیا) لەم دواییەدا لەم نیزامی کۆمۆنیستیەدا لەیەك ملیۆن موسڵمان ٦٠٠٠هەزار نەفەریان قەتڵ و عام کرد، لەم کۆتاییەوە قەبرسانێك دۆزرایەوە ٢٥ هەزار نەفەری موسڵمانی تێدا قەتڵ و عام کرابوو، منداڵی موسڵمانیان دەخستە ناو تورەکەوە دەیانبەست بەداری درەختەوە تا گیانی



Scanned by CamScanner

دەرچێ، لەشەقامەکانی شارەکاندا چاڵیان دەکەند و بەنزینیان تێ دەکرد و موسڵمانیان تێدەخست و ئاگریان دەدان، هەروەکو ئەوەی کە لەسورەتی (وَالسَّمَاءِ ذَاتِ الْبُرُوجِ) کە بە(ئەصحابی ئوخدود) چیانکرد، ئەمە یەکێك لەزیانەکانی ئینقیلابی ١٩١٧ی (ڕووسیا).

٧ - لە(چین)دا دەرگای مزگەوتەکان و پەرستگاکان لەسەردەمی (مائۆ)دا بەهۆی سوپای سوری (مائۆ) داخران، تا دوای ماوەیەکی زۆر ڕێگەیاندا کە تەنها مەراسیمێکی بێ ڕوحی مەزهەبی لەمزگەوتەکان و کەنیسەکان ئەنجام بدرێ، لەلەحازی ئابووریشەوە شتێك کە هەر لەراگەیاندنەکاندا بڵاوکرایەوە نەفەرێك (دووهەزار) کیلۆمەتر بەپێی پیادە ڕێی کرد تا گەشتە (پەکین) ڕۆشتە بەردەم ئەنجومەنی وەزیران ئەمە داوای بوو (نان، مەسکەن!!)، ئیتر سەرنج بدەن (نان، مەسکەن)، دووهەزار کیلۆمەتر بەپیادە ڕێ برۆیتە بەردەم ئەنجومەنی وەزیران لە(پەکین)دا بڵێ (نان، مەسکەن)!! کوا بانگەشەکانی (مائۆ).

٨ - هەڵبەتە ئەوەش بەناوبانگە لە(ڕوسیا) لەجیاتی قورئان لەمزگەوتەکاندا پەیکەری لینین ئەوەتا لەسەری مزگەوتەکانەوە، لەم دواییەدا (چین) ڕێگەی سەرمایەدارەکانی ڕۆژئاوایدا کە کار و چالاکی خۆیان ئازادانە بکەن، واتە کەمێك بەرەودوا هاتەوە، شکستی خوارد ڕووی نییە ڕێگەی سەرمایەدارەکانی ناوخۆ بدات، چونکە ئەوانە دەڵێن چیتان کرد، بەڵام هی دەرەکییەکان بەبۆچوونی ئەگەر ڕێگەیان بدات قەیناکات، بەڵام وادەزانێ خەڵك نازانن ئەگەر ڕێگەی سەرمایەداریدا کاریکرد چ دەرەکی بێت چ ناوخۆیی جیاوازی نییە ئیستیسمار هەر ئیستیسمارە، بەڵام ئەوە نیشانەیەکە وەزع چۆنە لەدەرونەوە، لە(هندستان)یش کارگەران ڕێگەیان پەیداکرد کە ئازادانە مانگرتن و شت بکەن.

٩ - یەکێك لەمەزەڕات ئەوەبوو کە هەروەك لەپێشدا وتمان بەگشتی بەهۆی بانگەشەی توندوتیژی دژی خوا و دین و یاسا، ئەساسی دین و ئەخلاقیان لەقکرد



Scanned by CamScanner

و لەناویان برد، واتە ئەوەی کە خواردنی ڕۆحی ئینسانە و لایەنی ئینسانیەتی ئینسان تەغزیە دەکات لەناوچوو، یان ئەگەر لەهەندێ جێگەدا لەناونەچوو، لەئەنجامی پایەداری خەڵکی مەزهەبیەوە سەرکوب و سنوردارە، چونکە ئەخلاق و دین لەناوبرا.

هەر ئەخلاقێك لەسەر ئەساسی بەرخورد و دژایەتی دانەمەزرێت جێی قبوڵ نییە

دەرنەتیجە (لینین) ناچاربوو بۆئەوەی ئەو خەلەلە پڕبکاتەوە، خۆی ئەخلاق لەسەر مەبادئێکی تازە دامەزرێنێ، کە مەبدەئی قەوانینی ئەخلاقی (لینین) بریتییە لەوەی کۆمەڵگە لەتەواوی مێژوودا وەك لەپێشیشدا وتمان (مارکس و ئینگلس) دەڵێن مەسیری خۆی لەڕێگەی بەرخورد و دژ و تناقض درێژە داوە، هەر ئەخلاقێك لەسەر ئەم ئەساسی تناقض و بەرخوردە دانەمەزرێت مەوردی قبوڵ نییە، واتە لەئەخلاقی (لینین)دا کوڕ ئەوەیە زیرەك بێت و خۆی بپارێزێت و کەسێکتر نابوود بکات، قانونی جەنگەڵە هەرکەس زۆری بوو ئەوە شایستەی مانەوەی هەیە، هەرکەسیش زۆری نەبوو ئەوە شایستە نییە !!

ئیتر مێژوو خۆی هەندێ دەستەواژەی هەیە، کە لەفارسیشدا هەن دەیخاتە زوبالەدانی خۆیەوە، ئەوانە تەعبیراتی جاهیلین کە لەوانە گرتوویانە، چونکە هەرچی وەسائیلی ڕزق و ڕۆزییە قەرارە لەدەستی دەوڵەتدابێت و لەلایەکیشەوە چونکە مەعنەویات و ئەخلاق لابراوە لەناودا مادیەتی صرف حاکمە، ئەمجارە دەرگای ڕشوە خواردن و خەڵەتاندن و خیانەت و ئەنواعی کاری ناشایستە کراوەیە بۆ مەئمورانی دەوڵەتی.

کەسێك مەسەلەن وەرەقەی کوپنی خواردنی دەوێت، یان دەیەوێت ڕێگەی بدرێت بۆ کارێك بڕوات، مەسەلەن لەجێگەیەکدا هەڵبەتە وتمان لەبەرئەوەی ئێستا ڕێگە هەیە لەسنورێك کەمدا ئینسان مالیکیەتی - مالیکیەتی فەردی - ببێت، بڕوات بازرگانییەکی زۆر سنوردار یان پیشەسازییەکی زۆر سنوردار بۆ بەدەستهێنانی ئەمانە لەمەئمورانی دەوڵەتی، ئاشکرایە کە دەبێت ئیتر وەك موشاهەدەمان



Scanned by CamScanner

کردووە هەمیشە لەناو خۆماندا، هەڵبەتە هەرچەند لێرە کۆمۆنیزم حاکم نییە، بەڵام مادیەت کە بنچینەی کۆمۆنیزمە حاکم بووە و زانیومانە کە پارتی بازی چ رۆڵێکی هەیە، بەتایبەت لەوێ کە ئیتر ئەصڵەن ئەخلاق و دین و ئەمانە لەناو براوە باشتر زەمینە موساعید بووە.

کارنەکردن لەبەر مەنفەعەتی شەخسی و سەرکوتکردنی حوبی زات

١٠ ـ هەروەها ئەم مەفاسیدە هۆکارێکی تریشی هەیە، پێشتر (حوبی زاتیان) سەرکوتکرد، واتە ئینسان نابێت لەبەر مەنفەعەتی شەخسی کاربکات، حوبی زات و مەنفەعەتی شەخسی شتێکە ئینسان خۆی دروستی کردووە و لەوجودی ئینساندا نییە و فیتری نییە، دوای ماوەیەك هەوڵدان بۆ سەرکوتکردنی سەرکەوتوو نەبوون، تەنانەت خۆشیان ناچاربوون هەرکەس بەقەد توانایی کاربکات و هەرکەس هێندەی کاری خۆی مەنفەعەت ببات، ئەوە خۆی دان پێدانانی دووبارە بوو لەدوای ماوەیەك بە(حوبی زات)، زانیان بەم شێوەیە ئینسان دووبارە دەتوانێ زیاتر کاربکات.

کاتێك وتمان هەرکەس بەئەندازەی کاری خۆی مەنفەعەت ببات و پاداشت ببات، ئیتر ئینسانێك کە حوبی زاتی هەیە زیاتر توانا و هێزی خۆی دەخاتەکار، بۆئەوەی کە شت بەدەست بهێنێت، دەرئەنجامیە دوای ئەوەی کە ئەم مەنفەعەتی شەخسیە ماوەیەك سەرکوتکرا، کاتێك کە ئازادکرا زۆر زۆر زیادەڕەوی تر بوو لەوەوپێش بەهەرکەس هەر ڕێگەیەکی دەست دەکەوێ بۆئەوەی مەنفەعەتی شەخسی دەست بکەوێت کەم تەرخەمی ناکات و نیشانەی عەمەلیشی زۆرن.

هەرگیز زیندەگی لە(مۆسکۆ)دا یەکسان نییە لەگەڵ زیندەگی لە(سیبریا)، تەنها ڕێگەیەك بۆ فەعالیەتی مەنفەعەتی شەخسی و حوبی زات بەسراوە، ئەویش ڕێگەی بازرگانی یان پیشەسازییەکی فراوانە کە ئینسان ئیستیعدادی فکری و عەمەلی ڕێگەی پێدەدات بیکات، تەنها لەو ڕێگەوە کە ئینسان ئیستیعدادی خۆی بخاتەکار شتێك بەدەست بهێنێت، لەوێوە دەستی بەستراوە و ڕێگەی نییە، بەڵام

لەڕێگەی ڕشوە خواردن و حیلە بازی و تەواوی ڕێگە نامەشروعەکانەوە ئاسانکاریشی بۆ دەکرێت، تەنانەت ئەوەش بزانین لە(شورەوی)دا مەگەر لەمدواییانەدا نەمابێت، ئەگینا بانقەکان هێشتا (ڕیبا) دەسێنن ڕیبا بەتەواوی قەدەغە نەکراوە.

**جا لەو مەنفەعەتانە ئیمکانیان هەیە دووانیان عەمەلی بوون:**

١- توانیان بۆ هەر ئینسانێك خۆراك و پۆشاك و مەسکەن بەئەندازەیەك کە بەری دڵی بگرێت - واتە بەشی حەیوانیەکەی ناو ئینسان - لایەنی حەیوانی ئینسانیان تا ئەندازەیەك ئاوا نیوە تێرکرد.

٢- بەهۆی نیزامی (بیمە) لەکاتی توشبوونی بەڵا و موسیبەت و ئەحواڵی لەڕادەبەدەر، تائەندازەیەك زەمانەتی ئەفرادی موسیبەت بار دەکرێت، نەخۆش و فەلەج و پیر و ئەمجۆرە شتانە کە ناتوانن خۆیان کاربکەن یان تواناyan بەیەکجار لەدەست دەدەن زەمانەتیان بکرێت کە لەپڕ لەناونەچن.

ئەوە تەنیا دوو شتێکن کە نیزامی کۆمۆنیزم یان سۆسیالیزمی ئینقیلابی دای بەخەڵك.

بەڵام ئەوشتانەی کە لەخەڵکی سەند و ئەو خەسارەتانەی کە مەردم بینیان، ئەوسا سەرمایەدار دەسەڵاتی بوو بەسەر کارگەراندا، سەرمایەدار چونکە بەڕواڵەت هەڵبەتە ئەویش کە عەمەلەن وتمان هەرسێ نیروەکە (یاسادانان و جێ بەجێکردن و دادوەری) لەدەستیدایە، بەڵام ڕاستەخۆ نا، لەم نیزامە نوێیەدا هەرسێ دەسەڵاتەکە بەشێوەی ڕاستەوخۆ ئەوەتان لەژێر چاودێری حیزبدا، هەڵبەتە کارگەر درۆیە، کارگەر دەسەڵاتی نییە بەسەر ئەوزاعی خۆیدا، هەندێك ئەفرادن لەقسە زلەکانی پشت مێز کە خۆیان بەنوێنەری کارگەر ناودەنێن و بەناوی ئەوانەوە بۆ خۆیان سەرکردایەتی دەکەن، ئەوەی کە کارگەری ئێستا

لە(شورەوی)دا حکومەت دەکات، ئەوە خەیاڵێکە، چونکە لە(لهستان)دا دیمان کارگەرەکان هەندێ قاڵیان کرد خەریك بوو شورەوی بڕوات بۆیان.

کەوابوو لێرەدا ئەگەر سەرمایەدارییەکی سەد لەسەد پەیدابببێت لەنیزامی سۆسیالزمی ئینقیلابیدا، سەرمایەداری سەد لەسەدە، ئەگەر لەسەرمایەداری رۆژئاوا تەقریبەن هەشتا لەسەد بێت، چۆن، لەرۆژئاوا هەرتاکێك کە سەرمایەدارە تەنانەت وەکو وتمان کە نیزامێکی سەرمایەداری وجودی نییە، واتە فەلسەفەیەك کە پشت بەوە ببەستێت نیزامێکی دارێژراو وجودی نییە، دەرنەتیجە کەمتر جەمبەی قانونی هەیە بەئیستیسنای ئەو بانگەشانە کە خۆیان دەیکەن پشتیوانێکی قانونی و فەلسەفی لەرۆژئاوادا بۆ سەرمایەداری ئەو جۆرە کە رێکخراو دارێژراوبێت نییە، بەڵام ئەم سەرمایەداریە تازەیە کە بەدەست ئەو کەسانەوەیە کە لەکۆشکدان - خێڵی (کرملن) - و خۆیان سەرمایەدارن و تەواوی فەلسەفە و قەوانین و نیزام و دەستورات لایەنگیری ئەوە دەکات، کە دەبێت چاودێری لەسەر ئموری ئابووری کۆمەڵگە تایبەت بێت بەحیزبەوە.

واتە لەڕاستیدا سەرمایەدارە تاکەکان لەنیزامی کۆمۆنیزمدا کۆدەبنەوە دەیانبەنە "کاخی کرملن" دایان دەنێن سەرمایەدارییەکی سەد لەسەد پشت ئەستوور لەسەر نیرۆی (یاسادانان و جێ بەجێکردن و دادوەری) پەیدادەبێت، ئەمجارە ئیستیسمار حیزب دەیکات، ئەوانەی کە گوێ دەگرن بۆ راگەیاندنەکانی (مۆسکۆ) تا ئەندازەیەك لەوانەیە ئاگادارین، کە شێوەی بانگەشە و ئیعلانی مەتالیب هەواڵەکانیان چۆنە، کە کاتی وا هەیە یەکێك لەگەورەترین ڕوداوەکان لەدنیای رۆژدا ڕوودەدات، ڕستەیەکی کورت، مەسەلەن "لە ئێراندا شا ڕۆشت خومەینی هاتە سەرکار" تەنها، دوو وشە، هیچ ڕوونکردنەوە لەبارەیەوە نادەن، کە چی بوو؟ لەبەرچی ڕۆشت؟ ئەو بۆچی هات؟ ئینقیلاب چۆن بوو؟



Scanned by CamScanner

مەسەلەن لەفلان جێگەدا بەنموونە لە(لهستان)دا کارگەرەکان هەندێ قاڵە قاڵیانکرد ئیتر ئەوە لەبەر چییە و هۆکارەکانی چییە؟ هیچ روونکردنەوەیەک نادەن، واتە کۆنترۆڵێکی شەدید لەسەر ئەفکاری کۆمەڵگە و گرتنی ڕێگە لەڕووی هەرکەسێك کە فیکر و ئەندێشەی لەغەیری مەسیری ئەوانە و بەغەیری بەرژەوەندی ئەوانە.

دانشمەندێك لەدانیشمەندانی شورەوی لەبەرئەوەی نەزەرییەی جیاوازی حیزبی دا موحاکەمەیانکرد و سێ ساڵ زیندانیان کرد، واتە لەنیزامی کۆمۆنیزمدا خۆراك و پۆشاك و مەسکەن تا ئەندازەیەك دەدرێ، بەڵام دەڵێ هەر ئەوەندە دەتناسم تا ئێرە، کە خۆراك و پۆشاك و مەسکەنت هەیە دەتناسین دەڵێن تا ڕێکی (بزن) دەتناسین! لەوە زیاتر بڵێی فکریکەم یان ئازادی عەمەل، وتومانە ئیمتیازی ئینسان دوو شتە (فکر و ئازادی عەمەل)، دەڵێ ئەوانە لەمەزهەبی ئێمەدا نییە، ناتوانی بەئازادانە فکر و عەمەل بکەی.

لەنیزامی سۆسیالیزمی ئینقیلابیدا مەقامی ئینسان هێندەی مەقامی حەیوانە

بۆیە ئینسان لەنیزامی سۆسیالیزمی ئینقیلابیدا بەئەندازەی حەیوانێك مەقامی بەرز بووەتەوە ماشاالله!! چونکە دەزانن نیزامەکەیان بەرخوردی شەدیدی لەگەڵ فیترەتدا هەیە، بۆیە لەئێستادا ئەگەری ئینقیلاب و شۆڕشێك علیه ئەمانە هەیە، دەرنەتیجە هەمیشە ئەوەتان لەحاڵەتی ترس و حەزەرێکی شەدیددا، ڕێکخراوێکی جاسوسی زۆر زۆر بەهێز کە زۆرێك لەدەسترەنجی کارگەرانی بێچارەی بۆ خەرج دەکرێت ئەوەتان لەسەرکار، تەنانەت لە(روسیا) زۆر کات دەبێت کە ژن و منداڵ جاسوسی مێرد و باوکیانن، یان مەسەلەن مێرد جاسوسی ژنەکەیەتی، تەنانەت ئینسان لەماڵدا ناتوانێ قسەیەکی ئازاد بکات، بڵێ وەڵا نارەحەتم لەدەستی ئەم حیزبە.

ئێستا ١٢هەزار دانیشمەند خەریکی فەعالیەتی شەو و ڕۆژن بۆ دروستکردنی دەزگای جاسوسیەکی زۆر دەقیق، گیاندارێکی بچوك هەیە، ئێمە پێی دەڵێین



Scanned by CamScanner

(شەمامە - خاڵخاڵۆکە)، شتێکی بچوکە کە دەنیشێ بەئینسانەوە دەزگایەکی ئاوا خەریکن دروست بکەن هەم وێنەگرە، هەم دەنگ تۆمار دەکات، دێت دەنیشێ بەئینسانەوە هەم وێنەی دەگرێت هەم دەنگەکەی تۆمار دەکات و دەیباتەوە بۆیان کابراش وا دەزانێ شەمامەیە یاری پێ دەکات، یان هەر ئەم مێشولانە لەنێوان شاخەکانیاندا دەزگایەك دروست بکەن، هەم قسەکانیان تۆمار بکات، هەم ڕەسمیان بگرێت و بیباتەوە بۆلایان وادەزانێ ئەم هاتووە بیگەزێ، نازانێ هاتووە جاسوسی بۆ بکات، ئەوکاتە دەڕواتەوە یاڵا ڕیشکی دەردێنن.

بەئیزافەی ئەوە خەریکن بگەنە ئەندازەیەك کە ئەفکاری خەڵك بخوێننەوە، واتە وای پێ بێت کە ئیتر پێویست بەو دەزگا بچوکەش نەبێت، ئەفکاری خەڵك بخوێنێتەوە، ئەگەر کەسێك جارێك بەخەیاڵیدا هات، کە ئەم حیزبەم قبوڵ نییە ئەم نیزامە باش نییە یەکسەر بیکێشن ئەوە کە خۆیان دەیانەوێت پێی بکەن.

پێشتر وتمان (قسط)، واتە هەرکەس بەشی ڕێکی خۆی پێ بدرێت، مونتەهای ئەوە کە لەنیزامی سۆسیالیزمی ئینقلابیدا دەدرێت بەشی ڕێکی حەیوان کە ئەوەتا لەقاڵبی ئینساندا دەدرێت - بەشی ڕێکی حەیوان - بەشی دادوەرانەی حەیوان دەدرێت، بەڵام لە(لهستان) کە هەواڵێك نییە.

**ئەمجارە یەکێك لەمەسئەلە زۆر زۆر گرنگەکان کە مەسئەلەی ئەرزشی کار و ئەرزشی ئیزافیە زۆر بەکورتی مەتڵەبێکی زۆر گرنگ هەیە باسی دەکەم، لەوانەیە بۆ ئینسان لەخوێندنەوەی چەندەها کتێب لەویارەوە بەس بێت و نەجاتی ببێت، ئەگەر سەرنجی بدەن.**

سەرنجی بدەن ئیستیدلال: واتە بەهۆی شتێك پەی بردن بەبونی شتێکی تر، کە پێشتر بووە ئێمە پێمان نەزانیوە. مەسەلەن لەوبەرەوە چاومان دەکەوێت بەدوکەڵ، بەدوکەڵەکەدا دەزانین کە ئاگر هەیە، ئاگرەکە نابینین، بەڵام بەهۆی دوکەڵەکەوە دەزانین لەوبەرەوە ئاگر وجودی هەیە، نەك واتە ئەوەی ئاگرمان ئیستیدلال



Scanned by CamScanner

ئیجادکردووه، واته ئاگرەکە بووه ئێمه نەمان زانیوه، ئێستا که دوکەڵەکەی ڕاست بووەتەوه، زانیومانه، یان مەسەلەن ئێمه لێرەدا دانیشتوین لەودیوی ئەو بینایه دەنگێك دێت، ئەو دەنگه دێت دەزانین که مەوجودێك، ئینسانێك، حەیوانێ، شتێ بوونی هەیه، جا باش سەرنجی بدەن کاتێ ئەو دەنگه دێت ئێمه دەڵێین کەوابوو ئینسانێ بوونی هەیه، مانای ئەوه نییه که کاتێك دەنگەکەمان بیست ئێمه ئینسانێ خەلق دەکەین لەدەرەوه، ڕوونکردنەوەیەکی زۆر کورت بۆ مەوجودات دەکەم.

## ئەوشتانە کەئەوەتان لەزەینی ئینساندا، یان حەقیقین یان ئیعتیبارین

### حەقیقی چیە؟ ئیعتیباری چیە؟

حەقیقی

**حەقیقی**: واتە شتێك خۆی بوونی هەیە، چ ئێمە پێی بزانین چ نەزانین، وەك ئەم (دار و بەرد و ئاو و هەواو..هتد)، مەسەلەن چ ئێمە شەکر بخۆین چ نەیخۆین، شیرینە، نەك ئەگەر ئێمە ڕەئیمان بۆدا زۆرینە ڕەئی هێنا شەکر شیرینە، ئەگەر زۆرینە ڕەئی هێنا کە تاڵە، تاڵە، هەزار ملیۆنیش ڕەئی بێنێت کە شەکر تاڵە هەر شیرینە.

ئیعتیباری

بەڵام هەندێ شت لەزەینی ئینساندایە کە **ئیعتیبارین**، واتە بوونێکی دەرەکیان نییە ئێمە قەراردادیان بۆ دەکەین، یان خوا قەراردادیان بۆ دەکات، بۆنمونە دەڵێم دەفتەرێك هی منە، من مالیکی ئەوەم، کامتان مالیکیەتی هێندەی من موشاهەدە دەکات بەم دەفتەرە، کە ڕەنگەکەی شینە ئەمە موشاهەدە دەکرێت، کاغەزەکە موشاهەدە دەکرێ ئۆتۆمبیل و پاسکیل ئەگەر دانە دانە تەجزیەیان بکەی دیارە، بەڵام بیبەن لەهەرکوێ تەجزییەی دەکەن بیکەن، ئەگەر مالیکیەتی من لەئاستی ئەمەدا بوو، بەبەڵگەیەك زۆر سادەتریش تەجزییەی ناوێت، کاتێك بەخشیم بەیەکێك لەئێوە ئیتر مالیکیەتی من نییە هی یەکێکی ترتانە، مالیکیەت حەقیقی نییە ئیعتیبارییە، واتە شتێك نییە لەزاتی شتەکان ببێت، وەك شیرینیەك نییە کە لەناو شەکردایە، شەکر شیرینە چ ئێمە پێمان خۆش بێت چ پێمان خۆش نەبێت، ئێمە ڕەئی بۆ بدەین یان بۆی نەدەین، قەرارداد ببەسین یا نەیبەسین، تەواوی ئینسانەکان کۆنگرەیەکی جیهانی ڕێك بخەن، بڵێن شەکر تاڵە هەر شیرینە، چونکە ئەوە تێکەڵاویەتی ئەوەتا لەزاتیدا، بەڵام ئێستا - دەفتەرەکە - ئەمە هی منە، ئێستا بەیەك وشە بڵێم بەیەکێ ئەوا پێم بەخشیت، ئیتر هی من نییە هی ئەوە تەواو، کەوابوو مالیکیەتی من نییە لەناو زاتی ئەمەدا، شتێك قەراردادیە کە کاتێك

هی منه بڕیارم داوه و سەندومە هی منە، کاتێکیش قەرارمدا کە بۆ یەکێکی تر بێت ئیتر هی ئەوە و هی من نییە.

کوٚمەڵگە مالیکی شتەکانە

کەوابوو ئیستیدلال، واتە پەی بردن بەوجودی شتێك بەهۆی شتێکی تر، شتێ دەکەمە بەڵگە بۆ بونی شتێکی تر نەك ئەم ئەو خەلق دەکات، شتەکانیش لەزەینی ئێمە و لەزیندەگی ئێمەدا دوو جۆرن، یان حەقیقییە یان ئیعتیبارییە، هەندێك تەنانەت لەوانەی کە لایەنگری لەئیسلام دەکەن - هەندێکیش لە(سیرە)دا ماوەیەك بوو وایان دەوت - چونکە مەسەلەن خوا دەفەرموێ من مالیکی هەموو شتێکم، کەوابوو مالیکیەت هی خوایە، کۆمەڵگەش خوا دروستی کردووە و کۆمەڵگە لەنەزەری خوا ناسراوە ئەم مالیکیەتی خوا دەچێت بۆ کۆمەڵگە، بۆیە کۆمەڵگە مالیکە.

واتە لەم قسەوە کە مەسەلەن ﴿لِّلَّهِ ما فِي السَّمَاوَاتِ وَمَا فِي الأَرْضِ﴾ هەرچی لەئاسمان و زەویدایە بۆ خوایە، دەڵێن لەبەرئەوەی خوا مالیکی ئەمانەیە، دەرئەنجامە کۆمەڵگەش نوێنەری خوایە، کۆمەڵگە مالیکە بۆیە مالیکی گشتییە، تایبەتی نییە، **بەڵام هەڵەکە لەمەدایە:**

مالیکیەتی خوا تەکوینییە و هی ئینسان ئیعتیبارییە

**مالیکیەتی خوا مەفهومێکی هەیە کە حەقیقییە، مالیکیەتی ئینسان ئیعتیبارییە، چۆن؟**

**یەك:** مالکییەتی خوا واتە (خەلق و ئیدارە)، کاتێ دەڵێین خوا مالیکی هەرچی شتە، واتە خالقی مەوجودات و بەڕێوەبەری ئموری کائینات خوایە، کائینات هەم لەبوونیدا هەم لەئیدارەی ئموریدا پشت بەو دەبەستێت، ئەمە شتێکی واقعییە حەقیقییە، یانی ئەگەر ئێمە بڵێین و قەرارداد ببەسین بڵێین نەخێر ئەمە پشتی بەخوا نەبەستووە، خوا حەزف بکەین کۆمەڵگەش بوونی نابێت، واتە کائینات بوونی نابێت، لەبەرئەوەی ئێمەیەك کە موعتەقیدین و یەقینمان هەیە کە خوا بوونی هەیە، خوایەکی ئاوامان قبوڵە کە ئەم جیهانی خلقەتە پشت بەو ببەستێت،

بۆیە ئەوەی کە خوا مالیکە، واتە خالق و مودیری کائیناتە، کاتێ من دەڵێم من مالیکی ئەم دەفتەرەم، ئەم دەفتەرە لەبوونیدا و لەئیدارەی ئموریدا پشت بەمن نابەستێت، لای کەسێکی تریش بێت هەر بوونی هەیە و ئیدارەی ئموریشی دەکات و دەشتوانێ تیایدا بنووسێ.

جا بۆیە لەمالیکیەتی خوا کە شتێکی حەقیقییە ئیستیدلالکردن بۆ مالیکیەتی کۆمەڵگە کە شتێکی ئیعتیبارییە، وەك ئەوەیە بڵێین کاتێ من دەنگی ئینسانەکەم لەدەرەوە بیست ئینسانەکەم خەلقکرد ئیتر شتی وانییە، واتە کاتێ شتێکی حەقیقیم دەرککرد لەئەنجامدا لەو حەقیقەتە من شتێکی ئیعتیباری کە من دروستم کردووە نەتیجەی دلوە، لەشتێکدا کە مالیکیەتی خوا حەقیقییە نەتیجەی دەدات بەشتێکی ئیعتیباری.

لەدەلیلەکەدا وتم کاتێ ئێمە (دوکەڵ) دەکەینە بەڵگە بۆ (ئاگر)، هەم دووکەڵ وجودی خارجی هەیە و قەراردادی نییە، هەم ئاگر، ئەم نیشانەی بوونی ئەوە، هەردووکیان پێشتر بوون نەك ئێمە ئاگرەکە خەلق بکەین لەدوایدا پێی نەزانین، وەڵێ خوا مالیکیەتی هەیە کە ئەوشتەی حەقیقییە، لەم حەقیقەتە کە خوا مالیکە شتێکی قەراردادی کە کۆمەڵگە مالیکە ناتوانین نەتیجە بگرین، لەشتی حەقیقی شتی قەراردادی نەتیجە ناگیرێ.

دوو: سەرمایەدار کە ئیستیدلال دەکات دەڵێت، لەبەرئەوەی وەسائیلی بەرهەم هێنانی من بەشدارە لەکارگەکەدا، بۆیە من مالیکی ئەرزشی ئیزافیم، ئەوەش دووبارە ئەوەتا لەهەڵەدا - ئەمەمان قبوڵە و ئاشکرایە وەسائیلی بەرهەم هێنان دەخالەت دەکات لەسنعەتەکەدا، ئەوشتانەی کە سەرمایەدارەکە دەڵێ دەخالەت دەکات، ئەوانە شتێکی حەقیقیە - بەڵام لەوەودوا ئەم مەسەلە کە بۆیە ئەرزشی ئیزافی واتە سود و بەهرە هی سەرمایەدارە ئەو مالیکیەتی ئەمە شتێ قەراردادیە، ئەم قەراردادیە و ئیعتیبارییە لەو حەقیقەتە نەتیجە ناگیرێت، واتە سەرمایەدار



Scanned by CamScanner

ناتوانێ بەبەڵگەیەکی عیلمی بیسەلمێنێت کە مالیکی بەهرە و ئەرزشی زاتە، هەروەها (مارکس)یش دێت ئیستیدلال دەکات، دەڵێت: "چونکە کارگەرەکە بەنیرۆی کاری خۆی شتەکان بەرهەم دەهێنێت، کەوابوو مالیکی نەتیجەی کاری خۆیەتی" ئەم ئیستیدلالەش هەڵەیە.

کارکردنی کرێکار شتێکی حەقیقیە و مالیکیەت ئیعتیباریە

کارکردنی کارگەر شتێکی حەقیقییە، زەحمەت کێشانی و چەکوش وەشاندنی و سواری ماشێن بوونی و جەڕدان و ئەمانە شتێکی واقیعیە و سەیری دەکەین موشاهەدە دەکرێ دەنگدان و دەنگ نەدانی بۆ نییە، ئەو کاتێ زەنگن دەوەشێنێ مەسەلەن تەماشای دەکەین چ تۆ بتەوێت چ نەتەوێت دەیوەشێنێ، بەڵام لەوەودوا نەتیجەیەك لەم زەحمەتی ئەمە پەیدادەبێت دەڵێین لەبەرئەمەیە ئەم کارگەرە مالیکی ئەوەیە، مالیکیەت وتمان شتێکی قەراردادیە دەبێت خەڵك دانیشن بڕیاربدەن کە هی کێیە هی کێ نییە، ئەو هۆکارە حەقیقیە نابێتە هۆی بوونی ئەم مەعلولە ئیعتیباریە، واتە لەمەوە کە کارگەر کاری کردووە بەڕەوشی عیلمی ناتوانین جێگیری بکەین، بۆیە مالیکی نەتیجەی کاری خۆیەتی، مالیکیەت شتێکی ئیعتیباریە، نابێتە سەمەرەی شتێکی حەقیقی.

مالیکیەت هی کۆمەڵگە و کرێکار و سەرمایەدار نییە

دەرنەتیجە مالیکیەت بەهیچ شێوەیەك نەمالیکیەتی کۆمەڵگە نەمالیکیەتی کارگەر نەمالیکیەتی سەرمایەدار، نەهی هیچ کەسە، بەبەڵگەی عیلمی ناتوانین بیسەلمێنین شتێکی قەراردادیە، دەبێت یان خوا بڕیاربدات کە ئەم شتە هی کێیە، یان یاسادانەرن لەکۆمەڵگەدا، بۆیە هەرچی هاوار و دایەك (مارکس) دەیکات، تەنانەت سۆسیالیستیشیان ناوناوە سۆسیالیزمی عیلمی، چونکە پشت بەفەلسەفەی ئەو دەبەستێت، هەرچی قالێ دەکات بۆئەوەی بیسەلمێنێت کە کارگەر مالیکی ئەرزشی کاری خۆیەتی، ئەگەر ئاگاداری ئەوە بین کە شتی حەقیقی لەگەڵ شتی ئیعتیباریدا پەیوەندی ئیستیدلالیان نییە، ناتوانین حەقیقی بکەینە بەڵگە بۆ ئیعتیباری تەواوی قسەکان لەبنچینەدا وێران دەبێت.



Scanned by CamScanner

بەشێوەیەکی عیلمی ناتوانین ئیسپاتی مالیکیەتی هیچ کەسێك بۆ هیچ شتێك بکەین

هەروەها ڕێگەیەك بۆ ئیستیدلال بۆئەوەی کەسێك مالیکی شتێکە چ فەرد چ کۆمەڵگە نامێنێ، ئەوکاتە ڕێگەی ئینسانێکی موسڵمان دەبێتە چی؟ ئینسانێکی موسڵمان (حەقائیق کە بوونی خوا، بونی کائینات بەناونیشانی مەملەکەتی فەرمانڕەوایی خوا، هەروەها بونی ئینسان بەناونیشانی مەحکومی فەرمانی خوا) ئەم سێ حەقیقەتە دەرك بکات، ئەمجارە دەبێت بۆ قەراردادەکان گوێ بگرێ بزانێ خوا چی دەڵێت، ئەگەر خوا وتی مالیکی شتێکیت قەراردادی کرد هەیت، ئەگەر وتی نییە نیت، چونکە بەڕەوشی عیلمی ئێمە ناتوانین ئیسپاتی مالیکیەتی هیچ کەسێك بۆ هیچ شتێك بکەین.

مالیکیەت بەدەست خوایە و بڕیاریش ئەو دەیدات

دەرئەنجام لەم شتە قەراردادیە کە کێ مالیکیەتی چییە، دەبێت گوێ بۆ قسەی خوا بگرین بزانین خوا کێ دەکاتە مالیکی چی، خوا هەرکەسی کردە مالیکی هەرشتێك ئەوە مالیکی ئەوە، ئێمە کە خوامان قبوڵە دەڵێین موسڵمانین ئەوانەش کە خوایان قبوڵ نییە دەبێت خۆیان دابنیشن دانیشمەندانی ـ ئەڵبەتە نەك بەناونیشانی ئیستیدلال و بەناونیشانی گرتنەبەری میتۆدی زانستی ئیستیدلال بەڕەوشی عیلمی و نەك بەناونیشانی فەیلەسوف و بەناونیشانی حقوق دانێك کە خەریکە قانون دادەنێ بۆ کۆمەڵگە بۆ ئابووری بۆ...هتد ـ دانیشن بزانن ڕەئی زۆرینە دێتە سەرچی کێ مالیکە و کێ مالیك نییە، بۆیە ئێمەیەك کە دەڵێین موسڵمانین دوای ئەوەی کە بەبەڵگەیەکی عەقڵی سەلمێنرا بۆ ئیسپاتی مالیکیەت کە لەهیچ کوێ دەست ناکەوێت، تەنها ڕەوشمان لەمەسئەلەی مالیکیەتدا، تەنیا ڕەوشی دروست بۆ ئێمە ئەوەیە کە گوێ بۆ قورئان بگرین بزانین قورئان چی دەڵێ، لەوانەیە ئەو ئەندازە کە بۆ موئمینێك کافی بێت لەباسی پێشتردا ڕونکرایەوە کە قورئان مالیکیەتی قبوڵە یان نیەتی، تا چ سنورێك قبوڵیەتی و تا چ سنورێك قبوڵی نییە.



Scanned by CamScanner

## مالیکیەتی فەردی لەسیستەمی ناسیزم و فاشیزم

باسی (سەرمایەداری و سۆسیالیزم و کۆمۆنیزم)مان تا ئەندازەیەك بەکورتی کرد، ئێستا دوو مەرامی تر هەیە، کە نەزەریاتێکیان هەیە لەبارەی ئابوورییەوە، ئیمرۆ ئەڵبەتە نین، بەڵام قەرارداد و شتیان هەیە و مەقایسەیان لەگەڵ نیزامی ئیسلامیدا تا ئەندازەیەك باشە.

**نازیزم و فاشیزم:**

نازی نازی: خودی وشەکە کورتکراوەی ناسیۆنال سۆسیالیستی کارگەرانی ئەڵمانیایە، کە (نازی) واتە حیزبی سۆسیالیستی کارگەرانی ئەڵمانیا.

فاشیزم فاشیزم: لەوشەیەکی لاتینیە، فاشیز زووتر بە(تەورێکیان) دەوت، کە چەند ئەڵقە و چەند دارێکیان دەبەست بەچواردەوری تەورەکەدا و لەبەردەمی ئەو فەرمانڕەوانەوە دایاندەنا بەناونیشانی سیمبولی قودرەت و توانایی، کە نیشانەی زۆر و قودرەت بوو.

ئەڵبەتە لەلەحازی سیاسیدا ئەم دوو حیزبە کە ڕەهبەر و پەرەپێدەری فاشیزم لە(ئیتالیا) (مۆسۆلۆنی) بوو، لەئەڵمانیشدا نازیزم هیتلەر رابەرایەتی دەکرد، لەلەحازی سیاسیەوە موعتەقیدن بەزۆرداری و ملهوڕی و دیکتاتۆری موتڵەق، دژی ئازادیخوازی و دیموکراسی و سۆسیالیزم و ئەم جۆرە شتانە هەموویان بوون، کارمان پێوە نییە، تەنها لەلەحازی ئابوورییەوە ئەوانیش نەزەراتێکیان هەیە و ئاسارێکی بوو لەدەورەی خۆیان، ئەڵبەتە ئەوەش وەك کاردانەوەیەك بوو لەبەرامبەری کۆمۆنیزمەوە لەڕووسیا.

کاتێك ڕووسیا علیە سەرمایەداری ئەم نیزامەی تێدا ئیجرا کرا ـ نیزامی کۆمۆنیزم ـ و ئەوەی کە باسمان کرد چەنێ مەنافیع و مەزەڕاتی بوو، کاردانەوەی لەوڵاتەکانی تری ئەوروپادا ئەوەبوو کە بەشێکیان کە لەوەپێش دیموکراسی و شتیان تێدانەبوو عادەتیان کردبوو دیموکراسیان نەکردبوو و جەنگی جیهانیش



Scanned by CamScanner

ئابودی کردبوون، بۆئەوەی کۆمۆنیزم نەیەتە ناو ئەوان کە شەڕ و ئاژاوە و خوێن ڕژان و بەدبەختی زیاتر ببێت، ئەوان زوتر ئیقدامێکیان کرد کە لەلەحازی ئابوورییەوە نیزامێك لەژێر چاودێری دەوڵەتدا پیادەبکرێت، کە بەرگری لەخوێن ڕێژی و ئابوودکردنی سامان بکات، وەك لەڕووسیا، لەئیتالیا و ئەڵمانیا ئەم دوو نیزامە کە لێکچوونی زۆریان بەیەکەوە هەیە پیادە بوون کە یەکێك لەبنچینە و پایەکانیان ئەوەیە، لەدژی ئەو فەلسەفەیەی مارکسە کە پێی وایە چینەکانی کۆمەڵگە بۆئەوەی بگەنە ئاشتی و خۆشبەختی دەبێت لەدژایەتی و پێکدادان و ڕکابەری یەکتردابن، ئەوان دژی ئەوە بوون، کە کۆمەڵگە لەناوخۆیدا دەبێت چینەکان لەگەڵ یەکدا پەیوەندی هاوکاری و پشتیوانی دۆستایەتیان سەبارەت بەیەکتربێت و دژی ڕکابەری و پێکدادان و دژایەتی بوون.

سەبارەت بەمالیکیەتی فەردی نازیزم و فاشیزم دژی کۆمۆنیزم و سۆسیالیزم بوون

سەبارەت بەمالیکیەتی فەردی دووبارە دژی کۆمۆنیزم و سۆسیالیزم بوون - نازیزم و فاشیزم - مالیکیەتی فەردیان نەفی نەدەکرد وا موعتەقید نەبوون کە مالیکیەتی فەردی و مەنفەعەتی زاتی و مەنفەعەتی شەخسی ئەساسی بەدبەختیە، ئەڵبەتە تێڕوانینیان زۆر کورت بوو، تێڕوانینیان وابوو کە مالیکیەتی فەردی و مەنفەعەتی شەخسی، مایەی سەلاح و خۆشبەختیە بۆ کۆمەڵگە، وەك لەمەوبەر ئاماژەمان کرد کە ئەصڵی مالیکیەتی فەردی کە مەنفەعەتی هەیە، ئەگەر ئازادی تەواوی پێ نەدرێت زەرەری نییە.

گرنگتر لەهەموو شتێك ئەوەبوو کە ئەو ئەصڵە کە لەسەرمایەداریدا دەڵێ دەوڵەت مافی دەخالەتی لەئابووریدا نییە، ئەوە لەلای ئەوان قابیلی قبوڵ نەبوو، واتە ئەمەشیان دژی سەرمایەداری بوو، دەرنەتیجە دەخالەتێکی زۆر زۆر شەدیدیان لەنیزامی ئابووریدا کرد، لەگەڵ ئەوەدا کە قائیل بوون بەمالیکیەتی فەردی چاودێریەکی زۆر دەقیق و هەمە لایەنەیان بوو سەبارەت بەنیزامی



Scanned by CamScanner

ئابووری، ئەڵبەتە لەئەسەری ئەم چاودێرییە دەقیقەوە هەم مەنافعێك پەیدابوون لەئەڵمانیا و لەئیتالیا بۆ خەڵك و هەم مەزەڕاتێك هەروەك كۆمۆنیست.

### لایەنە باشەكانی نیزامی نازیزم و فاشیزم

نازیزم و فاشیزم و دامەزراندنی بیمەی كۆمەڵایەتی بۆ بێ تواناكان

١ - یەكێك لەمەنافیعەكانی ئەوەبوو كە بیمەی كۆمەڵایەتی بۆ ئەوانەی كە لەزەمینەی بەدەستهێنانی مەعیشەتدا ناتوانا بوون دامەزران، دامەزراوەی خەیرییە ئیجادكران، ڕەوشێكی واحید بۆ نیزامی ئابووری دانرا و فەعالیاتی ئابووری ڕەهنەمایی و ئیرشادی كرا، كە لەڕێگەیەكدا بەمەنفەعەتی كۆمەڵگە سەیریكات، چونكە چاودێری هەمووشتێ لەژێر دەستی دەوڵەتدابوو، سەرمایەداران ئیختیاری خۆیان نەبوو كە هەركەس بەویستی خۆی ڕەوشێك بۆ خۆی تەعین بكات.

٢ - یەكێكی تر لەڕیفۆرمەكان ئەوەبوو كە تائەندازەیەك حەقدەست و كرێیان بۆ زیادكردن، سەعاتی كاركردن كەم و عەفوكردنی ژنان و منداڵان لەخزمەت، تا ئەندازەیەك سەرنجدان بەخودی كارگەران و حاڵەتی تەندروستیان، ئەڵبەتە ئەویش لەئەندازەیەكدا كە بۆ خۆیان مەنفەعەتی بوو، ئەوەیان قبوڵ كرد كە لەشەڕ و ململانێی نێوان سەرمایەداران و كارگەراندا دەوڵەت مافی دەخالەت و داوەری ببێت، ئەو مەبدەئە كە بەرژەوەندی شەخسی ئەساسە بۆهەموو شتێك، تەنها دەبێت لەڕوی بەرژەوەندی شەخسەوە كاربكرێت تائەندازەیەك ئەڵبەتە قبوڵیان كرد دەبێت موقەیەد و مەحفوز بكرێت كە زەرەری زۆری بۆ كۆمەڵگە نەبێت.

مەنفەعەتی نیزامی ئابووری نازیزم و فاشیزم و پڕكردنەوەی لایەنی حەیوانی ئینسان

٣ - هەندێك لەدامەزراوە و پیشەسازی گەورە وەك مەسەلەن شیركەتی پۆست، تەلەفون، ڕێگە دروستكردن و لەهەندێ جێگەدا دەرهێنانی كانزا، پیشەسازی گەورە ئەمانە كەوتە دەست خودی دەوڵەت، تا ئەو ئەندازەش وای پێهات كە كارگەران لەئیزافە كرێی خۆیان كە كۆیان دەكرد پاشەكەوتیان دەكرد بتوانن



Scanned by CamScanner

کارگەی بچوك بچوك بۆ خۆیان بکرێن، یان مەسەلەن پشکێك لەکارگەکان بکرێن کە تا ئەندازەیەك مەنفەعەتی ببێت بۆیان ئیستفادەیەك لەغەیری ڕێگەی کارگەرییەوە بکەن.

ئەڵبەتە مەنفەعەتی لەلەحازی ئابوورییەوە لەلایەنی حەیوانی بوو، تەنانەت لەئەڵمانیا لەسەرەتاوە ٨ ملیۆن نەفەر بێکار لەکۆمەڵگەدا هەبوو لەدوای چەند ساڵ بەجۆرێك لەنیزامی ئابووریدا پێشکەوتن کە کارگەریان کەم بوو - کەم بوونی کارگەر بوو لەئەڵمانیا - بەڵام تەنها لایەنی حەیوانیەکەیە وەك لەکۆمۆنیزم و سۆسیالیزمدا، ئێمە وتومانە لەئیسلامدا نیزام نیزامی (قسْط)ە، هەرچیەك بەشی ڕێکی خۆی، ئەوەشمان بەناونیشانی شتێکی روون و ئاشکرا قبوڵە کە ئیمتیازی ئینسان ئەوەتا لەفکر و ئازادی عەمەلدا، کاتێك ئەم دوانە لەئینسان سەلب کرا ئیتر ئینسانیەتی بەتەواوی نابوت دەبێت، مەگەر کەسێك ئیتر لەم دوو شتە روون و ئاشکرایەدا گومان بکات کە تەفەکور و ئازادی عەمەل بەناونیشانی ئیمتیازی ئینسان نەناسێ، ئەوە مەسەلەیەکی ترە، ئینسان بەناونیشانی حەیوانێك بێ خسوسیەتی تەفەکوری بێ حەقی ئازادی عەمەل تەصەوربکات.

ئەم جۆرە نیزامانە باشن، لەبەرامبەری ئەم کاردانەوەیەدا کە لەئەڵمانیا و ئیتالیادا ڕوویدا هەندێکی تر لەدەوڵەتە ڕۆژئاواییەکان کە پێشتر دیموکراسیان تێدا مەوجودبوو، جەنگی یەکەمی جیهانی ئاوەها لەتمەیەك زۆری لێ نەدابوون، پەلەیان نەبوو بۆ ئیصلاح، دەرنەتیجە بەبێ ئەوەی کە سەرمایەداری لەناو ببەن، لەلایەکەوە بۆئەوەی کەبەهانە نەدەن بەدەست خەڵکەوە کە بەرەو کۆمۆنیزم بڕۆن دەستیان کردە ڕیفۆرمێکی جوزئی لەنیزامی سەرمایەداریدا.

وەك ڕێگەیاندا کە کارگەرانیش حەقی دەنگدان و هەڵبژاردنی ئازادیان ببێت - ئەڵبەتە هەرچەند شەکڵێکی زاهیرییە - حەقیان ببێت کە گفتوگۆ لەنێوان ئەوان و سەرمایەداراندا لەبارەی ئموری مەلیکەوە بکرێ بۆ گەشتن بەتەفاهوم، یان



Scanned by CamScanner

مەسەلەن مافی مانگرتنیان پێدرا، ئەو نەزەریە کەقایل بوو بەوەی حکومەت نابێ دەخالەت بکات لەنیزامی ئابووریدا تائەندازەیەك لەسەرەتای سەدەی بیستەمەوە سنورداربوو و ڕێگەیان درا کە حکومەت دەخالەت بکات لەنیزامی ئابووریدا، ئەو شەرایتە کە جەنگی یەکەمی جیهانی و شۆڕشی ڕووسیا و فاشیزم و نازیزمی ئیتالیا و ئەڵمانیا پەیدایان کرد، تا ئەندازەیەك سەرمایەداری ڕۆشن کردەوە کە کەمێك گۆڕانکارییان لەنیزامی خۆیان بکات، وەك ئەوەی مەسەلەن ڕێگەی پێکهێنانی سەندیکا و ئەو جۆرە شتانە بۆ کارگەران بکات، تا بتوانن ئەگەر سەردەمێك سەرمایەداران لەئەندازە زیاتر مافیان پایماڵکردن ـ ئەڵبەتە مافی هەر پایماڵە ـ بەڵام ئەگەر لەئەندازە بەدەربوو قابیلی تەحەمول نەبوو تا ئەندازەیەك قاڵێ بکەن و بتوانن لایەنگری قانون بۆخۆی ڕابکێششێت.

### لایەنە خراپەکانی نیزامی ناسیزم و فاشیزم

ئەم ڕیفۆرمانە سەبارەت بەمەفاسیدێك کە سەرمایەداری هەیەتی شتێکی ئاوا نییە قابیلی سەرنج بێت و مەفاسیدی ئەصڵی سەرمایەداری هەروەك ئەمڕۆ دەبینرێ تەنیا لەجێگەی خۆیدا.

١ ـ بێکاری هەروەکو پێشترە، خەڵك پێویستیان بەزەرورياتی زیندەگی ئەوەتا لەسنورێکی بێ ئەندازەدا، لەحاڵێکدا ئەم هەمووە نیعمەتە لەسەر زەویدایە، کە ئینسان دەتوانێ ئیستفادەی لێ بکات، بەڵام نیزامە زاڵمانەکەی ڕێگە نادات، لەلایەکەوە دەبینرێت ئەم کاڵا تەولیدیانە سەرەڕای ئەمانە کەمترن لەنیازی خەڵك پۆشاك هەم لەبازاڕدا دەمێننەوە نافرۆشرێن لەبەرئەوەی کە کارگەران توانای کڕینیان نییە، چونکە هەرچەند تا ئەندازەیەك حاڵیان باشە، بەڵام لەلایەکی ترەوە شەرایتی زیندەگی جۆرێکە کە دووبارە دەخلی کارگەران توانایی ئەوەی نییە کە تەنانەت زەرورياتی زیندەگی دابین بکات.



Scanned by CamScanner

نەژادپەرستی و سەرهەڵدانی جەنگی جیهانی

٢ ـ هەم فاشیزم لەئیتالیا و هەم نازیزم لەئەڵمانیا پەیوەندیان سەبارەت بەنەژاد لەسنوری عادی زۆر زۆر بانتربوو و لەسنوری پەرستشدابوو، ئیتر تا ئەندازەیەك موعتەقیدن، بەجۆرێك (هیتلەر) دەیوت: "دەبێت ئەگەر تەواوی تاکەکانیش ببنە فیدای ڕۆحی (جەرمەن) کە نەژادیانە هێشتا کەمە"، جەنگی جیهانیش لەسەر ئەوە بەرپابوو، دەیویست تەواوی دونیا بهێنێتە ژێر دەسەڵاتی ئەو نەژادەی خۆیان، دەرنەتیجە هەرچەند لەناوخۆی خۆیاندا دژی بەرخورد و تەناقوزی تەبەقات بوون، وەلێ موعتەقیدبوون بەوەی کە دەبێت نەژادی ئەوان لەگەڵ نەژادەکانی تردا هەمیشە لەبەرخورد و تەصادومدا بێت تا عاقیبەت نەژادی ئەوان سەرکەوێت کە ئەم بەشە ئەڵبەتە لەلایەنی سیاسیەوە بوو، لەلایەنە ئابوورییەکەوە وانەبوو.

وەستان لەبەرامبەر کۆمەڵگەوە و نەبوونی شایستەیی بۆ زیندەگی

٣ ـ بۆچونیان وەهابوو کە فەرد خۆی ئەرزشێکی نییە، ئەگەر جوزئێك لەکۆمەڵگە نەبێت، ئەوە لێرەدا سازگارە لەگەڵ کۆمۆنیزمدا لەگەڵ مارکسیزمدا، کە ئەرزشی فەرد لەوەدایە بەشێك بێت لەکۆمەڵگە، هەر فەردێك لەبەرامبەری کۆمەڵگەوە بوەستێ یان هاوکاری لەگەڵ کۆمەڵگەدا نەکات شایستەیی بۆ زیندەگی لەدەست خۆی دەدات و دەبێت نەمینێ، هەروەها وا موعتەقید بوون کە کۆمەڵگە دەبێت نوێنەرێکی ببێت کە بریتییە لەدەوڵەت و دەوڵەتیش لەحیزبێکی حاکمدا کە بریتیبوو لەحیزبی (نازی) لەئەڵمانیا و (فاشیزم) لەئیتالیا لەمانەدا کورت دەبێتەوە.

دەرنەتیجە ئەوەبوو کە دەیانوت ـ وەك شیعار ـ "ئەگەر ئەڵمانیت نازی بە، ئەگەر ئیتالیت فاشیست بە، ئەگەرنا ئیتر هیچ"، ئاشکرایە بۆ گەشتن بەئامانجی خۆیان لەم ڕێگەیەدا تەواوی ئیمکانات و وەسائیلی تەبلیغاتیشیان لەئیختیاردا بوو، کە ئەوە ئیتر خۆی زۆرداری و ملهوڕی لەباشترین شکلیدا ڕەنگدەداتەوە.

دەرنەتیجە لەناوا نیزامێکدا ئەو دوو تایبەتمەندی و ئیمتیازە کە لەئینساندا هەیە ـ فکر و ئازادی عەمەل ـ لەئینسان سەلب دەکرێ، بەڵێ کۆنترۆڵی نیزامی



Scanned by CamScanner

قەدەغەکردنی ئیمتیازەکانی ئینسان لەفاشیزم و نازیزمدا

ئابووری لەلایەن دەوڵەتەوە مەنفەعەتی هەیە، بەڵام نەك لەو سنورەدا کە لەم دوو حیزبەدا ڕەسمی بێت، کە بەتەواوی چاودێرییەکی هەمە لایەنە حاکم بێت بەجۆرێك کەهیچ کەس لەو ڕەوشە کە حکومەت دایدەمەزرێنێ لەتەفەکور و لەعەمەلدا لانەدات، کە لەوێدا تایبەتمەندی ئینسان لێی سەلب دەکرێت هەروەك لەنیزامی کۆمۆنیزم و سۆسیالیزمدا زۆرینە لەدەستی دەوڵەتدا وەك ئەسباب و ئالەتیان پێ دێت، تەنیا کۆمەڵێکی کەمن کە مافی تەفەکور و ئازادی عەمەلیان هەیە، واتە لێرەدا نەتیجەکە دەگرن.

٤ ـ یەکێکی تر لەکارە نائینسانی و زاڵمانەکانیان ئەوەیە هەر ساڵی میقدارێکی زۆر و بێشومار لەبەرهەم و دەستکەوتی دەسترەنجی کارگەران وەك دانەوێڵە و قاوە و ئەوجۆرە شتانە دەکرێتە ناو دەریاکان، یان دەسوتێنرێ بۆئەوەی کاڵای تەولیدی سەرمایەداران نرخی لەسەرەوەبێت، لەلایەکیشەوە کە دامەزراوەیەك کە دەستەبەری حاڵەتی ناچاری و بێدەرەتانی و پارەیەك جگە لەکرێ بکات بۆکارگەران، مەسەلەن ئەگەر کارگەر لەکارکردن نەتوانابوو، پیربوو، کەسێك نەبوو کە خەرجی بدات و ئەم جۆرە شتانە، کە نیزامێك ئاوەها نییە کە بگاتە فریای و کە خۆی لەکارکردن کەوت مافێکی بۆ دابین بکرێت تا بتوانێ زیندەگی پێ بکات، بیمە و هاوکارییەکی کۆمەڵایەتی لەکاردا نییە بۆئەوەی دەورەی ناتەوانی و لاوازی کارگەران زەمانەتی بکرێت.

ئێستا بەئارەزووی خۆیان دووبارە نرخی بەرهەمەکان و کاڵا و شت دەبەنە سەرەوە و بازاڕ هەر ئەوەتا لەدەستی سەرمایەداراندا، هەرچۆن ویستیان بوو نرخ دیاری دەکەن بۆ کاڵاکان، ئەوری کۆمەڵگە و کاری دەوڵەتیش دووبارە لەڕاستیدا هەر ئەوەتا لەدەستیاندا، ئەگەرچی بەڕواڵەت دەخالەت نەکەن لەکاری یاسادانان و پیادەکردن و دادوەریدا، بەڵام لەڕاستیدا دەوڵەتەکان لەدەستی سەرمایەدارەکاندان.

جگە لەنیزامی ئیسلامی هیچ کامیان هەمەلایەنە مەسالحی ئینسان دەستەبەر ناکەن

هەروەها مەفاسیدێکی تر کە دەبینرێ، لەدوای ئەمانە زانیمان ئەم (پێنج) نیزامە، (سەرمایەداری، کۆمۆنیزم، سۆسیالیزمی دیموکراسی، فاشیزم، و نازیزم)، هەروەها ئەم چاکسازیانە کە لەسەرمایەداریدا کرا، هیچ کامیان هەمە لایەنە مەسالحی ئینسان دەستەبەر ناکات، کەم و زیاد لەتەمە دەگەیەنن بەئینسانیەت لەهەندێکیاندا وەك مەسەلەن سەرمایەداری موتڵەق، هەروەها زۆرینەی ئینسان هەم لایەنی حەیوانی هەم لایەنی ئینسانی بێبەشە لەکۆمۆنیزم و ئەو سیانەکەی تردا، ئەگەر لایەنی حەیوانی نیازی پڕدەبێتەوە ئینسانیەتی ئینسان بێبەشە لەبەشی دروستی خۆی و لەبەشی دادوەرانەی خۆی، لەهیچ کامیان ئەوەی کە بەناو (قِسْط) دەیناسین لەئیسلامدا پیادە ناکرێ، تەنانەت لەشێوەیەکی نقد نقد لاوازیشدا ئەگەر سەرنج بدەین باس ناکرێت.

سۆسیالیزم و ناساندنی ئینسان وەك حەیوانێك

مەسەلەن لەکۆمۆنیزم وسۆسیالیزمدا کاتێك ئینسان تەنها بەناونیشانی حەیوانێك دەناسرێت کە پێویستیاتی خۆراك و پۆشاك و مەسکەنە، تەنانەت دروست نییە ئیستعمالکردنی وشەی (قِسْط)ی نیسبیش بۆ ئەوە، تەنانەت لێرەدا ئینسانیەتەکەی لەهیچ پلەیەکدا ئیعتبار نەکراوە.

مەسەلەن ئەگەر زەڕەیەك چەند لەسەدێك ئازادی فیکری یان ئازادی لەکاردا قایل بوون بۆی بەهەرحاڵ، لەوانەیە لەقسەکردن و لەکتێبەکانیاندا تائەندازەیەك قایل بوون بەوە، بەڵام واقیعیەتەکەی و ئەوەی تائێستا نەتیجەگیراوە و هەتا بڕوات زیاتر دەبێت و خەرجی زیاتر دەبێت ئەوەیە کە(قِسْط)ی نیسبی - تەنانەت (قِسْط)ی نیسبیش - دەفەرموێ بەپیادەبوونی لەئاوا نیزامیك، سەرمایەداریش دیارە کەئیتر نەلایەنی مادی حەیوانی و نەلایەنی ئینسانی هیچ کام بەشی خۆی نییە.

لەسۆسیالیزمی دیموکراسیدا ئەگەرچی لایەنگرانی موعتەقیدن کە دەبێت بەڕەوشی دیموکراسی عەمەل بکرێت، بەڵام نەتیجەکەی دەڕواتە سەر ئەوەی کە دەوڵەت لەزەمینەی ئابووریدا دەسەڵات بگرێتە دەست و کەم کەم ئەمیش



Scanned by CamScanner

دەرواتەوە بۆ ئەو دیکتاتۆریەتە و ڕێگەی ئازادی لەفکر و لەعەمەلدا هەروەك لەنیزامی نازیزم و فاشیزمدا کە مالیکیەتی فەردی قەدەغە ناکرێت، بەڵام ئەو چاودێریە بەهێزەی کە لەسەر نیزامی ئابووری هەیە خۆی نەتیجە دەبێتە ئەوەی کە هەروەك لەکۆمۆنیزمدا نەتیجە ئاوایە لەمیشدا ئازادی لەمەیدانی فکر و عەمەلدا لەئینسان دەگیرێ.

لەم ڕیفۆرمەشدا کە لەم دواییەدا لەنیزامی سەرمایەداریدا کراوە، دووبارە ئومێدێك بۆ ئینسان پەیدانابێت کە سەرمایەداری بەم نیزامە ناسراوە کە هەیەتی بوونی ببێت، هەرچەند ڕیفۆرمی ئاواشی تێدابکرێت، کە ئاماژەمان بۆ کردن، دووبارە دەردناخوات، لەئیسلامدا جێگەی قبوڵ نییە.

تا ئێرە ئەوەمان زانیوە کە وەك ئایەتەکانمان باسکرد، ئیسلام ڕێگەی مالیکیەتی فەردی دەدات، نەك وەك کۆمۆنیزم کە قەدەغەی بکات لەتەواوی وەسائیلی تەولیدا، نەوەك سۆسیالیزم - سۆسیالیزمی دیموکراسی - کە لەپیشەسازی گەورە و وەسائیلی تەولیدی گەورەدا قەدەغەی بکات، ڕێگەی مالیکیەتی فەردی دەدات، ئەڵبەتە بەو شەرایتەی کە لەبەدەستهێناندا دایناوە، ئینسان لەڕێگەی کارەوە تەنها ئەو شایستەییانە کە بەدەستی دەهێنێت، بۆئەوە، مەسەلەن لەڕێگەی (ئیرس و وەسیەت، بەخشش) و ئەو جۆرە شتانە بەدەست بهێنێت، تەنها لەو ڕێگانە کە ئەوەش مەگەر لەشێوەیەکی زۆر زۆر ئیستیسنائیا، ئەگینا ئینسان ناڕواتە سنورێك کە سەروەتێك لەئەندازە بەدەری ببێت، ئەگەریش سەروەتێکی وەهای بوو، لەوەودوا باسی دەکەین کە ئەو سنور و پابەندیانەی کە لەئیسلامدا دەکرێت نایەڵێ ئەو مەفاسیدە کە لەسەرمایەداریدا هەیە پەیدابببێت، وەك نیزامی سەرمایەداری مالیکیەتی فەردی موتڵەق و بێ قەید و بەند نییە کە ڕۆشن بووەوە لەنیزامی سەرمایەداریدا مەفاسید و ئەو بەدبەختیانە



Scanned by CamScanner

کە پەیدادەبن لەئەنجامی خودی مالیکیەتی فەردی نییە هەندێ هۆکاری تری تێدایە کە ئیسلام حەرامی دەکات.

مەسەلەن یەکێك لەگەورەترین هۆکارەکانی فەساد (ڕیبا)یە، کە ئیسلام بەتەواوی حەرامی دەکات، (ئیحتیکار) گران فرۆشی، مەسەلەن (ئیسراف ـ زیادەڕۆیی)، (تەبزیر ـ پڕاندن)، (کەنز ـ هەلگرتن)، هەندێکیشیان لەوەودوا باس دەکرێ، هەروەها ئەو مەبدەئە ڕۆشنەکە (وَأَنْ لَيْسَ لِلْإِنسَانِ إِلاَّ مَا سَعَى) ئیستیسمار بەتەواوی نابود دەکات لەنیزامی ئیسلامیدا، ئەمجارە ئەوە دەمێنێتەوە کە ئیسلام ڕێگە دەدات ئینسان بەپێی هەوڵی خۆی ئیستیعدادی فیکری و عەمەلی بخاتەکار و شت بەدەست بهێنێ، ئیسلام نابێتە بەربەست لەڕێگەدا، ئیسلام ئیستیعدادی فکری و عەمەلی فەرد سەرکوت ناکات، مەگەر سەردەمێك ببێتە هۆکاری مەفسەدە بۆ تاك یان بۆ کۆمەلگە.

ئیسلام ئیستیعدادی فیکری و عەمەلی سەرکوت ناکات

ئیجا لەمەدا چ خراپەیەك هەیە، مەگەر کەسێك ئەوە بەخراپ بزانێ کە ئینسان بەناونیشانی مەوجودێك کە دەبێت فکر و ئازادی عەمەلی بێ نەیناسێ، یان لەوە نارەحەتە کە مەسەلەن بۆچی هەندێك ئیستیعدادی فکری و عەمەلیان زیاترە و زیاتر بەدەست دەهێنن، ئەمەش هیچ گوناهێك نییە کە ئینسان ئەگەر توانای بوو بیخاتەکار، گوناه لەوەدایە، کە ئەم ئیستیعدادی فکری و عەمەلیە زەرەری بۆ خۆی یان بۆ کۆمەلگە ببێ، لەڕێگەیەکەوە بیخاتەکار لەزەمینەی تەولید یان مەسرەفدا بەجۆرێك بەکاری بهێنێت کە یان بەخۆی یان بەکۆمەلگە زەرەر بگەیەنێ، هەروەها چەنێك بەرژەوەندی هەیە بۆ کۆمەلگە کە ئیستیعدادی فکری و عەمەلی ئینسان تەشویقی بکرێ، کە هەرچەند دەتوانێ نەتیجە بدات لەدوای ئەوە لەنەتیجەی دەسترەنجی ئەو لەدەستهاتی کاری ئەو شەخسە هەم خۆی هەم کۆمەلگە بەرخوردار ببێت، هەروەها ڕێگە لەئیستیسمار و هەرچی مەفاسیدی تریش هەیە لەسەرمایەداریدا بگرێت.



Scanned by CamScanner

## مالیکیەتی فەردی لەئیسلامدا

### ئازادی تەواو هەیە بۆ مالیك، کە تەصەروفی تێدابکات؟ یان سنوردارە و هەندێ شەرایت هەیە بۆ تەصاروف؟

هەروەك دەزانن و وتومانە نیزامی ئابووری ئیسلام نیزامی (قِسْط)ە، واتە مولاحەزەی ئینسان دەکرێت کە زاتی ئینسان چییە، هەروەها نیاز و پێداویستی چییە و نەسیبی دادوەرانەی هەر لایەنێك لەئینسان چییە، کە پێی بدرێت، لایەنی حەیوانی بەشی خۆی پێبدرێت، لایەنی ئینسانی بەشی خۆی پێ بدرێت.

هەروەها چەند جاریش دووبارەمان کردووەتەوە کە ئیمتیازی ئینسان لەبونەوەرانی تر بەفکر و ئازادی عەمەلە، کە بەشی ڕێکی ئەوانە ئەوەیە وازبێنی لەئینسان ئازادانە بیربکاتەوە و ڕێگە بۆ خۆی هەڵبژێرێت، دواتریش ئەو نەتیجەی فکرییە کە گرتویەتییەبەر عەمەلی بکات.

**ئەوانە کە ڕێگری مالیکیەت دەکەن، نازانم چۆن تەوجیهی دەکەن کە جیاوازی دەکەن لەنێوان ئەم دوو بابەتەدا:**

**یەك:** ئینسان ئیستیعدادی فکری خۆی بخاتەکار بۆ دەرکی مەعلوماتی تازەتر، واتە کاتێك ئینسان مەسەلەن فیکرێکی موستەعیدی بوو هەرچی زیاتر دەتوانێ فکربکات مەعلوماتی نوێ بەدەست بێنێت، بەڵام لەهیچ نیزامێکدا ناڵێن حەقت نییە لەوە زیاتر، یان موصادەرەی ناکەن، سنوری بۆ دانانێن کە تۆ حەقت نییە لەوە زیاتر فکری خۆت بخەیتەکار، بەڵام لەملاوە لەئابووریدا قائل بەقەید و بەندن، دەڵێن ئینسان ئەگەر ئیستیعدادی فکری و عەمەلی خۆی خستەکار و شتێکی بەدەست هێنا، کاڵایەکی مادی بەدەست هێنا، کە غەریزەی حەیوانی ئینسان پڕبکاتەوە، لەمەدا مەحدودیەت هەیە و حەقی مالیکیەتی تێدانییە، یەك شت تەنها تەوجیهی ئەمە دەکات، ئەوەی کە ئینسان بەناونیشانی حەیوانێك بناسێت، کە لەڕاستیدا مارکسیزم هەر لەسەر ئەو مەبدەئە دانراوە هەر شوێنکەوتەی

مارکسیزم و گرنگترین شت بۆ ئینسان



Scanned by CamScanner

نەزەریەکەی (داروین)ە، کە ئینسان لەسیلسیلەی حەیواناتەوە پەیدابووە، گرنگترین شت بۆ ئینسان دەبێتە خۆراك و پۆشاك و مەسکەن وەك گیانلەبەرانی تر ئالف و ئاو و ئەم جۆرە شتانە، چونکە ئینسان بەناونیشانی حەیوانێك دەناسرێت و گرنگترین شت بۆ ئەم ئینسانە بریتییە لەخۆراك و پۆشاکو مەسکەن.

مەرج دانان لە بەدەستهێنانی دەستڕەنجی ئینسان

کەوابوو لێرەدا لەدەستهاتی دەسترەنجی ئینساندا قەیدوبەند دادەنێن، واتە ئەگەر ئینسان شتێکی پەیداکرد لەکاڵای مادی لەدواتردا لێی دەسێنن لەبەرئەوەی زۆر گرنگە مافی نییە لەدەستیدابێت، دەبێت لەدەستی دەوڵەتدا بێت، ئەڵبەتە ئەوەش کە لەپێشدا وتم جیاوازی دەکەن لەنێوان ئەمدا و لەنێوان تەفەکور لەزەمینەی عیلمیدا زاهیرەکەی بەوشێوەیەیە، ئەگینا دەزانین لەنیزامێکی ئاوا جەبریدا دووبارە لەلەحازی فکری و لەلەحازی لایەنی عیلمی تەواویشەوە دووبارە سنور دادەنێن، چونکە ئینسان ئیتر مافی نییە لەغەیری ئەو مەسیرەوە لەغەیری ڕەوشی ئەو حیزبەوە تەفەکور و ئەندێشە بکات.

بەڵام بەهەرحاڵ، چونکە باسیان یەکەم لەئابوورییەوە دەست پێدەکات وادەرەکەوێت کە ئەهمیەت بەکاڵای مادی دەدرێت، دەرنەتیجە مەحدودیەت لەئابووریدا پەیدادەبێت، لەدواییدا لەمەرتەبەی دووەمدا لەبەقییەی زەمینەکانی تری فکری و عەمەلیدا قەیدوبەند پەیدادەبێت، ئەگینا بۆ دەبێت ئینسان ئەو ئیستیعداتی فکری و عەمەلەی کە ئەگەر بیخاتەکار و شتی پێ بەدەست بهێنێت کاڵای مادی پێ بەدەست بهێنێت هەم خۆی ئیستیفادەی لێ دەکات هەم کۆمەڵگە، بۆ دەبێت سنوردار بکرێت.

تەواوی تاکەکانی ئینسان یەکسانە لەگەڵ کاری خەلافەتدا

ئێمە وتومانە ئیستیعدادی فکری و عەمەلی تەواوی تاکەکانی ئینسان بەدرێژایی مێژوو یەکسانە لەگەڵ کاری خیلافەتدا، ئەم ڕستە لەبەرچاوتاندابێت، **تەواوی ئیستیعدادی فکری و عەمەلی تەواوی ئەفرادی ئینسان بەدرێژایی مێژوو یەکسانە لەگەڵ وەزیفەی سەنگینی خیلافەتدا**، بەڵام ئەم ئیستیعدادی فکری و عەمەلەی

بەشێوەیەکی نایەکسان دابەشکراوە لەناو تاکەکاندا، کەوابوو ئەگەر هاتوو ئیستیعدادی فکری و عەمەلی تاکێك سەرکوتکرا، ئیستیعدادی فکری و عەمەلی تەواوی ئینسانیەت سەرکوتکراوە، ئەساسی ئەنجامی خیلافەت کە وەزیفەی ئینسانە نەقسی تێدا وارید بووە، کە دەبێت مەجموعەی ئەو ئیستیعدادی فکری و عەمەلییە ببێت لەناو کۆمەڵگەی مرۆڤەکاندا هەندێکی سەرکوتکراوە و خەفە بووە، بۆیە تا ئەندازەیەك وەسیلە بۆ ئەنجامی ئەو وەزیفە گەورەی خیلافەتە لەدەست دەرچووە و زایە بووە.

دوو: هەروەها کاتێ لەنیزامی کۆمۆنیزم یان سۆسیالیزمدا مالیکیەت لەدەستی کۆمەڵگەدایە بەنوێنەری دەوڵەوت، دەوڵەت نوێنەری کۆمەڵگەیە، چاودێری لەسەر ئەبزاری تەولید و شت دەکات، مەگەر لەم نیزامانەشدا هەر نابێ کارگەر کاریکات و بەئەندازەی عەمەلی خۆی پێ بدرێت، دەی ئەمە چ جیاوازییەکی هەیە لەلەحازی مەنافیعی مادیەوە لەگەڵ ئەوەدا کە مالیك فەردێك بێت، هەروەها چۆن دەوڵەت بەشێوەیەکی یەکسان دەسترەنجی کارگەر دەداتە دەستی و حەقی تەواوی خۆی پێ دەدات، ئەو تاکەش حەقی خۆی پێ دەدات کە لەنیزامی ئیسلامدا دەڵێین وایە.

ئێمە لەنیزامی ئابووری ئیسلامدا دەڵێین هەرکەس مافی کۆششی خۆی دەبێت پێ بدرێت، دەی ئیتر مەگەر لەنیزامی کۆمۆنیزم و سۆسیالیزمدا کارگەر مافی دروستی خۆی قەرارنییە پێی بدرێت، دەی چ خراپیەکی هەیە با تاکێکیش مالیك بێت و ئەو کارگەرە حەقی یەکسان و دروستی خۆی پێ بدات، لەلەحازی کەمی و زیادی حەقەکەوە خراپەیەك نییە، تەنها خراپە ئەوەتا لەنیزامی کۆمۆنیزم و سۆسیالیزمەکەدا نەك لەمەدا کە تاکێك مالیك بێت و کارگەرێك مافی یەکسانی خۆی لێ داوابکات، کە خراپەکە ئەوەیە لەوەدا ئازادی فکری و عەمەلی سەلب دەکرێت لەم نیزامەدا کە دەوڵەت چاودێری هەمە لایەنە و شەدیدی نییە ئازادی سەلب ناکات.



Scanned by CamScanner

سەرکوت نەکردنی ئیستیبدادی فکری و عەمەلی لەنیزامی ئیسلامیدا

ئەصڵەن ئیستیبدادی فکری و عەمەلی ئینسان لەنیزامی ئیسلامیدا سەرکوتکردنی بۆنییە، ئەم ڕستەش سەرنج بدەن (**ئیستیبدادی فکری و عەمەلی ئینسان لەنیزامی ئیسلامدا سەرکوتکردن و سنور و قەیدی بۆ نییە**)، لەوانەیە ئەوکاتە بڵێین دەی مەسەلەن ئەوە چییە کە گریمان (ڕیبا) حەرامە ئیحتیکار حەرامە ...هتد، ئەوە لەوێیدا ئەو ئیستیبدادی فکرییە یان عەمەلەی لەمەسیری دروست لادەدات و نیزامی ئیسلام دەیهێنێتەوە سەر مەسیر، دەڵێت لەوێوەوە مەڕۆ زەرەری هەیە، وەرە لەم ڕێگە ڕاستەوە برۆ.

نیزامی ئیسلامی و سنوور دانەنان بۆ فکر و عەمەلی ئینسان

کەوابوو هەرگیز سنووردانان لەنیزامی ئیسلامدا بۆ فکر و عەمەلی ئینسان نییە، بەڵکو گەڕانەوە لەڕێ دەرچوون هەیە، واتە ئەگەر لەم ئیستیبدادی فکری و عەمەلیە لایدا، ئیسلام دەیهێنێتەوە سەر ڕێگەی ڕاست، دەڵێت لەوێوە مەڕۆ لێرەوە برۆ، چونکە بەرگیری لەئیستیبدادی فکری و عەمەلی ئینسان تاماوەیەک سنووردار دەکرێت، لەوەودوا لەلایەکەوە مونفەجیر دەبێت، مەسەلەن ئینسان لەبەردەم چەمێکدا گۆمێک دروست دەکات لەمەسیری ئاوەکەدا (کەڵەک) دروست دەکات و تەولوی کون و شتەکانی دەگرێ ئاو ناڕوات، لەلایەکی ترەوە دەیتەقێنێ، ئیستیبدادی فکری و عەمەلی نەفسی ئینسان ئاولیە، لەلایەکەوە بەرتگرت لەلایەکی ترەوە دەیتەقێنێ، ئەگەر لەمەسیری فیترىدا بەرتگرت، مەسەلەن ڕێگەی مەنفەعەتی شەخسی یان مالیکیەتی فەردیت گرت لەلایەکی ترەوە دەیتەقێنێ - لەلایەکی ئینحرافیەوە -

لەئیسلامدا سنووردانان تەنها بۆ کاری نامەشروعە

بەڵام ئیسلام ئەو کەلانە کە تێی دەبێت لەو مەسیرەدا لەوێوە کە لادەدات ئەوانە دەگرێ کە لەمەسیری دروستی خۆیەوە بەردەوامی بدات، هەرگیز ستەمی وا قبوڵ ناکات، کە ئیستیبدادی فکری و عەمەلی ئینسان سەرکوت بکرێت، چونکە (قسط) واتە چەنێك دەتوانێ فکریکات زەمینەی بۆ موساعید ببێ، چەنێك دەتوانێ عەمەل بکات زەمینەی بۆ موساعیدببێت، بەڵام ئەگەر لەڕێگەی ڕاست



Scanned by CamScanner

لایدا ئەوکاتە دەبێت بێتەوە سەر ڕێگە، لادانیشی چۆنە هەر فکرێك یان هەر عەمەلێ زەرەری بۆ تاکی موتەفەکیرەکە یان عامیلەکە، یان زەرەری بۆ کۆمەڵگە بوو ئەوە لادانە و لەوێ پێشی لێ دەگیرێت، واتە لەنیزامی ئیسلامیدا ئازادی تەواو لەفکر و عەمەلدا دەدرێتە ئینسان، لەمەدا هەرچییەك دەتوانێ بەدەستی بهێنێت، مەگەر لەجۆرێکدا یان زەرەر بەخۆی بگەیەنێ یان بەکۆمەڵگە.

مەسەلەن ئەگەر بیەوێت شەراب بخوات یەکەمجار زەرەر بەخۆی دەگەیەنێ، دواتریش بەکۆمەڵگە، یان بیەوێت (ڕیبا) بخوات لەپێشدا زەرەر بەکۆمەڵگە دەگەیەنێ دواتر بەخۆی، بەپێچەوانە، لەمانەدا ڕێگەی لێ دەگیرێت، ئەوە لادانە و نایەڵن لەم مەسیرەوە ئیستیعدادی فکری و عەمەلی بخاتەکار، دەبێت لەمەسیری دروستەوە لەمەسیری بەدەستهێنان و کاری حەڵاڵەوە بیخاتەکار.

دەرنەتیجە لەبەرئەوەی نیزامی ئیسلامی و حکومەتی ئیسلامی لەسەریەتی بەرگری لەلادانی فکر و نیروی عەمەلی ئینسان بکات، لێرەدا چاودێری دەوڵەت بەسەر کۆمەڵگەوە بۆ حکومەت جێگیردەبێت، حکومەتی ئیسلامی دەبێت دەوڵەتی نیروی ئیجرائی چاودێری لەسەر کۆمەڵگە ببێت، ئەگەر کەسێك لایدا لەو مەسیرە دروستە بیهێنێتەوە سەر ڕێ.

چۆنیەتی قەدەغەکردنی مالیکیەتی فەردی لەئیسلامدا

نەتیجەی دەبێتە ئەوەی ئەگەر هاتوو لەجێگەیەکدا مالیکیەتی فەردی زەرەری بۆ کۆمەڵگە بوو، لەوکاتەدا دەستی ئەو شەخسە دەگیرێت مالیکیەتی فەردی قەدەغە دەکرێ لەوشتەدا و دەخرێتە دەست دەوڵەت تا زەرەر بەکۆمەڵگە نەگەیەنێ، بۆیە نەتیجە دەبێتە ئەوەی لەنیزامی ئابووری ئیسلامدا هەم تاکەکان مالیکیەتیان هەیە هەم دەوڵەتیش مالیکیەتی هەیە ـ ئەڵبەتە دەوڵەت کە خۆی شتێك نییە، واتە میللەت مالیکیەتیان هەیە بەگشتی کە دەوڵەت نوێنەریانە ـ

هەروەها نیزامی ئابووری ئیسلام لەنێوان ئەم دوو مالیکیەتەدا لەسەریەتی کە هاوسەنگی و یەکسانی بەرقەراربکات، واتە نەمالیکیەتی فەردی لەتمە بگەیەنێت



Scanned by CamScanner

نیزامی ئابووری ئیسلامی و بەرقەرارکردنی هاوسەنگی لەنێوان تاک و کۆمەڵدا

بەمالیکیەتی کۆمەڵ و نە بەپێچەوانەوە، نە بەرژەوەندی فەردی لەتەمە بدات لەبەرژەوەندی کۆمەڵ و نە بەرژەوەندی کۆمەڵ لەبەرژەوەندی فەردی، بەڵام ئەگەر هاتوو حەتمەن دەبێت یەکێ لەمانە لەتەمە بدات لەوی تر، لەوێدا قبوڵ دەکرێت کە تاك زەرەر ببێنێ نەك کۆمەڵگە، قاعیدەیەکی ئیسلامیە کە ئەگەر دوو زەرەربوو، کامیان سەنگین ترە دەبێت ئەوەیان دەفع بکەین قبوڵی بچوکەکەیان بکەین، کەوابوو ئەگەر مالیکیەتی فەردی لەشتێکدا سەلبکرا زەرەری بۆ تاکێك بوو، بەڵام رێگەی درا زەرەری بۆ کۆمەڵگەبوو لەوێ مالیکیەتی فەردییەکە رێگەی دەگیرێ، مالیکیەتی ئیجتیماعی دەنیشێتە رووی ئەو شتە.

لەئیسلامدا مالیکیەتی فەردی خۆی ئامانجی زاتی نییە

ئەوەش بڵێم کە **مالیکیەتی فەردی لەئیسلامدا خۆی ئامادجی زاتی و ئەصلی نییە**، واتە ئامانج ئەوە نییە کە کەسێك دارای شتێك بێت، وەزیفەیەکی کۆمەڵایەتییە کە ئینسانێك شتێك بەدەست بێنێ، هەم خۆی و نیازمەندیەکانی خۆی پێ پڕبکاتەوە و هەم کۆمەڵگە، پێش لەهەموو شتێك بۆئەوەی خۆی نەبێتە سەربار، ئازادی فکری و عەمەلی پێ دەدرێت کە بەشی خۆی بەدەست بهێنێت، ئەگەر لەخۆی زیاتر ئیستیعدادی بوو بەشی خەڵکی تریش بەدەست دەهێنێت، لێرەش دووبارە دەرەکەوێت کە بەربەستی مالیکیەتی فەردی بەتەواوی یەکێك لەگەورەترین ستەمەکانن نەك بەو تاکە، بەڵکو بەکۆمەڵگە، چونکە لێرەدا ئیستیعدادی ئەم تاکە سەرکوت دەکرێت کۆمەڵگەش بێبەش دەبێت لەنەتیجەی دەستڕەنجی ئەم، ئەگەر مالیکیەت بەتەواوی کرا بەئیجتیماعی ئینسان دڵخۆشی نامێنێ، دەرنەتیجە حوبی زات ئەو شەوق و نیرویە نامێنێت، کە ئینسان واداریکات بۆئەوەی کار بۆ کۆمەڵگە بکات، کاتێك بەرژەوەندی خۆی تێدا نییە، کەوابوو - ئەڵبەتە بەئیزافەی ئەوەی کە لەنیزامی کۆمۆنیزم و سۆسیالیزمدا ئەساسیش مادییەتە مەعنەویەتێك لەکاردا نییە - دەرنەتیجە سەرکوتی حوبی زات و لابردنی



Scanned by CamScanner

مالیکیەتی فەردی نەك تەنیا لەتمە لەفەرد دەدات لەئازادی فکر و عەمەلدا، لەتمەیش لەکۆمەڵگە دەدات.

ئەڵبەتە لێرەدا وەبیرهێنانەوەیەکیش لەوانەیە تا ئەندازەیەك ئیستیفادەی ببێت بۆئەوانەی کە کتێبێك هەیە ئەگەر کەوتە دەستیان ئیستیفادەی لێ بکەن، کتێبێك هەیە وەرگێراوە فارسیەکەی(جامیعەیە توحیدی) خاوەنی "موستەفا سیباعی"یە یەکێك لەو دانیشمەندانەی (سوریا) - خەڵکی (سوریا)یە - ئەوکاتە لەعەرەبییەکەدا نوسراوە (اشتراك الاسلام) واتە (سۆسیالیزمی ئیسلامی) بەفارسیەکەشی لەپێشەکیەکەیدا "دکتۆر عینایەتە" باسی دەکات کە ناوی ئەم وشەیە دەڵێت: (سۆسیالیزمی ئیسلامی) جا سەیرم کردووە کە تەنها ناوەکەیە، ئەگینا مەتڵەبەکە کە لەناوەوە هەیە لەبارەی مالیکیەتەوە هەر ئەوەیە کە باسمانکردووە، جیاوازی نییە تەنها کارێکی خراپ لەوێدا کرابێ کە چونکە حەیفە ئیسلام وشەیەکی پێ ئیزافە بکەی لەبەرئەوەی خوا دەفەرموێ:

﴿إِنَّ الدِّينَ عِندَ اللَّهِ الإِسْلَامُ﴾ ڕەوشی زیندەگی ئیسلامە ئیتر سۆسیالیزم و دیموکراسی و نازانم فلان و ئەمانە زۆر زوڵمە ئینسان پێوەی بنێ، بۆیە دەڵێم کارێکی خراپ، تەنانەت مامۆستا (سوباعی) کە مەوردی ئیحترامیشە دەڵێم ئەوکارە خراپەی کردووە کە ناوەکەی ناوە سۆسیالیزم، ئەگینا ناوەڕۆکەکەی ئەوەی کە ئەوەتا لەناویدا هەرئەوەیە کە لەقورئان و سونەت گرتویەتی و هەر ئەوەیە کەباسمانکردووە و شتێکی خراپیان تێدا نییە.

## ئەو جۆرە شتانەی کە مالیکیەتی فەردی تیایاندا دەبێتە هۆی زەرەر

ئەگەر ئینسان ببێتە مالیکی یەکێك لەوانە وەك (مەعادین، ئاو، ئاگر ..هتد) ئیتر زەرەری بۆ کۆمەڵگە هەیە، لێرەدا مالیکیەتی کۆمەڵایەتی لەکاردایە بەقەید و بەند پەیدادەبێت بۆ شەخس، واتە لێرەدا دەیەوێت لەو ئیستیعدادی فکری و عەمەلەی لابدات و لەتمە بدات لەکۆمەڵگە بەری دەگیرێت.



Scanned by CamScanner

مەعادن و قبوڵ نەکردنی مالیکیەتی فەردی

**یەکەم: مەعادن**، وەك مەعدەنی ئاسن وەسائیلی فلزات نەوت و خەڵوزی بەردین و شلەکانی تر کە لەزەویدا هەیە، چ ئەوەی کە ئاشکرایە خۆی دەردێت و چ ئەوە کە شاراوەیە و دەبێت بڕۆیت دەریبهێنێت و خاك لەسەری لابدەیت و عەمەلیاتی تێدا ئەنجام بدەی و لەوپاشا مادەی خاوە پوختەی بکەیت و ئەمانە، ئەوە لێرەدا جێی مشت و مڕە لەنێوانی فرقەهای ئیسلامیدا، وەلێ باشترین بیروبۆچوون کە یەکێك لەساحیبانی ئەم ڕەئیە (ئیمامی شافعیە) خوای لێ ڕازی بێت، ئەوەیە کە ئەمانە مالیکیەت قبوڵ ناکەن، هەرچیەك لەناو زەویدایە و خەڵکی ئیستیفادەی لێ دەکەن و بۆئەوەی خەڵك ئیستیفادەی لێ بکەن کاری تاکێك تیایدا دەخالەتی نەکردووە، وەك (ئاو، گیا و لەوەڕ، ئاگر، خوێ) وەك ئەم مەعادنە کە وتم ئەمانە مالیکیەتی فەردی بیروبۆچوونی بەهێزی تر ئەوەیە کە قبوڵ ناکەن، دەبێت لەئیختیاری کۆمەڵگەدا بن و حکومەتی ئیسلامی بەنوێنەری کۆمەڵگە ئەمانە جۆرێك شەرایتیان بۆ فەراهەم بێنێت کە لەئیختیاری هەموو کەسدا بن.

ئەلبەتە ئەگەر یەکێك زەحمەتی کێشا لەمانە و بەدەستی هێنا بەئەندازەی کۆششی خۆی دەبێتە مالیکی ئەوە، مەسەلەن ئاو - ئاوی ئەم چەمانە، ئاوی دەریا - ئەمە مالیکیەت قبوڵ ناکات، بەڵام ئەفەرێك ڕۆشت کاسەیەکی لێ هێنا بۆ خۆی لەدەشتێکدا هیچ ئەفەرێك ناتوانێ لێی بسێنێ، مەگەر ئەگەر تینوی بوو پێویستی بوو، ئەوە جیایە، ئەگینا ئیتر مالیکی ئەو جامەیە کەمەلی گرتووە.

جا بابەتێکی زۆر گرنگە کە هەرگیز ئەم مەلایانە باسیان نەکردووە ئەم ئالفە جاڕانە (لەم و بەمەك و کەما...هتد)، ئەمانە مالیکیەت قبوڵ ناکەن، واتە کەسێك ناتوانێ بەشێك بۆ خۆی دابین بکات بڵێ ئەوە هی منە، ئالفەجاڕی منە و بڕوات هەموو ساڵێ بیکەنێ بۆ خۆی، ئەمانە مالیکیەتی کۆمەڵگە لەسەریانەوەیە، هەرگیز تەنانەت ئەگەر خەلیفەی ئیسلامیش ئەمیر المؤمنین - ئاڵێین ڕەئیس جمهور چونکە سازگار نیە - ئەمیر المومنینیش بڵێ بەئەفەرێك تۆ بڕۆ فلان جێگە هی تۆ

بێت ئەوە ئالفەکەی بکەنە بۆ خۆت، ئەو خراپی کردووە گوناهی کردووە، بەرامبەریش ئەڵبەتە دەتوانێ بڕوات بیکەنێ، واتە دەتوانێ هەرچەنێکی توانی بیکەنێ بۆ خۆی، بەڵام نابێتە مالیکی هەمووی، هەروەها ئەگەر مەسەلەن نەفەرێك نەیتوانی بڕوات ئالفێك بکەنێ لەدواتردا مافی نییە بڕوات بیداتە ئیجارە بەکەسێکی تر یان بیفرۆشێ، هەرچەنێك خۆی توانی کەندی و کوتای و هێنای بۆ خۆی ئەوە هی خۆیەتی، هەرچەنێکی نەتوانی هی خەڵکییە، ناتوانێ ڕێگرییان بکات.

حەدیسێك هەیە کە دەفەرموێ خەڵك هاوبەشن لەسێ شتدا (ئاو، لەوەڕ، ئاگر)، بەڵام زەوییەك کە مالیکیەتی تێدا جێگیربووە نەفەرێك ئاوەدانی کردووەتەوە مەسەلەن (شەوەر و یۆنجە و گزرە) و ئەمانەی تێدا سەوزدەبێت، ئەوە ئیتر جیایە، چونکە زەحمەتی خۆی تێدا دەخالەتی بووە مەسەلەیەك نییە، باسی ئەوەیە کە ئەمانە کەس مالکیان نییە.

ئاو و قبول نەکردنی مالیکیەتی فەردی

دووەم: ئاو، هەر بەم جۆرە تەنانەت ئەم ئاوانە گریمان ئاوی ئەم ناوچەیەی خۆمان کە ئێستا لولەکەشی کراوە مالیکیەتی فەردی قبولێ ناکات، ئەوەتا لەئیختیاری حکومەتی ئیسلامیدا کە بیدات بەخەڵك، تەنانەت سەرنج بدەن نیزامی دروست ئەوەیە کە ئەم ئاوە مفتە بخرێتە ئیختیاری هەمووکەس، مەگەر لەسەردەمێکدا کە پێویست بوو باجێك وەربگیرێت، ئەویش لەدەوڵەمەندەکان بگیرێت نەك هەمووکەس، سەعاتی ئاوی لێ ببەستن و هەمووی وەك یەك سودی لێ وەرگرێت.

ئاگر و قبول نەکردنی مالیکیەتی فەردی

سێیەم: ئاگر، ئاگر کە دیارە خۆی ئاوا زاتێکی دیاریکراو و شتێك نییە، یان دارە دەیسوتێنی دەبێتە ئاگر، یان نەوتە یان گزگردە، یان هەرکام لەمانە، ئەمانەش مالیکیەتی فەردی قبولناکەن، کانێکی گزگرد یان مەسەلەن ئەو جەنگەڵانە ئەم دارستان و شتە کە دەڕۆن داری لێ دێنن، تاکاتێك ئەوەتا بەپێوە



Scanned by CamScanner

کەس مالیکی نییە، بەڵام ئەفەرێك ڕۆشت بارێکی لێ بڕی نایەسەر هێسترێکەوە و هێنای ئەوە ئیتر دەبێتە مالیکی ئەو بەشە بۆخۆی.

نەوت و قبول نەکردنی مالیکیەتی فەردی

**چوارەم: نەوت،** نەوتیش کە ئەمڕۆ گرنگترین کانزایە ئەوەش هەروایە مالیکیەت قبوڵ ناکات و لەئیختیاری دەوڵەتدایە، دەبێت بەئیستیفادەی خەڵك، واتە جۆرێك ڕەوشی بۆ دادەنێت بۆ دەرهێنان و دابەشکردنی کە لەئیختیاری هەموو کەسدابێت، ئەوانەی کە دەڵێن ئەم کانزانە مالیکیەت قبوڵ دەکەن - ئەڵبەتە زۆرێکن لەفوقەها ئەوان - دەڵێن ئەگەر ئەفەرێك توانی بەنیروی فکری و عەمەلی خۆی کانگەیەکی دەرهێنا و مەوردی ئیستیفادە قەراریدا دەبێتە مالیکی، بەڵام دەبێت (پێنج یەك)ی لێ وەردەگیرێت، هەر ساڵێك ئەو کەسە (پێنج یەك)ی لێ وەردەگیرێ، یان هەرکاتێك کە دەری دەهێنێت، هەر جارەی لێی دەردەهێنێ (پێنج یەك)ی لێ وەردەگیرێت و دەدرێتە دارایی و بەیتالمال و سەرفی خەڵك دەکرێ، ئەویتریشی لەئیختیاری خۆیدایە، ئەڵبەتە ئاشکرایە سنورێکی تر دادەنرێت بۆ مالیکیەت دووبارە لەوێ بەری فەساد و نالەباری دەگرێ.

زەوی و قبول نەکردنی مالیکیەتی فەردی

**پێنجەم: زەوی،** بزانین زەوی مالیکیەت قبوڵ دەکات یان نایکات، تا ئەوێ کە ئەلئان خوێندنەوەم کردبێ ئاگاییم ببێت تەواوی فوقەهای ئیسلامی جگە لە(محمد باقر صدر) لە "اقتصادی ما" لەوێ چاوم پێی کەوت کە ئەو دەڵێت: مالیکیەت قبوڵناکات، ئەوانی تر دەڵێن زەوی مالیکیەت قبوڵ دەکات.

ئەڵبەتە بەمەرجێ ئینسان جێگەیەك کە هیچ کەس خاوەنی نییە، حەریمی ئاوایی و شار نییە، کە مەوردی ئیستیفادەی گشتی بێت ئەوەتا لەجێگەیەکەوە خەڵکیش ئیستیفادەی لێ ناکەن، بەجۆرێکە ئەصڵەن خاوەنی نییە کەسێکی نییە، بڕوات لەوێ زەحمەت بکێشێ ئاوەدانی بکاتەوە یان بیکاتە باخ، یان بیکاتە کشتوکاڵ، یان ماڵی تێدا دروستبکات، ئەوە دەبێتە مالیکی، فەرمودەش هەیە دەفەرموێ هەرکەس زەوییەکی مەوات واتە بێ خاوەن و بەبێ ئەوەی مەردم



Scanned by CamScanner

ئیستیفادەی لێبکەن، (من احیا الارض مواتا فهي له)، ئەگەر ئاوەدانی کردەوە بۆ ئەوە، بەڵام ئەگەر نەفەرێك ڕۆشت بەشێك زەوی بۆخۆی دیاری کرد و مەسەلەن دیواری کرد و وتی ئەوە بۆ من، بەڵام لەدوای کاری تێدانەکرد، تا سێ ساڵ مۆڵەتی دەدرێت - سێ ساڵ - چونکە تا لەم ماوەدا لەوانەیە ڕەوشێکی دروست بۆ کشتوکاڵ، بۆ باخداری، شتێ دابین بکات، لەدوای سێ ساڵ، سێ ساڵی هیجری قەمەری تەواو بوو ئیتر ئەو مافی پێوەی نییە، مەگەر دەستبەجێ دەست بکات بەئاوەدان کردنەوەی، ئەگینا دەیدەنە دەستی یەکێکی تر.

ئەمە لەسەردەمی خیلافەتی حەزرەتی (عومەر) خوای لێ ڕازی بێت ئاوابوو، صەحابەیەك هەبوو ناوی (بیلال) بوو - نەك ئەو بیلالە کە مەشهورە یەکێکی تر بوو - حەزرەت پێشتر بەشێك زەوی پێ دابوو ئاوەدانی بکاتەوە، ئەوکاتە جا یان ڕێك نەکەوتبوو یان چی، ئاوەدانی نەکردەوە (عمر) بانگی کرد، وتی لەزەوییەکە وەرە دەرەوە یان ئاوەدانی بکەرەوە یان لێت وەردەگرمەوە بۆ خەڵك، حەزرەت بۆئەوەی نەداوە پێت کە تۆ بیکەیتە هی خۆت، بۆئەوەی داوە کە ئاوەدانی بکەیتەوە هەم خۆت هەم کۆمەڵگە ئیستیفادەی لێ بکات، ئەوەی کە دەتوانی ئاوەدانی بکەی باشە، ئەوەش ناتوانی بیدەرەوە تا بیدەینە کەسێکی تر، کەوابوو ئەگەر زەوییەك ئەو شەرایتەی بوو، نەفەرێك ڕۆشت زەحمەتی تێداکێشا ئاوەدانی کردەوە - ئەڵبەتە ئاوەدان کردن نەك تەنها دیواری بچنێت و بڵێ ئەوە هی منە - ئاوەدانی کردەوە، دەبێتە مالیکی.

ئینسانێك کە زەوی هەبێت و مالیکیەتی مەشروعی هەبێت بۆ زەوییەك یانی هی خۆی بێت و بەزەحمەتی خۆی بەدەستی هێنابێت، یان بەئێرس پێی گەشتبێت یان بەهەر جۆرێکی تر لەو ڕێگە مەشروعانە، لەوەدا کە بتوانێت بیدات بەجوتیارێك کشتوکاڵی بەسەرەوە بکات، بەپێی زەمان دەبێت موتەخەصصین و موجتەهیدینی هەر زەمانێك ڕەئی صادر بکەن، کات هەیە شەرایتی ئەو ناوچەیە وا



Scanned by CamScanner

پێویست دەکات دەبێ بەموفتە بیداتە دەست جوتیارێك، جوتیارەکە بۆ خۆی کاری بەسەرەوە بکات و هیچ نەدات بەساحێبەکەی.

کاتیش هەیە کە وەها شەرایت پێویست دەکات کە ئەم شەخصە ئیجازەی هەیە زەویەکەی بداتە دەست جوتیارەکە بەسەریەوە کاربکات و لەو سەمەرەی کە پەیدادەبێت ئەمیش بەعزێك بەرخورداربێت لەجیاتی ئەوەی کە زەوی خستۆتە ئیختیار، ئەویش هەندێك لەجیاتی ئەوەی کە کاری کردووە یان تۆوی وەشاندووە.

زەوی و قبول کردنی مالیکیەتی فەردی

دەرئەنجامە مالیکیەت لەزەویدا قبوڵە، ئەڵبەتە وتمان دەبێ لەحەریمی شار و شتدا نەبێت و هی کەسێکی تریش نەبێت، ئەو ڕۆشتبێت داگیری کردبێ بۆ خۆی، بەڵام ئەگەر هاتوو لەجێگەیەکدا زەویەك هەر لەسەر بنەمای ئەوەی کە وتمان حکومەتیش دەخالەت دەتوانێ بکات لەزەوییەك کە مالیکیەتی فەردی تیایدا زەرەری دەگەیاند بەکۆمەڵگە دەبێت حکومەت بیگرێتە دەست و مالیکیەتی ئیجتیماعی لەسەریەوە حاکم بێت، ئەڵبەتە ئەم دوو مالیکیەتە ئەم دوو مەصڵەحەتە فەردی و ئیجتیماعیە، وتم لەپێشدا دەبێت هاوسەنگی لەنێوانیان بەرقەراربێت بەشەرایت کەوتوە.

مالیکیەتی فەردی و گۆڕینی بەپێی زەمان و مەکان

مەسەلەن شوێنێکی وەك (لیبیا) ئەگەر حکومەتی ئیسلامی تێدا موستەقەر بێت، کەمتر ئیحتیاج دەکەوێت بەمیللی کردن، چونکە هی زۆرینەیە موڵك و زەوی زۆرینەیە هەر فەردێك دەتوانێ زۆرێکی لێ داگیربکات و ئەو حوبی زاتە ببێتە هۆکاری ئاوەدانکردنەوەی مەملەکەت، بەڵام جۆرە جێگەیەك مەسەلەن جێگەیەك وەك (ژاپۆن) لەوێ مالیکیەتی ئیجتیماعی زۆرتر دەبێت ئەگەر ئیسلام لەوێ حاکم بێت و بکەوێتەکار، چونکە زەوی کەمە، کەسێك بڕوات بەشێکی زۆر دیاری بکات بۆخۆی لەتمەیە بۆ کۆمەڵگە، ئەمانە ئیتر کەوتونەتە دەستی پسپۆڕانی ئابووری لەحکومەتی ئیسلامی ئەوکاتە، کە بەشورا دانیشن هاوسەنگی لەنێوان ئەم دووانەدا - تاك و کۆمەڵ - بەرقەراربکەن، چەنێك مالیکیەتی فەردی ببێت

بەمەصڵەحەتە چەنێك ئیجتیماعی، هەندێ کات ئەم کەم دەبێت ئەو زیاد دەبێت، هەندێ کات ئەم زیاد دەبێت، ئەو کەم دەبێت، ئیتر ئینسان ناتوانێت سنورێکی دیاریکراو دابنێ، چونکە بەپێی زەمان و مەکان دەگۆڕێن.

وەقف و چۆنیەتی میللی کردن

• مەسەلەی (وەقف): لەناو خۆماندا عادەتەن لەفیقهی ئیسلامیدا ئەوەیە کە نەفەرێك مولکێك لەمالیکیەتی فەردی دەردێنێ دەیکاتە وەقفی یان (مزگەوت یان کۆمەڵێك یان تەلەبەی علومی دینی یان فوقەرا یان مەساکین ..هتد)، وەقف: واتە میللی کردن ئەمە لەهەندێ جێگەدا کە مالکییەتی فەردی دەبێتە هۆکاری لەتە لەکۆمەلگە تەشریع کراوە، ئەم ڕێگە دانراوە کە شتێك وەقف بکرێت مالیکیەتی ئیجتیماعی لەسەرییەوە حاکم بێت.

حیماء و چۆنیەتی میللی کردن

• ئەڵبەتە شتێکی تریش هەیە هەر لەفیقهی ئیسلامی دەڵێن پێی (حیماء) لەزمانی کوردیدا "قۆرخ" دەڵێن، یانی جێگەیەك مەسەلەن ئالفە جارێك گریمان ئەو دۆڵە لەو بەرە دیاری بکرێت حکومەتی ئیسلامی بڵێت ئەو شوێنە تاك مافی نییە بڕوات بۆخۆی ئالفی لێ بکەنێت یان حەیوانی خۆی بەجیا ببات بۆی، ئەوە دیاریم کردووە ئەوانەی کە فەقیرن دەبێت پەزەکانیان ببەن لەوێ بیلەوەڕێنن ئاوا میللی دەکات بەشێك لەئالفەجاڕ لەزەوی لەمانە بۆئەوەی بەمەصڵەحەتی مەساکین و فوقەرا ئیستیفادەی لێ بکرێت، مەسەلەن نەفەرێك کە دەسەڵاتی هەیە دەتوانێ لەجێگەیەکی تر ئالف دابین بکات لەوە مەنعی دەکات، ئەم حیمایشە واتە قۆرخکردنی جێگەیەك تەخسیسی بکەی بۆ مەصڵەحەتی گشتی و لەدەستی دەسەڵاتداران دەری بێنی ئەوەش مانای میللی کردنە.

میللی کردن مەشروعە لەئیسلامدا

دەرئەنجامەتیجە لەسەر بنەمای ئەم دووانە، لەپێشیشدا هەندێ شتی ترمان وت، میللی کردنیش مەشروعە لەئیسلامدا ئەڵبەتە بەمەرجی ئەو هاوسەنگیە کە لەتە بەفەرد نەگات و لەحدودێکدا میللی بکرێت کە سەلبی ئازادی نەکرێت، تەنها ئامانج ئەوەبێت کە دەفعی مەزەڕەتی ئیجتیماعی بکرێت بەوەسیلەی ئەو میللی کردنە.



Scanned by CamScanner

لەئیسلامدا مەصلەحەتی میللی پێش مالیکیەتی فەردی دەکەوێت

ئەگەر هاتوو موڵکی شەخسی فەردێك میللی کرا، سەرنج بدەن کەسێك موڵکێکی هەیە مەسەلەن لەناو حەریمی شاردایە پێویستە لەبەر مەصلەحەتی ئیجتیماعی میللی بکرێت، تەنانەت لەوێدا قاعیدەی ئیسلامی هەیە کە زەرەردان لەشەخسیش لەبەر ئیجتیماع ئەندازەی هەیە بەئەندازەی زەرورەت تا ئەو جێگە کە مەجبورییەت هەیە دەبێت زەرەر لەتاك بدرێت بۆ کۆمەڵگە، بەپێی ئەو قاعیدە دەبێت ئەو نەفەرە قەرەبووی زەرەرەکەی بکرێتەوە لە(بیت المال) قەرەبووی ئەو موڵکەی یان ماڵەی کە میللی کراوە پێی بدرێتەوە، ئەگەر مالیکیەتەکەی پێشتر رێگەدراوبووبێت.

قەرز و سەلماندنی مالیکیەتی فەردی

لەهەندێ ئایەتی قورئاندا دەتوانن مولاحەزەی بکەن، کە خوا دەفەرمویٚ مەسەلەن قەرز بدەن بەخوا ـ قەرزی حەسەن ـ یان کێیە کە (قەرزی حەسەن ـ قەرزی باش) بدات بەخوا کە خوا پاداشتی بداتەوە، سەرنج بدەن ئەوەش یەکێکە لەوانەی کە مالیکیەتی فەردی ئیسپات دەکات، قەرزکردن مەفهومی دیاریکراوە، کە خوا داوادەکات لەمالکێك کە شتێکم پیٚ بدات بەقەرز، ئەڵبەتە خوا بۆ خۆی نییە بۆ خەڵکیەتی، ئەوە مانای ئەوەیە واتە تۆ مالیکی، بەڵام من داوات لیٚ دەکەم، تەنانەت پاداشتت دەدەمیٚ، دەفەرمویٚ کێیە ئامادەیە قەرز بدات بەمن تا من لەبەرامبەرییەوە پاداشتی مەسەلەن ١٠بەرامبەر تا ٧٠٠ بەرامبەر یان زیاتری پیٚ بدەم، ئەمیش یەکێکە لەدەلائیلی مالیکیەت، ئەڵبەتە دەلائیلی مالیکیەت لەقورئاندا زۆرن بیٚ حەد و حسابن، ئینسانێك تەقوای لەوجودابێت و لەخوا بترسیٚ ناتوانیٚ بڵێت مالیکیەت لەئیسلامدا نییە، مالیکیەتی فەردی هەیە.

نەتیجەی ئەم باسانە کە کردومانە، بەڵام بەو حدود و شەرایتەوە کە هەیەتی هەندێکیانمان تا ئێستا وتبن، لەوانەیە بەشی زۆریان لەزەمینەی تەولید و کەسبدا بووە، لەکاتی تەولیددا بەو شەرایتە ئینسان مالیك دەبێت، هەموو رێگەیەك مالیکی شت نابێت، هەندێکی تریش لەقیود لەزەمینەی مەسرەفدایە کە ئینسان



Scanned by CamScanner

مەسرەفی ئەو هی خۆیە یان بۆ دووبارە ئیستیفادە لێ کردنی بۆ تەولیدی جارێکی تر بەتایبەت لەباسی زەکات و وەسیەت و ئیرس و ئەوانەدا کەمێکی تر باسی لێ دەکەین لەدواتردا.

## جیاوازی و کەم و زیاد بوونی مالیکیەتی ئینسان

ئایەتی (١٢و ٢٧ی شوری) (٣٢ الزخرف) (٣٢ی النساء) و (٧١ی النحل)

لەدوای ئەوە کە باسی مالیکیەتمان کرد و زانیمان قورئان ڕێگەی مالیکیەتی فەردی دەدات، بەسەرنجدان بەوەی کە مالیکیەت کاتێك بەڕەسمیەت دەناسرێت کە ئینسان بەزەحمەت و کۆششی خۆی بەدەستی بێنێت، یان شایستەییەك کە بەدەستی دەهێنێت بۆنەوەی مەسەلەن لەڕێگەی (ئیرس یان وەسیەت یان بەخشش) یان هەرشتێکی ترەوە ماڵێکی دەست کەوێت کە ئەویش هەرکۆششی خۆیەتی، دووبارە بەسەرنجدان بەوەی کە ئیستیعدادی فکری و عەمەلی ئیسنان، واتە هی تەواوی ئەفرادی ئینسان یەکسان نییە جیاوازییان هەیە.

مالیکیەتی فەردی و گۆڕانی بەپێی ئیستیعدادی فیکری و عەمەلی ئینسان

ئەم چەند پێشەکیە لەبەرچاویگرین ئەوکاتە جیاوازی و کەم و زیاد پەیدادەبێت لەمالیکیەتدا، کەسێك کە شەرایت بۆی موساعیدترە ئیستیعدادی فکری و عەمەلی زیاترە، زیاتری دەست دەکەوێت، کەسێك کە شەرایت موساعید نییە یان ئیستیعدادی فکری و عەمەلی کەمترە، کەمتری دەست دەکەوێت، بەڵام ئەگەر لەئیسلام مالیکیەت بەڕەسمیەت نەناسرایە، لەئیسلامدا ئیتر حەق نەبوو کە (بەرتەری ـ کەسێك لەپێش کەسێکی ترەوە بێت) و جیاوازیەك پەیدابێت.

ڕێگەدان بەمالیکیەتی فەردی و پەیدابوونی جیاوازی و بەرتەری

سەرنج بدەن دووبارە، ئەم باسە هەرچەند بابەتێکی ترە، بەڵام نەتیجەکەی ڕێگەدانە بەمالیکیەتی فەردی، تا ڕێگە نەدرێت بەمالیکیەتی فەردی و بەوەی کە هەرکەس نەتیجەی دەسترەنجی خۆی بۆ خۆی بێت، هەرگیز جیاوازی و لەپێشتردانان وکەم و زیادی لەدارایيدا بۆ ئینسان پەیدانابێت، لەوشتانەدا کە دەکەوێتە دەستی بۆ ئەفرادی ئینسان، بەڵام لەبەرئەوەی ڕێگە دەدرێت هەرکەس



Scanned by CamScanner

بەئەندازەی توانایی و فکری و عەمەلی خۆی بۆ خۆی شت بەدەست بێنێ ـ ئەڵبەتە بەو قەید و شەرتانەوە کە وتومانە.

دەرنەتیجە یەکێك لەئاساری ئەم رێگە پێدانەی مالیکیەتی فەردیە دەبێتە جیاوازی و کەم و زیاد لەبەدەستهاتی دەستڕەنج و لەداراییدا بۆ ئینسان، ئەڵبەتە لەپێشدا ئەوە تەزەکور بدەم کە ئەم (بەرتەری، لەپێشتردانان) کە لەم چەند ئایەتەدا فەهم دەکرێن، هەندێك کەس دەخاتە هەڵە نیسبەت بەئیسلام و قورئان بەدبینیان دەکات، کە مەسەلەن قورئان سەراحەتەن دەفەرموێ هەندێکمان بەرتەری داوە بەمل هەندێکی تردا، دەڵێن خۆ ئەوە جیاکاریەکەیە، ئەوە ئیتر نیزامە چینایەتیەکەیە، ئەو جۆرە کە زمانیان دەچەرخێ، یان کۆمەڵێکی تر لەوانەی کە بەمجۆرە رەخنە ناگرن، ناتوانن تەوجیهی دروستی بکەن جۆرێکی تر بۆی خۆش دەکەن دەیتاشن و لەمەفهومی ئەصڵی لای دەدەن، ئەوە کە عەییە و لەئیسلامدا قەدەغەیە، هەروەها ئیعتیرازەکەش لەبەرئەوە دەگیرێت ئیمتیازاتی تەبەقاتیە و جیاکاری بێ ناوەڕکە.

ئیمتیازاتی تەبەقاتی

**ئیمتیازاتی تەبەقاتی یانی چی؟** واتە مەسەلەن کۆمەڵگە دابەش دەکرێت بەسەر چەند تەبەقەیەکدا، بۆنموونە لەسەردەمی ساسانیەکاندا دابەش دەکرا بەچەند تەبەقەیەکەوە: (تەبەقەی موغان واتە رۆحانی و تەبەقەی دەربار یان تەبەقەی کارگەران)، یان مەسەلەن لە(هیند)دا دەیانکەنە چوار تەبەقەوە تەبەقەی (رۆحانی و دەرباری و ...هتد ) و ئەمانە ئەوکاتە کەسێك لەیەکێك لەم تەبەقانەدا پەیدابوایە هەرچەند ئیستیعدادی فکری و عەمەلی ئەوەندە بولیە کە بڕواتە بەرزترین مەقام لەوەزائیفی کۆمەڵایەتی یان وەزیفەی گەورە بتوانێ بگرێتە دەست، دەیانوت: چونکە تۆ لەفڵان تەبەقە بوویت مافت نییە برۆیتە سەرەوە نیزامی تەبەقاتی ئەوەیە، کە هەرکەسێك لەبەر ئەوەی لەفڵان تەبەقەدا پەیدابووە هەرچیەك ئیستیعدادی توانایی ببێ دەبێت لەتەبەقەی خۆیدا بمێنێتەوە.



Scanned by CamScanner

وەك (ئەرستۆ یان سوقرات) ئەوەی کە زۆر بەژیری دەزانن، دەڵێت: "کەسێك کە بەبەندەیی پەیدابوو هەر بەندەیە، کەسێکیش بەئاغایی پەیدابوو هەر ئاغایە"، نە بەندە مافی هەیە ئەگەر ئیستیعدادی فکری و عەمەلی ئیقتیزای کرد لەو بەندەییە دەرچێ بڕواتە سەرەوە، نەئاغاش ئەگەریش بێ ئیستیعدادبوو مافیان هەیە بیهێننە خوارەوە بۆ مەقامی بەندەیی، ئیمتیازاتی تەبەقاتی ئەوە مەفهومیەتی.

لەسیستەمی تەبەقاتیدا ڕێگری لەئیستیعدادی فکر و عەمەلی ئینسان دەکرێ

دەرئەنجامیجە بەربەست پەیدادەبێت لەڕێگەی ئیستیعدادی فکری و عەمەلیدا، هەرکەس ئەو تەبەقەی خۆی دائیرەیەك و مەحدودەیەکە کە هەرچەنێ توانای هەبێت ناتوانێت لەوە دەرچێت و بڕواتە سەرەوە، ئەگەر دەقان بوو هەر دەبێت دەقان بێ، ئەگەر مەسەلەن وەك لەهی هیندیەکاندا (شوهدر) بوو کە ئەو تەبەقە بەزۆر پەسیان دەزانی تەبەقەی کارگەران هەر ئەوەبێت، ئەگەر لەتەبەقەی ڕۆحانیان بوو هیچیش نەزانێ هەر لەوانە، وەکو لە(ژاوەرۆ)دا مەسەلەن یەکێك باوە گەورەی مەلایە، دەڵێن پێی مەلا کەچی ئەلفیش نازانێ بنوسێ، ئیمتیازاتی تەبەقاتی ئەوە مانایەتی.

ئیمتیازاتی تەبەقاتی و لە پێشتردانانێکی بێ ناوەڕۆك

ئەوە لەپێشتردانانێکی بێ ناوەڕۆکە، کابرا کە شایستەیی نییە بۆئەوەی مەقام و وەزیفەیەکی گەورەی دەستکەوێت بۆ دەبێت پێی بدرێت، هەروەها ئەوی تر کە شایستەیی فکری و عەمەلی هەیە کە گرنگترین وەزیفەی کۆمەڵایەتی پێبدرێت بۆ دەبێت پێی نەدرێ، لەبەرئەوەی کە مەسەلەن کوڕی کارگەرە، ئەڵبەتە ئەوەش بڵێم کە کارگەر و کشتوکاڵ و ..هتد، ئەوە لەم نیزامە جاهلییەدایە کە تەبەقەیان ئەوەتا لەخوارەوە، ئەگینا لەئیسلامدا بەرزترین تەبەقە تەبەقەی کارگەرانە، هەرکەسێك زیاتر عەمەل بکات قورئان لە(٣٦٠) جێگەدا عەمەلی تێدایە (عَمِل و عَمَلْ و عامِل) هەمووی تێدایە کە باسی کارکردنە، ئیتر کار بۆ دنیا بۆ قیامەت، بەرزترین مەقام مەقامی کارگەرانە، ئەوە کاتێك ئەو جۆرە باسانە دەکەین ناچارین لەئەلفازە جاهیلیەکە ئیستیفادە بکەین، چونکە باسی نیزامی تەبەقات دەکەین.



Scanned by CamScanner

بەرتەری لەئیسلامدا لەسەر ئەساسی ئیستیعدادی فکری و عەمەلیە

بەڵام ئەوەی کەخوا دەفەرموێ بەرتەری هەندێکمان داوە بەمل هەندێکی تردا، نەك بەرتەری تەبەقاتی کە چونکە فڵان کەس لەفڵان تەبەقەیە بۆیە لەپێشترە، نەخێر، نەك بەرتەری بێ ناوەڕۆك بەبێ ئەوەی هۆکارێك ببێت، یەکێك بەرتەری ببێت بەمل یەکێکی تردا، مەبەست ئەوەیە کە هەندێك ئیستیعدادی فکری و عەمەلییان زیاترە، دەرنەتیجە زۆرتر لەنیعمەتی خوا دەستیان دەکەوێت لەهەندێکی تر مانای تفضیل ئەوەیە، ئەڵبەتە تفضیلی دنیاشە، بۆ قیامەت ئەگەر یەکێك خوا دەفەرموێ لەدنیادا ڕزقی زۆرترمان پێ داوە، تفضیل و بەرتەریمان داوە نەك واتە ئەوە ئەو بەرتەرییەیە کە لەو ئایەتەدا دەفەرموێ:

﴿إِنَّ أَكْرَمَكُمْ عِندَ اللَّهِ أَتْقَاكُمْ﴾

کە موحتەرەمترتان پارێزگارترە، بۆ قیامەتیش دەرد بخوات، نەخێر، بەرتەری هەندێ کات تەنها سنوورداره لەم نیعمەتە مادیانەدا، مەگەر کاتێك ئینسان لەڕێگەی تەقوا و پەرێزگاریەوە بڕوات ئیزافە شتێك بەدەست بهێنێت کە ئەوکاتە بەرتەریەکە دەبێتە بەرتەری بۆ قیامەت و لەلای خوا، کەوابوو ئەوەی کە خوا دەفەرموێت بەرتەری هەندێکمان بەمل هەندێکی تردا داوە، واتە بەدەرلەوەی کە لەچ خانەوادەیەکە لەچ تەبەقەیەکە، تەنها عیللەت و سەبەبی بەرتەری ئەوەیە کە شەخس دارای ئیستیعدادی فکری و عەمەلیە ئێمەش زیاترمان پێداوە لەوە کە کەمتر ئیستیعدادی هەیە، واتە نیزامی (قِسْط)مان پیادە کرووە، ئاخر چونکە (قِسْط) واتە هەر کەس چەنێك بەشی ڕێکی هەیە ئەوەندەی پێ بدرێت، ئەم شەخصە کە ئیستیعدادی فکری و عەمەلی زیاترە دەبێت نەتیجەی دەسترەنجی زیاتریێ، زیاتر عیلم بەدەست بێنێت، زیاتر مادیات بەدەست بێنێت، زیاتر توانایی بۆ ئەنجامی وەزیفە ـ دەڵێم ئەنجامی وەزیفە نەك مەقام، چونکە لەئیسلامدا مەقام نییە، هەر مەسەلەن سەرۆك کۆمار و فڵان و ئەمانە وەزیفەیان پێ دەڵێن مەقامیان پێ نالێن.



Scanned by CamScanner

## لەئابووری ئیسلامدا بەرتەری - لەپێشتر دانان - پەیوەندی بەشەخسەوە نییە

ئەرزشی شتەکان لە بە دەستهێنانیاندا نییە

لەبەرئەوە بەوشەی بەرتەری نووسیومە، کە کاتێ بەئەصڵی لەفزەکە تەرجەمەم کردەوە، ئەگینا "فضل" یان "یفضل" یان "تفضیل" نەك واتە بەرتەری دان ئینسان فەهم دەکات کە ئەمە گرنگترە لەو. (الفضل) واتە زیادە، واتە زیادەمان پێدلون، زیادە لەزانست زیادە لەماڵ زیادە لەقودرەت کە هیچکامیشی ئەرزشێکی موعتەبەر نییە لەنەزەری خوادا، زانستی تەنیا ئەرزشی نییە، ماڵی تەنیا ئەرزشی نییە، قودرەتی بەدەنی تەنیا ئەرزشی نییە، کاتێ ئەرزشی هەیە کە لەڕێی خوا بکەوێتەکار.

﴿إِنَّ أَكْرَمَكُمْ عِندَ اللَّهِ أَتْقَاكُمْ﴾

ئەگینا شیعرێکی عەرەبی هەیە دەڵێت:

لوكان للعلم بدون تُقى شرف

لكان اشرف خلق الله ابليس

ئەگەر دانشی بێ عەمەل ئەرزشی ببولیە، ئەرزشمەندترین مەخلوقی خوا "ئیبلیس" بوو، لەهەموو کەس زۆرتر دەزانێ، بەڵام لەبەرئەوەی عەمەلی پێ ناکات دانیشمەند نییە دەرد ناخوات.

لەم بارەیەوە لەئایەتی (٣٤)ی سورەتی (النساء)دا دەفەرموێ:

﴿الرِّجَالُ قَوَّامُونَ عَلَى النِّسَاءِ بِمَا فَضَّلَ اللَّهُ بَعْضَهُمْ عَلَى بَعْضٍ وَبِمَا أَنفَقُوا مِنْ أَمْوَالِهِمْ﴾

پیاوەکان قەولمن زۆر ڕاوێساون، زۆر بەسەر ژنەکاندا هەڵساونەتەوە، واتە پیاوەکانن کە ڕاست بوونەتەوە هەڵساونەتەوە ئیدارەی ئومور و پارێزگاری حاڵی ژنان دەکەن، سەرپەرستی ئەوان دەکەن، ئەوان - پیاوەکان - سەرپەرستی ئەمان دەکەن، ئاوا دابەشکارییەکە کراوە، بۆچی ئەوان سەرپەرستی ئەمان دەکەن، (بِمَا فَضَّلَ اللَّهُ بَعْضَهُمْ عَلَى بَعْضٍ)، مەسەلەن ئێمە کە خوا بەهەندێکیان زیاتری داوە



Scanned by CamScanner

لەهەندێکی تر واتە بەپیاوەکان، بەهۆی ئەوەوە ئەوان سەرپەرستی ئەمانن و وەزیفەی سەرپەرستی دراوەتە دەست پیاوەکان، چونکە خوا فەزڵی هەندێکیانی داوە بەسەر هەندێ تردا زیادەی پێداون بەسەر هەندێ تردا، واتە پیاوەکان زیاتریان هەیە لەژنەکان، لەچیدا؟ کە لەلەحازی ئەو نیرویی تەفەکور و بەکاربردنیەوە ئەوە ئیتر شتێکە زانستی ئەمڕۆش سەلماندوویەتی کە نیرویی بڕیاردان کە لەسەر بنەمای تەفەکورە لەپیاودا زۆر قەوییە، لەژندا ئیحساسات و سۆز زاڵ بووە و نیرویی تەفەکور و ئەندێشە زەعیفە، دەرنەتیجە کاتێك تەفەکور زەعیف تر بوو ئەوکاتە هەڵبژاردنی ڕەوشێکیش بۆ زیندەگی زەعیف ترە و کەمتر ئەنجام دەدرێ، کەوابوو ژن ڕاستەوخۆ ناتوانێت ئیدارەی ئموری زیندەگی هەمەلایەنە بگرێتە خۆی و خیلافەت بەو ئەنجام نادرێت، کار ئاوا دابەشکراوە کە کاری ئەو لەناوماڵدا بێت، لەخانەوادەدا ئینسان سازی پەروەرشی منداڵ بکات، سەرپەرستی خانەوادە بکات، کە بنچینەی کۆمەڵگەیە و پیاویش لەدەرەوە.

﴿وَبِمَا أَنفَقُوا مِنْ أَمْوَالِهِمْ﴾

حیکمەتی کارنەسپاردن بەنافرەتان

هەم بەهۆکاری ئەوەی کە پیاوەکان ماڵ و دارایی خۆیان خەرج دەکەن بۆ ژنەکان، واتە لەئیسلامدا قەرار لەسەر ئەوەیە کە پیاو بڕوات زەحمەت بکێشێ کار و کاسپی بکات و خەرجی ژنەکە بکێشێت، کە ئەمیش زوڵمی پێ نەکرێ تەنها وەزیفەی خۆی کە ئینسان سازیە بیگرێتە خۆی.

گرنگترین کاری ژن ئینسان سازییە

جا لێرەدا ئەو بەرتەرییە کە دراوە ئاوایە، واتە لەلەحازی زیندەگیەوە لەمەیدانی زیندەگیدا ئیستیعدادی فکری و عەمەلی پیاو زیاترە لەهی ژن، ئەو موساعیدترە بۆئەوەی لەدەرەوە کاربکات ژن لەماڵەوە، کاتێك ئەو لەدەرەوە بوو ژن لەماڵەوە بوو، ئەم چونکە ئەوەتا لەماڵەوە و ئەو هەم لەماڵ و هەم لەدەریشەوە، بارودۆخی کۆمەڵگەش ئەو پەیوەندییە گرێ دەدات بەیەکەوە، دەرنەتیجە سەرپەرستی ئەمیش کە یەکێکە لەئەعزای کۆمەڵگە دەکەوێتە دەست

ماڵ و زانست و قودرەتی بێ تەقوا ئەرزشی نییە



Scanned by CamScanner

ئەو، نەك ئیتر لەلەحازی تەقوا و پەرێزگاری و لەلەحازی سەوابی ئاخیرەتەوە ئەو بەرتەری بەمل ئەودا بێت، چونکە دووبارە دەپواتەوە سەر ئەوەی کە "ماڵی بێ تەقوا یان زانستی بێ تەقوا یان قودرەتی بێ تەقوا هیچکام ئەرزشی نییە"، بۆیە بەرتەرییەکە بەرتەرییە لەئیستیعدادی فکری و عەمەلیدا و لەمەدا کە ئەو دەبێت وەسائیلی زیندەگی ئەمیش دابین بکات.

شتێکی تر زۆر دەقیق و ورد هەر لەم بابەتەدا هەیە، کاتێ دەفەرموێ هەندێکمان بەرتەری داون ئەویش لەبەر عیللەتی ئیستیعدادی خۆیان نەك واتە **شەخصی تایبەتمان بەرتەری داوە، سەرنج بدەن ئەمە دەقیقە نەك واتە شەخصێ تایبەتمان بەرتەری داوە** کە مەسەلەن (ئەحمد)مان بەرتەری داوە بەمل (محمود)دا ئیتر بۆ هەمیشە ئەم ئەوەتا لەسەر ئەوەوە، نەخێر، واتە جۆرێك نیزامی جیهانی خلقەتمان دروست کردووە، جۆرێك ئینسانمان دروست کردووە کە هەمووی یەکسان نەبێت، ئەڵبەتە ئیتر هەر هۆکارێك هەیە جیاوازی لەئیستیعداددا ببێت - لە(ئیستیعدادی فکری و عەمەلی) - ئینجا با (ئەحمەد) ئیمساڵ بەرتەری ببێت بەمل (محمود)دا ساڵێکی تر محمود بکەوێتە پێش ئەحمەد، ئەوە زۆر دەقیقە لەوێدا، شەخصێکی تایبەت نەك بەرتەری درابێ بەمل شەخصێکی تردا کە تا تەمەنیان هەیە ئەمە ئیتر لەو بەرتەر بێت، نەخێر، هەرکەس لەهەر سەردەمێکدا ئیستیعدادی فکری و عەمەلی زیاترە لەکەسێکی تر ئەوە بەرتەرە، ئەڵبەتە ئەگەر لەرێگەیەك ئیستیفادەی لێ بکات و شتی پێ بەدەست بهێنێ، جا ئەگەر رۆژێ دواتر مانگی دواتر ساڵی دواتر ئەمەکەی تریان ئیستیعدادی فکری و عەمەلی خۆی ئیستیفادەی لێ کرد و لەو زیاتری بەدەست هێنا پێچەوانە دەبێتەوە ئەو بەرتەر دەبێت، ئەو زیاتر دەبێت بەمل ئەمدا، بەڵام بەربەست لەرێگەی هیچ کەسدا دانانرێ، بەڵکو ئەوە گەورەترین تەشویقە بۆئەوەی هەرکەسێك ئیستیعدادی فکری و عەمەلی خۆی بخاتەکار، خوا سەرە رێگەی ناگرێ و نەتیجەی کاری پێ دەدات د

ڕێگەی موسابەقە کراوەیە، هەرکەس کۆشش بکات کە ئەم بکەوێتە پێشی ئەو، بۆیە نەك تەنیا بەربەست نییە و تەسبیتی ئیمتیازاتی تەبەقاتی نییە، هەروەها بەرتەری بێ مەبەست نییە، بەڵکو وەکو (قِسْط)ە، کردنەوەی مەیدانی موسابەقەیە بۆ ئەوەی هەرکەسێك ئیستیعدادی فکری و عەمەلی زیاترە بکەوێتە پێش ئەوی تر، نەك فکر بکات مەسەلەن من بەدبەختم نازانم لەفڵان خانەوادە بووم هەر دەبێت لەخوارەوە ببم، وەك لەناو ژناندا هەیە دەڵێت - ژنی بێ سەواد و عەوام - دەڵێن هەر بەدبەختم، مەسەلەن کابرایەك دەڵێت کورە یەکێك بەدبەخت بوو هەر بەدبەختە، مەسەلەن من هەر دەبێت کارگەری بەشم بێت، نازانم یەکێك دەڵێت من چۆن توانام هەیە ببمە فڵانە کەس و ئەم جۆرە شتانە لەئیسلامدا نییە.

دەفەرموێ هەندێکی فەردیە و لەڕووی ئیستیعداد و توانای فکری و عەمەلییەوە و هەرکەسیش دەستی کراوەیە بۆ ئەوەی ئیستیعدادی فکری و عەمەلی خۆی بخاتەکار کە ئەمڕۆ ئەوەتا لەدولوە سبەینێ بکەوێتە پێشەوە.

### توانای فکر و عەمەل و بەدەستهێنانی رزق و ڕۆزی لەئیسلامدا

ئایەتی (١٢)ی سورەتی (شوری) دەفەرموێ:

﴿لَهُ مَقَالِيدُ السَّمَاوَاتِ وَالأَرْضِ﴾

حیکمەتی پشت بەستن بەخوا

ئاسمانەکان و زەوی و هەرچیەکیان تێدایە وەك لەئایەتی (٦)ی سورەتی (طه) دەفەرموێ، هەرچی ئەوەتا لەئاسمانەکان و زەوی و هەرچی ئەوەتا لەنێوانیاندا و هەرچی ئەوەتا لەژێر خاکدا لەمەعادن و مەنابیع و ئەوانەدا، هەروەها خودی ئاسمانەکان و زەوی هەموو ئەوەتا لەدائیرەی قودرەتی خوا، قودرەتی خوا ئیحاتەی کردووە بەملیاندا هیچێك لەدەستی توانای ئەو بەدەر نییە، ئیدارەی ئموری کائینات لەگەورە و بچوکی ئەوەتا لەدەستی ئەودا، دەرنەتیجە بۆ بەدەست هێنانی ڕزق و - بۆ بەدەستهێنانی ڕزق بەو مانا گشتییە کە دەزانن تەنانەت زانست و مەعریفەت و بەخششی ڕۆحی و ئەوانەش دەگرێتەوە - بۆ

بەدەستهێنانی بەخششەکانی خوا تەنها دەبێت ئینسان چاوی لەخوا بێت و پەیڕەوی نیزامی خوا بێت، نەك لەڕێگەیەکی ترەوە نیزامێکی تر بگرێتەبەر وابزانێ مەسەلەن لەو نیزامە کە خۆی دیاری دەکات لەوێوە دەتوانێ خۆشبەختی و خەیر بەدەست بێنێت، چونکە هەرچی شتە ئەوەتا لەدەست خوا و ڕزق و ڕۆزیش ئەوەتا لەدەست ئەودا، بۆ بەدەستهێنانی ڕزق و ڕۆزی ئەگەر دەتانەوێت بۆ هەمیشە دەستانکەوێت ـ ڕزق بەمانای شامل ـ دەبێت بڕۆن لای ئەو کەسە بیگرن کە ئەوەتا لەدەستیدا ئەو کەسەی کە:

﴿لَهُ مَقَالِيدُ السَّمَاوَاتِ وَالأَرْضِ﴾

حیکمەتی پابەندبوون بەنیزامی ئیسلامیەوە

دەی بڕۆنە لای ئەو، واتە لەڕێگەیەکەوە کە ئەو دایناوە، لەو ڕێگەی کەسب و کارەوە کە ئەو موشەخەصی کردووە، واتە مەسەلەن لەزەمینەی بەدەستهێنانی مەتاع و مەنافیعی مادیدا دەبێت پابەندبن بەنیزامی ئابووری ئیسلامەوە ئەو دائیرە کە خوا دایناوە بۆ بەدەستهێنان، نەك بڕۆن ڕێگەیەکی تر بگرنەبەر، هەرچەند ئەگەر ڕێگەیەکی ترتان گرتەبەر بۆ ماوەیەکی کەم هەندێ شتتان دەست دەکەوێت، بەڵام ئەوە هەمیشەیی نییە و ئەگەریش مەسەلەن لەبەرنامەی خوا لاتاندا مادییاتان زیاتر و زیاتر دەست کەوت، ڕزقی بەتەولو ماناتان دەست نەکەوتووە، زۆرێك لەڕزق و ڕۆزیەکەتان لەدەست داوە، کە مەسەلەن (بەخششە ڕۆحیەکان، فکری صەحیح، عەقیدە، ئیمان، پابەندبوون بەفەرمانی خوا).

﴿يَبْسُطُ الرِّزْقَ لِمَنْ يَشَاءُ وَيَقْدِرُ﴾

چونکە هەمووی لەدەست خودایە، ئیدارەی ئمور ئەو دەیکات بۆ هەرکەس ویستی بوو زۆر و فراوان بەخششی پێ دەدات و ڕزق و ڕۆزی پێ دەدات، بۆ هەرکەسێك ویستی بوو بەئەندازە پێی دەدات و لێی کەم دەکاتەوە، ئینجا وانەزانن ئەم کەلیمەی (لِمَنْ يَشَاءُ) هەروا هەرج و مەرجە و بێ نەزم و تەرتیبە، دووبارە گەڕانەوەیە بۆ نیزامی (قِسْط)، واتە ئەگەر بەرامبەر خۆی ئیستیعدادی



Scanned by CamScanner

فکری و عەمەلی خستەکار بۆ بەدەستهێنانی ڕزق، خواش ویستی لەسەری هەیە بەئەندازەی ئەو ئیستیعدادی فکری و عەمەلییە کە خستویەتیەکار نەتیجەی پێ دەدات، کەمتر خستیەکار کەمتر، زیاتر خستیەکار زیاتر.

کەسێك کە زیاتر دەیخاتەکار خواش یەك (یَبْسُطُ) زۆر و فراوانی پێ دەدات، ئیتر چ لەبەخششی فکری و ڕۆحی چ لەمادییدا، کەسێکیش کەمتر خستیەکار کەمتر، کەوابوو ئەگەر یەکێکتان شتی کەمی بوو مەئیوس نەبێت، نەڵێت شەنسم نیە و نازانم چی و ئەمانە مەسەلەی شەنص و شت نییە، مەسەلە ئەوەیە ڕێگەی دروستی هەڵنەبژاردووە، یان ئیستیعدادی فکری و عەمەلی نەخستووەتە کار یان ئیستیعدادی فکری و عەمەلی کەمە خۆی پەروەرش نەداوە یان دەوروبەر زوڵمی لێکردووە یان هەرچییەك بووە، یان ڕێگەی دروستی هەڵنەبژاردووە لەڕێگەی هەڵەوە چووە، کەسێکیش کە زیادی هەیە فیزنەکات تەکەبور نەکات کە خۆم بەدەستم هێناوە، بزانێ کە (یَبْسُطُ) ئەوە خوایە کە ڕزقی بۆ زۆر و فراوان کردووە، واتە ئەگەر خوا ئیستیعدادی فکری و عەمەلی پێ نەدات و ئەگەر نەتیجەی ئەو فکر و عەمەلیە نەداتە دەستی لەخۆیەوە چۆن دەتوانێ شتێ بەدەست بهێنێت.

﴿إِنَّهُ بِكُلِّ شَيْءٍ عَلِيمٌ﴾

بەڕاستی خوا دانایە بەهەرچی شتە، هەرشتێك لەسەر نیزامی صەحیحی خۆی دادەنێ و بەرنامەی دەقیق و مونەزەم بۆ هەرچی شتە دادەنێت.

جا لەوانەیە پرسیارێك بکرێت کە بۆچی خوا بەهەموو کەس ئیستیعدادی فکری و عەمەلی یەکسان نەداوە تا هەموو کەس یەکسان بێت و ئیتر هیچ کەس کەمتر لەهیچ کەس نەبێت و زیاتر لەهیچ کەس نەبێت، چونکە بەڕواڵەت وا تەماشا دەکرێت کە بەرتەری هەندێ بەمل هەندێکی تردا ئەساسی بەدبەختیە؟

پرسیارەکە ئاوا دەکرێ، بەڵام بزانین خوا چۆن وەڵام دەداتەوە، بزانین ئاوایە یاخود نا، بەپێچەوانەوەیە ئەگەر هەموو کەس ئیستیعدادی فکری و عەمەلیان



Scanned by CamScanner

چۆن با نمونەیەکی یەکسان بێت ئەساسی جیاوازی و بەدبەختی و بێ چارەییە، زۆر سادەتان بۆ بێنمەوە.

حیکمەتی یەکسان نەبوونی ئینسانەکان لەئیستیعدادی فیکری و عەمەلیدا

بینایەك بهێننە بەرچاوتان کە مەسەلەن (٣٠ ـ٤٠) ماڵی تێدایە، هەرکەس ٣دانە ٢دانە ئۆتاقی بۆخۆی هەیە و هەروەها چێشتخانە و حەمام و دەستشۆری و ...هتد، بەجۆرێك کە هیچکام پێویستی بەویتر نابێت، نان و چای و ئەمانە هەموو شتێکیان هەیە، تەنانەت لەشوقەشدا نەبێت لەمحەلەکانی خۆماندا لەهەندێ جێگەیەکیاندا ئەوان ئەو (٢٠) ماڵە کە ئەوەتان لەوشوقەیەدا دەتوانێ ئینسان بەدڵنیاییەوە بڵێت کە لەساڵدا جارێك یەکێکیان هاوسێ بەرامبەرەکەی خۆی هەواڵی نازانێ و نازانێ وەزعی چۆنە، مەگەر مەسەلەن سەردەمێك کەسێکیان بمرێت و قاڵ هەڵسێ ئەمیش بڵێت چییە، ئاە، یەکێ لێرە مردووە خەڵکی کوێیە؟ مەسەلەن لەدوای سێ چوار ساڵ بزانێ هاوسێیەکیان هەیە، مەسەلەن خەڵکی بۆنمونە (کرماشانە) هی (تارانە) ئەمە لەبەر چییە، چونکە ئەمانە هەموویان لەلەحازی ڕزق و ڕۆزییەوە سەبارەت بەیەك ـ ئەڵبەتە جیاوازیان هەیە ـ بەڵام سەبارەت بەیەك پێویستییان نییە، دەرنەتیجە لەپەیوەندی لەگەڵ یەکتردا چونکە پێویستییان نییە، وەك یەکسانی نیسبەت بەیەکتر، ئەوەیە تەمەدونێك لەوێ خەبەری نییە ـ تەمەدون واتە بەکۆمەڵایەتی زیندەگی کردن نەك تەمەدون واتە سنعەت ـ لێرەدا بەیەکەوە بوون، پەیوەندی کۆمەڵایەتی، ئەمانە مەفهومێکی نییە، وەحشی، یەك لەیەك بێگانە، ئەم ئەو ناناسێ ئەم خەبەری لەو نییە.

بەڵام دنیەکیش بێنە پێش چاو لەم دنیانە کە مەسەلەن ژنێك ساجی هەیە خولنەکەی نییە، یەکێ خوانەکەی هەیە ساجی نییە، یەکێك سەردۆڵەی نییە یەکێك چییەکەی نییە ئەم دەڕوات لەو داوای ساج دەکات ئەو دلوای خوانکە یان ڕنە دەکات ئەو لەو داوای سەردۆڵە دەکات ئەو لەو داوای گوریس دەکات ئەو لەو داوای جەوەنە دەکات، بزانن چەنێك دۆستی و محەبەت ئەوەتا لەناو ئەمانەدا، چونکە



Scanned by CamScanner

لەیەکتر بێ ئیحتیاج نین، ئەصڵەن نیازە لەسەرەتاوە، بۆیە یەکەمین ئایەتمان باسی نیازبووە، کە بزانین نیازە کە ئەصڵەن بنچینەی تەمەدون لەسەری دادەنرێت، کاتێك کەسێك خۆی هەرچی شتە نەیبوو یەکێ شتێکی بوو، ئەو نەیبوو ئەم شتێکی بوو، ئەم نەیبوو، دەرئەنجام دەبێتە هۆکاری ئەوەی کە نیاز بەیەکتر پەیدابکەن، کە نیازیان پەیداکرد پەیوەندییەکی زۆر بەهێز بەیەکەوە پەیدادەکرێت، ئیجتیماع و تەمەدون دادەمەزرێت، ئەوەیە کە خوا لێرەدا دەفەرموێ:

﴿وَلَوْ بَسَطَ اللَّهُ الرِّزْقَ لِعِبَادِهِ لَبَغَوْا فِي الْأَرْضِ﴾

حیکمەتی پڕنەبوونەوەی نیازی ئینسان بەتەنها خۆی

ئەگەر خوا ڕزق و بەخششی خۆی بەتەواوی مانا بۆ تەولوی بەندەکانی زۆر و فراوان بخستایە ئیختیاریان کە هەمووکەس بەتەنها نیازی ڕەفع ببوایە بەبێ ئەوە پێویستی بەکەسی تر ببێ، جا ئەوکاتە نەتیجەی ئەوە، (لَبَغَوْا فِي الْأَرْضِ) لەسنوری مامناوەندی خۆیان هەرکەس لەلایەکەوە تەجاوزیان دەکرد سەرکەشی و سەرپێچی و نافەرمانی و هەرج و مەرج لەدنیادا پەیدادەبوو، کاتێك هەمووکەس لەیەکتر بێ ئیحتیاجن تەعاروف و یەکتر ناسین پەیدانەدەبوو، ئەها لەو ئایەتەدا کە دەفەرموێ:

﴿وَجَعَلْنَاكُمْ شُعُوبًا وَقَبَائِلَ لِتَعَارَفُوا﴾

حیکمەتی دروستکردنی قەبیلە لەئینساندا

بۆیە ئێوەمان گەل گەل و قەبیلە قەبیلە و میللەت میللەت دروست کردووە کە هەر میللەتێك شتێکی هەیە، فەرهەنگێکی هەیە، داراییەکی هەیە، ئەوی تر نیەتی ئەو هەیەتی ئەم نیەتی، ئەوە دەبێتە ئەساسی یەکتر ناسین، کە ئەو نیازە بەیەکتر دەتانکێشێ بۆ لای یەك.

ئەگەر هەموو کەس زۆر و فراوان ڕزق و ڕۆزی دەستکەوتایە و کەس نیازی بەکەس نەبوایە کەس کەسی نەدەناسی و ئیجتیماعێك نەبوو دۆستی و محەبەتێك نەبوو یەکێتی و تەوافقێك نەبوو، دەرئەنجام لەسەر زەویدا سەرکەشی و بەغی و



Scanned by CamScanner

توغیان بوو و تەمەدون ڕێك نەدەكەوت و خیلافەتیش دەبێت لەسەر ئیجتیماع و تەمەدون دامەزرێت و خەڵك بەدەستە جەمعی ئەنجامی بدەن ڕێك نەدەكەوت.

﴿وَلَكِنْ يُنَزِّلُ بِقَدَرٍ مَا يَشَاءُ﴾

وەکو دەڵێ خوا کاربکات، بەڵام بۆئەوە بەرگری لەو فەساد و هەرج و مەرجە بکات بەئەندازەی دیاریکراو بۆ هەرکەس مەیلی هەیە دەنێرێتە خوار بەتەدریج کەم کەم، بەئەندازەیەك کە خۆی دەزانێ مەصلەحەتە دەینێرێ.

جا دەینێرێتە خوار نەك واتە هەمووی لەسەرەوە دەرِژێنێ، هەندێکی لەسەرەوە دەیرِژێنێ کە (بارانە، نورە، گەرمایە ..هتد) و هەندێکیشی لەژێرەوە لەزەوییەوە و لەناوی زەوی و لەسەر زەوی، بەڵام لەبەرئەوەی دەستورەکە لەلای ئەوەوە صادر دەبێت، ئیتر بەناردنە خوار تەعبیری لێ دەدا، بەئەندازەی دیاریکراو کە خۆی ویستی هەیە دەینێرێ، کە ئەو بەرتەریە هەمیشە مەحفوزبێت، هەندێك شتێکیان بێت هەندێکی تر نەیبێ، ئەوان شتێکیان ببێت ئەمان نەیانبێت، ئەوکاتە ئەمەش بزانن کە بەرتەریش نیسبیە، مەسەلەن کەسێك لەزانستدا بەرتەری هەیە بەمل کەسێکی تردا ئەویش لەماڵدا بەرتەری هەیە بەمل ئەمدا، یەکێك توانایی بەدەنی هەیە بەملی یەکێکی تردا، یەکێکیش لەفلان شتدا بەرتەری هەیە بەمل ئەمدا، دەبێت ئەم بەرتەریە مەحفوزبێت تا نیاز بەیەکتر ببێت و ئیجتیماع پایەداربێت.

﴿إِنَّهُ بِعِبَادِهِ خَبِيرٌ بَصِيرٌ﴾

چونکە خوا ئاگایە و زانایە بینایە بەبەندەکانی خۆی، دەزانێ حەقیقەتیان چۆنە دەزانێ بەرژەوەندی ئەوەیە، چونکە ئەو ئینسانی دروست کردووە و ئەو دەزانێ کە ئەگەر هەمووی بێ نیازبوون لەیەك چی دەقەومێ، ئەگەر نیازیان بەیەکتر بوو چ بەرژەوەندییەکی تێدایە، سازندە و ئیدارە کونەندە خۆیەتی، ئەگەر



Scanned by CamScanner

ئینسان ئیعترازێکی گرت دەبێت خۆی شتێ دروست بکات و بۆخۆی بڵێ من ئەو جۆرە دەکەم خوا خۆی ئاوای دروست کردووە مەیلیەتی ئاوای ئیدارە دەکات.

ئایەتی (٣٢)ی سورەتی (الزخرف) (أَمْ يَقْسِمُونَ رَحْمَةَ رَبِّكَ) ئەم ئایەتە ئەوەتا لەدوای ئایەتێکەوە کە دەفەرموێ:

﴿وَقَالُوا لَوْلاَ نُزِّلَ هَذَا الْقُرْآنُ عَلَى رَجُلٍ مِنْ الْقَرْيَتَيْنِ عَظِيمٍ﴾

بیانووی خەڵکی مەککە و بڕوا نەبوون بەپێغەمبەر

خەڵکی مەککە دەیانزانی خۆ (محمد علیە سلام) پێغەمبەرە و دەیانزانی قورئان کتێبی خوایە، ئیعترازیان لەوە نەبوو کە پێغەمبەر نییە بۆیە ئێمە ناکەوینە شوێنی، دەیانوت عەیبمان لێدێ، ئاخر خوا پیاو بڕابوو لەم شارانەدا تا کوڕە هەتیوەکەی (ابو طالب) بکاتە ڕەهبەر!

﴿لَوْلاَ نُزِّلَ هَذَا الْقُرْآنُ عَلَى رَجُلٍ مِنْ الْقَرْيَتَيْنِ عَظِيمٍ﴾

بۆچی ئەم قورئانە نازڵ نەبوو لەسەر یەکێك لەسەر پیاوێك لەسەر یەکێك لەم دوو شارە لە(مەککە یان لە تائیف) پیاوێکی گەورە لەوانە کە ڕەهبەرمانن قورئانەکە نازڵ بوایە بۆ ئەو، ئێمە دەکەوتینە شوێنی، بەڵام لەبەرئەوەی بەسەر ئەم شوانە نازڵ بووە ئێمە قبوڵمان نییە، جا خوا لەدوای ئەوە وەڵامیان دەداتەوە، دەفەرموێ:

﴿أَمْ يَقْسِمُونَ رَحْمَةَ رَبِّكَ﴾

مەگەر بەشکردنی چاکە و ڕەحمەتی خوا لەدەست ئەواندایە؟ ئەوانن کە بەشی دەکەن؟ تا بەویستی خۆیان ئێستا ئەم ڕیسالەتە نەیدەینە (محمد) بیدەینە مەسەلەن (ابو جهل) یان (ئومەیە) یان ...هتد، مەگەر لەدەست ئەواندایە!

﴿نَحْنُ قَسَمْنَا بَيْنَهُمْ مَعِيشَتَهُمْ فِي الْحَيَاةِ الدُّنْيَا﴾

مَعِيشَت

تەنانەت زیندەگیەکەیان ـ مَعِیشَت ـ ئەسبابی زیندەگی دنیایان کە چەنێك بێ ئەرزشە بەرامبەر بەڕسالەت و نبوەت، ئەصڵەن قابیلی بەراورد نییە، ئەوەش ئێمە بەشمان کردووە لەناویاندا هەرلەم زیندەگی کەسب و بێ ئەرزشی دنیاییەدا، واتە



Scanned by CamScanner

تەنانەت بەشکردنی خۆراك و پۆشاکیشیان لەدەست ئێمەدایە، ئێستا ئەوان بەرزدەفڕن دەڕۆن دەیانەوێت نبووەت بەویستی خۆیان دابەش بکەن، ڕیسالەت ئەوان دابەشی بکەن، سەیربکەن بزانن تەنانەت ئەسبابی مەعیشەت و زیندەگی دنیایان ئەوەتا لەدەست ئێمەدا، لەدەست خۆیاندا نییە، کە ئێستا لەجێگەیەکدا زیندەگیەکەی دنیایان ئەوەتا لەدەست ئێمەدا - بەشەکەی ئێستا - ئەوان دەتوانن بۆ ڕیسالەت قسەبکەن!

﴿نَحْنُ قَسَمْنَا بَيْنَهُمْ مَعِيشَتَهُمْ فِي الْحَيَاةِ الدُّنْيَا﴾

ئێمە بەشمان کردووە کە تفاچل و جیاوازی و بەرتەریشمان تێدا قەرارداوە بەپێی ئیستیعدادی فکری و عەمەلی و کەسپ وکار.

﴿وَرَفَعْنَا بَعْضَهُمْ فَوْقَ بَعْضٍ دَرَجَاتٍ﴾

حیکمەتی بەرتەری لەئیسلامدا

هەندێکمان چەند پلەوپایە بەرزتر کردونەتەوە لەهەندێکی تر، بەرزکردنەوە لەسەر بنەمای ئیستیعدادی فکری و عەمەلیە، نەك بەرزکردنەوە بەخاتری ئەوەی لەتەبەقەیەکە یان بێ بەڵگە و بێ عیللەتە، (لِيَتَّخِذَ بَعْضُهُمْ بَعْضًا سُخْرِيًّا)، تا هەندێ هەندێکی تر موسەخەر بکەن، تا هەندێکیان هەندێکی تر بەزۆر واداربکەن بۆئەوەی ئیستیفادەیان لێ بکەن هەندێك ئیستیفادە لەهەندێکی تر بکەن، واتە بۆیە ئەم بەرتەری و تەفازولمانە لەنێوانیاندا قەرارداوە تا ئیستیفادە لەیەکتر بکەن.

ئینجا هەڵە نەکەن کە یانی تەنها هەندێك ئیستیفادەکەر و موسەخیرن هەندێکیش ئیستیفادە لێکراو و موسەخەرن، نەخێر، ئەوەی کە کاردەکات ئیستیفادە دەکات لەوکەسەی کە ساحێبی وەسائیلی بەرهەمهێنانەکەیە، هەروەها ئەم وەسائیلی بەرهەمهێنانەکەی ئەوی موسەخەر کردووە بۆکاری خۆی، ئەویش ئیستیفادە دەکات لەنیروەکەی ئەم، کە ئاوێتەی دەکات لەگەڵ ئەبزار و تەولیدەکەی خۆیدا، نەتیجەیەك پەیدادەبێت، ئەوەی کە مەسەلەن جوتیارە دەڕوات زەوی کەسێکی تر بەقازانج شەراکەت دەیکاتە کشتوکاڵ، ئەم ساحێب

زەوی موسەخەر کردووە و کاری بەسەر زەویەکەیەوە دەکات، ئەویش قودرەتی ئەمی موسەخەر کردووە کە هەندێك لەدەستهاتی دەسترەنجی ئەم لەگەڵ مەنفەعەتی زەویەکەی خۆیدا بەکاردەهێنێت و ئیستیفادەی لێ دەکات.

تفازول و سەخەرکردنی تاکەکان بۆ یەکتر

هەر تاکێك لەتاکێکی تر ئیستیفادە دەکات، تەواوی تاکەکانی بەشەر یەکتریان موسەخەر کردووە، چونکە تەفازوڵ لەنێوانیاندا هەیە، هەرکەسێك شتێکی هەیە ئەوی تر نیەتی ئەم هەیەتی ئەو نییەتی، یەکێك لەفکرەوە دەوڵەمەندە، یەکێك لەقودرەتەوە، یەکێك لەمادیاتەوە، ئەمانە یەکتر موسەخەر دەکەن، هەروەها ئیستیفادە لەدارایی یەکتر دەکەن - دارایی فکری و عەمەلی و قودرەتی و ئەمانە.

دەرئەنجام لێرەدا بەو تەنافی نیازمەندی و حاجەتە ئەفرادی بەشەر بەشێوەیەکی موحکەم دەبەسترێن بەیەکەوە، چونکە هەرکەسێ خۆی تەواوی شتەکانی نییە بۆخۆی ناچارە لەو ئیستیفادە بکات ئەویش لەم ئیستیفادە بکات ئەو لەو ئیستیفادە بکات، کەوابوو بۆیە ئێمە ئەم نیزامی تەفازول و جیاوازییەمان داناوە کە یەکتر بکەنە سوخری، یەکتر موسەخەر بکەن ئەم لەو ئیستیفادە بکات ئەو لەم ئیستیفادە بکات ئەو لەو ئیستیفادە بکات، تا ئەو کۆمەڵگە موحکەم و پایەداری ببێت، تەمەدون بەقووەتی خۆی باقی بێت.

وشەی تەسخیر

(مانای وشەی سوخری کە زۆری تیایە، وتومانە (تسخیر): واتە بەزۆر وادارکردن بەکارێك کە ئەوەیە تەنانەت کەسێك دەڕواتە لای سەرمایەدار - ئەڵبەتە کاتێك دەڵێین سەرمایەدار لەنیزامی ئیسلامیدا ئەو مەفهومەی نییە کە لەنیزامی سەرمایەدارییدا هەیە - کەسێك دەڕوات لەکارخانەی سەرمایەدارێکدا کاردەکات بەزۆر ئەو سەرمایەدارەی وادارکردووە بەوەی ئەو ئامێری بەرهەمێنانە بخاتە ئیختیاری ئەم، چۆن بەزۆر؟ زۆرەکە نەك بڕوات بەکوتەك، واتە ئەو تەرەف ساحێبی ئەبزاری تەولیدە خۆی تەنیا یەکێ ناتوانێ کاری خۆی ببات بەڕێوە، ناچاردەبێت کە قبوڵی بکات، ئەمیش بڕوات وەسائیلەکەی ئەو بگرێتە ژێردەستی

خۆی، هەم ئیستیفادە بۆخۆی بکات، هەم ئەویش ئیستیفادە بکات لەبەکارهێنانی قودرەتی ئەم بەئەبزاری تەولیدی ئەو، بۆیە مەجبوریەتی ئەوەی کە هەرکەس ناتوانێ خۆی کاری خۆی ئەنجامبدات، ماناکەی ئەوە دەگەیەنێت کە ئەویتر بەزۆر واداری دەکات، ئەم خۆی ناچارە و ناتوانێ هەموو شتێ بکات، بەڵام ئەو واداری کردووە ئەوە مانای زۆرەکەیە، ئەگینا لەنیزامی ئیسلامیدا کەسێك ناتوانێ زۆر لەکەسێکی تر بکات، نە مالیکەکە لەکارگەر و نە کارگەر لە مالیکەکە).

﴿وَرَحْمَةُ رَبِّكَ خَيْرٌ مِمَّا يَجْمَعُونَ﴾

دووبارە دەرواتەوە بۆ باسی یەکەمی ئایەتەکە، دەی لەحالێکدا لەزیندەگی دنیاییدا جیایی و تەفازوڵمان بەرقەرارکردووە، خۆ ڕەحمەتی پەروەردگارەکەی تۆ کە بەتۆی داوە، واتە ڕیسالەت و نبوەت بەحەزرەت ئەو باشترە لەوەی کە ئەوان کۆی دەکەنەوە، واتە لەجێیەکدا لەم زیندەگی دنیاییەدا ئەوان ناتوانن بەئارەزووی خۆیان بۆخۆیان شت بەدەست بێنن، تەفازول و جیاوازی ئێمە بەرقەرارمان کردووە، ئەم ڕەحمەتی پەروەردگاری تۆ کە ڕیسالەت و نبوەتە ئەوە گرنگترە و باشترە، کەوابوو لەمەشدا ئەوان مافی دەخالەتیان نییە کە ئەوان دیاری بکەن، نەیدەنە دەست تۆ بیدەنە دەست کەسێکی تر.

ئایەتی (٣٢)ی سورەتی (النساء) ﴿وَلاَ تَتَمَنَّوْاْ مَا فَضَّلَ اللّهُ بِهِ بَعْضَكُمْ عَلَى بَعْضٍ﴾ دامەنیشن خۆزگە بخوازن، خوا هەندێکتانی بەرتەری داوە بەواستەی هەندێ شتەوە بەمل هەندێکی تردا، یەکێك زانستی لەیەکێك زیاترە، یەکێك تاعەت و تەقوای لەیەکێك زیاترە، یەکێك ماڵی لەیەکێك زیاترە، یەکێك قودرەتی لەیەکێك زیاترە، دانیشن خۆزگە منیش ئەوەندەم ببوایە ئای خوا بیدەی بەمن و نازانم چییکەی! تەنانەت لەجێگەیەکی تردا، دەفەرموێ: خۆزگە خواستن

﴿أَمْ يَحْسُدُونَ النَّاسَ عَلَى مَا آتَاهُمُ﴾



Scanned by CamScanner

ئەوە حەسەد دەبەن، ئارەزوو دەکەن کە ئەو نیعمەتەکەی لەدەستی دەرچێ، دەفەرموێ ئەگەر ئێوە دەتانەوێت ئێوەش بەرخورداربن لەخەیر و نیعمەت، دامەنیشن ئارەزووکردن و خەیاڵ پڵاوکردن، منیش ئەوەم ببوایە و ئارەزوو بکەی بۆی و نەخشەی بۆ بکێشی، نەخێر، ئەساسی بەدەستهێنانی ڕەحمەتی خوا لەسەر ئارەزوو نییە، هەزارساڵ من دانیشم ئارەزوو بکەم ئای بۆ نانێك، وەك دەڵێ: "تەمەڵکە وتی سێوەکە خۆی دێت" یان دەڵێ "زردآلو بیا تو گلو"، ئەوە هەرگیز شتی وا ئیمکانی نییە.

ئەساسی نیزامی خوا لەسەر ئەوە نییە کە یەکێك بەئارەزوو شتی بۆ بێت، دامەنیشن ئارەزووکردن ئەو بڵێ ئای فڵانەکەس ماڵی هەیە خۆزگە منیش ئەوەندەی ئەوم ببوایە، یان ئەو زانستی هەیە منیش ئەوەندەم ببوایە، ئەو زۆری هەیە منیش ئەوەندەم ببوایە، نەخێر، هەستن بکەونە کارکردن، چونکە ئەو شەخسە کە ئەوەندەی هەیە ـ ئەڵبەتە کاتێك نیزامی دروست بێت و زاڵمانە نەبێت ـ ئەو شەخسە کە ئەوەندەی هەیە لەبەرئەوەیە کە ئیستیعدادی فکری و عەمەلی خۆی خستووەتەکار، فەرموو تۆش هەستە ئیستیعدادی فکری و عەمەلی خۆت بخەرەکار، ئیتر تەمەنا و ئارەزوویش چییە، لەدوایش ئەگەر هاتوو ئیستیعدادی فکری و عەمەلی خۆت خستەکار دووبارە کەمترت بوو ئەوکاتە هەم مافت نییە دووبارە ئارەزوو بکەی و بڵێی ئاخ بمبوایە، چونکە ئەو ئارەزووانە ئەگەر ڕێگە بدرێت واتە چی؟ واتە تۆ ئارەزوو دەکەی بۆئەوەی یەکسانی موتڵەق بەرقەراربێت، یەکسانی موتڵەقیش واتە هەڵتەکانی ئەساسی تەمەدون ـ کە لەئایەتەکەی پێشتردا ڕونمانکردەوە ـ ئەگەر جیاوازی و بەرتەری نەبێت شارستانی و ئیجتیماع ئیمکانی نییە ڕێك کەوێت، بۆیە ئەوانەی کە خەیاڵ دەکەن کە ڕۆژێك یەکسانی موتڵەق بەرقەراربێت، واتە ئارەزوو دەکەن بۆئەوەی ڕۆژێك ئەساسی شارستانی و کۆمەڵایەتی و ئیجتیماع بهەژێت و هەرج و مەرج و بێ سەر

ئەساسی نیزای خوا لەسەر کارکردنە

یەکسانی موتڵەق یان هەڵتەکانی ئەساسی تەمەدون



Scanned by CamScanner

و بەری لەجیهاندا حاکم بێت، کەوابوو ئارەزوو مەکەن، بۆئەوەی کە ئەوەتا لەدەست هەندێکی تردا ئەوان زیاتریان هەیە لەنێوە.

﴿ لِلرِّجَالِ نَصِيبٌ مِمَّا اكْتَسَبُوا وَلِلنِّسَاءِ نَصِيبٌ مِمَّا اكْتَسَبْنَ﴾

پیاوەکان لەوەی کە خۆیان بۆخۆیان بەدەستیان هێناوە بەهرە و نەسیبێکی دیاریکراویان هەیە، هەروەها ژنانیش لەوەی کە بەدەستیان هێناوە بۆ خۆیان بەهرە و نەسیبی موعەیەنیان هەیە، واتە ئەوە ئەوان بۆیە هەیانە، چونکە بەدەستیان هێناوە، چ ژن چ پیاو، تۆش ئارەزوو مەکە تۆش برۆ بەدەست بهێنە بۆ خۆت ـ ئەڵبەتە ئەگەر کاتێک کە زوڵم و ستەم نەکرێت و نیزامێکی نا دادپەروەرانە حاکم نەبێت کە ئینسان خۆشی بەدەست ناهێنێت و لەهی خەڵک دەبات بۆ خۆی ئەوە، نەخێر، ئامانج ئەوەیە کە لەنیزامێکی دروست و ڕاستدا نێوە ئاوا تەمەننا مەکەن ئارەزوو مەکەن ـ تەرەف بۆیە هەیەتی چونکە (اكْتَسَبُوا ـ اكْتَسَبْنَ) چونکە زەحمەتیان کێشاوە، بەدەستیان هێناوە، ئیستیعدادی فکری و عەمەلی خۆیان خستوەتەکار، بۆیە ئەوەیان بەدەست هێناوە.

مالیکیەتی فەردی لەئیسلامدا ئەرکێکی کۆمەڵایەتیە

ئەمجارە لەوەی کە هەیانە نەصیبیان هەیە، ئەڵبەتە نەیفەرمووە هەرچییەکیان هەیە هی خۆتانە، (نَصِيبٌ مِمَّا) هەندێک لەوە کە بەدەستیان هێناوە، چونکە هەندێ تری بۆ کۆمەڵگەیە، چونکە مالیکیەتی فەردی لەئیسلامدا وەزیفەیەکی کۆمەڵایەتییە، تاک کە شتێک بەدەست دەهێنێت تەنیا بۆخۆی نییە، لەپێشدا پڕکردنەوەی حاجەت و نیازی خۆیەتی، لەدواتریش ئەوی تر ئەوەتا لەخزمەتی کۆمەڵگەدا، بۆیە دەفەرموێ (مِمَّا) هەندێک لەوە، بەڵام هەر ئەوەی خۆی کە دەفەرموێ بەشێک لەوەی کە بەدەستیان هێناوە بۆخۆیانە ئیسپاتی مالیکیەتی فەردییە.



Scanned by CamScanner

لەلایەکی تریشەوە نیزامی خوا ئاوایە کە (١٤٠٠) ساڵ لەمەوبەر مالیکیەت بۆ ژن ئیسپات دەکات لەحاڵێکدا لەڕۆژئاوا لەم دواییەدا ڕێگەیاندا کە ژن بەبێ ئیجازەی شو و باوك و برای مامەڵە بکات، مەسەلەن خۆی ئیستیقلالی لەئابووریدا بکات.

کەوابوو ئارەزووکردن بۆئەوەی یەکسانی موتڵەق ببێت شتێکی هەڵەیە، هەروەها تەمەڵکاری و ئارەزوو بۆئەوەی ئینسان ئیستیعدادی فکری و عەمەلی خۆی نەخاتەکار و ئارەزوو بکات کە ئەویش وەك خەڵك بیبێت ئەویش هەڵەیە، دەبێت هەستێت و کاربکات.

﴿إِنَّ اللَّهَ كَانَ بِكُلِّ شَيْءٍ عَلِيمًا﴾

چونکە خوا بەهەرچی شتە زانایە، خۆی ئەو نیزامەی دروستکردووە، خۆی دەزانێ کە بەرژەوەندی لەمەدایە جیاوازی ببێت تا نیاز بەیەکتربێت تا کۆمەڵگە ببێت تا خیلافەت ئەنجام بدرێت.

ئایەتی (٧١)ی (النحل) کە هەڵەیەکی تێدا دەکرێت لەڕستەی (فَهُمْ فِيهِ سَوَاءٌ) لەئەسەری ئەوەی هەندێ وردەکاری و دەقائیق لەزمانی عەرەبیدا هەیە سەرنجی پێ نادرێ، ئاگایی تەواو لەعەرەبی نییە دەبێت ڕونی بکەمەوە.

﴿وَاللَّهُ فَضَّلَ بَعْضَكُمْ عَلَى بَعْضٍ فِي الرِّزْقِ﴾

ئەمە ڕۆشن بووە خوا بەرتەری داوە لەڕزقدا لەهەندێك بەمل هەندێکی تردا، لەسەر ئەساسی ئەو کەم و زیادییە کە لەئیستیعدادی فکری و عەمەلیدا هەیە و لەسازگاری شەرایت و مەیدانی عەمەلدا هەیە، ئەڵبەتە ئەم ئایەتە باسی ئیستیدلال بۆ تەوحید و ڕەدی شیرکدایە، هەروەها ئایەتێکی تریش هەر لەم مانایەدا هەیە، ئایەتی (٢٨)ی سورەتی (الروم) تەنها کەمێك ئەلفازەکەیان جیاوازە، بەڵام ئەویش لەم مانایەیە تەنانەت لەوێ باش ڕۆشنی دەکاتەوە کە دەفەرموێ پەند و ئامۆژگارییە، خوا لەخۆتان (ضَرَبَ لَكُمْ مَثَلاً مِنْ أَنْفُسِكُمْ) لەوێ دەفەرموێ لەئایەتی (٢٨)ی (الروم)دا، کە هەر لەزیندەگی خۆتان نمونەیەکتان بۆ دێنێتەوە بۆئەوەی



Scanned by CamScanner

که شیرك هەڵەیە، ئاخر شیرك واتە مەخلوقێك یەكسان بكەی لەگەڵ خالقدا لەفەرمانڕەوای و فەریادڕەسیدا لەحاكمیەت و بەڕێوەبردنی كائیناتدا.

ڕەددانەوەی شیرك لەڕێگەی بەراوردی کرێکار و سەرمایەدارەوە

جا خوا دەفەرموێ نمونەیەکتان بۆ دێنمەوە، لەپێشدا مانای دەکەم دواتر ڕونی دەکەمەوە، دەفەرموێ نمونەیەك هەر لەخۆتان دێنمەوە بزانن ئەم شیرکەتان دروستە یان درووست نییە، ئێوە لەناو خۆتاندا سەیردەکەن سەردەمانی کۆن بەندە و ئاغا بوو، هەندێك ئاغان کۆمەڵێك بەندە، ئاشکرایە ئاغا زیاتر دلرایی هەیە لەبەندە، ئیتر چ دلرایی فکری چ بەدەنی چ مادی، چونکە ئیتر ئەوان - بەندەکان - زەمینەیان موساعید نەبووە بۆئەوەی بتوانن توانایی یان دارایی فکری بەدەست بهێنن.

هەروەها ئەمڕۆ بەندە و ئەوانە نییە ئاغا نییە ئەمڕۆ ئیتر مالیکە و کارگەر، مەسەلەن یان کەسێك فێڵی هەیە یان هەرچییەك لەوانە، دەفەرموێ ئێوە ئامادەدەبن هەر لەناو خۆتاندا ئەوانەی کە زۆرتریان هەیە هەندێك کار بۆ ئەوانە دەکەن، واتە لەسەر مولکی ئەوانەوە لەسەر ئەبزاری تەولیدی ئەوانەوە کاردەکەن - نەك کار بۆ ئەوان دەکەن بەو مانایە نا کە ئیستیسماریان بکەن - ئەوانە کە کار لەلای ئەوان‌دا دەکەن ئەمان ئامادەدەبن کە هەرچییەك زیادەیان هەیە بیدەنە ئەوان، تا یەکسان بن، ئەوە بۆ خۆتان ئامادەنابن ئەوانەی کە زیاتریان هەیە بەشێوەی یەکسان دابەشی بکەن لەگەڵ ئەواندا، تا هەمووی ڕێك ببێت، بەڵام بۆ ئامادەدەبن سیفەتی فەرمانڕەوایی و فەریادڕەسیتان دابەش دەکەن لەنێوانی خودا و لەنێوانی بەندەکانی خودا.

دەفەرموێ ئێوە خۆتان لەناوخۆتاندا تەنانەت ڕازی نین ئەو زیادەیەی کە خۆتان هەتانە بیدەنە بەندەکانتان، تا ئەوانیش لەگەڵ ئێوەدا یەکسان بن، ئەوکاتە ببنە هاوتای خۆتان، کە ئیتر لەگەڵیاندا دەست بکەنە پێشبڕکێ کردن لەگەڵیان لەمەیدانی زیندەگیدا، ئەوە بۆ ڕازی نین ئێوە بەندەکانی خۆتان لەگەڵ



Scanned by CamScanner

خۆتاندا یەکسان بن، بەڵام بۆ ڕازین کە مەخلوقێکی خوا لەگەڵ خوا یەکسان بێت لەفەرمانڕەوایی و فەریادڕەسیدا.

جا لێرەشدا هەر لەو مانایەدا ئەڵبەتە ئایەتەکان زۆر پەیوەندییان بەیەکەوە هەیە، هەروا باسی شیرکە ئەم ئایەتە دەفەرمویێ، لێرەش کە دەفەرمویێ خوا لەڕزقدا بەرتەری کۆمەڵێکی داوە بەمل کۆمەڵێکی تردا.

﴿فَمَا الَّذِينَ فُضِّلُوا بِرَادِّي رِزْقِهِمْ عَلَى مَا مَلَكَتْ أَيْمَانُهُمْ﴾

لەدوای ئەوەی تەفازول و بەرتەری درلوە، ئەوانەی کە بەرتەریان دراوە ئامادەنین کە ڕەدی بکەنەوە ئەو شتە زیادەیەی کە هەیانە بۆ ئەوانەی کە ئەوەتان لەژێر دەستیاندا و لەخوارتری ئەمانەوە هەیانە، مەسەلەن ئاغایان بۆ بەندەکانیان کە لەکۆندا بوون یان ئێستا مەسەلەن مالکێك بۆ کارگەرێك کە لەسەر موڵك و شتی ئەوەوە کاردەکات.

دەرنەتیجە تەقریبەن هاوشێوەی ئەوەیە لەبەردەستیدا ئەڵبەتە (مَلَكَتْ أَيْمَانُهُمْ) بۆ بەندە بەکاردەبرێت، بەڵام لێرەدا ئێستا ئێمە ئیتر چونکە بەندە و شت نەماوە تەقریبەن مەفهومێکی هاوشێوەی ئەوە دەگرین بۆئەوانەی کە لەژێر دەستی ئەماندا کاردەکەن، واتە لەناو موڵکی ئەماندا و لەسەر ئەبزاری تەولیدی ئەمانەوە، ئەوانەی کە زیاتریان هەیە ئامادەنابن زیادەکەی خۆیان بدەنە ئەوانی تر کە لەخواری ئەمانەوە هەیانە، (فَهُمْ فِيهِ سَوَاءٌ) تا یەکسان ببن لەڕزق و ڕۆزیدا و لەدلراییدا و لەبەخششەکانی خودا، بەڵام دەی بۆ ئامادەدەبن فەرمانڕەوایی و فەریادڕەسی لەنێوان خودا و لەنێوان مەخلوقاتیدا دابەش دەکەن، خۆیان ئامادە نابن لەگەڵ ئەوانەی کە لەخواریانەوەن یەکسان ببن، بەڵام خوا لەگەڵ مەخلوقیدا یەکسان دەکەن.

ڕوونکردنەوەی وشەی (فهم) — ئینجا مەبەستم ئەو وشەی ئەو (ف) فی (فَهُمْ) وتم کە هەندێك وردەکاری و دەقائیق لەعەرەبی نازانن ئەو (ف)یە (ف)ەکە لەعەرەبیدا کاتێك تەرجەمەی



Scanned by CamScanner

دەکرێتەوە، مەشهورە لەناو زمانی عەرەبدا کە بەمانای (حتی) بەکاری دەهێنن، کە ئەگەر بمانەوێت ڕستەیەکی عەرەبی وەرگێڕین ڕونتر دەبێتە (حتی یکونوا فیه سواء) بەکوردی ئاوای پێ دێت کە (تا هەموو یەکسان بن)، هەندێك بەپەلە سەیری دەکەن لەپێش و لەدوا دادەبڕێن، ئەوکاتە وا دەزانن کە (فَهُمْ فِيهِ سَوَاءٌ) بۆیە ئەوان تیایدا یەکسانن، یەکسانن و حەق نییە ئەم تەفازیلە ببێت، لەحاڵێکدا کە هەر خودی سەرەتای ئایەتەکە ڕەدی دەکاتەوە ئەم (ف) بەمانای (حتی) نەتیجەگیرییەك کە پێشتر دەکرێ.

دەفەرموێ ئامادەنابن ئاوا بکەن تا یەکسان بن، واتە ئەگەر بەهاتایە و وای نەکردایە یەکسان دەبوون، بەڵام ئیتر باسی ئەوە نییە کە ئایا یەکسانی لەم مەسئەلەی مەسائیلی ئابووری و شتەدا ئەڵێن یەکسانی خوا داوای دەکات یان داوای نەکات، لێرەدا باسی ئەوە نییە، لێرەدا باسی ئەوەیە کە ئەمان ئامادەنابن ئەم دابەشکارییە بکەن تا یەکسان بن، تا یەکسان بن نەك (فَهُمْ فِيهِ سَوَاءٌ) بۆیە ئەوان یەکسانن تیایدا، تا یەکسان بن مانایەتی، نەك کەوابوو ئەوان یەکسانن تیایدا.

﴿أَفَبِنِعْمَةِ اللَّهِ يَجْحَدُونَ﴾

کەوابوو ئایا ئەمانە ئینکاری نیعمەتی خوا دەکەن لەگەڵ ئەمەدا کە دەشزانن (جحد) واتە زانینی شتێ و ئینکاریکردن لەڕووی ئاگاییەوە، دەزانن خوا، ئاخر نیعمەتەکانی لەپێشەوە ڕونمکردنەوە لەسورەتی (النحل)دا کە هەمووی موقتەزیە بۆ ئەوەی موەحید بێت، جا دەفەرموێ ئەو هەموو نیعمەتەی خوا هەیە موقتەزییە بۆئەوە کە غەیری ئەو فەرمانڕەوا و فەریادڕەسێك ئێوە قبوڵی نەکەن، دێن ئینکاری نیعمەتی خوا دەکەن! لەئیقتیزای نیعمەتەکانی لادەدەن و شەریکی بۆ قەراردەدەن!

## سەرپێچی لەفەرمانی خوا و تێکچوونی مالکیەتی فەردی

جا ئێستا دێینە سەرئەوەی کە ئەگەر هەر کەسێك هەرشتێك بەوەسیلەی نیروی فکری و عەمەلی خۆی کەسب دەکات قودرەت و توانای تەواویشی بۆ پارێزگاری ئەوە ببوایە، واتە لەلەحازی قودرەتیشەوە موستەزعەف بونی نەبوایە، هەرکەس هەرچییەکی بوو بیتوانایە دیفاعی لێبکردایە، کێشەیەك تا ئەندازەیەك پەیدا نەدەبوو، جگە لەهەندێك فەلەج و شت کە ناتوانن وەسائیلی زیندەگی دابین بکەن، یان ئەفرادێك کە ئیستیعدادی فکری و عەمەلیان کەمترە لەوەی کە پێویستیان ڕەفع بکات، بەڵام چونکە بەهۆی سەرکەشی و نافەرمانی لەبەرنامەی خوا بەدرێژایی مێژوو تاغوت و موستەکبیرین پەیدابوون - موستەکبیر ئیتر چ لەشێوەی فەرمانڕەوایەکی ناحەقدا یان سەرمایەدارێکدا یان فریوکارێك کە بەرنامەی خوا بەجۆرێکی تر بەخەڵك بناسێنێت، کە تەوجیهی زوڵم و ستەم بەئیستیزعاف بکات - چونکە بەدرێژایی مێژوو ئەوە بووە، دەرنەتیجە پەیوەندی تاکەکانی ئینسان لەسەر ئەساسی زوڵم و ستەم دانراوە بەئیستیسنای سەردەمێ کە قانونی خوا حاکم بووە، نەتیجە بووەتە ئەوەی کە زۆرێك لەتاکەکان لەدەستهاتی دەسترەنجی خۆیان بێبەش بوون، نیروی فکری و عەمەلی خۆیان خستوتەکار شتیان بەدەست هێناوە، بەڵام کەسێکی تر بردویەتی، مەسەلەن کارگەر کاری کردووە، دەستهاتی ڕەنج و زەحمەتی سەرمایەدار خواردویەتی، ڕەعیەت زەحمەتیان کێشاوە جوتیاران کارگەران ئاژەڵداران...هتد، فەرمانڕەواییان بردویانە.

خواردنی ماڵی خەڵکی بەناحەق و سەرپێچی قانونی خوایی

یان وەك ئایەتێك لەئایەتەکانی سورەتی (التوبە)دا، خوا دەفەرموێ زۆرێك لەمەلا و شێخەکان ماڵی خەڵکی بەباتڵ دەخۆن بەدرێژایی مێژوو هەمیشە ئاوا بووە کە هەندێك بەناو ڕەهبەری دینییەوە خەڵك ڕۆشتوون کاریان کردووە و



Scanned by CamScanner

دەستیان بلۆقین بووە و ئارەقیان ڕژاندوە هێناویانە پێشکەشی ئەویان کردووە، ئەویش خستوویەتیە ژێر نەوگەکەدا کە لەسەریەوە دانیشتووە.

دەرنەتیجە لەم باسەدا تێبینی دەکەین کە بۆ جڵەوگیری لەوەها پەیوەندییەکی زاڵمانە هەم مەبادئێکی ئەخلاقی و هەم قەوانینێکی ئیجرائی - قەوانینێك کە پشتیوانی ئیجرائیان هەیە - خوا زۆر بەشدەت جڵەوگیری دەکات و دەعوەتی مرۆڤایەتی دەکات بۆئەوەی لەو پەیوەندییە زاڵمانە دەست بکێشن.

﴿وَيْلٌ لِلْمُطَفِّفِينَ﴾

(وای، زشتی، ڕسوایی) بۆئەوانەی کە کەم دەکەن، مافی خەڵکی کەم دەکەنەوە، لەپەیوەندی ئابوورییاندا کاتێك کە ماف مەترەحە لەنێواندا کە بگیرێت یان بدرێت ئەمان مافی خەڵکی کەم دەکەن.

﴿الَّذِينَ إِذَا اكْتَالُوا عَلَى النَّاسِ يَسْتَوْفُونَ * وَإِذَا كَالُوهُمْ أَوْ وَزَنُوهُمْ يُخْسِرُونَ﴾

غەش و سەرپێچی کردن لەخوای گەورە

ئەوانەی کە کاتێك لەخەڵکی پەیمان و شتیان لێ وەردەگرن، ئیتر یان بەشێوەی پەیمانە، کە لێرەدا سەریحە، یان بەقیەش بەقیاسی ئەم کێشانە یان گەزکردن یان ژمارەکردن یان هەرجۆرێکی تر، کاتێك لەخەڵکی شت وەردەگرن بەتەواوی وەریدەگرن یەك دانەی جێناهێڵن، ئەگەر بۆشیان بکرێت زیادە وەربگرن کە ئەوە ئیتر بەخەیری خوای دەزانن، کاتێك لەخەڵکی شت وەردەگرن دانەیەکی بەلایانەوە جێناهێڵن، ئەڵبەتە لەوانەیە خەڵکی نەیەڵێ، ئەگینا زیادەشیان دەستبکەوێت دەیهێنن.

بەڵام لێرەدا دەفەرموێ (يَسْتَوْفُونَ) چونکە تا کاتێك کە تەواو بیسێنن بەرامبەریش ئامادەیە، ئینجا ئەو (استیفاء) کە ئەمان دەیکەن نیشانەی تەماع و هەمووی دەبەن، کاتێ مافیان بەلای خەڵکەوەیە وەریدەگرنەوە و هەمووی لێ دەسێنن، بەڵام کاتێك دەپێون بۆ خەڵکی یان دەکێشن یان دەژمێرن یان گەز

دەکەن یان مافیان بەهەر جۆرێك ئەدا دەکەن (يُخْسِرُونَ) کەمی دەکەن، کۆشش دەکەن کەمتر لێی بپەڕێنە.

وەك دەڵێت جارێك کابرایەك لەکاروانێکدا گەنمی پێوانەکردبوو هەر گەیاندیە ١٣ و هاتبووەوە بۆ ١١ لەو حەتا ١٣ ١٣، ١١ بەرەو ژوور هەم بەرەو خوار، یان مەسەلەن کاتێ گوێز دەژمێرن تەماشادەکەی لەجیاتی ٥، چواردانە دەگرێتە دەستەوە دەیخاتە ئەولا گوێزەکانی دەژمێرێ بۆ کابرای (هەمەدانی) کە دەیکڕێ یان (توسرکانی)، یان کاتێك مەنەکە دەیپێوێ ئاوا تەقەیەکی لێدا بازێکی لێ دەڕژێتەوە زەوی، ئەڵبەتە ئەمانە شێوەیەکی زۆر سادەن لەکۆمەڵگەدا.

کاتێك سەرمایەدار حەقێکی بەلای کارگەر و تەبەقەی ژێر دەستەوە بێت، قەرانێکیشی نایەڵێتەوە هەمووی لێ دەسەنێتەوە، بەڵام کاتێك خۆی داوای لێ دەکرێت کە حەقی کارگەر بدە، بەچ حاڵێ، چ نقەنقێ، مەسەلەن لە(١٠٠) تمەن دەستڕەنجی کارگەرەکە (٥) تمەنی پێ بدات، بۆئەوەی بژی و سبەینێ هەم کاری بۆ بکات، کەمێك بەری دڵی بگرێت، کە دووبارە بمێنێ بۆ خۆی، بەقییەی نادات و بۆخۆی دەبات.

ئەڵبەتە ئایەتەکە لەبەرئەوەی کە باسی ئابوورییە، تەنها وتم لەزەمینەی ئابووری لەوە دەگرێت، ئەگینا بۆ هەموو شتێك و بۆتەواوی شتەکانە، لەپەیوەندی کۆمەڵایەتیدا لەهەر شتێ کە لەزیندەگیدا مەترەح دەبێت، کاتێك لەخەڵك شت دەگرن هەمووی دەگرن بۆ خۆیان، کاتێ شتی خەڵکی ئەوەتا بەلایەنەوە و دەیدەنەوە هەندێکی لێ دەگرن لەهەر شتێکدا بێت، مەسەلەن لەلەحازی تۆڵە و سزا و ئەو جۆرە شتانەوە، کاتێك یەکێك جمێنێکی پێ بدات جمێنێکی پێ دەداتەوە، واقعەن نابێت حەرفێك لەوە کەمتربێت، بەڵام ئەگەر مەسەلەن ئەم لەپێشدا جمێنێکی داو بەرامبەر ویستی پێی بداتەوە، ئەگەر دەسەڵاتی بوو دەمی دەکوتێتەوە ئەم حەقی هەیە بەڵام ئەو حەقی نییە! هەمیشە هەروا بووە لەنیزامی



Scanned by CamScanner

ئەشراف و شتدا، مەسەلەن ئەگەر ئاغا هەزار جمێنیشی دابێت تەنها ڕەعیەت لەژێریشەوە ڕوانیبێتی، بلێ ئەوە دەلێ چی! ئیتر واوەیلا بۆی.

رەچاونەکردنی قسط و تووشبوون بەسزای خوایی

لەهەرشتێکدا، وای ڕسوایی و زشتی بۆئەوانەی کە نیزامی (قِسْط) ڕەچاو ناکەن، بەرامبەری ڕەچاو ناکەن، هەروا کە خۆیان حەقی تەواو لەخەڵك دەسێنن، بەڵام خۆیان کامڵەنیش ئەدای ناکەنەوە، ئیتر تەواوی زەمینەکانی زیندەگی ئینسان دەگرێتەوە، هەروەها ئەوە هەڕەشەیەکە بەشێکی پەیوەندی بەسزا و تۆڵە و جەزای قیامەتەوە هەیە کە لەڕێ خوا حەقیان لێ دەسێنێتەوە، بەشێکیشی هەر لەدنیا ـ هەرگیز زاڵم بێ تۆڵە و سزا لەدنیا ناڕوات ـ جا جیاوازییان هەیە، کات هەیە ڕۆشنە وەك مەسەلەن (محمد ڕەزاشا) تێیان هەڵدا دەریان کرد، کاتیش هەیە ڕۆشن نییە، مەسەلەن نەفەرێك بەڕواڵەت بەئیحترام دەمرێت و دەڕوات، بەڵام ئەو دڵە لەرزە و دڵ هرۆ و ناڕەحەتی و خەستەیی ئاسا و خەیاڵاویەی کە هەیەتی لەتەواوی تەمەنیدا دەترسێ لەسەرپێچی و لەتوغیان و سەرکەشی و ئەمانە، ئەوە خۆی یەکێکە لەگەورەترین ئەشکەنجەکانی کە هەر لەم دنیا لەتەمەی پێ دەبرێت تا ڕۆژی قیامەت، جا ئەوە لەلەحازی ئەخلاقی و ئیمانییەوە، کە وتمان مەبادئی ئەخلاقی لەکاردا هەیە.

ئیسلام بۆ پیادەکردنی قسط هاتووە

لەلەحازی قەوانینی ئیجرائیشەوە کەسێك کە ناوابوو موتەفیف بوو حەقی حکومەتی ئیسلامیە ئەگەر سەردەمێك بوو دەخالەت بکات لەنێواندا، ئەگەر کەسێك حەقی کەسێکی بەتەواوەتی نەدا، بەزۆری قانون لێی بسێنێت و بیداتە دەستی بەرامبەر، چونکە ئیسلام بۆ پیادەکردنی (قِسْط) هاتووە، کەوابوو لەم شێوەیەدا ئەگەر کەسێکیش مالکی وەسائیلی بەرهەمهێنان بوو لەهەر سنورێکدا کاتێك قانونی پیادەکردنی ئیسلام بەئیزافە قانونی ئەخلاقی و ئیمانی لەسەریەتی بەپیادەکردنی (قِسْط)، ئەگەرچی مالیك یان سەرمایەدار پێی خۆشە کە ئیستیسماری عامیلەکە بکات، بەڵام ئیسلام دەخالەتی شەدید و قاتیعانە دەکات و

بەرگری لەئیستیسمار دەکات، کەوابوو هیچ مەفسەدەیەك پەیدا نابێت لەوەدا کە کەسێك مالیکی وەسائیلی بەرهەمهێنانە.

ئایەتی (١٥٢)ی الانعام: ﴿وَلاَ تَقْرَبُوا مَالَ الْيَتِيمِ إِلاَّ بِالَّتِي هِيَ أَحْسَنُ حَتَّى يَبْلُغَ أَشُدَّهُ﴾

نزیك مەکەونەوە لەماڵی (یەتیم)، نەك تەنیا مەیخۆن، تەنانەت نزیکی مەکەونەوە، ئیتر ئەوە زۆر گرنگە، مەسەلەن لەهەندێ جێگەدا بۆنمونە دەفەرموێ فلان شت مەکەن، مەسەلەن ماڵی خەڵك بەباتڵ مەخۆن، ﴿وَلاَ تَأْكُلُوا أَمْوَالَكُمْ بَيْنَكُمْ بِالْبَاطِلِ﴾

ماڵی هەتیو و بەڵگەیەك بۆ سەلماندنی مالیکیەتی فەردی

ماڵی هەتیوو مەخۆن، چونکە بێ دەسەڵاتە و توانای بەرگری لەمافی خۆی نییە، تەنانەت دەفەرموێ نزیکی مەکەونەوە، ئیتر ئەوە زۆر شەدیدە، هەمیشە چەند هەنگاویش لەدورییەوە بن - ئەمەش بەڵگەیەکی ترە بۆ سەلماندنی مالیکیەتی فەردی لە ئیسلامدا - سەرنج بدەن کە دەیبەستێتەوە، (حَتَّى يَبْلُغَ أَشُدَّهُ) واتە تا سەردەمێك کە نیر و قودرەتی بۆ پەیدانەبێت، کە خۆی بتوانێ بەرگری لەمافی خۆی بکات، ئێوە دەبێت زۆر زۆر خۆتان لەو ماڵەی ئەو بپارێزن، ئەصڵەن نزیکی نەکەونەوە بەجۆرێکی خراپ کە لەتمەی لێ بدەیت، واتە ئەم یەتیمە مالیکی ئەو ماڵەیە، بۆیە دەبێت بەدیارییەوە هەڵی بگریت تا (١٥ یان ١٦) ساڵ تا ئەو گەورە دەبێت، ئەگەر مالیکیەتی فەردی نەبولیە ئەوە خەرج دەکرا، دەیانوت ئەوە هەرکاتێ ئەویش باڵغ بوو لەدواتردا مەسەلەن هەندێ شت دەدەینە دەستی و بۆ خۆی، ببێت بەئیرس و بۆی جێمابێت، ئیسلام دەستور دەدات کە دەبێت پارێزگاری بکەی بۆی، تا سەردەمێ کە قودرەت و توانای بەرگری لەمافی خۆی پەیدابکات.

کەوابوو ئەمە ئەوە دەگەیەنێت کە مالیکیەتی فەردی هەیە، ئەگینا ئەگەر وانەبێت ئەصڵەن دروست نەبوو بڵێی (مَالَ الْيَتِيمِ إِلاَّ بِالَّتِي).

ئیجا وتومانە هەمیشە موستەزعەف سێ گروپن (نەزان، ناتەوان، نەدار)، یەتیم کاتی وا هەیە دارایە، کاتی وا هەیە نەدارە، بەڵام لێرەدا چونکە (مَالَ الْيَتِيمِ) لەوانەیە کە دارایە لەو لەحازەوە موستەزعەف نییە، هەروەها لەلەحازی ئەمەشەوە کە زانابێ یان زانا نەبێت لێرە باسی نەکراوە، ئەگەری هەیە زانا بێت یان زانا نەبێت گرنگ نییە، چونکە چ زانابێت چ زانا نەبێت کاتێك توانای بەرگری نییە دەتوانن لێی بسەنن، لێرەدا یەتیم موستەزعەفە لەلەحازی ئەوەوە کە توانای بەرگری لەمافی خۆی نییە، لەقورئاندا یەتیم سومبولی ئەم گروپە موستەزعەفەیە، مسکین سومبولی نەدار و هەژار و عائلە، یەتیم سومبولی ناتوانایە یان توانای قودرەتی بەرگری نییە، هەروەها زاڵ و جاهیلیش سومبولی نەزانانە ئەوانەی کە سەرلێشێواون لەسەر ڕێگە.

یەتیم موستەزعەفە لەبواری ئەوەی توانای بەرگری لەخۆی نییە

جا لێرەدا بەناونیشانی ئەوەی کە بەرگری لەمافی ئەم تەبەقەی موستەزعەفە بکرێت کە یەتیم سمبولیانە، خوا دەفەرموێ تا سەردەمێك کە ئەویش بێتە ڕیزی ئەوانەی کە لەڕیزی ئیستیزعاف دەردەچێ و توانای بەرگری لەمافی خۆی پەیدادەکات، کۆمەڵگە لەسەریەتی چاودێرییەکی زۆر زۆر شەدید لەماڵی ئەم ناتەوانە کە یەتیمە بکەن، بەجۆرێکی وا کە کەس لێی نزیك نەکەوێتەوە.

﴿إِلاَّ بِالَّتِي هِيَ أَحْسَنُ﴾

مەگەر بەڕەوشێك کەباشتر بێت سەبارەت بەیەتیمەکە، واتە جۆرێك نزیکی بکەوێتەوە کە مەنفەعەتی بۆ ئەو تێدابێت، مەسەلەن بیبات بیهێنێت کاسپی پێوە بکات، کە ئەم ماڵە زیادببێت یەتیمەکە ئیستیفادەی لێ بکات، مەسەلەن بیدەی بەقازانج شەراکەت بیبات کاسپی پێوە بکات، بەشێکی بۆ ئەم، بەشێکی بۆ یەتیمەکە تا زیاد بکات، وەك لەو ئایەتەدا باسمانکرد (وَلاَ تُؤْتُوا السُّفَهَاءَ) کە دەفەرموێ (وَارْزُقُوهُمْ فِيهَا) لەماڵەکەدا کاسپیان بۆ بکەن، لەناو ماڵەکەدا ڕزقیان بدەن، واتە لەئەجزای ماڵەکە بۆیان خەرج مەکەن، کاسپی پێوە بکەن و

چۆنیەتی دەخالەتکردن لەماڵی هەتیوان



Scanned by CamScanner

لەقازانجەکەی بۆیان سەرف بکەن، ئەمیش لێرەدا ئاوا ئەگەر ڕەوشێك بوو کە باشترین ڕەوش بوو ئەو ڕەوشە دەتوانن نزیك بکەونەوە، بەڵام بەجۆرێك دوو ڕەوش هەن:

یەکێکیان مەنفەعەتی زیاترە بۆ یەتیمەکە و یەکێکیان کەمترە، حەقتان نییە بەکەمترکە بڕۆن، مەسەلەن دەتانەوێت یەکێ لەشتەکانی بفرۆشن، یەکێ دەڵێت بەهەزار تمەن، یەکێ دەڵێت هەزار و سەد تمەن، نابێت بڵێیت حەوسەلەم نییە بووەستم بەدیارییەوە تا سەعاتێکی تر، دەبێت بووەستی بەدیارییەوە تا ئەوی تر دێت نەك ئێستا بیدەی بەهەزار تمەن، ئەگەر هی خۆت بێت قەیناکا، چونکە خۆت ئەلئان قودرەتی بەرگری لەحەقی خۆت هەیە، ئەلبەتە ڕەزایەتی هەیە دەیدەی، بەڵام ئەو یەتیمە نیروی بەرگری لەحەقی خۆی نییە،ماڵەکەی لەدەستی ئێوەدایە، دەبێت لەماڵەکەی خۆتان زیاتر ڕەچاوی بکەن.

تا کەی؟ (حَتَّى يَبْلُغَ أَشُدَّهُ)

أَشُدّ: لەشودەتە، ئەصڵەن شودەت، واتە موحکەم بەستن، گرێیەك زۆر تن ببەستی، ئیجا (أَشُدّ) واتە توانای قودرەت، واتە تا دێتە زەمانێك کە ئیستیزعافەکەی لاچێت و توانایی پەیدابکات، کە سەردەمێ لەدوای بلوغ لەلەحازی فکرییەوە کە کامڵ دەبێت، ئەمجارە قودرەت و توانای بەدەنیش پەیدادەکات، کە دەتوانێ خۆی بەرگری لەحەقی خۆی بکات، ئیتر دەدرێتەوە دەستی کە باسمانکرد، (وَآتُوا الْيَتَامَى أَمْوَالَهُمْ) أشُد

ماڵەکەیان دوای ئەوەی باڵغبوون و گەشتنە (أَشُدّ) گەشتنە توانایی بیدەنەوە دەستیان، ئیتر ئەوانیش بوونەتە ئەفرادێکی بەتوانا، وەك ئێوە دەتوانن ئاگاداری لەماڵی خۆیان بکەن، کەوابوو سەرنج بدەن کە چ دیقەت و چاودێرییەکی شەدید دادەنرێت بۆ پاراستنی ماڵی ئەوانەی توانای بەرگری لەحەقی خۆیان نییە، هەتیوەکە دەکرێت بەپێوەر بۆ هەرکەسی تریش کە توانای بەرگری لەحەقی خۆی



Scanned by CamScanner

نەبوو، حکومەتی ئیسلام لەسەریەتی کە پارێزگاری و ئاگاداری حەقی بکات نەیەڵێ کەس لەناوی ببات.

﴿وَأَوْفُوا الْكَيْلَ وَالْمِيزَانَ بِالْقِسْطِ﴾

ئەوە جارێ لەبارەی یەتیمەوە، چونکە ئەو ناتوانایە بەتایبەتی راسپێررا، ئەمجارە کوللەن کاتێك بۆ خەڵك شتێك پێوانە و کێشانە دەکەن شتێك ئەندازە دەگرن بەشێوەیەکی تەواو و کامڵ و بە(قِسْط) ئەنجامی بدەن، هەرکەس بەشی ڕێکی خۆی پێ بدەن، هەروەها لێی کەم مەکەن، نە لێی کەم بکەن، لەبەشی ڕێکی کەم ببێت و نەکاتێك خۆتان دەیدەنەوە پێی ناقص بیدەنەوە کە بەشی ڕێکی خۆی پێ نەدەن.

هەروەك لەسورەتی (المطففین) باسمانکرد، کەوابوو واتە لەدوای ئەوەی کە بەخسوسی ناوی یەتیم برا و ئەرکی خەڵکی و حکومەتی ئیسلامی سەبارەت بەیەتیم ڕۆشن کرایەوە، ئەمجارە تەواوی کۆمەڵگە دەبێت ڕەچاوی (قِسْط) لەپەیوەندی خۆیاندا بکەن، ئەڵبەتە ئەگەر دووبارە سەرنج بدەن کەلیمەی (وَزْن) وتمان گشتییە ئیتر تەنانەت لەزەمینەی ئابووریش خارجیشی دەکات، چونکە (وَزْن): واتە ناسینی ئەندازەی شت، واتە کاتێ دەتانەوێت ئەندازەی شتێك بزانن و لەڕووی ئەو ناسینەوە ئەدای دەکەن، دروست تەشخیصی ئەندازە بدەن، هەڵسەنگاندنی دروستی بۆ بکەن، هەروەها لەحقوقی ئینسانیدا چ ئابووری چ غەیرە ئابووری بەتەواو و کامڵ ئەدای بکەن، هەروەها کاتێك دەیسێنن لەبەرامبەر زیاتر لەوە کە حەقتانە مەیسێنن، لەتەواوی زەمینەکانی زیندەگیدا ڕەچاوی ئەدای بەشی ڕێك و ڕەچاوی (قِسْط) و عەدل و بەرامبەری بکەن.

وَزن

﴿لَا نُكَلِّفُ نَفْسًا إِلَّا وُسْعَهَا﴾

ئەمجارە ئینسان لێرەدا ئیحساسی زەحمەت و مەشەقەت دەکات، خوا دەستور دەدات کە لەتەواوی پەیوەندی کە لەزیندەگی ئینساندا مەترەحە، دەبێت

ئەنجامدانی لەسەدا سەدی قسط شتێکی موستەحیلە بۆ ئینسان



Scanned by CamScanner

(قسط) ڕەچاوبکرێت، ئەمەش زۆر زەحمەتە و ئینسان ئەو دیقەتە کاملەی نییە لەتەواوی پەیوەندی، کە لەژیندەگیدا بتوانێ لەسەدا سەد ئەمە ڕەچاو بکات، بۆیە لێرەدا ئینسان ئەصڵەن لەبەرامبەری ئەم ئەمرەوە ئەگەر دەرکی بکات دەبێت نزیکی ئەوە بێت کە یەکسەرە تێکبشکێت و وردوخاش ببێت، کە خوا دەستورێکی پێ دلوە، زۆر مەشەقەت و زەحمەتە، ئەصڵەن وای لێ دەکات کە لەترسا کەنارگیری بکات لەکۆمەلگە، کاتێك ناتوانێ کاملەن (قِسط) ئەنجام بدات، چونکە ئەگەر ئینسان دیقەت بکات (قِسط) لەسەدا سەد ئەنجامدانی لەتەواوی پەیوەندی شتێکە لەقودرەتی ئینساندا نییە، بەڵام خوا بۆئەوەی ئەو مەشەقەتە نەیەڵێت و ئەو ئیشکالاتە ڕەفع بکات، کە دەفەرموێ:

﴿لاَ نُكَلِّفُ نَفْسًا إِلاَّ وُسْعَهَا﴾

ڕەچاوکردنی قسط بەپێی توانای ئینسانەکانە

هیچ کەس زیاتر لەتوانایی خۆی نایخەینە زەحمەت، دەستورێك کە خارج لەقودرەت بێت نایدەن، واتە ئەم دەستورە کە ئێمە دەیدەین بۆ ڕەچاوی (قِسط)، ئەوەیە کەهەرکەس لەسنوری تەشخیص و توانای فکری و عەمەلی خۆیدا ڕەچاوی ئەمە بکات، ئەگەر کەسێك نەیزانی جارێك ئاگادار نەبوو (قِسط)ی ڕەچاو نەکردبوو ئەوە قەیناکا خوا لێی ناگرێت، چونکە نەیزانیوە ـ ئەڵبەتە ئەمانە ئیتر کەمتریش ڕوودەدەن شتێك کە ئەوەندە کەم بێت ئینسان پێی نەزانێ لەتەمە بەپەیوەندی کۆمەڵایەتی نەدات، ئامانج ئەوەیە کە ئەو مەشەقەتە لەسەری ئینسان هەڵگیرێت ـ ئەگەر جارێك ئینسان مەسەلەن هەڵەی کرد نەیزانی خەتای کرد و کە (قِسط)ی ڕەچاو نەکرد و ئەوانە ئیتر لەتوانا بەدەرە، وەك لەئاخری سورەتی (البقرە) باسی دەکەین کە:

﴿رَبَّنَا لاَ تُؤَاخِذْنَا إِنْ نَسِينَا أَوْ أَخْطَأْنَا﴾

خوایە ئەگەر لەبیرمان چوو، یان خەتامان کرد یەك جار لەدەستمان دەرچوو تۆ لێمان مەگرە.



Scanned by CamScanner

﴿وَإِذَا قُلْتُمْ فَاعْدِلُوا وَلَوْ كَانَ ذَا قُرْبَى﴾

قسط و دادوەریکردن

هەروەها لەمەیدانی دادوەری کردن و قەزاوەت لەنێوانی ئەفراددا، کاتێک قسەدەکەن کاتێ دادوەری دەکەن کاتێک حوکم دەدەن لەبارەی ئەوەوە کە ئەم ئەوەندە حەقیەتی ئەویش ئەوەندە حەقیەتی و ململانێی خەڵک دەبڕنەوە و حەل و فەصڵی شەڕ و ئاژاوەی خەڵک دەکەن و هەرکەس دەتانەوێت حەقی خۆی پێ بدەن، (فَاعْدِلُوا) ڕەچاوی بەرامبەری کامڵ بکەن، هەرکەس چەنێک حەقی هەیە پێی بدەن، دروست نیزامی (قِسْط) بەعەدل ڕەچاوبکەن، (وَلَوْ كَانَ ذَا قُرْبَى) هەرچەند ئەو شەخصە لەوێ مەبەستی نەزەرە و ئێوە لەبەر خاتری ئەو هاتونەتە قسەکردن و دادوەری کردن، خزمیشتانە، واتە لەوێدا مولاحەزەی خزم و خوێشی نەکەن، چونکە یارۆ خزممە با بەلای ئەمەوە بیبڕم!

مەسەلەن با بەمەنفەعەتی ئەم قسە بکەم، با لەو حەتا مەسەلەن ئاوا دادوەریەکە بکەم، کە زیاتر بۆ ئەم بێت، نەخێر، چونکە لەئیسلامدا نەسەب قەتع دەبێت، واتە دوو برا، دوو خوشک، کە لەدایکێك و باوکێك پەیدادەبن، کاتێك یەکێکیان موئمینە و یەکیان موئمین نییە، ئیتر لەیەك بێگانە دەبنەوە، ئەمجارە ئەم موئمینە لەگەڵ موئمینێکی تردا کە ئەصڵەن ئاباد و ئەژدادیان یەکتریان نەناسیوە دەبنە برا و خوشك.

ذا قُرْبَى

کەوابوو (ذَا قُرْبَى)یەك بەفهومی مەعروفێك کە لەناو خەڵکدا هەیە لەئیسلامدا نییە، لەڕاستیدا (ذَا قُرْبَى) دەبێتە موئمین و موئمینیش سەبارەت بەموئمین ڕازی نابێت ئەم بەلای ئەودا ببڕێت، دەرنەتیجە (ذَا قُرْبَى) لێرەدا ئەو (ذَا قُرْبَى) نەسەبیەکانە، کە خوا دەفەرموێ دەبێت ئەو پەیوەندییە لەبیری خۆتان ببەنەوە، وەك ئەمڕۆ کەلیمەك باس دەکەن دەڵێن کەلیمەی (زابتە و ڕابیتە) کاتێك زابیت هات کە ئیسلامە دەبێت خواحافیزی لەڕابیتە بکەیت، ئەگەر ئینسانێك لەئیسلامدا ئەرزشی بۆ ڕابیتەی خانەوادەیی دانا، دڵنیابێت کە موسڵمان نییە، ئەو پستە



Scanned by CamScanner

هەمیشە لەبەرچاوتاندا بێت، ئەگەر ئینسانێك پەیوەندی ژن و شووی باوك و برا و خوشك و دایكی ...هتد، لەبەرچاوبوو لەمەسائیلی ئیسلامیدا ئیتر خۆی شەكەت نەكات نوێژ و ڕۆژوو ئەم جۆرە شتانە بكات، بەدرۆوە كاتی خۆشی با بەوانەوە نەگرێت.

﴿وَبِعَهْدِ اللَّهِ أَوْفُوا﴾

عهد بەبێ كەم و كوڕی ئەو پەیمانەی كە خوا لەگەڵ ئێوەدا بەستویەتی، بەئێوەی سپاردووە ئاگاداری بكەن، ئاگاداری بكەن. عەهد: واتە شتێك كە كەسێك پێویستە لەسەری هەمیشە ئاگاداری بكات.

﴿إِنَّ اللَّهَ يَأْمُرُ بِالْعَدْلِ وَالإِحْسَانِ وَإِيتَاءِ ذِي الْقُرْبَى﴾

خوا دەستور دەدات بەعەدل بەرەچاوكردنی بەرامبەری لەتەواوی زەمینەكانی زیندەگیدا.

الاحسان (وَالإِحْسَانِ) الاحسان: لە(حوسن)ە، واتە باشی، چاكە، نیكوكاری، ئینجا احسان، حەدیسی حەزرەت علیە السلام تەفسیری كردووەتەوە، جەبرەئیل هات لێی پرسی ـ بۆئەوەی خەڵك بزانن، هاتە شكڵی پیاوێكەوە و دانیشت لێی پرسی ـ الاحسان واتە چی؟ فەرمووی احسان (ان تعبد الله كانك تراه فان لم تكن تراه فانه یراك)، احسان: واتە بەجۆرێ فەرمان بورداری لەخوا بكەی، وەك ئەوە چاوی لێوەیە، ئیتر چەنێكە، چەنێك ئیحساسی مەسئولیەت لەحەدی ئەعلای مەقامی، ئەگەر ئەم پایە بەرزەشت نەبوو لەخواری ئەوەوە پایەیەكی ترە، وا عیبادەت و فەرمان بەرداری بكەیت، وەك ئەوەی ئەو چاوی ئەوەتا لەتۆوە، دەرەجەی یەكەم ئەوەیە كەتۆ چاوت لەوەوە بێت، دەرەجەی دووەم ئەو چاوی لەتۆوە بێت، واتە ئیحساسی مەسئولیەت بكەیت لەتەواوی زیندەگیتدا، بزانی كە لەبەرامبەری خواوە مەسئولی.



Scanned by CamScanner

جا خوا دەستور بەمە دەدات، کە لەتەواوی زیندەگیتاندا لەبەرامبەری خواوە مەسئول بن، یان ئەم پلەکە یان ئەو پلەکە، هەروەها دەستور دەدات بەوەی کە خزمەکانتان، نزیکەکانتان شتیان پێ بدەن، ئەوان کە پێویستییان هەیە نیازیان رەفع بکەن، ئینجا چونکە ئینسان ناتوانێ بەیەك جار نیازی تەواوی نیازمەندانی دنیا ڕەفع بکات، ناچارە لەجێگەیەکەوە دەستی پێبکات، چونکە فیترەتی ئینسانیش وەهایە کە نزیکەکانی خۆی خۆش دەوێت، خوا مولاحەزەی ئەم فیترەتەی کردووە، دەفەرموێ لەخزمەکانەوە دەست پێبکەن، کە خۆتان دڵتان پێوەیەتی، جارێ ئەوانەی کە خزمتانن نیازیان ڕەفع بکەن، ئیجا لەوان ترازا دەڕۆن بۆ کەسانێکی ترش، تا هەرکوێ کەم کەم دائیرەی بەخششەکە فراوان ببێت و تا هەرکوێی تر بتوانێ کاربکات.

﴿وَيَنْهَى عَنِ الْفَحْشَاءِ وَالْمُنكَرِ وَالْبَغْيِ﴾

لەبەرامبەری ئەم سێ ئەمرەوە، سێ دانەش نەهیتان لێ دەکات:

الفحشاء یەك: لە(الفحشاء) واتە: شتی زۆر زۆر زشت و ناپەسەند، لەبەرامبەری دەتوانم بڵێم: (إِيتَاءِ ذِي الْقُرْبَى)، کە ئەگەر ئینسان شتی نەدا تەنانەت بەنزیکەکانی خۆی، لەوانیش دریغی کرد، ئەوە زشترین کارە کە دەیکات، ئینسانێ ئەوەندە ئیحساسی کۆمەڵایەتی بوون و ئیحساسی پەیوەندی ئینسانی لەگەڵ ئەفرادی تردا نەکات، کە برای، خوشکی، مامۆی، خاڵۆی، ئەمانە لەبەر چاوییەوە برسیانە هیچ ناڕەحەت نابێت، ئەوە ئیتر زشترین کارە کە دەیکات، نەهیتان دەکات لەوە.

المنکر دوو: لەبەرامبەری الاحسانەوە، المنکر، نەهیتان دەکات لەمونکەر، منکر: لەئینکارە، واتە نەناسراو و ئینکار، هەروەها مونکەر: واتە شتی نەناسراو شتێك کە مەوردی پەسەند نەبێت و بەڕەسمیەت نەناسێنرابێت، وەك ئیحسان نەبێت، ئیحساسی مەسئولیەت نەبێت، بەرامبەری ئەوە بێت، ئیحساسی مەسئولیەت نەکردن ئەنجامدانی ئەو جۆرە شتانەی کە ناپەسەندە لەنەزەری خوا،و خوا قبوڵی نییە.



Scanned by CamScanner

**سێ**: لەبەرامبەری عەدلەوە بەغی، خوا نەهیتان دەکات لەبەغی، عەدل: واتە بەرامبەری موراعاتکردن - ڕەچاوکردنی هەردوولا - بەغیش: واتە لەحەدی وەصەت تەجاوزکردن، لەعەدل و بەرامبەری تەجاوزکردن. البغی

﴿يَعِظُكُمْ لَعَلَّكُمْ تَذَكَّرُونَ﴾

پەند و ئامۆژگاریتان دەکات، لەوانەیە بیربکەنەوە و پەند وەربگرن، ئەگەر لەزیندەگیدا ئەمانە پیادە بکەن، ئەوە ئەساسی خۆشبەختیە، هەروەها تەواوی خەیر و بەرەکەتی دنیا و قیامەتتان دەست دەکەوێت، ئەگەریش نەتان کرد بەپێچەوانەوە.

## ئیستیعدادەکانی مەیدانی ئابووری و سنوورداربوونی مالکیەتی فەردی

ئایەتی (١و٢و٣)ی سورەتی (الهمزة)، (٧)ی (الحديد) (٣٧)ی (النساء)، (٣٤و٣٥)ی (التوبة):

تا ئێستا لەئابووری ئیسلامی ئەوەمان باسکردووە، ئینسان لەبەرئەوەی دوو ئیمتیازی هەیە لەمەوجوداتیدا، بریتییە لەتەفەکور و ئازادی کار، هەروەها لەنیزامی ئیسلامیدا دەبێت هەرکەس بەشی ڕێکی خۆی پێ بدرێت و لەم زەمینەدا دەبێت ئینسان ئازادانە بتوانێ فکربکات و عەمەل بکات، یەکێك لەپێویستیات و نەتیجەکانی ئەمە دەبێتە ئەوەی ئینسان مالیکیەتی فەردی ببێت، کە قورئان خۆی جێگیری کردووە، هەروەها شتێکی ئاشکرا و ڕوونیش هەیە، ئاشکرایە ئەم مالیکیەتی فەردیە لەئەسەری بەکاربردنی ئیستیعدادی فکری و عەمەلییەوە پەیدادەبێت، چونکە ئیستیعدادی فکری و عەمەلی لەتەواوی ئەفرادا یەکسان نییە، کەوابوو هەندێ مەسائیلی تر پەیدادەبێت بۆ ئابووری ئیسلامی.

**سێ جۆر ئیستیعداد لەمەیدانی ئابووریدا هەیە**، لەبەرئەوەی یەکەم ئایەتمان کەلیمەی حاجاتی تێدایە و هێناومانە تا بزانن لەئابووریدا هەروەك لەسەرەتاوە ئیستعدادەکانی مەیدانی ئابووری

وتمان تا نیاز نەبێت ئەصڵەن ئابووری مەترەح نابێت، نیازە ئینسان ناچاردەکات و هەڵی دەنێت و واداری دەکات بۆئەوەی فەعالیەتی ئابووری بکات.

جا ئیستیعدادی فکری و عەمەلیان یەکسانە لەگەڵ نیازدا - واتە ئینسان ئەڵبەتە ئیستیعداد فکری و عەمەلی بەئیزافەی شەرایتێك کە لەو جێگەدا هەیە شەرایتێکی سازگار و دەوروبەری گونجاو و مەیدانی کراوە بۆ ئەو شەخصە، کۆی ئەمانە پێی دەڵێن ئیستیعدادی فکری و عەمەلی - یان یەکسانە لەگەڵ نیازیدا، واتە **هەرچەنێك بەدەست دێنێ دروست لەگەڵ نیازی خۆیدا یەکسانە**، بەبێ کەم و زیاد مەسرەفی دەکات.

کەوابوو لەحەدی مام ناوەندیدا نە نیازی بەخەڵکە و نەشتێکیشی دەمێنێتەوە بیداتە خەڵك، یان **کەمترە لەنیاز** یان **نیازی زۆرترە**، مەسەلەن زۆر سادە بڵێین ڕۆژێ ۱۰۰ تمەن خەرجی دەبێت و خێزاندارە، بەڵام ڕۆژێ ٦۰تمەن دەتوانێ بەدەستبێنێ، نیازی زۆرترە و ئیستیعدادی کەمترە، کەوابوو ئیتر خۆی ناتوانێ نیازی خۆی ڕەفع بکات، دەبێت فکری لەلایەکی ترەوە بێت، یان نیازی کەمترە ئیستیعدادی فکری و عەمەلی زیاترە لەنیاز، ڕۆژێ٥۰ تمەن خەرجی دەبێت، ۲۰۰ تمەن بەدەستدێنێ١٥۰ تمەن زیادەی دەمێنێتەوە، ئەڵبەتە هەندێکیش هەن تەنانەت ئیستیعدادی فکری و عەمەلیەکەیان لەوانەیە نزیکی دەرەجەی (سفر) دەبێتەوە، بەڵام هەر ئەوەتان لەو گروپەدا کە کەمترە لەنیازیان، وەك کەسێك مەسەلەن فەلەج بێت یان منداڵ بێت یان پیرێکی ناتوانابێت، ئەمانە ئەصڵەن ئیستیعدادی فکری و عەمەلیان لەزەمینەی ئابووریدا نییە، بەڵام دەیانخەینە سەر ئەو گروپە کە دەڵێن کەمترە لەنیازیان.

جا ئەگەر ئەم مالیکیەتی فەردیە بێ قەیدوشەرت ڕێگەی پێ بدرێت لەگروپە وەصەتیەکەن (مامناوەندییەکەن) بۆئەوان باشە، دروست بەئەندازەی نیازی خۆیان بەدەست دێنن و هیچ پەکیان ناکەوێت و زوڵمیش لەکەس ناکەن.



Scanned by CamScanner

بەڵام دوو گروپەکەی تر، گروپێك کە لەنیازیان کەمتر ئیستیعدادیان هەیە لەبرسا دەمرن لەناو دەچن، گروپێکیش کە زیاتر ئیستیعدادیان هەیە ئەوەندە دەخۆن و ئەوەندە ئیسراف دەکەن، ئەوەندە تەبزیر دەکەن، ئەوەندە چی دەکەن، توغیان و سەرکەشیان تەواو کۆمەڵگە وێران دەکات، دەرنەتیجە سنورێك لەئیسلامدا بۆ ئەم مالیکیەتی فەردییە دانراوە.

یەکەمجار زەمینە موساعید دەکرێت ڕێگە دەدرێت و ئیستیعدادی فکری و عەمەلی بکەوێتە کار، وەك لەمەوپێش کە باسمانکردووە، ئەمجارە ئەڵبەتە بەلەبەرچاوگرتنی ئەو شەرایتانەی کە وتومانە، مەسەلەن دەبێت لە(طَيِّبَات) بەدەست بهێنێت، نەك لە(خَبَائِث)، دەبێت لەڕێگەی دروستەوە بەدەستی بهێنێت، یان بازرگانی یان پیشەسازی یان کشتوکاڵ یان عەمەل واتە ئەجر، کارگەری، یان ڕاوکردن ...هتد، ئەمانە، یان شایستەیی کە پەیدای دەکات بۆ بەدەستهێنانی (ئیرس، وەصیەت، بەخشش، ...هتد)، ئەوانەمان پێشتر باسکردووە، ڕێگەی بەدەستهێنانەکە چۆنە، ئەمجارە فەردێك لەیەکێك لەم ڕێگە مەشروعانەوە ماڵ هاتوەتە ئیختیاری.

بزانین - تەبەقەی وەصەت کە کارمان پێوەنییە - ئەم دوو تەبەقە ئەوانەی زۆرتر لەنیازی خۆیان بردووە، ئەمانیش کەمتر لەنیازی خۆیان، بۆیە دەبێت ئەم دوانەیان دەبێت نەقبێك کونێکی سەر بەرەوژێر بکرێتە ناو ئەمبارەکەی ئەوان، کە لەمی ئەوانەوە برژێت تا نیازی ئەمانیش ڕەفع ببێت.



Scanned by CamScanner

## روکنەکانی ئابووری ئیسلامی

لێرەدا تا ئێستا هەرچیەکمان باسکردووە دەبێتە یەکێك لەچوار ڕووکنەکەی ئابووری ئیسلامی، ئابووری ئیسلامی چوار ڕوکنی هەیە ـ خودی ئابووری ئەڵبەتە بەدەرلەوەی کە لەدائیرەی تەواوی نیزامی ئیسلامیدایە، ئەوە ئیتر جوزئێکە لەو ـ خۆی چوار ڕووکنی هەیە:

**ڕووکنی یەکەم:** مەشروعیەتی مالیکیەتی فەردی یان بەدەستەواژەیەکی تر ئابووری ئازاد لەچوارچێوەیەکی دیاری کراودا

ئەوەیە کە تا ئێستا ڕوونمانکردەوە، کە لەکەلیمەی مەشروعیەتی مالیکیەتی فەردیدا کورتی دەکەینەوە، یەکێك لەمەشروعیەتی مالیکیەتی فەردی یان بەدەستەواژەیەکی تر ئابووری ئازاد لەچوارچێوەیەکی دیاری کراودا، ئیتر ئەوانە لەپێشەوە وتومانە ئەوە هەموو شتێك دەگرێتەوە، **ئەمە یەکیان.**

**ڕووکنی دووەم:** ئینفاق

ئینفاق یان تایبەتی تر تەعبیری لێ دەدەین بە(زەکات)، بەڵام ئیتر خودی زەکات نەك بەمەحدودی، (ئینفاق) بڵێین باشترە ڕوکنێکیان ئینفاقە، ئەوەیە ئەوەی کە زۆرتر لەنیازی خۆی هەیە دەبێت لێی بسەنێ، بۆئەوەی کە کەمتری هەیە، تا زەمانێك کە خۆی زیندووە لەگەڵ خۆیدا سەروکارمان هەیە، جا ئەوکانە ئەم (ئینفاق)ش بەشێکی بەقەوانینی ئیجرائی داوای لێدەکرێت، تا کاتێ نیازی کۆمەڵگە ڕەفع دەبێت، بەشێکیشی پشت بەمەبادیئی ئەخلاقی دەبەستێت، کە تەنانەت وای پێ دێت ئینسان وەك قورئان دەفەرموێ، خۆی برسیە دەیدات بەخەڵك، ئیسار دەکات.

﴿وَيُؤْثِرُونَ عَلَى أَنفُسِهِمْ﴾



Scanned by CamScanner

تەنانەت ئەخلاق وەها پەروەرشی ئینسان دەدات، ئامادە دەبێت خۆی برسی بێت، بەڵام خەڵك بکەوێتە ڕەفاو ئاسایش، ئەمە ڕوکنی دووەم دەبێتە ئینفاق.

**ڕووکنی سێیەم: ئیرس و وەصیەت**

ئەو شەخصەی زۆرتر لەنیازی خۆی بەدەست هێناوە، لەدوو زەماندا کارمان پێوە هەیە، دوو زەمان تا کاتێ خۆی زیندووە ڕاستەوخۆ لەگەڵ خۆیدا کارمان هەیە، کاتێك کە مرد لەگەڵ ئەو (ئیرس)ە کە جێی هێشتووە.

ڕوکنی سێیەم دوای مەرگی خۆی، کە ماڵێکی زۆری جێهێشتووە، هەروا نایەڵن بمێنێتەوە، کەسێك بیبات، نیزامی ئیرس ئەویش موتەفەریقە، ئیرس دەبێتە ڕوکنی سێیەم، ئینجا ئەوکاتە لەپاڵ ئیرسدا، وەسیەت هەیە و وەقف هەیە، ئەو جۆرە شتانە، ئەو جۆرە بەخششانە کە لەدوای مەرگی پیادە دەکرێت، بەڵام ئیتر کوللەن بەئیرس ئاماژەی لێ دەدەین، ئیرس پایەی سێیەمە کە لەشوێن خۆی ماڵەکەی دابەش دەکات لەناو ئەفرادێکدا، بەپێچەوانەی ئەوەی کە مەسەلەن لەکۆمەڵگە جاهیلیەکاندا هەیە، لەجاهیلیەتی بەر لەدەرکەوتنی حەزرەت (علیه سلام)، هەرچیەکیان ببوایە بەکوڕیان دەدا، کوڕێکیش ئەوەندە گەورە ببێت بتوانێت لەمەیدانی جەنگدا فەعالیەت بکات، نەبەکوڕی بچوکیان دەدا، نەبەکچ و نەبەژن، بێ بەش دەبوون، لەم جاهلیەتە تازانەشدا لەفەرەنسا و ئەوانە، تائەم دواییە پێم وابێ ئەوانیش هەر سەروەتەکەیان لەهەندێ جێگەدا تەرخان کرابوو بۆ کوڕی گەورە و بەویان دەدا.

بەکورتی ئەوجۆرەی کە ئیسلام تەفرەقەی تێ دەخات و لەناوی دەبات ئاوا شتێك لەناویاندا نییە کەمە، لەدواتردا باسی ئیرس کە خۆی باسی هەیە باسی دەکەین.



Scanned by CamScanner

**ڕووکنی چوارەم: حەرامکردنی ریبا ـ ئیستیسمار ـ**

ڕوکنی چوارەم ئەوەیە کە ـ ئەڵبەتە ئەمەیان تا ئەندازەیەك پەیوەستە بەڕوکنی یەکەمەوە ـ حەرامکردنی (ریبا)یە، هەروەها حەرامکردنی ریبا ئەڵبەتە عیبارەتە قورئانی و عیبارەتە فقیهیەکەی کوللەن حەرامکردنی (ئیستسمار)، ڕوکنی چوارەم حەرامکردنی ئیستسمار، ئەڵبەتە وتم ئەمەیان ئەگەر دووەم بمانهێنایە لەوانەبوو موناسبتر ببولیە.

نابووری ئیسلامی بەشێکە لەدینی ئیسلام

ئابووری ئیسلامی لەسەر ئەم چوار ئەساسە دادەمەزرێت، کەوابوو کاتێ ئینسان مولاحەزەی ئەمانە بکات، هەمیشە ئەوەی لەبەرچاوبێت کە ئابووری ئیسلامی بەشێکە لەدینی ئیسلام، قەرارنییە کە ئینتیزارمان ببێت، خۆی تەنیا عەمەل بکات، ئەصڵەن نەئابووری ئیسلامی نەسیاسەتی ئیسلامی نە فەرهەنگی نە هیچ کامی بەتەنها ناتوانێ کاربکات، دەبێت لەیەك مەجموعدا بێت، لەجێگەیەکدا ئابووری ئیسلامی کاردەکات کە ئیسلام هەبێت، کە ئیسلامیش بوو ئەخلاقیش هەیە ئیمان هەیە عەقیدە بەقیامەت هەیە، فیداکاری و لەخۆبوردەیی هەیە هەموو ئەوانە هەیە زۆرئاسان ئەمانە ڕوودەدات.

جا کاتێك ئینسان لەئەسەری کار و کۆشش و مەشروعیەتی مالیکیەتی فەردی شتێکی بەدەست هێنا، بە(چوار) جۆر دەتوانێ ئیستفادەی لێ بکات، چوار جۆر ئەڵبەتە دەتوانێ نەك واتە مەشروعە، واتە چوار جۆر سورەتی عەقڵی هەیە:

جۆرەکانی سوود وەرگرتن لەمالیکیەتی فەردی

- لەماڵدا کۆی بکاتەوە و هەڵیبگرێت.
- بۆ خۆی سەرف بکات و ئینفاق لەماڵ بۆ خۆی و بۆ ماڵ و منداڵی بکات.
- خۆی بیکاتە سەرمایە بۆ کارکردن، لەڕێگەی کارکردنی شەخصییەوە ئیستفادەی لێ بکات.
- بیداتە دەست خەڵکی تر کە ئەوان کاری پێ بکەن، ئەم چوار جۆرە دەبێت.



Scanned by CamScanner

ڕێگەنەدان بەکەنزکردنی مالیکیەتی فەردی

جا لێرە بەولاوە ئەمانە باس دەکەین بزانین لەمانە کامیان ڕێگەی هەیە کامیان نییە، یەکەم جاریان کۆکردنەوە ـ کەنز ـ کاتێك ڕێگەدرا ئینسان بەتوانای فکری و عەمەلی مالێکی کۆکردەوە، ئیسلام نایەڵێ کە لەویان باشتر بێت بمێنێتەوە، ئەم جۆرەیان قەدەغە دەکرێت.

## پایەی دووەم: ئینفاق

وتمان لەئابووری ئیسلامیدا چوار پایەمان هەیە دووانیان کە ماون ئەوە لەباسی خۆیان دەیکەین، یەکێکیان باسی (ئیرس)ە کە ئیسراف و شتی دەبێت و مەحدودیەتی دەبێت چۆن بێت، یەکێکی تریشیان (ڕیبا)یە، بەڵام ئەم دووانە یەکێکیان تا ئێستا باسمانکردووە ئابووری ئازادە لەچوارچێوەی دیاریکراودا تا ئێستا ئاشکرامان کردووە کە چییە و سنوری چۆنە، دەمێنێتەوە ئەم پایەیان کە ئێستا باسی دەکەین کە ئینفاقە.

دەفەرموێ: ﴿وَيْلٌ لِكُلِّ هُمَزَةٍ لُمَزَةٍ﴾

زشتی و ڕسوایی، وای بەلا و بەدبەختی، بۆ ئەوکەسەی کە عادەتی ئەوەیە کە خەڵك بشکێنێ، تانە و بەدبێژی و لەپشتی سەر و لەڕوویەڕوو ناوبردن و بەقسە، بەئیشارەت، بەعەمەل، بەهەرچی تەنها خودپەسەندی وای پێ کردووە کە تەنها کاری ئەوەیە خەڵك بشکێنێ، خودپەسەندی گەیاندویەتییە ئەندازەیەك کەتەنیا ئەرزش بۆخۆی دادەنێت.

لُمَزَة

(لُمَزَة): عادەتی ئەوەیە کە هەمیشە لەپشتی سەر بەدبێژی خەڵك دەکات، لەبەرچی؟ ئەم ئایەتی دواییە ڕۆشنی دەکاتەوە لەبەرچی ئەم ئینسانە ئاوایە.

﴿الَّذِي جَمَعَ مَالاً وَعَدَّدَهُ﴾

ئەم شەخسە ئەوکەسەیە کە سەروەت و دارایی کۆکردووەتەوە و ئامادەی کردووە بۆ ڕۆژێك کە ئیحتیاجی پێ بکەوێت، پاشەکەوتی کردووە، واتە ئەم ئینسانە تەنیا لەم دنیایەدا خۆی لەبیردایە، سەروەتێك کە بەدەستی دەهێنێ،



Scanned by CamScanner

دەبێت سەرفی بکات بۆ ئەفرادی تری نیازمەند، چونکە تەنیا خۆی لەبیردایە، ئەرزش بۆ مەوجود و ئینسانێکی تر دانانێ، لەبەرئەوەیە کە ماڵەکەی کۆدەکاتەوە و لەماڵدا هەڵی دەگرێت و خەرجی ناکات بۆ خەڵك، تەنها خۆی لەبیردایە کە لەئایندە نەبادا ڕۆژێ گرفتار ببێت پاشەکەوتی دەکات و بۆ ئایندەی خۆی.

پاشەکەوت کردن لەسنوورێکی دیاریکراودا دروستە

دەرئەنجامە لەلەحازی ئەخلاقیشەوە ئاوای پێ دێت، کە هەمیشە شکاندنی خەڵك و قسە پێوتنیان و غەیبەتکردنیان و تانە لێدانیانو ... هتد، ئەڵبەتە پاشەکەوتکردن لەشێوەیەکی زۆر سنووردارا ڕێگەی پێدراوە، حەزرەت (علیه السلام) لەبەهار و هاویندا لەماڵدا پێداویستی یەك ساڵی - کەمێ گەنم و جۆ و ئەو جۆرە شتانە ئەگەر شتێك ببوایە - بۆ ژنەکانی دادەنا، بەڵام بۆخۆی هەرگیز داینەدەنا، بۆ یەك ساڵ ئینسان دەتوانێ ئازووقە لەماڵدا دابنێت، چەکی هەیە کە سەرمایەیە و وەسائیلی بەرهەمهێنانە و کاری پێ دەکات، ئەوە ئاشکرایە کە دەبێت لەدەستدا بێت، چونکە مەنفەعەتی بۆ خۆی و کۆمەڵگە هەیە، یان ئەگەر دەیویست مەسەلەن پارەیەکی دەوێت بۆ دابینکردنی پۆشاك و خۆراك و مەسکەن، تەنها ئەم سێ بەشە دەتوانێ هەڵیانگرێت، هەروەها بەئیزافەی ئەو وەسائیلەش کە کاری پێ دەکات، ئیتر بەقیەی ناتوانێ هەڵبگرێت دەبێت ئینفاقی بکات.

ئینفاق کردن تەنها بەبەخشین نییە

جا ئینفاق فکر نەکەن تەنها واتە دەست دەربێنێ و بیبەخشن، کات هەیە ئەصڵەن ئەم بەخشینە زۆر زۆر لەتمە دەگەیەنێ، جۆرێکی ئینفاق کە لەدواتردا باسی دەکەین، ئەصڵەن یەکێکیان ئەوەیە خۆی کاری پێ بکات، ئەوەیە ئینفاق فی سبیل الله کە بەخۆی و ماڵیەوە دەکەوێتە کار بۆ خزمەتی خەڵك، مەسەلەن ئەوە یەکێکە لەشێوەکانی.

﴿يَحْسَبُ أَنَّ مَالَهُ أَخْلَدَهُ﴾

ئەوەندە خودپەسەندە، ئەوەندە خۆی خۆش دەوێت، وا دەزانێ کە ئەم ماڵەی مانەوەی هەتاهەتایی پێ دەبەخشێ، وا دەزانێ ئیتر هەرگیز نامرێت، بۆیە



Scanned by CamScanner

ئەم ماڵەی پاشەکەوت کردووە، ئەگەر دنیا لەناو بچێت، ئەم لەناو ناچێت و بۆیە ئەم ماڵەی ببێت بۆ ڕۆژێك پێویستی پێی دەبێت، ئیتر فکری ئەوە ناکات لەوانەیە مەسەلەن سبەینێ، ئەمڕۆ لەحزەیەکی تر لەناوچوو، بۆچی ئەم سەروەتە کە هی خەڵکە دەبێت ئیستیفادەی لێ بکەن ئەم کۆی بکاتەوە لەماڵدا، وا دەزانێ ئەم سەروەتە هەمیشە لەگەڵیدا دەمێنێتەوە پشتیوانی هەمیشەییە، نازانێ هەر لەحزەیەك ئەگەری هەیە لەدەستی دەرچێ و بکەوێتە باخەڵی ئەم و ئەو، کەوابوو کۆکردنەوەی ماڵ لەلەحازی ئیمانی و ئەخلاقییەوە لەئیسلامدا لەسەدا سەد قەدەغەیە، هیچ جۆرێك بێجگە ئەو بەشە موختەصەرە کە وتمان، ڕێگەی نییە.

ئینفاقی ماڵیکیەتی فەردی و پابەندبوون بەفەرمانی خوا

لەسورەتی (الحدید) ئایەتی (٧)دا دەیخوێنین (آمِنُوا بِاللَّهِ وَرَسُولِهِ) بەرنامەی خوا بناسن پابەندی بێن پەیڕەوی لەپێغەمبەرەکەی بکەن، کە یەکێك لەگەورەترین نیشانەکانی پەیڕەوی لەپێغەمبەر و پابەندبوون لەبەرنامەی خوا ئەوەیە.

﴿وَأَنفِقُوا مِمَّا جَعَلَكُم مُّسْتَخْلَفِينَ فِيهِ﴾

ئینفاق بکەن لەوەی کە خوا ئێوەی کردووەتە خەلیفە و جێنشین لەسەری، ئینفاق وەك لەڕوونکردنەوەی چەمکەکەدا وتم ئاوای پێ دێت کە ئەو ماڵەتان کە کردوتانەتە ناو ئەمبار، نابێت لەوێ بمێنێتەوە، دەبێت وەك چۆن ئەمبارێکی ئاو لەخوارەکەیەوە لولەیەکی تێ دەکەی و ئاو دەڕوات و ئەم باخ و شتە دەدێرێت و ئیستیفادە دەگەیەنێ بەئینسان و بەگیانلەبەران و بەحەیوان، دەبێت بەوجۆرە لەژێرەوە کونێکی تێ بکەی سەراوژێربێت بەروخوار ئەم ماڵە موتەصل ببێت بەناو ئەم کونەدا بڕوات لەڕێگەیەکەوە، ڕێگەی بۆ بکەیتەوە، دەرگا بکەیتەوە لەم ئەمباری ماڵەت ئەویش نەك لەسەرەوە دەرگاکە هەندێکی بڕوات ئیتر باقی بمێنێتەوە، لەژێرەوە تا زەمانێ کۆمەڵگە ببێت دەبێت بڕوات، مەگەر کاتێ بڵێن



Scanned by CamScanner

تا سەردەمێك

پێویستمان نییە ئەوکاتە ئیتر دەرگاکە دەوەستێت و دەمێنێتەوە،
(سَوَاءً لِلسَّائِلِينَ) دلوای دەکەن.
کە کۆمەڵگە دەڵێت بێت،

﴿وَآتَاكُمْ مِنْ كُلِّ مَا سَأَلْتُمُوهُ﴾

ئەگەر هەرچی ئێوە دلوای دەکەن ئەوەتا لەئیختیارتاندا، تا ئەوکاتە بڕوات، کونێکی هیچیشی تێدا نەما ئەمە ئیتر هیچ زەمانەت ناکەین تۆش وەك خەڵکی تر، دەبێت بەرەوخوارکەی تێ بکە، لەلاوەش نەبێت ئەوە دەوەستێتەوە و ناڕوات، بەرەوخوارکە بێت، تا دەگاتە دەست کۆمەڵگە، گەشتە ئەوێ، لەوێ لەمەناییەکدا دەوەستێت و خەڵك هەڵی دەگرێت، تازە ناگەڕێتەوە دەستی تۆ، بەڵام تا دەوری چەند گەزێك لەئەمبارەکەی تۆ دەڕوات دەبێت بەروخوارکە بڕوات، دەبێت کونێکی تێدابێت، واتە زۆر زۆر خێرا لەدەستی خۆتی دەربکەیت، تەنانەت حەدیسێك هەیە دەفەرموێ، ئینفاق ئەوەیە ئینسان بەدەستی ڕاستی ئینفاق بکات و دەستی چەپی پێی نەزانێ، واتە دەبێت ماڵ لەناو گیرفاندا دابنێی نەك لەناو دڵدا، ئاخر لەناو دڵدا داتنا کاتێ دەرتهێنا ڕەگی دڵ لەگەڵیدا دەپچڕێ، بەڵام ئەگەر لەناو گیرفان دەری بهێنی گرنگ نییە ئەصڵەن دڵ پێی نازانێ، واتە زۆر سەریع کوڕانە لەگیرفان دەری بێنیت و ئینفاق بکەی، بەم جۆرە تاسەردەمێك کە نیازی کۆمەڵگە ڕەفع دەبێت، **ئیجا لەدواتریش دووبارە لەبارەی ئەم نیازەوە تا ج سنورێك ئینفاق** هەیە، انشاالله ئایەتی تر هەن کە باسیاندەکەین، چونکە ئەصڵەن هی خۆتان نییە.

دەبێت ماڵ
لەگیرفاندا
دابنرێ نەك
لەناو دڵدا

﴿مِمَّا جَعَلَكُمْ مُسْتَخْلَفِينَ فِيهِ﴾

استخلاف: لەخلف، خلف واتە (پس) واتە ئێوە لەشوێنی کەسێکی تر هاتونەتە سەر ئەم ماڵە، چونکە کەسە واتە خوا، خوا خۆی قەراربوو بۆئەوەی بەشێوەی یەکسان دابەشی بکات، چونکە ئیختیاری بەئینسان داوە، ئینسانی کردووەتە جێنشینی خۆی، لەجیاتی ئەوەی خوا ئەم کارە بکات ئەو نوێنەرە، کەوابوو هی خۆتان نییە، بەبێ ترس لێی ببەخشن، من پارەی کەسێکی ترم

استخلاف

لەدەستدا بێت خۆی ڕێگەم بدات یەك دەقیقە هەمووی دەدەمە فەنا، دەی دەفەرموێ مەترسن، بەڵێ ئێوە زەحمەتتان کێشاوە، بەڵام ماڵ ماڵی منە حەقیقەتەن من خەلقم کردووە، ئیستیعدادی فکری و عەمەلی ئێوە من خەلقم کردووە، شەرایتی موساعید بۆ ئەوە من موساعیدم کردووە و ئامادەم کردووە، بۆیە هی منە، بێ ترس خەرجی بکەن لەڕێگەی مندا.

کەوابوو ﴿فَالَّذِينَ آمَنُوا مِنكُمْ وَأَنْفَقُوا لَهُمْ أَجْرٌ كَبِيرٌ﴾

مانای ئیمان

با چاك بچێت بەگوێتاندا، ئەوانەتان کە بەرنامەی خواتان ناسیوە و پابەندی بوون و ئینفاقتان لەم جۆرەدا کردووە تەنها ئەوانەتان پاداشتی گەورەتان هەیە، تەنها ئەوان، ئەما دووبارەی دەکاتەوە تەنها ئەوانە تەنها ئەوانە، لەسەرەتای ئایەتەکەوە لەکۆتایی ئایەتەکەوە، ئیمان واتە ئەمە، ئیمان واتە بۆ خەڵکی زیندەگی کردن، واتە ئینسان خۆی لەبەرچاونەبێت، بۆ خەڵکی زیندەگی بکات، وانەزانن ئینفاقکردن تەنها لەماڵدا دەبێت، هەرچی شتە ئینسان بەدەستی دەهێنێت مەسائیلی عیلمیە، مەسائیلی ماڵیە، قودرەتی بەدەنیە، یەکێك زۆری بازووی هەیە، کاتێك مەوردی ئیستیفادە قەرار دەگرێت دەبێت برواتە زۆر و بازوی بخاتەکار.

جۆرەکانی نیعمەت

نیعمەت سێ جۆرە، نیعمەتی فکری، نیعمەتی بەدەنی، زۆری بازوو. نیعمەتی فکری بۆ نەجات دانی موستەزعەفێکە کە زاڵە، نەزانە، نیعمەتی بەدەنی بۆ نەجاتدانی موستەزعەفێکە کە ناتوانە، یەتیمە، نیعمەتی ماڵی بۆ نەجاتدانی موستەزعەفێکە کە (سائیلە، عائیلە، فەقیرە، نەدارە)

ئایەتی (٣٧)ی سورەتی(النساء) دەفەرموێ، ئەڵبەتە پێش لەوەی ئایەتی (٣٦) ئەصڵی مەتڵەبەکە مەترەح دەکات.

دەفەرموێ: ﴿إِنَّ اللَّهَ لاَ يُحِبُّ كُلَّ مُخْتَالٍ فَخُورٍ﴾



Scanned by CamScanner

بێ شك بزانن كه خوا خۆشی نایەت لەهەركەسێك كه موختال و فەخور بێت، موختال

موختال: لەخەیالە، واته كەسێك خەیاڵ بكات كه شتێك ئەوەتا لەبارخانەیدا گرنگه، ئەوكاته دەست دەكاته خودپەسەندی و فیزو تەكەبور، مەسەلەن بڵێت من شتێكم، ئەصڵەن ئینسانێك كاتێك خوای ناسی ناتوانێ بڵێت من شتێكم هەیە، عیلمی، زۆری، قودرەتی، ماڵی هەرچیەكی، هەمیشه دەبێت لەو ئیحساسەدا بێت كه ئەصڵەن من خۆم دەزگایەكم، مەسەلەن من دەزگایەكی وەرگرم خوا هەندێك مەعلوماتی پێداوم، منیش دووباره دەبێت ببمه نێرەر و بڵاوكەرەوە و بیدەم، من لەم نێوانەدا تەنها رۆڵی وەرگر و بڵاوكەرەوەیەك جێبەجێ دەكەم هیچێكی تر نیم، ئەگەر وتم، منیش هەم موشریكم، خۆ شرك ئەوە نییه ئینسان بتێك دابنێ یان فەرمانڕەوایەك، ئینسان خۆی لەنەزاردا گرت وتی منیش هەم، من شتێكم كردووە، موشریكه.

فخور فەخور واته كەسێك بەخۆی ئیفتیخار بكات بڵێت منیش هەم، مەگەر لەیەك شێوەدا ئینسان بۆئەوەی تەرەف داوەت بكات بۆ شتێك، كه قورئان دەفەرموێ (وَأَمَّا بِنِعْمَةِ رَبِّكَ فَحَدِّثْ) ئەو نیعمەته كه خوا پێی داوی بڵێی تا خەڵك بزانن بێن ئیستیفادەی لێ بكەی، تەنها ئەوەنده بڵێی كه خەڵك بزانن نەك بڵێی هی منه (بِنِعْمَةِ رَبِّكَ) ئەویش لەو حەنا دەبێت بڵێی كەئەمه خوا پێی داوم، هی من نییه.

**ئیجا ئەوانه كێن كه (موختال و فەخورن)؟**

(الَّذِينَ يَبْخَلُونَ) ئەوانەی كه (بوخل) دەكەن، ئەو ماڵه ئەو سەروەته كه خوا پێی داون دەبێت بۆ خەڵكی سەرف بكەن دەیگرنەوە، دەست دەگرن بەسەریدا دڵیان نایەت، (وَيَأْمُرُونَ النَّاسَ بِالْبُخْلِ) كەسافەتیان دەگاته سنورێك نەك تەنها خۆیان دریغ دەكەن، بوخل دەكەن قینیان لێ دێ خەڵكیش بیكات، چونكه دەبێته ئەشكەنجەی ڕۆحی بۆیان، تەماشا دەكەی یەكێكی تر خەرج دەكات دەڕوات پێ دەڵێ: ماڵ شێواو بۆچی دەیكەیت، بۆچی وا خۆت بەدبەخت دەكەی، سبەینێ و



Scanned by CamScanner

دوو سبەی خۆت پێویستیت هەیە شێتی...! چونکە دەزانێ ئەو کارێك دەکات کاری ئینسانییە، ئەم تەحەمولی ئەوە ناکات و ناتوانێت، ناتوانێ خۆی بیکات، هەروەها ناشتوانێ چاوی پێی بکەوێت، کە کەسێك لەو ڕێگە باشەدا پێ هەلگرێ، دەلێت بەشکم کارێکی پێبکەم پەشیمانی بکەمەوە، وەك خۆمی پێ بکەم، دەستور دەدات، کە خەلکیش بوخل بکەن.

﴿وَيَكْتُمُونَ مَا آتَاهُمُ اللَّهُ مِنْ فَضْلِهِ﴾

هەروەها دەیشارنەوە ئەوەی خوا لەفەزلی خۆی پێی داون، هی خوایە پێی داون، کەچی ئەوان دەیشارنەوە، ئیجا دەفەرموێت (مِنْ فَضْلِهِ) واتە شتێکی ئیزافی خوا ویستی ببوایە ئەصلەن نەیدەدا، نە ئیستیعدادی فکری پێ دەدات، نە عەمەلی نە شەرائیتی موساعید، نە هیچ. زۆر کات هەیە مەسەلەن کابرایەك زۆر زۆر، زۆریشی هەیە، سوالکەرێ داوای لێ دەکات، دەلێ: ئای خالۆ بێ خەبەری نازانی منیش وەك تۆم و چەند سەدهەزار قەرزارم و لەم قسانەی کە دەکرێت لەکۆمەلگەی خۆماندا.

﴿وَأَعْتَدْنَا لِلْكَافِرِينَ عَذَابًا مُهِينًا﴾

عەزاب و ئەشکەنجەیەکی سەرشۆڕکەر و ڕسواکەرمان ئامادەکردووە بۆئەوانەی بەرنامەی خوا قبول ناکەن، دەفەرموێ (لِلْكَافِرِينَ)، واتە کەسێك ئینفاق نەکات و دەستور بەبوخل بدات و بوخل بکات، نیعمەتی خوا بشارێتەوە، هەر نیعمەتێك بێت، کافرە.

کافر لەنەزەری ئێمە واتە کەسێك مەسەلەن جمێنێك بدلو بلێ خوا مالەکەی ئاوای پێ بێت، ئەرەوەلا کوفرێکی کرد، دنیا وێران بوو، ئەمە چی بوو، وەلا وتی خوا مالی بشێوێ، بەلام کوفر ئەمەیە، کوفر: واتە پابەند نەبوون بەقانوونی خواوە، ئینجا یەکێك لەقانونەکانی خوا قانونی ئابووری ئیسلامە، کە ئەگەر

ئابووری ئیسلام و کوفر



Scanned by CamScanner

ئینسان پابەندی نیزامی ئابووری ئیسلام نەبوو، ئەگەر بوخلی کرد، ئەگەر شتێکی کۆکردەوە و نەیدا بەخەڵك ئەوە کوفرە.

ئایەتی (٣٤ ـ ٣٥)ی سورەتی (التوبة):

﴿یَاأَیُّهَا الَّذِینَ آمَنُوا﴾

ئەی ئەوانەی کە بەرنامەی خواتان ناسیوە و قەولتان داوە، کە پابەندی بن، ئەمە هوشدارییەکە پێویستە بیزانن بۆ پابەندبوون بەبەرنامەی خوا نەکەونە داوەوە، هەندێ داوی خەتەرناك هەن کە هەم ماڵ و مادیات دەدەنە فەنا، هەم مەعنەویاتی ئینسان.

﴿إِنَّ كَثِيرًا مِنْ الأَحْبَارِ وَالرُّهْبَانِ لَيَأْكُلُونَ أَمْوَالَ النَّاسِ بِالْبَاطِلِ﴾

بزانن بەتەئکید (إِنَّ) بێ شك بێ دوودڵی، زۆرێك لەدانیشمەندان، لەوانەی کە بانگەشەی عیلم دەکەن. لەوانەی کە علومی ئیسلامی و بەرنامەی خوایان ئیحتکارکردووە و ئەوەتا لەناو تاقەکانیان، ئەوەتا لەناو کتێبەکانیان، ئەوەتا لەناو زیهنیان لەهەر کوێ کە دایانناوە.

﴿وَالرُّهْبَانِ﴾

ئەوانەی کە خۆیان بەخواترس نیشاندەدەن، وشك و مونجەمیدانە ڕەوشێکیان گرتووەتەبەر کە دەیانیکێشێت بەرەو گۆشەگیری و بەسەرباری خەڵکی بوون، ئەمانە زۆرێك لەماڵی خەڵکی بەبێ هودە و ناڕەوا دەخۆن، (بَاطِلِ) ئەوەیە کەسێك ماڵی کەسێك بخوات بێ ئەوە شایستەیی بێت، بێ ئەوەی کاریکات لەڕێگەی بازرگانی، سنعەت، ئەجر یان لەڕێگەی شایستەییەك کە وتمان بەوەسیلەی (ئیرس و بەخشش و وەسییەت) و ئەمانە، لەغەیری ئەم ڕێگانە کە قورئان ڕێگەی داوە، کە دەکەوێتە بەر ئایەتی (وَأَنْ لَيْسَ لِلإِنسَانِ إِلاَّ مَا سَعَى) لەهەر ڕێگەیەکی ترەوە ئینسان لەجێگەیەك شتێك بەدەست بهێنێ بیخوات ئەوە (بَاطِل)ە، بَاطِل: پێچەوانەی (حەقە)، حەق: واتە موافقی فەرمانی خوا، بَاطِل: واتە پێچەوانەی

حەق و باتڵ



Scanned by CamScanner

فەرمانی خوا، زۆرێك لەمانە ماڵی خەڵکی بەباتڵ و ناڕەوا دەخۆن و هەڵیشی دەگرن، کەنزی دەکەن، گەنجینەی دەکەن فلان لەگەڵ بەقیبەی تردا.

ئینجا ﴿وَالَّذِينَ يَكْنِزُونَ الذَّهَبَ وَالْفِضَّةَ﴾

ناماژەدان بەسەروەت لەرێگەی زیو و ئاڵتونەوە

ئەوانەی کە زیو و ئاڵتوون - کە ئیتر زیو و ئاڵتوون بەدرێژایی مێژوو ئەصڵی ئەو شتانەن کە قیمەتیان هەیە، پارەی کاغەز و چەك و سکە و ...هتد، ئەرزشیان هەیە، شتێك لەویان کەسب کردووە یانی نمایندەی ئەون، ئەو پشتیوانیانە ئەگەرنا خۆیان ئەرزشیان نییە - دەرنەتیجە کاتێك دەڵێین زیو و ئاڵتوون یانی سەروەت، ئیتر سەروەتێك کە ئەرزشی هەیە بۆ کۆمەڵگە، ئەرزشی زاتی، ئێستاش پارەی کاغەز و شتیش بەر ئەوە دەکەون، کوللەن ماڵ و سەروەتیان، ئەوانەی کە ماڵ و سەروەت و داراییان کەنز دەکەن، یانی تەپەی دەکەن بەمل یەکدا و پارێزگاری لێدەکەن، لەژێریشەوە کونی تێناکەن، نیگاهدارن، تەپەی دەکەنە مل یەك لەژێریشەوە نەقبی لێنادەن و کونی تێناکەن ئینفاقی بکەن.

(وَلاَ يُنفِقُونَهَا فِي سَبِيلِ اللَّهِ)

ئەگەر لەژێرەوە کونیان تێکردایە قەیدی نەدەکرد، هەر لەبەرەوە تەپەی بکەن لەژێرەوە دەڕوا ئیتر مەگەر هەر کار بکات، ئەوانە ئەڵبەتە هەر لە(الأَحْبَارِ) و (الرُّهْبَانِ)ن کە موناسەبەی هەیە و بەشوێن ئەواندا هێناویەتی، لەبەرەوە کۆی دەکەنەوە.

(فَبَشِّرْهُمْ بِعَذَابٍ أَلِيمٍ)

کەنزکردن و باتڵ خۆری و تووشبوون بەعەزابی خوا

موژدەیان پێبدە بەئەشکەنجەیەکی دەرك ناك، ئاخر لەچ روویەکەوە ئەمە دەخوات، ئەوەی کە لەپێشدا ئەوانەیان کە بەباتڵ دەیخۆن، ئێستاش کە کەنزی دەکەن، ئەصڵەن چ شایستەییەکی هەیە بۆئەوەی مەسەلەن تەعەجوبە جار جار چی یەکێك دێت زۆر کات بووە، جارێك عەقدێکم کرد بۆ نەفەرێك تەنها دوو قسەیە هەرئەوەندە وتم بڵێ بەتەرەفەکە ئەوا ئەو کچەم کردە هاوجفتی و ئەوا لەسەر

ئەوە قبوڵم کرد، کەچی هاتمەدەرەوە یاڵڵا دەستی کرد بەباخەڵیدا وتم ئەوەچییە وتی دەی زحمەتە، وتم جنێوم پێ مەدە، دووبارەی کردەوە وتم دەی جنێو مەدە ئیتر تەولو، ئەوانە وەها فێرکراون کە مەسەلەن ئەگەر من رۆشتم و دوو قسەم کرد دەبێ دوو سەد تمەن سێ سەد تمەنم پێ بدرێ، لەسەر چی ئەگەر حسێبی بکەی، مەسەلەن لەوانەیە پێنج دەقیقە قسە بکەی، پێنج دەقیقە بیست و پێنج قەران سی تمەن هەر ئەوەندە، ئیتر چوارسەد تمەن پێنج سەد تمەن هەزار تمەن ئەوانە دەبات، ئەمانە باتڵ خواردنە، دوایش هەڵیدەگرن و کەنزی دەکەن، ئەوکاتە لەدەستیان دەرنایەت، ئەمانە کە بەباتڵ بۆیان دێت، لەبەرئەوەی زەحمەتیان نەکێشاوە و بزانن زەحمەت کێشان چۆنە، برسیەتی و تینویەتی ئەمانەیان نەچەشتووە، دەردی خەڵکیش نازانن.

دەرئەنجە لەدەستیشیان ناچێتە دەرەوە، ئەمانە موژدەیان پێبدە بەئەشکەنجەیەکی دەردناک، کەیە؟ جا لەهەندێ ئایەتی تریشدا، هەر لەوەها مانایەکدا سێ جۆری تری عەزاب بەیان دەکات کە لەجێگەیەکیان دەفەرموێ:

(سَيُطَوَّقُونَ مَا بَخِلُوا)

کەنزکردنی سەروەت و سامان و عەزابدانی خاوەنەکەی

رۆژی قیامەت دەبێتە تەوقی لەعنەت و دەرواتە ملیان، دەبێتە شەڕ و مل و گەردنیان دەگرێ کە هەر ئەوەیە لێرە تەوزیح دەدرێ لەجێگەیەکی تردا دەفەرموێ:

(أَعْقَبَهُمْ نِفَاقًا)

دەیکاتە نیفاق لەدەرونیاندا تا رۆژێک کە (يَلْقَوْنَهُ) تا رۆژێک کە دەگەینە لای خوا، تا مەرگ ئیتر ئەوانەی کە بەباتڵ ماڵی مەردم دەخۆن و کەنزی دەکەن، ئەو ئەسەری باتڵ کاری و کەنز کردنە دەبێتە نیفاق و لەئیسلام لایان دەدات، تارۆژێک کە دەمرن ئیتر نایەنەوە سەر رێگەی راست، لەئایەتێکی تردا دووبارە بەجۆرێکی تر دەفەرموێت.



Scanned by CamScanner

(يَوْمَ يُحْمَى عَلَيْهَا فِي نَارِ جَهَنَّمَ)

رۆژێك بەباشی داخ دەکرێ و دەخرێتە ناو ئاگر، لەناو ئاگری جەهەنەمدا ئاگر بەسەرەکەیەوە بڵێسەی دێ، ماڵەکانیان باش سوور دەکرێنەوە و پارچەپارچەیان دەکەن و دەیانکوتن بۆ زمە - ئەو داخانەی کە حەیوانی پێ داخ دەکرێ - ئەڵبەتە باش سکە سکەیان دەکەن وەك لیرە و شتەکان.

(فَتُكْوَى بِهَا جِبَاهُهُمْ وَجُنُوبُهُمْ وَظُهُورُهُمْ)

جا ناوچاویان کە جێی ئیفتیخار بووە، بەواستەی ئەم ماڵە فەخر فرۆشیان کردووە، تەوێڵ و روویان و تەنیشتیان و پشتیان کە ئیسراحەتی زۆریان کردووە و پاڵیان داوەتەوە، و (ظُهُورُ)یان ئەو لیباسە پڕ ئیفتیخاری و شتە کردوویانەتە بەریان لەپشتیاندا دیاربووە کە نمایندەی بووە بۆ خەڵك ئەو شوێنانەیانی پێ داخ دەکرێ، ئەوانەی کە جێگەی ئیفتیخار و شەرەف و عیزەت و ئەوانە بوون ئەوانەی پێ داخ دەکرێن.

جا زیاد لەوەش بۆ زیاتر ئەشکەنجەدانیان

(هَذَا مَا كَنَزْتُمْ لأنفُسِكُمْ)

بچێژن و بخۆن

(فَذُوقُوا مَا كُنتُمْ تَكْنِزُونَ)

ئەمە ئەوەیە کە کۆتان دەکردەوە، ئەوەیە کە بۆ خۆتان دەتانوت ئەمەش بۆ خۆمان هەڵیبگرین، دەی فەرموون بخۆن، بچێژن ئەوەی کە هەڵتان گرتووە و کۆتان دەکردەوە، ئەمە نەتیجەیەتی فەرموون.



Scanned by CamScanner

## رەوشی ئینفاق چۆنە، میقداری چەنێکە دەبێ بەکێ بدرێت و ئەو کەسەی ئینفاقەکە دەکات حاڵی چۆن بێت و چاوەڕێی چی بێت و چی نەبێت

ئایەتی (٢٦٨ و ٢١٩ و ١٩٥)ی سورەتی (البقرة)، ئایەتی (٢)ی سورەتی (المائدة)،و ئایەتی (٣٦) سورەتی (النساء):

پێشتر باسی یەکێك لەچوار روکنەکەی ئیسلام کە ئینفاقە کرا، ئێستا هەر بەدوای ئەوە مەسائیلێك کە پەیوەستە بەئینفاق لەم چەند ئایەتەدا بزانین رەوشی ئینفاق چۆنە، میقداری چەنێکە دەبێ بەکێ بدرێت و ئەو کەسە کە ئینفاقەکە دەکات حاڵی چۆن بێت و چاوەڕێی چی بێت و چی نەبێت.

وتمان بەدەر لەوەی کە ئینسان کەنزیکات و ماڵ کۆبکاتەوە کە قەدەغە کراوە لێی و حکومەتی ئیسلامیش ئەگەر پێی بزانێ دەبێ دەخالەتی تێدابکات و نەیەڵێت، دەمێنێتەوە ئینسان یان بۆخۆی ئینفاق بکات بۆ زیندەگی خۆی یان کەسانێکی تر یان خۆی بیکاتە دەستمایە و کارێکی پێبکات و یان خەڵکی تر بیکەنە دەستمایە، تەقریبەن ئەمانە دەبنە چوار شێوەوە.

(الشَّيْطَانُ يَعِدُكُمْ الْفَقْرَ وَيَأْمُرُكُمْ بِالْفَحْشَاءِ)

زانیمان کە ئینفاق یانی ئینسان کاتێك ماڵێك بەدەست دەهێنێت و دەیکاتە ناو ئەنبارێك دەبێت لەژێرەوە کونێکی سەرەوخواری تێبکات و بڕواتە ناو کۆمەڵگە و سەرەکەی تریشی کراوەبێ، نەك لەوسەرەوە بەسترابێت، مەسەلەن بەڕیایی بێت لەبەرچاوی کەسێکەوە پارە بدات بەکەسێك، ئەویش ئێوارە پێی بداتەوە ئەو ئەوەی خۆی وەریگرێتەوە و بڵێت من ئەوەم کرد ئەو پێت بدات، دەرگاکەی لەوسەرەوە بەستبێت، بڕوات تا ئەولا و دووبارە هەم بێتەوە، مەن ببێت و بێتەوە بەرەو سەر، ئەوە ئینفاق نییە، یانی ئەگەر لەبەر خۆ دەرخستن و شت بوو ئەوە ئیتر بەئینفاق حسێب ناکرێت. ئینفاق



Scanned by CamScanner

جا ئینسان لەبەرئەوەی خۆی خۆش دەوێت و حوبی زاتی هەیە، لێرەدا شەیتان - شەیتان ئیتر وشەی ئەو مانا گشتییە، یانی هەر کەسێك چ جن چ ئینس و هەر شتێکی تر کە لەرێگەی راستەوە دووربێت، شەیتانی و بەدخوو بێت - ئەم جۆرە ئەشخاصە دێن ئیستیفادە دەکەن لەو غەریزەیەی کە لەئینساندایە، ئەو غەریزەی حوبی زاتە، ئەوکاتە لەئینفاق دەی ترسێنن و دەڵێن تۆ بەزەحمەت و بەئارەقی ناوچاوت و بەخوێنی دڵت ئەم سەروەتەت کۆکردووەتەوە ئێستا ئەگەر بیبەخشیت و بەناوی ئینفاقەوە بیدەیتە خەڵکی تر و کونێك بکەیتە ژێرەکەی و لەوێوە بڕواتە ناو کۆمەڵگە لەدواییدا خۆت کەمدەست دەبیت و هیچت نامێنێ، ئەوکاتە دەبێ خۆت لەلای خەڵکی سواڵ بکەیت، دەی ترسێنێ، بیمی پێدەدات لەوەی کە عاقیبەتی ئەم کارەی خەتەرناکە.

(يَأْمُرُكُمْ بِالْفَحْشَاءِ)

دەستوردانی شەیتان بۆ ئینفاق نەکردن

دەستورتان پێدەدات بەکارێکی زۆر زۆر زشت کە عیبارەتە لەدریغ کردن و ئینفاق نەکردن، وەك لەسورەتی (النحل)یشدا باسمانکرد، کە (وَيَنْهَى عَنْ الْفَحْشَاءِ) لەبەرامبەری (إِيتَاءِ ذِي الْقُرْبَى)، (فَحْشَاء) دەبێتە نەبەخشین و ئینفاق نەکردن، شەیتان دەستورتان پێدەدات بەکارێکی زۆر زشت و ناشیرین، کە عیبارەتە لەخەرج نەکردن و ئینفاق نەکردن، ئیتر چ لەسەر خۆی کات هەیە - تەنانەت دڵی نایەت بۆ خۆیشیان خەرج بکەن - چ لەسەر قەوم و چ لەسەر بێگانەش، چ بەو شێوەیەی کە بیکاتە دەست مایە بۆ خۆی یان بۆ غەیر.

شەیتان دەیتۆقێنێ - شەیتان یانی هەرکەسێ لەو ئەفرادانەی کە ئەو سیفەتانەیان هەیە - دەی ترسێنێ کە ئەگەر تۆ ئەم ماڵەت لەئەنبارەکە دەربێت ئیتر پەکتە، بۆیە دەستووری پێدەدات بەوکارە زۆر زشتە، کە عیبارەتە لەوەی کە دەبێ کۆی بکاتەوە نەیەڵێ سەرف ببێت، چەنێك زشتە ئەوەی کە ئەم ئینسانە نیوی فیکری و عەمەلی خۆی و شەرایتی موساعیدی موحیت و ماددەیەك کە



Scanned by CamScanner

لەتەبیعەتدا هەیە مەتاع و کاڵا هەمووی خوا دروستی کردووە، ئەوکاتە ئەم ئەوەی بەدەستهێناوە لواتر دەترسێ لەوەی ئەگەر ئەمەی لەدەستدا ئیتر وادەزانێ لەودوا خەزانەی خوا ئیتر خاڵی بووە و بەشی ئەم نامێنێ، ئیتر دنیا بۆ ئەم وێران بووە.

(وَاللَّهُ يَعِدُكُمْ مَغْفِرَةً مِنْهُ وَفَضْلاً)

ئینفاق کردن و دوورکەوتنەوە لەعەزاب و غەزەب

بەڵام کاتێك خوا دەستوری ئینفاق بەئێوە دەدات، موژدەتان پێدەدات کە جارێك بۆ قیامەتتان (مەغفیرەت) یانی لەعەزابێك کە ئیستیحققتان پەیداکردووە لەگوناهەکانی تردا، مەسەلەن لەجێگانی تر گوناهتان کردووە و موستەحەقی عەزابن، لەو عەزابە دەتانپارێزێ، ئەم ئینفاقە دەبێتە سەبەبی ئەوەی کە خوا لەو عەزابە بتان پارێزێ، ئەوە بۆ قیامەت، لەدنیاشدا دووبارە هەم خەشم و غەزەبی لێناگرێت لەرەحم و تەوفیقات و هیدایەتی خۆی بێ بەشی ناکات.

(وَفَضْلاً)

مێوبڕین و نموونەیەك بۆ ئینفاق

بەڵێنیشتان پێدەدات کە هەرچەند زاهیرەن ئینفاق ماڵەکەتان کەمدەکاتەوە زیاتری بکات، (فَضْل) یانی زیادە نیعمەتی خۆی دووبارە بنێتەوە ئیختیارتان، زاهیرەن کاتێك ماڵەکە ئینفاق دەکرێت و دەرِوات کەم دەبێتەوە، بەڵام هەر وەکو ئەوەیە کە (مێوە دەیم) بەهارانە دەیبڕن، زاهیرەن لقەکانی کەم دەبێتەوە، بەڵام ئەگەر نەیبڕیت و لقی زۆر بێت دوای دوو سێ ساڵ وشك دەبێت و ترێ ناگرێت و زایە دەبێت، بەڵام ئەگەر بیبڕیت و لقەکانی کەم بکەیتەوە بەرەکەتی زیاتر دەبێت، ئەمیش ئاوایە ئینسان کاتێك ئەم ماڵەی ئینفاق کرد، چونکە ئەم ئینفاقە وتمان چوار جۆرە:

جۆرەکانی ئینفاق

یان بۆ خۆیەتی و بۆئەوە ئینفاق دەکات کە نیروی بەدەنی زیادبێت و دەتوانێ و فەعال تر دەبێت و کار و کۆشش زیاتر بکات.

یان بۆ خەلکی ترە کە ئەوانیش دووبارە فەعالیەتیان تێدەکەوێ و ئەوانیش کاردەکەن و لەنەتیجەی فەعالیەتی ئەوانەشدا پرشەیەکیش دەگاتەوە لای ئەم.



Scanned by CamScanner

یان ئەوەیە کە خۆی بیکاتە دەستمایە یان ئەوان دووبارە ئیتر ئەمە روون ترە کە سەرمایەکە دەکەوێتەکار و هەرچەند زاهیرەن لەدەستی دەرچووە و دڵویەتیە دەست خەڵك، بەڵام دوایی مەنفەعەتی ئەمە هەم بۆ کۆمەڵگە دەبێت کە ئەمیش یەکێکە لەئەفرادی کۆمەڵگە و بەشی دەکەوێت.

ئینفاق و پاراستنی ماڵ لەخەتەر

دوای ئەوەش کاتێ ئەم ئینسانە هەمیشە ئینفاقی کرد، ئیتر ماڵەکەشی خەتەری لەسەر نییە، یانی دز و ماڵ بڕ و موحتاج و هەژار و ئەمانە، کۆمەڵێ بەناحەق و کۆمەڵێ بەحەق، هەرگیز رووی تێناکەن کە فرسەتی لێبهێنن و لەدەستی ببەن، چونکە حەقی هەموو کەسی لێ ئەدا کردووە و دەرئەنجامە ماڵەکەی جێی ئیحتیرامە لەئەزەری هەموو کەسدا، هیچ جۆرێك مەسەلەن بۆ چەپاوکردن و بۆ دزی و بۆ موصادەر و ئەمانە ناکەوێتە موعەرەزی خەتەر.

بەشێکیش ئەصڵەن راستەوخۆ لەلایەن خواوە بەبێ دەخالەتی قودرەتی ئینسان زیاد دەبێت، کە لەهەندێ شوێندا دەفەرموێ ئەگەر ئێوە ئینفاق بکەن، خوا بارانتان بۆ دەبارێنێ و گیاتان بۆ سەوز دەکات.

ئینفاق کردن بۆ فەقیریش دەگرێتەوە

کەوابوو هەرچەند زاهیرەن ئینفاق لەماڵ کەمدەکاتەوە، بەڵام لەڕاستیدا زیادی دەکات، تەنانەت لەشوێنێکدا لەباسی ئەوەدا کە ئینسان ئینفاق بکات، دەفەرموێ ئەوەی کە دەستی دەڕوات بەئەندازەی خۆی ئینفاق بکات ئەوەش کە دەستی ناڕوات هەر بەئەندازەی خۆی ئینفاق بکات، تەنانەت ئەوەش کە دەستی ناڕوات ئینفاق بکات، ئەگەر ئینفاق ماڵی کەم بکردایەتەوە ئەوەی کە دەستی نەدەڕۆشت دەیفەرموو ئەو نەیکات، چونکە ئەو کەم دەبێتەوە لەناو دەچێ!

(وَاللَّهُ وَاسِعٌ عَلِيمٌ)

ئینفاق کردن و پڕکردنەوەی شوێنەکەی لەلایەن خواوە

خوا زۆر دەست بڵاوە ئەوەندە وەسیعە ئەوەندە نیعمەتی هەیە کە هەر ئێستا تا هەزار ساڵ خەریکبە ئینفاق بکە دووبارە هەم دێتەوە شوێنی، لەشوێنێکی تردا دەفەرموێ ئێوە ئینفاق بکەن تا جێنشینی بدەمەوە پێتان، هەروەها (عَلِيم)ە،



Scanned by CamScanner

زۆر ئاگاداره، زانایه و دهزانێ ههركهس شتێكی ئینفاق كرد دهزانێ ئینفاقی كردووه لهبیری نهچووهتهوه حهتمهن جێنشینێكی بۆ دادهنێ، ئهگهریش لهدنیادا جێنشینهكهی پڕنهكردهوه لهقیامهتدا پێی دهداتهوه، وهك لهئایهتێكدا دهفهرموێ نموونهی ئهوانهی كه ئینفاق دهكهن لهڕێگهی خوا، وهك كهسێكه دهنكه گهنمێك دهوهشێنێ، دانهكه حهوت گوڵ دهردهكات ـ كات ههیه گهنم چهند گوڵێك دهردهكات ـ ههر گوڵێك سهد دهنكه گهنمی تێدایه ئهوه حهوت سهد.

پاداشتی ئینفاق بهپێی ئیخلاصه

یانی ئینسان ئهگهر لهڕێی خوا موخلیسانه ئینفاقی كرد، حهوسهد بهرامبهری ئهوه، دهفهرموێ بۆ ههندێكی تریش (يُضَاعَف) لهوهش زیاتری دهكات بۆ ههركهسێك زیاتر ئیخلاصی ههبوو، بهپێی دهرهجهی ئیخلاصه، لهده بهرامبهر تا حهوسهد و لهوه زیاتر بۆ ههركهس ئیحلاصی ئیتر مومتاز بوو خوا بۆی زیاد دهكات. ئهوه پهیمانهكهی خوایه بۆ دنیا و بۆ قیامهتی.

## چۆنیهتی ئینفاق كردن

ئایهتی (١٩٥) (وَأَنفِقُوا فِي سَبِيلِ اللَّهِ وَلاَ تُلْقُوا بِأَيْدِيكُمْ إِلَى التَّهْلُكَةِ)

وهرگرتنی مانای بهشێك لهقورئان و تێكدانی مهبهستی قورئان

ئهم ئایهته كۆمهڵێك لهوانهی كه توند پهروهر و سستن لهئهمر بهمهعروف و نههی لهمونكهردا، یان جورئهت و ئاگایی و بڕیار و ئیرادهیان نییه، تهنها ئهو بهشی ئایهته دهگرن، مهفهومی نهك تهنها ئایهتهكه بهڵكو تهواوی قورئان دهگۆڕن، دهڵێن (وَلاَ تُلْقُوا بِأَيْدِيكُمْ إِلَى التَّهْلُكَةِ) خۆتان مهخهنه ناو بهڵاو موسیبهت، تۆ كارت بهمهوه چییه، بۆچی خۆت تووشی دهردی سهر دهكهیت تهواو!، ئیتر ههرچی شته تهعتیل بوو، ئیتر نهجیهاد و نهموبارهزه و نهتهواوی ئهوانهی كه لهئیسلامدا ههن مانایان نامێنێ، چونكه لهبهقیهی ئایهتهكه دایدهبڕن.

پێش لهم ئایهته ـ ئایهتی ١٩٥ ـ لهئایهتی (١٩٣ و ١٩٤)دا خوا دهستوری جهنگ دهدات، تهنانهت دهفهرموێ (وَقَاتِلُوهُمْ حَتَّى لاَ تَكُونَ فِتْنَةٌ وَيَكُونَ الدِّينُ لِلَّه) كوشتاری تاغوتان بكهن تا زهمانێك كه ئیتر هیچ نیروویهك لهسهر زهویدا نهبێت



Scanned by CamScanner

لەسەر عەقیدە ئەشکەنجەی خەڵك بكات، ئیتر غەیری قانوونی خوا هیچ قانونێك زۆری نەبێت، ئەوکاتە ئیتر خەڵك ئازادە دەتوانن ئیمان بهێنن یان نەیهێنن، کەسێك نەبێت زۆری لێبکات بۆ ئیمان هێنان یان بۆ ئیمان نەهێنان، تازەمانێك جیهاد ئیدامەی ببێت تا تاغوت لەناودەچێت، دواتر ئیتر ئەوکاتە (لاَ إِكْرَاهَ فِي الدِّينِ)، دوای ئەوە دەفەرموێ ئەگەر دەستیان لەتاغوت کردن کێشایەوە ئیتر وازیان لێبهێنن.

دەستورێکیش لەبارەی مانگە حەرامەکانەوە دەدات کە لەوانەدا ڕەچاوی حورمەتی مانگەکان بکەن مەگەر کاتێك ئەوان تەجاوز بکەن، ئەوکاتە ئێوەش دەتوانن بەئەندازەی تەجاوزەکەی ئەوان بەرامبەریان بووەستن.

ئینجا دوای ئەوە دەفەرموێ:

(وَأَنفِقُوا فِي سَبِيلِ اللَّهِ)

ئینفاق لەڕێگەی خوادا بکەن، جا ڕێگەکە دوایی کەمێك ڕوونی دەکەمەوە.

(وَلاَ تُلْقُوا بِأَيْدِيكُمْ إِلَى التَّهْلُكَةِ)

خۆتان مەخەنە ناو هیلاك و نابودی، یانی ئەگەربێتوو ئینفاق لەڕێگەی خوادا نەکەن نابود دەبن، کەوابوو ئەمە پێچەوانەی ئەو مەفهومەکەیە کە لێی وەردەگرن، ئەو لەوێ دەڵێ وەرە دابنیشە ئیتر ئینفاق مەکە، مەسەلەن فیکرت زۆرت ماددیاتت، بەماڵ و بەگیان ئینفاق مەکە خۆت مەخەرە ناو دەردی سەر و ناڕەحەتی، بەڵام پێچەوانەی ئەمە، دەفەرموێ ئینفاق بکەن ئەگەر ئینفاق نەکەن دەکەونە ناو نابوودی و بەدبەختی، بۆ؟ کاتێ ئینفاقتان لەڕێی خوا نەکرد بەفیکر و بەعەمەل و بەگیان و بەماڵ و بەهەرچی دارایتان هەیە ئینفاقتان لەڕێگەی خوا نەکرد و خۆتان فیدا نەکرد، ئەوکاتە تاغوت دێتە سەر کار و بەسەرتاندا زاڵ دەبێت و خۆتان نابود دەبن، هەروەك موسڵمانان لەدوای صەدری ئیسلام، لەبەرئەوەی بەتەواوی داراییانەوە بەفیکر و بەعەمەل و بەهەموو شتێکیان

ئینفاق نەکردن و نابوودی کۆمەڵگە

ئینفاقیان نەکرد، وەهای پێهات کە تاغوتەکانی بەنی ئومەییە و بەنی عەباس و دواتر عوسمانیەکان و دواتر شاکانی ئێران هاتنە سەرکار، هەروەها وڵاتەکانی تریش، جا

(فِي سَبِيلِ اللَّهِ)

ڕێگەی خوا، ئەمیش دووبارە مەفهومێکی زۆر زۆر مەحدودی لێ وەرگیراوە، کە دوو قەران دەریهێنێ و بەهەزار فەخر فرۆشیەکەوە بیدەیت بەدەست هەژارێکەوە، لەئایەتێکدا خوا دەفەرموێ (وَمَا لَكُمْ لاَ تُقَاتِلُونَ فِي سَبِيلِ اللَّهِ) ئەوە بۆچی هەڵناسن و کوشتار ناکەن لەڕێی خوا، دوای ئەوە دەفەرموێ (وَالْمُسْتَضْعَفِينَ مِنَ الرِّجَالِ وَالنِّسَاءِ وَالْوِلْدَانِ الَّذِينَ يَقُولُونَ رَبَّنَا أَخْرِجْنَا مِنْ هَذِهِ الْقَرْيَةِ الظَّالِمِ أَهْلُهَا) دەفەرموێ ئەوە دەردتان چییە بۆ هەڵناسن لەڕێی خوا جیهاد و کوشتار بکەن، ڕێگەی خوا کامەیە؟ ڕێگەی خوا یانی ڕێگەی موستەزعەفین، خۆ خوا نایەوێت بێگاری و کرێکاری بۆ بکەی و ئالفی بۆ بکێشی، ڕێگەی خوا یانی قیام کردن بۆ نەجاتی موستەزعەفین، بۆ بەخشینەوەی عیلم تا نەزان نەمێنێ، بۆ دیفاع کردن لەحەقی بێ تواناایان تا زەعیف و بێ توانا نەمێنێ، بۆ بڵاوکردنەوەی نیعمەتی ماددی تا هەژار و فەقیر و نەدار نەمێنێ، ئەمەیە ڕێگەی خوا، (قِسْطِ) ئیجراکردن هەرکەس بەشی ڕێکی خۆی پێدان.

ڕێگەی خوا

کەوابوو کاتێ دەفەرموێ لەڕێگەی خوا ئینفاق بکەن یانی ئەمە، ئیتر تەواوی زیندەگی دەگرێتەوە، یانی هەرچیەکتان هەیە نیروی فیکری و قوەی بەدەنی و نیعمەتی ماددی، هەمووی لەم ڕێگە وەسیعەدا دەبێ ئینفاقی بکەن، تەنانەت ئینسان کاتێ خۆی بخوات، دەبێ لەڕێگەی خوا ئینفاق بکات، یانی ئەوەندە بخوات کە بتوانێ فکر بکاتەوە و عەمەل بکات، ئەوەندە بپۆشێ و ئەوەندە مەسکەنی ببێت کە خۆیشی لەڕێگەی خوادا دابنێ، نەك ئەو شتەی کە خوا داویەتی بیهێنێتەوە بۆ خۆی.

ئینفاق کردن تەواوی زیندەگی ئینسان دەگرێتەوە



Scanned by CamScanner

ئەگەر وانەکەن بەتەواوی وجودتانەوە لەڕێگەی خوادا ئینفاق نەکەن، بەدەستی خۆتان خۆتان دەخەنە ناو نابوودی، کەوابوو ئینفاق بکەن لەڕێگەی خوا با نەکەونە ناو نابوودی، ئیتر ئەم ئینفاقە وەك مەسەلەن خەرج کردن بۆ بڵاوکردنەوەی عیلم بۆ دیفاع لەحەقی بێ توانایان بۆئەوەی کە نەدارەکان دارا ببن بۆ تەواوی مەعانیەك کە لەکۆمەڵگەدا مەترەح دەبێت.

(وَأَحْسِنُوا)

کاتێکیش ئینفاق دەکەن چاکەکاری بکەن، نەك بەمنەت و بەقسەی خۆمان بۆڵە و وابزانن ئیتر هیچتان نەهێشتووەتەوە، یانی ئەصڵەن تۆ خۆت هی خوایت هیچ نیت خۆت مەوجودی موستەقیلت نییە تا لێرە ناز بفرۆشی و بڵێی وەڵڵا من شتێکم کردووە، (وَأَحْسِنُوا) وەك لەئایەتێکی تردا دەفەرموێ:

* ئەوانەی کە ئینفاق دەکەن و دوای ئینفاقەکە (لاَ يُتْبِعُونَ مَا أنفَقُوا مَنًّا وَلاَ أذًى) دوایی منەت ناخەنە سەر بەرامبەر و ئەزیەتی ناکەن، کە لەبەرئەوەی من پێنج تەمەنم پێداوی ئەوە بۆ سەلامم لێناکەی - وەك مەشهورە لای ئێمە دەڵێ قەدیم کابرایەك بووە، ناوی غەفار بەگ بووە، پاڵتاوێکی داوە بەکابرایەك رۆژێك پێی وتووە پاڵتاوەکە پیس مەکە، ئیتر ئەوە مەسەلەیە دەڵێن وەك پاڵتاوەکەی غەفار بەگە - ئەوە یەکێکە لەڕێگەکانی ئیحسان.

*یەکێکی تر ئەوەیە کە ئینسان لەباشترین شت ببەخشێت، نەك برواتت بگەڕێ، مەسەلەن لەناو پۆشاکەکانیدا یان لەناو خۆراکەکەیدا بڵێ ئەمە کۆنەیە بیدەن بەفلانەکەس.

رۆژێك ژنێکی لاڵ، کچێکی لەگەڵدابوو هاتبوویە ماڵی ئێمە نازانم کراس بوو چی بوو پێیاندا کچەکەی وتی دەیخۆ ئەمە تازەیە، زۆر ناڕەحەت بووم، ئەوەندە کۆنەی پێدرابوو یانی باوەڕی نەدەکرد کە ئەم تازەیەی پێ بدرێت، تەواو

نارەحەت بووم لەوەی کە ئاوا لەم کۆمەڵگەیەدا فێرکراوە کە چاوەڕێ نەبووە شتێکی تازەی پێبدرێ.

جا ئەوەی کە خوا دەفەرموێ:

(لَنْ تَنَالُوا الْبِرَّ حَتَّى تُنْفِقُوا مِمَّا تُحِبُّونَ)

هەرگیز چاوەڕێ نەکەن کە جەزای باش و پاداشتان دەست بکەوێت مەگەر زەمانێك لەوە ئینفاق بکەن کە خۆتان پێتان خۆشە، شتێك مەحبوبە (وَآتَى الْمَالَ عَلَى حُبِّهِ) یان لەشوێنێکی تر (وَيُطْعِمُونَ الطَّعَامَ عَلَى حُبِّهِ) دەبێ لەناو دڵتا بێت، حوب ئەصڵەن دڵیش کە بۆ حوب ئیستیعمالی دەکەن، چونکە دڵ وەك دانەیە، حوب یانی دانە، یانی ئەو ماڵە دەبێ ئەوەندە خۆشەویست بێ کە دڵت عەلاقەی پێوە ببێت لەوەیان خەرج بکەی نەك لەوەی کە دەرد ناخوا بڵێی تازە ئیتر خۆم نامەوێت بۆ کەسێکی تر، ئەوەیە ئیحسان! (وَأَحْسِنُوا) خاس بکەن چاکەکاری بکەن ئەمەیە.

*یەکێکی تر لەڕێگەکان بەپێی شەرایت خوا دەفەرموێ ئەگەر بەئاشکرا شتان بەخشی باشە، بەڵام ئەگەر بەنهێنی بیبەخشن زۆر باشترە، ئەویش بەمەرجە لەجێگەدا هەیە بەئاشکرا بیبەخشی تا خەڵکیش چاو ببڕێ لەو حەنا و بزانێ تەرەف چۆنە، جێگەش هەیە کە کەس ئاگای لێ نەبێت باشە، ئەمانەش هەر لەبەشی ئیحسانە.

(وَأَحْسِنُوا إِنَّ اللَّهَ يُحِبُّ الْمُحْسِنِينَ)

خوا ئەوانەی کە چاکەکاری دەکەن خۆشی دەوێن، ئیحساسی مەسئولیەت دەکەن، لێرەدا کاتێك شتێك دەبەخشێ منەت و ئەزیەت و ئەم جۆرەشتانە ناکات، ئیحساس دەکات کە مەسئولە و دەبێ ئەم کارە بکات، بەبێ ئەوەی هیچ بۆڵەیەك بکات.

ئەو بەشە لەئایەتی (٢)ی سورەتی (المائیدە) دەفەرموێ:



Scanned by CamScanner

(وَتَعَاوَنُوا عَلَى الْبِرِّ وَالتَّقْوَى وَلاَ تَعَاوَنُوا عَلَى الإِثْمِ وَالْعُدْوَانِ)

روونکردنەوەی رێگەی خوا و غەیری خوا

بەکورتی رێگەی خوا روون دەبێتەوە و پێچەوانەی ئەو رێگەش روون دەبێتەوە، ئێوە پشتیوانی یەکتر بکەن کۆمەکی یەکتر بکەن لەسەر (الْبِرِّ وَالتَّقْوَى)، الْبِرِّ: وتم لە(بَرّ) یانی بیابان، مانای وسعەت دەدات، یانی زۆر چاکەکاری کردن، تەواوی نیروتان سەرف بکەن لەرێگەی ئەوەدا کە کاری چاك بکرێ لەکۆمەڵگەدا، ئیتر بەتەواوی مانا کاری باش گەورە و بچووك لەکۆمەڵگە، لەهەرشوێنێکەوە کە باشە لەوەوە شت سەرف بکەن، (وَالتَّقْوَى) کۆشش بکەن کە هەرکەسێك ئەم سیفەتە بگرێتە دەست، کۆمەکی یەکتر بکەن بۆئەوەی ئەم سیفەتە کەسب ببێت بۆتان، (التَّقْوَى) یانی خۆپاراستن لەعەزاب، هەروەك لەویاندا وتمان، کاتێك کۆمەك دەکەن لەسەر (الْبِرِّ) لەسەر چاکەکاری، ئەم دەرسەش بەیەکتر بدەن کە دەبێ تەقوا ببێت، یانی ترسی خوا لەدڵتاندا ببێت لەوحەنا ئیفتیخار نەکەن منەت و ئەزیەت نەبێت، لەوحەنا کە تەنانەت کارەکە دەکەن بەخششەکە دەکەن، لەخوا بترسن کە نەوەك نەقصێك لەئینفاقمدابێت و خوا غەزەبت لێبگرێ.

التقوى

وەك لەشوێنانی تردا دەفەرموێ کاتێك زەکات دەدەن و ئینفاق دەکەن، لەحاڵی رکوعدا بیکەن ـ رکوع نەك یانی سەردانەواندن، یانی لەحاڵی زڵلەت و خاری و خۆ بەبچووك زانیندا ـ لەو حاڵەتەدا تەنانەت ئینسان خەجاڵەت بکێشێ کە ئاخ زیاترم بوایە ئەمە هی خوایە کە لەدەستمدایە، تا ئێستا ماوە لەدەستی مندا خەجاڵەت بکێشێ کە بۆچی تا ئێستا لەدەستمدا ماوەتەوە.

حەزرەت (علیه السلام) جارێکیان لەنوێژی عیشا یان نوێژی بەیانیدا سەلامی نوێژەکەی دایەوە و بەپەلە رایکرد و چوویەوە ماڵ، سەحابە زۆر سەریان سوڕما وتیان چی قەوماوە کە دەستبەجێ هەستا رایکرد، رۆشت و کەمێکی پێچوو و هاتەوە، عەرزیان کرد چییە، وتی تەنها درهەمێك مابوویەوە پێم نەزانی بوو،



Scanned by CamScanner

ئێستا کەوتەوە بیرم ترسام لەوەی کە زیاتر بمێنێتەوە و ڕۆشتم وتم بیدەنە هەژارێك ـ ئاخر ئەو ئەوەندە وسعەتی بووە لەناو نوێژدا هەم پەیوەندی بەهێزی لەگەڵ خوادا بووە، چونکە وسعەتی ئەو لەوانەدا نەبووە یانی ئەو توانیویەتی بەدەستێك دوو خربزە هەڵبگرێت ـ

الأثم

ئەمە ڕێگەی خوایە (وَلاَ تَعَاوَنُوا عَلَى الإِثْمِ وَالْعُدْوَانِ) (الإِثْمِ) ئەصڵی مانای لوغەوی یانی کارێك کە ئینسان لەچاکە و پاداشتی چاك دووربخاتەوە ببێتە سەبەبی ئەوەی کە درەنگ پێی بگات، کەوابوو ئەوە لەبەرامبەری (التَّقْوَى)ەوە، یانی ئێوە کۆشش بکەن کە پشتیوانی و کۆمەکی یەکتر لەسەر ئەوە بکەن کە خەلکی وەهایان پێ بێت لەدەروونیاندا ئەو نیروە جێگە بگرێ کە کارێك دەبێتە سەبەبی دواکەوتن لەچاکەکاری و لەپاداشتی باش ئەوکارەیان ئەصڵەن لەدڵدا نەبێت و لەدەستیان نەخزێت.

العُدْوَان

(الْعُدْوَان)یش یانی تێپەڕکردن و تەجاوەز کردن، یانی کۆمەك نەکەن لەسەر ئەوەی کە تەجاوز لەحقوقی یەکتر بکرێ، کە ئەمەش لەبەرامبەری (الْبِرّ)ەوەیە، کۆمەکی یەکتر لەسەر ئەوە نەکەن کە ئیتر کۆمەکەکە چ بەکۆمەکی فیکری چ بەکۆمەکی بەدەنی چ ماددی، وا کۆمەك نەکەن کە یەکێ تەجاوەز بۆ حەقی یەکێکی تر بکات.

### ئەوانەی ئینفاقیان پێ دەدرێت

ئینفاق سەرەتا لەنزیکەکانەوە دەدرێت

لەئایەتی (٣٦)ی سورەتی (النساء)دا، ئەو کەسانەی کە دەبێ ئینفاقیان پێبکرێت ڕوون کراوەتەوە کە کێن ئەمانە چ ئەفرادێکن کە دەبێ ئینفاقیان پێ بکرێت:

(وَاعْبُدُوا اللّهَ وَلاَ تُشْرِكُوا بِهِ شَيْئًا)

جارێ پێش لەهەموو شتێك بەندەیی بۆ خوا بکەن و هیچ شتێك مەکەن بەشەریکی لەفەرمانڕەوایی و فەریادڕەسی و لەهیچ سیفاتێکیدا.



Scanned by CamScanner

(وَبِالْوَالِدَيْنِ إِحْسَانًا)

لەگەڵ ـ جارێ لەنزیکەوە دەست پێدەکات ئیتر ئەوانەی کە نزیکترن لەوێوە دەست پێدەکات، نوقتەیەك کە ئینسان دەستدەکات بەتەحەروك لەوێوە ئیتر ئەم تەحەروکەی یەکەم دایك و باوك دەگرێتەوە ـ جارێ لەگەڵ دایك و باوکتاندا ئیحسان بکەن، ئیحساسی مەسئولیەت لەبەرامبەریانەوە بکەن، وەك لەئایەتێکدا دەفەرموێ (رَّبِّ ارْحَمْهُمَا كَمَا رَبَّيَانِي صَغِيرًا) خوا تۆ بەزەیت بێتەوە بەواندا هەروەك کەئەوان پەروەردەی منیان کردووە بەمنداڵی، تۆش هیدایەتی ئەوان بدە و موەفەقیان بکە و بەزەیت بێتەوە پیایاندا.

یەکەمجار ئیحساسی مەسئولیەت لەبەرامبەری دایك و باوکەوە، چاکەکاری دەرحەق بەوان، ئیتر بەتەواوی مانا هەم لەلەحازی ماددیەوە هەم لەسائیری شتەکانی ترەوە.

(وَبِذِي الْقُرْبَى)

دوای ئەوان (ذِي الْقُرْبَى) ئەوەی کە نزیکتە، چ ئەوەی کە لەناو ماڵی خۆتدایە ژن و کوڕ و کچ و دوای ئەوە دەچێتە دەرەوە برا و خوشك و برازا و خوشکەزا و خاڵۆ و مامۆ و مامۆزا و خاڵۆزا و پوور و تا دەڕوات وردە وردە تا دوور دەکەوێتەوە، (وَبِذِي الْقُرْبَى) ئەوانەی کە نزیکن، تا دوورتر دەکەوێتەوە بەرەو ئەوانە دەڕوات کە کەمێك دوورترن.

(وَالْيَتَامَى)

ئیحساسی مەسئولیەت لەبەرامبەری ئەوانەوە بکرێت، ئەگەر ماددیاتیان نییە دەبێ پێیان بدرێت، ئەگەریش هەیەتی ئەوەیە کە باسمانکرد (وَلاَ تَقْرَبُوا مَالَ الْيَتِيمِ إِلاَّ بِالَّتِي هِيَ أَحْسَنُ) پارێزگاری ماڵەکەی بکرێت تازەمانێك باڵغ دەبێت و بدرێتەوە دەستی، ئەوانەی کە پێشتر لەبارەیانەوە باسمانکرد.



Scanned by CamScanner

(وَالْمَسَاكِينِ)
ئەوانەی کە داماون و پەککەوتن و ناتوانن کار و کۆشش بکەن، لەدوای تەحەروك و جومبوشی لەوەوبەریان لەدوای فەعالیەت و کاروکۆشش ئێستا لەکارکەوتوون، ئیحساسی مەسئولیەت بەرامبەر بەوانە بکەن و بەدەمیانەوەبن.

(وَالْجَارِ ذِي الْقُرْبَى)
دراوسێیەك کە نزیکە.

(وَالْجَارِ الْجُنُبِ)
دراوسێیەك کە دوورە.

(وَالصَّاحِبِ بِالْجَنْبِ)
رەفیق و هاوەڵێك کە لەلاتدایە و لەپاڵتدایە و نزیکە، کەسێك کە رەفیقتە مەسەلەن دوو نەفەر دەڕۆن بۆ شوێنێك بۆ بەدەستهێنانی عەدل بۆ بەدەستهێنانی ماڵ بۆ هەر شتێك، ماوەیەك بەیەکەوەن، دەبێ ئیحساسی مەسئولیەت بەرامبەر بەویش بکات، چاکەکاری لەگەڵ ئەودا بکات.

(وَابْنِ السَّبِيلِ)
کەسێك کە لەرێگەدایە، ماڵی دوورە و تا دەگاتەوە ماڵی خۆی پەناگایەکی نییە، هەم لەلەحازی رۆحیەوە دەبێ دڵی بدەیتەوە و خۆشحاڵی بکەیت، هەم لەلەحازی مادیشەوە دەستگیری تا ئەو ئەندازەیەی کە ئیحتیاجی ڕەفع بکات.

(وَمَا مَلَكَتْ أَيْمَانُكُمْ)
ئەوانەی کە مولکی ئێوەن و لەژێر دەستاندان ـ بەندەکان، کەنیزەك و عەبد و ئەوانەی کە لەرابردوودا هەبوون ـ
(إِنَّ اللَّهَ لاَ يُحِبُّ مَنْ كَانَ مُخْتَالاً فَخُورًا)



Scanned by CamScanner

چونکە بزانن کەسێك کە خود پەسەندبێ و خەیاڵ بکات کە شتێکی هەیە بۆ خۆی خۆی موستەقیلە و دارای شتێکە، دەرنەتیجە دەست بگرێتەوە و ئینفاق نەکات و ئیحساسی مەسئولیەت بەرامبەر بەخەڵکی نەکات و فەخر بفرۆشێ کە من ئەوەم هەیە و ئەوەم هەیە، ئەصڵەن خەڵکی لەبیردا نەبێت، خوا خۆشی ناوێت، کە خۆشی ناوێت، خۆش ویستنی خوا ئەوەندە شتێکی بچووك نییە بڵێی دەی خۆشی ناوێ گرنگ نییە، خۆی دەزانێ کە چی پێدەکات، پێشتریش ئەم ئایەتەمان باسکرد کە (الَّذِينَ يَبْخَلُونَ وَيَأْمُرُونَ النَّاسَ بِالْبُخْلِ...) درێژەپێدەری ئەمە.

جا یانی ئەگەر کەسێك ئیحساسی مەسئولیەتی بەرامبەر بەخەڵکی نەکرد ئەوە (موختال و فەخور)ە، هەروەك پێشتر باسکرا، ئەوە لەبەرئەوەیە کە تەنها خۆی دەبینێ، تەنها خۆی بەمەوجود دەزانێ بۆیە هۆشی بەلای کەسەوە نییە.

ئینجا ئەمە فەردی ماناکەیمان کردووە، ئەمجار ئەوەی کە ئەگەر حکومەتێکی ئیسلامی ببێت، کە حکومەتێکی ئیسلامی هەبوو، جارێ ئەوەی کە مەعلومە نیسبەت بە(الْيَتَامَى وَالْمَسَاكِينِ وئەمانە)، بەلام (وَالْجَارِ ذِي الْقُرْبَى وَالْجَارِ الْجُنُبِ) دراوسێی نزیك دەوڵەتەکانی تر کە نزیکن، هاوسێی دوور دەوڵەتەکانی تر کە دوورن، مەسەلەن دەوڵەتێك لەنێواندایە، (وَالصَّاحِبِ بِالْجَنْبِ) ئەفرادێك لەدەوڵەتێکی دوورترەوە مەسەلەن هاتوون و ماوەیەك بەیەکەوەن یان گریمان سەفیرێك لێرەوە رۆشتووە بۆ دەوڵەتێکی تر لەگەڵ ئەواندا دۆست بووە، کە ئەصڵەن پەیوەندیەکە تەواو فراوان دەبێت و تەواوی دنیا دەگرێتەوە.

ئیسلام دەستوری پێدەدات لەگەڵ تەواوی خەڵکدا چاکەکاربێت و ئیحساسی مەسئولیەت بکات، تەنها ئیستیسنایەك دەکرێ کە تەرەف کاتێ لەحاڵەتی جەنگدا بێت، لەوحاڵەتەدا ئیتر دەستوری کوتانی دەدەن.



Scanned by CamScanner

## ئینفاق لەچی دەکرێت؟

بەشێك لەئایەتی (٢١٩)ی سورەتی (البقره):
(وَيَسْأَلُونَكَ مَاذَا يُنفِقُونَ قُلْ الْعَفْوَ)

لێت دەپرسن کە چ شتێك ئینفاق بکەین، ئەنبارەکەمان قەرارە کونی تێبکەین و لێی بڕوات تا چەنێك بهێڵین لێی بڕوات و کەی دەرگاکەی بگرینەوە، بڵێ (العَفْوَ)، کەلیمەی (العَفْو) ئەصڵەن یانی ئینسان قەست بکات و بڕوات شتێك بگرێت بەدەستەوە، کەوابوو مانایەکی ناوەندی بۆ پەیدادەبێت کە (العَفْوَ) یانی شتێك بەئاسانی بێت بەدەستەوە، یانی شتێك کە نیازی خۆت موبرەنگ نییە بەوە، نیازت پێی نییە زیاد لەپێویستتە کە ئەویش لەحەدی موتەوەست نەك ئیسراف و تەبزیر و شت بکرێ، لەحەدی موتەوەستدا نیازت پێی نییە، دەرنەتیجە بەئاسانی لەدەستت دەردێت تا ئەوێ دەبێ دەرگای ئەو نەقبە کە کردووتە ئەنبارەکە نەیبەستی بڕوات، کاتێك گەشتە ئەو ئاستەی ئیتر خۆت نیازت هەیە لەو ئاستەدا دەست دەگریتەوە، ئەڵبەتە ئیتر ئەوە یانی زۆری لێناکرێ، ئەگەرنا لەودواش قورئان دەفەرموێ و تەعریفی دەکات تا هەمووی ببەخشێ (وَيُؤْثِرُونَ عَلَى أَنفُسِهِمْ وَلَوْ كَانَ بِهِمْ خَصَاصَةٌ) دەفەرموی خود گوزشتەگی وەها نیشاندەن کە خۆیان نیازیان هەیە و دەیدەنە خەڵك، ئیسار دەکەن، بەڵام تا ئێرە زۆری لێدەکرێ.

جا ئەمە لەگەڵ ئەو ئایەتەدا کە لەسورەتی (محمد)دا ئایەتی (٣٦ - ٣٧) باسمانکردن، زاهیرەن پێچەوانەی یەکترن، لەوێ فەرمووی ئەگەر تەقواو پارێزگاری بکەن یانی بەجۆرێك کە حقوقێك بەسەر ماڵەکەتانەوەیە بیدەن ئیتر خوا دلواتان لێناکات ئەگەر شتێك لەماڵەکەتان مایەوە ئیتر ماڵی خۆتانە، بەڵام ئەو تەقواو پارێزگارییە تا زەمانێك دەکرێ تا زەمانێك دروست کامل دەبێت کە هەرچیەك کۆمەڵگە نیازی پێی هەیە بیدەن، ئەگەر زەمانێکیش هاتوو کۆمەڵگە



Scanned by CamScanner

نیازی بەسەروەتەکەی ئەم بوو دەبێ هەمووی بدات تا کاتێك کە ئەوەندەی بمێنێتەوە کە خۆی نیازی پێی هەیە، کەوابوو ئەمە بۆ دوو زەمان دەبێت:

چەندێتی ئینفاق کردن بەپێی نیازی کۆمەڵگەیە

زەمانێك کە کۆمەڵگە وەزعی ئابووری زۆر موختەل نییە، مەسەلەن ئەگەر بەزەکاتەکەی ئێکتیفای کرد کافییە، ئەگەر زەکات زیندەگی کۆمەڵگەی بردە ئاستی موتەوەست زەکات کافییە، بەڵام ئەگەر زەمانێك وای لێهات کە کۆمەڵگە زەکات و تەنانەت نیوەی ماڵ بەخشینی دەردی دەوا نەدەکرد دەبێ ئەوەندە ببەخشێت ئەوەندە ئینفاق بکات تا هەر ئەوەندەی بمێنێتەوە کە خۆی پێویستی پێی هەیە، ئەوی تری دەبێ ببەخشێ، ئەمە ئیتر بەپێی شەرایت دەگۆڕێ، کە دەبێ ئەگەر حکومەتێکی ئیسلامی بێت لەهەر زەمانێك پسپۆڕانی ئابووری ئەو زەمانە دیاری بکەن، کە ئایا ئەمساڵ تەنها وەرگرتنی زەکات کافییە یان نەخێر دەبێ زیاد لەپێویست لەهەموو کەس بسێنێت بۆ بودجەی تایبەتی و گشتی بۆ ئەو ڕێگانەی کە دەبێ ئینفاق بکرێت.

سەردەمی حەزرەتی عوسمان و چۆنیەتی ئینفاق کردن

ئەوەش کە (ئەبو زەڕ) خوای لێڕازیبێت، لەزەمانی عوسماندا ئەو شیعارەی دا کە دەبێ ئینسان زیاد لەپێویستی خۆی وەرنەگیرێت، بۆ وەها شەرایتێکە، تەنها شتێکیش لەو حەنا ئەو ئیفراتی کرد کە وای نیشاندا کە قانوونی تەواوی زەمانەکانە، لەحاڵێکدا کە ئەو ئایەتەمان باسکردووە کە وا دەفەرموێ و حەدیسیشمان هەیە کە (لا بأس بالغنى لمن اتقى) کەسێك موتەقی بوو یانی نیازی کۆمەڵگەی پڕکردەوە لەدواییدا ئەگەر شتێکی زیادەی هەبوو قەیناکا، کە تەفسیری ئایەتی (٣٦ و ٣٧)ە.

یانی بۆ شەرایتی زەمانی ئەوکاتە فەواصڵی تەبەقاتی زۆربوو، فەقیری زۆر تەئسیری کردبوو، حەقی بوو ئەو ئایەتە، بەڵام ئیتر ئەوە قانوونی هەموو زەمانێك نییە، تەنانەت زەمانی وا بووە کە مامۆستایەکی زۆر ئینقیلابی هەیە (ابن حزم) خوا عەفووی بکات، دەڵێ ئەگەر لەشارێکدا نەفەرێك لەبرسدا بمرێت تەواوی



Scanned by CamScanner

ئەوشارە مەسئولن دەبێ لەهەموو ئەوانە خوێنی ئەو شەخسە بسنرێت و بدرێت بەورسەکانی، ئەوان هەموویان قاتلی ئەو شەخسەن، ئەگەر نەفەرێك لەشارێکدا لەمەملەکەتێکدا لەبرسدا بمرێت!

سەردەمی حەزرەتی عمر و چۆنیەتی ئینفاق کردن

یان حەزرەتی عومەر لەساڵی (١٧)ی هیجریدا کاتێك گرانی روویدا، خەڵکی ئەو دەورووبەرەی کۆکردنەوە و لەمەدینە دابەشی دەکرن بەسەر ماڵەکاندا، فەرمووی ئەگەر هەروا ئیدامەی هەبوو وای پێدەکەم ماڵێك کە بەشی دە نەفەر خۆراکی هەیە خۆشیان دە نەفەرن (دە)ی تریش دەدەم بەملیاندا نیوەتێر ئینسان دەژێنێ، قەیناکا با هەرکەسێ نیوەیەك بخوات لەجیاتی ئەوەی تێر بخوات، یانی وای لێدێت لەشەرایتێکدا کە نیزامی ئابووری ئیسلامی ئیفراتی تریش دەبێت لەزۆرێك لەشێوەکانی سۆسیالیزم، زۆرێك لەوانەش ئیفراتی تر دەبێت بەڵام لەشەرایتێکی مەحدوددا، تا زەمانێك کە نیاز رەفع ببێت، یانی تەنانەت وای لێدێت کە نەك تەنها زیاد لەپێویست لەئینسان دەسێنێ، بەڵکو نیوەتێریش نیگهداری دەکات هەر ئەوەندە نەمرێ، بەڵکو مەردمیش بەنیوەتێرێك زیندەگی بکەن تائەوەندەی ئەم حاڵەتە وەك لەساڵی (١٧)ی هیجریدا ئەمە خەیاڵ بافیش نییە واقیعییەتێك بوو رویدا، وەك لەوکاتەدا روویدا، تا ئەوەندەی خەڵکی بکەونە حاڵەتی ئیسراحەت و خۆشی.

کەوابوو ئەم ئایەتەی لێرەدا دەفەرموێ (قُلْ الْعَفْوَ) زیادە لەپێویست سەرف بکە، بۆ زەمانێکە کە زیاد لەپێویستی ئەم دەبێ بەدەست بهێنرێت ئەوسا کۆمەڵگە نیازی پڕدەبێتەوە، بەڵام ئەگەر زەمانێك هەبوو کەمتری ئینفاق کردوو نیازی کۆمەڵگە رەفع بوو ئەوی تری لەدەستدا بمێنێتەوە قەیناکا، ئەڵبەتە کە ئەویش دووبارە ئەو مەحدودیانە هەیە کە کەنزی نابێت بکات و ئینفاقیشی مەسەلەن تەبزیر و ئیسراف و ئیتراف و ئەمانە مەحدودە دووبارە هەم لەرێگەیەکی ترەوە دەکەوێتە ناو کۆمەڵگە، بەڵام زۆری لێناکرێ کە بیدات.



Scanned by CamScanner

لەو سورەتانەشدا کە بۆ ئینفاقن چەند دانەیەکن هەروا بەکورتی تەنها باسیان دەکەم مەسەلەن ئەگەر کەسێك زەمانێك نیازی کۆمەڵگە پڕبوویەوە لەئاستی موتەوەست، زیادەی هەبوو دەتوانێ بڕوات بۆ حەج، ئەڵبەتە ئەگەر لەم شار و مەملەکەتەدا نەفەرێك نیازی هەبوو و نەگەشتە حەددی موتەوەست هەر کەسێك بڕوات بۆ حەج گوناهی دەکات و حەجەکەشی دروست نییە، بەڵام ئەگەر نیاز رەفع بوو و کەسێك زیادەی هەبوو دەتوانێ بڕوات، هەر ئەمەش دەلیلی مالیکیەتی فەردییە، چونکە دوای ئەوەی خەڵکی نیازیان رەفع بوو خوا ئیجازە دەدات کە کەسێك شتێکی بوو بیبات بۆ حەج، ئەوەش خۆی یەکێکە لەدەلائیل، بەڵام لەو شەرایتەدا.

ئەمجارە دەڕواتە حەج لەوێ فیدیە هەیە هەدیە هەیە کە سەوقاتی ببات لەوێ بۆ هەژارانی ئەوێ، ئەوکاتە قوربانی هەیە کە لەوێ بیکات ئەمانە هەموو رێگەی ئینفاقن، یان ئەگەر لەوێ حەیوانێك بکوژێ دەبێ کەفارەی بدات یان ئەگەر مەسەلەن موو و شتی سەری خۆی لێبکاتەوە ـ سێ دانە زیاتر ـ ئەمانە هەمووی بەهانەیە بۆئەوەی ئەو دەوڵەمەندانەی دەڕۆن بۆ ئەوێ شتیان لەدەست دەربێت، یان کەسێك سوێند دەخوات سوێنەکەی دەکەوێت یان دەیەوێت بیخات دەبێ خۆراکی دە نەفەر مسکین لەحەدی موتەوەستدا پێیان بدات کە ئەمە کەفارەیە، کەسێك کەسێ بەخەتا دەکوژێ نەك عەمدەن خەتا دەیکوژێ دەبێ یان بەندەیەك ئەگەر ببێت ئازاد بکات یان ئەگەر بەندە نەبوو نوو مانگ بەسەریەکەوە رۆژوو بگرێت، کە ئەو خۆراکەی ئەو نایخوات دەگەڕێتەوە بۆ خەڵکی تر، یان کەسێك کە کەسێك دەکوژێ ئەوکاتە یان عەمدەن دەیکوژێ ئازادی دەکەن و قیصاصی ناکەن و بکوژنەوە یان بەهەڵە دەیکوژێ دەبێ خوێنی بدات ـ کە تەقریبەن بۆ ئەم زەمانە نزیکەی نیو ملیۆن تمەن دەکات ـ ئەوکاتە خۆی و خزمەکانی، خزمەکانی دەبێ دابینی بکەن لەشێوەیەکیشدا دەبێ خۆی بیکات، یان کەسێك خۆی نەزر دەکات



Scanned by CamScanner

ئیتر واجب دەبێت لەسەری و دەبێ ئینفاقی بکات، نەزریش کە نابێت خۆی لێی بخوات، نەک گێسکێک نەزر بکات، خۆی هەمووی بخوات و کیلۆیەکیشی دەنێرێت بۆ هەژارێک - زەڕەیەک ناتوانێ خۆی بیخوات -

ئەسیریش کاتێ کەوتە دەست موسڵمانان دەبێ ئینفاقی لێبکەن، هەروەکو خۆیان بەخێوی بکەن تا کاتێک هەیە.

ڕۆژوو گرتن کە دووبارە ئەوەیە ئینسان خۆی لەخۆی بیگرێتەوە و بیداتە کۆمەڵگە، ئیحساسی ئەو برسێتی و مەسئولیەتە بکات، فیدیەی ڕۆژوو جاری وا هەیە ئینسان ڕۆژوەکەی دەفەوتێ لەهەندێ شێوەدا فیدیە دەدات و یان جاری وا هەیە ڕۆژوەکەی لەئەسەری موعاشەرەتەوە لەڕۆژی ڕەمەزاندا باتل دەبێت دەبێ خۆراکی شەست نەفەر بدات، یان پۆشاک بۆ شەست نەفەر دابین بکات.

جا هەندێک لەشێوەی ئینفاق هەن، ژنێک شووەکەی دەمرێت دەبێ مەسکەنی بۆ دابین بکەن تا زەمانێک کە عیدەی تەواو دەبێت، ئەگەر حامیلە بوو دەبێ تا کاتێ وەزعی حەملی دەبێت خەرجی بکێشێت، لەوکاتەوەی کە شیر دەدات بەمنداڵەکەی تا ئەوکاتەی لەشیر دەیبڕێتەوە دەبێ خەرجی بکێشێ، ژنێک کە تەلاق دەدرێت دەبێ بەپێی تەشخیسی دادگا میقدارێک ماڵی پێبدرێ ئیزافە لەو مارەییەی کە پێی دەدرێ، ئەمانە هەموو شێوەی ئینفاقن.

میوانێک کە دێتە ماڵی ئینسان دەبێ وەسائیلی ئاسایشی تەهیە بکات، ئەوانەی کە لەکۆمەڵگەدا کەسێک کە ژنی نییە یان شووی نییە، ناتوانێ دەبێ خەرجی بۆ تەهیە بکرێ کە ژن بهێنێ یان شوو بکات، بەندەیەک کە دەیەوێت ئازاد بێت دەبێ پارەی پێ بدرێت تا بیبات بیداتە ئاغاکەی و ئازاد بێت، یان بیکڕێ و ئازادی بکەیت، هەروەها مارەیدان بەژن کە تەعەهودە بۆ خەرجی کێشانی بەئینفاقی ژن تا زەمانێک لەگەڵ پیاودایە، ئەمانە هەموویان ڕەوشی ئینفاقن.



Scanned by CamScanner

مەسەلەی دەست بڕین لەئیسلامدا

یەکێکیش بڵێم دەستی دەست بڕین لەئیسلامدا کەشکی نییە، خوا دەفەرموێ دەستی دز ببڕن کاتێك شەرایتی ئابووری مونەزەم و حاکم بوو لەکۆمەڵگەدا کەس لەبەر نیاز دزی نەکرد لەبەر پەست فیترەتی کردی ئەوکاتە دەستی دەبڕن، نەك مەسەلەن لەعەرەبستاندا ئێستا جۆرەها فەجایع و کەسافەتکاری دەکرد ئەوکاتە لەکاتی حەجدا دوان دەهێنن دەستیان دەبڕن یانی مەردم بزانن ئێمە حدودی ئیسلام ئیجرا دەکەین، بەڵام لەولاوە ئەو هەموو سەروەتە چەپاو دەکرێ و دەڕوات مەسەلەن هەزار و شەست خوێندکاری زانکۆ لەعەرەبستاندایە، هەزار و سەدیان پێم وابێ لەخانەوادەی سعودیەن دەوری پێنج سەدیان غەیری ئەوانن، شتێکی ئاوا نیسبەتێکی کەمیان غەیری ئەوانن ئەوانی تر خانەوادەی سعودیەن، بەڵام دەستی دزێکیش دەبڕن، ژنێکیش بەگیر دەهێنن و بەردبارانی دەکەن کە ئەمەش کاری نابەجێی کردووە!

## لەبارەی (زەکات)ەوە

ئایەتی (٤)ی سورەتی (المؤمنون)، ئایەتی (٥٥)ی سورەتی (المائدة)، ئایەتی (١٠٣ و ٦٠)ی سورەتی (التوبة).

باسی ئینفاق لەدوو باسی پێشوودا بەتەواوی جیهاتیەوە عومەن باسکرا، ئێستا یەکێك لەگرنگترین ڕێگەکانی ئینفاق کە زەکاتە باس دەکەین، ئەوەش دەزانن کە زەکات یەکێکە لەپێنج پایەکانی ئیسلام.

یانی لەئەعمالی ئیسلامیدا پێنج شتی گرنگ هەن کە سێهەمیان زەکاتە، وتنی کەلیمەی (شەهادەت) کە عەمەلێکی زمانییە کە پێی دەڵێن قەول، (نوێژ و زەکاتو ڕۆژوو و حەج) ئەم زەکاتە سێهەمینیانە، هەمیشە کەم کات لەقورئاندا لەگەڵ نوێژدا ناوی نەبراوە، لەتەقریبەن دەوری (سی و دوو) جێگە لەقورئاندا ناوی زەکات هەیە.

جیاوازی زەکات و ئینفاق

ئەگەر زەمانێك زەکات کافی بوو، ئەدای زەکات کافی بوو لەلایەنی دارا و دەوڵەمەندەکانەوە ئیتر ئەگەر زەکاتیان دا نیازی کۆمەڵگە ڕەفع دەبوو لەو حەددا ئیتر ئیکتیفا دەکرێ زۆریان لێناکرێ، ئەمجارە ئیتر دەخرێتە ئیختیاری خۆیان و تەقوا و ئیمانیان کە زیاتر سەرف بکەن، بۆیە ئەم پایەی سێیەمە لەئیسلام ئینفاق نییە، یانی ئینفاق کە عام ترە زەکات و غەیرە زەکات دەگرێتەوە، چونکە شتێکی هەمیشەیی لەتەواوی شەرایتدا بێت زەکاتە، ئینفاق لەزەمانێکدا کە زەکات کافی بێت ئەو دەبێتە ئیختیاری، لەهەندێ شەرایتدایە کە ئیتر بەتەواوی مانا واجب دەبێت هەرچی زیاد لەپێویستە لەئینسان دەسەنرێت.

ئەڵبەتە زەکات لەئایەتەکانی سورەتە مەکیەکاندا نازڵ بووە، لەهەشت شوێن لەسورەتە مەکیەکاندا کەلیمەی زەکات هاتووە، ئەوی تری لەمەدینەدا، بەڵام فەرزکردنی زەکات لەساڵی (یەکەمی هیجری)دا بووە لەمەدینەدا، پێشتر ئیشارەتی پێکراوە، لەهەشت شوێن لەو سورەتانەی کە لەمەککە نازڵ بوون زەکات ناو

برلوه، بەلام مانایەکی موتڵەقی بووە، کە ئێستا موشەخەص کراوە لەچ جۆرە ئەموالێکدا زەکات دەدرێت بەچ میقدارێ دەدرێت و بەکێ دەدرێت و کێ کۆی دەکاتەوە، ئەمانە لەمەدینەدا رێکخراون، بەلام بەموتڵەقی بێ قەید و بەندی لەمەککەدا باسی زەکات کراوە، ئەمە یەکێکە لەو ئایەتانەی کە لەمەککەدا نازڵ بووە لەبارەی زەکاتەوە.

(وَالَّذِينَ هُمْ لِلزَّكَاةِ فَاعِلُونَ)

لەسەرەتای سورەتی (المؤمنون)دا باسی کۆمەڵێك سیفاتی موئمینین دەکات لەسەرەتاوە دەفەرموێ (قَدْ أَفْلَحَ الْمُؤْمِنُونَ(١) موئمینەکان رزگاریان بوو و نەجاتیان بوو لەعەزاب و سەوابیان دەستکەوت، موئمینەکان کێن، ئەوانەن کە چەندانە شتیان بۆ دەڵێ ئەوە و ئەوە و ئەوە ئەنجامدەدەن کە یەکێکیشیان ئەمەیە، یەکێکیان ئەوەیە کە لەناو نوێژەکەیاندا خشوعیان هەیە، ئیحساسی زیللەت و خاری دەکەن، ئەوە یەکەمینیانە.

ئەڵبەتە لەدوای ئەوە چەند سیفەتێکی تریش هەن کە لەلەحازی مەسەلەی جنسیەوە ڕەچاوی سنووری خوا بکرێت و ئەمانات و عهد ڕەچاوبکرێت، دووبارە هەم لەکۆتاییانەوە پارێزگاریکردنە لەنوێژ، ئەوکاتە دەفەرموێت تەنها ئەمانە نزیکی فردەوسن ـ ئەو مەقامە بەرزەی کە لەبەهەشتدایە ـ

ئینجا (وَالَّذِينَ هُمْ لِلزَّكَاةِ فَاعِلُونَ)

کارکردن بۆ زەکات یەکێکە لەنیشانەکانی ئیمان

یەکێکە لەنیشانەکانی ئیمان، ئەوانەن کە کاردەکەن بۆ زەکات، نەك زەکات دەدەن، تەنها ئەوە کافی نییە ئینسان ماڵێکی ببێت زەکاتی بدات، ئینسان کاتێك ئیمانی کامڵ دەبێت کە ئیستیعدادی فکری و عەمەلی خۆی لەهەر زەمینەیەکدا کە لەدەست ئەودایە و وەزیفەی پێ سپێراوە بیخاتەکار ـ چ زەمینەی فکری چ بەدەنی چ مادی ـ ئەو ئیستیعدادی فکری و عەمەلییە بخاتەکار، هەمیشە بەبەردەوامی نەك تەنها خۆی نیازی خۆی ڕەفع بکات و پێویستیاتی خۆی پڕ



Scanned by CamScanner

بکاتەوە. بەڵکو بۆ زەکات، واتە بۆئەوەی شت بەدەست دەهێنێت لەدواتردا بەوەسیلەی بەخشین و ئینفاقی ئەو شتە خۆی ڕشت پێ بدات، کاتێ ئینسان شتی بەدەست هێنا و لەدواتردا بەخشی ئەوە ئینسانیەتی ڕشت دەکات، مەرتەبەی ئینسانیەت و مەعنەوییەتی دەڕواتە سەرەوە.

زەکات بریتی نیە لەبەخشینی ماڵ

بۆئەوەی ڕشت بکات و لەبوخڵ و حەسەد و لەو سیفەتە پیسانە پاک ببێتەوە و شایستەیی پەیدابکات، ڕۆژ بەڕۆژ پلە و دەرەجەی بڕواتە سەرەوە، تەمەنی خۆی سەرف بکات لەڕێی فەعالیەتدا لەبەر کۆمەڵگە لەبەرخاتری موستەزعەفین کاربکات بۆ زەکات، واتە بۆئەوەی ڕوشت بکات، ئەم زەکاتە لێرەدا ئیتر مانایەکی گشتی هەیە، تەنها ئەو بەخشیشی ماڵە لەو شێوە مەحدودەدا نییە.

ئەو کەسانە موئمینن کە بەردەوام کارکەرن - کارگەر نەک واتە کەسێ زەنگنی بەدەستەوە بێت - بەڵکو هەرکەس لەهەر ڕێگەیەکەوە کە ئیستیعدادی هەیە، لەزەمینەی فکریدا لەزەمینەی بەدەنیدا لەزەمینەی عەمەلیدا هەرکام لەوانە، هەرکەس لەهەر زەمینەیەکدا کە ئیستیعدادی فکری و عەمەلی بۆی هەیە هەمیشە کاربکات، بۆئەوەی هەم خودی کارکردن و فەعالیەتەکە و هەم لەدواتردا بەخشین و ئینفاق لەنەتیجەی بەدەستهێنانەکەی، ئەوانە پاکیزەی دەکات لەڕەزائیلی حەیوانی و غەریزە پاکی دەکاتەوە و ڕشتی پێ دەدات و دەرەجەی دەڕواتە سەرەوە و شایستە و صالحی دەکات ئەوەیە موئمین، کە کۆشەیەکیش دەبێتە ئەم مادیاتە و ئینسان دەبێت ئەوانەی کە پێیان سپێرلوە، مەسەلەن بازرگانی، کشتوکاڵ، پیشەسازی و ... هتد، هەرکام لەوەزیفەی خۆیان دەبێت ئەگەر موئمینە ئەوپەڕی کۆشش بکات، مەسەلەن جوتیارەکە تەواوی کۆشش بکات باشترین و زۆرترین حەدی مومکین لەبەرهەم بەدەست بهێنێت بۆ کۆمەڵگە.

ئایەتی (٥٥)ی (المائدة) ئەم ئایەتە زوڵمێکی گەورەی لێکراوە، ئاخر کەلیمات و ئایات و شت زۆر زوڵمیان لێدەکرێت. لێرەدا حەکایەتێکیان دروستکردووە،

ئەوەی ڕۆژێك (علی) لەمزگەوتی (مەدینە)دا نوێژی دەکرد لەحاڵی ڕکوعدا بوو، کەسێك هاتە مزگەوت و وتی لەڕێی خوا کەسێ شتێکم بداتێ (یا عیباد الله) هەرچی وتی شتێکم بدەنێ کەس پێی نەدا، (علی) لەنوێژدا لەحاڵی رکوعدا بوو، کلکەوانەیەکیش لەدەستیدابوو ئیشارەیەکی کرد و وتی وەرە بیبە. ئەویش هات و دەری کرد و بردی، ئەوکاتە خواش گوایە ئەم ئایەتەی نازڵ کردووە، بەڵێ وەلی و سەرپەرستی ئێوە تەنها خوایە و پێغەمبەر (صلی الله علیه وسلم) هەروەها ئەو کەسانەی کە نوێژ ئیقامە دەکەن و زەکات دەدەن، لەحاڵی رکوعدا ئاوایان پێکردووە، کەوابوو دوای خوا پێغەمبەرە و دواتریش علی جێنشینە دواتریش ئەوانەی ئەو دایناوە و ئیتر تەواو خوا لەدنیا پیاوی براوە ئیتر کەس نییە.

ئینجا سەرنج بدەن کە زوڵمەکە چۆن کراوە تا بۆتان روون بکەمەوە هەر بەخودی قورئان، ئەم قورئانە ئەوەندە سادەیە ئەوەندە ڕۆشنە، ئەگەر ئینسان ورد ببێتەوە ئەصڵەن جۆرە ئیختیلاف و جۆرە بۆچوون گەلێك کە ئەم دانیشمەندە گەورە گەورانە دلویانە، وەك قسەی منداڵ دێتە بەرچاو. لەبەرئەوەی بەقورئان سەرنجیان نەداوە.

لەئایەتی (٥١)ی هەر ئەم سورەتە - المائدة - واتە چوار ئایەت لەوەوپێش.

خوا دەفەرموێ: ﴿يَاأَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا لاَ تَتَّخِذُوا الْيَهُودَ وَالنَّصَارَى أَوْلِيَاءَ﴾

ئەی ئەوانەی کە موئمینن ئیمانتان هێناوە، یەهودیەکان و مەسیحیەکان مەکەنە یاریدەدەر و پشتیوان و دۆست و سەرپەرستی خۆتان، بەرەو لای ئەوان مەڕۆن ئێوە کە موئمینن پەیوەندی موئمین لەگەڵ غەیر موئمیندا دەپچڕێت، ئیجا دوای ئەوەش، دەفەرموێت ئەوان دەبێت خۆیان دۆستی یەکبن پشتیوانی یەکتربن و هەرکام لەئێوە بڕوات و پەیوەندی دۆستی و ولایەتی لەگەڵیاندا ببێت و نزیکی ئەوان بێت، (فانهم منهم) لەوانە، هەروەها خواش هیدایەتی زاڵمان نادات. هەرکەس ئاوا بکات پەیوەندییەکی بەهێز و دۆستی و نزیکیەك لەگەڵ کەسێکدا

زاڵم و پەیوەندی دروستکردن لەگەڵ یەهودی و مەسیحیەکان

لەگەڵ غەیرە موئمینێکدا بەرقەرار بکات زاڵمە، لەدوای ئەوە لەئایەتی دواین دەفەرموێ هەندێك لەموسڵمانە لاوازەکان ئەوانە کە ئیمانیان لاوازە دێن دەڵێن نەبادا ڕۆژێك بێت ئەم یەهودی و مەسیحانە دەسەڵات بگرنە دەست، با ئێستا ئێمە لەگەڵیاندا نێوانمان خۆش بێت، ئەوە دەرد دەخوات.

﴿يُسَارِعُونَ فِيهِم﴾

جا خوا دەفەرموێت ئەی بۆ بیرناکەنەوە لەوانەیە ڕۆژێ بێتە پێشەوە هەر ئەصڵەن یەهودی و مەسیحیەکە لەناو بچن، ئەوکاتە چی دەکەن، پشتیوانیەکەتان لەدەست دەدەن. دوای ئەوەش ئایەتی دواتر هەر لەبارەی ئەوەوە، ئینجا دێتە سەر ئەوەی ئەمە دەبێتە هەڵگەڕانەوە، هەڵگەڕانەوە لەدین. ئەگەر کەسێك

﴿يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا مَنْ يَرْتَدَّ مِنْكُمْ عَنْ دِينِهِ..﴾

دەی دەی تا خوار دەڕوات هەرکەستان هەڵدەگەڕێتەوە لەدین خوا لەدواتردا گروپێك دێنێت کە خۆشی دەوێن، هەروەها ئەوان ئەویان خۆش دەوێت، لەڕێی ئەودا جیهاد دەکەن و چی دەکەن کە دوای وەفاتی حەزرەت، زۆرینە هەڵگەڕانەوە ئەوە بوو کە حەزرەتی (ابوبکر) شەڕی هەڵگەڕاوەکانی کرد تا هێنانیەوە سەر ڕێگە.

ئینجا دێت تا دەگاتە ئەو شوێنەی کە دەفەرموێت - ئاخر لەئیسلامدا (ئەمر بەمەعروف و نەهی لەمونکەر) موتەلازمی یەکن - کاتێك دەفەرموێ ئەو شتە مەکەن دەبێت لەبەرامبەرەوە رەخنەیەك هەبێت، دەبێت پێشنیارێك ببێ، باشە خۆ ناکرێ نەکردن هەرنەکەی نابێت بەبێ ئەملا و ئەولا من وەلییەکم دەوێت، یاریدەدەرێك پشتیوانێك کەسێك دۆستێك.

وەلیەکانی موسڵمان

دەفەرموێ ئەمانەن کە وتومە یەهودی و مەسیحی نا ئەمە (إِنَّمَا وَلِيُّكُمْ) وەلێ ئێوە کەسێك کە نزیك بێت پەیوەندی نزیکی لەگەڵدا بەرقەراربکەن کە کۆمەکی بکەن کۆمەکتان بکات سەرپەرشتان بێت ئەمورتان ئیدارە بکات:

١ ـ (الله) کە دیارە ئیتر ئەو ئاشکرایە یاریدەدەری ئەصڵییە و بەقییە ئالەتی دەستی ئەون، هەروەها سەرپەرشت ئەوە.

٢ ـ (ورسوله) پێغەمبەرەکەی (علیه الصلاه و السلام) چونکە ئەویش لەلایەن خواوە هاتووە، تا ئەو هەیە ئیتر ئەوە کە یارمەتیتان دەدات، بەوەی کە ڕێگەتان بۆ ڕۆشن دەکاتەوە و سەرپەرشتیتان دەکات، واتە بەنوێنەری خوا حکومەتەکە دەبات بەڕێوە.

٣ ـ (والَّذِينَ آمَنُوا)، ئینجا ئەگەر سەرنج بدەن (الَّذِينَ آمَنُوا) خۆی جەمعە، یان دەڵێن ئەمە تەنیا دانەیەکە، لێرەدا چۆن ئەم جەمعە دانەیەك بوو؟! بڵێی چاوم کەوت بە"کۆمەڵێك خەڵك" یەکێ دەڵێت ئەوە مەبەست یەك دانەبوو، (والَّذِينَ آمَنُوا) ئەوانەی کە بەرنامەی ئارام بەخشی خوایان ناسیوە و پابەندی بوون و کردیانە سەرمەشقی زیندەگیان، ئەمانە دەبێت لەگەڵ ئەمانە پەیوەندی دۆستی و یاریدەدەری و پشتیوانی بەرقەراربکەن.

**ئینجا کێن ئەمانە؟ ڕوونی دەکاتەوە:**

- (الَّذِينَ يُقِيمُونَ الصَّلاَةَ)

نیقامەی نوێژ نیشانەی وەلیەتیە

گەورەترین نیشانەی ئەمانە ئەوەیە ئیقامەی نوێژدەکەن، نوێژ بەتەواوی شەرائیتەوە بەرقەراری دەکەن، دروست ڕاستی دەکەنەوە، واتە بەو جۆرەی کە خوا دەستووری داوە ئاوا نوێژ دەکەن، هەم ڕواڵەتی و هەم خشوع و خزوعەکەی لەباتندایە ئەو یادەی کە تیایەتی کە ڕۆحەکەیە هەمووی ڕەچاودەکەن، کامڵەن و هەمیشە.

- (وَيُؤْتُونَ الزَّكَاةَ)

زەکاتدان نیشانەی وەلیەتیە

ئەوانەی لەهەرچیەك کە هەیانە زەکات دەدەن. واتە هەرچی داراییانە فکری بەدەنی ماڵی هەرچییەکیان هەیە ئینفاقی لێ دەکەن بۆئەوەی پاك ببنەوە، هەم خۆیان پاك ببنەوە و ڕشت بکەن و هەم داراییەکەیان ڕشت بکات، چونکە

لەپێشتردا وتمان ئەگەر شت لێی ببەخشی ڕشت دەکات، بۆئەوەی کە خۆیان ڕوشت بکەن و شایستەبین و پاك ببنەوە و ماڵەکەشیان پاك ببێتەوە ئەو زیادەی تێدا بڕوات خراپەکەی تێدا نەمێنێت، یان وەك (مێو) دەیبڕی ئاوا کەمی بکەنەوە پاکی بکەنەوە هەڵی پاچن، ئاوا زەکات دەدەن هەمیشە لەهەموو شتێکیان.

ڕەوشی زەکات

بەکورتی: زەکات لەهەندێ شتدا (چل یەك)ە وەك لەنەقددا ـ لەپارە و ماڵ و بازرگانی و شتدا ـ لەهەندێ شتدا (بیست یەك)ە وەك لەکشتوکاڵ و شتدا کە بەزەحمەت و بەئاودێران دروست دەبێت، لەهەندێ شتدا (دە یەك)ە وەك جوتیارێك کە زەحمەتی بۆ ناکێشێت، ئاوەکەی ڕەحەت و ئاسان دەدێرێت، وەکو مەسەلەن ئەم (دەیمانە) یان بەراو، ئەمانە ئاسانە، بەڵام ئەگەر بە ماتوڕ و ئامێر ئاوی بۆ هات، ئەوانە ئیتر دەبێتە (بیست یەك)، لەحەیواناتیشدا کە دیارە مەسەلەن لەپەزدا (چل یەك)ە و لەحوشتر و ئەوانە هەرکام نیسبەتێکیان بۆ خۆیان لەم ئەموالی بازرگانی و شتە هەیە، تەنانەت حقوقیش، حقوقی کارمەند و ئەمانە هەرچی کە بەپارە حساب دەکرێ ئیتر (چل یەك)ە.

مەرجەکانی زەکات نەدانی زینەت ئاڵاتی ئافرەتان

زینەت ئاڵاتی ژن لەدوو مەرجدا زەکاتی ناکەوێت، ئەڵبەتە ئەوەش دەبێت تائاستێك بێت، واتە شت تا ئەگاتە سنوری موعەییەن کە دابین کراوە زەکاتی ناکەوێت، مەسەلەن (ئاڵتون) دەبێت بگاتە (٢٠) مسقاڵی شەرعی، ئاڵتونە خالصەکەی کە (١٦) مسقاڵ و خوردەیەکی ئێرانی دەکات دەوری (٨٥) گرامە، شتێکی ئاوا لەوە کەمتر بوو نایکەوێت، ئەڵبەتە ئەوە جیایە لەگەڵ مەسەلەی کەنزدا کە شتێکی ترە، بەڵام ئەگەر لەوە زیاتربوو، دەبێت تەماشای ئەو ژن و ئەو کۆمەڵگە بکرێت، ئەگەر ئیسرافە زەکاتی دەکەوێت یان ئەگەر نایکا بەبەری خۆیدا و کەنزی کردووە، بەعینوانی زینەت ئاڵات نییە، هەروەها هەڵیان گرتووە لەماڵدا، ئەوەتا لەشکڵی (لیرە) و شتدا، بەڵام ئەصڵەن بۆ ژنەکە نییە پیاوەکە سەندوییەتی هەڵی گرتووە، زینەت ئاڵات بێ، دووبارە ئەوەش زەکاتی دەکەوێت، بەڵام ئەگەر



Scanned by CamScanner

ئیسرافی تێدا نەبوو بەقەوییەوەبوو ئیستیعمالی دەکرد هەرچەند جارجاریشبێ ئەوە ئیتر زەکاتی ناکەوێت.

حیکمەتی هێنانی نوێژ و زەکات لەپاڵ یەکدا

ئەوە بۆ هەمیشە لەزۆربەی جێگاکانی قورئان (نوێژ و زەکات) لەپاڵ یەکدان، ئەما مەسەلەن لەسورەتی (الکوثر) ﴿إِنَّا أَعْطَيْنَاكَ الْكَوْثَرَ*فَصَلِّ لِرَبِّكَ وَانْحَرْ﴾ چونکە نوێژ سومبولی پەیوەندی ئینسانە لەگەڵ خودا، هەروەها زەکاتیش سمبولی پەیوەندی ئینسانە لەگەڵ کۆمەڵگەدا، واتە دەبێت موئمین دوو لایەن بێت، لەلایەکەوە لەگەڵ خودا پەیوەندی ببێت، لەلایەکەوە لەگەڵ هاوجۆرەکانیدا، لەخوا نیعمەت بگرێت، بیڕژێنێتە سەر هاوجۆرەکانی، ئەمانەن وەلی ئێوە.

ئینجا کاتێك زەکات دەدات، ﴿وَهُمْ رَاكِعُونَ﴾

بەحاڵەتی خۆ بچوك زانینەوە ملکەچی و سەردانەواندن بۆ خوا بیدات. باسی ئەوەمان کرد کە "وأحسنوا" کاتێك ئینفاق دەکەن ئیحسان بکەن، ئیحسان یەکێکی ئەوەیە کاتێك ئینفاق دەکات منەت نەنێ ئەزیەت نەکات، ئەوە ئەوەیە کە لەچەند جێگەی قورئاندا ئاماژەی بۆ کراوە، دەبێت کاتێ زەکات دەدرێ ئینفاق دەکرێ شەخسەکە خۆی لەحاڵەتی رکوعدا بێت، نەك لەحاڵەتی رکوعی نوێژدا، واتە لەوکاتەدا خۆی بەهیچ نەزانێ ئیحساس نەکات ئەوە هی منە دەیدەم، وا ئیحساس بکات کە ئەوە من ئالەت و هۆکارێك بووم لەدەست خوا، ئەو نیعمەتە فیکرییە، بەدەنیە، مادییە، لەلایەن ئەوەوە هاتووە بەوەسیلەی من جەم و جۆر بووە، ئێستا لەدەستی منیش دووبارە دەڕواتەوە بۆ شوێنکەوتوانی خوا، کەوابوو لەم حاڵەدا رکوع ئەوەیە واتە ئیحساسی ئەوە کە خۆی شەخسییەتێکە لەم نێوانەدا و سەربەخۆیە یان کارێکی کردووە و شتێك لەدەستیدا بووە و نەیکات، رکوع ئەوەیە، ئەوەیە کە ئاوا مانای مەحدودیان بۆ کردووە، داستانی سوالکەریان بۆ هەڵبەستووە، ئەمە چیە کەس ئیتر هەقی ویلایەتی نییە غەیری (علی)! ئەوکاتە ئیتر ئەو (١١) ئیمامەکە هەرنەفی دەبێت، چونکە (انما) بۆ (حەسرە)

واته تەنها ئەوە و ئەمان تەواو، ئیتر ئەوان نوێژیان نەکردووە و کلکەوانە لەدەستیان دەربێت و تا ئەوانیش بکەونەپێش.

کەوابوو ڕۆشنکرایەوە کە پەیوەندی موئمین لەگەڵ کێدا دەبێت ببێت، لەئیجتیماعدا ـ ئەڵبەتە ئەم پەیوەندییە پەیوەندی یاریدەدان و دۆستیّ و پشتیوانی و تەعاونە، غەیری پەیوەندییەکە کە بۆ نەجاتدانە، دەبێت پەیوەندییەك لەگەڵ لاوازەکانیشدا ببێت لەگەڵ مونحەریفین و گومڕاکان و بێ چارەکاندا ـ بەڵام ئەو پەیوەندیی دۆستی و ولایەت نییە، پەیوەندییەکە بەزەیی دێتەوە پیایدا، بەڵکو نەجاتی بدەی، نەك بیکەیتە پشتیوان.

## ئەوانەی زەکات کۆدەکەنەوە

ئایەتی (١٠٣)ی سورەتی (التوبة) بزانین دەبێت کێ زەکات وەربگرێت؟ ئاخر بۆ بەدبەختی ئێمە زەکات ئێستا مەفهومی وای پەیداکردووە تەنها لەمانگی ڕەمەزاندایە، جا ئێستا کەمێك چاك بووە ئەوسا سەوات کەرەکە دەبێت مەنێ گەنمی بگرتایە بەدەستییەوە ئەم ماڵ و ئەو ماڵ، یەڵا وا پێم دایت، وا قبوڵم کرد، دەی دەی تا لەکۆتاییدا دەچووە سەر خەرمانیش بزانە پێیان دەدا یاخود نا.

لەئێستاشدا لەزەکاتدا یان (١٠تمەن) دەدەن یان مەسەلەن لەساڵدا دێت حسابی دەکات بۆنمونە لە(١٠٠٠)تمەنی داناوە لەماڵدا (٢٠)تمەنی لێ دەدات ئەوکاتە لەگەڵیشیدا یەك کۆڵ منەت دەنێرێت بۆ ماڵی کەسەکە.

تەنانەت وەها مەفهوم و شێوەیەکی پەیداکردووە کاتێك دەڵێین زەکات یەکێکە لەبنچینەکانی ئیسلام خەڵکی تەعەجوب دەکەن بەتایبەتی ئەوانەی کە ئاگایان نییە لەئیسلام دەڵێ (وەی! زەکات یەکێکە لەئەساسی ئیسلام و ئابووەکی ئیسلام!) زەکات یانی چی! واتە ئەم (٥تمەنە) کە کابرا دەری دێنێت دەیداتە ئاوایە! بەڵام خوا دەفەرموێت (خُذْ) بیگرە، ڕوو دەکاتە (حەزرەت علیه السلام) کە وەلییە، کاتێ ئەو نییە، حکومەتی ئیسلامیە، ڕوو دەکرێتە حکومەتی ئیسلامی



Scanned by CamScanner

ئەو تەبەقە کە سەربەستن و حکومەت ئەوەتا لەدەستی ئەواندا ـ مەجلیسی شورا ـ کە نیروی موبەینە، ئیجرائیەش لەدەستی ئەودایە، ڕوو دەکاتە دەوڵەت و حکومەتی ئیسلامی کە ئێوە زەکاتەکە لەخەڵکی وەربگرن، (خُذْ مِنْ أَمْوَالِهِمْ) لەدارابیەکانیان لەماڵەکانیان سەدەقەیەك بگرە.

لەتەبەکی گەورەی هەبوو لەسەردەمی عوسماندا کۆکردنەوەی زەکات درا بەخەڵکەکە

ئەم زەکاتە لەسەردەمی حەزرەت خۆیدا، لەزەمانی (ابوبکر و عومەردا) خوایان لێ ڕازی بێت، خۆیان کۆیان دەکردەوە، لەزەمانی (عوسماندا) خوای لێڕازی بێت، چونکە خەڵکی زۆر دەوڵەمەندبوون خستیە دەست خۆیان تەماشایکرد ئەوەندە فەقیر و موسکین نەماوە، وتی ئیتر ئێمە با خەرجی شتێك نەبێت و دەوڵەت کارمەند و شت دابنێت، هەرکەس خۆی زەکاتی خۆی بدات، کە ئەمە لەدواییدا لەتمەیەکی زۆر گەورەی بوو، ئەڵبەتە لەوکاتەدا دەرنەکەوت لەدوایدا دەرکەوت کە لەتمەی بووە بۆ ئیسلام، کە زەکات درایە دەستی خەڵك و ئەم ڕوکنە گەورەی ئیسلامە پەرتەوازە بوو، ئەوەیە قورئان دەفەرموێت (خُذْ) تۆ بیگرە، خیتابە بەحەزرەت بۆ فەرد لەدوای ئەوە ئەو نەبوو، جێنشینەکەی ئەو، هەروەها تا قیامەت هەرکەسێك هەر حکومەتێك واقیعەن ئیسلامی بوو مەوردی خیتاب قەراردەگرێت.

ئەمە یەکێك کە بەشێوەی ماڵیات، ئەڵبەتە نەك ئەم ماڵیاتە گشتییەی کە ئەمڕۆ هەیە، بەشێوەی تەقریبەن ماڵیات بۆنەیەك دەگێرێت لەخەڵك جا لەدواتردا بزانین ئەوکاتە چی پێ دەکرێت و چۆن دەبێت.

﴿مِنْ أَمْوَالِهِمْ﴾

چۆنیەتی وەرگرتن و سەرف کردنی زەکات

لەماڵەکانیان، کەلیمەی (زەکات) وتمان مانای ئەصڵی نموە، لەهەرماڵ و دارابیەك کە لەحاڵی ڕوشت و نمودا بێت، یان کەنزی کردبێت ئەگەر بیخاتەدەر ڕوشت و نموو بکات، لەمانە دەبێت زەکات وەربگیرێت، ئاخر ئەویش دیسان جێگای داخە هەندێك لەفوقەها کورتیان کردوەتەوە، مەسەلەن مەزهەبی (شافعی)



Scanned by CamScanner

ئەموالی کورت کردووەتەوە لە(٨) شتدا "وشتر و گا و پەز و ئاڵتون و زیو و قوت ـ گەنم و جۆ و ئەمانە ـ هەروەها خورما و ترێ" ئەوکاتە سەروەتی تجارەت و بازرگانیش ئیزافە کراوە بەنەقدەکان بەئاڵتون و زیو، ئیتر لەشتەکانی تردا نییە.

بەڵام (مِنْ أَمْوَالِهِمْ) موتڵەقە لەهەرچی داراییان هەیە، ئەوکاتە لەبەرئەوەی زەکاتیشە یەك قەیدی بۆ پەیدادەبێت، نەك ئینسانێکیش تەنانەت ئازووقەی یەك ساڵی هەڵگرتووە ئەوە قەینا، لەماڵێك کە خەریکە ڕوشت دەکات، مەسەلەن سەرمایەیەك کە ئەوەتا لەحاڵی بازرگانیدا زەوییەك کە کشتوکاڵی تێدا کراووە یان سەنعەتێك، ئینسانێك باخێکی هەیە میوە و شت دەگرێت کێڵگەکەی چی و چی و ئەمانە هەرچییەکی، حەیواناتی کە ڕشت و نمویان هەیە، هەڵبەتە بەئیزافەی ئەوە ئالف و شتیان بۆ نەکەنێ خۆیان بلەوەڕێن وەك لەگەرمەسێر و شتدا و ئەمڕۆ ئیتر ئەم شتە گەورە گەورانە وەك ئەم کارخانە و شتانە، یان مەسەلەن ئوتێل و موسافیرخانە یان ئۆتۆمبیلێك بۆ کرێ دەکرێت نەك ئۆتۆمبیلێك کە شەخص بۆ ماڵی خۆی کڕیویەتی هەڵبەتە لەشێوەیەك کە ئیجارە ببێت ـ لەدوای ئەوەی کە نیازی کۆمەڵگە ڕەفع ببێت کە دەبێت بۆ خۆی بیکڕێت ـ ئۆتۆمبیلێك یان وڵاخێك کە بۆ کرێ کڕیویەتی.

هەرماڵێك کە ئەوەتا لەحاڵی نموودا کاری پێ دەکرێت ڕشت دەکات یان نەخێر، لەحاڵی نموودا نییە، بەڵام خۆی کەمتەرخەمە مەسەلەن ئاڵتون و زیوە پارەیە کەنزی دەکات ئەوە بێ خود لەنمووی خست، ئەگینا نموو دەکات، لەمانە هەموو دەبێت زەکات بگیرێت. ئیتر هەم ئەو (هەشت) بەشەیە کە مەزهەبی شافعی دەڵێت و هەم شتەکانی تریش، تەنانەت ئەگەر ئینسان لەهەنگوین و لەم سەوزیانەدا لەخربزە و کاڵەك و ... هتد ئەمانە زۆری هەبوو، لەهەرچی شتێکدا کە لەجێگایەکدا دەفەرموێت (لەهەرچی کە لەزەوی دەرمان هێناوە بۆتان) لەوانە هەموو بدەن.

هەرشتێك لەحاڵەتی گەشەدابوو زەکاتی دەکەوێت



Scanned by CamScanner

زەکات لەکاتی بەدەستهێنانی بەرهەمدا دەبێت بدرێت

لەجێگایەکدا دەفەرموێت ﴿كُلُوا مِنْ ثَمَرِهِ إِذَا أَثْمَرَ وَآتُوا حَقَّهُ يَوْمَ حَصَادِهِ﴾ کاتێ سەمەر دەدات لەورۆژەی کە سەمەرەکە دەکەنن و درەوی دەکەن، دەیچنن، خۆتان لێی بخۆن و حەقەکەشی بدەن، هەروەها لەئایەتی تریشدا لەدوو جێگەدا دەفەرموێت (وَالَّذِينَ فِي أَمْوَالِهِمْ حَقٌّ مَعْلُومٌ * لِلسَّائِلِ وَالْمَحْرُومِ)، لەیەکێکیشیاندا دەفەرموێت (وَفِي أَمْوَالِهِمْ حَقٌّ لِلسَّائِلِ وَالْمَحْرُومِ) لەماڵەکانیاندا حەقی (سائل و محروم) هەیە. (سائیل )ئەوەیە کەڕوی هەیە داوا دەکات، (محروم ) نیەتی، بەڵام رووی نییە داوای بکات، کە دەبێت تەشخیص بدرێ و بدۆزرێتەوە، کەوابوو (مِنْ أَمْوَالِهِمْ) ئەوەیە عامە و بۆتەواوی ئەم ماڵانە، کەئیتر ئینسان ئەگەر بیری لێبکاتەوە چەنێك ئەم دەرامەتی زەکاتە زۆر دەبێت بۆ حکومەتی ئیسلامی ئەگەر بێتوو (بيت المال)ی پڕبکات لەوە.

(صَدَقَةً)

شتێکیان لێ بگرە کە تصدیقی بانگەشەکەیان بکات، پێشتر بانگەشەی ئیمانیان کردووە عەمەلەن سابتی بکەن، تەتبیقی عەمەلەکەیان لەگەڵ قسەکەیان بکەن.

﴿تُطَهِّرُهُمْ وَتُزَكِّيهِمْ بِهَا﴾

زەکات و پاکبوونەوەی ماڵی ئینسان

ئەوکاتە مەنفەعەتی بۆ خۆیان هەیە، خۆیانی پێ تەزکیە دەکەی ڕشت و نمویان پێ دەدرێت لەم ڕووەوە، شایستەیی و پاکیزەیی پەیدادەکەن، چونکە ئەو غەرائیزە ئینسانیە، ئەو ماڵ دۆستی و ئەو حوبی زات و ئەو بوخل و ئەو سیفاتە پیسانە کە لەئینساندا هەیە، کاتێ ئەم دەستڕەنجی خۆی لەدەستداو نەترسا سەرفی کرد ئینفاقی کرد، ئەوانە خەفە دەبن و ئینسان پڕدەبێت، فەزائیلی ئینسانی لەئینسانیەتدا ڕشت و نمو دەکات و پاکیزە دەبێت لەو ڕەزائیلە، ماڵەکەشی ڕشت و نمو دەکات، وەك نمونەکە لەئینفاقدا هێنامەوە باسی (مێو) بڕین.

﴿وَصَلِّ عَلَيْهِمْ﴾

مەلوێستی زەکاتوەرگر بەرامبەر زەکاتدەر

ئەوکاتە کە زەکاتەکەیان لێ دەسێنی دوعای خێریان بۆ بکە، واتە ئەم حکومەتە ئیسلامیە کاتێ ئەم ماڵە لەخەڵك دەسێنێ دەبێت دوعای خێریان بۆ بکات، بۆئەوەی تشویق ببن، دووبارە هەم کاربکەن بۆ زەکات، کە دوعای خێریان بۆ بکات، ئەمانە نیروی فکری و عەمەلی خۆیان خستۆتەکار و ئەم نیعمەتانەیان مەوردی ئیستیفادە قەرارداوە بۆ خەڵك، تا ئەمانە تەشویق ببن و دڵیان خۆش ببێت تەقویی ڕۆحیان ببێت، دووبارە کۆشش بکەن بۆ ساڵی ئاینده بۆ کاتی ئاینده هەم کاربکەن.

﴿إِنَّ صَلَاتَكَ سَكَنٌ لَهُمْ﴾

بەڕاستی دوعای تۆ بۆئەوان مایەی ئارامشە و لەدواتریش ئەگەر حکومەتە ئیسلامییەکە دوعای خێری بۆکردن و تەشویقی کردن و بەوەسیلەی پەیوەندیەکانی تری وەك جەمعی و ئەمانە، ئەوە مایەی ئارامشە بۆئەوان.

﴿وَاللَّهُ سَمِيعٌ عَلِيمٌ﴾

خوا گوێی لێیە، کاتێ دوعایان بۆ بکەی دەیبیستێت و عەمەلیشە، ئاگایە بەنیەت و قەصدی ئەوان، هەروەها بەنیەت و قەصدی تۆ ـ مەبەستی هەمووتان ـ هەرچی شتە دەیزانێ، بەپێی زانستی خۆی عەمەل دەکات.

## زەکات چۆن دابەش دەکرێت و بەکێ دەدرێت

ئەمجارە بزانین زەکات لەهەموو ماڵێکدا دەبێت و دەبێت حکومەت کۆی بکاتەوە، بەڵام بەکێ دەدرێت؟ ئەوە جارێ لەپێشدا بڵێین سەبارەت بە(بیت المال) لەئیسلامدا واتە دارایی ـ ئەوە باسی تایبەت بەخۆی هەیە ـ واتە بەیتی ماڵێکە کە دابەش دەکرێ بەسەر موستەحەقەکاندا، (بەیت) واتە ئۆتاقەکەی ساختمانەکەی، ماڵیش ئەو داراییە کە تیایەتی ئەم زەکات و شتە کە کۆدەکرێتەوە دەڕواتە (بیت المال) جا با بزانین بەسەر کێدا دابەش دەکرێ.



Scanned by CamScanner

﴿إِنَّمَا الصَّدَقَاتُ لِلْفُقَرَاءِ وَالْمَسَاكِينِ وَالْعَامِلِينَ عَلَيْهَا وَالْمُؤَلَّفَةِ قُلُوبُهُمْ وَفِي الرِّقَابِ وَالْغَارِمِينَ وَفِي سَبِيلِ اللَّهِ وَابْنِ السَّبِيلِ فَرِيضَةً مِنَ اللَّهِ وَاللَّهُ عَلِيمٌ حَكِيمٌ﴾(٦٠)

دابەشی زەکات

هەشت گروپ و مەسرەفی بۆ تەعین کراوە کە زەکات لەم هەشت مەسرەفە دەرناچێت، ئەڵبەتە تەواوی ئینفاق و دەستهاتی تری حکومەت لەجێگای تر سەرف دەکرێ، بەڵام زەکات تەنها بەم هەشت کۆمەڵە دەدرێت:

١ - (لِلْفُقَرَاءِ) بۆ فوقرای، بۆئەوانەی نەداری پشتی شکاندون، وەك لەئایەتی (٢٧٣)ی سورەتی (البقرة)، دەفەرموێت ئەوانەی کە دەتوانن کاربکەن بەڵام مەشغولی وەزیفەیەکی تری گەورەن دەستیان بەسراوەتەوە، (أُحْصِرُوا فِي سَبِيلِ اللَّهِ) کارکردن لەڕێگەی خوا بووەتە حساب بۆیان دەتوانێ بروات کاربکات لەڕێگەیەکی ترەوە، بەڵام وەزیفەیەکی تری گەورە لەڕێگەیدایە و ناتوانێ کاربکات، ئەمە یەکێکیانە کەوتوەتە ناو چاڵ دەوری گیراوە، لەجێگەیەکی تردا دەفەرموێت ئەوانەی کە ماڵ و داراییان هەیە، بەڵام دەرکراون لەسەری، هیجرەتیان پێ کراوە یان زاڵمان دەستیان بەسەرداگرتووە یان هەرچییەك ئەمانە.

بەکەوتەکان و زەکات

٢ - (وَالْمَسَاكِينِ) هەژارەکان ئەوانەی کە ئەگەر پێشتر جوڵە و کۆششێکیان بووە کاریان کردووە شتێکیان بەدەست هێناوە ئێستا لەحەرەکەت کەوتون، ناتەوان بوون، فەلەج بوون، نەخۆش کەوتون، پیربوون، ناتوانن کاربکەن، کەمێ شتیان هەیە، بەڵام ناگاتە خەرجیان ئەوە دوو تەبەقە کە ئەمە گرنگترینیانە.

٣ - ﴿وَالْعَامِلِينَ عَلَيْهَا﴾

کارمەندانی کۆکەرەوەی زەکات و زەکات

هەروەها کارمەندەکان کە کۆی دەکەنەوە، خۆی ئیدارەیەکی بۆ تەشکیل دەبێت - ئیدارەی کۆکردنەوەی زەکات - ئەمجارە کارمەندەکانی لەو زەکاتە حقوقی خۆیان دەگرن، ئینجا حەزرەت دەفەرموێت هەرکامتان وەسیلەی حەمل و نقلی نییە پێی بکرێ ماڵی نییە پێی دابین بکات ژنی نییە پێی بێنێت، هەموو ئەوانەی کە پێویستیەتی دەبێت دابین ببێت بۆ کارمەندەکە.



Scanned by CamScanner

لێرەدا هەموو کارمەندانی دەوڵەت دەبێت هەموو ئەوانەی بۆ دابین بکرێت (خۆراک، پۆشاک، مەسکەن، مەسەلەی جنس) ئەوانە و نەک تەنیا ئەوانەش بەڵکو کارگەریش، موتڵەقەن عامل، هەرچی کارگەر هەیە لەکۆمەڵگەی ئیسلامیدا لەگەڵ تەرەفەکەیدا کە مالیکەکەیە کاری کردووە پاداشت و کرێ و حەقدەستەکەی بەشی ناکات، کەمییەکەی دەبێت حکومەت دەستەبەری بکات، ئەوەی کە نەقسە، بەشی خەرجی ناکات، دەبێت حکومەت بۆی دابین بکات.

٤ ـ ﴿وَالْعَامِلِينَ عَلَيْهَا وَالْمُؤَلَّفَةِ قُلُوبُهُمْ﴾

ئەوانەی کە دڵیان خۆش دەکرێت بۆئەوەی ئیسلام پەرەبسێنێت، چۆن؟ مەسەلەن کەسێك هەیە ئەگەر ئەوە موسڵمان ببێت، بەپارە و شت دڵی خۆشکەی موسڵمان ببێت، یەك مەملەکەتی پێ موسڵمان دەبێت، یان سەدێکە لەڕێگەی ئیسلامدا کەمێك کۆمەکی ماڵی بکەی دڵی خۆش بکەی، کەمێك سازش بکەی لەگەڵیدا ـ ئەڵبەتە سازش نەك بەو جۆرەی لەئیسلام لابدەی و مەتڵەبێك بشارێتەوە ـ واتە کەمێك دڵی بێنیتەوە بەپارەیەك بەشتێك بەمادیات ئیتر مانع نابێت و ڕێگە دەدات بۆئەوەی تەبلیغات و شت لەوڵاتەکەی بکەی، یان موسڵمان بووە کۆمەکێکی ئەم دەکرێت بۆئەوەی گەورەکانی تری هاوڕێی ئەمیش بەبۆنەی ئەمەوە بێن موسڵمان بن، چونکە ئەمانە مەسەلەی مادیات و شت بۆیان مەترەحە، تەماعیان بخرێتە بەردەم، یان کەسێك کافرێك کە دەسەڵاتدارە دەیەوێت موسڵمانی بکەیت، بەجۆرێك دڵی خۆشکەی، یان هەر ڕێگەیەك کە ئیسلام تەقوێ دەبێت و دڵیان خۆش دەکرێت ئەوانەی کە وەحشەتیان هەیە لەئیسلام دڵیان خۆش دەکرێت بەو ڕێگە بۆی سەرف بکرێ.

٥ - ﴿وَفِي الرِّقَابِ﴾

قۆناغەکانی کۆتایی هێنان بەبەندە

هەروەها ڕێگەی بەندەکان، لێرەدا ڕوونکردنەوەیەکی کورت بدەم، (بەندە) کاتێك ئیسلام هات لەئەنواعی ڕێگەوە پەیدابووبوو، هەرکەس زۆری ببوایە یەکێکی



Scanned by CamScanner

گیرمەڵدایە دەی برد لەجێگەیەکدا دەیفرۆشت، ئیسلام کاتێك هات ڕێگەکانی هەموو بەست. ڕێگەی بەندەیی، سەرنج بدەن بێجگە ڕێگەی ئەسیرکردن لەجەنگدا، تەنیا ئەوەی نەبەست، ئەمجارە بەدەستوراتی ئەخلاقی بەوەی ئینسان کاتێك مونمین دەبێت بەندە ئازاد بکات ..هتد، بەئەمانە تەشویقێکی زۆری خەڵکی کرد کە ئاسارێك وای بوو تا لەدوای یەك دوو سەدەیەك ئیتر بەندە بەجۆرێك لەئیسلام نەمان و کەم بوونەوە، لەدواتردا چەند دەستورێکی بۆ داناوە کە چۆن بەندە ئازادبکات.

چۆنیەتی ئازادکردنی بەبەندە

مەسەلەن بەهانەی بۆ دەدۆزێتەوە، ئینسان قەسەمێك بخوات ئەگەر قەسەمەکەی کەوت دەبێت بڕوات بەندەیەك ئازادبکات، ئەگەر بۆنموونە پیاوێك بڵێ بەژنەکەی خوشکمی، دایکمی، دەبێت بڕوات بەندەیەك ئازادبکات، یەکێ لەمانگی ڕەمەزان موئاشەرەت بکات لەڕۆژدا، دەبێت بەندەیەك ئازاد بکات، لەدەمی دەرچوو مەسەلەن بەبەندەکە بڵێت "ئازاد" هەروا ئیتر تازە ئازادبووە، لەهەندێ شتی تردا لەموعامەلاتی تردا پێداگری دەکرێ لەئیسلام، بەڵام لەمەدا وای پێ کراوە ئەم مەسەلە ئیتر بەهانەیە بۆ بەندە ئازادبوون.

موکاتەبە

هەروەها زیادەی ئەمانە بووەتە شتێکی ڕەسمی (بەندە) ئازادکردن مەسەلەی (موکاتەبە) لەئیسلامدا پەیدابووە، موکاتەبە: واتە حکومەتی ئیسلامی ئیعلان دەکات دەڵێت هەربەندەیەك دەیەوێت بڕوات ئازادببێت، بڕوات لەگەڵ ئاغایەکدا قەراردادێ ببەستێ (موکاتەبە) واتە (قەرارداد)، قەرارداد ببەستێ لەسەر هەزار تمەن و دووسەدە، بڵێت من ئەوەندەت پێ دەدەم ئازادم بکە، ئینجا ئەوکاتە بێت ئێمە پارەی پێ دەدەین بڕوات ئازادی بکات، ئەوکاتە (هەشت یەکی) (بيت المال) لەمەسرەفی زەکات تایبەتە بەمانەوە، بۆ ئەمانە کە موکاتەبە دەکەن، یان نەخێر خۆمان ئەسیرمان هەیە لەبێگانەکان دەبێت پارە بدەین ئازادیان بکەین لەحاڵی جەنگدا گیراوە، یان ئەصڵەن موکاتەبە ناکات خۆی حەوصەڵەی نییە، یان پێ

نەگەیشتووە، بڕۆین بگەڕێن بیبیان کڕین ئازادیان بکەین حکومەتی ئیسلامی مەئمور بنێرێ بزانن لەکوێ بەندە هەیە بیان کڕێ و ئازادیان بکات.

لەم سێ ڕێگەوە بیدات بەوانەی قەرارداديان بەستووە خۆی بگەڕێ بەردە (بەندە) ئازادبکات ئەسیرمان هەیە بیانکڕێ، بۆ ئەمانە (هەشت یەکی) (بیت المال) قیسمەتی زەکات دانراوە.

کەوابوو بەمجۆرە کێ دەمێنێتەوە بەبەندە، تەنیا کەسانێك دەمێننەوە یان فەلەج یان گێل یان حۆل بن، جۆرێکە ناتوانێت خۆی سەربەخۆ بکات و بەئازادانە بژیت، حەزدەکات لەماڵی ئاغاکەیدا بێت، ئەوکاتە دەبێت ئیسلام دەستوراتی ئەخلاقی پێ بدات دەبێت وەك کوڕی خۆی یان وەك کچی خۆی لەگەڵیدا ڕەفتاربکات، کەوابوو هیچ جۆرە ئیمتیازات و شتێك نییە.

مسندێ لەدانشمەندە گەورەکانی ئیسلام بەندەبوون

تەنانەت بۆئەوەی بزانن ئەمە خەیاڵ پەروەری نییە، ئێمە دانشمەندە گەورە گەرەکانی صەدری ئیسلاممان بەندەن، تەماشادەکەی مەسەلەن لەناو بەندەکاندا (عەتای ابن رەباحە) (حەسەنی بەصری)، (ابن سیرین) ـ خەولێکدەرەوە ناودارەکە ـ ... هتد، ئەو گەورە گەورانە کە لەئیسلامدا هەن، زانستی ئیسلامی ئەوان تۆماریان کردووە، هەموویان بەندەن، تەنانەت یەکێك لەگەورەترین ئیمتیازەکانی ئیسلام بۆ ڕەفعی ئیمتیازات قسەیەکی عەمەلی عومەر هەیە ـ کاتێ کە لێیاندا وتی ـ دەڵێت "داخەکەم (سالم) غوڵامە ئازادکراوەکەی ژنەکەی (ئەبوحوزەیفە) نەماوە، ئەگەر بمایە دەمکردە جێنشینی خۆم" جا حساب بکەن ئەم قسە چی تێدایە، (سالم) بەندە ئازادکراوەکەی ژنەکەی (ئەبوحوزەیفە) ئەگەر بمایە ئەوم دەکردە جێنشینی خۆم، واتە شایستەیی ئەو لەموهاجرین و ئەنصار زیاترە.

تەماشاکەن ئیسلام چۆن ئیمتیازات لەناو دەبات، کەسیش نەیتوانیوە ڕەخنە بگرێت چۆن بەندەیەکی ئازادکراو تۆ دەیکەیتە خەلیفە ئەمیرالمؤمنین؟



Scanned by CamScanner

تەنها شتێك ماوەتەوە ئەوەیە بزانن کە لەئیسلامدا لەقورئاندا ڕستەیەك نییە کە بلێی بەندەبگرن هەمووی بۆ ئازادکردنە، بەڵام ئەو مەسەلە ماوە کە بۆ حەرام نەکراوە؟ ئەگەر حەرام بکرایە یەکێ لەگەورەترین لەتمەکان لەسیاسەتی ئیسلام دەدرا، چۆن؟ کاتێ جەنگ دەکرێ تەرەف ئەسیر دەبات، دەی ئەگەر ئێمە نەتوانین ئەسیر بێنین بۆ (ئەسیر بەئەسیر) بۆ هەندێ کار کە دەمانەوێت، یان پسپۆڕیان هەیە جۆرەها وەسائیلی تازەی چەك دروست دەکەن، بەڕێکەوت لەجەنگەکەدا دەستمان کەوتون بیانهێنین ئیستیفادەی لێ بکەین دەڵێین بەمەرجێ ئازادت دەکەین، مەسەلەن تەرحێ نەخشەیەك لەو چەکە تازانەمان بۆ بڕێژنە، وەك حەزرەت بەگیراوەکانی (بەدر) فەرموی هەرکامتان پارەی نییە (دە) منداڵی موسڵمان فێری خوێندن بکات بڕواتەوە. حیکمەتی حەرام نەکردنی بەندە

کەوابوو بۆ ئەم شتە گرنگ گرنگانە ئیسلام بەری نەگرتووە، ئەگینا ڤینی لێیەتی زۆر پێی ناخۆشە بەندە ببێت، کاتێکیش بەندە ببێ ئازادی کامڵی لەلەحازی فکرییەوە پێ دەدات، وەك (بیلال) کاتێ موسڵمان بوو، ئەوکاتە هێشتا لەژێر دەستی (ئومەیەدا)بوو کاتێ ڕۆشتەوە بینی ئیحترامی ناگرێ، وەك ڕۆژان لەبەری هەڵناسێ و ناوەستێ ئەویش پاڵی دایەوە و دانیشت، وتی دەڵێی سەرت لێ شێواوە، کوڕەکە ئەوە چییە، وتی تۆ بەدەنەکەمت کڕیوە، ڕۆحەکەم لەدەستی تۆدا نییە.

### ٦- ﴿الغالبین﴾

غالبینی زەکات

یەکێکی تر لەمەسرەفەکانی زەکات غالبینن، ئەوانەی کە باجیان داوە، کە کەسێك دەڕوات لەنێوانی دووتایفە، دوو نەفەر، دوو گروپدا سوڵح دەکات، پارەیەکی زۆر خەرج دەکات، لەدواتردا دەبێت ئەم پارەی قەرەبوو بکرێتەوە، تا ئەوەی دڵی خۆش ببێ، هەر جارێ شتێکی تر بوو ئاوابکات، کەسێك لەبەر زیندەگی خەرجی کردووە قەرزاربووە نادار بووە، دەبێت چەنێ قەرزارە پێی

بدەی، کەسێك قەرزی کردووە لەڕێگەی مەشروعەوە، مەسەلەن ئامێری سەندووە بۆ بازرگانی بۆ کشتوکاڵ بۆ ...هتد، دەبێت قەرزەکەی بدرێتێ تا قەرزەکەی بداتەوە، باجیان داوە لەهەر ڕێگەیەك لەمانە دەبێت قەرزارەکە قەرەبوو بکرێتەوە، (هەشت یەك)ی بۆ ئەمانەیە. جا کێ موحتاج دەبێت لەکۆمەڵگەی ئیسلامیدا کاتێ هەموو ڕۆژێ حکومەتی ئیسلامی ڕاییگەیەنێ بڵێ کێ قەرزارە بێت پارەی بدەینێ.

٧ ـ ﴿و فِي سَبِيلِ اللَّهِ﴾

فراوانترین مەسرەفیان (فِي سَبِيلِ اللَّهِ) لەڕێگەی خوا. ڕێگەی خوا وتمان واتە ڕێگەی (موستەزعەفین) واتە خەرجکردنی (هەشت یەك)ی (بيت المال) بەشێکی زەکات لەڕێگەی لابردنی (ئیستیزعاف) چ نەزانێ چ ناتەوانێ چ نەدارێ. ئەمانە لابرێن لەکۆمەڵگەدا ئیتر چی دەمێنێتەوە، هیچ.

٨ ـ ﴿وَابْنِ السَّبِيلِ﴾

موسافیر و زەکات

هەروەها موسافریش، کەسێ لەوڵاتێکەوە هاتووە دورکەوتووەتەوە لەماڵ و مەملەکەتی خۆی پارەی نییە خەرجی نییە دەبێت خەرجی ئەو سەفەرەی تا لێرەیە و تا دەڕواتەوە لەم ناوچەیەدا پێ بدرێت، ئەو ناوچەیە پێی بدات تا دەڕواتەوە، ئیتر حەزدەکات لەو پەڕی دنیاش هاتبێت، تەنانەت با کافریش بێت، با خەڵکی جێگەیەکی تریش بێ، با بڕواتەوە بڵێ، حکومەتە ئیسلامیەکە خەرجی منیان دا، ڕۆشتم لەوێ بەبێ ئەوەی کارم پێ بکەن خەرجیان دام، تا هاتمەوە، چەنێ ئینسان دۆستن ئەمانە.

حەزرەت جارێك کەسێك هات عەرزی کرد شتێکم بدەرێ، وتی ئەو پەزانە دەبینی لەو دۆڵا ـ هەندێ پەزی هەبوو، جار جار بەڕێکەوت لەبەینێکدا هەندێ پەزی بۆ هات ـ فەرمووی بڕۆ بەبێ بەرامبەر ئەوانە ببە، ئەمیش سەری سوڕما ڕۆشتەوە وتی ئەم پیاوە جۆرێ بەخشش دەکات وەکو خەڵکی تر نییە، عەجیبە



Scanned by CamScanner

ئەصڵەن ناترسێ بانگەوازێکی کرد، چەندەها بەهۆی ئەوەوە هاتنە ناو ئیسلام. کەوابوو ئەو جۆرە باشەشی هەیە.

﴿فَرِيضَةً مِنَ اللَّهِ﴾ هەروەها ئەوەش بڵێم لێرەدا تەماشابکەن گەڕان و سیاحەت بۆ تەحقیقات لەدنیادا چەنێك گرنگە بۆئەوەی ئینسان بێتە (اِبْنِ السَّبِيلِ) بۆئەوەی ئینسان بڕوات (فَسِيرُوا فِي الأَرْضِ) بگەڕێت بۆ تەحقیقاتی عیلمی بۆ ئەزموون و بەدەستهێنانی مەعاریف بۆ دروستکردنی پەیوەندی لەنێوان خەڵکیدا، تەماشا پەیوەندی و بەدەستهێنانی مەعریفەت، تەعاروف و ئەزموونکردن چەنێك گرنگە، خوا دەفەرموێ بگەڕێن، تەرەف دەڵێت دەی خەرجیم نییە بگەڕێم، دەفەرموێت دەستورم داوە دەڕۆیتە هەر وڵاتێك سەرپەرستی ئەو شار و وڵاتە لەوێ خەرجیت دابین بکات، چەنێك ئەهمییەت دەدرێت بەگەڕان لەدنیادا بۆئەوەی ئینسان مەحدود نەبێ لەدنیەکدا لەشارێکدا لەدۆڵێکدا تاماوە.

گەشت و پەیداکردنی ئەزموون شتێکی زۆر گرنگە

(فَرِيضَةً مِنَ اللَّهِ) ئەمە حوکمی قاتیعانە و بێ ئەملاوئەولا و چەندوچۆنە لەلایەن خواوە، کە بەهیچ جۆرێك نابێ سەرپێچی لێ بکرێت.

﴿وَاللَّهُ عَلِيمٌ حَكِيمٌ﴾

خوا باش زانایە چاك دەزانێ کاربکات، هەروەها حیکمە باش دەزانێ کە چۆن ئینسان ـ فەرد و کۆمەڵگە ـ لەفەساد بگەڕێنێتەوە و کاری موحکەم دەکات لەسەر ئەساسی موحکەم.



Scanned by CamScanner

## چوارچێوەی ئینفاق تا چ سنورێك بێت و لەچ سنورێكدا ڕێگە نییە

(ئایەتی ٦٧ الفرقان) (٢٦-٢٧الاسراء) (١٢محمد) (١٦الاسراء)

تا ئێستا لەچوارچێوەیەکی دیاریکراودا باسی پایەی یەکەم لەئابووری ئیسلام کە بریتیبوو لەئابووری ئازاد کرا، پایەی دووەم کە ئینفاق بوو، هەم گشتییەکەی هەم تایبەتییەکەی کە زەکاتە باسی کرا، بەڵام مەتڵەبێکی تر لەبارەی ئینفاقەوە **چوارچێوەی ئینفاق تا چ سنورێك بێت و لەچ سنورێکدا ڕێگە نییە**، ئێستا باسی ئەوە دەکەین کە ئیتر لەم باسەدا پایەی دووەم تەواو دەبێت، دەمێنێت باسی پایەی سێیەم (ئیرس) و پایەی چوارەم (حەرامکردنی ڕیبا).

**تا ئێستا ئەوەمان لەبارەی ئینفاقەوە باسکردووە ئینسان کاتێك موئمینە کە قودرەت و نیرووی خۆی بخاتەکار، ئەڵبەتە نەك هەمووی لەزەمینەی مادیات و ئابووریدا، چونکە مەسائیلی ڕۆحی و فکری ئەمانەش ئەهمییەتی دەستە یەکەمیان هەیە لەئیسلامدا، ئینسان کاتێك موئمینە ئیمانی کامڵە کە قودرەت و نیرووی خۆی بخاتەکار بۆئەوەی ئیزافە لەنیازی خۆی بەدەست بهێنێت،و خەڵك لێی سوودمەند ببێت لەنەتیجەی دەستڕەنجی ئەم.**

جۆرەکانی ئینفاق

پێشتر وتومان ئینفاقە چوار جۆرە:

- بۆخۆی سەرف بکات.
- بۆ کەسانێکی تر سەرفی بکات بەبێ بەرامبەر.
- خۆی کاری پێ بکات و بیکاتە سەرمایە.
- بیداتە کەسی تر بیکاتە سەرمایە کاری پێ بکات.

جا لەمانە بزانین ئایا ئینفاق موتڵەقە و سنور و مەرز و شتی نییە یان چوارچێوەیەکی دیاریکراوی هەیە، هەروەك لەئازادی ئابووری لەمەشروعیەتی مالیکیەتدا بوو لەمیشدا هەیە یاخود نا؟



Scanned by CamScanner

لەسورەتی (الفرقان)دا لەبەشی کۆتاییەوە لەئایەتی (٦٣)وە دەست پێ دەکات، تا کۆتایی کە ئایەتی (٧٧)ە، باسی ئەوانە دەکات کەبەندەی شایستەی خوان، دەفەرموێ: (وَعِبَادُ الرَّحْمَانِ) بەندە شایستەکانی خوای بەخشندە ئەوە سیفاتیانە ئەوە دەکەن و ئەوە دەکەن، یەکێکیش لەسیفەتەکانیان کە لازمەی مونمینە ئەوەیە.

﴿وَالَّذِينَ إِذَا أَنفَقُوا لَمْ يُسْرِفُوا وَلَمْ يَقْتُرُوا وَكَانَ بَيْنَ ذَلِكَ قَوَامًا﴾

ئینفاق نابێت ئیسراف و ئیقتاری تێدابکرێت

ئەوانەی کە کاتێك ئینفاق دەکەن ـ وتومانە ئینفاق ئەوەیە ئەنباری دارابیەکەی یان دارای فیکرییە یان مادییە یان بەدەنییە لەژێرەوە کونی تێ دەکات بەرەو خوار و پیایدا دەڕوات، ئەم ماڵە دەڕوات تا زەمانێك کە نیازی کۆمەڵگە پڕدەبێتەوە ـ جا کاتێ ئینفاق دەکەن نە ئیسراف دەکەن نە ئیقتار، واتە نە زیادەڕەوی دەکەن لەسنور و نە دەستیش دەگرنەوە کە دەبێت سەرفی بکەن و نەیکەن، واتە دەبێت تا زەمانێ کە نیازی کۆمەڵگە فەراهەم دێت، ئەم خۆی ناکەوێتە ئیحتیاج و نیاز تا ئەوێ خەرج دەکات، سەرنج بدەن تا زەمانێك کە کۆمەڵگە نیازی فەراهەم دەبێت و ئەم خۆی نیازمەند نابێت، تا ئەوێ ڕێگەی هەیە سەرف بکات، بەڵام ئەگەر هاتوو کۆمەڵگە بەنیازبوو، ئەم ئیزافەی بوو لەوحاڵەدا زۆری لێ ناگرێ، بەڵام هەم دووبارە سوننەت و خێرە بۆی، بەڵام ئەگەر هاتوو شتێکی بوو کاتێ خەرجی کرد بەشی خۆی نەما و خۆی موحتاج بوو لەوێدا حەقی نییە، مەگەر کاتێك بەرامبەرەکەش نیازێکی زۆر و بەردەوامی هەبێت ئەوکاتە دابەشی بکات، مەسەلەن بڵێت من نیوە تێر دەمکرێ با ئەویش نیوە تێر ببێ.

ئیقتارکردن نامانکات بە مونمینی راڵیمی

هەروەها ئیقتاریش ناکات، واتە کاتێ کۆمەڵگە نیازی هەیە و ئەمیش زیادە لەنیازی خۆی هەیە، ئەگەر دەستی گرتەوە ئەوە ئیتر لەڕیزی مونمینین نییە، حەق نییە دەست بگرێتەوە تا زەمانێ کۆمەڵگە نیازی پڕدەبێتەوە، کەوابوو یەکێ لەنیشانەکانی مونمینین دەبێتە ئەوە ـ بەندەکانی شایستەی خوا ـ کاتێ ئینفاق



Scanned by CamScanner

دەکەن نەزیادە ڕۆیی دەکەن، کە خۆیان لەناو ببەن و نەدەست دەگرنەوە کەمی دەکەن کەم دەدەن کە مەردم نیازیان ڕەفع نەبێت، ئینجا چ هەم بۆ خۆیان هەم بۆ خەلکی تر، مەسەلەن تەنانەت ئینسانێك بۆ خۆی زیادەڕۆیی بکات، دیارە کەمێ زیاتر بخوات زیاتر بپۆشێ زیاتر مەسکەن و شتی ببێت لەحەدی نیاز بەدەر ئەوە ئیسرافە، یان کەمتر لەوە کە پێویستە سەرف بکات بۆخۆی، دووبارە گوناهی دەکات موئمینینی واقیعی نییە.

ئینسانێك بیبێت، بەڵام دڵی نەیەت خەرجی بکات بۆ خۆشی، ئەوەش نیشانەی ئەوەیە دەترسێ ئەمباری خوا تەواو بووە و ئەمیش کەمێکی هەیە لەدەستی دەردەچێ، مەگەر ئەگەر لەخۆبوردە بێت بیداتە خەڵك ئەوە مەسەلەیەکی ترە، بەڵام هەڵیگرێ و دڵی نەیەت خەرجی بکات، ئەوە نیشانەی لاوازی ئیمان یان نەبوونی ئیمانە.

بۆ خەلکی تریش کاتێ بەبێ بەرامبەر لەڕێی خوا دەیدات دیسان هەروا نەئەوەندە خەرج بکات، کە ئیتر خۆی بکەوێتە ناو نیاز و ئیحتیاج و نە زەمانێك نیازیان هەیە دەستی بگرێتەوە خودداری بکات، ئەگەر بۆئەوەیە هەروا بەبێ بەرامبەر دەیدات، ئەگەریش بۆ سەرمایەیە دووبارە هەم یان خوی دەیکاتە سەرمایە و کاری پێ دەکات یان دەیداتە مەردم دەیکەنە سەرمایە کاری پێ دەکەن، دووبارە لەمەشدا دەبێت ئیسراف نەکات کە هەرچی هەیە بیخاتە سەرمایە، چونکە ئەگەری هەیە لەپڕ شکست بهێنێ، تەنانەت نانێکیشی نەمێنێ بیخوات، کەمێکی بهێڵێت، مەسەلەن ئازوقە و ئەو جۆرە شتانەی بهێڵێت بۆ خۆی، یان دەیدات بەخەلکی تر هەروا، کەمیش نەدات دەست نەگرێتەوە، داینەنێ لەماڵدا ئەگەر خۆی توانای هەیە بیبات کاری پێ بکات تا زیاتر بخاتەکار بۆئەوەی خەلکیش لەنەتیجەی دەستڕەنجی ئەم ئیستیفادە بکەن، یان مەسەلەن دەزانێ نەفەرێك شایستەیە دەتوانێ سەروەتی ئەم کار پێ بکات دەست نەگرێتەوە

بیداتێ، ئەو بڕوات کاری پێ بکات کە هەردوولا و کۆمەڵگە ئیستیفادەی لێ بکەن، حەدی وەصەت.

﴿وَكَانَ بَيْنَ ذَلِكَ قَوَامًا﴾

ئینفاقی ئەو لەنێوان ئەم دوو لایەنەدایە، قەوامە لە(قیامە) ڕاست وەستان، ڕاست دەوەستێ نەبەلای ئیسرافدا لار دەبێتەوە، نەبەلای ئیقتاردا.

ئایەتی (٢٦ - ٢٧)ی سورەتی (الاسراء) ﴿فَآتِ ذَا الْقُرْبَى حَقَّهُ وَالْمِسْكِينَ وَابْنَ السَّبِيلِ﴾

ئەم بەشە کە باسکرا (ذَا الْقُرْبَى) واتە ئەوەی کە خزم و نزیکە ئیتر لەنزیکترەوە دەست پێدەکەی بەدەرەجە تا ئاخرینیان (وَالْمِسْكِينَ) ئەوەی کە پەککەوتە بووە و ناتوانا بووە و ناتوانێ کار و شت بکات، یان کەم کاربووە و موسافیر و میوان و ئەمانە، حەقی خۆیان پێ بدە، حەقتان ئەوەیە کە نیازیان ڕەفع بکەن حەقی خۆیان پێ بدەن، بەڵام (وَلَا تُبَذِّرْ تَبْذِيرًا)، بەڵام پەرش و بڵاوی نەکەیت، دەست بەماڵەکەدا نەکەیت و هەموو پەرش و بڵاویکەیتەوە.

تبذیر (تبذیر) لە(بذر)ە، (بذر) واتە تۆوێك کە دەیوەشێنی واتە وەك چۆن کەسێك تۆو دەوەشێنێ ئاوا نەیوەشێنێ، واتە بێ هودە لەئەندازە بەدەر سەرفی نەکەی، بەڵێ دەڵێین حەقی (ذا القربی و المسکین و ابن السبیل) و ئەمانە بدە، بەڵام وەهاش نەکەی یەکسەرە خۆشت بکەویتە ناو نیاز و وەك دەوترێ " خۆی خستە ساجی عەلی" ئاواش نەبێ واتە جۆرێك نەبێت کە خۆشت ببیتە سەرباری خەڵك، یان کاتێك بۆ خۆت سەرف دەکەیت هەروا، (تُبَذِّرْ) نەکەیت کاتێ بۆ خۆتی سەرف دەکەیت یەك ڕۆژ هەمووی نەخۆی لەوەودوا دابنیشی هیچت نەمێنێ.

تبذیرکردن و بوونە برای شەیتان چونکە (إِنَّ الْمُبَذِّرِينَ كَانُوا إِخْوَانَ الشَّيَاطِينِ) ئەوانەی کە پەرش و بڵاوی دەکەن و بێ هودە سەرفی دەکەن، زیاد لەحەد سەرف دەکەن چ بۆ خۆیان چ بۆ غەیر، حەدی وەصەت ڕەچاو ناکەن ئەوانە برایانی شەیاتینن ڕەفیقی ئەوانن



Scanned by CamScanner

دەستە بران بەیەکەوە، شەیاتینیش دژی خوان، کەوابوو ئەمیش دژی خولیە، ئەوکاتە ئیجا ئەم (تبذر)ە نسببیە، مەسەلەن زەمانێك هەیە کە تەرەف لەبرسا خەریکە بمرێت، تۆش نانێکت هەیە لەوحاڵەدا دەبێت لەتێکی پێ بدەی، نەك بڵێی خۆم نیازم بەنانەکەیە نایدەم، چونکە تۆ بەنیوە نانێك دەتوانی زیندەگی بکەی، ئەویش با نیوە نانێکی ببێت، بەڵام زەمانێکی تریش هەیە ئەو ئیحتیاجەکەی مەسەلەن بەوەندە ڕەفع دەبێت کە خۆت نەکەویتە هەژاری هەر ئەوەندەی پێ دەدەی ئیتر نایەڵی خۆشت بکەویتە نیاز بەوجۆرە.

﴿وَكَانَ الشَّيْطَانُ لِرَبِّهِ كَفُورًا﴾

شەیتان بەو مەفهومە کە وتومانە (کەفورە) بۆ پەروەردگاری، واتە فەرمانی ئەو لەبەرچاو دەخات چاوپۆشی لێ دەکات و دەیخاتە پشت گوێ، ئێوەش ئەگەر تەبزیرتان کرد ئێوەش ئاواتان پێ دێت دەبنە کەفور، دەبنە برای شەیاتین و شەیتانیش کەفورە، کەوابوو دەبنە برای ئەو.

إِنَّ اللَّهَ يُدْخِلُ الَّذِينَ آمَنُوا وَعَمِلُوا الصَّالِحَاتِ جَنَّاتٍ تَجْرِي مِنْ تَحْتِهَا الأَنْهَارُ وَالَّذِينَ كَفَرُوا يَتَمَتَّعُونَ وَيَأْكُلُونَ كَمَا تَأْكُلُ الأَنْعَامُ وَالنَّارُ مَثْوًى لَهُمْ(١٢)محمد

﴿إِنَّ اللَّهَ يُدْخِلُ الَّذِينَ آمَنُوا وَعَمِلُوا الصَّالِحَاتِ جَنَّاتٍ تَجْرِي مِنْ تَحْتِهَا الأَنْهَارُ﴾

سەرئەنجامی ئیمانداران

بێگومان خوا ئەوانەی کە ئیمانیان هێناوە، بەرنامەی ئارام بەخشی خوایان ناسیوە و لەدڵ و دەروونەوە پابەندی بوون و بەڕواڵەتیش سابتیان کردووە کە پابەندن و کرداری شایستەیان بەپێی فەرمانی خوا ئەنجامداوە، خوا ئەوانە دەباتە ناو باخەکانی خۆی کە لەژێر درەخت و ساختمان و قەسرەکانیدا جۆگەی ئاو دەڕوات، حاڵەتێکی خۆشی هەیە هەوای موناسب و لەبار و فێنك، ئەوانە کێن؟

ئەوە ئەو کەسانەن کە ڕەچاوی بەرنامەی خوا دەکەن، زیندەگیان بەپێی بەشی دووەمی ئایەتەکە ئەوانەی کە موئمین و عەمەلی صالح دەکەن، ئەوانەی کە لەبەر دنیا زیندەگی ناکەن، زیندەگیان کورت ناکەنەوە لەبەدەستهێنانی (خۆراك و



Scanned by CamScanner

پۆشاك و مەسكەن و مەقام و مەرتەبە و شۆرەت و جنس و ...هتد)، تەنها بۆ ئەوانە زیندەگی ناکەن، ئەوانە نین کە (زیستن از برای خوردن است) بەڵکو ئامانجیان ئەوەیە کە تەنانەت کاتێ دەخۆن، دەپۆشن، مەسکەن دەگرن ئامانجیان ئەوەیە کە بەقایان ببێت، بتوانن لەخزمەت (موستەزعەفین)دا زیندەگی بکەن، بەڵام لەبەرامبەری ئەوان کێن؟

﴿وَالَّذِينَ كَفَرُوا يَتَمَتَّعُونَ وَيَأْكُلُونَ كَمَا تَأْكُلُ الأَنْعَامُ﴾

نافەرمانی خوا و تووشبوون بەئاگری جەهەنم

ئەوانەی کە پشتیان هەڵکردووە لەبەرنامەی خوا و فەرمانی خوایان لەبەرچاو نەگرتووە و قانونی خوایان نەکردووەتە سەرمەشقی زیندەگی خۆیان و پەیڕەوی نەبوون، ئەوانە تەنها ئامانجیان زیندەگی دنیاییە، ئامانجیان ئەوەیە کە بەرخورداربن و کەڵك و سوودوەرگرتن لەنیعمەتە دنیاییەکان ئەوپەڕی ئامانجیانە، هەروەها دەخۆن وەك چۆن حەیوانات دەخۆن، واتە وەك حەیوان دەلەوەڕێن، ئامانجیان لەوەڕانە وەك (بزن و مێ و گا و وشتر)، چۆن ئەوان دەڕۆنە سەر ئاڵف و دەلەوەڕێن، ئەمانیش هەرئەوەیە ئیتر شتێکی تر نییە، ئامانجیان تەنها سك تێرکردن و لەوەڕانە، کەوابوو ئەرزشی ئینسانی خۆیان لەدەست دەدەن.

دەرئەنجامدا ﴿وَالنَّارُ مَثْوًى لَّهُمْ﴾ ئاگری جەهەنم دەبێتە جێگای ئەبەدییان و بۆ هەمیشە ئیستیقراری تێدادەکەن و تیایدا دەمێننەوە، ئەوانە کە بۆ خۆیان زیندەگی دەکەن،کافرن و ئەوە جێگەشیانە.

## ڕوونکردنەوە لەبارەی (اسراف، تبذیر، سَفَهْ)

تا ئێستا کەلیمەی ئیسراف و تەبزیرمان باسکردووە و زووتریش لەئایەتی (٥)ی سورەتی (النساء)دا کەلیمەی صوفەهامان باسکردووە، کە موفرەدەکەی (سَفیه)ە و مەصدەرەکەی (سَفَه)ە.

• ئەصلی مانای زمانەوانی (سَفَه) باسمکرد، واتە: قالب سوکی، کەسێ بەدەنی سوك بێت، ئەصلی زمانەوانیەکەی ئەوەیە کە دەڵێن (سَفَه)ی هەیە، ئەمجارە ئەگەر ئینسانێك ڕۆحی سوك بێت، واتە عەقڵی ناقص بێت، دەرنەتیجە سەنگین و لەسەرخۆ و لەسەر ڕێگەی حەق نەبێت سوك و بێ ئەرزش بێت، هەمیشە لەڕێ لابدات، ئەوە پێی دەڵێن (سَفیه).

هەروەها لەقورئاندا کەلیمەی (سَفیه) زۆرتر بۆ سەفەه لەبیروباوەڕدا بەکارهێنراوە، هەروەکو کەلیمەی ئیسراف، واتە ئەگەر تەماشای ئەو ئایەتانە بکەین کەلیمەی سەفەهی تێدا بەکارهێنراوە زۆرتریان لەبارەی بیروباوەڕدایە، بەشێکیشیان لەبارەی تەصەروفاتی عەمەلی و لەماڵ و ئەم جۆرە شتانەدا، مەجموعی ئەمانە دەبێتە سەفەه، واتە لادان لەڕێگەی حەق، ئینجا یان لەزەمینەی بیروباوەڕدا یان لەزەمینەی تەصەروفاتی ماڵی و لەئموری هەستپێکراو و دیاردا، ئەوە مانای سەفەه.

سفیه هەروەها لەم باسەدا کە باسی ئینفاقە، سەفەه دەبێتە ئەوەی ئینسان لەڕێگەی دروستی ئینفاق کە ئەو حەدی وەصەتەیە - قەوامە - لەوە لابدات، یان بەلای ئیسرافدا یان بەلای ئیقتاردا ئەملاو بەولا مونحەریف بوو ئەوە سەفیهە، ئەوە مانای سەفیه، لەزەمینەی ئینفاقدا ئەگەر کەسێك بەڕوی ئیسرافدا یان بەڕوی ئیقتاردا لایدا ئەوە سەفیهە.

ئیسراف • ئیسرافیش لەسەرەفە، واتە لەهەرکارێك کە ئینسان ئەنجامی دەدات لەحەدی مام ناوەندی تێپەڕبکات و بەرەو زیادە ڕۆیی بڕوات، کە ئەم کەلیمە لەقورئاندا زۆرتر بۆ بابەتەکانی غەیری مەسائیلی ماڵییە،و چەند ئایەتێکیش بۆ ئەم مەسائیلی ماڵییە هەیە، کە وەك لێرە باسمانکرد.

هەروەها ئیسراف لەئینفاقدا واتە ئینسان لەسنورێك کە دیاری کراوە - سنوری قەوام - لەوە تێپەڕ بکات و زیاتر خەرج بکات ئەوکاتە زیاتر کە یان بۆ خۆیەتی یان



Scanned by CamScanner

بۆ غەیری ترە، کە ببێتە هۆکاری لەتەمەدان لەوەزعی ئابووری کۆمەڵگە، ئەوە ئیصرافیش.

کەوابوو (ئیصراف و سەفەه) دەبن بەیەک. سەفەه: واتە ئینحراف لەقەوام، ئیصرافیش: تێپەڕ لەقەوام، بۆیە سەفەه و ئیسراف هەریەکێکە، هەڵبەتە ئیسراف تایبەتی ترە لەسەفەه، چونکە سەفەه چ بەرەو ئیسراف بڕۆی چ بەرەو ئیقتار بڕۆی سەفەه هەر لادانە، بەڵام ئیسراف هەر بەرەو زیادە ڕەوییەکەیە بەیەک لایاندا لادەدرێت، ئەوە دووانیان، کەوابوو موسریف سەفیهە. ئینسانی موصریف سەفیهە

• ئەمجارە مبذیر، تبذیر واتە وەشاندن، لە(بذر)ە واتە تۆوێك کە دەیوەشێنی، واتە جێگەیەك حەقی مەسرەف کردن و ئینفاقی نییە لەو جێگەدا ئینفاق بکەی، ئیتر چ بەشێوەی ئیسراف بێت، واتە مەسەلەن ئینسان نان دەخوات بەدوو نان تێر دەبێت دەیکاتە دوو نان و لەتێك، ئەو لەتەی ئیسرافە زیادە ڕەوییە، هەروەها تەبزیریشە وەشاندنی لەتێ نانە، لەجێگەیەکدا کە حەقی نییە بیوەشێنێ لەوێ پەرش و بڵاوی دەکاتەوە، چونکە حەقی نەبوو لەوێ سەرفی بکات ئەوە جۆرێك.

یان لەجێگەیەکدا ئەصڵەن جێگەی مەسرەف نییە دەیکات، مەسەلەن پارە بەشەراب دەدات و دەیخوات، شەراب کە ئەصڵەن حەقی مەسرەف نە کەمە نە زیاد نییە، ئەڵبەتە کۆمەڵێك جیاوازیان تێدا کردوون، کە ئیسراف بۆنمونەی یەکەم کە وتم، واتە شتێك خۆی حەقی هەیە بۆی سەرف بکەی، بەڵام زیادە لەحەد سەرف بکەی وەك نان خواردن، بەڵام تەبزیر شتێکە ئەصڵەن جێگەی سەرف کردنی نییە وەك شەراب خواردن یان وەك نەزرکردن بۆ غەیری خوا، مەسەلەن یەکێ (ڕەقی - جۆرێکە لەنەخۆشی) دەگرێ دەڕواتە سەر (شێخ ئەحمەد)، بزنێ لەوێ دەکاتە نەزر و سەری دەبڕێ، ئەوە هەم شیرکە و هەم سەفەهە، دەبێت دەستی بگیرێ و موشریکیش دەبێت، یەکێك ئینفاق بۆ (ریا) بکات و شتێ



Scanned by CamScanner

ببەخشێ، بەڵام ئامانجی ناوهێنانی خەڵك بێت، كە دیارە ئەوەش ئیتر كۆشش ناكات لەڕێگەی باشەوە بیكات ئەوەش دووبارە لەوێ سەفیهی دەكات.

بەڵام ئەو دوو مەسەلەیەی لەسورەتی (الكهف)دان، كە یەكێكیان كاتێ (موسا علیە سلام) ڕۆشت لەگەڵ بەندە شایستەكەی خوا، پەیوەندی كرد و سواری كەشتیەك بوون، ئەو بەندەی خوا كونێكی كردە ناو كەشتییەكە، ئەمیش سەری سوڕما، وتی گوایە پیاوەتیان كرد ئێمەیان سواركرد تۆ كەشتییەكەیان غەرق دەكەی - هەڵبەتە لەدواییدا قسەی بۆكرد - وتی ئەم كەشتییە هی كەسانێكی مەساكین بوو پاشایەك هەیە لەم ناوچەیەدا، هەركەشتییەك چاك بێت دەیگرێت، وتم با كونێكی تێ بكەم لەدەستیان دەری ئەكات.

یەكێكی تریش كاتێ بەنی ئیسرائیل گوێرەكەكەیان لەزیوەر و زینەت ئالات دروست كردبوو حەزرەتی موسا سوتاندی، ئەو هەموو داراییەی لەناو برد، ئەمانە لێرەدا چونكە بەرژەوەندی گرنگتر هەیە ئەمانە پێیان ناڵێن سەفەه و خراپكاریكردن، چونكە ئەو كەشتییە بەكونێك كە تێیكرد شكانی كەمێك نەجاتی دا، حەزرەتی موساش كە ئەم گوێرەكەیەی سوتاند، ئەم ماڵە نیشانیدا كە ئەمە ئیلاه نییە ئەوەیە دەیسوتێنم هیچ كارێك ناكات، چەندەها عەقیدە و ئیمانی نەجاتدا لەئینحراف.

تبذیر و ئیصراف مانا زمانەوانیەكەی بۆ هەردووكیان دەبێت، هەم كەیفییەت و هەم كەمییەت، هەردووكیان دەگرێتەوە كە تبزیر دەبێتە ئەوە ماڵەكە پەرش و بڵاو بكەیتەوە، ئیتر ئایا شتەكە خۆی ئەصڵەن شەرعییە ئینفاقی تێدابكەی، بەڵام زیادەڕۆیی دەبێت پەرش و بڵاوی دەكەیتەوە، یان ئەصڵەن لەبنچینەدا نامەشروعە و تیایدا پەرش و بڵاوی دەكەیتەوە.

تەبزیر و ئیسراف یەك شتن

كەوابوو تەبزیریش دووبارە دەبێتەوە ئیصرافەكە، چونكە ئیصراف واتە لەمەسیری ئینفاقدا شتێك كە حەقت نییە ئینفاقی تێدا بكەی، تیایدا ئینفاق

دەکەی زیادەڕۆیی دەکەی، یان سەفەه بەملادا دەدەی یان بەولا، تەبزیریش بەهەمان شێوە یەکسان دەبێتەوە بەئیسراف، تەبزیریش ئەوەیە جێگەیەک حەقت نییە ماڵی تێدا سەرف بکەی سەرفی تێدا دەکەی و زیادە ڕۆیی دەکەی، کەوابوو تەبزیر و ئیصراف دەبنە بەشێك لەسەفەه.

سەفەه ئەوەیە لابدەی لەقەوام، لەجادەی موستەقیمی ئینفاق، یان بەلای زیادە ڕەوییدا کە ئیصراف و تەبزیریش ئەوە مانایەتی یان بەلای کەم ڕەوییدا کە ئیقتارە.

جا لەو ئایەتەدا لەپێشتردا باسمانکردووە کە (وَلاَ تُؤْتُوا السُّفَهَاءَ أَمْوَالَكُمْ) ماڵ و داراییەکانتان مەدەنە دەست سەفیهەکان، - ماڵی سەفیهەکەیە - بەڵام چونکە لەوێدا ئەو (ئیسراف و سەفەه و تەبزیر)ی هەیە، توانای مالیکیەت و سەربەخۆیی لەتەصەروف لەدەست دەدات، ماڵەکە دەخرێتە لای کۆمەڵگە و دەبێت حکومەتی ئیسلامی بەنوێنەری کۆمەڵگە بیگرێتە دەست.

(وَلاَ تُؤْتُوا السُّفَهَاءَ أَمْوَالَكُمْ)

کاتێك ئەم شەخصە لەتەصەروف و لەئینفاقی ماڵەکەدا سەفەه دەکات، واتە یان بەلای زیادەڕۆیی یان کەم ڕەویدا دەڕوات صەلاحیەتی تەصەروف لەماڵەکەی لەدەست دەدات،و دەبێت کۆمەڵگە ماڵەکەی بگرێتە دەست، ماڵەکە دەبێتە ماڵی کۆمەڵگە، هەڵبەتە ئەم گرتنە ئەستۆ گرتنە ئەستۆیەکی کاتییە، تا سەردەمێك دووبارە صەلاحیەت پەیدابکاتەوە و دەدرێتەوە دەستی، ئەگەر صەلاحیەتی پەیداکرد لەماوەی تەمەنیدا دەدرێتەوە دەستی، مەگەر هەر صەلاحیەت پەیدانەکات، ئەوە ئیتر کە هەرگیز نابێت.

ئەم بەشەیان کە سەفەه پەیدای دەکات - هی باسی (ڕیبا) - ئەوە لەکاتی خۆیدا باسی دەکەین کە موصادەرەی ئەو لەچ جۆرێکە، بەڵام بەشێك هەیە لێرەدا سەردەمێك کە زەکات نەدات، ئەگەر شەخصێك زەکاتی نەدا، بزانین چۆن

موصادەرەی دەکرێت، ئایا وەکو ئەوەیە کە لەئینفاقەکەدا ئاوا سەفەهەکەی ئیسراف و تەبزیر و ئیقتار و ئەوانەیە غەیری زەکات یان چیە، ئەگەر کەسێك زەکاتی نەدا، ئەم زەکات نەدانە دوو جۆرە:

سەرئەنجامی زەکات نەدان

* بڕوای بەوە هەیە کە زەکات واجبە و ئیدعائەن پابەندە بەئیسلام، بەڵام دڵی نایەت یان ماڵەکەی لەبەرچاوی حکومەتە ئیسلامیەکە دەشارێتەوە، یان دەسی دەسی دەکات و خۆی دەدزێتەوە، ئەوە دەبێت زەکاتەکەی لێ بسێنێ و نیوەی ماڵەکەی، زەکاتەکەی و نیوەی داراییەکەی دەستی بەسەردا دەگیرێت بۆ (بیت المال)، ئەوە جۆری موصادەرەی ئەوەیانە، بەڵام ئەگەر هاتوو وتی زەکاتەکە نادەم باوەڕم پێی هەیە، بەڵام نایدەم، هەروەها نەشدەکرا لەدەستی دەریبهێنی مەگەر بەکوشتن، دەبێت لەسەری بیکوژێ، واتە دەبێت ئیعلانی شەڕی لەگەڵدا بکرێت، ئەگەر توانای شەڕی هەبوو دەبێت شەڕی لەگەڵدا بکرێت ئەگەر هەزاران نەفەریش کوژراوە، تاکاتێك شکست بهێنێت و زەکاتەکەی و ئەو نیوە ماڵەی لەدەست دەربهێنرێت بەمەرجێك لەدواتردا لەحاڵێك کە تەوبە بکات و، بەموسڵمان خۆی بناسێنێتەوە، کەوابوو نیوەی ماڵەکەی لێدەسەنرێت، ئەگەرنا ئێستا نیوەی دووەم بزانین چۆن دەبێت، لەسەردەمێك کە مورتەد بێت، ئەوەش نیشانەی عەمەلی هەیە کە حەزرەتی (ئەبوبەکر) لەیەکەم ساڵی خیلافەتیدا شەڕی هەڵگەڕاوەکانی لەسەر زەکات کرد، دەیانوت زەکات نادەین ئەوەش کوشتنی، لەسەر ئەوە شەڕی لەگەڵدا کردن.

* بەڵام ئەگەر وتی نا زەکات ئەصڵەن واجب نییە ئەوە ئەصڵەن خەراج و سەرانەیەکە من عەیبم لێ دێت و ئەصڵەن شتی وا نادەم، لێرەدا مورتەد دەبێتەوە لەئیسلام و دەبێت بکوژرێ، ئەم جارە زەکاتەکەی و هەموو ماڵەکەی موصادەرە دەکرێ، دەدرێت بە(بیت المال)، ئەوە موصادەرەی کەسێك کە زەکات نادات.



Scanned by CamScanner

ڕێگەکانی تری ئینفاق ئەگەر ئینفاقەکە لەبەشی موستەحەبە، واتە نیازی کۆمەڵگە ڕەفعە و موستەحەبە ئیتر نایدات ئەوە ئیتر هیچ ئەوە لەلەحازی ئەخلاقیەوە زەم و شتی دەکرێ، چونکە کۆمەڵگە نیازی نییە بەم، بەڵام ئەگەر کۆمەڵگە نیازی هەیە و زەکاتی لێ سەنراوە و ڕەفعی نیاز نەبووە، دووبارە ئیحتیاج هەیە بەئینفاقی ئەو، لێرەشدا دەبێت زۆری لێ بکرێ بسێنرێ. ئەگەر نەیدات دووبارە لەسەر ئەوە شەڕ دەکرێت، بەڵگەی عەمەلیش هەیە، حەزرەتی (عمر) لەساڵی(١٧)ەمدا فەرموی ئەگەر وای پێ بێت کە ناچار ببم هەرکەس نیوە تێر بمێنێ نەفەرێك خۆراکی (٥)ی هەیە دەبێت (٥)ی تر بدەم بەملیدا، تا یەکێك نیوە تێر ببێت بەنیوە تێری نامرن، بەڵام ئەگەر ئەوان تێربوون ئەمان هیچیان نەبێت لەبرسا دەمرن،و دەبێت بەزۆریش لەدەستی بسنرێ بۆ خەڵك.

عەدلی حەزرەتی عمر لەپیادەکردنی زەکاتدا

مەسئەلەی (کەنز و ئیحتیکار)یش کە، ئەگەر کەنزکە حکومەت پێی زانی دووبارە لێرەدا سەفەهە، چونکە ئیقتاری کردووە، دەبێت لەدەستی بسێنێ و بیهێنێت بڵێت یان خۆت بیخەکار و کاری پێ بکە، یان خۆت ناتوانی بیدەینە دەست کەسێکی تر، ئەگەریش ئیحتیکارە دەبێت بڕوات ئەوەی کە ئازوقەی خۆی هەیە هی ساڵێکی خۆی جێی دەهێڵێ بەقییەی دەبێت بەنرخی دادوەرانە بیفرۆشێ بەخەڵکی.

مەسئەلەی کەنز و ئیحتیکار

کەوابوو چوارچێوەیەکیش کە ئینفاق لێیەوە دەکرێ دیاریکراوە، بەم جۆرە دەردەکەوێت کە مالیکیەتی فەردی کە ئاوا لەدەورەی ئینفاقیشدا سنور و قیودێکی هەیە لەتەمە بەکۆمەڵگە ناگەیەنێ غەیری مەنفەعەت زەرەری نییە، ئەگەر ئەمانە ببن و ئیسلام ببێت ڕەچاوی دەکات.

ئیجا کەمێك لە(تەبزیر و ئیسراف و سەفەه) لەم کۆمەڵگانەی خۆمان بزانین مەسەلەن نمونەی زۆر سادەم هێنایەوە بۆ نان خواردن و شت، هەر شتێك بەمەصلەحەتی کۆمەڵگە یان ئەو فەردە خۆی نەبێت و مەصلەحەتی هیچ کامیانی تێدا نەبێت، لەوا ماڵێك خەرج بکرێت، یان ئەگەر جێگەیەك مەصلەحەتە ماڵی تێدا

هەر شتێك بەمەصلەحەتی کۆمەڵگە سەرف نەکرێت سەفەهە و ئیسراف و تەبزیرە

خەرج بکرێت و تیایدا نەکرێت، ئەوە سەفەهە و خەرجکردنی لەو شتەدا کە مەصلەحەت نییە تەبزیر و ئیسرافە.

ئیجا لەم کۆمەڵگانەی خۆمان - جارێ ئەوە کارمان نەبێت، مەسەلەن لەو وڵاتە سەرمایەدارانەدا کە دەزانین چۆن لەساڵدا چەنها خەرمان قوت و گەنم و ئەمانە دەڕژێنە ناو دەریا، کە ئەوە ئیتر یەکێکە لەدیارترین نمونەکانی تبزیر - بەڵام هەر لەم کۆمەڵگانەی خۆماندا مەسەلەن وێنە و پۆستەرێك کە دروست دەکرێن و چاپ دەکرێن، خەرجێك کە بۆ ئەمانە کراوە بیهێننە بەرچاو، ئیجا ئەم جارە دابەش بکرێت لەمەسەلەن چەند مەملەکەتی وەك پارێزگایەك بزانین چەند لەوانە دەتوانێ ئاوەدان بکاتەوە، مەسەلەن کات هەیە بۆ پۆستەر و وێنەی مەراسیم و بۆنەیەك نزیکەی ١٠٠ هەزار تمەن لەوانەیە ٢٠٠ هەزار تمەن لەبوجەی پارێزگایەکی وەك تاران خەرج بکرێت، ئەوە یەکێکە لەتەبزیرەکان، یەکێکە لەئیسرافەکان، یەکێکە لەسەفەهەکان، بەڵام کێ ئەم ماڵە لەدەستی ئەوان بگرێتەوە بڵێ مەکە.

﴿وَلاَ تُؤْتُوا السُّفَهَاءَ أَمْوَالَكُمُ﴾

ژنان و جۆنیەتی ئیسراف کردن

هەروەها ئاشکرایە بۆ فەرد کە تەبزیر بکات ئەوە ڕۆشنە، مەسەلەن بۆ ئیسراف، تەماشا دەکەی ژنان هەرکامیان زۆر زۆر ئیتر کەم سەرف دەکات، یاڵا هەر مانگێك کراسێك دەکات، ئەوە ئیتر پیاوەتی کردووە، هی واش هەیە هەموو پێنج شەممەیەك کراسێك دەکات، ئەمانەش نمونەیەکن لەمانە، ئینجا ئەوکاتە ئەم ئیسراف و تەبزیر و سەفەهە لەلایەکەوە لایەنی ئیسرافەکەی دەبێتە نابوتکردنی نەتیجەی دەسترەنجی زەحمەت کێشانی ئەوانی تر، هەروەها ئیقتارەکەش لەلایەکی ترەوە دەبێتە هۆکاری ئەوەی ئەو توانای کارە کە هەیە پێویستی بەنیروی تەخزیە و بەخۆراك و پۆشاك و مەسکەن هەیە کەم کەم خامۆش و نابوت دەبێت و لەناو دەچێت، دیارە کە وەزعی ئابووری چۆن فەلەج دەبێت.



Scanned by CamScanner

ئیسراف و تەبزیر و سەفەهـ و سەرچاوەی بەدبەختی کۆمەڵگە

هەر ئەم مەسئەلەی ئیسراف و تەبزیر و سەفەهەیە کە لەلەحازی ئابوورییەوە زۆر زۆر بەدبەختی و کێشەی کۆمەڵگە دروست دەکات، هەڵبەتە خودی ئیسراف و تەبزیر و سەفەهەکە لەسەر کوفر و پابەندنەبوون بەبەرنامەی خواوە دامەزراوە، ئەو ژێرخانە. ئەمجارە ئەمەش دەبێتە ژێرخان بۆ مەفاسید و کێشەیەکی تر، کە کاتێك (ئیسراف و تەبزیر و ئیقتار و سەفەهـ) ئەنجام بوو، مێژوو سەلماندوویەتی ئاشکرایە کۆمەڵێکی کەمن هەمیشە کە ماڵ ئەوەتا لەدەستیاندا ئەم کۆمەڵە نەتیجەی دەستڕەنجی کۆمەڵگە دەگرنە دەستی خۆیان، لەو ڕێگەوە کە ناشایستەیە سەرفی دەکەن یان ئیقتاری دەکەن و سەرفی ناکەن، کۆمەڵگە دەکەوێتە ناو (موسیبەت و بەڵا و جەهل و نەخۆشی و بێ چارەیی و بەدبەختی و برسێتی)، ئیتر تەواوی کێشە و موسیبەتێك کە ڕوودەدات لەدوای ئەمانە پەیدا دەبێت، بەجارێك ئینفجاری موستەزعەفین و زەحمەتکێشان لەدوای چەندەها ساڵ، یان لەدوای سەدە و دوو سەدە کە ئیتر تاقەتیان نییە لەژێر ئەو نیزامە زاڵمانەدا ژیان بەسەر ببەن،و خوێن ڕێژی و وێران بوونی مەملەکەتەکان و ..هتد، مەسەلەن ئەو جەنگانە ـ جەنگی یەکەمی جیهانی، جەنگی دووەمی جیهانی ـ کە ئەوانە هەمووی لەئەسەری ئەو توغیانی حوبی زات و سەرکەشی موسرفین و سوفەها و موبەزرینە ڕوویاندا، هەرچەند بەڕواڵەت هۆکارێکی تری بۆ بتاشن، بەڵام هەمووی هەر ئیستیعمارە.

ئێستا بێینەوە سەر تەفسیری ئایەتی (١٦)ی سورەتی (الاسراء) کە دەفەرموێ:

﴿وَإِذَا أَرَدْنَا أَنْ نُهْلِكَ قَرْيَةً أَمَرْنَا مُتْرَفِيهَا فَفَسَقُوا فِيهَا فَحَقَّ عَلَيْهَا الْقَوْلُ فَدَمَّرْنَاهَا تَدْمِيرًا﴾

کاتێك بمانەوێت شارێك، وڵاتێك، دیهاتێك لەناوببەین، واتە کاتێك کاتی ئەوە هاتە پێشەوە کە وڵاتێك لەناو بروات، موقەدیمەکەی هیلاك و نابودی ئاوەدانی،



Scanned by CamScanner

نابودی شارستانیەتەکان و کۆمەڵگە بەشەرییەکانە، پێشتر موقەدیمەیەکی بۆ دەچنێت، خوا وای قەرارداوە کە چییە ـ ئەڵبەتە لەبیرتان نەچێت کە سەفەه و ئیسراف و تەبزیرەکە بەشێکی ئەوەتا لەئابووریدا، ئیتر لەزەمینەی ئەفکار و زانست و ڕۆحیات و ئەوانەشدا حسابی بکەن، لەزەمینەی قودرەتی بەدەنی و ئەمانە لەهەموویاندا بەگشتی بێتە بەرچاوتان تەنها ئەو دائیرەی ئابوورییە نەبێت ـ کاتێك قەرارە بەپێی ڕەوشی هەمیشەیی ئێمە شارستانیەتێك، وڵاتێك، مەملەکەتێك، دێیەك، شارێك، لەناو بڕوات موقەدیمەیەکی هەیە کە چییە؟

﴿أَمَرْنَا مُتْرَفِيهَا﴾

دەستور دەدەین بەخۆشگوزەرانەکان ـ دەستور دەدەین بەوانەی کە موترەفن، موترەف: لەتەرەفە تەرەف واتە زۆر زۆر خۆشگوزەرانیکردن ـ دەستوریان پێ دەدەین، ئیجا واتە خوا ڕازییە دەستور دەدات ئادەی ئێوە فەساد بکەن! نەخێر، دەستوریان پێ دەدەین واتە ڕەوشی ئێمە لەسەر ئەوەیە کاتێك خەڵك کەوتنە خۆشگوزەرانی و هەڵنەسانەوە علیە یەکتر و ئەمر بەمەعروف و نەهی لەمونکەر نەبوو، ئێمە خۆمان ڕاستەوخۆ دەخالەت لەمەدا ناکەین چونکە ئینسان موختارە، ئەگەر ئێمە دەخالەتمان لەهەموو کارێکدا کرد ئیختیاری لەدەست دەڕوات، بۆیە ئێمە دەخالەت ناکەین خۆشیان بەری ئەم ئیترافە ناگرن، دەرنەتیجە وەك ئەوەیە کە ئێمە ئەمرمان کردبێت، واتە ڕەوشەکەی ئێمە ولیە، کاتێك خەڵك بەرگرییان نەکرد، حەتمەن دەبێت ئیتر ئێمە دەستور دەدەین، واتە زەمینە موساعید دەبێت بۆ موترەفین بۆ خۆشگوزەرانان بۆ ئیستیسمارکەران، ئیتر کەلیمەی موترەف لەقورئاندا یەکێکە لەناشیرینترین کەلیمەکان، موترەف: واتە ئەو موستەکبیرانە، ئەوانەی کە خۆشگوزەرانی دەکەن، نیعمەتی فکری و عیلمی یان نیعمەتی بەدەنی زۆر یان نیعمەتی مادی ئەوەتا لەئیختیاری ئەواندا،

موترەف

چۆنیەتی لەناوچوونی ئەوانەی کە ئیسراف دەکەن

هەروەها هۆشیان بەلای خەڵکەوە نییە و تێر ئاگای لەبرسی نییە، تەنها خۆیانیان مەبەستە.

تەنانەت ئەگەر کەسێك عیلمی ببێت و دانیشێ هەمیشە موتالەعات و شت بۆ خۆی بکات بۆئەوەی زیاتری بکات هۆشی بەلای خەڵکەوە نەبێت، یان مەسەلەن بڕوات لەمەجلیسێکدا کە موجادەلە و شتە لەگەڵ هاوڕەفیقێکی تریدا بۆئەوەی ئەو مەحکوم بکات، بەڵام ئاگای بەلای ترەوە نەبێت ئەوەش لەموترەفینە، کاتێك کۆمەڵگەیەك دەیەوێت لەناو بچێ موقەدیمەکەی ئەوەیە، کە موترەفین دەکەونە سەر ئەم ڕێگەی ئیترافیانە ئەم خۆشگوزەرانی و ئیسراف و تەبزیر و سەفەهە (فَفَسَقُوا فِيهَا) دەست دەکەنە فیسق.

فیسق

فیسق: ئەصڵەن بۆ خورما بەکارهێنراوە، خورما پێستێکی هەیە کاتێ خەریکە بگات، پێسەکەی دەکرێتەوە و لێی دەردێت، (فسق) واتە دەرهات لەو پێستە، ئیجا هەرکەسێك لەڕێگەی موستەقیم لابدات و دەرچێ، لەو سنورە و لەو چوارچێوە کە ئیسلامە دەرچێ ئەوە فاسقی پێ دەڵێن، ئیتر کەم دەرچێ کەم فاسقە زۆر دەرچێ زۆر فاسقە.

ئیسراف و سەفەه و تەبزیر و سەرچاوەیەك بۆ لەناوچوونی کۆمەڵگاکان

دەستور دەدەین بەموترەفین کە (فَفَسَقُوا فِيهَا) دەست دەکەنە فیسق لەڕێگە دەردەچن، هێواش هێواش دەست دەکەنە (ئیسراف، تەبزیر، سەفەه، ئیقتار) تا زەمینە بەم جۆرە موساعید دەبێت بۆ نابودی کۆمەڵگەکان و شارستانیەتەکان.

﴿فَحَقَّ عَلَيْهَا الْقَوْلُ﴾

ئەمجارە گوفتە و قەراردادی ئەزەلی ئێمە ئیتر سابت دەبێت و موافق دەبێت، واتە ئەوکاتە کاتێکی سازگارە بۆئەوەی فەرمانی ئەزەلی ئێمە صادربببێت کە چییە؟ فەرمانی ئەزەلی ئەوەیە هەر کاتێ خەڵك ئەمر بەمەعروف و نەهی لەمونکەریان نەکرد دەستی خراپکارەکانیان نەگرت، (ئیسراف و تەبزیر و سەفەه و ئیتراف) ڕێگەی بۆ کرایەوە، خوا هەرگیز خۆی دەخالەتی موستەقیم ناکات، کە

بێت تەبلیغات و شت بکات، دەیهێڵێتەوە دەی دەی تا بگاتە حەدی ئەعلای ئیتراف، ئەمجارە لەکۆمەڵگەدا ئینفیجارێك ڕوودەدات، (فَحَقَّ عَلَيْهَا الْقَوْلُ).

قەراردادی ئەزەلی خوا ئەوەیە کە ئەم مەسیرە کاتێك دەڕوات دەیکێشێ بۆ نابودی، ئەو قەراردادە و قەولە ئەوە فەرمانی ئەزەلی خوایە، واتە وای قەرارداوە، ڕەوشی ئەزەلی خوا ئەوەیە کە کاتێك خەڵك وازیان هێنا لەئیتراف، ئیتراف کە ڕۆشت زۆر دەڕوات، دەی دەی تا گەورە دەبێت گەورە دەبێت دەئاوسێ، تا بەیەکجار مونفەجیر دەبێت، ئەوکاتە (فَدَمَّرْنَاهَا تَدْمِيرًا) ئێمەش نابودی و هیلاك دەنێرینە سەر کۆمەڵگاکە و وردوهانی دەکەین بەیەکدا، واتە نەك خوا خۆی ڕاستەوخۆ دەخالەت بکات، قەدیم وای دەکرد، قەدیم زۆرتر بەئافاتی سەماوی ئەو کارانەی کردووە، بەرد باران و غەرق و ڕەشەبا و ... هتد، بەڵام ئێستا ئیتر لەم دواییەدا ئاوا نایانکات، لەم دواییەدا خەڵکەکە خۆیان دەیکەن، بەیەکجار ئیتراف وەها سەرکەشی دەکات و دەگاتە سنورێ کە جەنگی یەکەمی جیهانی ڕوودەدات، جەنگی دووەمی جیهانی ڕوودەدات سێیەم ڕوودەدات فڵان دەبێت، کە بەوشێوەیە ئەم کۆمەڵگانە نابود دەبن و لەناو دەچن.

کەوابوو ئەوەیە ئیسلام لەبەرئەوە کە کۆمەڵگە نابود نەبێت ئاوا سنورێك دادەنێ بۆ ئینفاق، پایەی دووەم ئەوەندە موحکەم دەگرێت و مەرز و سنوری بەهێزی بۆ دیاری دەکات، کە ئینفاق ببێتە هۆکاری حەیاتی کۆمەڵگە، نەك هۆکاری تەدمیر و هیلاك و نابودی کۆمەڵگە.

ئیتر ماوەتەوە پایەی سێیەمی ئابووری کە (ئیرس)ە لەگەڵ سنورەکەیدا، هەروەها پایەی چوارەم ئەڵبەتە لەتەرتیبی ئەمەدا پایەی چوارەمە ئەگینا لەتەرتیبی حەقیقەتی خۆیدا پایەی دووەمە کە (ڕیبا)یە، ئەویش بەحدودی خۆیەوە، هەروەها باسی موصادەراتیش - لەوێ انشاالله تەواوی دەکەین - تەنها شتێك ئێستا بڵێم لەباسی موصادەرەدا باسی ئینفاقم وت بەڵام پایەی یەکەم کە



Scanned by CamScanner

بەدەستهێنانە، کە ئابووری ئازادە لەوا موصادەرە نییە، واتە لەخودی حاڵی بەدەستهێنانەکەدا موصادەرە نییە، چونکە هێشتا شتی بەدەست نەهێناوە تا موصادەرەی بکەیت، بەڵام ئەگەر شتێکی لەڕێگەی نامەشروعەوە بەدەست هێنا، ئەمجارە وتمان ئەوکاتە هەرچی لەڕێگەی نامەشروع بەدەست هێنا لەغەیری ڕێگەی سەعی و شایستەییەوە ئەو بەشە ئیتر موصادەرە دەکرێت، ئەصڵەن ماڵی ئەو نییە ئەوە لێی دەسەنرێت، کەوابوو ئەو بەشەش موصادەرە بەم مانایە بۆ پایەی یەکەم کە بەدەستهێنانە و ئابووری ئازادە هەیە.



Scanned by CamScanner

## پایەی سێیەم: ئیرس و وەصیەت

ئایەتی (١٨٠ ـ١٨١ ـ ١٨٢)ی (البقرة)، (٧ ـ ٨)ی (النساء)

وتمان نیزامی ئابووری ئیسلامی چوار پایەی هەیە، یەکێکیان ئابووری ئازادە لەچوارچێوەیەکی دیاریکراودا، یان بەدەستەواژەیەکی تر ئەو ئازادیی ـ هەڵبەتە ئازادی موتڵەق نییە ـ کار و مەشروعیەتی مالکییەتی فەردی لەچوارچێوەی دیاریکراودا کە ئەوە لەسەرەتاوە باسی کرا.

لەدابەشکردنی سەروەتدا بۆئەوەی کۆنەبێتەوە لەدەست کەسێکدا دوو ئەصڵی هەیە، کە یەکەمیان ئینفاقە کە لەژیانی ئینساندا دەدرێت و ئەویتریشیان ئیرس و وەصیەتە کە لەدوای مەرگی ئینسان دەدرێت.

ئیرس و وەصیەت و بەلگەیەك بۆ مالیکیەتی فەردی

پەیوەندی (ئیرس و وەصیەت) لەگەڵ مالیکیەتی فەردیدا دەبێتە پەیوەندی دووبارە دەلیل و مەدلول، واتە ئەوەی کە ئیسلام ڕێگەی ئیرس بردن و ڕێگەی وەصیەتی داوە، ئەویش خۆی بەلگەیەکە بۆئەوەی مالیکیەتی فەردی لەئیسلامدا مەشروعە، ئەگینا ئینسان چۆن دەتوانێ لەداراییەك کە لەدوای مەرگی خۆی جێی دەهێڵێ مەسەلەن وەصیەت بکات ئەوەندەی بدرێ بەشەخصێ، ئەگەر ئەم مالیکی نییە ناتوانێت تەصەروفی تێدا بکات.

هەڵبەتە ئەوەمان لەبیردابێت کە دووبارە لەوەصیەتیشدا ئەوە باسدەکەین کە ئەویش قیودی تێدایە، هەروا ئازاد نییە لەهەر مەسرەفێ لەهەر ڕێگەیەکی مەسرەفی خراپ و زەرەردەرەوە بتوانێت وەصیەت بکات، یان ئەگەر کەسێك مالیکی دارایی خۆی نەبێت چۆن لەشوێنی خۆی ئەفرادێك کە نزیکن لەخۆی ـ کە ئێستا لێرە باسیان دەکەین لە(ئیرس)دا ـ ئیرسی لێ دەبەن، ئەوەی کە ئەفرادێك ئیرس دەبەن لەکەسێك مانای ئەوەیە، واتە ئەو مالیکە و ئەمانیش چونکە هەم پەیوەندییەکیان لەگەڵ ئەودا هەیە لەمیلکی ئەو ئیستیفادە دەکەن، ئەمە لەلەحازی فیترییەوە ئەصڵەن شتێکە کە چاوپۆشی لەمە ئیمکانی نییە، واتە



Scanned by CamScanner

ئەگەر سەرنج بەفیترەت و واقعییەتی ئەفرادی ئینسانیش بدرێت ناتوانین بڵێین (ئیرس) نەبێت و لەنێوان ئەفرادی ئینساندا میراتگری ـ میرات وەرگرتن ـ و لەیەك بردن نەبێت.

ئینسانێك ئامادەیە تەمەنی خۆی لەڕێگەی بەدەستهێنانی سەروەت و ماڵ و دارایيدا سەرف بكات ـ كە هەڵبەتە لەئیسلامدا ئەو مەرجەشی بۆ دادەنێن كۆششی فەردێك دەبێتە مەنفەعەت بۆ كۆمەڵگە ـ جا ئینسانێك ئامادەیە تەمەنی خۆی لەڕێگەی بەدەستهێنانی سەروەتدا سەرف بكات كە دڵنیابێت ئەگەر خۆی تەمەنی سنووردارە و لەدەسترەنجی خۆی ئەو جۆرە كە شایستەبێ ئیستیفادە ناكات درێژەپێدەرێك هەیە كە مەسەلەن جگەرگۆشەیەتی ـ منداڵیەتی ـ یان باوك و دایكە كە ئەصڵی ئەمن یان ئەفرادێك لەچوارچێوەی ئەمانەدا لەخەڵكی تر هەم پەیوەندی زیاتریان هەیە كە ئەوە خۆی تەشویقێكە بۆئەوەی ئەم ئینسانە زیاتر و زیاتر لەمەیدانی فەعالیەتدا بەشداری بكات.

كەوابوو هەر ئەم (ئیرس و وەصیەت)ە، خۆی هۆكارێكە لەو هۆكارانەی كە كار و كۆششی ئینسان زیاتر دەكات، هەروەها سەرنجدان بەمەش كە ئینسان خەلیفە و جێنشینی خوایە لەسەر زەویدا،و جێنشینیش وەك وتمانە بریتییە لەچەسپاندنی قانونی خوا و ئاوەدانكردنەوەی سەر زەوی، ئەمە بەیەك نەسڵ و ئەفراد ناكرێ دەبێت ئەصڵەكانی ئینسانی لەیەكتر تەجروبە و مەعارف و سەروەتی مادی و مەعنەویان بەئیرس ببەن تا بتوانن خیلافەت بگەیەننە نوقتەی نیهایی خۆی، دەرنەتیجە مەسەلەن (كوڕ و كچ) دەبنە درێژەپێدەری (باوك)، یان دەبنە درێژەپێدەری دایك، بۆیە ئەم شەخصە كە زەحمەت دەكێشێت و سەروەتێك بەدەست دەهێنێت، ئەگەر خۆی پێی ناكرێت لەدوایيدا بیخوات كەسێك دەیخوات كە درێژەپێدەری ئەمە، مەسەلەن ئەو كوڕە ئەو كچە ئەو كەسە كە

لەدوای ئەم هەیە نوقتە و جوزئێکە لەم ڕێگە دوورودرێژە، ئەو درێژەپێدەری ئەمە لەدوای خۆی.

نێرس و وەصیەت تەنها لەماڵدا کۆنابێتەوە

لەلایەکی ترەوە ئەصڵەن لەدائیرەیەکی فراواندا ئینسان لەئینسانی پێش لەخۆی تەنیا ئەم مادییانە بەئێرس نابات تا بڵێین باشە تەنیا مەنعی ئەوە بکەین، لەباسی ئینساندا کە ئەو ئەجزا بچوکانەی کە ئینسانێکیان لێ دروست دەبێت و لەژن و پیاوێك پێکدێن، ئەوانە خصوصیاتی ئەو ژن و پیاوە بەئێرس دێنن و دەیگوازنەوە بۆ ئەم مەوجودی ئایندە، بۆ ئەم منداڵە، میراتگر لەصیفات و خصوصیات و ئەمانە بەرقەرارە، واتە کچێك یان کوڕێك لەباوك و دایکی خۆیان خصوصیاتی ئینسانی و تەنانەت قیافەتی و زاهیر و باتن هەموو شتێك بە(ئێرس) دەبەن و هیچ ئێروییەك ناتوانێت جڵەوگیری لەو (ئێرس)بردنە بکات.

کەوابوو چ هۆکارێك هەیە بۆئەوەی تەنها لەناو ئەم هەموو ئێرسانەدا مانای داراییەکی مادی بکرێت کە نا با ئەوەی بەئێرس نەبرێت، بەڵام شتەکانی تر جاری وا هەیە ئینسانێك لەباوکی لەدایکی لەکەسێکی زەکاوەت و زیرەکییەکی ئێجگار زۆر (ئێرس) دەبات، یەکێکیش دەبەنگی و ناتوانابییەکی ئێجگار زۆر دەبات، باشە لێرەدا هیچ هێزێك لەم قودرەتە مادییانە ناتوانێت جڵەوگیری لەم ئێرسە بکات، دەی تەفرەقە خستن لەنێوانی ئەواندا و لەنێوانی دارایی مادییدا غەیری ئەوەی کە حیکایەت دەکات لەسەر سك پەرستی ئەو ئەفرادە کە دەڵێن نابێت ئێرس و وەصیەت ببێت هیچێکی تر نییە، واتە ئەوانە ئەرزشی ئینسانی لەمادە و پارەدا دەبینن کە مەنعی ئەوە دەکەن ئەوانەی کە بەمالیکیەتی فەردی ڕازی نین ئاشکرایە کە دژی ئێرس و وەصیەتیشن.

نێرس و وەصیەت و هۆکارێك بۆ جڵەوگیری کۆبوونەوەی دارایی لەدەست کەسێکدا

هەڵبەتە لەلایەکیشەوە دووبارە ئەم ئێرس و وەصیەتە یەکێکی ترن لەهۆکارەکانی دابەشکردنی سەروەت، کە نابێت لەدەست فەردێکدا بمێنێت و مالیکیەتی فەردی لەئەندازە بڕواتە دەر، ئەگەر ئینسانێك ئیستیعدادی فکری و



Scanned by CamScanner

عەمەلی و هەروەها شەرایتی موساعیدی لەئیختیاردا بوو و سەروەت و دارابییەکی زۆری بەدەستهێنا، زۆر لەدەستیدا کۆبوویەوە - هەڵبەتە زۆرێکی وەهاش نییە کە لەئەندازە بڕواتە دەر، چونکە سنور و قەیدی هەیە - ئەگەر لەدەستیدا کۆبوویەوە کاتێک کە مرد ئەو سەروەت و دارابییە ناکەوێتە دەست ئەفەرێک، وەک لەنیزامە جاهلییە کۆنەکاندا یان لەجاهلیەتی نوێی ڕۆژئاوادا - تا ماوەیەک لەم دواییەدا لەوانەیە گۆڕابێتیان تا ئەم دوواییانە هەروابوو - کە ئەفرادێک زۆر سنوردار یان لەوانەیە هەندێ کات تەنها کوڕی گەورە ئیرسی دەبرد، ئیسلام نایەڵێت ئەو ئیرسە هەروا بەم شێوەیە لەکەسێکەوە بۆ کەسێکی تر بڕوات، بەفرسەتی دەزانێ کە ئێستا ئەم مالیکە مردووە ئیرسەکەی پەرتەوازە بکات، بکەوێتە دەست ئەفرادێکی تر، دەرنەتیجە ئەمەش خۆی هۆکارێکە کە جڵەوگیری لەکۆبوونەوەی دارایی و نیعمەتی خوا دەکات لەدەست فەردێکدا، یان ئەوەی کە وەصییەت ئیجازە هەیە بیکات ئەوەش خۆی هۆکارێکە.

ئەم سێ ئایەتی (١٨٠ تا ١٨٢)ی سورەتی (البقرة) باسی (وەصیەت)ن، هەڵبەتە ئەم سێ ئایەتە سەردەمێک نازڵ بوون، کە هێشتا نیزامی ئیرس، واتە ئەو ئایەتانەی کە لەسورەتی (النساء)دا باسی دەکەین ئەوانە نازڵ نەبووبوون و ڕێک و پێک نەکرابوو، چونکە هێشتا لەسەرەتاوە بوو تازە حکومەتی ئیسلامی دامەزرابوو، هەروەها شەرایت وا موساعیدبوو کە جارێ ئەم چەند ئایەتە کە لێرەدا لەسورەتی (البقرة)دا هەیە ئەمانە نازڵ بن، چونکە دابەشکردنی سەروەت پێویستی بەجۆرێکی تر بوو، تا کاتێک کە زەمان تێپەڕی، ئەم جارە ئایاتی (ئیرس) نازڵ بوون، دابەشکردنی سەروەت لەدوای مەرگ شکڵی کۆتایی خۆی گرت.

﴿كُتِبَ عَلَيْكُمْ إِذَا حَضَرَ أَحَدَكُمُ الْمَوْتُ إِنْ تَرَكَ خَيْرًا الْوَصِيَّةُ لِلْوَالِدَيْنِ وَالأَقْرَبِينَ بِالْمَعْرُوفِ حَقًّا عَلَى الْمُتَّقِينَ﴾



Scanned by CamScanner

کُتب (کُتِبَ): لە(کَتَبَ) کیتابەت و مەکتوب و کیتاب و ئەمانە ئەصڵی (کَتْب) ئەوەیە دوو چەرم بێنین - چەرم واتە پێستی حەیوان - تەقەڵیان لێبدەی بییان لکێنی بەیەکەوە، (کَتْب) ئەصڵەن بۆ ئەمە بەکارهێنراوە دوو پێست و چەرم بێنی بەتەقەڵ بیان لکێنی بەیەکەوە، مەسەلەن فەرشێ یان مەشکەیەك یان کونەیەك یان شتێکی لێدروست بکەی، لەدوای ئەوە لەو مانایە هەڵگیرا بۆئەوەی کە شکڵی ئەم حەرفانە بێنی لەسەر کاغەزدا بیانوسی لەپاڵ یەکدا تەقەڵیان بدەی لەپاڵ یەکدا دایانبنێیت، کەوابوو مانای نوسین پەیدابووە.

ئەمجارە لەبەرئەوەی کاتێ شتێك بەکاغەزێکەوە نوسرا هەمیشە دەمێنێتەوە تا ماوەیەك دەمێنێتەوە و جێگیر دەبێت، مانای چەسپاوی و پێویستی پەیدا کردووە، کەوابوو (کُتِبَ) لێرەدا نوسرا لەسەر ئێوە، واتە واجب کرا، پێویست کرا لەسەرتان ئێوە موئمین.

﴿إِذَا حَضَرَ أَحَدَكُمُ الْمَوْتُ﴾

حَضَرَ کاتێ کە مەرگ لای یەکێکتان حازربوو - ئەصڵی (حَضَرَ): واتە (شار) پێچەوانەی بیابان، ئاوەدانی، ئابادی، ئیجا لەسەرەتاوە (حَضَرَ) و (حضور) بۆ ئەوە بەکارهێنراوە کەسێك بێتە ناو ئاوەدانی لەناو ئاواییدا مەسکەن بگرێت، بەڵام لەدواتردا ئیتر لەلای هەرشتێکدا حازردەبوو ئەوەی بۆ بەکارهێنراوە، ئیتر مانای حازرێك کە خۆمان دەیزانین - کاتێ یەکێکتان مەرگ حازربوو لەلای واجب کراوە لەسەرتان، هەڵبەتە (إِنْ تَرَكَ خَيْرًا) ئەگەر لەدوای خۆی شتێکی باشی جێهێشت - (خیر) واتە (نیکو - چاکە) واتە شتێك کە ئەرزشی ببێت، شتێك باش بێت - ئەگەر شتێکی جێهێشت کە دەردی ئەوەی خوارد لەشوێنی خۆی دابەش بکرێت و وەصییەتی تێدا بکرێ، واتە ئەگەر شتێك کەم بوو ئەوە ئیتر گرنگ نییە لەدوای خۆی، هەر مەسەلەن منداڵەکانی هەر خێزانەکەی ناوماڵی خۆی دەیبات و کافییە،



Scanned by CamScanner

ئەگەر خێر و شتێکی باشی جێهێشت وەصیەت واجب کراوە لەسەرتان، دەبێت وەصیەت بکەن.

وەصییەت واتە سفارش ـ راسپاردن ـ لەگەڵ پەند و ئامۆژگاری، واتە من خەبەر دەنێرم بۆ کەسێك کە فلّان کەس ئاوا بکە هەروەها دوو شتیش لەگەڵ ئەمەدا دەنێرم، (پەند و ئامۆژگاری) دەبێتە ئەوەی لەپاڵی ئەمەدا کە خەبەرەکەی پێ دەدەم ئەو کارەبکە تەهدیدێکی دەکەم، ئینزارێك و تەبشیرێکیش، واتە هەم تەشویقی دەکەم لەسەر کارەکە، هەم هەڕەشەشی لێ دەکەم ئەگەر نەیکەیت ئاوا دەکەم (سفارش) ئەوەیە، لەفارسیدا ئیتر ئەم بەشەی ئاخریان لێ حەزف کردووە، واجب کراوە کە وەصییەت بکەن، واتە خەبەرێك یان لەڕێگەی نوسین یان لەڕێگەی کەسێك بیدات بەکەسێ یان یەکێك بیهێنێت و پێی بڵێ تۆ لەدوای مەرگی من ئاوا بکە، ئەوکاتە بڵێت ئەو کارە بکە، مەسەلەن دابەشی سەروەتەکەم بۆ ئەوە و ئەوە و ئەو کەسە بکە، هەروەها ئاگاداری بکاتەوە، ئەگەر نەیکەیت من لەقیامەتدا لای خوا شکاتت دەکەم، ئەگەر بیکەی خێرت دەگات. وصییەت

## ئەوانەی ئیرس و وەصیەت وەردەگرن

﴿لِلْوَالِدَيْنِ وَالأَقْرَبِينَ﴾

بۆ باوك و دایك، و بۆ نزیکترەکان، نزیکتر وەك کوڕ و کچ و براو برازا و مامۆ و مامۆزا و خۆشك و کوڕەزا ئەمانە، هەروەها ژن یان شوو، ئەمانە نزیکترینن کە لەدواییدا ئیتر ئیرسیان بۆ دابین کراوە، بۆ ئەمانە وەصیەت بکەن، کە لەشوێن خۆتان هەریەکێ بەئەندازەیەك کە بەموناسبی دەزانن نیازیان هەیە لەسەروەتەکەتان ئەوەندەیان پێ بدرێت، (بالمعروف) هەڵبەتە بەڕەوشێکی پەسەند، نەك مەسەلەن یەکێکیان خۆشتان بوێت، ئیتر وەصیەتی زۆر بۆ ئەو بکەن، ئەوانی تر بێبەش بن، یان هەندێکیان لەبەر غەرەزێکی شەخصی لەبەر شتێك بێ بەش بکەن.

تەماشابکەن بزانن بەپێی نیاز بەپێی ئیحتیاج چۆن گونجاو و لەبارە ئاوا دابەشی بکەن، (حَقًّا عَلَى الْمُتَّقِينَ) ئەوە حەقە جێگیرە و واجبە لەسەر پارێزگاران، واتە کەسانێك کە دەتانەوێت لەعەزابی خوا خۆیان بپارێزن، ئەوە واجبە لەسەریان.

حەق حەق: وتم واتە موافیق، واتە ئەوەی موافیقی فەرمانی خوایە، کە موافقیش بوو پێویستە و واجبە و دەبێت بکرێت، جا ئەوەی تەرەف وەصیەتی کرد ئیتر مرد، ئەو مەسئولیەتی لەکۆڵ خۆی خستووە و فەرمانی خوای ئەنجام داوە، بەڵام ئەگەر هاتوو لەشوێن ئەو گۆڕایان، وەصیەتی لای کەسێك کردووە، تەرەفیش دوو شاهید هەن لەلایدا، یان خۆی یەك نەفەری تر بوو کە لەدوایدا ئەوان دەڕۆن دەیگۆڕن، مەسەلەن وەصیەتی کردووە بۆ (تەقی و نەقی) تەقی (١٠٠٠)ی پێ بدرێ و نەقی (٥٠٠)، یاڵا ئەم پێچەوانەی دەکاتەوە، چونکە خۆی لەگەڵ یەکێکیاندا دۆستی هەیە.

﴿فَمَنْ بَدَّلَهُ بَعْدَمَا سَمِعَهُ فَإِنَّمَا إِثْمُهُ عَلَى الَّذِينَ يُبَدِّلُونَهُ﴾

گۆڕانی وەصیەت و تووشبوون بەگوناه جا ئەگەر هاتوو کەسێك لەدوای ئەوەی وەصیەکەی بیست، گۆڕای ئیتر گوناه لەسەر ئەوکەسەی کە وەصیەتەکە دەکات نییە، لەسەر ئەم کەسانەیە کە دەیگۆڕن ئیتر ئەو مەسئول نییە.

﴿إِنَّ اللَّهَ سَمِيعٌ عَلِيمٌ﴾

چونکە خوا بیسەرە، زانایە، دەزانێ و بیستویەتی کە ئەو وەصیەتەکەی باش کردووە و، دەشزانێ کێ گۆڕاویەتی، کەوابوو کەسێك مەسئولی کاری خراپی کەسێکی تر نابێت، ئەمە کاتێکە کە ئەو وەصیەتەکە (بِالْمَعْرُوف) بکات بەڕەوشێ پەسەند.

بەڵام ئەگەر بەپێچەوانەوە خۆی وەصیەتی خراپی کرد، ئەگەر ئەو وەصیەتەکەی خراپکرد، بزانین ئایا یارۆی وەصی دەتوانێ بیگۆڕێ یاخود نا؟

﴿فَمَنْ خَافَ مِنْ مُوصٍ جَنَفًا أَوْ إِثْمًا﴾

جَنَف (جَنَف): ئەصڵەن واتە لەداوەری کردن و قەزاوەتکردندا، ئینسان بەلایەکدا مەیل بکات، مەسەلەن بیبڕێت بەلای یەکێ لەدوو تەرەفەکەدا، بۆیە مانای مەیل و لادانی پەیداکردووە، یان ئەگەر هاتوو ئەو کەسەی کە وەصییەتەکەی لەلای دەکرێت و دەیبیسێت، ترسا لەوەی کە ئەم وەصییەتکارە تەماویلی کردبێت لایدابێ لەڕێگای حەق و لەمەعروف، لەوەصیەتەکەدا خۆی نەی زانیبێت و کەوتبێتە ناو هەڵەوە، یان نەخێر (أو إثم) یان دەزانێ هەر بەئەنقەست کردوییەتی و توشی گوناە بووە، خۆشی زانیوییەتی ئەمە لادانە لەمەعروف لەڕێی پەسەند، بەڵام بەئەنقەست کردویەتی لەبەرئەوەی لایەنگری لەیەکێك لەمیراتگرانی دەکات. جا ئەو کاتە:

﴿فَأَصْلَحَ بَيْنَهُمْ فَلاَ إِثْمَ عَلَيْهِ﴾

ئەگەر ئەم شەخصەی کە بیستویەتی و زانیویەتی کە تەرەفەکە لەوەصییەتەکە لایداوە و یان عەمدەن توشی گوناە بووە لەم وەصییەتەدا، خۆی چاکی کردوو راستی کردەوە لەنێوان میراتگرانیدا ـ ئەوانەی وەصیەتیان دەکەوێت ـ کە بێتە سەر ڕەوشی مەعروف، بەپێی نیاز دابەشی کرد لەنێوانیاندا ئەوە گوناە لەسەر ئەم نییە کارێکی چاك دەکات، ئەگەر حکومەتێکی ئیسلامی بوو دەبێت لەشێوەی یەکەمدا کە وەصیەتەکە بالمعروف دەیکات زەمانەتی ئیجرائی ببێت، تا ئەنجام دەدرێ، هەروەها لەم شێوەیاندا دەبێت جڵەوگیری لێ بکات و بیگۆڕێ.

﴿إِنَّ اللَّهَ غَفُورٌ رَحِيمٌ﴾

چونکە خوا پارێزەرە لەعەزاب و میهرەبانە، ئەگەر کەسێك لەبەر ئیصلاح دەستکاری وەصییەتی کرد خوا لێپرسینەوەی لەگەڵ ناکات.

ئایەتی (٧ و ٨)ی سورەتی (النساء) لەبارەی (ئیرس)ەوە، جا وتمان ئەم سێ ئایەتە کاتێك نازڵ بوون، کە ئەم ئایەتانەی ئیرس نازڵ نەبووبوون، ئیتر دیاری نەکرابوو کە دایك و باوك و نزیکەکانی ئینسان یەکی چەنێك ئیرسیان هەیە، بۆیە



Scanned by CamScanner

دەبێت ساحێب دارایی خۆی وەصییەت بکات، بەڵام لەدواییدا ئەم ئایەتانە نازڵ بوون، هەرکەسێ وارسە خوا حەقی بۆ دیاریکردووە.

دەرئەنجامی ئیتر لەم بەشانەدا ئەوانەی کە حەقیان بۆ دیاری کراوە و لەدوای مەرگی ساحێب ماڵەکە بەبێ ئەوەی کەسێك بتوانێ بیگۆڕێ سەهمی خۆیان دەبەن، وەصیەت بۆ ئەمانە پێویست نییە و تەنانەت ئەگەر وەصییەتی موخالیفی ئەوەش بکرێت قبوڵ نییە.

ئەوانەی کە ئیرس دەبەن

کۆمەڵێك هەن هەموویان دەبنە (١٧) گروپ، ئەم (١٧) گروپە، واتە (١٧) کەسن، ئەگەر ئەمانە لەدوای مردوو بەجێمان هەرکامیان لەشەرایتێکدا هەڵبەتە نەك بەکۆمەڵ، لەشەرایتێکدا هەرکامیان ئیرس دەبات (**کوڕ، کوڕەزا، باوك، باوا** - هەڵبەتە کاتێ کوڕ بوو کوڕەزا نابات، باوك بوو باوا نابات - **برا، برازا** ئیتر ئەو برا چی برای دایك و باوکی بێت، **چی برای دایکی چی برای باوکی هەروەها برازاکەی**، بەڵام دەبێت برای برازایەکی برای دایك و باوکی بێت، بەڵام برازا بێت لەبرای دایکی نا، یەکێکیش **ئازادکەری بەندەکە** لەکۆندا بوون، ئەگەر بەندەکە بمرێ و کەسی نەبێت، **مامۆ مامۆی باوك و دایکی یان مامۆی باوکی و کوڕی ئەم دوو جۆرە مامۆ، هەروەها ژن، کچ، دایك، ژنێك کە ئازادکەری بەندەیەك بێت، خوشك، داپیرە** هەڵبەتە داپیرە دایکی دایك و دایکی باوك، نەك دایکی باوکی دایك، **مەسەلەن بازێ** لەوانە نابەن، هەروەها **کچی کوڕ**.

ئەم (١٧)ە وارسن، هەڵبەتە نەك هەمووی بەجارێك ببات، ئەوکاتە **جۆرجۆرە**، مەسەلەن کاتێك کوڕ هەبوو ئیتر برا و برازا و مامۆ و مامۆزا و ئەمانە نابەن، **کاتێك** دایك بوو داپیرە نابات، **کاتێك** باوك هەبوو باوا نابات، بەڵام بەگشتی لەم ١٧ کەسە بەدەرنابێت، جا وەصییەتەکە ئیتر مەوردی بۆچی دەمێنێ!

پێشتر وتمان ئەو سێ ئایەتەی وەصییەتە بۆئەوەی ئینسان لەشوێن خۆی دایك و باوکی یان نزیکترانی کە هەر ئەم (١٧) نەفەرەن، ئەمانە ئیرس ببەن، باشە



Scanned by CamScanner

دەی کاتێ ئیتر ئیرسیان بۆ دابین کرابێت، وەصییەت چ مەوریدێکی هەیە، ئیتر وەصییەت دەردی چی دەخوات؟! ئەم وەصییەت بکات موافقی ئەمە فایدەی نییە، چونکە هەر دەیبەن، پێچەوانەی ئەمە بێت وەصییەتەکە قبول نییە، ئەوە کاتێ ئەو وەصیەتە دەرددەخوات کە مەسەلەن باوکەکە یان کوڕەکە یان برا ئەمانە بردیان، هەندێك لەمانە کە کەمێك دورترن ئیتر نابەن، کەوابوو وەصییەت بۆ ئەوانەیان بکات کە بێبەش دەبن.

ئەوانەی کە وەصیەتیان بۆ دەکرێت لەپاڵ ئەوانەدا کە ئیرس دەبەن

بێجگە ئەمانە هەندێکی تر قەوم هەن کە ئەوانیش (١١) نەفەرن بۆ ئەمانیش وەصیەتێك بکات ئەوکاتە وەصییەتیش لە(سێ یەکی) ماڵدا لەوە زیاتر ناتوانێ بکات، دەبێت لانی کەم (دوو لەسەر سێی) بهێڵێتەوە بۆ وارسەکان، (سێ یەکی) دەمێنێتەوە بۆئەوەی مەیلی بوو وەصییەت بکات بۆ کەسێك کە ئەمانیش (**خاڵۆ، پور** - واتە خوشکی دایك و باوك - و **باوا و داپیرە** لەکاتێك کە ئیتر دایك و باوك ببێت کە ئەوان ئیرس نەبەن، **مامۆیەك** کە لەدایکەوە مامۆبێ واتە لەگەڵ باوکدا دایکیان یەکێك بێت، **خوشکەزا، کچی مامۆ، کچی برا و کوڕی برایەك** کە لەدایکەوە برابێت هەروەها **کچەزا**.

ئەم (١١) نەفەرە دەبنە ئەفرادێك کە ئیرس نابەن، بەڵام بۆ ئەو واجبە پێویستە ئەگەر ماڵێکی وای هەبوو بەشی وارسەکان دەکرد و لەوانیش ئەماوە هەم بۆ ئەمانە وەصییەت بکات لەدائیرەی (سێ یەکی) ماڵەکەیدا لەوە زیاتر نییە، هەم بۆ ئەفرادێکیش لەوارسەکانی کە لەبەر ئەفرادێکی تر ئەمان بێبەش دەبن، مەسەلەن کاتێك کوڕ بوو ئیتر برا نابات، بۆ براکەش وەصییەتێك بکە، ئەوەیە دەفەرموێت:

﴿لِلرِّجَالِ نَصِيبٌ مِمَّا تَرَكَ الْوَالِدَانِ وَالأَقْرَبُونَ وَلِلنِّسَاءِ نَصِيبٌ مِمَّا تَرَكَ الْوَالِدَانِ وَالأَقْرَبُونَ مِمَّا قَلَّ مِنْهُ أَوْ كَثُرَ﴾



Scanned by CamScanner

بۆ پیاوەکان بەهرەیەکی دیاریکراو هەیە، لەوەی کە باوك و دایك و نزیکترەکان جێیان هێشتون لەمیراتی ئەوان لەداراییەك کە ئەوان مردوون و جێیان هێشتووە، پیاوەکان بەشیان هەیە، ئەوە لەپێشەوە وتم کۆمەڵێکن، هەروەها بۆ ژنانیش بەشێکی دیاریکراو هەیە لەوەی کە باوك و دایك یان نزیکتران جێیان هێشتوە، ئیتر ئەو ماڵە چ کەم بێت چ زۆر بێت.

﴿نَصِيبًا مَفْرُوضًا﴾

ئەمە بەشێکی دیاری کراوە و فەرزیش کراوە، خوا قاتیعانە حوکمی داوە لەبارەیەوە، هیچ کەس ناتوانێ بیگۆڕێت، جارێکی تریش باسمان کرد تەنانەت لەڕۆژئاوا لەجاهلیەتی نوێدا، لەم چەند سەدە دواییەدا مالیکیەتی ژن وەك پیا و بەڕەسمی ناسرا، بەڵام ئیسلام (١٤٠٠) ساڵ لەمەوبەر لەقورئاندا وەك جارێکی تریش باسمانکرد و لێرەش باسی دەکەین مالیکیەتی ژنیشی بەجیا وەك پیاو بەڕەسمییەتی ناسیووە، هەڵبەتە نەك (١٤٠٠) ساڵ لەمەوبەر، هەر لەزەمانی ئادەمەوە، بەڵام ئێستا لەوان ئاسارێکی دەقیق و دروست نەماوە، تەنها قورئان بەدروستی ماوە لەبەر ئەوەیە. ئەمە ئەمان بەشی خۆیان دەبەن ئەو دووگروپە کە لەپێشدا وتم (١٧) کەسن، ئەوانیش هەڵبەتە بەشەرایتێکەوە.

ئیسلام لەسەردەمی ئادەمەوە مالکیەتی ژنی بەڕەسمییەت ناسیوە

ئەوکاتە ئەگەر هاتوو ئەمان بەشەکەی خۆیان برد و ماڵەکەش زۆربوو، نیازی ئەمان ڕەفع دەبوو، دەبێت هەروا کە وتمان ئیرس دابەشی دارایی دەکات و نایەڵێ لەدەستی یەك کەسدا یان چەند کەسێکی سنوورداردا کۆببێتەوە و بەوەسیلەی ئیرس دەیکات، لێرەدا لەکاتی ئیرسەکەدا دەخالەت دەکات، شکلێکی تریش لەئینفاق دێنێت کە یەکسەر زیاتر دابەشی بکات، دەفەرموێت: کاتێك،

﴿وَإِذَا حَضَرَ الْقِسْمَةَ أُوْلُوا الْقُرْبَى وَالْيَتَامَى وَالْمَسَاكِينُ فَارْزُقُوهُمْ مِنْهُ وَقُولُوا لَهُمْ قَوْلاً مَعْرُوفًا﴾



Scanned by CamScanner

عەمەل نەکردن بەئایاتی ئیرس

هەڵبەتە ئایاتی ئیرس ئەصڵەن بەو جۆرەی کە شایستەیە ئەمڕۆ عەمەلیان پێ ناکرێت، هەروەك بنەما ئیسلامیەکانی تر، بەڵام ئەم ئایەتە هەر لەبیرچووەتەوە، ئەوان لەبیردان، بەڵام عەمەلیان پێ ناکرێت، مەسەلەن (کچ) ئیرسی نادرێتێ، ئەگەر پێیاندا لەلایان عەیبە، ئیتر دنیا وێران بووە کچ دەبێت بێ بەش بێت، باشە بنێك گوێزی دەدەنێ قەیناکات ئەوەی بدەنێ بەزۆری دەزانن، ناچارن، بەڵام ئەم ئایەتی دووەمە هەر لەبیربراوەتەوە، دەفەرموێ کاتێك لەکاتی دابەشکردنەکەدا ئەم سێ گروپە ئامادەبوون.

یان (أُوْلُوا الْقُرْبَى) جەمعی (ذِي الْقُرْبَى)یە، (ذِي الْقُرْبَى) واتە (خزمێك)، (أُوْلُوا الْقُرْبَى) دەبێتە (خزم و خوێشەکان) کاتێ قەومەکان کۆبوونەوە ئیتر چ ئەو گروپەی کە هەندێ کات وارسن، بەڵام ئەلئان بێ بەشن، چونکە ئەفرادێکی نزیکتر هەیە یان لەوانەی کە وتمان وەك (خاڵۆ) ئەوانە کە هەر ئەصڵەن ئیرسیان بۆ دابین نەکراوە، کاتێ ئەم قەومانە ئامادەبوون یان یەتیمان ئامادەبوون لەغەیری قەوم یان مەساکین یان موحتاجەکان ئامادەبوون، ئەمانیش هەر لەو ئیرسە و لەو ماڵە کە جێی هێشتوە بەشی ئەمانیش بدەن بزانن ئەوانیش نیازیان هەیە نیازەکەیان ڕەفع بکەن،و حکومەتی ئیسلامی دەبێت دەخالەت لەمەدا بکات تا (سێ یەکی) سەروەتەکە دەتوانێ، (دوو لەسەر سێی) بهێڵێتەوە بۆ ئەمان.

## قۆناغەکانی دابەشکردنی ئیرس و وەصیەت

هەڵبەتە کاتێکیش شەخسەکە مرد بەچەند قۆناغ ئەم ئیرسە دەکرێ:

**قۆناغی یەکەم:** جارێ تەماشادەکەن بزانن لەم ماڵەیدا خودی ئەم ماڵە ئەم داراییە بەشێکی دیاریکراوی حەقی خەڵکی هەیە، یاخود نا، ئەگەر هەیە بیدەنەوە، مەسەلەن ئەگەر زەکات لەناو ماڵەکەیدابوو پێش ئەوەی کفنی شەخسەکە لەو ماڵە دابین بکەن زەکاتەکە دەدەن، چونکە حەقی موستەقیمە لەناو ئەو ماڵەدا ـ حەقێکی موستەقیم لەناو ماڵەکەدا بێت ـ

**قۆناغی دووەم:** لەدوای ئەوە جا خەرجی کفن و دفن و شتەکەی لەناو ماڵەکە دەکەن.

**قۆناغی سێیەم:** قەرزێك کە بەگەردەنییەوە بووە نەك لەخودی ماڵەکەدا دیاریکراو نییە بڵێین ئەو شتەیە، قەرزێك کە بەگەردنیەوە بووە ئەویش ئەدا دەکرێت.

**قۆناغی چوارەم:** وەصییەتی کە لەسنوری (سێ یەك)دا کردویەتی ئەویش تەنفیز دەکرێت.

**قۆناغی پێنجەم:** ئینجا هەرچییەك مایەوە دابەش دەکرێت، هەڵبەتە ئەمە هی (أُولُوا الْقُرْبَى وَالْيَتَامَى وَالْمَسَاكِينُ)یشە کە وتمان حکومەتی ئیسلامی دەتوانێ دەخالەت بکات تا سنوری (سێ یەك) ئەویش هەر دەخرێتە پێش.

جا (دوو لەسەر سێی) کە دەمێنێتەوە دابەش دەکرێت لەنێوانی ئەو ئەفرادەدا، کاتێ ئەمانە ئامادەبوون بەشی ئەمانیش بدەن، چونکە ئەمە واجبە، بەڵام ئەصڵەن هەر لەفکردا نییە! تەنانەت مەلاکانیش هەر ئەمەیان لەفکردا نییە کاتێ دابەشی وەصیەت و (تەریکە - میرات) دەبێت ئەگەر کەسێك لەخزمەکان یان لەیەتیمانی بێگانە، یان لەمەساکین ئامادەبوون بەشی ئەوانیش بدرێت، تا ئەندازەیەك کە سودێکی ببێت، (لەوەصیەتدا هەتیوی بێگانەش بەشی هەیە)

دەفەرموێت پێیان بدەن ﴿وَقُولُوا لَهُمْ قَوْلاً مَعْرُوفًا﴾

هەروەها قسەیەکی پەسەندیشیان لەگەڵدا بکەن، کاتێ پێیان دەدەن، مەسەلەن منەت مەنێنە سەریان بڵێن نییە ئەگینا زۆرترمان دەدا، چونکە ئەوەی تر هی وارسەکانە، خوا واجبی کردووە هی ئەوان بدرێت، یان ئێوە زۆرن هەر ئەوەندەتان دەکەوێت، قسەیەکی خۆش کە نارەحەتیان نەکات، یان مەسەلەن ئەفرادێك کە ئیرسیان لەمەندێ کاتدا بۆ دابین کراوە، بەڵام ئەڵئان بێ بەش دەبن، وەك مەسەلەن برا کاتێ کوڕ بێ ئیتر برا نابات، قسەی خۆش لەگەڵ براکە بکرێت، (چۆنیەتی مامەڵەکردن لەگەل ئەوانەی کە ئیرس دەبەن)



Scanned by CamScanner

کە ئەوە لێرەدا کوڕەکە هەیە بۆیە ئیتر تۆ بەشت نییە، تۆ لەم (سێ یەك)ە بەشێك ببە، چونکە هەر ئەوەندەت دەکەوێت، ئەوانی تریش بۆ ئەفرادێکی تر دەبێت، ئاوا قسەیەکی خۆش کە دڵی خۆش بکات و ناڕەحەتی نەکات.

چۆنیەتی دابەشکردنی میرات

ئینجا ئێستا سەرنج بدەن و تەماشای ئایەتەکانی (٩ - ١٠)بکەن، کە دابەشکردنی میراتەکەی بەیان کردووە، کە ئەم میراتە دابەش دەکرێت، چۆن دابەش دەکرێت؟ شێوەی دابەشکردنەکە کە خوا لەبارەی منداڵەکانتانەوە بەشێوەی راسپاردووە،و دەفەرموێ: کوڕ دوو بەرابەری کچ، ئەڵبەتە ئەوە لەبەر ئەوە نییە کە دوو کچ ئەرزشی کوڕێکیان هەیە، لەبەرئەوەیە کە ئیسلام خەرجی کوڕ خۆی هی ژنی هی منداڵی هەمووی لەسەرە، کچ کاتێ ئەو میراتە لەماڵی باوکی دەبات، تەنانەت پێویست نییە خەرجی خۆشی بکێشێت، چونکە خەرجیەکەشی هەرلەسەر شووەکەیەتی هەر ئەو دەیکێشێ، کەوابوو میراتەکە بەپێی نیاز دابەش دەکرێت.

ئینجا ئەگەر هاتوو کوڕی جێنەهێشت کچ بوون، ئەگەر دوان یان زیاتر لەدوان بوون، (دوو لەسەر سێ)ی ماڵەکە دەبەن، باقی دەمێنێتەوە، ئەگەر یەك کچ بێت، نیوەی دەبات، هەرتەماشای ئایەتەکە بکەن زۆر سادەیە، ئیتر لەدواتردا خۆتان دەزانن دوو کچ خۆیان تەنیا ببنە وارس، ئیتر برا نەبێت لەگەڵیاندا کوڕ نەبێت (دوو لەسەر سێ)، یەك کچ بێت نیوەی، ئەگەر باوك و دایکی مابن، شەخسەکە منداڵیشی بوو هەرکەسێ (شەش یەك) دەبەن، باوك و دایکەکە ئەگەر منداڵی نەبوو تەنها دایك و باوکی بوو، دایك (سێ یەك) دەبات، ئەویتری باوك دەیبات.

ئەگەر هاتوو دوو برا یان دوو خوشك یان برا و خوشکێ، یان زیاتر لەوە لەدایکەوە جێ مابوون، هەروەها دایکیش خۆی مابوو ئەو کاتە ئیتر دایك لەوێ (سێ یەك) نابات دەبێتەوە (شەش یەك)، هەڵبەتە ئەم دابەشکردنە لەدوای قەرز و لەدوای وەصیەت، ئەوەیە دەفەرموێ ئەمانە هەندێکیان باوك و دایکن هەندێك کوڕ



Scanned by CamScanner

و کچن، ئێوه نازانن کامیان مەنفەعەتیان زیاترە بۆ ئێوە، خوا باش دەزانێ بۆیە وا دابەشی کردووە.

دوای ئەوە دەفەرموێت ئەگەر ئێوە خۆتان، ئەگەر ژنەکانتان مردن منداڵیان نەبوو چ لەئێوە چ لەغەیری ئێوە، نیوەی دارایی ئەوان دەبیەن، ئەگەر منداڵیان بوو ئێوە (چوار یەک)ی دەبەن، ﴿بەسەرنجدان لەئایەتەکە ئەمانە هەیە بۆیە تەنها ئاماژەیان پێدەکەین﴾.

ئەگەر هاتوو پیاو مرد، ئەو پیاوە منداڵی نەبوو، ژنەکە (چواریەک)ی دەبات، ئەگەر منداڵی هەبوو ژنەکە (هەشت یەکی) دەبات، واتە نیوەی ئەم دەبات، ئەگەر پیاوێك (کەلالە)بوو، واتە نەکوڕ و کچی هەبوو نە باوك و دایك، مەسەلەن برای هەبوو مامۆی هەبوو مامۆزای هەبوو ئەمانەی هەبوو، ئەوکاتە برایەکی یان خوشکێکی لەشوێن خۆی جێمابوو هەرکام لەوانە، پێشتر لەبرا و خوشکەکان وتم لەدایکەوە، ئەو مەرجی لەدایکەوە لەوێ نییە لێرە هەیە، ئەگەر برایەك یان خوشکێکی دایکی جێ مابوون هەریەکەیان (شەش یەك) دەبات، ئەگەر دووان یان زیاترین ئەم برا و خوشکی داکییە هەموویان لە(سێ یەك)دا بەشدارن، بەڵام بەشێوەی یەکسان، لێرەدا برا و خوشکی دایکی ئیتر کوڕ دوو بەرامبەری کچ نابات، یەکسان دەیبات، چونکە لەدایکەوە گەشتوون.

لەکۆتایی سورەتەکەشەوە ئایەتێکی تر هەیە هەر لەبارەی دابەشکردنەوە، دەفەرموێ ئەگەر هاتوو پیاوێك مرد خوشکێکی جێ هێشتبوو، خوشکەکەی نیوەی ماڵەکەی دەبات، ئەگەریش خوشکێك مرد برایەکی جێهێشتبوو براکە هەموو ماڵەکەی دەبات، ئەگەر دوو خوشك جێ مابن (سێ لەسەر دوو) دەبەن، ئەگەریش خوشك و برا جێ مابن دابەشی دەکەن، برا دوو بەرامبەری خوشك.

ئینجا کاتێ ئەمانە ئیرسەکەیان برد، ئەگەر بەشێك لەماڵەکە مایەوە، ئیتر ساحێبی نییە، دەبێت بدرێتە بە(بیت المال)، واتە مەسەلەن کەسێ مرد ژنەکەی

جێمابوو، منداڵیشی نییە باوك و دایکیش نییە، ژنەکە (چواریەکی)ی دەبات، (سێ لەسەر چوار)ی دەبێت بدرێت بە(بیت المال) بۆ مەساکین و فوقەراو ...هتد.

دەڵێن یەکێك وتویەتی هەرکەس لەدنیا خۆش بیگوزەرێنێ لەقیامەتیشدا هەر خۆش دەیگوزەرێنێ، ئایەتێك هەیە خوا دەفەرموێت لەقیامەتدا ئەوانەی کە خۆشگوزەران و موترەف بوون دێنە پێشەوە، خوا دەفەرموێ (أَذْهَبْتُمْ طَيِّبَاتِكُمْ فِي حَيَاتِكُمُ الدُّنْيَا) ئێوە ئیتر بەشتان نییە، چونکە خۆشگوزەرانیتان لەدنیادا بەنسیب بووە، ئێوە هەرچی خۆشی خۆتانە لەدنیادا بردوتانە، ئیتر ئێستا بەشتان نییە مەگەر بێ هەرج و مەرجە لەدنیا و قیامەتیشدا هەر خۆشی! بەشی ئێوە هەر ئەوەیە.



Scanned by CamScanner

## پایەی چوارەم: حەرامکردنی ڕیبا

حەرامکردنی ڕیبا و ئیستیسمار

لەدوای ئەم لەکاتی قەرزداندا خوا دەستوری داوە - هەر لەسورەتی (البقرة) ئایەتانە درێژترین ئایەت کە ئایەتی (٢٨٢ - ٢٨٣ - ٢٨٤)ن - دەفەرموێت کاتێک قەرز دەدەن بەیەکتر بینوسن، مەڵێ ئەوە برایە خوشکە فڵانە، بنوسن، چونکە لەوانەیە لەدواییدا شتێک ببێت، دەبێت شاهیدیش بگرن لەسەری - دوو شاهیدی عادل - لەوانەی کە مەوردی پەسەنتانن، ئەگەر هات و لەجێگەیەکدابوون ڕێک نەکەوت بینوسن ڕەهن بگرن.

ڕەهن و لادانی لەمەسیری ئیسلام

ڕەهنیش ئەمڕۆ یەکێکە لەوانەی ئاوەژووکراوە و گۆڕاوە و لەمەسیری ئیسلام لادراوە، مەسەلەن من (٢٠) تمەن قەرز دەکەم لەکەسێک ئەم ماڵە گریمان هی منە٢٠٠٠ تمەن قەرز دەکەم لێی و ماڵەکەی دەدەمێ بەڕەهن، ئیتر ئەو دێت تیایدا دادەنیشێ من دەردەکات، یان موڵکەکەم دەگرێتە ڕەهن، دەبیات ئیتر نایەڵێ من دابنیشم ئەوە ڕەهن.

ڕەهن لەئیسلامدا

لەئیسلامدا ئەوە شێوەی شەرعی نییە، ڕەهن واتە کاتێ من پارەکە بەقەرز وەردەگرم، بەرامبەر دڵنیا نییە کە بتوانم بیدەمەوە، دێت ئەم ماڵەم لێ دەگرێ بەڕەهن، یانی من وەکو گەرەنتیەک دایدەنێم، نەک بێت تێیدا دانیشێت دەبێت خۆم تیایدا دانیشم، یان موڵکەکەشم خۆم سەمەری بخۆم بۆئەوەی هەر زەمانێ کاتی قەرزەکە هاتە پێشەوە من نەم بوو بتوانێ داوابکات، حکومەتی ئیسلامی هەندێ لەم موڵکەی من بفرۆشێ، قەرزەکەی لێ بداتەوە، نەک ئەو بێت ماڵەکەی من ببات و ئیستیفادەی لێی بکات ئەوەش ڕەهنە.

کەوابوو ئەگەر هاتوو ئینسان بۆی ڕێک نەکەوت شاهید بگرێ، یان بینوسێ - قەواڵە بۆ قەرزەکە - ڕەهن بگرێ، ئەگەریش هاتوو ڕەهنیشی نەگرت، بەرامبەری بەئەمانەتدار زانی، دەفەرموێت باشە ئەمیش ڕەچاوی ئەمانەتەکە بکات.



Scanned by CamScanner

یەکێکیش ئەگەر ئینسان قەرزێکی کرد هەڵبەتە ئەوە لەباسی (ڕیبا)شدا انشاالله دووبارەی دەکەینەوە، تەنها بەکورتی باسی دەکەم، ئینسان قەرزی کردوو نەیتوانی بیداتەوە و حکومەتی ئیسلامیش لەناو (بیت المال)دا شتێکی نەبوو بتوانێ بیبژێرێ، کە وتمان دەبێت بیدات، ئەوکاتە حکومەتی ئیسلامی دەبێت زۆر لەتەرەف بکات چاوپۆشی لەقەرزەکەی خۆی بکات، زۆری لێ بکات کە ئیتر چاوپۆشی لێ بکات و قەرز لەو شەخسە نەسێنێ کە نیەتی.

(فَانتَهَى)

ئەگەر دەستی کێشا لەئیستیسمار لەڕیاکاری، دەستی کێشا لەڕیباخۆری.

(فَلَهُ مَا سَلَفَ)

هەرچییەك تێپەڕیوە لەوەوبەر گرتویەتی هی خۆیەتی، واتە لەدەورەی جاهلیەتدا ئاخر ئەمەتان لەبیر نەچێ کە تا سەردەمێك ئیعلانی حکومەتی ئیسلامی نەکرێت لەکۆمەڵگەیەکدا ئەو کۆمەڵگە جاهیلیە، سەردەمێك ئیعلانی حکومەتێکی ئیسلامی واقعی کرا، لەو سەردەمەوە ئیتر کۆمەڵگە کۆمەڵگەی ئیسلامییە، ئەمڕۆش لەسەر زەویدا کۆمەڵگەیەکی ئیسلامی بوونی نییە، کەوابوو ئەم قانونە پشتیوانی ئیجرائی نییە.

کاتێك کە حکومەتی ئیسلامی ئیعلانی کرد لەوکاتەوە کە ئیعلانی ئەم مادانە دەکات، کە حەزرەت لەساڵی (٨)ی هیجریدا لەفەتحی مەککە، لەمەککەدا ئیعلانی کردن، واتە تەقریبەن نزیکی (٢٠) ساڵێك لەنبووەت تێپەڕیبوو ئەوکات ئیعلانی کرد، چونکە ٢٠ساڵی دەوێت ئەویش لەوکاتەدا ئێستا یەك سەدەی دەوێت بۆئەوەی خەڵکی وایان لێبێت و ئامادەیی پەیدابکەن، بۆئەوەی کە ئیستیسمار نەکەن، ئەگەر هاتوو ئامۆژگاری و ئیعلانی خەتەر و ئافەرین و ستایشکردن و ئاگادارکەرەوەکە لەلایەن خواوە هات، جا سەرمایەدار و ئیستیسمارگەر دەستی کێشا لەڕیباکاری، ئیتر لەوەوپێش لەدەورەی جاهلیەت و پێش لەحکومەتی

سلف

ئیسلامی هەرچییەکی بردووە هەرچییەك تێپەڕیوە - (سلف): واتە هەرچییەك تێپەڕیوە لەوەوپێش بردویەتی - هی خۆیەتی ئەوەی لێ ناسێنرێتەوە، چونکە ئەگەر قەراربێت قانون لەوەوپێش بپرسێتەوە ئەصڵەن قەواڵە خوێندنەوەی لەوەوپێش بەدرێژایی مێژوو هەر ڕێك ناکەوێت، ئەو شکاتی ئەو بکات، ئەو هی ئەو تا ئاباد و ئاژادیان دەڕواتە سەر دەورەی جاهلیەت درێژەی بووە، ئەصڵەن ڕێك ناکەوێت، کەوابوو لەکاتی ئیعلانی قانونەوە دەست دەکرێت بەلێپرسینەوە.

ئیسلام مەسئولی لەوەو پێش نییە

حەتمەن خوا زانیویەتی ئەگەر لەوکاتەوە دەست بکێشێ ئیتر خەڵك خۆش بەخت دەبن و زیندەگی دەکەن، چونکە ئەگەر بیزانیایە، ئەوەی کە بردویانە زۆرە لەدواتردا بەشی خەڵك نەماوەتەوە، ئیتر دەیفەرموو نەخێر هی لەوە بەریشیان لێ بسێنەوە، ئەو مەصلەحەتی زانیوە هەڵبەتە نەشیخەینە غەیبیات واقیعییەتێکەوە کە ئینسان ئەگەر بیری لێ بکاتەوە زۆر قورس نییە،و ئیسلام مەسئولی لەوەوپێش نییە، ئیسلام مەسئولە لەکاتێکەوە، چونکە لەگەڵ واقیعیەتدا ڕوبەڕوو دەبێتەوە، ئیتر خەیاڵ پەروەری و ئەمانە نابێت، کە بێت ڕیشەی دەربێنێت تا (هەزار) ساڵ لەدەورەی موعاوییەوە تا ئێستا حکومەتی ئیسلامی لەسەرکار نییە، ئینجا بێت ئەم ماوەیە حساب بکە، دەی چۆن ئەصڵەن دادگا دەتوانێ ئەمانە دیاری بکات، دیاری ناکرێ، چونکە پەیوەستن بەیەکترەوە، ئەو (ڕیبا) کە دوێنێ خوراوە پێش لەئیعلانی قانون. ئەو ڕیبا پەیوەندی لەگەڵ زۆرێك لەواقیعیات و لەحەوادیسی ڕۆژگاردا هەیە، کە بەڕابردووەوە پەیوەستە، تا ئیدامەی بدات.

(وَأَمْرُهُ إِلَى اللَّهِ)

لێپرسینەوەی قانوونی لەلەحزەی ئیعلانی قانوونەوە دەست پێدەکات

لەلەحازی لێپرسینەوەی زامیریەوە، (فَلَهُ مَا سَلَفَ) لەم لەحازەوە کە ئیتر قانون لێپرسینەوە بکات، ئەوە لەلەحزەی ئیعلانی قانونەوە دەست پێدەکات، بەڵام (وَأَمْرُهُ إِلَى اللَّهِ) ئەوە لەگەڵ خوا ئەوکاتە پەیوەندی ئیستیسمارگەر چۆنە، ئەو کارە بەخوا بسپێرن، واتە خۆ خوا وازی لێ ناهێنێت، خوا لەدواتردا ئیتر خۆی



Scanned by CamScanner

مامەڵەی لەگەڵدا دەکات، ئەگەر ئەم کەسە تەوبەی کرد، بەبێ ئەوەی قانون زۆری لێ بکات خۆی ڕۆشت ماڵەکەی تەصفیەکرد، حقوقی خەڵکی کە ئەوەتا لەناو ماڵەکەیدا دایەوە یان لەدەستیدا نەماوە و خەڵکی گەردنیان ئازادکرد کە شکستی هێناوە و نەیماوە، یان ئەگەر هەیە نازانێ ساحێبی ئەصڵی کێیە بردی و خستیە (بیت المال)، ئەوکاتە خواش ئیحتیمالی هەیە تەقریبەن دەوری نەوەد لەسەد چاوپۆشی لێ بکات لەوکاتەدا.

بەڵام ئەگەر ئەو ماڵە حەرامە کە ئەوەتا لەدەستیدا، قانون لەبەرئەوەی لایەنی زاهیری تەماشا دەکات ناتوانێت تەواوی وەقایعی ئەو مێژووەی کە پەیوەستە بەو ڕیباکاریەوە شی بکاتەوە و دابەشی بکات، دادگایەکی ئینسانی ناتوانێت ئەوە بکات، ئەگەر هاتوو قانون لەبەرئەوەی دەستی کێشا لەلێپرسینەوە ئەویش ئیتر ئیمان و ئەخلاقی ئەوەندە بەهێز نەبوو کە خۆی بەزۆری پۆلیسی دەرونی خۆی بڕوات ئەوەی کە ئەوەتا لەلای هی خەڵکە بیداتەوە.

ئەمجارە جا حسابی ئەوەتا لەگەڵ خوا، خوا خۆی دەزانێ چی لەگەڵدا دەکات، ئەگەر لەڕووی ئاگاییەوە بووە، سەردەمێك بووە کە دەعوەتی ئیسلامی مەترەح کراوە بەرگوێی کەوتووە کە ئەم ڕیباکارییە حەرامە و هەر بەردەوامی داوە ئیتر دیارە، بەڵام ئەگەر سەردەمێك کامڵەن دەورەی فیترەت بووە، واتە ئەصڵەن باسی ئیسلام و خوا و قورئان و ئەمانە بەرگوێی نەکەوتووە، یان کەوتووە نەك بەو جۆرەی کە ڕیبا حەرامە ئەم مەسەلە نەکەوتوەتە بەرگوێی ئەوە ئیتر لەوانەیە لەوکاتەوە کە موسڵمان دەبێت، ڕابردووی حساب نەکرێت.

کەوابوو بەشێکی دادگایەکی ئینسانی دەتوانێ دیاری بکات، لەلەحزەی ئیعلانی قانونەوە ئەوەی ئەوەتا لەدەست دادگا و نیروی ئیجرائی پشتیوانە بۆ پیادەکردنی ئەم قانونە، بەڵام بەشێکی کە تەشخیصی نادرێت لەدادگای



Scanned by CamScanner

ئینسانیدا، ئینسان ئاگابیەکی کامڵ و موحیتی نییە بەسەر تەواوی ڕابردووی ئەم شەرانیەی ئیستیسماریەدا ئەوەیە دەدرێتە دەست ئەخلاق و ئیمان.

ئەوەش لەم کۆمەڵگە جاهیلانەیە کە کاتێ ناوی ئەخلاق و ئیمان دەبەین شتێکی ئاسان و بچوك دێتە بەرچاومان، بەڵام لەئیسلامدا بەر لەپشت بەستن بەقەوانینی ئیجرائی، پشت بەئەخلاق دەبەسترێت،و کۆشش دەکرێت بۆئەوەی پەروەرشی ئەفراد بەجۆرێك بکرێت کەمتریش پێویست بەقانونی زاهیری بکات، کەمتر پێویست بکەوێتە نیروی ئیجرائی زاهری، بەڵکو لەدەروونی هەر کەسێکدا پۆلیسێکی ئیمانی و ئەخلاقی ببێت کە ئەو زامنێکی زۆر بەهێزتر بێت بۆ پیادەکردنی فەرمانی خوا.

پشت بەستن بەئەخلاق بەر لەپشت بەستن بەقانوون لەئیسلامدا

﴿وَمَنْ عَادَ فَأُوْلَئِكَ أَصْحَابُ النَّارِ هُمْ فِيهَا خَالِدُونَ﴾

لەدوای ئیعلانی قانون هەرکەسێك دووبارە هاتەوە سەر ئیستیسمار و ڕیبا و بەردەوامی پێدەدا و تەوجیهی فەلسەفیشی بۆ دەکرد، ئەولنە بۆ هەمیشە ئەوەتان لەناو ئاگری جەهەنمدا، جارێ ئەوە بۆ قیامەتیان، جا ئێستا بزانین لەدوو ئایەتی دواترەوە مامەڵەی قانونی لەگەڵیاندا چۆن دەکرێت.

## چەمکی ڕیبا و چۆنیەتی مامەڵەی قانونی لەگەڵیاندا

﴿يَمْحَقُ اللَّهُ الرِّبَا وَيُرْبِي الصَّدَقَاتِ﴾

سەبارەت بەحەقیقەتی (ڕیبا) و لەبەرامبەریەوە (صدقات، زەکات، ئینفاق)ەوە کە غەیری ئەو دەستکەوتە زاهیرییەی کە مادیگەرایان دەیگرن لە(ڕیبا) و لەصەدەقات.

(يَمْحَقُ): لە(محق)ە، واتە کەم کردن، واتە ڕیبایەك کە کەسێك وەریدەگرێت، وا دەزانێ ماڵەکەی زیاددەکات، خوا کەمی دەکاتەوە، تەنانەت ئەو ماڵەش کە ڕیباکەی تێ دەڕوات، هەر کەمی دەکاتەوە، ئیجا هەندێك کورت بینانە دەڵێن کە بەرەکەتی تێدا نامێنێ، بەرەکەتیشی نایەڵێ دەبیەنە بابی مەعنەوییات و غەیبیات

يمحق



Scanned by CamScanner

و ئەمانە، کە ڕواڵەتەکەی هەر هەیە، بەڵام باش بەرەکەتی نامێنێ، مەسەلەن ڕۆژێك کیلۆیەك ئارد دەکرێتە نان، ئەوسا بەشی (١٠) نەفەری کردووە، ئێستا بەشی (٥) نەفەر دەکات.

ڕیبا هۆکارێکە بۆ فەلەج بوونی نیزامی ئابووری

جارێ ئەوە لەپێشدا لەلەحازی ئیمانی و ئەخلاقی و لەحازی زاتی ئینسانیەوە باسکرا کە کۆمەڵگە هاوسەنگی خۆی لەدەست دەدات و ئەعصاب و بەدەن و ئەخلاق و ئینسانیەت هەمووی تێکدەچێت و لەناودەچێت، ئەم جارەش لەلەحازی ئابووریەوە هەر خودی زەمینەی ئابووری بەپێچەوانەی تەصەوری هەڵەی ئیستیسمارگەران و سەرمایەداران، ڕیبا دەبێتە هۆکاری فەلەج بوونی نیزامی ئابووری، چونکە ڕیبایەك کە لەسەر قەرزێك دەگیرێت کە ئەم قەرزە یان بۆ مەسرەف وەرگیراوە ـ کەسێك قەرزەکە دەکات، من کە قەرز دەکەم لەسەرمایەدار یان بۆئەوەیە کە مەسرەفی بکەم یان بۆئەوەیە کە بیکەمە دەستمایە کارێکی پێ بکەم ـ ئەوەی کە مەسرەفی دەکەم لەدواییدا زیادم لێ داوا دەکرێت، من کاتێ دەڕۆم کار دەکەم بۆئەوەی ئەم قەرزەم باربکەم، ئیحساسی ئەمەم لەدڵدایە کە دەبێت نەك تەنیا قەرزەکە باربکەم، دەبێت هەمیشە زیاد لەدەستڕەنجی خۆشم بدەم و بیخەمە گەرووی سەرمایەدارانەوە، ئەمە خۆی دڵ ساردییەك و فەلەجکردنی نیرووی ئینسان پەیدادەکات، جۆرێك دەکات کە ئەو نیرووی فەعالی ئینسانە لەکار دەکەوێت، دڵسۆزی و جدییەت نامێنێ، دەرنەتیجە ئەو نیرووی فەعالە دەگۆڕێ و دەبێتە نیروویەکی بێ کاریگەر، نیروویەکی کەم کار، دەرنەتیجە بەرهەمهێنان لاواز دەبێت، یان مەسەلەن کەسێك قەرز دەکات بۆئەوەی بیکاتە سەرمایە و کاری پێ بکات، ناچارە هەر ڕێگایەك کە بەهرە و سودی زیاتری بۆ بهێنێت هەڵیبژێرێت، تا هەم قەرز و ڕیبای سەرمایەدار باربکات،و هەم هەندێکیش ئیزافە ببێت و خۆی زیندەگی پێ بکات.



Scanned by CamScanner

هەڵبژاردنی ڕێگەیەك و زەرەر بەخۆی یان کۆمەڵگە و فەلەجبوونی ئابووری

دەرنەتیجە چ ڕێگەیەك باشتر ئەمەی بۆ بەدەست بهێنێت ئەوە هەڵدەبژێرێت، ئیتر کاری لەوە نییە، کە مەسەلەن ڕێگە زەرەر لەخۆی یان کۆمەڵگە دەدات، مەسەلەن (دامەزراندنی سینەما، و بەرنامەی هەڵە و ئینسان لەناوبەر و شەراب خانە، قومار،و ...هتد)، ئەم هەموو شتە ئەشراف و تەشریفاتیانەی ئەمڕۆ دروست بوون، ئەوەی کە بۆ ئینسان بێجگە زەرەر هیچ شتێکیان نییە، هەر ڕێگەیەك کە نیرۆی فەعالی ئینسانی تێدا خەرج دەبێت، بەڵام شتێك کە شایستەیە بۆ ڕەفعی نیازی ئینسان پەیدا نابێت،و بەپێچەوانەوە شتێك کە نابووتکەری ئینسانە پەیدادەبێت، ئەو ڕێگانە هەڵدەبژێرێت، دەرنەتیجە ئابووری فەلەج دەبێت.

ئینفاق و ڕوونەدانی ئینحراف لەنیزامی ئابووریدا

بەڵام (صدقات، ئینفاق) ئەو شتانەی کە تەصدیقی ئیمانی ئینسان دەکات، ئینفاق چ بۆنەوەی خەڵك مەسرەفی بکەن بیدات، چ بۆنەوەی بیکەنە سەرمایە، یان خۆی بیکاتە سەرمایە، ئەمانە نیرۆی فەعالی ئینسان زیاتر تەقویَ دەکات و دەیخاتەکار، نابێتە هۆکاری ئەوەی ئەو ئینحرافانەی کە لەنیزامێکی ئیستیسماریدا هەن بۆ بەرهەمهێنان و بۆ بەدەستهێنانی وەسائیلی زیندەگی پەیدا ببن، دەرنەتیجە نیرۆی فەعال زەمینەی بۆ موساعیدە بەقوەتێکی تەواوەوە دەکەوێتە کار،و نەتیجەی دەستڕەنجیش دادوەرانە لەناوخەڵکدا دابەش دەکرێت، تەبەقەی موترەف و خۆشگوزەران لەلایەکەوە، موستەزعەف و بێ چارە لەلایەکەوە پەیدانابن.

﴿وَاللَّهُ لاَ يُحِبُّ كُلَّ كَفَّارٍ أَثِيمٍ﴾

بزانن کە خوا خۆشی ناویَ لەکەسێ کە کەفارە، واتە کەسێ کە زۆر حەق داپۆشە، زۆر حەق دەخاتە پشتگوێ لەکاتێکدا کە بەرنامەی خوای بۆ ڕۆشنە، بەڵام دەیخاتە پشتگوێ، هەروەها (أثِيم)ە، گوناهکارە، کارێك دەکات لەسەعادەت و خۆشبەختی دنیا و قیامەت دوای دەخات، واتە ئەگەر کەسێك بەردەوامی بدات بەئیستیسمار و ڕیباکاری، لەدوای ئیعلانی قانوونی ئیسلامی (كَفَّار)ە و (أثِيم)ە، گوناهکار: گوناهێك کە عەمدییە و دوای دەخات لەخۆشبەختی.



Scanned by CamScanner

لەبەرامبەری ئەم کۆمەڵگەوە - ﴿الَّذِينَ يَأْكُلُونَ الرِّبَا﴾ - کە ڕیبا دەخۆن.

﴿إِنَّ الَّذِينَ آمَنُوا وَعَمِلُوا الصَّالِحَاتِ وَأَقَامُوا الصَّلاَةَ وَآتَوُا الزَّكَاةَ لَهُمْ أَجْرُهُمْ عِندَ رَبِّهِمْ وَلاَ خَوْفٌ عَلَيْهِمْ وَلاَ هُمْ يَحْزَنُونَ﴾

نوێژ و زەکات و بەدەستهێنانی پاداشتی خوایی و دەستەبەرکردنی خۆشبەختی

بەڕاستی بەبێ گومان ئەوانەی بەرنامەی ئارام بەخشی خوایان ناسیوە و پابەندی بوون و کردوویانەتە سەرمەشقی زیندەگی خۆیان،و ئەو کردارانەی کە شایستەن لەزیندەگیدا ئەنجامیان داون، بەتایبەتی پەیوەندیان لەناو قاڵبی نوێژدا لەگەڵ خوا هەمیشە بەرقەرارە و لەگەڵ هاوجۆرەکانیشیدا پەیوەندییان پەیوەندی (زەکات)ە، واتە ئەوەی لەخۆیان ئیزافە دەمێنێتەوە بۆ تەزکیەی خۆیان بۆ تەزکیەی سەروەت و ماڵ و داراییان دەبەخشن بەکۆمەڵگە، پەیوەندییان لەگەڵ خوا و لەگەڵ کۆمەڵگە هەردوو بەڕەوشتی مەعروف بەرقەرارە، ئەوانە پاداشتی خۆیان لەلای پەروەردگارەکەیان هەیە، هەم لەدنیا و هەم لەقیامەتدا، نە لەدنیادا نە لەقیامەتدا ترس و خەفەتیان نییە.

واتە ئەو کۆمەڵگە کاتێك لەسەر ئیمان و عەمەلی صالح و ئیقامەی صەلات و زەکاتدان دامەزرا، کە ئەمانە دوو عەمەلی صالحن ئیقامەی - صەلات و زەکات - کاتێك ئەو کۆمەڵگە لەسەر ئەمە دامەزرا، کۆمەڵگەیەکە کە ئیتر لەهەموو لەحازێکەوە لەخۆش بەختیدایە، ترس نییە، بارودۆخی سیاسیش خۆشە، هیچ زوڵم و نەدارێك، ستەمکارییەك، حەق کوژییەك، تەجاوزێك، هیچێك لەو کۆمەڵگەدا نابێت و خەفەتیش نییە، ئیحساسی بەدبەختی و بێ چارەیی و ترس لەئایندەی خراپ و نارەحەتی تێکچونی عەصاب و ئەو بارودۆخەی کە لەخواردنی ڕیبا لەکۆمەڵگەی ڕیباکار و ئیستیسمارگەردابوو وەك ئەوەی کە فێدارە و شێتە و لەحاڵەتی شێتیدا هەڵدەسێتەوە هاوسەنگی نییە، ئەم ئاوانیە، ئەم هاوسەنگی هەیە و لەدنیا و لەقیامەتدا لەوپەڕی خۆش بەختیدایە.

﴿يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا اتَّقُوا اللَّهَ﴾

چەمکی ذَرُوا

ئەی ئەوانەی ئیمانتان هێنا، خۆتان بپارێزن لەعەزابی خوا، واتە ئەگەر ئەم قانونە ڕەچاو نەکەن، حەتمەن بزانن توشی عەزابی خوا دەبن، (وَذَرُوا مَا بَقِيَ مِنْ الرِّبَا)، (ذَرُوا): لە(وذر)ە، واتە فڕێدان، دوورخستنەوە، شتی بێ ئەرزش فڕێ بدەیت، بێ ئەرزشی بزانن، ئیتر ئەوە کە ماوە - ڕیبا - تورپیدەن فڕێیدەن دوری بخەنەوە، وازی لێ بێنن، تا ئێستا کە ڕیباتان خواردووە لەلەحازی قانونیەکەوە وتمان ئیتر قانون پەیوەندی بەڕابردووەوە نییە، ئەوە دەدرێتە دەست ئەخلاق و ئیمان، بەڵام لێرەبەولاوە ئەگەر قەراردادیشە و دووبارە دەبێت ریبا لەخەڵك بسێنن، پێش ئەوەی کە زۆرتان لێ بکرێت وازی لێ بێنن تورپیدەن ئەصڵەن بەبێ ئەرزشی بزانن.

﴿إِنْ كُنتُمْ مُؤْمِنِينَ﴾

ئیمان و ڕیبا دووشتن پێکەوە کۆنابنەوە

ئەگەر ئێوە موئمینن و ڕاست دەکەن، ئەگینا ئەگەر بانگەشەی ئیمان بکەن و ڕیباش بخۆن و بەردەوام بن لەسەری ئیتر درۆیە. ئیمکانی نییە ڕیباکاری لەگەڵ ئیماندا کۆببێتەوە، دوو شتی دژ بەیەکن، ئیستیسمار و حەقی خەڵك داگیرکردن لەڕێگەی غەیر مەشروعەوە لەگەڵ ئیماندا ڕێك ناکەوێت، چونکە ئیمان هەمیشە سەمەری دەبێتە عەمیلوصالحات، ڕیبا فەحشائە، یەکێکە لەپیسترین کردەوەکان.

﴿فَإِنْ لَمْ تَفْعَلُوا﴾

جا ئەگەر لەدوای ئیعلانی قانونی ئەوەتان نەکرد، ئەوەچی

﴿فَأْذَنُوا بِحَرْبٍ مِنْ اللَّهِ وَرَسُولِهِ﴾

چەمکی فَأْذَنُوا

هیچ گوناهێك لەقورئاندا ئاوا ئیعلانی خەتەری بۆ نەکرلوە،و هەڕەشەی بۆ نەکرلوە، ئەگەر ئەم کارەتان نەکرد و دەستتان لەئیستیسمار و ڕیباکاری نەکێشایەوە، کەوابوو بزانن (فَأْذَنُوا): ئەصڵەن لە(أُذن)ە، واتە گوێ، ئەوکاتە لەڕێگەی گوێوە ئینسان هەندێ زانست و مەعریفەتی بۆ پەیدا دەبێت، بۆیە (فَأْذَنُوا) واتە بزانن. ئاگابن، ببیستن، پێتان ڕادەگەیەنرێت کە جەنگێك، جا چ



Scanned by CamScanner

جەنگێك؟! لەلایەن كێوە؟! لەلایەن خواو پێغەمبەرەكەی (صلی الله علیه وسلم)، بزانن جەنگێك لەگەڵ ئێوەدا دەكرێت، جەنگی خوا بەشێكی ئەوەیە كە ئەو ڕەوشە كە خوا دایناوە لەزیندەگی ئینساندا كە لەپێششدا ڕونمان كردەوە.

﴿الَّذِينَ يَأْكُلُونَ الرِّبَا لاَ يَقُومُونَ﴾

خۆشبەختی لەدەستدان جۆرێكە لەجەنگی خوایی

هاوسەنگی لەدەست دەدات، خۆش بەختی و ئیسراحەت و ئاسایش و ئارامش هەمووی لەدەست دەچێ، ئەوەجارێ جەنگێكە كە خوا دەیكات، بەڵام ئینسان پێی نازانێت، ئەوە جەنگی خوایە، واتە خوا وای قەرارداوە، ئەگەر ئینحیراف بوو ئاوا نەتیجە بگرن، هەروەها پێغەمبەریش (صلی الله علیه وسلم) جەنگتان لەگەڵ دەكات، پێغەمبەر واتە چی؟ واتە ئەو كەسەی كە نوێنەری خوایە لەپیادەكردنی حكومەتدا، لەپیادەكردنی قانونی خوا لەسەر زەویدا، واتە پێغەمبەر، هەروەها كاتێك كە ئەو نییە حاكمێكی ڕاست كە ئەوەتا لەسەركارەوە (خەلیفەیە، جێنشینە، ئەمرولموئمینێك) كە هەیە لەو دەورەدا، ئالێرەدا بزانن دەبێت حكومەتی ئیسلامی جەنگ لەگەڵ ئێوەدا بكات، جا ئیتر لەلەحزەی ئیعلانی قانونەوە ئەوكاتە ئیتر دەوڵەتیش دەبێت دەخالەت بكات، ئیعلان دەكات سەرەتا دەست بكێشن، ئەگەر دەستیان نەكێشا جەنگ و كوشتارە، دەیانكوژێ، ئەگەر دەستیان نەكێشا و كوشتنی ماڵەكەیان دەستی بەسەردا دەگیرێ و دەدرێت بە(بیت المال).

﴿وَإِنْ تُبْتُمْ فَلَكُمْ رُءُوسُ أَمْوَالِكُمْ﴾

لەدواییدا زانیتان نەخێر خەتەرە و جەنگیش دەبێت و ئەمە شل نەگیراوە، شتێك نییە هەروا كەشكی بێت، زۆر مەحكەم گیراوە، ئەگەر ترسان و تەوبەتان كرد، سەرمایەكانتان تەنها بۆ خۆتانە و كەسی تر دەخالەتی تێدا ناكات - **ئەوەش بەلگەیەكی تری مالیكیەتی فەردی** - سەرمایەكانتان بۆ خۆتان، تەنانەت ئەمەش لەلەحازی قانونەوە ئاوری لێ نادرێتەوە كە پێشتر لەڕێگەی مەشروعەوە بەدەستی



Scanned by CamScanner

هێناوە یان نامەشروع، لەلەحازی قانونیەوە ها! چونکە وتمان قانون ناتوانێ بەدواداچوون و لێکۆڵینەوەی تەواو بۆ شەرایتی حاکم لەسەر ئەم کەسبی ماڵە بکات کە لەڕابردوودا بووە، ئەوەی دەدرێتە دەست ئەخلاق، ئیمکانی نییە کە قانون بتوانێت بەدواداچوون بکات، کەوابوو ئەگەر هاتوو دەستتان کێشا و تەوبەتان کرد و پەشیمان بونەوە و داوای لێبوردناتن کرد، لەو لەحزەوە ئیتر سەرمایەکانتان تەنها هی خۆتانە.

﴿لَا تَظْلِمُونَ وَلَا تُظْلَمُونَ﴾

تەوبەنەکردن لەئیستیسمار و مانەوەی هەمیشەیی لەجەهەنەمدا

ئەزوڵم بکەن لەخەڵك کە ڕیبایان لێ بسێنن ئیستیسمار بکەن، ئەزوڵمتان لێ بکرێت کە سەرمایەکانتان پێ نەدرێت، بەڵام ئەگەر تەوبەیان نەکرد، دەبێت بکوژرێن، لەقیامەتدا جەزایان مانەوەی هەمیشەییە لەناو جەهەنەمدا و لەدنیاشدا کوژرانی خۆیان، هەروەها دەستگرتن بەسەر ماڵەکانیان، ئەمە لەکاتێکدا حکومەتی ئیسلامی بێت، بەڵام کاتێ حکومەتی ئیسلامی نییە، ئەڵبەتە ئینسان ناتوانێ فەتواکە بدات، دروست نییە ئەلئان فەتوا بدەیت بۆ کەسێك کە پابەندی ئیسلام نییە، هیچێکی ئیسلامی نییە، بەڵام لێرە فەتوای بۆ بدەیت، مەسەلەن دەتوانی ئەم بەشە - مەسەلەن ئیستیسمار کردنەکە - پیادە بکەیت ئەویش ئامادەیە، چونکە ئەوەیان ئاسانە و ئیستیفادەی هەیە بۆی، بەڵام موسڵمانان خۆیان ئەگەر لەکۆمەڵگەیەکدا ئەفرادێکی واقعی موسڵمان بوون و قەرزاریش بوون - سەرنج بدەن قەرزاری سەرمایەدرارَان بێن - قەرزی زۆر ئەوەتا بەلایانەوە قەرارە ڕیباش بدەن، بەسەرمایەدارەکە رادەگەیەنن کە دەست دەکێشی لەڕیباکە یاخود نا، ئەگەر وتی نا، ئیتر قەرزەکەی نادەنەوە و دەستی بەسەردا دەگرن، ئیتر ئەوەتا لەدەست خۆیاندا و نایدەنەوە، دەڵێت تەوبەت بکردایە زیادەکەت نەسەندایە، ئەگینا ماڵ هی تۆ نییە، ئەوەش نییە لەدەستماندا، ئەگینا ئەمان کوشتی ئێستا کە ناتکوژین ماڵەکەت نادەینەوە.



Scanned by CamScanner

﴿وَإِنْ كَانَ ذُو عُسْرَةٍ فَنَظِرَةٌ إِلَى مَيْسَرَةٍ﴾

کەوابوو ڕێگەدرا ئەگەر تەوبەی کرد سەرمایەکەی وەربگرێتەوە لەقەرزاران، بەڵام ئەگەر هاتوو دەستی کورت بوو، (عُسْرَةٍ): واتە سەختی، تەنگی، تەنگ دەستی، کەسێك دەستی نەڕوات، ئەگەر هاتوو کەسێك هەبوو کە کەمدەست بوو نەیدەتوانی قەرزەکە باریکات، (فَنَظِرَةٌ): ئینتیزار بکێشن چاوەڕوانی بکەن، تا (مَيْسَرَةٍ) تا سەردەمێك ئاسانی و فەراحی و زەمانێ کە دەستی بڕوات ئەوکاتە بیداتەوە، جا ئەوە دەبێت حکومەتی ئیسلامی دەخالەت بکات، ئەگەر هەیبوو بڵێ ئێستا بیدەرەوە ئەگەر نەیبوو بڵێت دەبێت چاوەڕێ بکەیت تا کاتێك کە هەیەتی، ئەگەریش تەرەفیش هەر زۆری کرد نەوەستا وتی ئێستا دەمەوێت، ئەگەر شتێکی بوو، دەڵێ فەرموو ئەوە ببە ئیتر هیچ حەقت نییە داوابکەی، بەقیەی نیەتی تەواو، ناتوانێ کاریکات و نیەتی هەر ئەوەیە.

﴿وَأَنْ تَصَدَّقُوا خَيْرٌ لَكُمْ﴾

ئەو بەشە ئەوەتا لەدەست نیروی ئیجرائیدا ـ دەسەڵاتی جی بەجێ کردندا ـ کە ئەگەر مەصلەحەت بوو دەبێت تەئەخیر بخرێت، ئەگەر نەیتوانی ئەمەش زۆرتر پشت بەئیمان دەبەستێت، ئەگەرهاتوو ئێوە صەدەقە بکەن ئەصڵەن قەرزەکەتان ببەخشن کەئەمە باشترە بۆتان، ئەگەریش هاتوو حکومەتی ئیسلامی دیاریکرد کە تەرەف ئەصڵەن ناتوانێ باری بکات، دەبێت بەزۆر لەکۆڵی بکاتەوە، کە ئەمە نمونەی عەمەلیشی هەیە، حەزرەت ئاوای کرد، یەکێ لەصەحابەکان قەرزاربوو ماڵەکەی دایە قەرزارەکان بەشی نەکردن، فەرمووی هەر ئەمەتان بۆ هەیە ئیتر زیادە لەمەتان نیە.

﴿إِنْ كُنْتُمْ تَعْلَمُونَ﴾

ئەگەر ڕاست دەکەن ئێوە لەئەهلی زانست و زانیارین ئاوا باشترە بۆتان.



Scanned by CamScanner

بانق لەئیسلامدا

جا لێرەدا کورتەیەك لەبارەی (بانك)ەوە بڵێم، ئەم بانکانە کە ئەمڕۆ لەسەر کارن و (ڕیبا) دەخۆن هەمووی دەکەوێتە سەر ئەمە. لەنیزامی ئیسلامیدا بانك بەم شێوەیەیە: کاتێ خەڵك سەرمایەی تێدا دادەنێ پێش لەهەموو شتێ شێوەی باشتری ئەوەیە بۆ کارمەندەکان چی بکات؟

چۆنیەتی دابینکردنی موچەی کارمەندانی بانق

یەك: ئەو سەرمایە کە تیایدا دادەنێن بەقازانج شەراکەت، کە لەپێشدا وتمان کاری پێ بکات سەهمێکی دیاری کراو نیسبەتێکی دیاری کراو لەوە کە پێی دەڵێن سوو، سەهمێکی دیاری کراوی دەدرێت بەساحێب سەرمایەکان، ئەویتریشی بانك هەڵی دەگرێت، بەشێوەی حقوق و شت دەیدات بەو کارمەندە کە ئەم زەحمەتە دەکێشن.

دوو: ئەگەر بەو جۆرەی سەرەوە نەکرا، دەبێت دەوڵەت خۆی کارمەندەکان دابمەزرێنێ، وەك تەواوی کارمەندانی تر لەبووجەی عمومی حقوقیان دەدات ئەمانیش لەوەپێیان بدات.

سێ: ئەگەر هاتوو ئەمەش ڕێك نەکەوت، شێوەیەکی تر هەیە تەنها ئەوانەی کە پارە و شت لەوێ دادەنێن بەناونیشانی کارمەند بەشێکی زۆر کەم حەقی ئەوەی کە ئەم پەروەندە و شتە دادەنرێت و هەڵدەگیرێ و دەپارێزرێ، ئەوەندە بدەن بەکارمەندەکان. بەڵام غەیری ئەم سێ شێوە شێوەیەکی تر بۆ (بانك) لەئیسلامدا قبوڵ نییە، ئەڵبەتە ئەم شێوەی کۆتاییەیش مەگەر سەردەمێك کە ئەوانی تر ڕێك نەکەوێت، ئەگینا ئەمیش ناکرێت، کە تەقریبەن نزیکە لەوە، هەرچەند نابێتە ئەو، بەڵام نزیکە لەو.



Scanned by CamScanner

## ئەو سەروەتانەی کە مالیکیەتی فەردی قبوڵ ناکەن

ئێستاش لەکۆتاییەوە باسی ئەو سەروەتانەیە کە مالیکیەتی فەردی قبوڵ ناکات و دەبێت - دارایی - بڕواتە (بيت المال) بەئیزافەی زەکات کە پێشتر باسمانکردووە، ئەڵبەتە لەداراییدا بەشی زەکات جیایە، چونکە ئەو مەصرەفەکانی موشەخەسن دەبێت بەجیا دابنرێت. بەڵام ئەمە بەشێوەیەکی گشتی باسی (بيت المال)ە، کە هەندێ ئەموال و دارایی هەیە مالیکیەتی فەردی قبوڵ ناکات، دەبێت بڕواتە ناو (بيت المال) لەوێ لەژێر چاودێری حکومەتی ئیسلامیدا لەو ڕێگایانەوە کە خوا خۆی دیاری کردووە دابەش بکرێن.

چوار جۆر ماڵ و دارایی لەم باسەدا مەترەح دەبێت، کە هەرکام تایبەتمەندییەکیان هەیە، دەچنە (بيت المال):

- ئەنفال: بەشێکە لەئەموال هیچ کەس دەخالەتی لەدروستکردن و بەدەست هێنانیدا نەبووە، شتێکە سەروەتێکی سروشتییە مەعادن و مەنابیع و ئەم جۆرە شتانە، کە خوا قەراری داوە و کەس زەحمەتی تێدا نەکێشاوە، کەوابوو کەسیش نابێتە مالیک، ئەوە مالیکیەتی گشتی هەیە، ئەوە جۆرێکیان لەدوایدا ڕوونی دەکەمەوە، ئەمە تەنها کورتەیەکە. ئەنفال
- فەیئ: ئەمەش خەلیفە یان ئەمیر المؤمنین - ڕەئیسی دەوڵەتی حکومەتی ئیسلامی - لەئەسەری کارزانی و زرنگی خۆیەوە بەبێ ئەوەی کە موسڵمانان گرفتاری جەنگ و مەعرەکە لەگەڵ دوژمناندا بکات، بەتاکتیك و سیاسەت کارێك دەکات دوژمن ڕۆحییەیی لەدەست دەدات، و ناچاردەبێت صوڵح بکات و هەندێك ئەموال و دارایی بداتە حکومەتی ئیسلامی. فەیئ



Scanned by CamScanner

غەنیمەت
• غەنیمەت: بەشێکی ترە کە موسڵمانەکان لەکاتی جیهاددا بەغەنیمەت دەیگرن، ئەوە دواتر باسی دەکەین، کە (چوار لەسەر پێنج)ی ئەوانە دەبیەن (پێنج یەک)ی دەخرێتە (بیت المال) کە ئەوەمان مەبەستە.

جزیە
• جزیە: ئەمەش لەکاتێکدایە کاتێك موسڵمانان وڵاتێك فەتح دەکەن و خەڵکەکەی موسڵمان نابن، جزییە دەدەن، سەرانە، ئەوەش دەڕواتە (بیت المال) و تێکەڵاوی ماڵەکانی تر دەکرێت.

## ئەنفال و دابەشکردنەکەی

### چەمکی الانفال

﴿يَسْأَلُونَكَ عَنِ الأَنْفَالِ﴾

لەبارەی ئەنفالەوە لەتۆ دەپرسن. الانفال: کۆی (نَفَلْ)ە، (نَفَلْ)، واتە شتێکی زیادە لەوەی کە پێویستە، مەسەلەن ئینسان کارێك دەکات پێویستە بەرامبەر کارەکەی خۆی شتی پێ بدرێت، ئیتر چ لەگەڵ خەڵکدا پەیوەندی ببێت، یان لەگەڵ خوا، مەسەلەن خوا وای قەرارداوە کە هەرکەسێك کۆششێکی کرد بەئەندازەی کۆششی خۆی پێی بدات، ئەوە ئیتر جیایە لەدواتردا خەڵك دەری بێنن لەدەستی.

ئیجا ئەگەر هاتوو خوا زیاد لەوەی کە ئینسان زەحمەتی کێشاوە شتێکی تری دا بەئینسان، ئەوە پێی دەڵێن (نَفَلْ) جەمعەکەی ئەنفالە، لەتەواوی تەفسیرەکاندا تا ئەوێ کەموتالەعەم کردووە لەهەر شەش مەزهەبەکەدا کە ئەمڕۆ هەن (حەنەفی، مالکی، شافعی، حەنبەلی، زەیدی، (اثنا عشری) جەعفەری)، لەم شەش مەزهەبەدا هیچ کامیان ڕەئیەك و تەفسیرێکم نەدۆزیەوە کە ئەو جۆرەی کە ئێستا باسی دەکەین ئەوە باس بکات، هەموویان ئەم بەشی یەکەمەیان لەگەڵ بەشی غەنیمەتەکەدا بەیەك حسابیان کردووە، ئەویش لەبەر دوو شت بووە:



Scanned by CamScanner

یەک: ئەم سورەتی (الانفال)ە کاتێك نازڵ بوو کە غەزوەی بەدر ڕوویدا، هەروەها مەسەلەی دابەشکردنی غەنیمەت بوو.

دوو: ئەو زەمانە ئەنفال ئەوەندە جێی باس نەبووە لەلای موجتەهید و موفەسیرەکان، واتە مەسەلەن مەعادنی نەوت و ئاڵتون و ئاسن و...هتد ئەمانە، پەرەسەندنێکی وەهایان نەبوو کە جێی باس بێت تا زەینیان بڕوات بۆ لای ئەوەی کە الانفال یانی ئەو شتانە.

ئەنفال چی دەگرێتەوە

بۆیە دەڵێم کە ئەنفال واتە مەنابیع و مەعادنی سروشتی، چ ئەوانەی ڕەقن لەمەعادن وەك (خەڵوز و ئاسن و ئاڵتون و زیو و مس) و تەواوی فلزات، چ ئەوانە کە شلەن، وەك (نەوت و قیر و جیوە و...هتد)، چ ئەوانەی کە ئەوەتان لەژێر زەویدا، وەك ئەوانەی کە وتم، چ ئەوانە کە ئەوەتان لەسەر زەوییەوە وەك (ئاو، لەوەڕ، ئاگر، ڕووناکی)، ئەم جۆرە شتانە کە جارێکیش باسمان کرد کە مالیکیەتی فەردی قبوڵ ناکەن، الانفال واتە ئەمانە، واتە ئینسان زەحمەتی نەکێشاوە بۆ ئیجادی ئەمانە، خوا زیاد لەدەسترەنجی ئینسان ئەمانەشی ناوەتە ئیختیاری.

ئینجا لەبارەی ئەمانەوە پرسیارت لێ دەکەن کە ئایا ئەمانە بۆ کێن؟ ئایا ئەمانەش وەك تەواوی شتەکان وەك (غەنیمەت و فەیئ) و ئەو جۆرە شتانە دابەش دەبێت بۆ ئەفرادێکی دیاری کراو، گروپێ دەتوانن دەستی بەسەردا بگرن ؟ لەو بارەوە پرسیارت لێ دەکەن.

﴿قُلِ الأَنْفَالُ لِلَّهِ﴾

ئەوانەی ئەنفالیان پێدەدرێت

بڵێ الانفال ـ ئەوانە ـ تەنها بۆ خوان، هەڵبەتە ئەوەش بزانن جەنگەڵ و شتیش دەگرێتەوە ـ ئەمە باسی میللی کردنە ـ ئەمانە تایبەت هی خوان، واتە تەنیا خوا خۆی دەتوانێ لەبارەی ئەمانەوە داوەری بکات و حوکم صادر بکات، کە بۆ کێ بێت بۆ کێ نەبێت تاکە حاکم لەمانەدا خوایە، دەبێت ئەو دیاری بکات.

جا بزانین ئەو بەکێی دەدات:



Scanned by CamScanner

دابەشکردنەکەی:

(والرسول)، لەدوای ئەو ـ خوا ـ بۆ پێغەمبەرە، واتە چونکە خوا خۆی لەناوماندا نییە کە حکومەتەکە بکات، پێغەمبەر دەکاتە نوێنەر کە ئەو ئەنفال بگرێتە دەست،و لەنوێنەری خواوە ئەوەی کە بەرژەوەندی کۆمەڵگەیە ئیقدام بکرێت، واتە هی خوایە کە خواش شتی بۆ خەڵك دروست کردووە و پێغەمبەرش نوێنەری خولیە کە بیگرێتە دەست و کونترۆڵی بکات، بەهۆی حکومەتەوە بیخاتە ئیختیاری کۆمەڵگە، نەك بۆ ئەفرادێك، نەك بۆ گروپێکی دیاریکراو، تەنانەت لەغەنیمەتەکەدا لەدوای (الرسول) (لِذِي الْقُرْبَى)ش دێت، کە بۆ خزمەکانی حەزرەت جۆرە دابەشکردن و تایبەتمەندییەك هەیە ـ کە لەدواتردا باسی دەکەین چۆنە ـ بەڵام لەئەنفالدا نییە.

ئەنفال هی خوایە و تایبەت نییە بەهیچ کەسێ:

ئەنفال تایبەت نییە بەهیچ کەسەوە، هی خولیە، خوا ئیجادی کردووە، کەس زەحمەتی نەکێشاوە، لەنوێنەری خواوە پێغەمبەر، هەروەها زەمانی پێغەمبەر ئەما هەرکەسێك کە خەلیفەیە، ئەمیرلمؤمنینە، ئەو دەبێت کونترۆڵی بکات و بیگرێتە دەست، بەمەنفەعەتی کۆمەڵگە تەصەروفی تێدا بکرێت، میللیە و مالکیەتی فەردی قبوڵ ناکات.

﴿فَاتَّقُوا اللَّهَ﴾

کەوابوو خۆتان بپارێزن لەعەزابی خوا، ئەم ماڵانە ئەم ئەنفالە هیچ کەس نابێت بەتایبەتی دەخالەتیان تێدا بکات، دەست درێژیان بکاتە سەر، ئەمانە (بیت المال)ن ماڵی گشتین، دەبێت بەپێی نزامێك کە حکومەتی ئیسلامی دیاری دەکات و رێکی دەخات تەصەروفیان تێدا بکرێت، کەس حەقی نییە بۆخۆی بەتەنها و بەتایبەتی بڕوات تەصەروف لەمانەدا بکات، ئەگەر بێت و بیکەن توشی عەزابی خوا دەبن.

﴿وَأَصْلِحُوا ذَاتَ بَيْنِكُمْ﴾



Scanned by CamScanner

ئەگەریش لەناو خۆتاندا لەم بارەوە ناکۆکی و فەسادێك پەیدابووە و یەکترتان دڵ ئێشاندووە و ناڕەحەتتان کردوون لەسەر ئەنفال، کە کەسێکتان وای زانیووە دەتوانێ بەتەنها و بەتایبەتی دەخالەتی تێدا بکات و یەکێکی تریش چوو و ئەوکاتە ئەمانە لەسەر ئەنفال شەڕیان بووە و ناکۆکیان بووە، ئیصلاحی ئەحواڵی نێوانی خۆتان بکەن، بەخۆڕایی شەڕتان کردووە لەسەری، قسەتان کردووە لەمبارەوە، هی هیچکامتان نەبووە، کەوابوو بڕۆن صوڵح بکەن لەنێوان خۆتاندا، ئاشتی بکەنەوە، هی هیچکامتان نییە بەتایبەتی، (ذَاتَ): واتە دارا (بَيْنِكُمْ) (ذَاتَ بَيْنِكُمْ) واتە ئەو ئەحواڵە ئەو حاڵەتە کە ئەوەتا لەنێوانتاندا ئیصلاحی بکەن و ئاشتی بخەنەوە ناو خۆتان.

﴿وَأَطِيعُوا اللَّهَ﴾

فەرمانبورداری لەخوابکەن کاتێ خوا لە(الانفال)دا فەرمووی حکومەت تەنها مەخصوصی منە و دەبێت من قەزاوەت بکەم، کەوابوو ئێوەش فەرمان بورداری بکەن، ئیتر دەست درێژی مەکەن، ئاشکرایە کە فەرمانبورداری خوا لەکاناڵی فەرمانبورداری لەپێغەمبەرەکەیەوە تەحەقوق پەیدا دەکات، واتە فەرمانی خوا ئەو دەیڵێت، بۆیە فەرمان بورداری ئەو بکەن،و کاتێکیش پێغەمبەر نەما ئاشکرایە شورا حکومەتێك کە بەڕەوشێکی صحیح دێتە سەرکار، شورا دەبێتە (أُوْلِي الأَمْرِ)، ئیتاعەت لەوان بکەن، لەبارەی ئەنفال و لەبارەی هەر شتێکی ترەوە.

فەرمانبورداری لەپێغەمبەر و الوالامر فەرمانبورداریە لەخوا

﴿إِنْ كُنتُمْ مُؤْمِنِينَ﴾

ئەگەر ڕاست دەکەن ئێوە کەسانێکن کە پابەندبوون، ئیمانتان هێناوە.

## فەیء و دابەشکردنەکەی

ئایەتی (٧)ی (الحشر) دەفەرموێ:

﴿مَا أَفَاءَ اللَّهُ عَلَى رَسُولِهِ مِنْ أَهْلِ الْقُرَى﴾



Scanned by CamScanner

چەمکی ئەبی

شتێك بڕوات لەدوایدا بگەڕێتەوە،

(أفاءَ): لە(فەيئ)ە، (فەيئ): واتە گەڕانەوە، باسمانکردووە ئەم پێی دەڵێن (فەيئ)، ئینجا لەبەرئەوەی وەك لەوەوپێش ئەو نیعمەتانە ئەم مەتاعانە کە ئەوەتان لەسەر زەویدا خوا دروستی کردوون،و ئیدارەیان دەکات، حەقیقەتەن هی خوان، هەروەها حەقیش ئەوە بوو ئینسانێك کە خیلافەتی خوا بەدروستی ئەنجام دەدات ئەمانەی لەدەست بێ، نەك کافر و نەك کەسێك لەڕێگە لادان، بۆیە ئەگەر هاتووماڵێك کەوتە دەست کوفار ئەمە لەجێگەی خۆی هەڵگێڕاوە و براوە، کاتێك مسوڵمانان جیهادیان کردوو و ئەو ماڵانەیان بەغەنیمەت گرتبوون گەڕاندویانەتەوە هاتووەتەوە جێگەی ئەصڵی خۆی هاتووەتە دەستی خەلیفەکانی خوا.

جا دەفەرموێ ئەوەی کە خوا دووبارە گەڕاندویەتییەوە بۆ جێگەی ئەصڵی خۆی بۆلای پێغەمبەرەکەی،و لەدوای ئەویش بۆ حکومەتی ئیسلامی لەهەر زەمانێکدا، (مِنْ أهْلِ القُرَى) لەئەهلی وڵاتەکان، (القُرَى): جەمعی (قریە)یە، واتە ئاوابییەکان، لەهەر جێگەیەکەوە کاتێ خوا شتێکی گەڕاندەوە بەردەست، ئەڵبەتە بەشەرتێکە کە لەشکری ئیسلام ڕاستەوخۆ ڕۆڵی نەبێت لەگەڕاندنەوەی ئەو سەروەتەدا، ـ ئەوەیان ئەوەتا لەئایەتی (٤١)ی ئەنفالدا کە باسی دەکەین ـ (فەيئ) ئەوەیە کاتێك حکومەتی ئیسلامی ئیعلانی جیهاد دەکات لەگەڵ وڵاتێکدا کە تاغوتێکیان هەیە ئەوان هەیبەتی ئیسلام ڕۆحییەیان دەشکێنێ و تەسلیم دەبن، موسالەحە دەکەن، سازش دەکەن،و دەڵێن هەر چەنێکتان دەوێت ئێمە ئامادەین بیدەین، بێ ئەوەی کە جەنگ بکرێت، هەندێ شت دەدەن، (فەيئ) ئەوەیە.

ئەوانەی نەبیان پێدەدرێت

کەوابوو ئەوەیە لەئایەتی (٦)دا لەوەوپێش دەفەرموێت لەوا ئێوە هیچ زەحمەتێکتان نەکێشاوە تا غەنیمەت دابەش بکەین لەنێوانتاندا، ئەوە شتێکە کە خوا پێغەمبەرەکانی خۆی لەدوای خۆشیان جێنشینانیان دەسەڵاتدار دەکات بەمل کوفاردا، ئەو دەسەڵاتەیە کە خوا دەیدات و ئەو هەیبەتە کە خوا دەیداتە ئیسلام



Scanned by CamScanner

ئەوانی موسەخەر کردووە، بۆیە ئیسلامیش گشتییە ئەم (فەیئە) زەحمەتی شەخسی ئێوەی تێدا نەبووە، دەرئەنجامیش بۆ ئەفرادی دیاریکراو نابێت، دەبێت جۆرێکی تربێت، ئەوەی کە خوا گەڕاندویەتییەوە بەردەستی پێغەمبەرەکەی لەئەهلی وڵاتەکان (فالله) ئەوە هی خوایە، واتە خوا خۆی تەنها دەبێت دادوەری بکات و لەوبارەوە حوکم صادر بکات، فەرمان بدات، وەك غەنیمەت نییە کە (چوار لەسەر پێنج)ی مەخصوصی ئێوەیە، چونکە لێرە زەحمەتتان نەکێشاوە.

ئەوانەی فەیئیان پێدەدرێت

(وَلِلرَّسُولِ) لەدوای ئەوە ئاشکرایە بۆ خوایە، خۆ خوا خۆی نایەت لەم کارانەدا دەخالەت بکات بۆ پێغەمبەرەکەی ئەوە، واتە دەدرێتە دەستی ئەو، دەبێت ئەو تەصەروفی تێدا بکات.

ئینجا لە(الانفال)دا تەنها ئەوەبوو کە فەرمووی (لله و الرسول) ئیتر (ذِي الْقُرْبَى) و ئەوانە نەبوو، لەبەرئەوەی هیچ کەس لەئەنفالدا زەحمەتی نەکێشاوە، بۆیە هەمووی یەکسانە (ذی القربی، یتمی، مساکین و ابن السبیل)و بێجگە ئەمانە هەموو یەکسانە، بەڵام لێرەدا، پێغەمبەر (صلی الله علیه وسلم) یان فەرمانڕەوایەك، خەلیفەیەك، کە لەشوێنی ئەو دادەنیشێ دەخالەتیان هەیە لەم (فەیئ)ەدا، ئەگەر کارزانی و سیاسەت و لیاقەتی ئەو خەلیفە نەبێت بەئاسانی و بەبێ جەنگ و کوشتار ئەو وڵاتانە فەتح ناکرێن، دەرئەنجامیش لە(فەیئ)دا دەخالەتێك بۆ ڕەسول یان بۆ خەلیفە هەیە، بەڵێ لەشکرەکە نەڕۆیشتووە جەنگ بکات دەخالەتی ڕاستەوخۆ بۆ لەشکرەکە نییە، بەڵام دەخالەت بۆ خەلیفە و پێش لەو بۆ پێغەمبەر هەیە، بۆیە لێرەدا ئەولەوییەتێك بۆ پێغەمبەر و بۆ خەلیفە پەیدادەبێت، واتە لێرەدا ئەو تا ئەندازەیەك ئەولەوییەت پەیدادەکات، کە بتوانێ بەویستی خۆی هەندێك لەم (فەیئە) لەهەندێ مەسرەفی مەخصوصدا سەرف بکات، کە ئەوەیە چەند دانەیان لێرە باسدەکات.



Scanned by CamScanner

مەسەلەن دەفەرموێ (وَلِذِي الْقُرْبَى) بۆ ئەوەی کە خزمی پێغەمبەرە، ئاخر چونکە زەکات نادرێتە خزمی پێغەمبەر (علیه السلام)، لەدوای ئەویش نابێت خزمەکانی خەلیفەش زەکات ببەن، بۆئەوەی خەلکی نەڵێن زەکاتەکە کۆدەکاتەوە و دەیبات بۆ خۆیان، ئەڵبەتە ئەم روونکردنەوەی قسەی دووەمە لەهیچ کتێبێکدا نەمدیووە، بەڵام قسەکانی فوقەها و موجتەهیدین خۆی ئەمە دەگەیەنێت.

حیکمەتی پێدانی خمس بەپێغەمبەر و خەلیفە

نەتیجە دەبێتە ئەوەی، نە پێغەمبەر (صلی الله علیه وسلم) لەزەمانی خۆیدا دەبێت خزمە نزیکەکانی زەکات ببەن، ئەوە کە ئیتر ئاشکرایە و لەحەدیسیشدا هەیەو واقیعە، و نە خەلیفەی زەمانیش خزمەکانی دەبێت زەکات ببەن، چونکە زەکات ڕاستەخۆ لەگیرفانی دەوڵەمەند دەردێت، ئەگەر بدرێتە خزمەکان - خزمە نزیکەکانی پێغەمبەر(صلی الله علیه وسلم) یان هی خەلیفەکانی دوای ئەو - خەلکی دەڵێ ئەها لەئێمەی دەسێنێ دەیبات دەیدات بەخزمەکانی، کەوابوو حەرام کراوە نابێت زەکات بەوان بدرێت.

دەرنەتیجە چونکە لەوە بێ بەشن لەم سەرچاوەدا بەشی خزمەکانی خۆی دەدات، جارێ ئەوانەیان کە فەقیر و مسکینن ئەمە دیارە کە بەشیان دەدات، بەڵام تەنانەت دەتوانێ بەدەوڵەمەندەکانیشیان میقدارێك بدات، ئەڵبەتە بەمەرجێك کە هاوسەنگیەکە تێك نەدات، میقدارێك دەتوانێت بدات لەبەرچی؟ لەبەرئەوەی کە لەپێشدا ئاماژەم بۆ کرد کە کارزانی و سیاسەت و لیاقەتی ئەم پێغەمبەرە یان ئەو خەلیفە بووەتە هۆکاری ئەوەی بەبێ کوشتار و جەنگ ئەم (فەیئە) دەست موسڵمانان بکەوێت، کەوابوو تا ئەندازەیەك ئەم کەسبی شەخصی خۆی تێدا بووە، دەتوانێ سیلەی ڕەحمی تێدا بەدەست بێنێ، بەڵام نەك زیادەش وەك حەزرەت لەزەمانی خۆیدا میقدارێك دەیکرد، بەڵام عوسمان لەزەمانی خۆیدا هەر ئەو کارەیان کرد، بەڵام لە ئەندازە تێپەڕی دەکرد زۆری دەدا بەخزمەکانی.

﴿وَالْيَتَامَى وَالْمَسَاكِينَ وَابْنَ السَّبِيلِ﴾



Scanned by CamScanner

هەروەها لەغەیری خزمانیش ـ ئەلبەتە خزم ئەوانەی کە ئیتر ئەوەندە نزیکن، ئەگەر بێت و زەکاتیان پێ بدرێت خەڵکی دەڵێ ئەها بۆ خزمەکانی خۆیەتی، ئەگینا خزمی دوور بێت نێوانیان خۆش نەبێت ئیتر زەکاتی پێ دەدرێت، لەمەی پێنادرێت ـ بۆ (هەتیو و کەمدەستەکان و موسافیرەکان)، ئەلبەتە نەك تەنها لەم بەشانەدا، واتە ئەوەتا لەدەستی پێغەمبەر و لەدەستی خەلیفەی دوای ئەودا، جا ئەویش دیاری بکات، مەسەلەن لەم جۆرە جێگانەدا، لەئاوا مەسارفێکدا سەرفی بکات، ویستی بوو لەمانەدا یان ویستی بوو لەغەیری ئەمانەدا، بەکورتی دەبێت ئەو بڕیار بدات، لەزەمانێکدا کە پێغەمبەر(صلی الله علیه وسلم) دەبێت بڕیار بدات، لەدوای ئەو دەبێت شورا بڕیار بدات.

بۆچی لێرەدا ـ فەئی ـ وەك غەنیمەت دابەش ناکرێت لەنێوانی هەموو کەسدا؟ لەنێوانی لەشکرەکەدا؟ ئاخر چونکە لەشکری سوپایی زۆربەی ئەوانەن کە دەتوانن کار و شت بکەن، بۆیە دەتوانن ئەصڵەحە هەڵگرن، دەرنەتیجە تا ئەندازەیەك سەروەتیان هەیە و دەوڵەمەندن، دەی غەنیمەت بەدەست دێنن فەیئەکەشیان هەر پێ بدرێت ئیتر ئەوان دەوڵەمەند دەبن فەقیر و هەژارەکان هیچ.

﴿كَيْ لاَ يَكُونَ دُولَةً بَيْنَ الأغْنِيَاءِ مِنكُمْ﴾

(دُولَة): (دَولة) (دولَت) (دَولَت): واتە شتێك کە مەسەلەن ئێمە کۆمەڵێکین دەستی دەستی بەشتێك دەکەین، لەدەستی ئەم دەڕواتە دەستی ئەو، دەستی ئەو دەستی ئەو، دەگەڕێتەوە، ئەوە پێی دەڵێن (دوله)، واتە دەست بەدەست دەبێت و لەناو کۆمەڵێکدا دەور دەخوات، ئیجا دەفەرموێت لێرەدا نابێت بەشی لەشکرەکان بەتایبەت وەکو غەنیمەت بدەیت و تەنها لەناو ئەواندا دابەشی بکەیت و بڵێیت لەبەرئەوەی لەشکرەکە لەپشتی من بووە و دوژمن لەوان ترساوە، کەوابوو با ئەمیش وەك غەنیمەت دابەش بکەم، چونکە لێرە ئیتر دەوڵەمەندەکان زۆرتریان بۆ دەبێت، ماڵەکە دەکەوێتە دەستی ئەوان دەست بەدەست دەبێت و لەدەستی دَوْلَة



Scanned by CamScanner

ئەواندا دەسوڕێتەوە و، فەقیران هەر فەقیر دەبن، بۆیە لێرەدا ئیتر دەبێت تۆ لەو جێگانە کە نیاز و ئیحتیاج هەیە وەك (یتمی، مساکین، ابن السبیل) دەبێت لەوانەدا سەرفی بکەیت، تا نەبێتە شتێکی دەست بەدەست کراو، لەدەستی دەوڵەمەنداندا بێت و هاوسەنگی تێك بچێت.

حیکمەتی پێدانی شت بە دەوڵەمەندەکان لەلایەن پێغەمبەر و خەلیفەوە

لەمەشەوە ڕۆشن دەبێتەوە کە کاتێ ڕەسول یان خەلیفە شتێك دەداتە (ذِي الْقُرْبَى)ی دەوڵەمەند لەبەرئەوەی سیلەی ڕەحم بەجێ بێنێ نابێت لەو هاوسەنگیە دەری بکات، نابێت ئەوەندەی پێ بدات کە هاوسەنگی تێکبدات، کۆمەڵگەکە جۆرێکی پێ بێت کە سەر و خوارەکەی نێوانیان زۆربێت.

﴿وَمَا آتَاكُمْ الرَّسُولُ فَخُذُوهُ وَمَا نَهَاكُمْ عَنْهُ فَانْتَهُوا﴾

ئەوەی ڕەسول پێتان دەدات لەدوای ئەویش حکومەتی ئیسلامی پێتان دەدات بیگرن هەرچیتان پێ دەدات بیگرن، لەخۆتانی دوور مەخەنەوە، یان لەبەرئەوەی کەمە یان لەبەرئەوەی مەسەلەن بڵێی بەیەکێکی تری بدە بەمنی مەدە نەخێر، بیگرە ئەوکاتە تۆ خۆت ببە بەمالیکی، ئەمجارە تۆ بڕۆ بیبەخشە با فەزیلەتێکیش بۆتۆ ببێت، ئەوەی کە ڕاتان دەگرێت و ڕێگریتان لێ دەکات ئیتر وازبێنن، ئیتر ئێوەش تەماعتان نەبێت بڵێن بیدە، لێرە دەستورەکە وایە بەجۆرێکی تر دابەش بکرێت، نەك ئێوەی لەشکری بێن و بڵێن هەر بەئێمەی بدە.

﴿وَاتَّقُوا اللَّهَ﴾

خۆتان بپارێزن لەعەزابی خوا.

چونکە ﴿إِنَّ اللَّهَ شَدِيدُ الْعِقَابِ﴾

عیقابی خوا، تۆڵە و سزایەك کە خوا بەدوای گوناه و تاواندا دەیهێنێت زۆر سەختە.



Scanned by CamScanner

## غەنیمەت و دابەشكردنەكەی

### چەمكی غەنیمەت

ئایەتی (٤١)ی (الانفال) باسی دابەشكردنی غەنیمەت دەكات، (غەنیمەت): ئەصڵەن لە(غَنَمْ)ە، (غَنَمْ): واتە (پەز) بزن و مێ، ئینجا ئەگەر پێشتر ئەم كەلیمە بۆ ئەوە بەكاربراوە كەسێك بڕوات پەزێك وەربگرێت و بەدەستی بێنێت لەجێگەیەكدا پێیان وتووە غەنیمەتی كردووە، واتە غەنەمێكی دەست كەوتووە، لەدوای ئەوە ئەم كەلیمە گشتێنراوە بۆ هەر سەروەتێك كە ئینسان بەدەستی بێنێ، لەهەر جێگەیەكەوە شتێكت بەدەست هێنا پێی دەڵێن غەنیمەت. غەنیمەت

لەزاراوەی قورئانیشدا تایبەتكراوە بەسەروەت و داراییەكەوە كە لەمەیدانی جەنگدا لەدوای شكستی كافرەكان بەدەست دێت. لەگەڵ كوفاردا جەنگ و جیهاد دەكرێت ئەوان پاشەكشێ دەكەن و شكست دەخۆن، ئەمجارە هەرچیەكیان لێ بەجێ دەمێنی ئەوە غەنیمەتە.

### دابەشكردنی غەنیمەت

١ ـ زەوی: زەوی پێش لەسەردەمی خیلافەتی (عومەر) دابەش نەدەكرا، چونكە هێشتا وڵاتی زۆر فەتح نەكرابوو، هەروەها زەوی كەم بوون و دابەش نەدەكرا، بەڵام كاتێك (عومەر) ڕەزای خوای لێبێت، ئێران و سوریا و ئەوانەی گرت، بەتایبەت (سەوادی عێراق)[1] كە ئەوەیە (لە ئابادان ـ هەمەدان) تا دەڕواتەوە (موصل) و ئەملای ئێمە ـ ڕۆژهەڵاتی كوردستان ـ هەموو دەگرێتەوە (سەواد و عێراق)، واتە ئەم بەشە كە ڕەشە جەنگەڵ و شتە، كاتێ ئەوەی گرت، وتی "ئەگەر ئەمە دابەش بكەم لەنێوان سوپاكاندا ئیتر ئەو خەڵكە چیان بۆ بمێنێ،

---

[1] ـ ناوچەیەكە دەكەوێتە نێوان دیجلە و فورات، كە لەزەمانی عەباسیەكاندا بە(سواد) ناوبراوە. شاری (واسط) لەلایەن حەجاجەوە لەناوەڕاستی (سواد)دا دروستكراوە.

دواتووی ئەوان چی بخۆن"،

هەروەها لەدوایدا ئەفرادێك پەیدادەبن و وەچەكانی داماتووی ئەوان چی بخۆن"، لەگەڵ صەحابەكاندا كە دەبێت ئەمە ئەصڵەكەی كەوابوو لێرەدا مەشوەرەتی كرد لەگەڵ صەحابەكاندا كە دەبێت ئەمە ئەصڵەكەی بێڵینەوە لەدەست مالیكەكاندا و تا سەردەمێك كە موسڵمان نەبوون لەجیاتی ئەوەی زەكات و خەراج و سەرانەیان لێبسێنین، لەدوای ئەوە ئیتر رێككەوتن لەسەر ئەوەی ئیتر هەر كاتێك وڵاتێك فەتح كرا، زەوییەكەی دابەش نەكرێت زەوییەكەی بمێنێتەوە خەراج بخەنە سەری، ئەگەریش زەمانێك موسڵمان بوون ئەوە ئیتر جیایە ئایا خەراجەكە هەر دەمێنێ یان دەیكەنە زەكات. ئەوە سەبارەت بەزەوی.

٢ - (ئەسیران): ئەو ئەسیرانەش كە دەگیرێن ئەوانەش بڕیاردان لەبارەیانەوە ئەوەتا لەدەست ڕەسول، لەدوای ئەو لەدەست خەلیفە و شورا، دەبێت ئەوان بڕیار بدەن، مەسەلەن ئەگەر ئەسیر لەموسڵمان گیرا ئاڵوگۆڕ دەكرێت، ئەگەر لەهەندێ شتدا تەخەصوصیان بوو، شەرت دەكرێت لەگەڵیاندا و كە گریمان فڵان شت بۆ ئێمە دروست بكەن، داهێنان بكەن فڵان بكەن، تا بەرتان بدەین، وەك حەزرەت فەرمووی هەركامتان (١٠) منداڵی موسڵمان فێری خوێندن بكات ئازادی دەكات، یان ئەگەر هات و كافرەكان سەروەتێكی زۆریان بوو بەفیدیە بەریان بدات، بڵێت پارەمان بۆ بێنن، فڵانمان پێ بدەن، ئەوەمان پێ بدەن، تا بەرتان بدەین، یان ئەگەر مەصڵەحەتیش ئەوەبوو كە لەدەستیاندا بمێننەوە دەیانهێڵنەوە لەدەست خۆیاندا دەیانكەنە بەندە تا زەمانێك مەسەلەن مەصڵەحەتە، لەدواتردا ئازادیان دەكەن، هەرچیان پێ دەكەن، ئەوەش بەندە. كەوابوو ئەویش دابەش ناكرێت لەنێوان سەربازەكاندا، مەگەر ئیتر حكومەت وا تەشخیص بدات كە مەصڵەحەتە.

٣ - شتێكی تریش ئەوەیە كە پێش لەجەنگەكە ئیعلان دەكرێت، دەڵێن هەركەس هەركەسی لەكافرەكان كوشت هەرچی ئەوەتا بەقەوییەوە بۆ خۆی، ئەوەش كەوابوو تەخەصوصییە، ئیتر هەركەس ئیختیصاصی هەركەسی كوشت



Scanned by CamScanner

بۆئەوەی ڕەنگ بێ، هەرکەس زۆر بکوژێت و هەرچی ئەوەتا بەقەوییەوە بیگرێت بۆ خۆی، کە دەست بەسەرداگرتن و بردنی پێ دەڵێن، ئەوەی ئەوەتا بەقەوییەوە، ئەمەش ئیتر دابەش نابێت و هەرکەس بۆخۆی.

بێجگە ئەمانە شتی (مەنقول - ڕاگوێزراو)، بێجگە ئەم سێ قیسمەتە ئەگەر بەدەست هێنرا کە دەڵێن پێی (غەنیمەت)، بزانن ئەو چۆن دابەش دەکرێت.

(واعلموا) بزانن ئەی لەشکرینی ئیسلام.

**٤ - (پێنج یەک)ی غەنیمەت:**

﴿أَنَّمَا غَنِمْتُمْ مِنْ شَيْءٍ﴾

هەرچییەک بەغەنیمەت گرتان لەمەیدانی جەنگدا، ئیتر هەرچییەک بێت تەنانەت یەک سنجاقیش.

﴿فَأَنَّ لِلَّهِ خُمُسَهُ﴾

(پێنج یەک)ی هی خوایە، دەبێت خوا لەبارەیەوە فەرمان و دەستوربدات، کە چی پێ بکرێت، واتە (چوار لەسەر پێنج)ی هی ئێوەیە، (پێنج یەک)ی هی خوا، جا (چوار لەسەر پێنج)کە، چونکە ئەوان زەحمەتیان کێشاوە، گیانی خۆیان خستوەتە خەتەر، دابەش دەکرێت لەنێوان ئەواندا، ئەو کاتە بەپێی زەحمەتکێشان لەصەدری ئیسلامدا، کەسێك کە بەپیادە جەنگی دەکرد (پێنج یەک)یان پێ دەدا، کەسێك کە سواری ئەسپ بوو (سێ لەسەر پێنج)یان پێ دەدا، (پێنج یەک)ی بۆ خۆی (دوو لەسەر پێنج)یش بۆ ئەسپەکە، هەم بۆ بەخێوکردنی ئەم ئەسپە،و هەم بۆ ئەوەش کە ئاشکرایە کەسێك سواربێت باشتر دەتوانێ جەنگ بکات تا بەپیادە، جا ئەمڕۆش ئیتر دەبێت موتەخەصیصین ئەگەر حکومەتێکی ئیسلامی بێت لەبارەیەوە دیاری بکەن، کە مەسەلەن هێزی ئاسمانی چەنی دەکەوێت، نیروی زەمینی چەن، نیروی دەریایی چەن،و پیادە چەن، ئەوانە ئیتر پەیوەستە بەو.



Scanned by CamScanner

بەڵام (پێنج یەک)ی کە مالیکی فەردی قبولێ ناکات، بۆ خوایە، ئەو کات وللرسول بەنوێنەری خواوە پێغەمبەر دەبێت لەبارەیەوە بڕیار بدات،و لەدوای ئەویش حکومەتی ئیسلامی، لەبەرئەوەی لێرەدا هەروا کە سوپاکان دەخالەتیان بووە لەبەدەستهێنانی ئەم غەنیمەتەدا، ڕەسول یان خەلیفەی دوای ئەویش دەخالەتیان بووە کە فەرماندەی هێزەکە بووە.

دەرنەتیجە دووبارە لێرەشدا هەروەک (فەیئ)ەکە، ئیختیصاصێک هەیە بۆ ڕەسول یان بۆ خەلیفە، تا ئەندازەیەک دەتوانێ سیلەی ڕەحم و شتی پێ بەجێ بهێنێت، مەسەلەن (وَلِذِي الْقُرْبَى) بەشی خزمەکانی خۆی لێ بدات، تا ئەندازەیەک، یان مەسەلەن (وَالْيَتَامَى وَالْمَسَاكِينِ وَابْنِ السَّبِيلِ) بۆ ئەوانیش بیدات، هەروەها غەیری ئەمانە، واتە ئەو جێگانە کە جێگەی نیازە و ئیحتیاجە و (بيت المال) زەکات بەشی ناکات و ناتوانێت تەواوی نیازەکان ڕەفع بکات.

## چەمکەکان

**سماوات:**

هەرچیەك ئەوەتا لەڕاسەرمانەوە، ئیتر كەم كەم بڕۆینە سەر ئەم هەوا كە دەوری ئێمەی داوە، هەور و كوراتی ئاسمانی و هەرچیەك لە ڕاسەرمانەوە هەیە.

**خلق:**

واتە دروستكردن بەئەندازە و كەیفیەتی دیاریكراو.

**مەتاع:**

ئەو شتانەی كە لەدەرەوەی ئینسانن و بۆ پڕكردنەوەی نیازی ئینسان سوودیان لێوەردەگیرێت، واتە ئەوشتانەی كە مەوردی ئیستیفادەن، لەهەوا و ئاو و لەگیا و لەدرەخت و لەحەیوانات و لەگەرمای خۆر و لەڕۆشنایی لەتەواوی شتەكانی تر.

**الخیل:**

كەلیمەی (الْخَيْلَ) وشەی (الْخَيْلَ) ئەصڵەكەی لە(خەیاڵ)ە، ئینجا وشەی فیزیش لەعەرەبیدا خۆی (ألاء) پێ دەڵێن كە لە(خەیاڵ)ە، واتە ئەوەی خەیاڵ دەكات، كە شتێكی هەیە و شتی لەبارخانەیدایە تەكەبور دروست دەبێت.

**ودیع:**

لە(ودیع)ەیە كە ئەویش لە(ودع)ە، واتە تەرككردن، وازلێهێنان، بەشتێك دەڵێن (ودیعە) كە لەلای كەسێك داینێیت وازی لێبهێنی تا ماوەیەك، كاتێك شتێك دەمرێ لەجێگەیەكدا دادەنرێ دەبێتە (وەدیعە) - ئەمانەت - تاكاتێك زیندوو دەكرێتەوە لەقیامەتدا.



Scanned by CamScanner

**شهد:**

شَهِدَ: لەوشەی شهود و (شهادت)ە، کە ئەصڵەکەی، واتە حازربوون و سەیرکردن، ئیجا یان بەهەستی دیار سەیربکرێت، ئینسان بەچاو بیبینێ، یان بەهەستی دەرونی بە ئیحساس و بەویژدان ئەوشتە ببینێت و دەرکی بکات.

**شایەتیدان:**

واتە ئینسان پێشتر لەلای شتێکدا ئامادە ببێت، سەیری بکات، زانیارییەکی تەواوی پێ پەیدابکات، جا ئەمجارە لە جێگەیەکی تردا دانی پیادا بنێت بۆ ئەو زانیارییەی.

**قسط:**

واتە بەشی رێك، واتە هەر بونەوەرێك لەجیهانی خیلقەتدا (چ بێ گیان، چ گاز، چ شلەمەنی، چ گیا، چ گیانلەبەر، چ ئینسان،و چ فریشتە،و جنۆکە))، هەر هەربونەوەرێك لە بونەوەران چەنێك گەردیلە و بەش، چەنێك صفات و تایبەتمەندی دەوێت، چەنێك بەشی رێکە بۆ ئەو، کاتێك خوا دروستی کردووە ئەوانەی پێداوە. قیام بە(قِسْط) ئەوەیە، کە خوا کاتێك ئیجادی ئەم بونەوەرانەی کردووە، هەرکام چەنێك بەشی بووە لەئەجزا و لەصفات و تایبەتمەندی رێك پێی داوە بێ کەم و زیاد.

**فكر:**

واتە دوای ئەوە کە (بەحەواس - هەست) و زاهیر و بەویژدان و خەیاڵ و ئەوجۆرە شتانە، هەندێك مەعلومات وەردەگرێت، نێروی زیهنی تەجزیە و تەحلیلی ئەوانە دەکات، نەتیجەیان لێ دەگرێ، فکر ئەوەیە ئەونێروەیە.

**طَيِّبات:**

واتە ئەو شتانەیە نە ڕاستەوخۆ نە ناڕاستوخۆ لەتمەی بۆ ئینسان، نە لەلەحازی سروشتی، نەزیستی، نە ڕەوانییەوە نییە.

**الْكِتَابَ:**

لە(كُتُبْ)ە، واتە جەمع (گرداوەری ـ کۆکراوەیی)، کیتاب، واتە کۆی یاسا و ڕێسای مەوردی نیاز بۆ کۆمەڵگای مرۆڤایەتی، ئیجا لەهەر سەردەمێکدا بەگونجانی ئەو سەردەمە، سەردەمێك قەوانینی مەوردی نیاز کەمتر بوون، چونکە ئینسان پشت و نموی فکری نەگەشتبووە سنوری ئەعلا، کەوابوو کتێبەکانمان کورتکراوەن، لەزەمینەی قانون داناندا، سەردەمێك کە مرۆڤایەتی گەشەی کرد لەزەمینەی فکری و فەرهەنگیدا پێویست بوو، کە کتێبەکانی ئێمەش لەیاسا و ڕێسای زیندەگی زیاتریان تێدا ببێت، بۆیە لەهەر سەردەمێکدا بۆ ئەو سەردەمە کتێبێکی جامع بۆ پێداویستی ئەو سەردەمانەمان نارد.

**خَبَائث:**

شتە پیسەکانیش ئەوەیە، کە یان ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ لەتمەی پێ دەدات، یان لەتمە بەبەدەنی دەدات، بەحاڵاتی زیستی دەدات، یان لەتمە بە ڕۆح و حاڵاتی ڕەوانی ئینسان دەدات.

**ئیحتیکار:**

واتە ئینسان شتێك هەڵگرێت، لەکاتی گرانیدا بیفرۆشێ، بۆئەوەی زیاتر قیمەت بکات، ئیستیفادە لەنیازمەندی خەڵکی بکات.

**سَفِيه:**

ئەصڵەن لە سەفەهە، واتە قالب سوکی، کەسێ بەدەنی سوک بێت، ئەصلی زمانەوانیەکەی ئەوەیە کە دەڵێن سەفەهی هەیە، ئەمجارە ئەگەر ئینسانێك ڕۆحی سوك بێت، واتە عەقلی ناقص بێت، دەرنەتیجە سەنگین و لەسەرخۆ و لەسەر



Scanned by CamScanner

ڕێگەی حەق نەبێت سوك و بێ ئەرزش بێت، هەمیشە لەڕێ لابدات، ئەوە پێی دەڵێن (سەفیە).

هەروەها لەقورئاندا کەلیمەی (سَفِیه) زۆرتر بۆ سەفەه لەبیروباوەڕدا بەکارهێنراوە، هەروەکو کەلیمەی ئیسراف، واتە ئەگەر تەماشای ئەو ئایەتانە بکەین کەلیمەی سەفەهی تێدا بەکارهێنراوە زۆرتریان لەبارەی بیروباوەڕدایە، بەشێکیشیان لەبارەی تەصەروفاتی عەمەلی و لەماڵ و ئەم جۆرە شتانەدا، مەجموعی ئەمانە دەبێتە سەفەه، واتە لادان لەڕێگەی حەق، ئینجا یان لەزەمینەی بیروباوەڕدا یان لەزەمینەی تەصەروفاتی ماڵی و لەئموری هەستپێکراو و دیاردا، ئەوە مانای سەفەه.

**میلك:**

ئەوەیە ئینسان بتوانێت بەویستی خۆی لەشتێکدا تەسەروف بکات (بیفرۆشێ، بیکڕێ، بیداتە ئیجارە، بیداتە ڕەهن، ...هیتد)، ئینسان بتوانێ بەبێ قەید و بەند، - ئەڵبەتە بێ قەیدو بەندی موتڵەق نا - بتوانێ بەبێ قەیدو بەند لەشتێکدا تەصەروف بکات، ئەوە پێی دەڵێن میلکی ئەوەی هەیە، مالیکی ئەوەیە.

**ئەبزاری تەولید:**

لەدنیای سنعەتی ئەمڕۆدا هەرچی ئالەتێك، هەرچی سەیارە و مەکینە و بەشەکانی ئەوانە و ئەوەی کە لەوانە دروست بووە ئەم کارخانە و شتە ئەوانە کە دەبنە هۆکاری تەولید و ئینتاج ئەوانە پێیان دەڵێین ئەبزاری تەولید.

**کۆمۆنیزم:**

(کۆمۆن)، واتە ئیشتیراکی، تێکەڵی، هەرچی شتە هەمووی تێکەڵ بێت بەیەکەوە. ئیجا وشەی تریشی بۆ ئیستیعمال دەکەن (بولشویسم): لەبولشەوییە، بەزمانی ڕووسی، واتە زۆرینە، جا (بولشویزم) دەبێتە نیزامێك کە زۆرینە تێیدا حاکمە، کە چینی کارگەرە، لەبەرامبەری (مونشیزم)ەوە، کە دەبێتە



Scanned by CamScanner

عەقەلیەت(کەمینە)، هەندێ کات (مارکسیسم)یشی پێ دەڵێن، چونکە ئەو بارۆ خاڵۆ (مارکس) ئەو قەواعیدەکەی تا ئەندازەیەک تەنزیمکردن.

**سۆسیالیزم:**

وشەی سۆسیال: (سۆسیال)، واتە ئیجتیماعی بەکوردی کۆمەڵایەتی.

**ئیستیدلال:**

واتە بەهۆی شتێک پەی بردن بەبونی شتێکی تر، کە پێشتر بووە ئێمە پێمان نەزانیوە.

**حەقیقی:**

واتە شتێک خۆی بوونی هەیە، چ ئێمە پێی بزانین چ نەزانین، وەک ئەم (دارو بەردو ئاو و هەواو..هتد)، مەسەلەن چ ئێمە شەکر بخۆین چ نەیخۆین، شیرینە، نەک ئەگەر ئێمە ڕەئیمان بۆدا زۆرینە ڕەئی هێنا شەکر شیرینە، ئەگەر زۆرینە ڕەئی هێنا کە تاڵە، تاڵە، هەزار ملیۆنیش ڕەئی بێنێت کە شەکر تاڵە هەر شیرینە.

**ئیعتیباری:**

ئەو شتانە دەگرێتەوە کە لەزەینی ئینساندان و بوونێکی دەرەکیان نییە ئێمە یاخود خوا قەرارادای بۆ دەکات.

**وەقف:**

(وەقف): لەناو خۆماندا عادەتەن لەفیقهی ئیسلامیدا ئەوەیە کە نەفەرێک مولکێک لەمالکیەتی فەردی دەردێنێ دەیکاتە وەقفی یان (مزگەوت یان کۆمەڵێک یان تەلەبەی علومی دینی یان فوقەرا یان مەساکین ..هتد)، وەقف: واتە میللی کردن، لەهەندێ جێگەدا کە مالیکەیەتی فەردی دەبێتە هۆکاری لەتمە لەکۆمەڵگە تەشریع کراوە، ئەم ڕێگە دانراوە کە شتێک وەقف بکرێت مالکیەتی ئیجتیماعی لەسەرییەوە حاکم بێت.



Scanned by CamScanner

**فاشیزم:**

لەوشەیەکی لاتینیە، فاشیز زووتر بە(تەورێکیان) دەوت، کە چەند ئەڵقە و چەند دارێکیان دەبەست بەچواردەوری تەورەکەدا و لەبەردەمی ئەو فەرمانڕەوانەوە دایاندەنا بەناونیشانی سیمبولی قودرەت و توانایی، کە نیشانەی زۆر و قودرەت بوو.

**نازی:**

خودی وشەکە کورتکراوەی ناسیۆنال سۆسیالیستی کارگەرانی ئەڵمانیا، کە (نازی) واتە حیزبی سۆسیالیستی کارگەرانی ئەڵمانیا.

**حیماء:**

(حیماء) لەزمانی کوردیدا "قۆرخ" دەڵێن، یانی جێگەیەك مەسەلەن ئالفە جارێك دۆڵێك دیاری بکرێت حکومەتی ئیسلامی بڵێت ئەو شوێنە تاك مافی نیبە بڕوات بۆخۆی ئالفی لێ بکەنێت یان حەیوانی خۆی بەجیا ببات بۆی، ئەوە دیاریم کردووە ئەوانەی کە فەقیرن دەبێت پەزەکانیان ببەن لەوێ بیلەوەڕێنن ئاوا میللی دەکات بەشێك لەئالفەجاڕ لەزەوی لەمانە بۆئەوەی بەمەصلەحەتی مەساکین و فوقەرا ئیستیفادەی لێ بکرێت، مەسەلەن نەفەرێك کە دەسەڵاتی هەیە دەتوانێ لەجێگەیەکی تر ئالف دابین بکات لەوە مەنعی دەکات، ئەم حیمایشە واتە قۆرخکردنی جێگەیەك تایبەتی بکەی بۆ مەصلەحەتی گشتی و لەدەستی دەسەڵاتداران دەری بێنی ئەوەیش مانای میللی کردنە.

**نیزامی تەبەقاتی:**

واتە کۆمەڵگە دابەش دەکرێت بەسەر چەند تەبەقەیەکدا، بۆنموونە لەسەردەمی ساسانیەکاندا دابەش دەکرا بەچەند تەبەقەیەکەوە: (تەبەقەی موغان واتە ڕۆحانی و تەبەقەی دەربار یان تەبەقەی کارگەران)، یان مەسەلەن لە(هیند)دا دەیانکەنە چوار تەبەقەوە تەبەقەی (ڕۆحانی و دەرباری و ..هتد )، کاتێك کەسێك



Scanned by CamScanner

لەیەکێک لەم تەبەقانەدا پەیدابوایە هەرچەند ئیستیعدادی فکری و عەمەلی ئەوەندە بوایە کە بیرواتە بەرزترین مەقام لەوەزائیفی کۆمەڵایەتی یان وەزیفەی گەورە بتوانێ بگرێتە دەست، دەیانوت: چونکە تۆ لەفلان تەبەقە بوویت مافت نییە بڕۆیتە سەرەوە نیزامی تەبەقاتی ئەوەیە، کە هەرکەسێك لەبەر ئەوەی لەفلان تەبەقەدا پەیدابووە هەرچیەك ئیستیعدادی توانایی ببێ دەبێت لەتەبەقەی خۆیدا بمێنێتەوە.

**جحد:**

واتە زانینی شتێ و ئینکاریکردن لەڕووی ئاگاییەوە.

**سوخری:**

(مانای وشەی سوخری کە زۆری تیایە، وتومانە (تسخیر): واتە بەزۆر وادارکردن بەکارێك کە ئەوەیە تەنانەت کەسێك دەڕواتە لای سەرمایەدار ـ ئەڵبەتە کاتێك دەڵێین سەرمایەدار لەنیزامی ئیسلامیدا ئەو مەفهومەی نییە کە لەنیزامی سەرمایەدارییدا هەیە ـ کەسێك دەڕوات لەکارخانەی سەرمایەدارێکدا کاردەکات بەزۆر ئەو سەرمایەدارەی وادارکردووە بەوەی ئەو ئامێری بەرهەمێنانە بخاتە ئیختیاری ئەم، چۆن بەزۆر؟ زۆرەکە نەك بڕوات بەکوتەك، واتە ئەو تەرەف ساحێبی ئەبزاری تەولیدە خۆی تەنیا یەکێ ناتوانێ کاری خۆی ببات بەڕێوە، ناچاردەبێت کە قبوڵی بکات، ئەمیش بڕوات وەسائیلەکەی ئەو بگرێتە ژێردەستی خۆی، هەم ئیستیفادە بۆخۆی بکات، هەم ئەویش ئیستیفادە بکات لەبەکارهێنانی قودرەتی ئەم بەئەبزاری تەولیدی ئەو، بۆیە مەجبوریەتی ئەوەی کە هەرکەس ناتوانێ خۆی کاری خۆی ئەنجامبدات، ماناکەی ئەوە دەگەیەنێت کە ئەویتر بەزۆر واداری دەکات، ئەم خۆی ناچارە و ناتوانێ هەموو شتێ بکات، بەڵام ئەو واداری کردووە ئەوە مانای زۆرەکەیە، ئەگینا لەنیزامی ئیسلامیدا کەسێك ناتوانێ زۆر لەکەسێکی تر بکات، نە مالیکەکە لەکارگەر و نە کارگەر لە مالیکەکە).

**أشُدّ:**

أشُدّ: لەشودەتە، ئەصڵەن شودەت، واتە موحکەم بەستن، گرێیەك زۆر تن ببەستی، ئیجا (أشُدّ) واتە توانای قودرەت، واتە کەسێك تا دێتە زەمانێك ی ئیستیزعافەکەی لاچێت توانایی پەیدابکات، کە سەردەمێ لەدوای بلوغ لەلەحازی فکرییەوە کە کامڵ دەبێت، ئەمجارە قودرەت و توانای بەدەنیش پەیدادەکات، ی دەتوانێ خۆی بەرگری لەحەقی خۆی بکات.

**وەزن:**

واتە ناسینی ئەندازەی شت.

**الإحْسَان:**

الاحسان: لە(حوسن)ە، واتە باشی، چاکە، نیکوکاری، ئینجا احسان، حەدیسی حەزرەت علیه السلام تەفسیری کردووەتەوە، جەبرەئیل هات لێی پرسی - بۆئەوەی خەڵك بزانن، هاتە شکڵی پیاوێکەوە و دانیشت لێی پرسی - الاحسان واتە چی؟ فەرمووی احسان (ان تعبد الله کانك تراه فان لم تکن تراه فانه یراك)، احسان: واتە بەجۆرێ فەرمان بورداری لەخوا بکەی، وەك ئەوە چاوی لێوەیە، ئیتر چەنێکە، چەنێك ئیحساسی مەسئولیەت لەحەدی ئەعلای مەقامی، ئەگەر ئەم پایە بەرزەشت نەبوو لەخواری ئەوەوە پایەیەکی ترە، وا عیبادەت و فەرمان بەرداری بکەیت، وەك ئەوەی ئەو چاوی ئەوەتا لەتۆوە، دەرەجەی یەکەم ئەوەیە کەتۆ چاوت لەوەوە بێت، دەرەجەی دووەم ئەو چاوی لەتۆوە بێت، واتە ئیحساسی مەسئولیەت بکەیت لەتەواوی زیندەگیتدا، بزانی کە لەبەرامبەری خواوە مەسئولی.

**عەهد:**

واتە شتێك کە کەسێك پێویستە لەسەری هەمیشە ئاگاداری بکات.

**الفحشاء:**

واتە: شتی زۆر زۆر زشت و ناپەسەند، لەبەرامبەری دەتوانم بڵێم: (إيتاء ذي القُربَى)، کە ئەگەر ئینسان شتی نەدا، تەنانەت بەنزیکەکانی خۆی، لەوانیش دریغی کرد، ئەوە زشترین کارە کە دەیکات، ئینسانێ ئەوەندە ئیحساسی کۆمەڵایەتی بوون و ئیحساسی پەیوەندی ئینسانی لەگەڵ ئەفرادی تردا نەکات، کە برای، خوشکی، مامۆی، خاڵۆی، ئەمانە لەبەر چاوییەوە برسیانە هیچ نارەحەت نابێت، ئەوە ئیتر زشترین کارە کە دەیکات، نەهیتان دەکات لەوە.

**منکر:**

منکر: لەئینکارە، واتە نەناسراو و ئینکار، هەروەها مونکەر: واتە شتی نەناسراو شتێك کە مەوردی پەسەند نەبێت بەرەسمیەت نەناسێنرابێت، وەك ئیحسان نەبێت، ئیحساسی مەسئولیەت نەبێت، بەرامبەری ئەوە بێت.

**عەدل:**

واتە بەرابەری موراعاتکردن - ڕەچاوکردنی هەردوولا.

**بغی:**

واتە لەحەدی وەصەت تەجاوزکردن، لەعەدل و بەرامبەری تەجاوزکردن.

**لُمَزَة:**

عادەتی ئەوەیە کە هەمیشە لەپشتی سەر بەدبێژی خەڵك دەکات.

**استخلاف:**

لەخلف، خلف واتە پەس واتە ئێوە لەشوێنی کەسێکی تر هاتونەتە سەر ئەم ماڵە، چونکە کەسە واتە خوا، خوا خۆی قەراریوو بۆئەوەی بەشێوەی یەکسان دابەشی بکات، چونکە ئیختیاری بەئینسان داوە، ئینسانی کردووەتە جێنشینی خۆی، لەجیاتی ئەوەی خوا ئەم کارە بکات ئەو نوێنەرە دەیکات.

**کوفر:**

واتە پابەند نەبوون بەقانوونی خواوە، ئینجا یەکێك لەقانونەکانی خوا قانونی ئابووری ئیسلامە، کە ئەگەر ئینسان پابەندی نیزامی ئابووری ئیسلام نەبوو، ئەگەر بوخلی کرد، ئەگەر شتێکی کۆکردەوە و نەیدا بە خەڵك ئەوە کوفرە.

**بَاطِل:**

ئەوەیە کەسێك ماڵی کەسێك بخوات بێ ئەوە شایستەیی بێت، بێ ئەوەی کاربکات لەڕێگەی بازرگانی، سنعەت، ئەجر یان لەڕێگەی شایستەییەك وەك بەوەسیلەی (ئیرس و بەخشش و وەسییەت) و ئەمانە، لەغەیری ئەم ڕێگانە کە قورئان ڕێگەی داوە، کە دەکەوێتە بەر ئایەتی (وَأَنْ لَيْسَ لِلإِنسَانِ إِلاَّ مَا سَعَى) لەهەر ڕێگەیەکی ترەوە ئینسان لەجێگەیەك شتێك بەدەست بهێنێ بیخوات ئەوە (باتڵە)، باتڵ: پێچەوانەی (حەقە)، حەق: واتە موافقی فەرمانی خوا، باتڵ: واتە پێچەوانەی فەرمانی خوا، زۆرێك لەمانە ماڵی خەڵکی بەباتڵ و ناڕەوا دەخۆن و هەڵیشی دەگرن، کەنزی دەکەن، گەنجینەی دەکەن.

**موختال:**

لەخەیالە، واتە کەسێك خەیاڵ بکات کە شتێك ئەوەتا لەبارخانەیدا گرنگە، ئەوکاتە دەست دەکاتە خودپەسەندی و فیزو تەکەبور، مەسەلەن بڵێت من شتێکم.

**فخور:**

واتە کەسێك بەخۆی ئیفتیخار بکات بڵێت منیش هەم.

**سائیل:**

ئەوەیە کە نییەتی و ڕوی هەیە دلوا دەکات، (محروم ) نیەتی، بەڵام ڕووی نیە داوای بکات.

**قەوام:**

قەوامە لە(قیامە) ڕاست وەستان، ڕاست دەوەستێ نەبەلای ئیسرافدا لار دەبێت، نەبەلای ئیقتاردا.

**تبذیر:**

(تبذیر) لە(بذر)ە، (بذر) واتە تۆوێك كە دەیوەشێنی واتە وەك چۆن كەسێك تۆو دەوەشێنێ ئاوا نەیوەشێنێ، واتە بێ هودە لەئەندازە بەدەر سەرفی نەكەی، بەڵێ دەڵێین حەقی (ذا القربی و المسكین و ابن السبیل) و ئەمانە بدە، بەڵام وەهاش نەكەی یەكسەرە خۆشت بكەویتە ناو نیاز و وەك دەوترێ " خۆی خستە ساجی عەلی" ئاواش نەبێ واتە جۆرێك نەبێت كە خۆشت ببیتە سەرباری خەڵك، یان كاتێك بۆ خۆت سەرف دەكەیت هەروا، (تُبَذِّرْ) نەكەیت كاتێ بۆ خۆتی سەرف دەكەیت یەك ڕۆژ هەمووی نەخۆی لەوەودوا دابنیشی هیچت نەمێنێ.

**ئیسراف:**

ئیسراف لەسەرەفە، واتە لەهەركارێك كە ئینسان ئەنجامی دەدات لەحەدی مام ناوەندی تێپەڕیكات و بەرەو زیادە ڕۆیی بڕوات، كە ئەم كەلیمە لەقورئاندا زۆرتر بۆ بابەتەكانی غەیری مەسائیلی ماڵییە. هەروەها ئیسراف لەئینفاقدا واتە ئینسان لەسنورێك كە دیاری كراوە - سنوری قەوام - لەوە تێپەڕ بكات و زیاتر خەرج بكات ئەوكاتە زیاتر كە یان بۆ خۆیەتی یان بۆ غەیری ترە، كە ببێتە هۆكاری لەتمەدان لەوەزعی ئابووری كۆمەڵگە.

**موترەف:**

لە(ترف)ە، تەرەف واتە زۆر زۆر خۆشگوزەرانیكردن.

كەلیمەی موترەف لەقورئاندا یەكێكە لەناشیرینترین كەلیمەكان، موترەف: واتە ئەو موستەكبیرانە ئەوانە كە خۆشگوزەرانی دەكەن، نیعمەتی فكری و عیلمی



Scanned by CamScanner

یان نیعمەتی بەدەنی زۆر یان نیعمەتی مادی ئەوەتا لەئیحتیکاری ئەواندا، هەروەها هۆشیان بەلای خەڵکەوە نییە تەنها خۆیانیان مەبەستە.

**حەق:**

واتە موافیق، واتە ئەوەی موافیقی فەرمانی خوایە، کە موافقیش بوو پێویست و واجبە و دەبێت بکرێت.

**حاضر:**

ئەصڵی (حَضَرَ): واتە (شار) پێچەوانەی بیابان، ئاوەدانی، ئابادی، ئیجا لەسەرەتاوە (حَضَرَ) و (حضور) بۆ ئەوە بەکارهێنراوە کەسێك بێتە ناو ئاوەدانی لەناو ئاواییدا مەسکەن بگرێت، بەڵام لەدواتردا ئیتر لەلای هەرشتێکدا حازردەبوو ئەوەی بۆ بەکارهێنراوە، ئیتر مانای حازرێك کە خۆمان دەیزانین.

**خیر:**

واتە (نیکو ـ چاکە) واتە شتێك کە ئەرزشی ببێت، شتێکی باش بێت.

**فسق:**

ئەصڵەن بۆ خورما بەکارهێنراوە، خورما پێسێکی هەیە کاتێ خەریکە بگات، پێسەکەی دەکرێتەوە و لێی دەردێت، (فسق) واتە دەرهات لەو پێستە، ئیجا هەرکەسێك لەرێگەی موستەقیم لابدات و دەرچێ، لەو سنورە و لەو چوارچێوە کە ئیسلامە دەرچێ ئەوە فاسقی پێ دەڵێن، ئیتر کەم دەرچێ کەم فاسقە نۆد دەرچێ زۆر فاسقە.

**فیئ:**

واتە گەرانەوە، شتێك بڕوات لەدوایدا بگەرێتەوە، پێی دەڵێن (فەیئ). (فەیئ) ئەوەیە کاتێك حکومەتی ئیسلامی ئیعلانی جیهاد دەکات لەگەڵ وڵاتێکدا کە تاغوتێکیان هەیە ئەوان هەیبەتی ئیسلام ڕۆحییەیان دەشکێنێ تەسلیم دەبن،

موسالەحە دەکەن، سازش دەکەن،و دەڵێن هەر چەنێکتان دەوێت ئێمە ئامادەین بیدەین، بێ ئەوەی کە جەنگ بکرێت، هەندێ شت دەدەن، (فەيئ) ئەوەیە.

**كُتِبَ:**

لە(كُتُبَ) (كتابە و مكتوب و كتاب) و ئەمانە ئەصڵی (كَتُب) ئەوەیە دوو چەرم بێنین - چەرم واتە پێستی حەیوان - تەقەڵیان لێبدەی بییان لکێنی بەیەکەوە، (كَتُب) ئەصڵەن بۆ ئەمە بەکارهێنراوە دوو پێست و چەرم بێنی بەتەقەڵ بیان لکێنی بەیەکەوە، مەسەلەن فەرشێ یان مەشکەیەك یان کونەیەك یان شتێکی لێدروست بکەی، لەدوای ئەوە لەو مانایە هەڵگیرا بۆئەوەی کە شکڵی ئەم حەرفانە بێنی لەسەر کاغەزدا بیانوسی لەپاڵ یەکدا تەقەڵیان بدەی لەپاڵ یەکدا دایانبنێیت، کەوابوو مانای نوسین پەیدابووە.

ئەمجارە لەبەرئەوەی کاتێ شتێك بەکاغەزێکەوە نوسرا هەمیشە دەمێنێتەوە تا ماوەیەك دەمێنێتەوە و جێگیر دەبێت، مانای چەسپاوی و پێویستی پەیدا کردووە.

**الانفال:**

کۆی (نَفَلْ)ە، (نَفَلْ)، واتە شتێکی زیادە لەوەی کە پێویستە، مەسەلەن ئینسان کارێك دەکات پێویستە بەرامبەر کارەکەی خۆی شتی پێ بدرێت، ئیتر چ لەگەڵ خەڵکدا پەیوەندی ببێت، یان لەگەڵ خوا، مەسەلەن خوا وای قەراردلوە کە هەرکەسێك کۆششێکی کرد بەئەندازەی کۆششی خۆی پێی بدات، ئەوە ئیتر جیایە لەدواتردا خەڵك دەری بێنن لەدەستی.

ئیجا ئەگەر هاتوو خوا زیاد لەوەی کە ئینسان زەحمەتی کێشاوە شتێکی تری دا بەئینسان، ئەوە پێی دەڵێن (نَفَلْ) جەمعەکەی ئەنفالە.

**جَنَفَ:**

واتە لەداوەری کردن و قەزاوەتکردندا، ئینسان بەلایەکدا مەیل بکات، مەسەلەن بیبرێت بەلای یەکێ لەدوو تەرەفەکەدا.

**سلف:**

واته هەرچییەك تێپەڕیوه لەوەوپێش بردویەتی - هی خۆیەتی ئەوەی لێ ناسێنرێتەوە.

**كَفّار:**

واته كەسێ كه زۆر حەق داپۆشه، زۆر حەق دەخاته پشتگوێ لەكاتێكدا كه بەرنامەی خوای بۆ ڕۆشنه، بەڵام دەیخاته پشتگوێ.

**يَمْحَق:**

لە(محق)ه، واته كەم كردن.

**أثِيم:**

واته گوناهكار، كەسێك كارێك دەكات لەسەعادەت و خۆشبەختی دنیا و قیامەت دوای دەخات، گوناهێك كه عەمدییه و دوای دەخات لەخۆشبەختی.

**ذَرُوا:**

لە(وذر)ه، واته توڕ دان، دوورخستنەوه، شتی بێ ئەرزش فڕێ بدەیت، بێ ئەرزشی بزانن.

**العَفو:**

واته شتێك بەئاسانی بێت بەدەستەوه.

**البِرّ:**

لە(بَرّ) یانی بیابان، مانای وسعەت دەدات، یانی زۆر چاكەكاری كردن.

**التَّقْوَى:**

واته خۆپاراستن لەعەزاب.



Scanned by CamScanner

**الإثم:**

ئەصڵی مانای لوغەوی یانی کارێك کە ئینسان لەچاکە و پاداشتی چاك دووربخاتەوە ببێتە سەبەبی ئەوەی کە درەنگ پێی بگات، کەوابوو ئەوە لەبەرامبەری (التَّقْوَى)ەوەیە.

**العُدوَان:**

واتە تێپەڕکردن و تەجاوەز کردن، یانی کۆمەك نەکەن لەسەر ئەوەی کە تەجاوز لەحقوقی یەکتر بکرێ، کە ئەمەش لەبەرامبەری (البِرّ)ەوەیە، کۆمەکی یەکتر لەسەر ئەوە نەکەن کە ئیتر کۆمەکەکە چ بەکۆمەکی فیکری چ بەکۆمەکی بەدەنی چ ماددی.

**فَأْذَنُوا:**

ئەصڵەن لە(أَذَن)ە، واتە گوێ، ئەوکاتە لەڕێگەی گوێوە ئینسان هەندێ زانست و مەعریفەتی بۆ پەیدا دەبێت، بۆیە (فَأْذَنُوا) واتە بزانن، ئاگابن، ببیستن.

**عُسْرَةٍ:**

واتە سەختی، تەنگی، ئیجا تەنگ دەستی، کەسێك دەستی نەڕوات.

**دُولَة:**

(دَولة) (دولَت) (دَولَت): واتە شتێك کە مەسەلەن ئێمە کۆمەڵێکین دەستی دەستی بەشتێك دەکەین، لەدەستی ئەم دەڕواتە دەستی ئەو، دەستی ئەو دەستی ئەو، دەگەڕێتەوە، ئەوە دەڵێن پێی (دوله)، واتە دەست بەدەست دەبێت ولەناو کۆمەڵێکدا دەور دەخوات.

**غەنیمەت:**

ئەصڵەن لە(غَنَمْ)ە، (غَنَمْ): واتە (پەن) بزن و مێ، ئینجا ئەگەر پێشتر ئەم کەلیمە بۆ ئەوە بەکاربراوە کەسێك بڕوات پەزێك وەربگرێت و بەدەستی بێنێت

لەجێگەیەکدا پێیان وتووە غەنیمەتی کردووە، واتە غەنەمێکی دەست کەوتووە، لەدوای ئەوە ئەم کەلیمە گشتێنراوە بۆ هەر سەروەتێك کە ئینسان بەدەستی بێنێ، لەهەر جێگەیەکەوە شتێکت بەدەست هێنا پێی دەڵێن غەنیمەت. لەزاراوەی قورئانیشدا تایبەتکراوە بەسەروەت و داراییەکەوە کە لەمەیدانی جەنگدا لەدوای شکستی کافرەکان بەدەست دێت. لەگەڵ کوفاردا جەنگ و جیهاد دەکرێت ئەوان پاشەکشێ دەکەن و شکست دەخۆن، ئەمجارە هەرچیەکیان لێ بەجێ دەمێنێ ئەوە غەنیمەتە.

# فەرهەنگۆك

ابزاری تەولید - وەسائیلی بەرهەم هێنان

اجرا - جێبەجێ کردن

اختیلال - تێکچوون

استقرار - سەقامگیر، جێگیربوون

استیخراج - دەرهێنان

استینبات - هەڵێنجان

اصراف - زیادەڕۆیی

اموری زیندەگی - کاروباری ژیان

انحراف - لادان

ایجاد دەکرێن - بەدی دێن

اختلال - شێواوی، ئاڵۆزی

بەرخوردار - بەهرەمەند، سود وەرگرێ

تبذیر - پڕاندن، ڕژاندن، تەخشان و پەخشانکردن

تەعینی بکات - دیاری بکات

تەهیەکردن - دابینکردن

پایماڵ - پێشێل

جیهانی ئافەرینش - جیهانی دروستکرلو، جیهانی بەدیهێنرلو

حاجەت و نیازمەندی - پێویستی و پێداویستی

حەریسە - چاوچنۆکە، چاوبرسیە، تەماعکارە

حەواس - هەست

دهقان - جوتیار، وەرزێر

ڕەفع کردن - دەبرکردن، پڕکردنەوەی پێداویستی

ڕشت و نمو - نەش و نما، گەشە

زەڕات - گەرد

زەمینە موساعید دەکەن - زەمینە سازدەکەن

عناصر - توخم

قەرارگا و ئارامگاهە - شوێنی حەوانەوەیە

کەنز - هەڵگرتن

کەیفیەتێکی موعەیەن - دۆخێکی دیاریکرلو، تایبەتمەندیەکی دیاریکرلو

ماوەرای مەحسوسات - ئەوانەی کە هەستیان پێناکرێت

مەسکەن - شوێنی نیشتەجێ بوون



Scanned by CamScanner

موختەل - تێکچوو، ئاڵۆز، لاسەنگ، شێولو

موستەزعەف - هەژار

موقتەزی - پێویست

نەزارەتی - چاودێری

نەزمی - ڕێك و پێکی، دامەزراوی، هێمنی

نیاز - پێویستی

وادار - هەڵنان

واداریکات - هەڵنێت



Scanned by CamScanner



تەواوی ئیستیعدادی فکری و عەمەلی تەواوی ئەفرادی ئینسان بە درێژایی مێژوو یەکسانە لەگەڵ وەزیفەی سەنگینی خیلافەتدا ... ئینسان کاتێک موئمینە کە قودرەت و نیروی خۆی بکاتەکار، ئەڵبەتە نەك هەمووی لە زەمینەی مادیات و ئابووریدا، چونکە مەسائیلی ڕۆحی و فکری ئەمانەش ئەهمییەتی دەستە یەکەمیان هەیە لە ئیسلامدا، ئینسان کاتێک موئمینە و ئیمانی کاملە کە قودرەت و نیروی خۆی بخاتە کار بۆ ئەوەی ئیزافە لە نیازی خۆی بەدەست بهێنێت، و خەڵك لە نەتیجەی دەسترەنجی ئەم سوودمەند ببن..

کتێبخانەی (کاك شێخ) ئەرکی لە چاپدانی گرتۆتە ئەستۆ

نرخی( ٤٥٠٠ )دینار

Scanned by CamScanner